# ئیسلام و ژیان

کۆمەڵە وتارێکی ئیسلامی هاوچەرخە
کەبابەتەکانی (فیکری ئیسلامی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی
) لەخۆ دەگرێت

نوسینی: پ.د. عەلی محێدین قەرەداغی

وەرگێڕان و ئامادەکردن
عومەر عەلی محمد

چاپی یەکەم
سلێمانی 2014

بسم الله الرحمن الرحيم

**پێناسی کتێب**

**ناوی کتێب: ئیسلام و ژیان**

**نوسەر: پ.د. عەلی محیّدین قەرەداغی**

**وەرگێڕان و ئامادەکردن: عومەر عەلی محمد**

**دیزاینی ناوەوە: ئەحمەد میراودەلی**

**تایپ: محمد کمال**

**نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم – سلێمانی** 2014

**تیراژ:** 1000

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی(**1752**) ی سالّی (**2014**) پیّ دراوە**

## پێشەکی

ئەم کتێبەی کە لەبەردەستدایە بریتیە لەکۆی وتارەکانی دکتۆر عەلی قەرەداغی کە لەساڵەکانی (2010-2013) لەوتارەکانی رۆژی هەینی لەقەتەرو لەدەرەوەی قەتەر داویەتی، منیش بەردەوام هەفتانە ئەو وتارانەم لە شێوازی وتاری هەینیەوە گۆڕیوە بۆ وتاری نوسین و بەردەوام لەڕێگەی سایت و رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان بلاَوکراوەتەوە، وتارەکان رەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی و ئابوریی و کۆمەلاَیەتی گەلانی مسوڵمان بوە، بەتایبەتیش گۆڕانکاریە سیاسیەکان رۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەبوە لەسەر ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەو باهۆزی دیموکراسی و گۆڕانکاریانەی کە لەساڵی 2011ەوە لەتونسەوە هەڵی کردو دواجار دەسەلاَتەکەی زین العابدین  بن علی لەناوبرد.

جارێکی تر هیوای گێڕایەوە بۆ گەلانی مسوڵمانی ناوچەکە کەسەرە رای دەیان ساڵ لەعەسکەرتاریەتی  و تاك رەوی و باسکی دامەزراوە ئەمنیەکان، بەلاَم ئێستاش لەتوانایدا هەیە کەجارێکی تر دەنگی ئازادی خوازان خۆیان بەرز بکەنەوەو بەرووی ستەمکاریدا بچنەوەو داوای سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی سیستمی سیاسی دادپەروەرو دیموکراس و ئازاد بکەن.

دکتۆر عەلی قەرەداغی بەسیفەتی ئەوەی کە ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان بوەو خۆی راستەوخۆ لەناو رووداوەکاندا ژیاوە، بەردەوام بەشێك لەوتارو لێدوانە رۆژنامەوانیەکان و چاوپێکەوتنەکانی تەرخان کردوە بۆ ئەم بابەتەو لەنزیکەوە لەگەڵیدا ژیاوەو وەك زانایەکی ئیسلامیش پشتیوانی لەئەم شۆڕشانە کردوەو هانی گەلانی مسوڵمانی داوە کەیەکگرتوو بن و دژی ستەمکاری بوەستنەوەو جارێکی تر دادپەروەری و خۆشگوزەرانی لەژێر سایەی سیستمێکی سیاسی نوێدا بنیات بنێت، ئەو کاتەش کەشۆڕش گەیشتە میسرو گەلی میسر توانی دەسەلاَتەکەی موبارەك بڕوخێنێت و لەهەڵبژاردنێکی دیموکراسی  کەم وێنەدا دکتۆر محمد مورسی بوو بەسەرۆك کۆماری میسر، وتارەکانی زیاتر پشتیوان بوون بۆ ئەم شۆڕشەو هانی گەلانی میسریان  دەدا کەرێگە بدەن ستەمکاری بگەڕێتەوەو نمونەیەکی جوان لەدەسەلاَتی سیاسی بنیات بنێت.

بەشێك لەوتارەکانی رەنگدانەوەی ئەو قۆناغە نوێیەن کەگەلانی مسوڵمان پیایدا تێپەڕ دەبێت لەتونس و میسرو یەمەن و لیبیاو ناوچەکانی تر.

لەدوای ئەم قۆناغەش کەقۆناغی پلانەکانە دژ بەئیسلامی میانڕەو و دیموکراسی و کودەتای سەربازیە.

لەم قۆناغەشەدا دکتۆر قەرەداغی بەشێك لەوتارەکانی بۆ ئەم مەبەستە دیاری کردوەو داوای ئەوە دەکات  کە گەلانی مسوڵمان هۆشیار بن  و هەست بەم پیلانە بکەن و ڕێگە نەدەن جارێکی تر عەسکەرتاریەت باڵ بکێشێتەوە بەسەر ناوچەکەدا.

بەشێکی تری وتارەکانی تایبەتن بەبواری جیاوازی لەفیکری ئیسلامی و گرنگیدان بەگەشەپێدانی بیری میانڕەوی لەناو مسوڵمانانندا.

هەروەها بەشێك لەوتارەکان باس لەگرنگی نوێژو ڕۆژو و زەکات دەکات و بەخوێندنەوەیەکی نوێوە باس لەم بابەتانە دەکات، لەلایەکی تریشەوە بەڕێز قەرەداغی گرنگی زۆر دەدات بەبواری ئابوریی ئیسلامی و بەهۆکارێکی پێش خستنی کۆمەڵگە مسوڵمانەکانی لەقەڵەم دەداو داوا دەدات کە لەژێر ڕۆشنای فیکری ئیسلامیدا گرنگی بەئابوریی ئیسلامی بدەن بەتایبەتیش لەبواری بانکی ئیسلامیدا.

بەشێوەیەکی گشتی کۆی وتارەکان خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ لێدوان لەسەر چەمکەکانی شۆڕش و دیموکراسی و ستەمکاری و خەبات و بەرخودان لەروانگەیەکی ئیسلامیەوە، هەروەها گرنگی دانە بەنوێ کردنەوەی فیکری ئیسلامی و سەرلەنوێ خوێندنەوەو پێداچونەوەو بنیاتنانەوەیەکی نوێیە کەبەشێوەیەك بێت لەگەڵ روحی ئەم سەردەمەدا بگونجێت.

## ئەم ئوممەتە ئیسلامیە ئوممەتێکی نەمرە

خوای گەورە بەویستی خۆی ئەم ئوممەتەی بەنەمری هێشتوتەوە و کردویەتیە سەرچاوەی خێرو سۆزو بەزەیی بۆ هەموو جیهان، ئەگەر ئەم ئوممەتە لە ماوەیەکی زەمەنی تایبەتیشدا توشی لاوزای و بێهێزی ببێت، بەلاّم نامرێت و زیندو دەبێتەوە، چونکە ئەم ئوممەتە تاکە ئوممەتە کە خوای گەورە کردویەتیە خاوەنی پەیامێکی نەمر کە ئیسلام و قورئانی پیرۆزە. هەروەها خوای گەورە کردویەتی بە بەڵێن بەسەر خۆیەوە، کە دەیپارێزێت و ناهێڵێت لە ناو بچێت ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (9) سورة الحجر.

هەرچەندە دوژمنان هەوڵ بدەن ئەم ئوممەتە بکوژن و لەناوی بەرن و لە رەورەوەی شارستانیەت دوری بخەنەوە ناتوانن ئەو کارە بکەن، لەوانەیە بۆ زەمەنێکی دیاری کراو بتوانن توشی دواکەوتنی بکەن و بەکێشەی لاوەکیەوە سەرقاڵی بکەن و ئەوەش ببێتە هۆی دواکەوتنی لەرووی زانستی و ئابوریی و کۆمەلاّیەتی و سیاسی و بەم هۆکارەشەوە هەژاری و نەفامی و نەخۆشی لەناویاندا بلاّو بکاتەوە. هەروەك ئێستا لە رۆژهەلاّت و لەریزی ولاّتە ئیسلامیەکاندا هەیە، هەروەها رێژەی نەفامی و دواکەوتویی بەرزەو رۆژ بە رۆژیش لە زیادبوندایە لەنێوان ئەم دەوڵەتانەدا.

پێش چەند رۆژێك لەمەوپێش ئێمە لەوپەڕی رۆژهەلاّتی ئەم ئوممەتە ئیسلامیە بوین کە ئەندەنوسیایە، پاشان چوینە ئەوپەڕی رۆژئاوای لە ئەفەریقیاداو چوینە سەنغال، کە ئەم ولاّتە سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی دەرامەتێکی ئابوریی گەورەیە لەسامانی ژێر زەویدا، بەلاّم دوژمنانی ئیسلام وایان کردووە کە بەدەست کۆمەڵێك گرفتی ئابورییەوە بناڵێنن و دیاردەی هەژاریش بەرێژەیەکی زۆر لەنێوانیاندا پەرە بسێنێت. ئەمە ئەو سیاسەتەیە کە دوژمنان دەیانەوێت بیسەپێنن بەسەر بەشێکی زۆر لەم ئوممەتەدا. زۆربەی ئەو سیاسەتەیان لەم دوو سەد ساڵەی کۆتایدا سەر کەوتوو بووە، بەلاّم لە بەرامبەردا سوپاس بۆ خوا رابونێکی ئیسلامی پاك و پیرۆز لە گەشەکردندایە کە زۆرینەی گەلانی مسوڵمانی گرتۆتەوە، دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەم رابونە هەرچەند توانیویەتی دڵەکان زیندوو

بکاتەوەو هەستێکی نوێ بەم ئوممەتە ببەخشێ و بیگەڕێنێتەوە بۆ سەر شوناسە ڕەسەنەکەی خۆی، بەلاَم هەر ئەوە بەس نیە، چونکە ئێستا هەستمان کردووە کە چەند ناتەواویەکی تێدایە، دەبێت پێشکەوتن و گەشە پێدان هاوتەریب لەگەلّ ئەم ڕابوونەدا بڕوات، گرنگترین ئەو لایەنانەش کە ئێمە تێیدا دواکەوتوین و بەپێی مەنهەجی ڕاستی ئیسلام مامەڵەکانی لەگەلّ نەکردوە، بریتیە لە گرنگی دان بە بواری فێرکردن و گەشە پێدان و یەکگرتن. دەبێت دان بەوەدا بنێین کە سەرەڕای بونی ئەم ڕابوونە ئیسلامیە، بەلاَم لە هەمان کاتدا دواکەوتنێکی ترسناك هەیە لەو بوارانەدا کە ئەمەش بوەتە سەرچاوەی زۆر بوونی هەژاری، ئەمە سەرەرای وولاَتە هەژارەکان ئەم دیاردەیە ئەو ولاَتانەشی گرتۆتەوە کە خوای گەورە سامانێکی زۆری پێ داون، دواکەوتنەکەش زۆر لایەنی فێرکردون و تەندروستیشی گرتوتەوە.

کەواتە بابپرسین ئایا ناتەواوی کەم و کوڕیەکانمان چین، سەرەرای ئەوەی ئێمە خاوەن سۆزو ڕابونێکین؟ ئایا بۆچی ئێمە پێش ناکەوین؟ بۆچی دەبێت ئێمە هەموو ناتەواویەکانمان بخەینە پالّ هۆکارە دەرەکیەکان؟ ئایا تەنها ئەوانە هۆکارن یان هۆکاری تریش هەیە؟

ئەوەی کە دوژمنانی ئەم ئوممەتە لە دژی کردویانە، شتێکی چاوەڕوان کراوبوە لێیان و جێگەی پرسیارنیە، چونکە ئەوان دوژمنن و دوژمنیش ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت، لەم بارەیەوە خوای گەورە دەفەرموێت: **﴿وَلاَ يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىَ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُواْ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ (217) سورة البقرة.**

ئەمە مەنهەجی دوژمنانەو دەبێت هەر ئەوەیان لێ چاوەڕێ بکەین، بەلاَم قورئان لە دوای ئەوەی کە مەنهەجی دوژمنانمان بۆ ئاشکرا دەکات لە بەرامبەردا مەنهەجێکی تریشی بۆ ئێمە دیاری دەکات کە دەفەرموێت: **﴿أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (165) سورة آل عمران.**

لەبەرئەوە بەپێی ئەم ئایەتە ئێمە بەرپرسیارین لەهەموو ئەو شتانەی کە توشمان بووە و کە توشمان دەبێت، دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە ناتەواویەکانمان خوای گەورە لە یەکەم سورەتی قورئاندا پێمان دەلّێت کە ناردویەتی بۆمان، کە ئەویش باس کردنە لە گرنگیدان بە زانست و فێربون و سیستەمی پەروەردە. بەلێ ڕاستە ئەم ڕابوونە دلّەکانی زیندوو

کردوتەوە، بەلاّم ئایا چی بۆ عەقلّەکان کردووە؟ چی دەکات بۆ دروستی فیکرو مەنهەجێکی زانستی پێشکەوتوو.؟ بەتەنها کارکردنی ئەم رابوونە لەسەر دەرون و دلّ و سۆز نابێتە هۆی بە دەست هاتنی ئامانجی پێویست، هەروەها ئەمە نابێتە هۆی بەرگەگرتنی ئەو ڕووبەروو بونەوانەی کە توشی بووە، لەبەرئەوە ئەمڕۆ ئێمە پێویستمان بەگرنگیدان هەیە بە زانست و عەقلّ و دانایی و پشت بەستن بە مەنهەجێکی زانستی بۆ شیکار کردنی زۆر لە کێشەکان و دانانی چارەسەر بۆیان.

ئەگەر سەیری قورئان بکەین لە یەکەم سورەتیدا سەرەرای گرنگی نوێژو عەقیدە، بەلاّم باسی هیچیان ناکات بەلّکو لە یەکەم ئایەتی قورئاندا باسی دوو بواری زۆر گرنگ دەکات کە زانست و خوێندنەوەیە لە لایەك و لە لایەکەی تریش باسی رێزو کەرامەتی مرۆڤ دەکات و رێگە لە ستەمکاری و دیکتاتۆری دەگرێت.

ئەمە ئەو مەنهەجەیە کە خوای گەورە لەپەیامەکەیدا بۆ ئێمەی ناردووە کە چارەسەری گرفتەکان و پێشکەوتن و گەشەپێدان تەنها بە نوێژ کردن و جەخت کردنەوە لەسەر عەقیدە نایەتەدی بەلّکو دەبێت هاوتەریب بێت لەگەلّ ئەو لایەنانەش کەباسمان کرد.

# ئیمان لە قورئاندا بەمانای ژیانسازی و خۆشگوزەرانیە

بە دەمەوە چوونی داواکاریەکانی خوای گەورە بنەمای سەرکەوتن و سەرفرازیە لە دنیاو لە دوارۆژدا، بەشێکی زۆر لەخەڵکی دەپرسن ئایا ئەم ئوممەتە ئیسلامیە کە تەنها ئوممەتی یەکتاپەرست و خواناسە، هەروەها خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی پەیامەکەی پێداوە کە قورئانی پیرۆزە، لە لایەکی تریشەوە تەنها ئوممەتە کە لەسەر رێبازی یەکتاپەرستی ماوەتەوەو پەیرەوی لە پەیامی پیرۆزی ئیسلام دەکات. ئایا سەرەرای ئەم هەموو سیفەتە ئیمانیانە بۆچی ئەم ئوممەتە بۆەتە ئوممەتی گرفت و بەڵاو موسیبەت؟

خوای گەورە لە زۆر ئایەتدا وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە و ئەوەش بەتاقیکردنەوەیەك لە قەڵەمداوە، چونکە خوای گەورە بەو حاڵەیان رازی نییە و نایەوێ بە ناتەواوی ئیسلام وەربگرن، چونکە خوای گەورە ئەم ئوممەتە بە (خیر امة أخرجت للناس) واتە بە باشترین ئوممەت وەسفی دەکات، لەبەرئەوە لەم رێگایەوە دەیەوێت وەك جۆرێك لەشێوازەکانی پەروەردەو پێگەیاندن ئەو شێوازەی لەگەڵدا بەکاربهێنێت، هەتا بگەرێتەوە سەر راستە رێگە، ئەمەش وەك ئەوە وایە کە باوکێك چەند دڵسۆز بێت بۆ مناڵەکان ئەوەندە لێیان دەپرسێتەوەو ئامۆژگاریان دەکات و ئەگەر پێویستی کرد سزاشیان دەدات.

لێرەوە دەکرێت بپرسین کەواتە کەم و کورتیەکانمان لە کوێدایە؟ خوای گەورە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ئەم ئوممەتە ئومەتێکی باوەڕدارو ئیمانداره، بەڵام لە کاتێکدا کە ئیمانەکەی چالاك ناکات و نایخاتە بواری واقیعەوە و وەڵامی ئەو داواکاریانە ناداتەوە کە خوا داوای لێکردوە و ئیمان تەنها لە بوارێکی بەرتەسکدا مومارەسە دەکات و نایباتە بواری فراوانکاریەکانی ژیان و بەپێی سونەتەکانی خوا مامەڵە ناکات لە پابەند بونی بە هۆکانی شکست و سەرکەوتن و سونەتەکانی ئاوەدان کردنەوەی زەوی و گەشەپێدان و بنیاتنانی شارستانیەت، هەروەها پابەند نیە بە سوننەتی برایەتی و خۆشەویستی و یەکبوون، ئەو کاتە ئەو ژیانەی کە ئێستا بەرجەستە بووە بەرئەنجامێکی ئەو هۆکارانەیە.

هەروەها دروست بوونی فیتنەو نائارامی و هەژاری و گرفتەکانی تر بەرئەنجامی ئەوەیە وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا**

**يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴿ ( 24 ) سورة الأنفال**. خوای گەورە لەم ئایەتەدا ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، ئەم جۆرە ئیمانە بەتەنها بەس نیە، راستە پێی دەچێتە ناو بازنەی باوەڕدارانەوە، بەلاَم پێی ناچێتە ناو بازنەی ئەو کەسانەی کە بەدەم داواکاریەکانی خوای گەورەو پێغەمبەرەوە چۆن، لەوانە ناژمێردرێت کە بەشداری لە ژیانسازی و بنیاتنانی ژیانێکی باش و خۆش گوزەراندا دەکەن، چونکە ئەمانە پێویستی بە کۆمەڵێك هۆکاری ئابوریی و سیاسی و گەشەپێدان و پەروەردەو فێرکردن هەیە. کە پێویستە مرۆڤی ئیماندار بەباشترین شێوە پیادەیان بکات لە پێناو بنیادنانی ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ کۆمەڵگە، واتە بنیاتنانی ژیانێکی باش لە دنیاو دواڕۆژداو دنیاش کێڵگەی دوارۆژە.

خوای گەورە داوامان لێ دەکات کە بەدەم داواکاری خوی و پێغەمبەرەکەیەوە بچین پەیامێکی بۆ ناردوین بۆ ژیان، داوامان لێ دەکات کە ژیانی ئێمە وەك مرۆڤ جیاواز بێت لە ژیانی ئاژەڵەکان، چونکە نابێت ئێمە هەموو ئامانجەکانمان بە ژیانی دونیاوە ببەستینەوەو هیچ بیرکردنەوەیەکمان لە رۆژی دوایی نەبێت، چونکە ئەمانە خوای گەورە وەسفیان دەکات بە (یعلمون ظاهرا من الحیات الدنیا) تەنها شتێکی رووکەش لە ژیانی دونیا دەزانێت.

ئێستا خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی لە بەردەم مەترسی گەڕانەوەدایە بۆ ژیانێکی ئاژەڵی کەتەنها وەلاَمی غەریزەکان بداتەوە بەتایبەتیش غەریزەی جنس و خواردن، بەلاَم خوای گەورە دەیەوێت مرۆڤ لەوە گەورەتر بژی، ژیانێك بژی کە شایستەی مرۆڤ بێت، لە دنیادا ژیانێکی بەرێزو پڕ لە سەروەری و کامەرانی، پاشان ئەم ژیانە درێژبێتەوە بۆ دوارۆژ لە بەهەشتدا چەندان جار لەوە خۆشتر بژی. ئەمەش بەوەلاَمدانەوە بە داواکاریەکانی خواو پێغەمبەرەکەی دروست دەبێت، ئەگەر ئەم وەلاَم دانەوەیە نەبێت ئەوا ئەنجامەکەی ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**وَاتَّقُواْ فِتْنَةً لاَّ تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمْ خَآصَّةً وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ**﴿ ( 25 ) **سورة الأنفال**، کەواتە ئێمە لە بەردەم دوو هەڵبژاردنداین یان وەلاَم دانەوە بە داواکاریەکانی خوای گەورە کە ئەنجامەکەی ژیانێکی خۆش و ئارام و سەربەرزی و برایەتی و خۆشەویستیە، یان پشت کردنە لەو داواکاریانە کە ئەنجامەکەی ( فیتنەیە)، وشەی ( فیتنە ) وشەیەکی نە ناسراوە (نکرة )یە.

که ئەمەش زۆر بواری عەقیدەو گروپی گومڕایی جۆراو جۆرو دوبەرەکی دەگرێتەوە، وەك چۆن دەبینی کە ئێستا ئەم ئوممەتە ئیسلامیە گرفتاری جۆرەها فیتنە بۆە کە بەراست و چەپ توشی فیتنەو سەرخۆری و دوبەرەکی و داگیرکاری هاتوە، کە دوژمنان توانیویانە دەست بەسەر تواناو خێرو بێریدا بگرن، لەبەرئەوە ئەگەر سەرنج بدەیت بە شێوەیەکی سەرتاپاگیری توشی فیتنە هاتوە، ئەمەش لەئەنجامی ئەوەیە کە ئەم ئوممەتە بەپێی پێویست بەدەم ئەو داواکاریانەوە نەبووە کەخوای گەورە داوای لێکردوە، چونکە ئەم ئوممەتە خوای گەورە بە ئوممەتی میانڕەوی ناوی بردوە و بەباشترین ئوممەت وەسفی کردوە. لێرەوە خوای گەورە سیمای ئەو ئیمانەمان بۆ دیاری دەکات کە پێویستە مسوڵمانان هەڵگری بن، چونکە ئیمان تەنها ووشەیەك نیە بەزمان بۆترێت یان تەنها عیبادەتێك بێت بەتەنها ئەنجام بدرێت. ئیمان گرنگیەکی گەورەتری هەیەو بەشێکە لەژیان، نابێت لەبوارەکانی ژیان جیابکرێتەوە، ئیمان پێویستە بەکاربخرێت لەنێو چالاکیەکانی ژیاندا، ئیمان بریتیە لەوزەی ئەم ئوممەتە کەپێویستە بیخاتە جوڵەو چالاکی.

خوای گەورە روو دەکاتە ئیمانداران و پێیان دەفەرموێت: ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ آمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِيَ أَنزَلَ مِن قَبْلُ وَمَن يَكْفُرْ بِاللّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيداً**﴾**النساء**136، خوای گەورە شایەتی دەدات کەتو باوەڕداریت بەلأم داوات لێ دەکات کەباوەڕ بهێنێتەوە، ئایا ئەمە مانای چیە؟

خوای گەورە پێت دەڵێت (یا ایهاالذین امنوا) ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە، واتە بەشێوەیەکی تیوری و تەنها لەبواری عیبادەتدا، بەلأم ئێوە نەتانتوانیوە ئەم ئیمانە بکەنە سلوك، لەژیانی رۆژانەتاندا نەتان توانیوە ئەم ئیمانە بکەنە پرۆگرامێکی راستگۆیانە لەژیانی رۆژانەتاندا هەتا لەژیاندا پیادەی بکەن، کەدەفەرموێت (امنوا) واتە ئیمانەکەتان بکەنە کردارو بەگەڕی بخەن، ئەم ئیمانە بکەنە وزەیەك لەژێر رۆشنایی ئەودا بچن بەدەم داواکارییەکانی ئیمانەوە، هەتا ئەم ئیمانە ببێتە سلوك لەژیانی رۆژانەتانداو ببێتە سەرچاوەی کاری ئیجابی و خێر، چونکە قورئان بەردەوام ئیمان لەبەرامبەر کاری خێرو چاکەدا دەهێنێت ﴿**وَالْعَصْرِ، إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ**﴾ ( 1، 2 ) **سورة العصر**.

هەرکاتێك وزەی کارەبا هەبێت لەبەرامبەردا روناکی هەیە، لەبەرئەوە لەبەرامبەر بونی ئیمانیشدا پێویستە کاری خێرو چاکە هەبێت.

ئەگەر وانەبێت ئەوا ئەو ئیمانە تەنها تیۆرو قسە دەبێت  و نابێتە ژیان، لەبەرئەوە ئیمان بەبێ کردەوە ناتەواوەو هەر ئەوەشە هۆکاری ئەو گرفت  و ناتەواویانەی کە ئەمڕۆ مسوڵمانان تیایدا دەژین، کە هەندێکیان ستەم لەهەندێکیان دەکەن و بەزەییان بەیەکتردا نایەتەوە، ئەوەی بەرامبەر برا مسوڵمانەکەیان دەیکەن زۆر لەوە خراپترە لەوەی کە دوژمنەکانیان دەیکەن، ئایا ئەوە چ ئیمانێکە ئێمە هەمانە لەکاتێکدا کە ئەم ئایەتە دەخوێنینەوە﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هو السَّمِيعُ البَصِيرُ﴾ ( 1 ) سورة الإسراء.

ئایا تا چەند هەست بەگرفت  و نەهامەتی  و داگیرکاری مزگەوتی ئەقصا دەکەین، ئایا تاچەند لەگەڵ ئەو کارەساتەدا دەژین کەمسوڵمانانی بۆرما تیایدا دەژین، ئیمان داواکاری هەیەو برایەتی ئیمانیش پێویستی خۆی هەیە.

کاتێك باس لەدەستەواژەی برایەتی ئیمانی دەکەین دەبێت راستگۆبین لەگەڵ خۆماندا، چونکە برایەتی وشەیەك نیە بەزمان بوترێت، بەڵکو ئەرك و مافە.

پێغەمبەری خوا (ﷺ)سەحابەکانی پەروەردەکرد لەسەر ئەو راستیانە، فێری کردن کە ئیمان پێویستە لەسەر بنەمای ئیلتیزام بوون بێت بەچەند راستیەکەوە، ئەو راستیانەش لەنێوان موهاجیر و ئەنسارەکاندا لەواقیعدا بەرجەستە بوو. ئەنسارەکان هەرچی لەنێوانیاندابوو کردیان بۆ برا موهاجیرەکان، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی داوایان کرد ئەوانەی دوو ژنیان هەیە یەکیان تەڵاق بدات و برا موهاجیرەکەیان بەشێوەی شەرعی مارەی بکاتەوە.

جیلی یەکەم بەو شێوە پاکی  و راستگۆییە ئیمانیان هەڵگرتبوو، بۆیە هەر لەسەر دەستی ئەوان فەتحی هەموو جیهانیان کرا، لەبەرئەوە ئێمەی مسوڵمانیش  دەبێت ئەوان پێشەنگ و سەرمەشقی ئێمە بن  و ئێمەش بەهەمان رێبازی ئەواندا بڕۆین.

## باوەڕداری ڕاست مامەڵەو هەڵسوکەوتی بەجۆرێکە کە خوا پێی ڕازی بێت

ئەگەر سەرکردە عەرەبەکان لە خوا بترسانایە ئەوا ئێستا سایتی" وکیلیکس" ئەو هەموو فەزیحەیەی لەسەریان بڵاونەدەکردنەوە، کە هەمووی ئیزدیواجیەتە لە هەڵوێست و مامەڵەیان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا، دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە مسوڵمانی ڕاست لە ئەم جۆرە تەڵانە ناترسێت، چونکە کردارو گفتاری لە نهێنی و ئاشکراو لە هەموو هەڵوێستەکانیدا وەك یەکە.

ئەگەر ئەم سەرکردانە ڕاستگۆ بوونایە لەگەڵ گەلەکانیاندا زۆرباشتر بوو بۆیان، لەجیاتی ئەوەی ئەوەندە پاشکۆیی و کلکە لەقە بۆ بێ باوەڕان و دوژمنان بکەن، ئەوانەی کە تەنها ئامانجیان دژایەتی ئێمەو بردنی سەروەت و سامانە بەتاڵانی، کاتێك فڕۆکەیەکی ئەمەریکی هێرش دەکاتە سەر ناوچەیەکی وڵاتەکەم دێم ئەمە لەگەلەکەم دەشارمەوەو دەڵێم ئەوە فڕۆکەکانی خۆمان ئەو کارەی کردووە، یان بەهەڵە ئەنجام دراوە. بەڵام بەنهێنی پەیوەندی بە ئەمەریکیەکانەوە دەکەنەوەو دەڵێم بەردەوام بن لە هێرشەکانتان و خۆم کارەکەتان بۆ دەبر دەکەم، ئایا ئەمە چ جۆرە شەفافیەت و ڕاستگۆییەکی تێدایە لەگەڵ گەل و میللەتدا؟

ئەگەر ئەمڕۆ پرسیار بکەین بڵێین کێ کەسێکی دبلوماسی سەرکەوتووە زۆربەتان دەڵێن کێ زۆر زمان لووس و درۆزن و ئەمبەراوبەر بکات ئەو کەسە سەرکەوتووە. لەکاتێکدا لەبەرامبەر ئەمانەشدا چەندان کەسایەتی دبلۆماسی ڕاستگۆ و سەرکەوتوش هەیە.

لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە باوەڕداری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کەمامەڵەو هەڵسوکەوتی لە پەنهان و ئاشکرادا بەجۆرێك بێت کە خوای گەورە لێی ڕازی بێت یەکێك لە سیفاتەکانی مرۆڤ ترسانە لە خوا کەئەمەش یەکێکە لەسیفەتەکانی (عباد الرحمن)، ئەمانەی خوارەوە لە چوار چێوەی ئەو سیفاتانەدایە.

**تەوبەکردن دەرگایەکی کراوەیە:**

لە قورئاندا چەندان سورەت هەیە باس لەکرانەوەی دەرگای تەوبە دەکات بۆ (عباد الرحمن)، کەتوشی هەڵەو تاوانکاری دەبن وەك ئەو هەڵەیەی کە باوکە ئادەم تێی کەوت لەگەڵ شەیتاندا، پێویستە لەم کاتەدا بگەڕێنەوەو تەوبە بکەن، ئەمەش مەنهەجیەتێکی خوای گەورەیە کە بۆ بەندەکانی ئاشکرای دەکات.

سیفەتێکی تر کە خوای گەورە نەهی لێ کردووە ئەویش ( والذين لايدعون مع الله الها أخر ) ئێمە باسمان لە سیفەتەکانی عبادالرحمن کردوە. ئایا چۆن ئەو سیفەتە لەگەڵ ئەواندا دەگونجێت؟ خوای گەورە لەئایەتەکەدا نەیفەرموە(لايشركون) بەڵکو باس لەلایەنێکی زۆر وردو هەستیار کردوە، ئەویش نەبونی ئیخلاسە بۆ خوا، هەندێك لە (عبادالرحمن) چەند تاوانێك ئەنجام دەدەن کە بونی شیرکی لێ دێت وەك ریاء، ئەوان دورن لە شیرکی ئاشکرا چونکە ئەوان خاوەنی چەند سیفاتێکن کە زۆر دوورە لەو کارانە.

ئەگەر ئێمە هەمومان لەدەسەلأتداران  و گەل پابەندبین بە بەرنامەی خواوە، ئەوە سەرچاوەی هێزو یەکگرتن  و سەرکەوتنمانە، بەلأم لەوانەیە یەکێك بپرسێت کەواتە بۆچی جیهانی ئیسلامی یەك ناگرێت خۆ هەمووومان مسوڵمانین؟ لەوەلأمدا ئێمە دەڵێین هۆکارەکەی نەبونی راستگۆییە، لەنێوان هەندێك لەدەسەلأتدارەکاندا متمانە نیە، ئەگەر ئەمڕۆ متمانەو راستگۆیی هەبوایە لەنێوان دەسەلأتداران و گەلەکانیاندا، ئەوا لەهەڵبژاردنەکاندا ئەو کارەساتانەمان نەدەبینی کەتەنها سیفەتێکی ئاشکراو هاوبەش هەبێت تیایاندا خیانەت کردنە لەمیللەت و ئەنجامدانی تەزویرێکی زۆرە، کەئەمەش سیمایەکی ئاشکرای زۆربەی ولأتانی عەرەبیەکانە.

لەم روانگەیەوە من دەڵێم ئەم ئوممەتە پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە، بەلأم نەك تەنها لەروکەشدا بەڵکو پێویستە ئێمە گۆڕان لەناوخۆو سایکۆلۆژیای خۆماندا دروست بکەین  و راستگۆیی بگەڕێنینەوە بۆ نێوان ریزەکانی هەمومان، لەلایەك لەنێوان دەسەلأتداران خۆیان لەلایەکی تریش لەنێوان دەسەلأت  و گەلەکانیاندا.

# داد پەروەری بنەمای ئاوەدانی و چەسپاندنی دەسەڵاتە

هەرگیز ستەمکاری هەتاسەر بەردەوام نابێت و رۆژێك دێت كە كۆتای پێدێت، هەروەها ستەملێكراو لای خوا دوعای گیرایە. هەموو دەسەڵاتدارە ستەمكارەكان با لەم رووداوانەدا عیبرەت وەربگرن و بگەڕێنەوە بۆسەر رێگەی راست و واز لەستەمكاری بهێنن و پەشیمان ببنەوەو بگەڕێنەوە بۆلای خوا.

ئێمە كاتێك قورئانی پیرۆز دەخوێنین و چاو دەخشێنین بەژیاننامەی پێغەمبەری نازدارو ژیاننامەی خەلیفەكانی راشدین، بەوردی سەرنجیان دەدەین دەبینین هیچ شتێك نیە لای خوای گەورە لەستەمكاری خراپتر بێت.

تەنانەت هاوەڵ پەیداكردن بۆخودا بەجۆرێك لەستەمكاری حساب دەكات و هاوەڵدانان بۆ خوا بەگەورەترین ستەمكاری ناو دەبات.

ئەگەر سەیری قورئان بكەین دەیان ئایەت هەیە كەباس لەستەمكاری دەكات و سەدان ئایەتی تریش هەیە كە باس لەدادپەروەری دەكات، ئەمەش وا لەمرۆڤی مسوڵمان دەكات كە باوەڕی لەسەر ئەوە دابمەزرێت كە بونەوەر هەمووی لەسەر دادپەروەری دامەزراوە، تەنانەت ئاسمانەكان و زەویش لەسەر دادپەروەری دامەزراوە.

خوای گەورە ستەمكاری لەسەر خۆی حەرام كردوە، لەفەرمودەیەكی قودسیدا كەپێغەمبەری خوا دەیگێڕێتەوە دەفەرموێت: ئەی بەندەكانم من ستەمكاریم لەسەر خۆم حەرام كردوە ، ئێوەش ستەمكار مەبن.

لێرەوە خوای گەورە ئەوەمان بۆ روون دەكاتەوە كە چارەنوسی ستەمكاران پەشیمانیە، دوا جاریش لەدونیادا سەر شۆڕو ریسوا دەبن ئەمەش بەڵێنی خوایە كە دەبێت ستەمكاران لەدونیادا سەر شۆڕ بن، چونكە خوای گەورە موڵەت بەستەمكاران دەدات بەڵام پشت گوێیان ناخات. خوای گەورە موڵەتێك دەداتە مرۆڤی ستەمكارو ماوەیەك وازی لێ دەهێنێت، بەڵام ئەگەر نەگەڕایەوەو تەوبەی نەكرد ئەوا خوای گەورە گرتنێك دەیگرێت كەرزگار بوونی

نیە، چونکە لەو رۆژەوە کەستەمکاری لەسەر زەوی دروست بوە بوەتە مایەی شەڕو خراپەکاری و تێکدانی پەیوەندییە مرۆییەکان.

**ستەمکاران هەرەس دەهێنن**

ئەوەی لای هەموو کەس روون و ئاشکرایە کەستەمکاران و تاغوتەکان ئەوانەن کە خاوەن هەموو هێزێکی مادیی و سەربازی و ئابورین و ملیۆنان خەڵك چەپڵەیان بۆ لێ دەدات کە لە 99٪ ی دەنگی جەماوەریان لەگەڵدایە لەهەڵبژاردنەکاندا، بەڵام ئێستا دەبینی ئەوانە یەك بەدوای یەکدا دەکەون و هەرەس دەهێنن. یەکەمین کەسێك کە لەچارەکی کۆتایی سەدەی رابردودا هەرەسی کرد شای ئێران بوو، کەهیچ کەس تەنانەت ئەو ئەمەریکیانەی کەدەیان ساڵ خزمەتی کردبوون فریای نەکەوتن، دوایەمینیشیان زەین العابدین علی بوو. بەڵام بەداخەوە ئەم ستەمکارانە دەرس لەیەکتر وەرناگرن.

چونکە ئەوانە کە ساڵانێك بیرناکەنەوەو گوێیان نابیستێ و چاویان نابینێت، ئەوانە تەنها سورن لەسەر گەندەڵی و گیرفان پڕکردن، سورن لەسەر ستەمکاری و چەوسانەوەو ئازاردانی گەلەکانیان، لەدوارۆژیشدا ئەوانە لەگەڵ فیرعەون و سەربازەکانیان حەشر دەکرێن. لەبەرئەوە خوای گەورە ئەگەر خێری بۆ سەرۆکێك یان بۆ ئەمیرێك یان بۆ دەسەڵاتدارێك بوێت، کۆمەڵێك خەڵکی باش و چاکەکاری لە دەور کۆدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر خوای گەورە خراپەی بۆ یەکێك بوێت کۆمەڵێك خەڵکی خراپەکاری لەدەور کۆدەکاتەوە، کە فەرمانی پێ دەکەن بەخراپەو شتی جوانی لەبەرچاو ناشرین دەکەن و شتی ناشرینی لەبەرچاو جوان دەکەن، ئەوانە دەیانەوێت بێ باوەڕان لەزایونەکان و ئەمەریکیەکان لەخۆیان رازی بکەن، بەڵام دڵی ملیۆنان کەس لە هاوڵاتی خۆیان بڕەنجێنن و ئازاریان بدەن. ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی لەدەسەڵاتدا بمێننەوە، بەڵام بێ ئاگان لەوەی کە هەر کاتێك کورسیەکانیان کەوتە بەر لەرزە هیچ دۆستێك لەوانە بەرگریان لێ ناکات، وەك ئەوەی ئێستا بەسەر موبارەکدا هاتوە کە زۆرینەی وڵاتانی جیهان داوا دەکەن کورسی دەسەڵات بەجێ بهێڵێت، چونکە دەزانن بەرژەوەندیان لەگەڵ دەسەڵاتێکی تردا دەبێت نەك موبارەك.

**یەکەم شت دادپەرەری**

ئەگەر سەیری قورئان و ئیسلام بکەین بەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ستەمکاری نابێت تاسەر درێژە بکێشێت و دەبێت لە ئاستێکدا بوەستێت، دوعای ستەم لێکراو

گیرایه. هەروەك پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾دەفەرموێت" خۆتان بپارێزن لەدوعای ستەم لێکراو چونکە لەنێوان ئەو و خوادا هیچ پەردەیەك نیە" دوعا کردن مەرج نیە هەر بۆ کەسی مسوڵمان بێت، خو ئەگەر ئەو کەسە مسوڵمان بێت ئەوە زۆر کاریگەرترە. ئەگەر سەرنج بدەیت دوعای گەلە مسوڵمانە ستەم لێکراوەکان لەپێش هەموویانەوە بانگخوازو چاکەخوازەکانیان گیرابوەو ستەمکارانی توشی ریسوایی و سەرشۆڕی کردوە و یەك بەدوای یەکدا وڵات بەجێدەهێڵن و خۆیان لە دادگای گەل دەدزنەوە. ئەمەش پاش ئەو شکستە گەورە دێ کە تووشی ئەم گەلانەیان کرد لەرووی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیەوە. ئەم دەسەڵاتدارانە ئەم گەلانەیان تووشی هەژاری و دواکەوتوویی کرد بۆ نموونە ئێستا 40٪ی گەلی میسر لەژێر هێڵی هەژاریەوە دەژی کە دەکاتە رۆژی یەك دۆلار بۆ هەر نەفەرێك، ئەم دەسەڵاتدارانە کە پێش چەند ساڵێك کەسێکی ئاسایی بوون و هیچیان نەبوو، بەڵام ئێستا هەمووی دەوڵەمەندن و بەمەلاین دۆلار حساباتیان هەیە، دەرکەوت کە بنەماڵەی موبارەك بە تەنها خاوەنی 70 ملیار دۆلارە. بە یەکەمین دەوڵەمەندی دنیا دادەنرێت.

**بۆ هەموو ستەمکارێك:**

لێرەوە داوا لە هەموو دەسەڵاتدارو ستەمکارەکان دەکەم کە دەست هەڵگرن لە ستەم کردن لە گەلەکانیان و بگەڕێنەوە بۆلای خوا، چونکە دڵنیابن لە عەدالەتی خوا رزگاریان نابێت و ئەگەر خوا ستەمکارێك بگرێت ئازادی ناکات و ریسوای دەکات، بەپێی سوننەتی خواش دەرکەوتووە کە ستەمکاران کۆتاییەکی پڕ لەسەر شۆڕیان هەیە. بۆ نموونە ئەگەر موبارەك پێش ساڵێك لە ئێستا بمردایە ملیۆنان کەس بۆی دەگریاو داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکرد. بەڵام ئێستا سەیر بکەن ملیۆنان میسری داوای رۆشتنی دەکەن و لە وڵات دەری دەکەن، ئەمە سوننەتی خوایە دەبێت چارەنووسی ستەمکاران بەو شێوەیەی لێ بێت. پێغەمبەری خوا لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت" باشترین سەرکردەو رابەری ئێوە ئەو کەسەیە کە ئێوەی خۆشدەوێت و ئێوەش ئەوتان خۆش دەوێت، پەیامی خۆشەویستیان بۆ دەنێرێت و ئێوەش بۆ ئەو بەوجۆرەن" بەڵام خراپترین سەرکردەیەکی ئێوە ئەوەیە کە رقی لە ئێوەیەو ئێوە رقتان لێیەتی. ئەو نەفرەت لە ئێوە دەکات و ئێوەش نەفرەت لە ئەو دەکەن.

ئەوە بزانن کە دادپەروەری بنەمای ئاوەدانی و چەسپاندنی دەسەڵاتە. ئێوە سەیرکەن بۆچی دەسەڵات لە یابان و رۆژئاوا سەرکەوتووەو رابەرایەتی گەلانیان کردووە بۆ پێشکەوتن و شارستانیەت، چونکە بنەماکانی دادپەروەری جێبەجێ کردووە[*].

---

[*]وتاری رۆژی هەینی لەمزگەوتی خاتوو عائیشە لەقەتەر 2011/2/4

## هەموو پێشێلکارییەك لەبواری ماف و ئەرکەکاندا
## ناتەواوی لەتەرازوی عەدالەتدا دروست دەکات

ئێستا ئێمە لەسێبەری ئەو ئایەتە پیرۆزەدا دەژین کە بەدرێژای چەندان سەدەیە مامۆستایان وتارەکانیانی کوتایی پێ دەهێنێت. کە کۆکەرەوەی هەموو سیفەتە چاکەکانەو لەهەمان کاتدا داوامان لێ دەکات کە لەهەموو سیفەتە خواییەکان دوربکەوێتەوە. ئەو ئایەتەش ئەوەیە کەدەفەرموێت: ﴿**إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاء ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ**﴾**سورة النحل**(90)، ئەمەش بەلگەیە لەسەر ئەوەی کەخوای گەورە ئەوەی بۆی ناردوین هەمووی خێرو چاکەیەو بەعەقلێش هەست بەوە دەکەین، بەلام لەلای هەندێك ئەمە رۆشن نیە، بەلام ئەوەی پێویستە لەسەرمان ئەوەیە کەمتمانەمان هەبێت بەوەی کە هەرشتێك لەلایەن خواوە بێت بۆمان حەلالّ کراوە خێرو چاکەیەکی گەورەی تێدایە، ئەوەش کەحەرام کراوە ستەمکاری و زیانێکی گەورەی تێدایە.

**خێر لەخراپەکاریدا نیە**

خوای گەورە لەئایەتەکەدا رێگە لە (فاحشە) خراپەکاران و تاوان دەگرێت خوای گەورە بەگەورەترین تاوانەکان (فواحش) دەست پێدەکات. (فواحش) واتە شتە حەرام کراوەکان کەخوا حەرامی کردوە، ئەمانە لەخۆیاندا خراپەن و مرۆڤی پاك و خاوەن عەقلّی پاك هەستیان پێ دەکات.

ئەم شتانە چاکەو خێریان تێدا نیە وەك زینا، کوشتن، دەست درێژی بۆسەر مالّی خەلّك و شتی تریش. ئەم شتانە ئەگەر ئایەتیش باسی نەکات عەقلێکی پاك دەزانێت کەئەمانە خراپەن.

لەبەرئەوە کاتێك عەرەبێکی دەشتەکی دێت بۆلای پێغەمبەرو داوای لێ دەکات کەرێگەی بدات زینا بکات. لێرەدا سەیری سەبرو لێ بوردەیی پێغەمبەری خوا بکەن، تورە نەبوو،

دەری نەکرد. بەڵکو بەئارامیەوە پێی وت ئایا بەمە رازی دەبیت بۆ دایکت؟ وتی نەخێر، پاشان فەرموی ئایا بەمە رازی دەبیت بۆ خوشکەکەت؟ وتی نەخێر، پاشان فەرموی ئەگەر تو زینا بکەیت ئەوا زینا لەگەڵ دایك و خوشکی خەڵکدا دەکەیت، باشە شتێك بۆخۆت پێت خۆش نەبێت چۆن پێت خۆشە بۆ خەڵکی تر، پاشان عەرەبە دەشتەکیەکە وتی راست دەکەیت پێغەمبەری خوا.

**ترسناکی زینا**

هەندێك شت لە رابردودا حیکمەتەکەی نەدەزانرا. بەڵام ئێستا زانست دەریخستوە، یەکێك لەوانە زینایە، کەئێستا زانست دەریخستوە لەرێگەی زیناوە چەندان نەخۆشی بلاْودەبێتەوە ئەم نەخۆشیانەش ئێستا سەدان ملیۆن کەس توش بوەو مەترسی لەسەر دانیشتوانی ئەو ولاْتانە دروست کردوە، کەرێگە لەم کارە ترسناکە ناگرن، لەو نەخۆشیانەش سیلان و زوهەری و ئایدزە. کەئەمەش هاوشێوەی حەرامەکانی تری وەك خواردنی گۆشتی مردوو بەرازو عەرەق خواردنەوە مەترسیدارە.

**فیقهی ئەولەویات**

لەم بوارەدا دەبێت بەپێی فیقهی ئەولەویات مامەڵە لەگەڵ ئەم حەرام کراوانەدا بکەین. دەبێت سەرەتا لەوشتانەوە دەست پێ بکەین کە بەتاوانە گەورەکان ناسراون، کە ئەوانیش زۆر مەترسیدارو لەناوبەرن، یان پێیان دەوترێت حەوت شتە لەناو بەرەکە، هەروەك لە فەرمودەیەکی سەحیحدا هاتوە(کوشتن، سیحر، سوو) چەند شتێکی تر لەدوای ئەمانەش چەند تاوانێکی تر هەیە، بەلاْم لەوانە سوکترن، ئەوانەش دەچنە بازنەی تاوانەکانەوە. ئەوانەش عەقلێکی باش و دەرونێکی ساف و بێگەرد هەستیان پێ دەکات. هەرچەند ئەمانە فەرمانی خوان. بەلاْم خوای گەورە توانای ئەوەشی پێداوە کە لەرێگەی عەقڵ و دەرونیەوە پەی بەخراپەیان بەرێت.

هەروەها لەپەیوەندی نێوان مرۆڤەکاندا خوای گەورە دەست درێژی حەرام کردوە، هەرکارێك ببێتەهۆی دەستدرێژی بۆسەر مافی یەکێکی تر خوای گەورە بە (بغی) ناوی دەبات. لەرووی زمانەوانیەوە لەستەمکاری فراوانترە، چونکە ئەگەر ستەمکاری بێت دەست درێژی بێ بۆ سەر مافی خواو بەندەکانی بەمانا فراوانەکەی، بەلاْم (بغی) ئەمانەو شتی تریش دەگرێتەوە.

لەبەرئەوە هەرناتەواویەك لەئەرك و مافەكاندا دەبێتە هۆی تێكدانی تەرازوی دادگەری و بەمەش دەچێتە چوارچێوەی (بغی).

ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر ئوممەتی ئیسلامیدا هاتووە بەتایبەتیش ئەوەی لە لیبیاو یەمەن دەبینرێت، نەیانتوانیوە سود لەئەو دوو رووناكیە گەورەیە وەربگرن، كەسیان سوود لەرووداوی ئەویتریان وەرناگرن. قەزافی سودی لەموبارەك وەرنەگرت، موبارەكیش سودی لەزەین العابدین وەرنەگرت، سوپاس بۆ خوای گەورە لەسەر كارلادانی هەردوو سەركردەی تاغوتی میسرو تونس كارێكی زۆر گەورە بوو كەئەو دوو گەلە مەزنە پێی هەستان، لابردنەكەشیان كەبەشێوەیەكی ئاشتیانە بوو زۆر باش بوو.

بەلاّم بەداخەوە تاغوتەكەی لیبیا ئامادەی رویشتن نەبوو. بەلّكو گەلی لیبیا توشی پارچە بون و كوشتارێكی دڕندانە كرد.

هێرشی بەردەوامی قەزافی بۆسەر شۆڕش گێڕان و هاولاّتیانی مەدەنی بێ چەك، دواجار ناچاری كردن كەپەنا بۆ هێرشی هاوپەیمانان بەرن، بەلاّم ئەویش بەكۆمەلّێك مەرج و تەنها بواری رێگرتن لەهێزە ئاسمانیەكانی قەزافی دەگرێتەوە، لەلایەكی تریشەوە لێدانی هێزەكانی قەزافی لەئاسمان و زەمینی كەدژ بەگەل و هاولاّتیانی بێ تاوان بەكاردێت، لەناوچۆنیان ئێستا لەخزمەت گەل و شۆڕشگێڕان و لەناوچۆنی ستەمكاریدایە[*].

---

[*] رۆژی هەینی لەمزگەوتی خاتوو عائیشە لەقەتەر 2011/3/25

## شۆڕشی گەلان هاوارێکە دژ بەگەندەڵی

شۆڕشەکانی گەنجان ئێستا لە تونس و میصر و لیبیا و یەمەن و شوێنانی تر دەگەڕێتەوە بۆ پشت گوێ خستنی لایەنی دڵسۆزی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، لەبەرئەوە ئێستا گەنجان دەستیان داوەتە شۆڕش دژی ئەو گەندەڵانەی کەدڵیان بێ بەشە لە دڵسۆزی.

دڵسۆزی گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ گەلانی ئیسلامی و ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە چارەسەری گرفتەکانیاندا، گرفتی ئێمە ئەوەیە کە کارەکان بەوردی ئەنجام نادەین و دڵسۆزنین لەمامەڵە و هەڵسوکەوتماندا، هەروەها دزی و ستەمکاریەکان زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەو دڵسۆزیە نیە لە دڵی ئەو بەرپرس و دەسەڵاتدارانەدا کە دەستیان خستوتە بینی هاوڵاتیان و وولات .

هەموو ئاینە ئاسمانیەکان بۆ چاککردنی مرۆڤ هاتوون، بۆ ئەوەی لە دونیاو دوارۆژدا بەختەوەربن، ئەم شەریعەتانە و ئەزمونەی مرۆڤ ئەوەیان سەلماندوە کە ڕێگەی ڕاست بۆ چەسپاندنی ئەمە بریتیە لە بەندایەتی کردن بۆ خوای گەورە و خوای گەورە دەفەرموێت:

**﴿وَمَا أُمِرُوا إِلاَ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾** ( 5 ) **سورة البينة**.

زەجاج دەڵێت ئاینی ڕاستی گەلە، یان ئەو ئاوێنەی ئومەتە کە لەسەر ڕاستی دامەزراوە.

باس لەوە دەکات کە گرنگترین مەرج یان پایە بۆ ئەنجام گەیاندنی ئەم بەندایەتیە نیە کەبریتیە لەدڵسۆزی و نیەتی ڕاستگۆیانە، دڵسۆزی (ئیخلاص): واتە یەکتاپەرستی خوا بەدڵسۆزی و بە پاکی کە دوربێت لەهاوەڵدانانی ئاشکرا، یان هاوەڵدانی پەنهانی، کە بریتیە لە ریا و هەروەها نەبونی ئیرادە بۆ کردنی کارێك لەپێناو خوادا، پێویستە عیبادەت و دروشمەکان بەجۆرێك ئەنجام بدرێت بەو شێوەیەی کە خوا ڕێگەی پێداوە.

ئێمە ئێستا دەربارەی پایەی یەکەم قسە دەکەین بۆ ئەنجامدانی عیبادەتێکی ڕاست و دروست لەلای خوای گەورە، ئەویش بوونی ئیخلاصە لە نیەتدا کە تەنها لەبەر خوا بێت.

بۆ ئەم مەبەستەش ئایەت و فەرمودەی زۆر هەیە لەوانەش ﴿لَن يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلاَ دِمَاؤُهَا وَلَكِن يَنَالُهُ التَّقْوَى مِنكُمْ﴾ ( 37 ) سورة الحج. ﴿لِّلَّهِ ما فِي السَّمَاواتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَإِن تُبْدُواْ مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللّهُ﴾ ( 284 ) سورة البقرة .

نیەت یەکەم بنەمای سەرەکیە لە وەرگرتنی عیبادەت و بەراستی ئەنجامدانی (إنما الأعمال بالنيات) لە فەرمودەیەکیشدا کە لە ئەبو هورەیرەدا دەگێرنەوە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی (إن الله لا ينظر إلى اجسامكم ولا إلى صوركم ولكن ينظر إلى قلبكم) ئەوەشی روونکردەوە کە کارکردن بەبێ نیەت و ئیخلاص هیچ سودێکی نیەو زۆرجاریش پێی تووشی تاوان دەبیت.

لە جابری ئەنساریەوە دەگێڕنەوە کە وتویەتی ئێمە لە غەزایەکدا لەگەڵ پێغەمبەردا بووین فەرمووی: "لە مەدینەدا پیاوی وای تیایە کە هیچ هەنگاوێکی نەبڕیوە لەگەڵماندا، هیچ دۆڵ و شیوێکمان نەبڕیوە لەگەڵمان بوون، بەڵام لەگەڵماندا بوون بەهۆی نەخۆشیەوە نەهاتون" لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێت (بەشداربوون لە پاداشتەکەتاندا).

هەروەها بوخاری لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت لە غەزای تەبوك لەگەڵ پێغەمبەردا گەڕاینەوە، پێغەمبەر فەرمووی (کۆمەڵێکمان لە مەدینە بەجێهێشتووە، هیچ دوڵ و شیوێکمان نەبڕیوە، ئیلا ئەوانمان لەگەڵدا بوون، بەڵام ئێستا لەبەر عوزرێك نەهاتوون).

بوخاری لە حەزرەتی عائیشەوە دەگێڕێتەوە کە فەرمووی (يغزو جيش الكعبة فاذا كانوا ببيدا و من الارض يخسف باولهم واخرهم ) وتم ئەی پێغەمبەری خوا چۆن هەموویان لە ناو دەبات لە کاتێکدا هەندێکی تیایە لەوان نین (فەرموی هەموویان لەناو دەبات بەڵام لەسەر نیەتی خۆی زیندویان دەکاتەوە) هەموو شتێك ئەگەر لەبەر خوا نەبێت خێری تیا نیە.

پرسیار لە پێغەمبەری خوا کرا دەربارەی پیاوێك کە لەبەر ئازایەتی شەڕ دەکات. یان لەبەر خزمایەتی، یان لەبەر ریا ئایا ئەوانە لە پێناوی خوادایە ئەویش فەرموی، هەرکەسێك شەڕ بکات بۆ بەرز راگرتنی ناوی خوا ئەوە لەپێناو خوادایە ........) متفق عليه ..

هەروەها لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕنەوە کە وتویەتی خوای گەورە چاکەو خراپەی نوسیوە، هەر کەسێك نیەتی چاکەیەکی هەبێت و نەتوانێت بیکات ئەوا خێرو چاکەیەکی تەواوی بۆ دەنوسێت، ئەگەر ئەنجامی دا ئەوا (10) چاکەی بۆ دەنوسێت، ئەوەش چەند جارە زیاد

**دەكات لای خوا، ئەگەر ویستی خراپەیەك ئەنجامبدات ئەوا یەك خراپەی بۆ دەنوسێت، هەروەها گیرا بوونی دوعا كاریگەری زۆری هەیە لەسەر كارو بەخشین.**

**ئەگەر بەعەقڵ و وردبینیەوە سەرنج بدەین و سەیری ئەزمونی گەلان و ئەزمونەكانی جیهانی ئیسلامی بكەین دەبینین كە گرفتەكانی ئەمڕۆ هەمووی لەبواری سیاسی و ئابوریی و بونی هەژاری و نەبونی پێشكەوتن بەشێوەیەكی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی ئیخلاس لەناو تاك و كۆمەڵگەو گەلدا.**

**گرفتی گەلانمان دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی وردبینی لەكارداو نەبونی دڵسۆزی لەمامەڵەو بونی دزی و ستەمكاری بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی ئیخلاس لەدڵی ئەو بەرپرس و دەسەڵاتدارانەدا كەدەستیان ناوەتە بینی گەل و وڵات.**

**ئیخلاس واتە دورکەوتنەوەیە لەشتە حەرامەكان و ستەمكاری و دزی كردن. ئیخلاس واتە مرۆڤ بەتەواوی بەندەی خوابێت، تەنها لەپێناو خوا كاربكات و لەخوا بترسێت.**

**ئایا یەكێك دڵسۆزو موخلیس بێت چۆن دەتوانێت دەست درێژ بكات بۆ ماڵی كەسانی تر، ئیخلاس مانای ئەوەیە كەمرۆڤ خواپەرست و لەخوا ترس بێت و خۆی بەدور بگرێت لەهەموو ئەو شتانەی كەخوا توڕە دەكات(*).**

---

(*) وتاری رۆژی هەینی لەمزگەوتی خاتوو عائیشە لەقەتەر 2011/4/6

# تیاچونی هەموو دەسەڵاتەکان
# بەهۆی ستەمکاری و گەندەڵیەوەیە

ئەگەر مێژووی گەلان و هەروەها گەلانی ئیسلامیش بەوردی بخوێنینەوەو سەرنج لەو ئەزمونانە بدەین کە گەلانی ئیسلامی پیایدا تێپەڕیوە، دەگەینە ئەو راستیەی کە سەرچاوەی هەموو تاقیکردنەوەو تێکشکان و شکستەکان بەشێوەیەکی تایبەت دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانێکی ئەخلاقی، کە ئەم ئوممەتە تیایدا دەژی مەبەست لەقەیرانی ئەخلاقی بەشێوە فراوانی و گشتیەکەیەتی بەبونی ستەمکاری و رەوشتی نابەجێ و ناڕاست دەگرێتەوە کەسەرچاوەی سەرەکی شکستەکانن، کە ئەمەش سەرچاوەی هەموو گرفتەکان بووە بە درێژایی مێژوو، تەنانەت قەیرانە ئابوریەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانێکی ئەخلاقی، ئەگەر نەڵێین گرنگترین هۆکارەکە بۆتە مایەی گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئایندەی گەلان، ئەمە ئەو پەیامەیە کەئیسلام و هەموو ئاینە ئاسمانیەکان دەیڵێن و زانایانی بواری ئەخلاقیش هەمان شت دەڵێن، تەنانەت لەم قەیرانەی دوایشدا کە بەقەیرانی ئابوریی جیهان ناسراوە، چاکساز و پسپۆرە ناودارە جیهانیەکان هۆکاری سەرەکی ئەو قەیرانە دەگێڕنەوە بۆ لایەنی ئەخلاق.

ئەگەر سەرەنج بدەین ئەو شکستەش کە ساڵی 1976 لەجەنگی شەش رۆژەکەدا توشمان بوو، شکستێکی ئەخلاقی بوو پێش ئەوەی شکستێکی سەربازی بێت، شکستە ئەخلاقیەکە پێش شکستە سەربازیەکە کەوتبوو، ئەم شکستە ئەخلاقیە لە پێش جەنگەکەوە بوو، بەڵام بەداخەوە کەس سوودی لێ وەرنەگرت تەنها کەمێك نەبێت، لەدوای ئەوەش گەندەڵی و ستەمکاری و دیکتاتۆریەت زیادی کرد، ئەمانەش هەمووی دەچنە بازنەی نا ئەخلاقیەوە، کاری نا ئەخلاقیش بەشێوەیەکی گشتی لەسەر دوو بنەما دامەزراوە یەکەمیان رەگەزی ستەمکاری واتە هێزو دەسەڵات، هەروەها رەگەزی گەندەڵی و سلوك و هەڵسوکەوتی نابەجێ و ناڕاست، کە نە لەگەڵ شەرع و عەقڵ و هیچ بەهایەکی راست ناگونجێت، خوای گەورەش هۆکاری تیاچوونی گەلان دەگێڕێتەوە بۆ ئەم دوو هۆکارە.

لە کاتێکدا کە سورەتی فەجر دەخوێنیتەوە دوای ئەوەی کە ناوی ئەو هەموو تاوانبارە دەهێنێت و هۆکاری تیا چوونیان باس دەکات ﴿**الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ، فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ، فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ، إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ**﴾ ( 11 -12- 13 -14 ) **سورة الفجر**

ستەمکاری واتە هێزداری و خۆ بە گەورە زانین و ناچارکردنی خەڵك و خۆ بەگەورە زانین لەگەڵ گەندەڵی، واتە گەندەڵی دارایی و سیاسی و ئیداری و کۆمەلآیەتی و ئابوریی کە هۆکاری سەرەکین بۆ فەسادی گەلان، هەروەها ئەوەشی روون کردوتەوە کە حوکمی سزادان تەنها بۆ فیرعەون و قارون یان گەلانی عاد و ئەو تاوانبارانە نیە، بەڵکو ئەمە سوننەتێکی خوایە، بەدرێژایی مێژوو پیادە کراوە، هەتا دنیاش بمێنی ئەم ئەمرەی خواش بەردەوام دەبێت.

ئەگەر سەرنجی قورئان بدەین گرنگیەکی زۆر بە لایەنی ئەخلاقی و هەڵسوکەوت و مامەڵە دەدات، تەنانەت یەکێك لە پێشەوا گەورەکان لە سەدەی پێنجی کۆچیدا، ئایەتەکانی قورئان کۆ دەکاتەوەو کتێبێك دەنوسێت ناوی دەنێت (جواهر القران) ئەو پێشەوایەش (ئەبو حامیدی غەزالیە) رەحمەتی خوای لێ بێت گرنگترین ئایەتەکانی قورئان کۆ دەکاتەوە، غەزالی ئەو گەوهەرە گرنگانە دەگێڕێتەوە بۆ دوو بنەمای سەرەکی کە لەدوایدا لقی تریان لێ دەبنەوە، بنەمای یەکەم بریتیە لە زانست و مەعریفە ئەوەش باس دەکات کە ئەو ئایەتانەی لەم بنەمایە دەدوێت (763) ئایەتن، بنەمای دووەمیش رەگەزی ئەخلاقی و سلوکە. کە لە کۆمەڵە ئایەتێکی تەواودا کۆبۆتەوە نەك ئەوانەی کە بە بەشێك لە ئایەتێکدا هاتووە، ئەو ئایەتانەش ژمارەیان (741) ئایەتە. نزیکەی (1500) ئایەتی باس لە ئەو دوو بنەمایە دەکات ئەوەی کە ئەمڕۆ باسی دەکەین بنەمای دووەمە، کە بریتیە لە لایەنی ئەخلاقی، کە نزیکەی 18٪ بۆ 20٪ قورئانە، بەلآم ئەحکامە کردەییەکان لە نوێژ و رۆژو تاوانەکان و نیکاح نزیکەی (700) ئایەت دەبێت کە باسیان دەکات، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگی ئەخلاق، هەر لەبەرئەوەیە خوای گەورە وەسفی پێغەمبەرەکەی دەکات بەم رەوشتە و بەم سوێندە گەورە دەست پێ دەکات ﴿**ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ، وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ**﴾ ( 1-4 ) **سورة القلم**.

بەم سوێندەو بەم جەخت کردنەوە گەورەیە لەسەر ئەو سیفەتە تایبەتیە بۆ پێغەمبەرکەی مانای بەرزی و بالآییە، رەوشتی بەرز بە (صیغة مبالغة) باس دەکات، هەر لەبەر ئەمەیە کە

پێغەمبەری کردوتە سۆز و خۆشەویستی بۆ هەموو جیهان سۆزیش تەنها لە ئەخلاقەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەخلاقیش سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڕوابوون بەخوای گەورە ئەمە زنجیرەیەکی تەواوکاریە، خوای گەورە دەیەوێت ئەم ئوممەتە خاوەنی ئەخلاقی بەرزو تەواو بێت چاو لە پێغەمبەرەکەی بکات، چونکە پێغەمبەر پێشەنگی ئوممەتە، ئومەتەکەش دەبێت لە ئاستی ئەو ئەخلاقە گەورەیەدا بێت، ئەگەر سەرنجی گرفت و قەیرانەکانی بدەین، دەبینین کە ئومەتەکەمان هەندێك جار بەرەو لاوازی رویشتووە، لە زۆربەی خەڵك یان هەندێکیدا ئەمە دەبینرێت، ئەمەش لەلایەنی ئەخلاقیدا رەنگی داوەتەوە، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین کە ئومەتەکەمان بەرەو هۆشیار بوونەوە و رابونێکی ئیسلامی هەنگاوی ناوە.

بەڵام سەرەرای ئەوەش ئێمە زۆر پێویستمان بە ئەو لایەنە ئەخلاقیە هەیە بۆ ئەوەی باوەڕدار خاوەنی پاکی و جوانی بێت لەدەرەوەی مزگەوت و لەناو مزگەوتدا، بۆ ئەوەی مسوڵمان چۆن پارێزگاری لەنوێژەکانی دەکات بەهەمان شێوەش پارێزگاری لە ماڵ و دارایی بەرامبەرەکانیشی بکات و پارێزگاری لێ بکات و نەهێڵێت هێرش بکرێتە سەر ناموس و تایبەتمەندیەکانی خەڵك، ئەگەر سەیری راپۆرتە ناوخۆییەکان بکەین لە رێکخراوە نێودەوڵەتی و عەرەبیەکاندا هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئاستی گەندەڵی لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی لە ئاستێکی بەرزدایە و دەگاتە نزیکەی 80٪ بۆ لە90٪ لە دارایی بۆدجەی نەتەوەیی واتە لەهەر (100) فلسێکدا (80) فلسی دەچێتە گیرفانی گەندەڵەکانەوە، لێرەدا گەندەڵی مانای بەرتیل نیە بەتەنها، بەڵکو گەندەڵی زۆر لەوە فراوانترە بەڵکو مەحسوبیەتیش دەگرێتەوە، کە کەسێك دابنێت لەجێگەیەکدا کەشایەنی ئەوە نەبێت.

گەندەڵی ئێستا جەستەی ئەم ئوممەتەی دارزاندوە، بەجۆرێك هەرچەند ئاستی دارای ئەم وڵاتانە بەرەو زیاد بون دەچێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەژاری و نەفامی و برسیەتی و نەخۆشی و کەمی دەرمان و خۆراك زیاد دەکات.

هۆکارەکەی وەك خوای گەورە باسی دەکات دەگەڕێتەوە بۆ گەندەڵی و ستەمکاری کەئەمەش چڵە پۆپەی نا ئەخلاقییە، لەکاتێکدا کەستەمکاری و گەندەڵی بەیەکەوە کۆدەبنەوە ئەگەر کاری نا ئەخلاقی رێکخراو بێ و دەوڵەت و دەسەڵات پارێزگاری لێ بکات، هەروەها پارێزگاری لەستەمکاری بکات، دەسەڵات کەخۆی بەم کارە هەڵسێت ئەوا گەندەڵی گەورە ئەو

کاته دروست دەبێت، لێرەوە بەڵاو موسیبەتی گەورە لای خوا دێت و بۆ ئەم مەبەستەش ئوممەت ئاگادار دەکاتەوە.

ئیسلام گرنگیەکی زۆر بەئەخلاقی تاك دەدات، هەر بۆ ئەمەشە کەوەسفی پێغەمبەری پێ دەکات پێغەمبەری خوا بۆمان روون دەکاتەوە کەتەواوترین باوەڕدارو بەهێزترین و بەرێزترینیان لای خوا ئەوەیە کە جوانترین رەوشتی هەبێت" باشترینیان ئەو کەسەیە چاکترین رەوشتی هەبێت" پێوەرەکە ئەخلاقە، عەقیدەو نوێژو عیبادەت شتێکە لەنێوان توو خوادایە بەلاّم پێویستە کاریگەری ئەو شتانە لەسەر رەوشت دەربکەوێت: ﴿ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ﴾ (45) سورة العنكبوت، ئەمەش ئیمانی راستەقینەیەو ئەمەش ئیسلامە.

لەم روانگەیەوە ئەگەر سەرنج لەم شۆڕشە نوێیانە بدەین، کە بەپشتیوانی خوای گەورە هەموو جیهانی ئیسلامیش دەگرێتەوە کەدژی ستەم و ناعەدالەتیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئەو شۆڕشانەی تیا رووداوە تەنها لەخۆڕا نەبوە بەڵکو هەموو بەهۆی گەندەڵی و ستەمکاریەوە بووە کە ئەنجامەکەشی سەرشۆڕی و هەژاری بوە، ئێستا خۆیان قوربانی بەگیانی خۆیان دەدەن و شۆڕش دژی ستەمکاری دەکەن بۆ گەڕانەوەی رێزو کەرامەت بۆ مرۆڤ دروشمی ئازادی بەرز دەکەنەوە، چونکە لێیان حەرام کراوە.

هەروەها لەدەوڵەمەندو خۆشگوزەرانی بێ بەش کراون نەیانهێشتوە هیچ سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێت هەتا شانازی پێوە بکەن لەبەردەم جیهاندا.

لەژێر سایەی ئەم گەندەڵ و ستەمکارانەدا فەڵەستین و زەوییەکەیان لەدەستدا لەکاتێکدا هەموو ئەمانە بەناوی بەرگری لەفەڵەستین دەسەلاّتیان بەدەستەوە گرتوەو بەنیازی ئەوە بون لەژێر سایەی ئەواندا رزگاری بێ، بەلاّم لەسەردەمی ئەواندا خۆیان دا بەدەستەوەو زەوی زیاتریان دۆڕاندو سەرەرای ئەوەش گەلەکانیان سەرشۆڕکردو توشی ستەمکاریان کردن و لەدنیادا توشی هەژاری و نەگبەتیان کردن، لەبەرئەوە ئەم شۆڕشانە دژی ستەمکارین.

لێرەشەوە مژدە دەدەم بەدەسەلاّتدارە دادپەروەرەکان کە لەدەوڵەتەکانیاندا شۆڕش روو نادات ئەم دەسەلاّتدارانە هەرچەند ستەمکار بن ناتوانن لەبەردەم شۆڕشی گەلاندا خۆیان بگرن و سەرکەوتنیش هەر بۆ شۆڕش گێرانە.

داوا لەخوای گەورە دەکەم کە ئەم ئوممەتە لەفیتنە بپارێزێت، لەفیتنە لەدینداریدا بیانپارێزێت، واتە بیان پارێزێت لەبارودۆخێك کە نەتوانن خوا بە ئازادی بپەرستن یان

نەتوانن دروشمە ئاشتیەکانی خۆیان بەباشی جێبەجێ بکەن لەژێر چاودێری ئەو ستەمکارانەدا، خوایە لەئاژاوەو پشێوی بمان پارێزی بەو مانایەیی کەخۆت دەتەوێت نەك بەوەی کە ئەم ستەمکارانە دەیانەوێت، هەروەها داوا دەکەین لەخوای گەورە کە ئوممەتەکەمان بگەڕێنێتەوە بۆ ئازادییەکی راستەقینە(*).

(*) ئەم وتارە لە مانگی نیسانی 2011 نوسراوە کە شۆڕشی بەهاری عەرەبی بەردەوام بوو.

# ستەمکاران ناتوانن لە ژینگەی ئازادیدا بژین

ئەگەر سەیری جیهانی ئیسلامی بکەین لەزۆربەی ولأتەکانیدا کۆمەلێك سەرکردەی ستەمکار حاکمن، ئەم سەرکردانە ناتوانن لە ئازادیدا بژین و دەستیان داوەتە کوشتنی گەلەکانیان، ئەوە مایەی گالتە جارییە یەکێك خۆی ناوبنێ سەرۆك دەستی بە خوێنی گەلەکەی سوربێ، هەموولایەکمان پشتیوانی لە ئەو شۆڕشە ئاشتیخوازانە بکەین، پێویستە گەلی سۆمالێ یەکریزو یەکگرتوبن.

ئەگەر ئێمە سەیری مێژووی رابردوی گەلان بکەین کە ئەمەش فەرمانێکی خوای گەورەیە، کەدەفەرموێت ئێوە بڕون بەزەویدا بگەڕێن بزانن چیان کردووەو چیان دەست کەوتووە، ئەگەر ئێمە کتێبە ئاسمانیەکان و کتێبەکانی زانست و ئەدەب بخوێنینەوە دەگەینە ئەوەی کە ئایا هۆکاری تیاچوونی نەوە پێشینەکانی چی بووە، تیا چوونی ئەو گەلانە دەگەڕێتەوە بۆ پابەند نەبونیان بە ئەخلاق و بەها خواییەکانی کەخوای گەورە چۆن ناردوونی ئەو بەهایانەی کە خوا لە ناو دەرونی مرۆڤدا دروستی کردووە لەسەر بنەمای سروشتێکی پاك.

ئەو گەلانەی کە خوای گەورە پەیامی ئاسمانی خۆی بۆ ناردون، دوای ئەوەی گۆڕیویانە و ئەخلاقی خۆیان تێکداوە بەرەو خراپەکاری ئەنجامەکەی تیا چوون بووە، ئوممەتی ئیسلامیمان ماوەیەکە زۆر کەم نیە توشی جۆرێك لەو نەخۆشیانە بووە کە ئوممەتەکانی پێشوو تووشی بوون، ئەویش جیاکردنەوەیە لە نێوان ئەخلاق و بەهاکان وە لەنێوانی ئەرکە شەرعیەکان و عیبادەتەکان، ئەگەر ئێستا سەرنج بدەین زۆربەی مسولمانان گرنگیان خستۆتە سەر عیبادەتەکان بەمانایەك وەك دروشمێك لە نوێژو رۆژو، بەلام زۆرینەیان گرنگی بە ئەرکێکی بنەڕەتی نادەن کە پابەند بوونە بە ئەخلاقی ئیسلامی و بەها بەرزەکان، ئەو ئەخلاقانەی کە بەسروشتی خوا مرۆڤی لەسەر دروست کردووە.

**له نێوان ئێمەو گەلانی تردا**

جیاوازی له نێوان ئوممەتی ئیسلامی و گەلانی پێشوو ئەوەیە، له کاتێکدا که ئەوان لایانداوە دەستیان داوەته گۆڕینی کتێبه ئاسمانیەکانیش بەم هۆیەشەوە بەشێکی زۆری ئەو ئەخلاقەیان له بیر چوتەوە: ﴿**يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ وَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِ**﴾ (13) **سورة المائدة**، بەڵام ئوممەتی ئیسلامی ئێمه که خوای گەورە بەردەوام خێری ویستووە بۆی ویستویەتی نەمری ڕێژەی لەم دنیایەو نەمری هەمیشەیی بێت له دواڕۆژدا، بۆ ئەم مەبەسته خوای گەورە ئاین و ئەخلاق و شەرعیەتەکەی پاراستووە له ڕێگەی قورئانی پیرۆزەوە، هەروەها فەرمودەکانی پێغەمبەری پاراستووە که ڕاڤەکەری که قورئانه ئەمەش به پەیمانی خوا خوی بووە که دەفەرمویێت: ﴿**إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ**﴾ (9) **سورة الحجر**.

خوای گەورە زەمانەتی پاراستنی قورئانی هەڵگرتووە، له سنگەکاندا پاراستویەتی، هەر چەند زانیاریش پێش بکەویێت، هۆکانی لەبەرکردنی قورئانیش زیاد دەکات خوای گەورە ئەم قورئانەی پاراست، بەپێچەوانەی پەیامه ئاسمانیەکانی تر، که زاناکانی بەرپرسیار کردبوو لەپاراستنی و ئەوانیش نەیانتوانی بەم ئەرکه هەڵسن، بەڵام خوای گەورە ڕێزی لەم ئوممەته گرت و بۆی پاراستن.

**ئوممەتی خاوەن باوەڕ**

ئەوەی دەوترێت له سروشتی گۆڕانەکانی مێژوو پیاده دەکرێت لەسەر نەتەوەکانی تر کاروانێکه لەلاوازی دەست پێ دەکات بۆ منالی و بۆ گەنجی و پاشان پیر بوون و له ناوچوون، ئەم سوننەته لەسەر ئەم ئوممەته جێبەجێ نابێت چونکه ئەم ئوممەته ئوممەتی بەهاو باوەڕە، هەر گەلێك له گەلەکانی دەکرێت ئەو یاسایەی بەسەردا جێبەجێ بێ ﴿**وَإِن تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ**﴾ (38) **سورة محمد**، گەلان دەگۆڕێن، بەڵام ئوممەتی ئیسلامی به بەهاکانیەوە دەمێنێتەوە، لەبەرئەوە بەپێی ڕۆیشتنی کات ئەویش نوێ دەبێتەوە، بەڵام لێرەدا گرفتەکه لەگەڵ ماوەی سڕبون و لاوازی و وەرگرتنی روخسەت و فێڵدایه، له کاتێکدا که هەندێك له گەلانی ئیسلامی رویان له لاوازی کرد چەند بۆچۆن و بیرێکیان بۆ دروست بوو که ئەمەشیان دایه پاڵ ئیسلام، ئەویش جیاوازی کردن بوو له نێوان فەرمان به چاکەو ڕێگرتن له خراپه، ئەمەش ئەو شتانه بوون

**که پەیوەندیان بە ئەو عیبادەتانەوە هەبوو کە ئەندامەکانی مرۆڤ جێبەجێی دەکردن وە لەنێوان فەرمان بەچاکەو رێگرتن لەخراپە کە پەیوەندی بەدڵی مرۆڤ و نەفس و عەقڵ و فیترەوە هەبووە، ئەمە هۆکاری دواکەوتنی ئەو گەلانە بوو، هەروەها لە بواری فیقهیشدا ئەوە دەبینین، بۆ نموونە لە حوکمی تەکنیکی شتێکدا کە دەڵێن ئەوە حەرامە، بەڵام لە هەندێ رای تردا دەبینین، ئەوە راستەو بە تاڵ نیە لە راستیدا دەبێت پێکەوە گونجان هەبێت لە نێوان ئەوەی کە حەرامەو ئەو هۆکارانەی کە هەیەتی، ئەوەش کە حەرامە دەبێتە مایەی بەتاڵکردنەوەو بێ بایەخ بوونی.**

**<u>دوورکەوتنەوە لە عەقیدە</u>**

**هەندێك لە مسوڵمانان لەم سەردەمەی ئێستادا دەبینین کە ئیلتیزامی ئەوەیان هەیە بۆ نوێژەکانی و تەراویح و عەمرەو حەج و .... هتد ، بەڵام لەبەرامبەردا شوێنکاری ئەم عیبادەتانە نابینین لەسەر ئەخلاق و هەڵسوکەوتیان، تەنانەت لەگەڵ خۆیان و ئەوانی تریشدا، تەنانەت لەکاتی حەج و عەمرەشدا پیاوان و ژنان دەبینین بە ئەخلاقی ئیسلامی مامەڵە ناکەن، تەنانەت لەگەڵ هاورێکانیشیاندا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئێمە دروشمە عیبادیەکانمان جیا کردۆتەوە لە بەجێ گەیاندنی ئەخلاق، کە ئەمەش پێچەوانەی فکرو بۆچونی ئیسلامە دەربارەی عەقیدەو عیبادەت، هەردووکیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە عەقیدە شوێنکاری هەبێت لە هەڵسوکەوت و مامەڵەتدا لەگەڵ کەسانی تر لە کۆمەڵگەدا، هەروەها هەڵسوکەوت لەگەڵ عیبادەتەکانی خوای گەورەدا، رۆژانە دەیخوێنی یان لەبەری دەکەیت، لە کاتێکدا کە تۆ دەڵێیت ( الرحمن الرحیم . الغفور) ئەمانە سیفاتی جوانن دەیخوێنین و لە دوعاکاندا بەکاری دەهێنین بەڵام بەپێی پێویست پابەندن نابین پێیانەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ خوای خۆش دەوێت پێویستە ئەم سیفەتانە تیایدا رەنگ بداتەوە، نمونەی گەورەش هەر بۆخوایە ( ارحموا من في الارض یرحمکم من في السماء)**

**بەم شێوەیە لەگەڵ هەموو سیفەتەکانی تریشدا تەنها ئەوە نەبێت کە پەیوەستە بە زاتی خواوە و کەسی تر ناتوانێت خاوەنی بێت لە دروست کراوەکانی.**

## كونوا ربانيين

لەجیاكردنەوەی نێوان ئەخلاق و عیبادەتدا كار گەیشتوتە ئاستێك كەهەندێك را هەیە دەڵێت مەسەلە ئەخلاقیەكان پێویست نین، بەڵكو شتێكی چاكە خوازییەو هەركەس دەتوانێت بەئارەزووی خۆی هەڵیان بژێرێت، لەكاتێكدا كە ئەخلاق لەئیسلامدا شتێكی بنەڕەتیەو بەشێكە لەعەقیدەی راستەقینە، پێویستە عەقیدەی باش خاوەنەكەی بە ئەخلاقی جوان بڕازێنێتەوە: (ولكن كونوا ربانيين) ئەمەش سیفەتی خوایە، خوای جیهانیانە، بەندە دەتوانێت ببێت بە(رب) كاتێك كە نەرم و نیان و خۆشەویست و خزمەتكاری خەڵك بێت.

كەسانی تر لەسەر خۆشەویستی پەروەردە دەكات لێرەوە ئەم جیاكردنەوەیە ئەو مەترسیەی هەیە، ئەمەش جیاكردنەوەی ئەخلاقە لەعیبادەت، ئەمە شتێكی راست نیە، خوای گەورە یەكێك لەسیفەتە بەرزەكانی خوی لەپێغەمبەركەیدا باس دەكات و دەفەرمویێت: ﴿**وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ**﴾ (4) **سورة القلم**، پیتی (ان) بۆ جەخت كردنەوەیە، لەدوای ئەوەش (لام) هاتوە كە بۆ زەمانەتی تەوكیدە كە بەوشەی (لعلى) ش مانای ئەخلاقی گەورەو بەرزە، خوای گەورە نەیفەرموە تۆ خاوەن رەوشتی گەورەی بەڵكو لەشێوەیەكی بەرزەوە باسی دەكات و رەوشتی بەرزو گەورە دەكات بەشتێك لەسروشتی پێغەمبەر كەلێی جیانابێتەوە.

لەسیفاتەكانی (عباد الرحمن) دا باسمان كرد كە یەكێ لەو هۆكارانەی كەدەبێتە هۆی لێ خۆش بوون و بەدەست هێنانی فیردەوسی بالاً رازانەوەیانە بە ئەخلاقی جوان لەپێش نوێژدا: ﴿**وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هونًا** ﴾ (63) **سورة الفرقان**، ئەمەش سیفەتی ئەندامەكانە وەك: ﴿ **وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا**﴾ (63) **سورة الفرقان**، ئەمە گوتاری قسە كردنە هەردوو لایەنە كردەوەی و گوتارییە كەپەیوەستن بەئەخلاقی جوانەوە، ئەخلاقیش لەبەرزترین ئاستدا نەك ناوەند و خوارەوە، هەروەها ئایەتەكانی تریش عیبادەت دەبەستن بەئەخلاقەوە: ﴿ **إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ** ﴾ (45) **سورة العنكبوت**

هەروەها دەفەرمویێت: ﴿**خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا** ﴾ (103) **سورة التوبة**، پاكردنەوەی نەفس لەرەزیلی و بەخیلی بۆ دەوڵەمەندەكان بۆ هەژارانیش لەحەسودی و

رق، گەشەو تەزکیە بۆ کۆمەڵگە، هەروەها فەرمودەکان کەباسی ئەخلاق دەکەن لەزۆر لایەنی تری عیبادەت زۆرترن.

## جێبەجێی دەکەین و جیای دەکەینەوە

بەشی عیبادەتەکان جێبەجێ دەکەین بەلاّم ئیلتیزام ناکەین بەئەخلاقیاتەوە، ئەمەش وامان لێ دەکات کەلەوە بترسین خوای گەورە ئەوەمان بەسەردا جێبەجێ بکات. کەدەربارەی جولەکەو گاورەکان دەفەرموێت: ﴿ **لِمَ تَقُولُونَ مَا لاَ تَفْعَلُونَ، كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لاَ تَفْعَلُونَ** ﴾ (2-3) **سورة الصف**. یان ئەوەمان بەسەردا جێبەجێ بکات کە دەفەرموێت: (افتومنون ببعض الكتاب وتكفرون ببعض)

لێرەدا مەبەستی لە کوفری عەقیدە نیە بەڵکو کوفری کردەوەیە، واتە کاتێك کە کردەوەکانمان لەگەڵ عەقیدەکەمانا نەگونجێت، پابەند نەبین بەفەرمانی خوای گەورەو شەریعەت پابەند نەبیت بەوەی کە بۆی ناردوین ئەوە کافر بوین بەو نیعمەتەو ئەوەت جێبەجێ نەکردوە کەخوا لەتۆی دەوێت.

## جێبەجێ کردنی ئەخلاق

ئەگەر ئێمە دەمانەوێت ئەم شۆڕشانە سەرکەوتوبن و بەرهەمداربن، ئەم ئوممەتە پێیانەوە سەربەرزبن، پێویستە لە ڕێگەی ئەخلاق و بەهاکانەوە بمانگەیەنێتە پاکترین عیبادەت، چونکە ئەگەر وانەکەین تەنها دەبینە کەفی سەر ئاو، کەفیش زۆرە واتە ئێمە لە عیبادەتدا زۆر دەبین بەلاّم ژمارەمان لە جێ بەجێ کردنی ئەخلاق و ئازادی و عیزەت و پاراستنی کەرامەت و فیداکاری ئازایەتی زۆر نابێت ( أنكم كثيرون ولكنكم غثا و كغثا و السيل ) ئەم کەفە دەگۆڕێت بۆ حەقیقەت ئەگەر توانیمان ببینە قوتابیەکی زیندو لە سەر زەویدا .

## شەرم ناكات و گەلەكەی دەكوژێت

ئێستا ئەم ئوممەتە خێری زۆری تێدایە بەڵام پێویستی بەوە هەیە كە زۆرتر هۆشیار بێتەوە، هەتا شایەنی ئەو بەڵێنانە بێت كە خوای گەورە بە بەندەو دڵسۆزەكانی كاروباری ئەم وڵاتانەیان بەدەستەوە گرتووە نەخۆیان مولتەزیم بوون بەو بنەما ئەخلاقیانەوە نە هێشتویانە خەڵكیش پابەند بێت پێوەی، چونكە ئەوان ستەمكار بوون و موڵك و ماڵی خەڵكیان تاڵان كردووە ئەم شۆڕشانەش كاردانەوەی ئەو كردەوانە بوون .

ئەم شۆڕشانە كاردانەوەی ئەو كردەوە ناشرینانەن بۆ ئەوەیە ك ەكەرامەت و عیزەت و ئەخلاق و بەهاكانی بۆ بگەڕێتەوە، هەروەها دەیانەوێت كە ئەمانەتی حوكمیان لێ وەرگرنەوە، ئەم دەسەڵاتدارانە ئەگەر خاوەنی بەهاو ئەخلاق بونایە ئایا ئەوەیان دەكرد كە دەیكەن لە سوریاو لیبیا.

خۆپیشاندانەكان ئاشتی خوازی و نیشانەی یەكڕیزی بون و تایفی نەبوون و تەنها داوای ئازادیان كردوە، بەڵام ستەمكاران ناتوانن لەئازادیدا بژین، هەرچی ویستیان كردیان، هەرچی لەدەستیان هات كوشتیان، ئەو سوپایەی كە بۆ رووبەڕووبونەوەی ئیسرائیل بنیات نرابوو، بەڵام نزیكەی 30 ساڵە بۆ هیچ شتێك بەكار نەهاتوە، جولان و چەندان شوێنی تر داگیر كرا بەڵام ئەم سوپایە جوڵەیەكی نەكرد، بەڵام ئێستا دێت بەرەو رووی دەرعاو شارەكانی تر دەبێتەوە.

هەركەسێك بەو شێوەیە كوشتاری گەلەكەی بكات هەرگیز شایەنی ئەوە نیە پێی بوترێت سەرۆك.

هەروەها ئەوەی ئێستا لەیەمەندا روودەدات سەرەرای ئەوەی كەگەل چەكدارە بەڵام دانی بەخۆیدا گرتوە و بەشێوەیەكی ئاشتیخوازانە خۆپیشاندان دەكات، نە بەردێك و نەخەنجەرێكی بەكار نەهێناوە، سەرە رای ئەوەی كەبەردەوام بەچەك هێرشیان دەكرێتە سەر.

داواتان لێ دەكەم كە بەئیخلاسەوە دوعا بكەن بۆ ئەوەی یەكێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان سەركەوتوو بێت لەچەسپاندنی ئاشتی لەنێوان برایانی سوماڵ [*].

---

[*] وتاری رۆژی هەینی لەمزگەوتی خاتوو عائیشە ، لەڤەتەر 10-5-2011

## سەرقاڵ بونی زانایان بەخەڵك و پشت گوێ خستنی
## بەرپرس و دەسەلاَتداران كەم و كوڕی و ناتەواوییە

خوای گەورە بۆ پاراستنی ئەم ئوممەتە لە توانەوەو لە ناوچوون، كۆمەڵێك هۆكاری رەخساندوە، یەكێك لە هۆكارەكانی ئەوەیە كە فەرمانی كردووە بەسەر دەسەلاَتداران و بەرپرسان، كە لەرێگەی دەسەلاَتەكەیان و هێزەكەیانەوە پارێزگاری لە ئەم ئاینە و مسوڵمانان بكەن، واتە پارێزگاری لە ئاین و دونیایان ئەمەش ئەوەیە كە زانایانمان پێیان وتووە سیاسەتی دونیاو بەرجەستەكردنی ئاین لە واقیعدا، ئەگەر ئەمانە بەم ئەركە هەڵنەسان خوای گەورە باس لە هۆكارێكی تر دەكات كە زۆر گرنگترە لە هۆكاری یەكەم، ئەویش بەرپرسیارێتی ئوممەتی ئیسلامیە بەگشتی بەتاك و كۆمەڵ و خێڵ و خێزان و نەتەوەو عەشیرەتەوە كە لەهەموو روویەكەوە هەست بە بەرپرسیارێتیەكی هاوبەش بكەن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئەم ئوممەتە بكەن بۆ پاراستنی بیرو باوەڕو شتە نەگۆڕەكان و رێگرتن لەخراپە كاری و ستەم و دەست درێژی و تاوانكاری لەتاك و كومەڵ، ئیسلام ئەمە ناو دەنێت بەفەرمان بەچاكەو رێگرتن لەخراپە و ئامۆژگاری، ئەمەش بە هۆكاری جۆراو جۆر دەبێت كە بۆ هەریەكێك لە تاكەكانی ئەم ئوممەتە گونجاوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەیان و سەدان ئایەت و فەرمودە هەیە كە باس لەم بوارە دەكات، بەجۆرێك كە باس لە فەرمان بە چاكەو رێگرتن لە خراپە دەكات، كە پێویستە پەروەردەیەكی بنەڕەتی بێت كە دەبێت لە ناخی هەموو كەسێكدا بچەسپێت، بە مناڵ و گەورەوە، پێویستە مناڵان هەر لە سەرەتاوە لەسەر ئەم مەنهەجە پەروەردە بكرێن، ئەویش بە پێدانی ئامۆژگاری باش، چونكە هیچ گەورە و بچوكێك نیە كە پێویستی بە ئامۆژگاری نەبێت.

ئامۆژگاری پێویستە لە بچوكەوە بۆ گەورەو لە گەورەوە بۆ بچوك و لە لاوازەوە بۆ بەهێزو لە بەهێزەوە بۆ لاواز بێت، بە ئەم یەكگرتوویە ئێمە دەتوانین پارێزگاری ناوخۆو خودی ئەم ئوممەتە بكەین و نەهێڵین بگاتە ئاستێكی نزم لە بەهاو ئەخلاق و بیرو باوەڕ.

قورئانی پیرۆز ئەم ئەرکە یان پەیامە، پەیامی فەرمان کردن بەچاکەو رێگرتن لەخراپە دەکاتە بەشێك لە ئیمان و تەواوکەری ئیمان، چونکە مرۆڤ رزگاری نابێت لەدنیاو دوارۆژ ئەگەر بەئەم ئەرکە هەڵنەسێت.

**وَالْعَصْرِ * إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ * إِلاَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ** **العصر**( 1-2-3 ) هەموو مرۆڤێك لە زیانێكی گەورەدایە، دەربارەی دابەزینی ئەم سورەتەش ئیمامی شافیعی دەفەرموێت: (ئەگەر خوای گەورە تەنها ئەم سورەتەی دابەزاندایە بۆ هەموو ئوممەت بەس بوو)

قورئان دەفەرموێت "* **إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ** " وشەی (في) بۆ حاڵەتە: واتە زیان بەردەوام دەوری مرۆڤی داوە، واتە وەك قاپێك وایە كە دەوری ئاو دەدات، واتە مرۆڤیش بەم شێوە وایە بەژیان دەورە دراوە، مرۆڤ لە ئەو بازنە مەترسیدارە رزگاری نابێت تەنها بەیەك هۆكار نەبێت ئەویش باوەڕبوونە بەخوای تاك و تەنیاو ئەنجامدانی كاری چاكەیەو ئامۆژگاری كردنە بەحەق و راستی.

وشەی (التواصی) زانایانی زمان دەڵێن بەشداری یەكسانە، لە زانستی (صرف) دا دووجۆر شێوازمان هەیە بۆ بەشداری كە مانای هاوكاریە لە نێوان دوو كەسدا:

یەكێكیان ئەوەیە كە بكەرەكە بە هێزترە لەوی تر، ئەمەش لەسەر شێوازی بابی (فاعل)ە وەك ضارب .

دووەمیان لە بابی (التفاعل) وەك التراضي، التواصی، التشاور، ئەم شێوازەی دوایی تەعبیر لە بەشداری هەموو لایەك بە شێوەی یەكسان، ئەم ئایەتەی كە باسمان كرد كە باس لە ئامۆژگاری بە حەق دەكات، واتە فەرمان بە چاكەو رێگرتن لە خراپە لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر جیاوازی نیە، هەمووومان بەرپرسیارین لەبەردەم خوای گەورەدا پێویستە هەریەكەمان ئامۆژگاری بكات، زانا دەبێت ئامۆژگاری هەموومان بكات، هەروەها كەسێكی سەر شەقامیش دەتوانێت ئامۆژگاری زانا بكات، دەسەڵاتدار دەتوانێت ئامۆژگاری هاوڵاتیان بكات، هەروەها هاوڵاتیانیش دەتوانن ئامۆژگاری دەسەڵات بكەن، بەم شێوەیە كرداری ئامۆژگاری ئەنجام دەدرێت.

كاری ئامۆژگاری و فەرمان كردن بەچاكەو رێگرتن لەخراپە كارێكی خودی و كاریگەرە، ئەمە كارێكە بەرپرسیارێتیەكی گشتیەو كەس قوتاری نابێت لێی، چونكە تاوان و سەرپێچی

و ستەمکاری وەك ئاگر وایە، لە کاتێکدا کە ئەم تاوان و سەرپێچی و ستەمکارییە دەرکەوت، وەك دەرکەوتنی گڕی ئاگرێك وایە کە دەبێت بە هەموو لایەك هەوڵی کوژاندنەوەی بدرێت، چونکە ئەگەر ئێمە بەم ئەرکە هەڵنەستین، خۆتان دەزانن زۆربەی ئاگرەکان لە بریسکەیەکی بچوکەوە پەیدا دەبن و فیتنەیەکی گەورەو ئاگرێکی گەورە دروست دەکات کە دوایی کەسمان رزگارمان نابێت لێی.

تاوانیش هەر بەو شێوەیەیە، نابێت لەلایەن کەسەوە پشت گوێ بخرێت، نە گەورەو نە بچوك نە لە ناو خێزان نە لە دەرەوە، ئەمە ئەرکێکەو دەبێت مسوڵمان وەك گوڕەپانێکی کاری خۆی سەیری بکات، چونکە ئەگەر ئەمە فەراموش بکەین گەندەڵی گەشە دەکات و ئاگرێکی سوتێنەری گەورە دروست دەبێت، ئەگەر سەیری مێژووی خۆشمان بکەین هەر بەو شێوەیە بووە، لەکاتێکدا کە خەڵك لەسەردەمی خەلافەتی راشدین و دوای ئەواندا ژیاون، هەستاون بە ئەرکی فەرمان کردن بەچاکەو رێگرتن لە خراپە و ئامۆژگاری بە حەق، کە ئەمەش لە ئەرکی بنەڕەتی ئیسلامە، هەر ئەمەشە کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ئاین ناودەبەن بە ئامۆژگاری (پێغەمبەری خوا فەرمووی ئاین ئامۆژگارییە، وتمان بۆ کێی فەرموو؟ وتی بۆ خواو پێغەمبەرو پێشەواو هەموو مسوڵمانان) ئەگەر ناتەواویەك لەئەم ئامۆژگارییە رووبدات، ئەوا سزای گشتی بۆ هەموومان دێت.

خوای گەورە لە ئایەتێکدا دەفەرموێت: **كَلاَّ بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ** **المطففين**14

سەرەتا تاوان وەك خاڵێك لەسەر دڵ دەردەکەوێت، هەتا هەموو دڵ دادەگرێت، دوای ئەوە ئەو دڵە وەك بەرد رەق دەبێت، نەرمی تیا نامێنێت و لە خوا ناترسێت  و ئەو کاتەش هەموو کۆمەڵگاکە خراپ دەبێت، پاشان بەرەو تیاچوون دەچێت.

لەناو چوون  و سزا بە چاکسازی لە ناو دەچێت، بەڵام ئەوان چاکسازی نەبوون، لە سزای ئەوەشدا سزایەکی گشتی بۆ ناردن، پاشان پێغەمبەری خوا ئەم ئایەتەی خوێندەوە: **لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ** **المائدة**78 هەتا کار دەگاتە ئەوەی کە کەس رێگە لە خراپەی ئەویتر ناگرێت، بەم هۆیەشەوە خوا دەیانخاتە بەر نەفرەتی خۆی، خوای گەورە تەنها بەم سزادانەیان لە دوا رۆژدا واز ناهێنێت، بەڵکو کەسێك زاڵ دەکات بەسەریاندا کە توشی خراپترین سزاو ئەشکەنجەیان بکات لە گەلانی تر وەك رۆماو کلدانیەکان و ... هتد.

یان سزای تری سەختیان بۆ دەنێرێت هەتا ئەو کاتەی کە دەگەڕێتەوە.

هۆکاری پاراستنی ئەم ئوممەتە لەلای خوای گەورە فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپەیە، ئەگەر تاکەکانی ئوممەت بەم کارە هەڵنەستن ئەوا سزاو لە ناوچوون چاوەڕێیانە، ابن مسعود دەڵێت پێغەمبەری خوا دانیشتبوو هەستایە سەر پێ و فەرمووی "كلا لتأمرن بالمعروف ولتنهؤن عن المنكر ولتأخذن على يد الظالم ولتأطرنه على الحق أطرا ولتقصرنه على الحق قصرا او يوشك الله سبحانه وتعالى أن يعومكم بعذاب "

یان لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێت " أن يضرب الله قلوب بعضكم ببعض"، لێرەوە دەتوانین بڵێین کە وەستانەوە بەرووی ستەمکاریدا پێویستە مسوڵمانان بە هەموو هۆکارێك ئەنجامی بدات.

نابێت لەمە بترسین، ترس نیە لە پارێزگاری نەفس و ماڵ و مافە تایبەتیەکانی، بۆ پاراستنی مافەکانی ئوممەتیش دەبێت ئەم هۆکارە بەکاربهێنین، چونکە ئەگەر وانەکەین، ئەگەری ئەوە هەیە کە خوای گەورە توشی سزای سەختمان بکات، پێغەمبەری خوا پێمان دەڵێت کە ئەم سزاو لەناو چوونە تەنها تایبەت نییە بە (بەنی ئیسرائیل) بەڵکو بۆ ئێوەی مسوڵمان نیە ئەگەر فەرمانەکانی خوای گەورە بەجێ نەهێنن و ئامۆژگاری ئەنجام نەدەن.

لەنێوان گەورەو بچوك و دەسەڵاتدارو هاوڵاتی ئەگەر وانەکەن ئەوا چارەنوسی ئەوان چی بوو، ئێوەش هەمان شێوەتان لێ دێت.

ئێستا ئەوە بەسەر ئوممەتەکەماندا هاتووە، جاران ئەم ئوممەتە زۆر گەورە بووە، خاوەنی شارستانیەت بوو، هێزی زۆری هەبوو، لە کاتێکدا کە ئافرەتێك لە (عمورية) هاواری دەکرد (وا معتصماه) سوپایەك بەدەم هاوارەکەیەوە دەچوو رزگاری دەکرد، بەڵام ئەمرۆ چەندان ئافرەت چەندان منداڵ و چەندان ئەشکەنجە دراو هاوار دەکات بەڵام کێ دەنگیان دەبیستێت؟ ئێستا ئێمە توشی سزایەك بوین لە لایەن خوای گەورەوە ئەمەش زیاتر لە 100 ساڵە بەردەوامە، سزای دوبەرەکی سزای سەر شۆڕی و تاوان و خراپەکاری و نائارامی و ئاڵوزی و پشێوی، توشی هەموو ئەمانە بوین، ئەمانە زللەی خوان بۆ ئەم ئوممەتە، ئەمەش بەردەوام دەبێت هەتا لە خەوی غەفڵەت خەبەری دەبێتەوەو ڕێگەی راست دەگرێتەوە لە فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپە، پێغەمبەری خوا ئوممەت وەك کەشتیەك باس دەکات کە پێویستە پشت گوێ نەخرێت، ئازادی تۆ تا ئەو سنورەیە کە

ئازادی خەڵکانی تر دەست پێ دەکات، ئەوانە دەتوانن بۆ خۆیان چی دەکەن بیکەن، بەڵام بۆیان نیە بە ئاشکرا تاوان بکەن یان ستەم کاری دژ بەمافی ئەوانی تر بکەن، ئێمە ئەگەر ئەو کارە نەکەین وەك خەڵکی ناو کەشتیەکەمان لێ دێت، ئەم ئوممەتە وەك کەشتیەکە وایە، کەشتی دەوڵەت و کەشتی شارو کەشتی خێزان و کەشتی گەلان هەمووی یەکە.

ئەگەر سەیری ئەو ئایەتانە بکەین، کە زۆربەیان لەیەك دەچن، وەك ئەو فەرمودە زۆرانەی کە بەشێکی کەممان باس کرد، هەموویان بەڵگەی لەسەر گرنگی ئەو پاراستنە خوییەی کە پێویستە لە ناو خۆی ئوممەتدا بەهێز بکرێت، منداڵەکانمان لەسەر ئەوە گوش بکەین هەروەك لوقمانی حەکیم کردی.

" يا بني اقم الصلام وأمر بالمعروف وانهى عن المنكر واصبر على ما اصابك ان ذلك من عزم الأمور " مەسەلەی ئارام گرتن بەردەوام لە دوای فەرمان بەچاکەو رێگرتن لە خراپە دێت، چونکە هەر کەسێك فەرمان بە شتێك بکات یان رێگری لێ بکات، بێ گومان توشی ئازارو ئەشکەنجە و قسەی نابەجێ دەبێتەوە، بەڵام پێویستە ئارام بگرێت، چونکە ئەمە فەرزێکە لەسەر هەموو مرۆڤێك، ئەمە رێگەی رزگاری و سەر فرازی و رێگەی سەرکەوتنی راستەقینەیە بۆ هەموو مرۆڤێك لە سورەتی (عصر) دا خوای گەورە فەرمانمان پیʼ دەکات بە ئارام گرتن لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە دێنە رێگەمان، لە پێناو جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خوای گەورەدا.

ئەمرۆ کە ئومەتەکەمان دەستی داوەتە ئەم خۆپیشاندان و شۆڕشە جەماوەریانە کە بەشێکە لە بێداربوونەوەو هۆشیاربوونەوەی گەلان، هەستاوە بە بەشێك لە ئەو ئەرکانە هەڵدەستن کە خوای گەورە واجبی کردووە لەسەریان، بەتاك و کۆمەڵەوە، ئەویش فەرمان بە چاکەو رێگرتنە لە خراپە "من رأى منكم منكرا فليغيره بيدية ومن لم يستطيع فبلسانه ومن لم يستطيع فبقلبه وذلك أضعف الايمان"

ئەم شۆڕشانە هەموویان دەچنە بازنەی واجبێکی ئیجابی، بێدار بوونەوەیەکی دڵ خۆشکەرو ئارام بەخشە، جێگەی خێرو چاکەیە بۆ ئایندە، چونکە ئەمە ئەو چرکە ساتەیە کە گەل بە ستەم کار دەڵێت، ئەی ستەمکارو بەرویدا دەوەستێتەوە و ملکەچ نابێت بۆی.

ئێمە وەك زانایان لە رابردوودا خۆمان سەرقاڵ کردبوو بە خەڵکی گشتیەوە، بەڵام بەرپرسان و دەسەڵاتدارانمان پشت گوێ خستبوو، کە ئەمەش کەم و کوڕی بوو لە

وتارەکاندا، چونکە ئەوانیش پێویستیان بە فەرمان بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپە و ئامۆژگاری بە دانایی و شێوازی باش هەیە، ئەگەر ئەم ڕێگەیەش سوودی نەبوو لەگەڵیاندا ئەو کاتە پێویستە شۆڕشی جەماوەری دژی ئەم دەسەڵاتدارانە بکرێت، چونکە ئەمە ڕێگەیەکە بۆ گۆڕانکاری و ڕێگەی تری نیە لە ئارادا، ئەگەر گەلان بۆخۆیان بە هێزبن پێویست ناکات بە دەست تێوەردانی دەرەکی، پێویستە گەلان بە واجبی خۆیان هەڵستن، ئای چەن هەست بە ئازار دەکەم کە ئوممەتی ئیسلامی لە زەریاوە بۆ زەریا ولاتێك نیە داوای رویشتنی قەزافی بکات یان دژی ئەو ستەمکاری و پێشێلکاریانە بوەستێتەوە کە زۆرجار دەگاتە ئاستی تاوانباری جەنگ، هەروەها ئەوەی لە یەمەندا روو دەدات، هەموویان لێی بێدەنگن کە تەنها قەتەرو تورکیا نەبێت، ئومەتی ئیسلامی زیاتر لە 67 دەوڵەتی هەیە هەموویان بێدەنگن لەئاستی ئەم ستەمکاریانەداو نایانەوێت گۆڕانکاری رووبدات، ئەویش لەترسی ئەوەی نەوەك ئەم ئاگرە ئەوانیش بگرێتەوە، براکانمان دەکوژرێن و ئەشکەنجە دەدرێن بەڵام بێ دەنگن بەناوی ئەوەی ئەو پێشێل کردنی سەروەری ئەوانە، کام سەروەری؟ ئەم سنورانە هەمووی ڕێکەوتن نامەی سایکس بیکۆ ساڵی 1916 دروستی کردووە، ئایا جائیزە دەیان و سەدان و هەزاران مرۆڤ بکوژرێت و سزا بدرێت و ئاو و کارەبایان لێ ببرێت بە ناوی پاراستنی سەروەری؟ ئایا ئەمە سەروەریە یان سەر شۆڕییە ؟ ئایا لەبەر خوا ئەمە دەکەن؟ بۆ سەیر ناکەن چیان بەم گەلانە کردووە.

ئایا زەویە داگیر کراوەکانیان رزگار کردووە ؟ یان لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە ستەمکارانەدا کە دروشمی (هیچ دەنگێك نیە کە دەنگی بەرزتر بێت لە شەڕ) یان بەرزکردبوەوە بەڵام لە ژێر سایەی ئەواندا قودسی پیرۆزو کەناری خۆرئاواو جولانیش داگیر کرا، (ئەمانە گەلانی ئیسلامیان توشی سەر شۆڕی کرد بەناوی فەلەستینەوە ئەوەشیان بە فەلەستین کرد کە کردیان) .

ئەمانە لەبەردەم خوای گەورەدا توشی لێپرسینەوەی توند دەبنەوە، هەرکەسێك باسی راستی نەکات ئەوە شەیتانێکی لاڵە، ئەمانە هەموویان بەشداری لەو تاوانانەدا دەکەن، بەتایبەتیش ولاتە عەرەبیە گەورەکان و ولاتانی ئیسلامی چونکە ئەوان توانایان هەیە ڕێگە لەم ستەمکاریە بگرن، بەڵام هەموویان بێ دەنگن، هەموو جیهان بێ دەنگە لە ئاست ئەو تاوانە دژە مرۆییانەی کە ئەمرۆ لە لیبیا و سوریا و یەمەندا ئەنجام دەدرێت. بەڵام سوپاس

بۆ خوا ئەو دەسەڵاتدارانە، بێ هیوا بوون و ئێستا گەل و زانایانی مسوڵمانیش لەبەرەی گەلدایە بۆ کۆتای هێنان بەم دەسەڵاتە ستەمکاریانە[*] .

---

[*] وتاری رۆژی هەینی لەمزگەوتی خاتوو عائیشە، لەڤەتەر 20-5-2011

## لەقورئاندا چاکەو چاکەخوازی و
## گەندەڵی و خراپەکاری زۆرترین گرنگی پێدراوە

دوو ووشە هەیە لەقورئاندا گرنگیەکی زۆریان پێدراوە، لەرووی ماناوە پانتاییەکی فراوان وەردەگرێت، هەروەها لەرووی کاریگەری و چاکەخوازی و زیانمەندبون و سەرکەوتنیش رۆڵی گرنگی هەیە.
شوێنکاری ئەم دوو وشەیە رۆژانە دەبینین کە کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی دونیا لەپێشکەوتن و دواکەوتن. هەروەها لەسەر زۆر شتی تر کە کار لەتاك و کۆمەڵ و گەل و دەوڵەتیش دەکات، ئەو دوو وشەیە لەراستیدا زۆر سوك و ئاسانن لەسەر زمان، بەڵام کاریگەری زۆر گەورەیان لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی هەیە لەسەر ئەم دوو وشەیە بون و نەبونی شارستانیەکان دادەمەزرێن یان پێش دەکەون یان دوادەکەون، هەروەها کاریگەری لەژیان و مردن دەکەن ئەو دوو وشەیەش (چاکەکاری و خراپەکارین) یان چاکسازی و گەندەڵین.
تاك و کۆمەڵ و خێزان و کۆمەڵگە و گەل و دەوڵەت چارەنوسیان بەندە بەئەم دوو وشەی چاکە کاری و خراپەکارییەوە.
ئەگەر لەسەر چاکە کاری بن ئەوە توشی خێرو خۆشی دەبن و پێشکەوتن و سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، بەڵام ئەگەر لەسەر خراپە کاری بن ئەوا تیاچون و هەرەس و شەڕو مردن و دواکەوتن چاوەڕێیانە تەرازوی حەق و دادپەروەری و خێرو پێشکەوتن و گەشەپێدان و شارستانیەت و خۆشگوزەرانی دەکەوێتە ژێر کاریگەری چاکەکاری بەسلبی یان بەئیجابی.
ژیان هەمووی هەر لەکورپەلەییەوە هەتا مردن وە گەردون هەموو  بە سلبی و ئیجابی پەیوەستە بە چاکە کاری و خراپە کارییەوە.
لەبەرئەوە کردەوەی چاك کە وتەو کردار دەگرێتەوە  مەرجێکی ئیمانە، مەرجێکی چۆنە بەهەشتە، لەهەمان کاتیشدا مەرجێکی رزگاربونە لەبازنەی ژیان و لەناوچون، وەك خوای

گەورە دەفەرموێت"**وَالْعَصْرِ** ( 1 ) **إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ** ( 2 ) **إِلاَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ** ( 3 ) " **سورة العصر**

لەروانگەی ئەم ئایەتەوە پێگەی کاری چاکە لەئیمان و ئیسلامدا بەم شێوەیەیە:

مەرجێکە بۆ چەسپاندنی خوای گەورە دەفەرموێت: **وَمَنْ يَأْتِه مُؤْمِناً قَدْ عَمِلَ الصَّالِحَاتِ فَأُوْلَئِكَ لَهُمُ الدَّرَجَاتُ الْعُلَى** **طه**75. پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت (ئیمان بەرووکەش و خۆزگە خواستن نیە، بەڵکو شتێکە لەدڵدا جێگیر دەبێت و کردەوەی چاکیش شایەدی راستگۆی لەسەر دەدات).

1- مەرجی رزگار بونە لەزیانمەندی، خوای گەورە دەفەرموێت"**وَالْعَصْرِ** ( 1 ) **إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ** ( 2 ) **إِلاَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ** ( 3 ) " **سورة العصر**.

2- موژدەی چونە بەهەشتە بەنەمری، چونە ناو فیردەوسی باڵا، خوای گەورە دەفەرموێت " **وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أُولَـئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ** **البقرة**82

3- مایەی وەرگرتنەوەی پاداشتە "**وَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجورَهُمْ ۗ وَاللَّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ** ( 57 ) " **سورة آل عمران**. هەروەها ئایەتی تریش هەن کەباس لە پاداشتی بەهەشت و کانیاو و باخە رازاوەکان و ....هتد دەکەن.

4- لێ خۆش بون و پاداشتی گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت "**وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ۙ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ** ( 9 )" **المائدة**. هەروەها باس لە لێ خۆش بون و رۆزییەکی فراوان دەکات لەئایەتی 50 سورەتی حەج.

5- پاداشتی دنیاو دوارۆژ بەدادپەروەری و چاکەخوازی، خوای گەورە دەفەرموێت: "**لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ بِالْقِسْطِ** ...( 4 )" **يونس**.

6- رێنمایی کردن بۆ هەموو ئەو شتانەی کەخێرو چاکەیان تێدایە، خوای گەورە دەفەرموێت: "**إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ يَهْدِيهِمْ رَبُّهُمْ بِإِيمَانِهِمْ ۖ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ** ( 9 )" **يونس**.

7- مژدە پێدانی باشترین جێگە، خوای گەورە دەفەرموێت: "**الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ طُوبَىٰ لَهُمْ وَحُسْنُ مَآبٍ** ...( 29 )" **الرعد**.

8- پاداشتی گەورە و باش لەسورەتی (اسراء) دا بەوشەی (پاداشتی گەورە ) وە لەسورەی (کهف) دا لەئایەتی (2) دا بە "إن لهم أجرا حسنا".

9- پشت گوێ نەخستنی هیچ کارێکی چاکە، خوای گەورە دەفەرموێت "**إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ إِنَّا لاَ نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلًا** " **الكهف**( 30 ).

10- باشترین پاداشت و باشترین هیوا، خوای گەورە دەفەرموێت: "**وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا** ( 46 )" **الكهف** .لە **سورة مريم الاية** 76 " **وَيَزِيدُ اللَّهُ الَّذِينَ اهْتَدَوْا هُدًى ۗ وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ مَرَدًّا**"

11- خۆشەویستی و سۆزی خوا بۆیان، خوای گەورە دەفەرموێت: "**إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ الرَّحْمَنُ وُدًّا** ( 96 )" **مريم**.

12- پلەی بەرز، خوای گەورە دەفەرموێت: **وَمَنْ يَأْتِهِ مُؤْمِناً قَدْ عَمِلَ الصَّالِحَاتِ فَأُوْلَئِكَ لَهُمُ الدَّرَجَاتُ الْعُلَى** **طه**75 نەترسان لەستەم و پێشێلکردنی مافەکانیان خوای گەورە دەفەرموێت: **وَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَا يَخَافُ ظُلْماً وَلَا هَضْماً** **طه**112.

13- پاداشتێکی نەبڕاوە، خوای گەورە دەفەرموێت: "**إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ** ( 8 ) " **فصلت**.

14- لێخۆش بون لەتاوان، خوای گەورە دەفەرموێت: "**وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَآمَنُوا بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ وَهو الْحَقُّ مِنْ رَبِّهِمْ ۙ كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ** ( 2 )"**سورة محمد**

15- رزگاربون لەتاریکیەوە بۆ روناکی، خوای گەورە دەفەرموێت: "**لِيُخْرِجَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ** ...( 11 ) " **سورة الطلاق**

16- باشترین گیانەوەر" **إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أُوْلَئِكَ هُمْ خَيْرُ الْبَرِيَّةِ** **البينة**7

17- جیاکردنەوەیان لەخەڵکی خراپەکار، خوای گەورە فەرمانی کردوە کە چاکەکاران لە خراپەکاران جیابکرێنەوە و یەك حسابیان بۆ نەکرێت، خوای گەورە

دەفەرموێت: " **أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَنْ نَجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَوَاءً مَحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ** ( 21 ) " **سورة الجاثية**.

## لەچاکەکارییەوە بۆ چاکسازی

مرۆڤی باوەڕدار پێویستە لەدوای چاك کردنی خۆی و کردەوەکانی، دەست بداتە چاکسازی و چاك کردنی بوارەکانی تر کەسانی تر لەمرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگە و ئاو و زەریاو دەریاکان دەگرێتەوە:

1- چاککردنی مرۆڤ "**قل اصلاح لهم خير**" **سورة الانبياء**
2- " **إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ**
3- "**إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ** ....( 114 ) " **النساء**
4- "**اصلاح الزوج "وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَٰلِكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْلَاحًا**...( 228 ) " **البقرة**
5- " **إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا**...( 35 ) " **النساء**
6- " **وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ**... ( 85 ) " **الأعراف**
7- "**وَاللَّهُ يَعْلَمُ الْمُفْسِدَ مِنَ الْمُصْلِحِ** ...( 220 ) " **البقرة** 22
8- "**وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ** ( 117 ) " **هود**
9- "**ان لا يضيع اجر المصلحين فقال تعالى "إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ الْمُصْلِحِينَ** ( 170 )" **سورة الاعراف**

ئەم ئایەتانە باس لەشتێکی زۆر گرنگ دەکەن، ئەویش گرنگی کاری چاکەیە، پێویستە ئیمان هۆکارو پاڵنەر بێت بۆ کردنی کاری چاکە، خوای گەورە تەنها سەیری دوو شتی گرنگ دەکات، یەکەمیان ئەو دڵەی کە پڕە لە کردەوەی چاکە، ئەویش بەنیەت باشی، هەروەها کردەوەی چاك کە لەدڵە چاکەکەوە سەرچاوە دەگرێت و بەئیرادەیەکی چاك ئەنجام دەدرێت.

چاکەکاری لەدەرونی خۆتدا هۆکاری سەرەکیە بۆ رزگار بونی مرۆڤ و سەرکەوتنی بۆ بەدەست هێنانی بەهەشت و رزگاری لە دنیاو دواڕۆژدا، وشەی (عمل) فراوانترە لە (فعل) لەبەرامبەر (قول) دا هاتوە.

ئێمە ئێستا (قول) و (فعل) یان هەیە، (قول) وتنە بەزمان بەڵام (فعل) بۆ ئەندامەکانە، بەڵام (عمل) هەموو هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ هەموو هەستەکانی ناودڵ لەنیەت و ئیرادە و رق

و خۆشەویستی و حەسەدی و خۆ بە گەورە زانین دەگرێتەوە، هەموو کردەوە چاکەکان پەیوەستە بەدڵەوە هەروەها کردەوە خراپەکانیش کە بەنەخۆشیەکانی دڵ ناسراون هەموویان دەکەونە چوارچێوەی (عمل).

سەرچاوەی مرۆڤی پاك پەیوەستە بەبونی دڵێکی چاکە خواز، ئەویش بەوە دەبێت لەدڵ و دەرون و گیان و عەقڵی لەچوارچێوەی کاری چاکەدابێت، تەنیا بیر لەچاکە بکاتەوە بەهیچ جۆرێك بیر لەخراپە نەکاتەوە نە بۆ خۆیی و نە بۆ کەسانی تر، ئەمەش ئەو چاکە کاریەیە کەخوای گەورە پەیوەستی دەکاتەوە بە بەهەشتەوە، بەرەزامەندی خۆیەوە، هەروەها هۆکاری سەرکەوتنی گەورەیە، هۆکارە بۆ سەرکەوتن، لەم دنیایەدا هەروەها لەدوارۆژیشدا هۆکاری گەیشتنە بەخوای گەورە و روانین بۆی، هەروەها مانەوە لەپلە بالأکانی بەهەشت بۆهەتا هەتایە، سەرکەوتن لەرۆژی مەترسیداری حەشردا، ئەمەش سەرەتای چاکەکارییە.

ئەگەر بمانەوێت ئێمە چاکەکاربین تەنها مەبەست ئەوە نیە کەچەند کارێکی خێر بکەین، بەداخەوە ئێستا وشە قورئانیەکان  تەنها لەچوارچێوەی چەند کارێکی بچوکدا کورت کراونەوە، ئەمەش راست نیە، چونکە کردەوەی چاکە تەنها خێر کردن نیە، بەڵکو خێر بەشێکە لێی، هەروەها نوێژکردنیش هەروەها هەموو عیبادەتەکانی تریش بەشێکن لەکردەوەی چاك، کردەوەی چاکە هەموو ئەو کردەوانە دەگرێتەوە کەدەتەوێت، دنیاو دوارۆژی پێ چاك بکەین، چاکەکاری بۆ دوارۆژ لەدنیاوە دەست پێ دەکات چونکە کارێك نیە کەبڵێین ئەمە تەنها پەیوەستە بەدوارۆژەوە کردەوەکانی دوارۆژ لەدنیاوە دەست پێ دەکەن، سەرەتا دەبێت دنیات چاك بکەیت ئینجا دوارۆژت چاك دەبێت.

باش کردنی دنیا سەرەتایەکە بۆ باش کردنی دوارۆژ، یەکێك لە نزا گرنگەکان کە بۆمان دەگێڕنەوە ئەوەیە کە دەفەرموێت (خوایەگیان ئەو دنیایەمان بۆ چاك بکە کە ژیانمان و گوزەرانمانی تیایدایە، دوارۆژیشمان بۆ چاك بکەیت کە دوا مەنزڵگەی گەڕانەوەمانە) چاك بوونی دنیا سەرەتایەکە بۆ باش بوونی دوارۆژ، لە ئیسلامدا دوا لێزمەیی و جیاکاری نیە لە نێوان کاری دنیاو کاری ئایندا یان کاری ئاین و کاری دوارۆژ، تۆ لە هەر بوارێکدا کار بکەیت، لە بواری زانست و بیرکرنەوەو داهێنان و زانیاری و پیشەسازی و کشتوکاڵ، ئەمە مانای وایە تۆ کردەوەی چاك ئەنجام دەدەیت، چاکەکاری ئەوە نیە تۆ لە مزگەوت چاك بیت و لە دەرەوەی مزگەوت خراپ بیت، شتی وا لە ئیسلامدا نیە، ئەمە دەچێتە ئەو بازنەیەی کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لاَ تَفْعَلُونَ * كَبُرَ مَقْتاً

**عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لاَ تَفْعَلُونَ** **الصف**2-3، بەڵكو دەچێتە بازنەی ئەو كارانەی كە خوا جولەكەكانی لەسەر سەر زەنشت دەكات ....**أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاء مَن يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنكُمْ إِلاَّ خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا** ...**البقرة**85.

ئەوەی بەم دوا لیزمەیە كار دەكات ئەوا لە دنیادا توشی سەر شۆڕی دەبێت، لە دنیادا سەركەوتن بە دەست ناهێنێت، بەڵكو ئەمە جۆرێكە لە دوڕویی، هەتا لە رووی دەرونیشەوە تۆ ناتوانی ئاسوودە بیت، چونكە تۆ ناتوانی بە دوو دڵ بژیت، یان دوو جۆر كردەوەو دوو جۆر كەسایەتیت هەبێت، لە مزگەوتدا كە سایەتییەكت هەبێت و لە دەرەوەش كەسایەتیەكی تر، كە سایەتیەك بێت كە گوێ لە ئامۆژگاری دەگریت بەڵام كە چویتە دەرەوە ببیتە كە سایەتیەكی تر، ئیسلام دەیەوێت تۆ كەسایەتیەكی چەسپاوت هەبێت، كەسایەتی تۆ كەسایەتیەكی چاكە خواز بێت لە عەقڵ و دڵ و گیان و زمان و دەروندا، هەروەها لە كردەوەكان چاو و دەست و پێ و هەموو ئەو ئەندامانەی تر كە خوای گەورە پێی داویت، كە پێویستە هەموویان لە عیبادەتی خوای گەورەدا بەكاری بهێنێت.

كێشەكە لەلای مسوڵمانان ئەوەیە كە بازنەی كردەوەی چاك قەتیس دەدەن لە بازنەی عیبادەت و دروشم و سەدەقەدا، یان كردەوەی چاك تەنها پەیوەست دەكەنەوە بە ناو مزگەوت، یان بەجێهێنانی دروشمە ئاینیەكان، ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی ئەم پەیامە تەواوەیە كە خوای گەورە بە ژیان ناوی دەبات **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ** ...**الأنفال**24 بۆ هەموو ژیانتان، خوای گەورە لە رێگەی ئەم ئاینە پیرۆزەوە دەیەوێت هەموو ژیانیان ژیانێكی راستەقینە بێت، چونكە كافر بوون مردنە، ستەم كردن و گەندەڵی و خراپەكاری مردنە، ژیانی راستەقینە لە چاكەكاری و چاكەخوازی و چاكسازیدایە، خوای گەورە بانگتان دەكات بۆ ئەو چاكەكاریە **قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ** **الأنعام**162، پێویستە ژیانتان هەمووی بۆ خوا بێت، ئەمە مانای وانیە كە تۆ پێویستە هەمیشە لە مزگەوت بیت، چونكە ئەگەر لە دەرەوەی مزگەوتیش بیت تۆ هەر لەگەڵ خوای، یان لە سەر كارەكەت بیت لەگەڵ خوایت، یان تۆ لە دوكانەكەتدای و فەرمانی خوا بەجێ دەهێنی و سنوری حەڵاڵ و حەرام دەپارێزیت تۆ لەگەڵ خوادایت، تۆ بەندایەتی دەكەیت، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو كەسەی كە كار دەكات

بۆ ئەوەی پێویستی بە کەس نەبێت. یان بۆ خێزان و منداڵەکان خەرجی بکات، ئەو کەسە بە مجاهد ناو دەبات.

ئەمەش لەگەڵ ئەو کەسەدا یەکسانە کە لە مەیدانی جەنگدا شەڕ دەکات، خوای گەورە ڕێگەی نەداوە کە هەموو مسوڵمانان بڕۆن بۆ گۆڕەپانی جەنگ، بەڵکو دابەشیان دەکات و کاریش بەشێکە لە جیهادی گشتی ﴿.... **فَلَوْلاَ نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُواْ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾التوبة**122، هەموو مسوڵمان دەیان ویست لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بڕۆن بۆ گۆڕەپانی جەنگ، بەڵام خوای گەورە ڕێگەی نەدان، بەڵکو دابەشی کردن بۆ چەند گروپێك، کۆمەڵێکی دانا بۆ سەرقاڵ بوونی بە تێگەیاندنی ئاین، کۆمەڵێکی تریان بۆ کارکردن، کۆمەڵێکی تر بۆ پیشەسازی و کشتوکاڵ، ئەمانە هەموویان مجاهدن، ئەمانە هەموویان کاری چاکە ئەنجام دەدەن بۆ بەرژەوەندی گەل، ئەمانە لای خوا هەموویان مجاهدن، ئەمانە ئەگەر لەسەر کارەکانیان بمرن، ئەوە وەك مجاهد لە ڕێی خوادا مردون، ئەمە مانای ڕاستەقینەی ئیسلامە کەوا لە مرۆڤ دەکات جۆرێك لە هاوسەنگی بۆ دروست ببێت لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خوادا، هەست بە هیچ دوا لیزمەیەك ناکات لە خۆیدا، لەبەرئەوە ئەگەر دەمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ ڕێگەی ڕاست، ڕێگەی سەربەرزی و کەرامەت بۆ ڕێگەی پێغەمبەر ئەو ڕێگەیەی کە لە سورەتی فاتیحەدا کە ڕۆژانە بەلای کەم 17 جار دەیخوێنێت لە فەرزەکانداو دەڵێت ﴿**اهدِنَــــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ﴾الفاتحة**6.

## ئایا ئەو ڕێگە ڕاستە چی یە ؟

﴿**صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ﴾الفاتحة**7، ڕێگەی پێغەمبەری خوایە، ڕێگەی ئەو کەسانەیە کە خوای گەورە نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتوون لە پێغەمبەران و هاوەڵان و کەسانی تر، ڕێگەی ئەمان هەمووی یەك ڕێگەیە، ڕێگەیەکی تەواوە، کردەوەکان تەواون، کاردەکەن بۆ خێری دنیاو دوارۆژ بەو کردەوە چاکانە ئەو شارستانیە ئیسلامیە گەورەیان بنیاتنا، لە ماوەیەکی کورتدا موعجیزەیان دروست کرد کە هەموو بوارەکانی زانست و هونەری گرتبووەوە، ئەمڕۆش کە لە ژێر سایەی ئەم شۆڕشە نوێیانەدا کە ناو دەبرێن بە بەهاری جیهانی عەرەب و بەهاری جیهانی ئیسلامی، بەهاری

راستیەڤینە بەئەم كردەوە جوان و چاكانە دروست دەبێت، ئەمەش وەك سەوزاییەك وایە كە گوڵی جوان تیایدا سەر هەڵدەدەن كە ئەوانیش دەبنە ئەستێرەی درەوشاوە .

**ئیمان پێویستی بەكردەوەیە**

خوای گەورە نایەوێت ئەم ئوممەتە تەنها باس لەبەرژەوەندی خۆی بكات، بەڵكو داوا لە تاك و كۆمەڵ و هەموو ئوممەت دەكات كە ببێتە مایەی پاراستنی بەرژەوەندی ئەوانی تریش، ئەمەش مانای (رەحمەت)ە "وما ارسلناك الا رحمة للعالمين"

سۆز بۆ هەموو جیهان، جیهانیش هەموو گەردوون دەگرێتەوە لە مرۆڤ و ئاژەڵ و ژینەگەو بێ گیان، مرۆڤی مسوڵمان پێویستە هەموو توانای خۆی خەرج بكات لە پێناو چاك كردنی كەسانی تردا، هەروەك هەوڵی چاك كردنی خۆی دەدات، بە هەمو هۆكارێك چاك كردنی ژینگە، چاك كردنی ئاژەڵان ئەو گرفتانەی لە جیهانی رۆژئاواوە دێن، كۆمەڵە گرفتێكن كە مەترسیدارن، ئێمە لە زۆر نەخۆشی دەترسین كە لەرێگەی ئاژەڵەوە بلاَوببێتەوە هەموومان نەخۆشی شێتی مانگاو ئەنفلۆنزای باڵندەو بەرازمان بیست، لەگەڵ چەندان نەخۆشی تر، ئێستا نەخۆشی گەیشتۆتە ئەو شتە سروشتیە جوانانە لە سەوزەو میوە و ئەویش بە هۆی ئەو تێكچونەیە كە مرۆڤ لە ژینگەدا دروستی كردووە، كە لە سنور تێپەڕی كردوە، ئەوان دەیانەوێت لە رێگەی زیاد كردنی بەروبومی رووەكەكان و بەرهەمی ئاژەڵەكان هۆرمۆناتی وایان پێ بدەن كە لە رێژەی خۆی زیاترە، بۆ ئەوەی بەرهەم لە جیاتی ئەوەی 10 یان 20 یان 100 بێت، ببێت بە 200 ئەوان تەنها بیر لە قازانج و دەوڵەمەند بوون دەكەنەوە، ئەویش لەسەر حسابی سروشتی ئەو گەردونەیە كە خوا خستویەتیە ژێر دەستمان و پێشمان دەڵێت كە بیپارێزین و خراپەكاری تیادا نەكەین، خوای گەورە ئەوەمان پێ دەڵێت كە ئەو بونەوەرەمان بە پاكی و جوانی پێداون ئێوە خراپی مەكەن و پیسی مەكەن **وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا** ..... **الأعراف56**، خوای گەورە بە چاكی و بە پاكی دروستی كردووە، هەموو پێداویستی ژیانی تێدایە، ئێوە خراپتان كرد گرفتەكان دروست دەبن، ئەوەش ئەمڕۆ كە لە رۆژئاواو وڵاتە پێشكەوتوەكان دەبینین لە نەخۆشی سەوزەو

میوە سەر ئەنجامی ئەوەیە لە جیاتی ئەوەی جۆرەکانی بپارێزن، بە هۆی خۆشەویستیان بۆ دەوڵەمەندبوون و قازانج هەموو ئەو سامانی کشتوکاڵەیان تێکدا وەك سامانی ئاژەڵیشیان تێکدا.

رۆژئاواییەکان گەندەڵیان لە بواری ژینگەدایە، بەڵام لەبواری ژیانی دنیای خۆیاندا تا رادەیەکی باش چاکسازیان کردوە، ئەویش لە رێگەی ئەو سیستەمە دیموکراسیە ئازادەی کە بنیاتیان ناوە، ئەو بوارانەی ژیانیان باش کردوە، بەڵام ژینگەیان وێران کردووە، بەڵام بە داخەوە لە رووی ژیانی مرۆییەوە، ئێستا لە جیهانی ئیسلامیدا گەندەڵیەکی زۆر هەیە، چونکە ئەو تەکنەلۆژیایەیان نیە کە ژینگەی پێ تێکبدەن، گەندەڵی لای ئێمە لە رێگەی ئەو دەسەڵاتدارە ستەمکارە عەسکەرتارانەوە دروست بوو کە دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت و تاڕادەیەکی زۆر ستەمکاریان کرد، لە ماوەی 30 بۆ 40 ساڵدا ئەم عەسکەرتارانە لە ژێر ناوی کۆماریخوازیدا خیانەتیان لە گەلەکانیان کرد، ئەوان دەیانوت ئێمە هاتوین گەندەڵی پاشایەتی نەهێڵن هەروەها فەڵەستین ئازاد بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش دەستیان گرت بەسەر نەوت و سامانی گەلدا، ئەویش بەمەبەستی رزگار کردنی فەڵەستین بەڵام لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەمانەدا جولان و سیناو قودسی پیرۆزیشی تیاچوو، لەبەرئەوە ئەمانە نە هیچیان رزگارکرد نە چاکسازیان ئەنجامدا لەبەرئەوە مافی گەلە ئێستا لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکات لە سەر ئەو گەندەڵیە داراییەو ئەو ستەم و هەژاریەی کە هێناویانە بۆیان.

**<u>ستەمکاریەکانی رژێمی سوریا:</u>**

لە سوریادا هەر کەس لەسەری ساغ ببێتەوە کە سەر بە فلان کۆمەڵەی سیاسیە، بە حوکی دەستور نەك یاساکانی تاوان دەبێت لە سێدارە بدرێت، ئایا لە هیچ شوێنێکی دنیادا هەیە کە یاساکانی تاوان بچێتە ناو دەستور، ئەمەش بۆ ئەوەیە بوارێك بۆ دادوەر نەمێنێتەوە، ئێستا ژمارەی بێسەرو شوێنان گەیشتوتە 17000 کەس لەساڵی 1982 شدا هەمووتان دەزانن کە چ تاوانێکیان ئەنجامدا لەشاری حەمادا، ئێستا ئێوە بە چاوی خۆتان ستەمکاریەکانی رژێمی سوریا دەبینن، چی بەشاری دەرعا دەکەن چی بە مناڵان دەکەن، ئەگەر ئەوانە گەردێك ئیمان یان سۆز لە دڵیاندا هەبوایە ئاوایان بە گەلی سوریا نەدەکرد، لەبەرئەوە یان دەبێت یەکسەر چاکسازی ئەنجام بدەن یان دەسەڵات بەجێ بهێڵن و بیدەنە دەست ئەوانەی کە دەتوانن چاکسازی بکەن، بە هیچ جۆرێك جائیز نیە ئاوا لەو گەلە

بکرێت، ڕێگەیان لێ بگیرێت دەرمان و خواردنیان پێ بگات، تەنانەت ئەو خواردنانەی لە کۆگاکانیش هەیە دەیبەن هەتا ئەو گەلە لەبرساندا بکوژن، کوشتن و سەر بڕین و برسی کردن سەرەرای ئەو ستەمکاریەی دەیان ساڵە بەردەوامە.

لەبەرئەوە پێویستە لەسەر جیهانی ئیسلامی و هەموو کەسانی خاوەن رێز لە جیهاندا پشتیوانی لە ئەم ستەم لێکراوانە بکەن کە دەکوژرێن و ئەشکەنجە دەدرێن و سەر دەبڕدرێن بە بێ تاوان، گەلی سوریا یەك گەلە نابێت جیاوازی بکرێت لە نێوانیاندا کە ئەمە کوردە یان عەرەبە، ئەمە سونەیە یان غەیرە سوونەیە، هەمووی یەك گەلە هەموویان بەشدار بوون لە دەرکردنی داگیرکەردا، هەموویان خاوەن رێزن دەبێت هەموومان پشتیوانی لەم گەلە بکەین.

**ئاژاوە گێریەکانی رژێمی یەمەن :**

ئەوەی لە یەمەندا روودەدات کارەساتە، چوار مانگ خۆپیشاندانی ئاشتیانە کە نزیکەی 90٪ ی خەڵك بەشداری تێدا کردوە، ئایا دەسەڵات پشتی بەچی بەستوە بۆ مانەوەی، ئەوەتا ئاشکرایە 90٪ ی گەل لەگەڵ تۆدا نیە، کەواتە تۆ شەرعیەتت نەماوە، شەریعەت رەزامەندی گەل بە پێویست دەزانێت بۆ دەسەلات، بەیعەت حەل و عەقد، واتە گەل دەتوانێت دەسەلات هەڵبوەشێنێتەوە، ئێستا گەل دەیەوێت لەو ستەمە رزگاریان ببێت، لەو باوەڕەدام کە پێویستە بە هەموو لایەك یەمەن بپارێزین، سەرەتا لەسەر وڵاتانی کەنداو هەروەها جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، چونکە بێ دەنگی مەترسیە، پێویستە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی خاوەنی هێزو بۆچونبن کە بەستەمکار بڵێن نا، ئەمەش ئەوەیە کە خوای گەورە، دەیەوێت و لە سورەتی الحجرات باسی ئەکات "وان طائفتان من المومنين اقتتلوا فاصلحوا بينهما "

ئەمە هێزی سێیەمە بەڵام ئێمە ئەمڕۆ دەبینین کۆمکاری عەرەبی یەك سەربازی نیە یەك دادگای نیە، کە دادگای ئەوانە بکات کە ستەمکارن و ئەوانەش دیاری بکات کە ستەم لێکراون.

لەبەرئەوە پێویستە گەل بەو ئەرکەی خۆی هەڵبسێت، هەروەها دەسەڵاتیش ئەرکی خۆی بزانێت بە تایبەتی ئەو دەسەڵاتانەی کە گەلەکانیان پشتیوانیان لێ دەکەن، دەبێت بەهانای ئەو گەلە ستەم لێکراوانەوە بچن ئەگەر هیچ نەبێ لەرووی دارایی و مادییەوە هاوکاریان بکەن.

لەبەر ئەوە بەوپەڕی ملکەچیەوە بۆخوا نزا دەکەین و قنوت دەخوێنین کە خوای گەورە یەمەن لە شەڕی ناوخۆو گرفتی ناوخۆ بپارێزێت کە ئەگەر دروست ببێت کۆتاییەکەی تەنها خوا دەیزانێت، هەروەها گەلەکەمان لە ستەمکاری ئەو ستەمکارانە بپارێزێت، خوای گەورە برایانمان لە سوریا و لیبیا لە ستەمی ستەمکاران رزگار بکات و سەریان بخات، بەشتیوانی خوا سەرکەوتنیان نزیکە(*).

## گەندەڵی لەئیسلامدا لەریزی تاوانە گەورەکانە

نزیکەی دوو سەدەیە ئەم ئوممەتە ئیسلامیەمان توشی کۆمەڵێك گرفتی ترسناك بۆەتەوە، لە گرنگترینیان ستەمکارییە.

ستەمکاری تەنها گرفت نەبووە، بەڵکو کۆمەڵێك گرفتی تریش هەبووە وەك دواکەوتن و هەژاری و بێکاری و گرفتی گەندەڵی ئیداری و دارایی و سیاسی، بە داخەوە زۆربەی جۆرەکانی گەندەڵی لەم ئوممەتەدا کۆبۆتەوە، کەئەمەش بوەتە هۆی بڵاوبونەوەی هەژاری و بێکاری و نەفامی، ئەمە لە کاتێکدایە کەئەم ئوممەتە ئیسلامیە هەموو تواناو سەرمایەیەکی هەیە، کە ببێتە ئوممەتێکی بەهێزو بە توانای جیهانی. دەیتوانی ببێت بە یەکێك لە بەهێزترین گەلەکانی جیهان، چونکە خاوەنی سەرمایەیەکی مرۆیی و دارایی و وزەو کانزای زۆرە، هەروەها دەسەڵاتی هەیە بەسەر زۆر لەدەریاو کەنداوو رێرەوی ئاوی، کە ئەمانەش هەموویان هۆکاری بنچینەیین کە خوای گەورە بەخشیویەتی بەم ئوممەتە، ئەم سەرمایانە هەموویان هۆکارن بۆ ئەوەی ئەم ئوممەتە ببێتە هێزێکی جیهانی گەورە، جارێکی تر ئەو هێزەی بۆ بگەڕێتەوە، کە لەسەدەکانی دووەم و سێیەم و پێنجەمی کۆچیدا هەیبووە، ئەم ئوممەتە یەکەمین ئوممەتە کە خاوەنی پیشەسازی بێت و لەهەمان کاتدا زانست و هونەریشی هەبێت، ئەم ئوممەتە لە رابردوودا توانی زۆر شت بکات، ئەو بنەما

(*) ئەو وتارە لە 2011-6-3، کەسەرەتای شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی بوو لەناوچەکەدا نوسراوە.

شارستانیەی کە داینا لە دوایدا ئەوروپییەکان هاتن و شارستانیەتی ئەورووپایان لەسەر دروست کرد پاشان توانی بگاتە ئەو ئاستەی کە ئێستا ئێوە دەیبینن.

**گەندەڵی و گەندەڵکاران:**

دواکەوتن لە بواری دارایی و مرۆیی، هۆکارە بۆ هەژاری و بێکاری بەپێی بۆچۆنی زۆربەی پسپۆڕان و لێکۆڵەران لە نەتەوەیەکگرتوەکان گرنگترین هۆکارێك لە دواکەوتنی ئوممەتی ئیسلامیدا بریتیە لە گەندەڵی، هەر لەمبارەیەوە مەلەفی (گزی بازرگانی) لە وڵاتانی عەرەبیدا بەپێی ئەوەی کە لە دۆسیەکاندا تۆمار کراوە، ساڵانە دەگاتە 60 ملیار دۆلار، هەروەها دۆسیەی گەندەڵی دارایی، لەلایەن سیاسییەکانەوە دەگاتە نزیکەی 60٪ ی بودجەی نەتەوەیی، واتە ئەگەر ئەم ئوممەتە 100 ملیۆن دۆلاری هەبێت، ئەوا 60 ملیۆن دۆلاری دەچێتە گیرفانی ئەو گەندەڵانەوە، ئەممەش یان خۆیان بەتەنها دەیدزن و دەیخۆن یان بە هاوکاری کەسانی تر لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا .

ئەگەر سەیری ئەو بودجەیە بکەین کە بەشێوەیەکی پوخت دەگاتە هاووڵاتی لە زۆربەی ووڵاتانی ئیسلامیدا ناگاتە رێژەی 10٪ بۆ 20٪، ئەوەیش راستەوخۆبێت لە رێگەی موچەوە یان لە رێگەی ترەوە کە ناڕاستەوخۆیە وەك ئەوەی کە پێی دەڵێن ژێرخانی ئابوریی کە دەوڵەت پێویستی پێیەتی.

**دارایی دزراو:**

ئەم ئوممەتە ناتوانێت بەرێژەی 10٪ ی دارایی بژی، من لێرەدا تەنها باس لەبەگەرخستنی سامانی سروشتی دەکەم، من لە کاتێکدا کە سەیری ژیانی ئوممەتەکەم دەکەم زۆر دڵگران دەبم، لەهەمان کاتدا کەسەیری غەیری خۆشمان دەکەم دڵخۆش دەبم، لە کاتێکدا کە راپۆرتێکی ئابوریم خوێندەوە لەسەر سنغافورە کە رووبەرەکەی لە بەحرەین و قەتەر کەمترە، بودجەی ساڵانەی 225 ملیار دۆلارە، کە یەك قەترە نەوت و غازو کانزای نیە، بەڵکو تەنها لە ڕێگەی باش بەکارهێنانی عەقڵ و ئیدارەو وەبەرهێنانەوەیە، با من باس لەوە نەکەم، بەڵام تەنها باس لەو سامانە سروشتیە خوا کردە دەکەم کە خوا بەم ئوممەتەی بەخشیوە بەڵام ناهێڵن بگاتە دەستی خەڵك.

**زیاد بوونی هەژاری :**

زۆر باس لەوە دەكرێت كە لەلایەنی نەتەوەیەكگرتووەكانەوە هاوكاری وڵاتانی هەژاری ئەفەریقی  دەكرێت، بەڵام رۆژ بەرۆژ هەژاری لە زیادبوندایە، لە شەستەكاندا رێژەی هەژاری لەجیهانی عەرەبیدا 30٪ - 40٪ بوو هەروەها لە وڵاتانی ئیسلامیدا 60٪ بوو، لە هەموو چركەیەكدا منالێك بەهۆی بەدخۆراكیەوە دەمرێت، بەهۆی نەبوونی خۆراك  شیر  نەبونی چاودێری تەندروستی، هەزاران ئافرەتی سك پڕ لەبەر برسێتی دەمرن، بەهۆی نەبوونی خۆراك و چاودێری پزیشكی پێویست، سەرەڕای ئەوەی سەدان هەزار مرۆڤی تر بەهۆی هەژاری و نەخۆشی لە جیهانی ئیسلامیدا دەمرن، ئەوەش هەموو سەرچاوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ گەندەڵی .

**<u>چارەسەری قورئان:</u>**

قورئان گرنگیەكی زۆر دەدات بە چارەسەری گەندەڵی خوای گەورە هەر بەم ناوە ناوی هێناوەو جەنگێكی قورسی لە دژی راگەیاندووە، وەك دەفەرمویت: .... **يُحَارِبُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ** ....... **المائدة**33

خوای گەورە لە قورئاندا 50 جار ووشەی گەندەڵی بەكارهێناوە ، زۆر بەتوندی ئیدانەی گەندەڵكار دەكات، بەڵێنی ریسوابوونی دەدات لە دونیادا، هەروەها لە دوارۆژیشدا بەڵێنی سزای سەختی پێدەدات، لە هەمان كاتدا ووشەی گەندەڵی لەبەرامبەر چاكسازی باس دەكات، لەبەرئەوە تەنها ئەوەندە بەس نیە كە ئێمە باس لە گەندەڵی بكەین، بەڵكو دەبێت باس لە چاكسازی بكەین، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ كۆمەڵگە بنیات بنێینەوە، دامەزراوەكان لەسەر بنەمای چاكسازی دروست بكەین، ئەگەر سەیری قورئان بكەین چەمكی چاكسازی و چاكە خوازی لە قورئاندا سێ ئەوەندە زیاتر لە ووشەی گەندەڵی و گەندەڵكاران هاتووە، ووشەی چاكسازی و چاكە خوازی زیاتر لە 150 جار هاتووە، چونكە ئەمە بابەتێكی گرنگەو بنچینەی دروست كردنی ئوممەتە، هەروەها پایەكانی دروست كردنی شارستانیەتە .

ئەگەر گەندەڵی هەبێت شارستانیەت نابێت. بەهاكانی هەرەس دەهێنێت ئەو كاتەش گەشەپێدان و پێشكەوتن و وەبەرهێنانی راستەقینە روونادات بەڵكو هەژاریی و دواكەوتویی و نەفامی و بێكاری بەرهەم دێت.

**<u>سزای گەندەڵی :</u>**

قورئان راستەوخۆ فەرمان دەكات بە دووركەوتنەوە لە گەندەڵی وەك دەفەرمویت:﴿**وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا** ...﴾**الأعراف**56

ئەم رێگرتنە نیشانەی مەترسی گەندەڵیە بەمانا فراوانەكەی، گەندەڵی هەموو ئەو هەڵسوكەوتە ناتەواوانە دەگرێتەوە كە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن، واتە هەست نەكردنی بەرپرسیارێتی، ئەمەش لەشەریعەتی ئیسلامدا پێی دەڵێن (الراعی) وەك لەفەرمودەكەدا باس كراوە (كلكم راعٍ وكلكم مسوول عن رعيته)

هەرناتەواویەك لەكاری سەرپەرشتیاریدا ئەگەر ئەو كەسە خەلیفە بێ یان سەرۆك دەوڵەت بێت یان وەزیری یان بەڕێوەبەرێك یان بەرپرسی لقێك یان ناوچەیەك بێت یان پیاوێك بێت لە ماڵەوە، ئەمانە هەمووی لە ئیسلامدا پێیان دەڵێن بەرپرسیاری. گەندەڵی و چاكسازی هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە .

ئەگەر ئەو گەندەڵیە ببێتە هۆی زیان یان ناتەواوی كە توشی تاك یان كۆمەڵ یان كۆمەڵگە ببێت، ئەم زیانە مادی بێت یان مەعنەوی یان ئیداری بێت یان دارایی، یان هەر شتێكی تر كە ببێتە هۆی ناتەواوی هەموو ئەو شتانە ئەو ئایەتە دەیانگرێتەوە كەباس لەمەترسی گەندەڵی دەكات.

خوای گەورە باس لەوە دەكات كە سەخترین سزا بۆ گەندەڵكارانە، بەدوژمنێكی سەرسەخت ناوی دەبات ﴿**وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيِهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الفَسَادَ * وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ**﴾**البقرة**205-206،

لە ئایەتێكی تر خوای گەورە سەرچاوەی سەرەكی گەندەڵی دەگەڕێنێتەوە بۆ مرۆڤ، چونكە خوای گەورە زەویەكی باشی داوە بە مرۆڤ توانای باشی بەمرۆڤ داوە، كە بتوانێت بەرهەمی بهێنێ و گەشەی پێ بدات و سودی لێ وەربگرێت، بەڵام لەكاتێكدا كە ئەم مرۆڤە دێت بە پێچەوانەوە هەڵسوكەوت دەكات و ئەنجامێكی پێچەوانە دەدات بە دەستەوە ئەوا دەكەوێتە بەردەم ئەم ئایەتە ﴿**ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ**﴾**الروم**41، لە كاتێكدا كە گەندەڵی هەموو زەوی و مرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگە دەگرێتەوە، ئەو كاتە خوای گەورە لێشاوێك لە سزای دنیاییان بۆ دەنێرێت بەهۆی ئەو كردارانەی كە كردویانە، ئەمەش رەحمەتی خوایە كە بەشێك لە سزاكانیان بۆ دەنێرێت، چونكە ئەگەر لەسەر كردەوەكانی مرۆڤ خوا سزای بناردایە ئەوا كەس لەسەر

زەوی نەدەما، بەڵام خوا بە سۆزو بەزەیی خۆی بەشێك لە سزاكانیان بۆ دەنێرێت هەتا بگەڕێنەوە و داوای لێ بوردن لە خوا بكەن، بۆ ئەوەی رووبكەنە چاكە كاری و چاكە خوازی و كە دنیا و دواڕۆژی خۆیانی پێ چاك بكەن وەك دەفەرموێت: ﴿**وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ بِمَا كَسَبُوا مَا تَرَكَ عَلَى ظَهْرِهَا مِن دَابَّةٍ وَلَكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى فَإِذَا جَاء أَجَلُهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِ بَصِيراً**﴾**فاطر**45.

**گەندەڵی ئیداری:**

گەندەڵی ئیداری لە خراپترین جۆرەكانی گەندەڵیە كە ئەویش دەكرێت بەسێ جۆر: كە گرنگترینیان بەرتیلە كە خوای گەورە نەفرەتی لێ كردووە، لەم كارەشدا چەند لایەنێك هەیە، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾دەفەرموێت: (لعن الله الراشي والمرتشي والرائش)

راشی ئەوەیە كە بەرتیلە كە دەدات، مرتشی ئەوەیە كە وەری دەگرێت، (رائش) ئەوەیە كە ئەو دوانە بەیەك دەگەیەنێت ئەگەر بەوشەیەكیش بێت، ئەو كەسەی دەوری هەیە لەو بەرتیلەدا بەهەمان شێوە نەفرەتی خوای لەسەرە، خوای گەورە بە دەقی ئایەت بەرتیل ناودەبات بە (سحت) هەندێك لە راڤەكەرانی قورئان راڤەی (وأكلهم السحت) بەو شێوە راڤە دەكەن، قورئان لوتكەی (سحت) بە (بەرتیل) ناو دەبات، چونكە ئەو كاهینانە بەرتیلیان وەردەگرت، خوای گەورە لە ئایەتێكی تردا بەرتیل حەرام دەكات و دەفەرموێت: ﴿**وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُواْ بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُواْ فَرِيقاً مِّنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ**﴾**البقرة**188 ئەم ئایەتە بەروونی دیارە، بەرای زۆربەی راڤەكەرانی قورئانی بەرتیل لوتكەی بە فیڕۆدان و خواردنی بەناحەقی ماڵی خەڵكە، بەرتیل بە هەرجۆرێك بێت ئەگەر بدرێت بەقازیەك لە حوكمێكدا یان بدرێت بە دەسەڵاتدارێك بۆ ئەوەی حوكمێك بەدادپەروەری نەكات یان یاسایەك بگۆڕێت یان یاسایەكی تازە دروست بكات، بۆ نموونە لە بواری مقاولات كە تۆ پارەیەك بدەیت، هەرشتێك ببێتە مایەی تێكدانی مافی بەرامبەرەكان بەرتیلە، دەكەوێتە بەر نەفرەتی خوا.

## چارەسەری ئیسلامی:

ئیسلام ئەم کێشەیەی زۆر بەباشی چارەسەر کردوە، لە ئیسلامدا ئەم کارە بەتەواوی حەرام کراوە، پێغەمبەری خوا پیاوێکی بەناوی (ابن اللتبية) نارد بۆ کۆکردنەوەی خێرو خێرات کە گەڕایەوە کۆمەڵێك وشترو مانگاو بزنی پێ بوو ووتی ئەمانە بە سەدەقە وەرم گرتووە، بۆ ئەم مەبەستەش هەندێکی بۆخۆی دانا، لە کاتێکدا کە ئەم هەواڵە بە پێغەمبەری خوا گەیشت، زۆر توڕە بوو چوە سەرمینبەرو خەڵکی کۆکردەوەو چاوەڕوانی رۆژی هەینی نەکرد بەڵکو یەکسەر هاتە قسەو فەرمووی (ئایا دەبێت حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت کە ئێمە کردومانە بە بەرپرسی کارێك و ئێستا هاتووە دەڵێت ئەمەیان بۆ ئێوەو ئەوەش بۆ خۆم، ئایا ئەگەر ئەو کەسە لە ماڵ باوکی یان دایکی دابنیشتایە ئایا کەس دەهات دیاری بۆ بهێنێت؟)

سوێند بەو کەسەی گیانی محمدی بە دەستە، هەر کەسێك لە ئێوە شتێك لەوانە بۆخۆی هەڵبگرێت، دەبێت لە رۆژی قیامەتدا ئەو شتە وشتر بێت یان مانگا یان بزن یا هەرشتێکی تر دەبێت لە سەر ئەژنۆ بڕواو بچنە سەرپشتی، پاشان سەیر دەکات دەستی بەرز کردەوە هەتا بن باڵی دەرکەوت و فەرمووی خوایەگیان بەشایەتبە من گەیاندم سێ جار ئەمەی ووت. بوخاری ریوایەتی کردووە لە صحیحەکەیدا.

لەبەرئەوە زانایان فەرموویانە دیاری پێدان بە بەرپرسان بەرتیلە، هەروەك عمری کوڕی عبدالعزیز ووتی: وەرگرتنی دیاری لە لایەن پێغەمبەرەوە شتێکی تر بووە، بەڵام وەرگرتنی دیاری لەلایەن بەرپرسەوە لە خەڵکی تر بۆ نموونە وەرگرتنی دیاری بەڕێوەبەر لە فەرمانبەرەکان یان هەرشتێك لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لەبەرئەوەی بەهۆی بەرپرسیارێتیەوەیە، ئەمە جائیزنییە، ئەمەش لە بابی (سدا الذريعة) یە هەروەها رێگرتن لەو گەندەڵیەی کە خوای گەورە باسی کرد.

## مامەڵەی خراپ لەبەرامبەر مافەکاندا:

جۆرێکی تر لە گەندەڵی ئیداری هەیە کە ئەویش مامەڵەی خراپە لەبەرامبەر مافی کەسانی تردا، واتە یەکێك کەبەرپرسی ئیداریە، راستیەکان وەك خۆی و لەشوێنی خۆیدا بەکار ناهێنێت، بەڵکو ستەم لە یەکێك دەکات و مافەکانی پێ نادات لەبەر هەر هۆیەك بێت،

لەبەرئەوەی ئەو بە شوێن هۆیەکدا دەگەڕێت کە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر پێش خستن یان دوا خستن یان بەرزبوونەوە یان نزم بوونەوە، ئەم شتانەش رووناداتت ئەگەر واستەیەك نەبێت، لەبەرئەوە زانایان واسیتەی خراپ و شەفاعەتی خراپ بۆ یەکێکیش بەبەرتیل حساب دەکەن ﴿مَّن يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَنَةً يَكُن لَّهُ نَصِيبٌ مِّنْهَا وَمَن يَشْفَعْ شَفَاعَةً سَيِّئَةً يَكُن لَّهُ كِفْلٌ مِّنْهَا وَكَانَ اللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُّقِيتاً﴾النسا ء85، لەبەرئەوە گەندەڵی ئیداری دەشێت بەپارە بردن بێت یان بەوەی یەکێك مافەکانی خۆی پێ نەدەیت، یان بەوە دەبێت کە تۆ پێشێلی یاساکانی بکەیت، ئەمانە هەمووی دەچنە بازنەی گەندەڵی ئیداریەوە.

سەرئەنجامی گەندەڵی ئیداریش شتی زۆر خراپە، وەك ستەمکاری و دواکەوتن، خراپترین شوێنکارێك ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتە جێگەی متمانەی خەڵك نامێنێت، کەس نایەوێت کە وەبەرهێنان لەو دەوڵەتەدا بکات، چونکە کاتێك کە دەبینێت ئەم دەوڵەتە لەسەر بەرتیل و دیاری و بەخشیش بنیات نراوە، کە ئەمەش رێگرەکانی بەردەم گەشەپێدانن، ئەمانەش رێگرن لەبەردەم وەبەرهێنانی دارایی، لەبەرئەوە بەرتیل کاریگەری و شوێنکاری مەترسیداری هەیە لەسەر ئایندەی دەوڵەت.

__چارەسەر چیە؟:__

چارەسەری ئەم دیاردەیە بەوە دەبێت، کەپشت بەچارەسەری ناوخۆیی ببەسترێت لە پەروەردەیەکی تۆکمەو پتەودا، پێویستە هەر لەمناڵییەوە پەروەردەمان لەسەر لەخوا ترسان بێت، هەروەك لە چیرۆکی یوسف (علیه السلام) دا باسی دەکات، لە کاتێکدا کە شەهوەتی دەخرێتە بەردەم دەڵێت (پەنا دەگرم بەخوا).

هەروەها لەبەرامبەر دارایدا پێویستە مرۆڤ خوی بپارێزێت بە ئیمان و لە خوا ترسان، وەك ئەو کچەی کە نەیهێشت دایکی ئاوەکە بکاتە شیرەکەوە و ئەو ووتە بەناو بانگەی ووت، کە دەڵێت (ئەگەر عومەر ئاگای لێ نەبێت خۆ خوای عومەر ئاگادارە) لە دوای ئەوەشەوە پێویستە لە رێگەی یاسا دانانەوە چارەسەری ئەم گرفتە بکەین، رۆژئاوا بەرگری ناوخۆ و سایکۆلۆژیان نیە، بەڵام ئەوان یاسایان هەیە، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان هەیە بۆ دەسەڵاتی دادوەری و یاسادانان و جێ بەجێ کردن.

سەرەڕای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پێویستە یاسای توندو تیژی هەبێت دژی گەندەڵکاران، خوای گەورەش هەڕەشەی سەخت لە گەندەڵکاران دەکات بە جۆرێك کە دەیگەیێنێتە ئاستی کوشتن و جۆرەها سزای تر.

پاشان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەگەر بمانەوێت زاڵ ببین بەسەر گەندەڵیدا بەتایبەتی گەندەڵی ئیداری پێویستە ئەم سێ شتە بکەین:
یەکەم جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دووەم دەرکردنی یاسای توند، سێیەم رۆڵی راگەیاندن، پێویستە راگەیاندن ئازاد بێت، ئاشکرا کردنی گەندەڵکاران لە رێگەی راگەیاندنەوەیە، راگەیاندن و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی و یاسای توندو تیژ و بەرگری لە ناوخۆدا هۆکارن بۆ پاراستنی ئەم ئوممەتە لە گەندەڵی ئیداری.

**رۆڵی ئوممەت :**

بەدرێژایی ئەم 100ساڵەی دوایی بەتایبەتیش لەم دەیەی کۆتاییەدا، کۆمەڵێك دەردی وەك هەژاری و نەفامیی و دوا کەوتویی سەری هەڵداوە، ئەم ئوممەتە ئارامی گرت لەسەر ستەم، لەهەمان کاتیشدا داوای لایەنی ماددی و خۆشگوزەرانی نەکرد، لە هەندێك لەم وڵاتانەدا هەموو ئەم بەڵایانە لەستەمکاری و دیکتاتۆری و هەژاری و نەفامی و دواکەوتویی و بەرتیل و گەندەڵی کۆبوونەوە، هەتا گەیشتە ئاستێك توانای بەرگە گرتنی نەما، ئەم گەلانە لە هەموو شتێك بێ هیوابوون، کە ئەم دەسەڵاتدارانە بتوانن چاکسازی بکەن.
لەبەرئەوە پەنایان بردە بەر شۆڕش و ئامادە بوون  قوربانی بەهەموو شتێك بدەن بۆ گەیشتن بە مافەکانی و چەسپاندنی لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ بەهرەمەندبوون لە ئەو هەموو سامان و داراییەی کە هەیە، کە بە بەرچاویەوە دەدزرێت و دەبرێت، ئەو هیچ سودێکی لێ نابینێ و دەچێتە گیرفانی ژمارەیەك لەبەرپرسان و گەندەڵکارانی ئەو وڵاتانەی کە ئێستا بونە کانگای شۆڕشی جەماوەری، هەروەها هەروەك لە تونسدا بینیتان کار گەیشتە ئەوەی کە پیاوێك خۆی بکوژێت.
فەرمودەیەکم بینیوە کە ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە، کە رێگەمان پێ دەدات دوعای خێر بۆ ئەو پیاوە بکەین . فەرموودەکە : (روى الإمام مسلم بسنده عَنْ جَابِرٍ أَنَّ الطُّفَيْلَ بْنَ عَمْرٍو الدَّوْسِي أَتَى النَّبِي –صلى الله عليه وسلم– فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ هَلْ لَكَ فِي حِصْنٍ حَصِينٍ وَمَنَعَةٍ – قَالَ حِصْنٌ كَانَ لِدَوْسٍ فِي الْجَاهِلِيَّةِ – فَأَبَى ذَلِكَ النَّبِيُّ –صلى الله عليه وسلم– لِلَّذِي ذَخَرَ اللَّهُ لِلأَنْصَارِ، فَلَمَّا هَاجَرَ النَّبِي- صلى الله عليه وسلم– إِلَى الْمَدِينَةِ هَاجَرَ إِلَيْهِ الطُّفَيْلُ بْنُ عَمْرٍو وَهَاجَرَ مَعَهُ رَجُلٌ مِنْ قَوْمِهِ فَاجْتَوَوُا الْمَدِينَةَ، فَمَرِضَ فَجَزِعَ فَأَخَذَ مَشَاقِصَ لَهُ فَقَطَعَ بِهَا

بَرَاجِمَهُ، فَشَخَبَتْ يَدَاهُ حَتَّى مَاتَ فَرَآهُ الطُّفَيْلُ بْنُ عَمْرٍو فِي مَنَامِهِ فَرَآهُ وَهَيْئَتُهُ حَسَنَةٌ وَرَآهُ مُغَطِّيًا يَدَيْهِ فَقَالَ لَهُ مَا صَنَعَ بِكَ رَبُّكَ فَقَالَ غَفَرَ لِي بِهِجْرَتِي إِلَى نَبِيِّهِ –صلى الله عليه وسلم– فَقَالَ مَا لِي أَرَاكَ مُغَطِّيًا يَدَيْكَ قَالَ قِيلَ لِي لَنْ نُصْلِحَ مِنْكَ مَا أَفْسَدْتَ. فَقَصَّهَا الطُّفَيْلُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم–. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم– (اللَّهُمَّ وَلِيَدَيْهِ فَاغْفِرْ)

## خوای گەورە لەبوعەزیزی ببورێت

**ئەگەر پێغەبەری خوا دوعای بۆ ئەو پیاوە کردبێت، ئەوا ئێمەش دوعا بۆ هۆکاری تەقینەوەی شۆڕشی تونس دەکەین کە محمد بوعەزیزی بوو، چونکە من لەو بڕوایەدا نیم کە خۆکوژیەکەی ئەو بێ هیوایی بوبێت لە خوا، بەڵکو بێ هیوابووە لە ژیان، بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە بە ئوممەت داوا لە خوای گەورە دەکەین کە لێی خۆش بێت. چونکە گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە خۆی بکوژێت و سەری دنیای لێ ببێتەوە یەك، هەر ئەمەش ئیلهامێك بوو بۆ ئەوەی شۆڕش لە سوریا و یەمەن و لیبیا بە سنگی روتەوە دەست پێ بکات قوربانی بەهەموو شتێکەوە بدەن، ئەمانە موجاهیدن ئەمانە هاوشێوەی ئەو کەسەن کە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت (سەرکردە شەهیدەکان حەمزەیە هەروەها پیاوێکیش لەبەردەم ستەمکارێکدا راست دەبێتەوەو فەرمانی پێ دەکات بە چاکەو رێگەی لێ دەگرێت لە خراپە پاشان دەکوژرێت)(*) .**

(*)ئەو وتارە نوسراوە لەبەرواری 18-6-2011

## لەوڵاتانی ئیسلامیدا هەموو فاکتەرێکی
## مادیی و مەعنەوی هەیە بۆ بنیاتنانی شارستانیەتێکی پێشکەوتوو

ئەگەر سەیری شارستانیەتەکانی پێشوو بکەین، لەدەقە شەرعیەکان ووردبینەوە، دەبینین کەشارستانێتیە گەورەکان بەکاری سادە بنیات نانرێن، هەر شارستانیەتێکیش بە جۆرێکە، لەبەرئەوە بینیمان کە شارستانیەتی ئیسلامی بەنزیکەی 150 ساڵ بازدانێکی گەورەی بەخۆوە بینی.

زۆر لەتوێژەران و کەسانی بەویژدان و زۆر لەرۆژئاواییەکانیش دەڵێن ئەو هەنگاوە گەورەی کەشارستانیەتی ئیسلامی هاوپشتی شارستانیەتی رۆمانی و ساسانی بە 1000 ساڵ نەیانتوانی بیبڕێ، ئەگەر بەراوردێك لە نێوان شارستانیەتی ئیسلامی لە سەدەی دووەمی کۆچی لەگەڵ شارستانیەتی رۆمانی و ساسان بکەین جیاوازی زۆر گەورە دەبینین، شارستانیەتی ئیسلامی بەهەردوو باڵەکەی پێشکەوت، باڵێکی کەزانستە شەرعیەکان بوو کە کۆمەڵێك زانست تیایدا گەشەی کرد بەپێی فیکری ئیسلامی رێکی خست کە خۆی دەبینیەوە لەزانستی (اصول الفقه) و بنەماکانی زانستی فەرمودەو راڤەی قورئانی، سەرەڕای زانستی (نحو و صرف) هەروەها زانستەکانی رەوانبێژی و جوانکاری و داهێنان، ئەم زانستە

(تكليف) يانە دەرکەوتن کەراستەوخۆ خزمەتی ئاینیان دەکرد، یان هۆکارێك بوو بۆ پێش خستنی زانستە شەرعیەکان .

زانستی (نحو) یان زانستی (الألة) لە لایەنی ترەوە زانستی مرۆیی و فەلسەفی و فیکری و سروشتی گەشەیان کرد لەم لایەنەوە زۆر هاتنە پێشەوە هەتا وای لێهات مسوڵمانان لەرووی پزیشکی پێشکەوت بەهەموو شێوەکانیەوە، لەزانستی پیشەسازی و تەکنەلۆژی، ئەوەش بۆ ئەو سەردەمە پێشکەوتنی زۆر گەورە بوو.

**وەستانی داهێنانکاری**

مسوڵمانان توانیان قوتابخانەیەکی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن و لەسەر پڕۆگرامێکی ئەزموونی تایبەتی کاربکەن، ئەمەشیان کردە بنەمای پێشکەوتن و پەرەپێدان، ئەمەش پڕوگرامی ئەزمونکاری بوو، ئەمەش مانای ئاڕاستەکردنی عەقڵە بۆ بوارە جۆر بەجۆرەکان، بوارەکانی عەقڵیش بوارە هەست پێکراوەکانن لەبورای مادیدا، ئەو بوارانەی کە عەقڵ دەتوانێت داهێنانکاریان تیا بکات.

دوایی مسوڵمانانی برد بۆ لایەنی تریش، یان ئەوەی کەپێی دەڵێن (ئەودیوی سروشت) لێرەوە ئاراستەی عەقڵ کرایەوەو سروشت  لەم کاتەدا فەیلەسوفان و زانایانی یۆنان و ئیفریق هەموو توانای خۆیان لەبواری (میتا فیزیك) دا سەرف کرد، بەڵام نەیانتوانی بەرهەمی زۆر بەدەست بێنن، بەڵام ئیسلام زۆر بەئاسانی توانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات لەرێگەی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەوە کە تایبەتە بەبواری نادیارەکان، ئەمەش هەموو شتێکە و پێویست بەشتی تر ناکات، لەبەرئەوە مسوڵمانان لەم بوارەدا گرفتیان نەبوو روویان کردە بواری مادی و گەردوونی و بونەوەر، مسوڵمانان لەم بوارەدا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنا.

مسوڵمانان بە ئاسانی نەگەیشتنە ئەم قۆناغە، بەڵکو هەوڵ و کوششی زۆر گەورەیاندا، بەڵام سەد مەخابن لەسەر ئەم رێڕەوە بەردەوام نەبوون، ئەم هەوڵە تەنها چەند سەدەیەك بوو، لەدوای ئەوە لەداهێنان وەستان لەهەردوو بواری زانستە شەرعیەکان و بوارەکانی تریشدا ، ئەمەش لە سەدەی(5 و 6) ی کۆچیدا بوو، لەدوای ئەوە ئەگەر شتێك هەبێت هەوڵی تاکە

کەسیە، لێرەوە دواکەوتن روودەکاتە مسوڵمانان، وەستان رووی کردە هەموو چین و توێژەکان، لەم کاتەدا ئەوروپا لەوپەڕی دواکەوتوویی و نەفامیدا دەژیان، بەڵام رۆژئاوا خەبەری بوەوەو هەستا بەدانانی مەنهەجێك ئەو مەنهەجەش بریتی بوو لە (تجریبی) واتە ئەزمونکاری، هەوڵێکی زۆریاندا بۆ چاکسازی لەسیستەمی سیاسی و فێرکردن و دروست کردنی دامەزراوەی داهێنانکاری و هاندانی خەڵك بۆداهێنان، بەمەش ئەوروپا گەیشتە ئەو قۆناغەی کەئێستا تیایدا دەژین، لێرەوە خوای گەورە بۆمان روندەکاتەوە، کە تاقیکردنەوەی ئەم ئوممەتەو گەلانی تریش تەنها بەقسە نیە، بەمەش شارستانیەت بنیات نانرێت، لەبەرئەوە ووتە هەرچەندە جوان و باش و پاراو بێت، هەروەها بەکردەوەی سادەش نابێت، بەکردەوەی چاکیش نابێت، ئەگەر تۆ دەتەوێت شارستانیەتێکی جوان و پێشکەوتوو لەسەر ئاستێکی جیهانی بنیات بنێیت، بەتایبەتیش لەم کاتەدا کە ململانێی شارستانیەکان لە ئارادایە، پێویستە بەرنامەیەکت هەبێت بۆ هەموو بوارێك کە لە ئاستی (چاکترین) دابێت هەر ئەمەش ئامانجی ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت:﴿**تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهو عَلَى كُلِّ شَيْ ءٍ قَدِيرٌ * الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهو الْعَزِيزُ الْغَفُورُ**﴾**الملك**( 1-2 ).

خوای گەورە باسی (ملك) دەکات کەمانای هەموو بونەوەر دەگەیەنێت، کەئەویش کۆگای هەموو سامان و گەوهەرێکە هەروەها باس لە پیشەسازی مردن و ژیان دەکات و پاشان هەموو چالاکییە مرۆییەکان، پاشان باس لە تاقیکردنەوە دەکات کە ئایا کێتان باشترین کردەوەی کردووە، ئەمەش تەعبیرێکی قورئانی گەورەیە، چونکە لە زمانی عەرەبیدا ئەم وشەیە بە (نکرة) هاتوە کە ئەمەش تەعبیر لە ڕێژەیی بوون دەکات، خوای گەورە نەیفەرمووە (الاحسن عملا) هەتا بەوە ببێ بە ناسراو (مەعریفە)، چونکە باشترین کردەوەی ئەمڕۆ جیاوازە لەوەی دوێنێ و بەوجۆرە.

**<u>عەقڵیەتی مسوڵمان</u>**

ئەم کردەوەی باشە رۆژ بەرۆژ لە پێشکەوتندایە، ئەگەر بە قووڵی بچینە ناو ئایەتەکەوە یان ئایەتەکانی تریش کە تیایدا داوا لەم ئوممەتە دەکەن، کە دەبێت هەموو هەڵسوکەوتیان لەسەر بنەمای چاکترین کردەوە بێت نەك کردەوەی چاك، ئەم ئایەتەو زۆر ئایەتی تریش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئیسلام دەیەوێت لە سایکۆلۆجیەتی تاکی مسوڵمان عەقڵیەتێکی

داینامیکی پێشکەوتوو دروست بکات کە بەردەوام بگەڕێ بەشوێن (باشترین)دا، بە باش رازی نەبێت. خوای گەورە لە ئایەتی تردا باس لە (باشترین) دەکات لە هەموو شتێکدا **الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ** .... **الزمر**18 هەروەها دەفەرموێت: **وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم** ... **الزمر**55، لێرەدا پاداشت پەیوەست دەکاتەوە بە باشترین، هەروەها شوێنکەوتنیش بە باشترین شێوە خوای گەورە فەرمان بە مرۆڤ دەکات کە بەشوێن باشترین و چاکترینندا بگەڕێت. هەروەها پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فێرمان دەکات کە چوونمان بۆ مزگەوت بە باشترین شێوە بێت، قاچی راستمان پێش بخەین دوعاکەی بخوێنین، هەروەها کاتێك کە دێینە دەرەوە، کاتێك دەچینە حەمام، کاتێك دەچینە بازاڕ، کە دەخەوین، بۆ ئەوەی بەم مەنهەجەوە ئێمە بگەڕێین بەشوێن (باشترین) دا، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئێستا رۆژئاوا لەم حاڵەتەدا دەژین و بەشوێن (باشترین)دا دەگەڕێت.

ئێستا نەوەی چوارەمیان کە ئەوانەی گەشەیاندا بە شۆڕش و پەیوەندیەکان و ئینتەرنێت لەسەر باشترین سیناریۆ کار دەکەن، باشترین سیناریۆ لە راگەیاندن، باشترین سیناریۆ لە سیاسەت، باشترین سیناریۆ لە ئابوریی، ئەوە ئەمانە بوون کە خوای گەورە بەئێمەی وت کە بە باشترین شێوە کار بکەین لەشێوەو ناوەڕۆك و هەموو شتێکدا. هەرچی دەتوانین بیکەین لە باشترین شێوەدا بێت، نەك هەر لەو بوارە تەنانەت لە بواری ئارام گرتندا(فصبر جميل) واتە ئارام گرتنیش دەبێت بە جوانترین بێت (صيغة مبالغة) واتە باشترین ئارام گرتن کۆچ کردن دەبێت بە باشترین شێوە بێت (هجرا جميلا) لە ئیسلامدا هەموو شتێك دەبێت لە باشترین وێنەدا بێت، دەشێت یەکێك بپرسێت ئایا بۆچی خوای گەورە داوای باشترین لە ئێمە دەکات؟ چونکە ئێمە گەلێکی میانڕەوین، گەلی میانڕەویش گەلی شایەتیدانەر دەبێت. ئەم ئوممەتە توانای جێبەجێ کردنی ئەم پەیامەی هەبێت و رۆڵی خۆی ببینێت لە شایەتیدان، دەبێت ئەم ئوممەتە دەست بەسەر زەویدا بگرێت، بەدەستەوە گرتنی زەویش تەنها بە باشترین شێوە دەبێت، بەو شێوەیەش بەردەوامی دەبێت.

ئەم ئوممەتەی ئێمە ئەگەر دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، دەبێت لەسەر بنەمای ئەخلاق و عەقیدە و سۆز و بەزەیی بێت بۆ هەموو جیهان، بەڵام ئەگەر سەیری شارستانێتی رۆژئاوا بکەین سەرەڕای ئەو پێشکەوتنەی کە هەیەتی، بەڵام ئەوان گەلێکی ماددین، بەردەوام دەیەوێت پێشکەوتنەکانی لەلایەن ماددیەوە بێت، ئەمەش لەسەر حسابی لایەنەکانی

تردەبێت، بەم هۆیەشەوە زۆر گرفت دروست بووە بۆ نموونە بەهۆی دەستکاری کردن لە بواری (جینات)دا کە بووە هۆی شێتی مانگاو ئەنفلونزای بەرازو باڵندە، تەنانەت گەیشتە نەخۆشی سەوزەش، بەڵام ئەگەر ئەم ئوممەتە دەسەڵاتی بەدەستەوە بوایە کە خوا دەیەوێت کە ئوممەتی ئەخلاق  و بەها مرۆییەکانە، کەواتە دەبووە مایەی سۆز و بەزەیی بۆ هەموو جیهانیان.

## فیقهی دەسەڵات بەدەستەوە گرتن

ئەم ئوممەتە لە لایەنی خواوە بەڵێنی پێدراوە کە دەسەڵاتی زەوی دەدرێتەوە دەست﴿**وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ**﴾ ( 105 ) **سورة الأنبياء**

واتە زەوی هەمووی بە زەوی پیرۆزیشەوە، ئەگەر ئەو زەویە پیرۆزە بکەین بە فەڵەستین یان بەو جۆرە راڤەی بکەین کە ئەمە بە لای من و زۆربەی زانایانیش پەسەندە.

کە زەوی هەمووی دەکەوێتە ژێر دەستی ئەم ئوممەتە، بەڵام ئەویش بەو مەرجەی کە بەندەی خوابن، بەندایەتی بۆ خواش مانای ئازادی تەواو بوونی کەرامەتی مرۆڤ دەگەیەنێت، لەهیچ کەس نەترسێت بێجگە لەخوا، کڕنوش تەنها بۆ خودا بەریت، پیاو چاکانیش هەڵگری ئەو ئەمانەتەن ئەو چاکە کارانە کە دەست بەسوننەتەکانی خواوە دەگرن، هەر ئەوانەش شایەنی ئەوەن کە ئەم زەویەیان بدرێتە دەست.

لێرەوە خوای گەورە بۆمان روون دەکاتەوە کە چۆن جڵەوی زەوی بەدەستەوە بگرین، بەڕێگەی بەندایەتی و چاکەکاری و مەنهەجی کارکردن بە (باشترین کردەوە) لەهەموو شتێك و هەموو هەڵسوکەوتێك، لەکاتێکدا کە ئەم ئوممەتە وازیان لەم مەنهەجە هێنا کار بەوە گەیشت کە هەیە، ئوممەت رووی لە لاوازی کرد، پەرتەوازەیی و دوبەرەکی دروست بۆو دوژمنانیش لە سودەکانی رابردوودا دەستیان گرت بەسەر ماڵ و موڵکیدا، لەپێش سێ سەدەوەیە جیهانی ئیسلامی بەدەست داگیرکاریەوە دەناڵێنێت، پاشان ستەمکاری و تاکڕەوی و ئەو بەکرێگیراوانەش کە لەپاش خویان بەجێیان هێشت، کە لەدواییدا جڵەوی دەسەڵاتیان لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا گرتە دەست، چونکە ئوممەت وازیان لە بەندایەتی پاك هێنا بۆ خوا.

لەبەرئەوە دەبینین ئێستا دەستیان داوەتە شۆڕش و دەیانەوێت بەرەنگاری هۆکاری ئەو بەلاو موسیبەتانە ببنەوە ﴿**وَمَا أَصَابَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ**﴾ (30) **سورة الشورى**.

خوای گەورە لێمان خۆش بووە لەسەر زۆر شت لێپێچینەوەی لەگەڵدا نەکردووین، بەڵام لەگەڵ هەندێك جۆری دواکەوتن و هەندێك لەو کارانەی کەپێچەوانەی مەنهەجە راستەکەی خۆیەتی لێپێچینەوەمان لەگەڵدا دەکات، ئەم راپەڕینەی گەلان کە ئێستا دەستیان داوەتێ دژی ئەو دواکەوتنەیە کە لەدوای گەشەی مەدەنیەت و شارستانیەت دروست بووە، دژی ئەو پەرتەوازەییە کە لەدوای یەکبوون هاتووە، دژی هەژاریە لەبەرامبەر ئەو هەموو دەوڵەمەندیە کە هەیە، ئەم ئوممەتە زۆر دەوڵەمەندە، دەتوانیت هەموو پێداویستیە ئابوریەکانی ژیان بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، ئێستا هەژاری لەجیهانی ئیسلامیدا بۆتە گرفتێکی گەورە، ئەم گەلانە دژی ستەمکاری و خۆسەپاندن و تاك رەوی دروست بووە، ئێمە زۆر دڵمان بەم شۆڕشە جەماوەریانە خۆشە بەو هیوایەی گەلان بگەڕێنەوە سەر مەنهەجی راستەقینە، گرتنەبەری مەنهەجێك بۆ ئازادی و رێزی مرۆڤ سەرەتایەکە بۆ داهێنان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، پێویستە ئێمە پشتیوانی لەئەم شۆڕشانە بکەین، با پشتیوانی لەشۆڕشە سەرکەوتوەکانی بکەین، بەرپرسیارێتیمان گەورەیە لەبەرامبەر خوادا با پشتیوانی لەشۆڕشی میصر بکەین بۆ هێنانەدی ئامانجەکان، هەروەها لەشۆڕشی تریش با پشتی شۆڕشەکان بەرنەدەین، بۆ ئەوەی خۆمان ئامادە بکەین کە شایەنی هەڵگری ئەم ئەمانەتەبین، پێویستە دەست بەسوننەتەکانی خواوە بگرین، هەروەها رەوشت و ژیانی ئەوانەی لە پێش ئێوەدا بوون هەروەك خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا باسی دەکات، حیکمەت لەمەشدا ئەوەیە کە پێویستە سود لە هەموو شتێکی بە کەڵك و ئەزمونێکی باش وەربگیرێت، ئەم ئوممەتە ناتوانێت کە جارێکی تر هەڵسێتەوەو بەڕۆڵی خۆی هەڵبسێت، تەنها کاتێك نەبێت کە بگەڕێتەوە بۆ ئەم مەنهەجیە کەئەویش مەنهەجیەتی بەندایەتی راستەقینەیە، کە ئەویش مەنهەجێکە لەسەر بنەمای (باشترین) لەهەموو شتێکدا وە گەڕانەوە بەشوێن باشترین دا،﴿**قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ**﴾**سورة الأنعام** (162)

ئەگەر ئوممەت بگەڕێتەوە بۆ سەر ئەم مەنهەجیەتە راستە ئەوا بەرەو کەناری رزگاربوون دەچێت، ئێمە خاوەنی باشترین کەرەستەین بەڵام ناتوانین لەشوێنی خۆیدا بەکاری بهێنین، دەست بگرین بە باشترینەوە بۆ دنیاو دوارۆژمان.

لە کاتێکدا کە پێویستە ئێمە نوێژو کڕنوش ئەنجام بدەین بەهەمان شێوەش پێویستە گرنگی بەئاوەدان کردنەوە بدەین لەژێر سێبەری مەنهەجی خوادا، هەروەها گرنگی بدەین بەهێزی زانست و ئابوریی، لەدوای هێزی ئیمان هیچ هێزێکی تر نیە بێجگە لەهێزی زانست، هەر لەبەرئەوە خوای گەورە لەو دەستورەی کە ناردویەتی بۆ مرۆڤایەتی بەووشەی (أقرأ) دەست پێ دەکات خوای گەورە بە هیچ عیبادەتێکی تر دەستی پێ نەکردووە. چونکە خوێندنەوەو زانست کلیلێکن بۆ عیبادەت، جڵەوی زەوی کە خوای گەورە دایە دەست ئادەم بە زانست بوو هەر لەبەرئەوەش بوو کە فریشتەکان کڕنوشیان بۆ برد.

بەهۆی زانستەوە بوو کە خوای گەورە فەرمانیدا بەفریشتەکان کڕنوش بۆ ئادەم بەرن، لەبەرئەوەی هیچ دروست کراوێکی تر لە فریشتە بەرێزتر نین، کەواتە هەموو دروست کراوەکانی تر بخەیتە ژێر رکێفی خۆت بەزانست، بەزانستی سروشت، هەروەها بە زانستی تەجریبی.

<u>**دورکەوتنەوە لە سوننەتەکانی ژیان:**</u>

بەهۆی دوورکەوتنەوەی ئوممەتی ئیسلامی لەئەم مەنهەجە  کە باسمان کرد، گەیشت بەو قۆناغەی کەئێستا پێی گەیشتووە، کە ئەویش دواکەوتوویی و لاوازیە، لە کاتێکدا کە ئەم ئوممەتە بە هێزبوو بۆ خۆی توانای  پاراستنی خۆی و سامان و نیشتیمان هەبوو، تەنانەت دەیتوانی کەسانی تریش بپارێزێت، هەروەها بەرامبەرەکانیش بەرێزو کەرامەت سەیریان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ پێویستمان بەبیرکردنەوەی زیاتر هەیە، چونکە ئەم حاڵەتەی ئێستا بەهۆی دورکەوتنەوەیە لەسوننەتەکانی خوای گەورە، سوننەتەکانی خوای گەورە بەسەر هەموو لایەکدا جێ بەجێ دەبێت بەبێ جیاوازی، لەهەر گەل و شارستانیەتێك بێت.

ئێستا ئەو رابوونە ئیسلامیەی کەنزیکەی سەدەیەکە دروست بووە کاریگەری لەسەر گەلان دەرکەوتووە، هەستیان بە لاوازی خۆیان کردووە دەزانن بۆچی دواکەوتوون.

پێویستە هەموومان پشتیوانی لەشۆڕشی میصر بکەین لەڕێگەی هاوکاری ئابوریی و سیاسی و خۆراك لەڕێگەی دارایی پێویست بەتایبەت لەم قۆناغەدا بۆخزمەت کردن بەئوممەی

ئیسلامی و عەرەبی، بۆئەوەی بتوانێت پڕۆژەکان بەگەڕ بخات، پێویستە هاوکاری ژێرخانی ئابوریی بکەین، چونکە ئەو ستەمکارانە هەموو سامانی خەڵکیان بردووە، وەك ئێستا ڕۆژ بە ڕۆژ دەردەکەوێت، تونس کە تەنها لەسەر هەندێك کەرتی وەك گەشت و گوزار دەژی، پێویستە هاوکاری بکرێت هەتا لەسەر دوو پێی خۆی بوەستێت، هەروەها پێویستە لەسەرمان پشتیوانی لەشۆڕشی سوریا بکەین لەگەڵ گەلەکەیدابین بەدوعا و قنوت و نوێژو پشتیوانیان بین و مانگرتن بەهەموو شێوەیەکی گونجاو هەر بەهەمان شێوە بۆ لیبیاو یەمەنیش(*).

## پەروەردەکردنی نەوەی نوێ بەرپرسیاریەتیە لە ئەستۆی هەموماندایە

چاودێری کردن و گرنگیدان بەمنداڵان گرنگی دانە بەنەوەکانی داهاتوو، هاوکاری دەکات لەدروست کردنی سەرکردەی راستەقینەی ئەم ئوممەتە و ئامادەکردنی نەوەیەکی چاکە کار.

خوای گەورە گرنگیەکی زۆری بەکێشەی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵان داوە، بۆ ئەم مەبەستەش قورئان و سوننەت، سەدان و هەزاران ئایەت و فەرمووده هەیە کە باس لەم بابەتە دەکات، منداڵانی ئەمڕۆ گەنجانی ئایندەن، هەر گرنگی دانێك بەمنداڵان گرنگی دانە بەنەوەکانی داهاتوو، هەروەها گرنگی دانە بەدروست کردنی سەرکردەی راستەقینە بۆ ئەم ئوممەتە، گرنگیدان بەدروست کردنی نەوەیەکی چاکەکار، سەرکردەی تەواو و هۆشیار، هەر ئەمەشە کەخوای گەورە واجبی کردووە لەسەر پێغەمبەران.

هەروەها داوا لەزانایان و بانگخوازان و پیاو چاکان دەکات لەدوای خۆیان زانست و ئەخلاق و بیرو باوەڕو بەهای بەرزو جوان بەجێ بهێڵن بۆ نەوەی دوای خۆیان، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو باشتربن لەنەوەی رابردوو، بۆ ئەوەی ئوممەتی ئیسلامی بە بەهێزی بمێنێتەوە و

---

(*)ئەو وتارە لەبەرواری 2011-7-2

توانای بەرەو روبونەوەی گرفت و  مەترسییەکان هەبێت .خوای گەورە دەفەرموێت (**ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا**)

ئەم میراتە بۆ هەڵبژێردراوەکانە، واتە بۆ ئەو نەوەیەی کە هەڵبژێردراوە، پێویستە نەوەیەك دروست بکرێت کە هەڵبژاردنی تێدا بکرێت، ئەمەش پێویستە لەسەر دایك و باوك و برا گەورەکانی، هەروەها بەرپرسیارێتی ئوممەت و بەرپرسان و زانایان و پەروەردەشیانە.

**ئەزمونی لوقمانی حەکیم :**

لەبەر ئەم گرنگیە خوای گەورە تەنها باسی چیرۆکی پێغەمبەران و ئایەتەکانی قورئان و فەرموده ناکات، بەڵکو لەپاڵ ئەمانەشدا ئەزمونێکی زۆر جوان و ناوازەمان بۆ باس دەکات لەبواری پەروەردەو گەشەپێدانی تواناکانی منداڵاندا، ئەم چیرۆکەش وای لێ هاتووە بەزیندویی ماوەتەوە و بەردەوام خەڵك باس دەکات، هەر کەسێك هەر شتێك لەم رووداوە بخوێنێتەوە 10 خێری دەست دەکەوێت لەسەر هەر شتێك، ئەمەش لە هەشت ئایەتی بەرزو پیرۆزدا باسی کردوە.

ئەم ئەزموونە هی پێغەمبەرێك نییە، بەڵکو باسی پیاوێکی داناو خواناسە کە ئەوەیش لوقمانی حەکیمە، کە لە میصرو سوداندا ژیاوە، بە منداڵی کۆیلەی گەورەیەك بووە، رۆژێکیان ئاغاکەی پێی دەڵێت ئەم گوێرەکەیە سەرببڕەو باشترین بەشی بهێنە ئەویش سەری بڕی و دڵەکەی و زمانەکەی هێنا، پاشان پێی ووت گوێرەکەیەکی تر سەر ببڕەو خراپترین بەشیم بۆ بهێنە، ئەویش سەری بڕی و بەهەمان شێوە دڵ و زمانی بۆ هێنا، ئاغاکەی پێی ووت ئایا بۆچی لە هەردوو بارەکەدا تۆ هەر دڵ و زمانەکەت هێنا، لەوەڵامدا لوقمان پێی ووت گەورەم ئەگەر دڵ و زمان باش بن ئەوە شتێکی زۆر باش و چاکە، بەڵام ئەگەر خراپ بن ئەوە خراپترین شتە، لەبەرئەمە لوقمانی ئازاد کردو پاشان بوو بە ئەم لوقمانی حەکیمە، بەڵام ئەگەر سەیری قورئان بکەین، ئەزمونێکی پەروەردەیمان بۆ تۆمار

دەكات، كەباس لەكۆمەڵێ ڕێنمایی و ئاڕاستەی گرنگ دەكات كە لەنێویاندا كۆمەڵێك هۆكارو شێوازی ماددی هەیە.

**ئاراستەی پێدان و پەروەردە كردن:**

خوای گەورە باسی لە كۆمەڵێك شێوازو ئاڕاستەی پەروەردەی سەركەوتو دەكات، كە لەقورئاندا باسی كردووە لەو ئاراستانەش :

یەكەم: گەورەبوون و خۆشەویستی پەروەرشیارو مامۆستا لەلای پەروەردەكراو ئەویش لەڕێگەی سیفەتەكانیەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت **وَلَقَدْ آتَيْنَا لُقْمَانَ الْحِكْمَةَ** ...**لقمان**12 ، هەروەها ئایەتی **وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ** ....**لقمان**14 لێرەوە ئێمە بەتایبەتی لە وولاتانی كەنداو شكست دەخۆین ئەگەر ئەم دیاردەیە چاك نەكەین، ئەویش ئەوەیە كە لەرێزی شكۆی مامۆستایان كەم دەكەینەوە.

ئەو كاتەش قوتابیان وەك كرێ گرتەیەك سەیری مامۆستاكان دەكەن، بەڵام ئەگەر سەیری قورئان بكەین پێویستی كردووە لەسەرمان كە بەڕێزەوە سەیری مامۆستا بكەین و پلەو پایەیەكی بەرزی پێ بدەین، هەروەها لەبواری دایك و باوكدا تەنانەت ئەگەر موشریكیش بن پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێت و بەسوك سەیر نەكرێن، لەكاتێكدا كە گەنجانمان ڕوو لەدەرەوە دەكەن و بەتێڕوانینێكی تایبەت مامەڵە لەگەڵ زانكۆ ئەوروپیەكانی وەك (ئوكسفۆردو كامبریدج) دەكەن و بەپیرۆزیان دەزانن هەر بەو شێوەیەش سەیری مامۆستاكان دەكەن، لێرەوە بەشێوەیەكی زۆر دەكەونە ژێر كاریگەریان، ئەوانیش هەوڵ دەدەن لەئاستێكی بەرزدا خۆیان نمایش بكەن .

هەروەها لە وڵاتانی خۆشماندا دەبینین كە هەندێك مامۆستای بەتوانا هەیە كە كاریگەری باشیان لەسەر قوتابیەكان هەیەو ئەوانیش دەكەونە ژێر كاریگەریان و چاویان لێ دەكەن، پێویستە لە ماڵەوەدا باوك ڕێز لە ڕۆڵ و گەورەیی خۆیی بگرێت، چونكە ئەگەر وانەبێت مناڵەكانیش گوێ بۆ دایكیان ناگرن، لەبەرئەوە كاتێك منداڵەكان گوێ لە دایك دەگرن كەخاوەنی ڕێزو پلەی گەورە بێت، بەڵام ئەگەر باوك ڕێز لەدایكەكە نەگرێت و بەردەوام سوكایەتی پێ بكات ئەوكاتە مناڵەكانیش ڕێزی لێ ناگرن.

**قەناعەت پێ كردنی پەروەردەكراوەكان**

دەبێت پەروەرشیار قەناعەت بەکەسانی بەردەستی بکات کەپەروەردەکردن و ڕەوشت بەرزی لەبەرژەوەندی ئەودایە، ئەمەش لەو ئایەتەوە وەرگیراوە کە دەفەرموێت ﴿...... **وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾لقمان**12

پەروەردە پەیوەستە بە بەرژەوەندیەوە، ئەو بەرژەوەندیەی کە درێژ دەبێتەوە لەدنیاوە بۆ دوارۆژ، ئەمەش ئەوەیە کە لوقمان دەربارەی خۆی باسی دەکات، ئەو دەربارەی مەترسی شەریك پەیداکردن بۆ خوا دەڵێت ﴿.... **إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾لقمان**13.

**<u>ئاراستەی سێیەم</u>** : دەبێت هەموو بنەماو و چەمکەکانی پەروەردە پەیوەست بکرێتەوە بە هۆکارو داناییەوە، ئەمەش لە هەموو ئەو ئایەتانەدا دەبینین کەباسی کرد، پەروەردە بەچەندایەتی نیە، بەڵکو بە چۆنیەتیە، جاری وا هەیە ووشەیەك کار لەمنداڵێك دەکات بەلاَم هەزاران ووشەی تر کاریگەری باشی نیەو جاری واش هەیە کاریگەری سلبی هەیە.

**<u>ئاراستەی چوارەم: شێوازی خۆشەویست کردن</u>**

کاتێك کەباوك یان دایك باس لەپەروەردە دەکات دەبێت لەلای منداڵەکان یان قوتابیەکانی بەنیسبەت مامۆستاوە خۆی خۆشەویست بکات، دەبێت بەهەموو هۆکارێك خۆی خۆشەویست بکات، چونکە بەبێ خۆشەویستی پەروەردەیی کاریگەر بوونی نیە، هەر بۆ ئەم مەبەستە لوقمان دەڵێت، (یابنی) کوڕەکەی بەجۆرێك بانگ دەکات کە پەیوەستی دەکات بەخۆیەوە، ڕێزی لێ دەگرێت خۆشی دەوێت، ئەگەر تۆ دەتەوێت بچیتە ناو دڵی منداڵەکەتەوە بەلێدان و بەترس نابێت، چونکە لێدان وێران کردنی داهێنان کاری و کەسایەتیە، لەجیاتی ئەوە باشترین و ڕاسترین ڕێگە ڕێگەی خۆشەویستیە.

**<u>فیقهی یەکەمینەکان (اولویات) :</u>**

ئاڕاستەی پێنجەم: گرنگیدان بەشتە یەکەمینەکان لە فیقهی پەروەردەدا، دەبینین سەرەتا لوقمان لە عەقیدەوە دەست پێ دەکات ئەمەش لەسەرەتای دوو ئایەتی یەکەمدا باس دەکات **﴿وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهو يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لاَ تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾لقمان**13

بەشێوەیەکی زۆر دانایانە و ئاقلاَنە منداڵەکە پەیوەست دەکات بەخواوە، پەیوەستی دەکات بە یەکتاپەرستی و شەریك پەیدا نەکردنی بۆ خواو هەروەها بڕوا بوون بە قەزاو قەدەر و ئیمان بە زانیاریە وردەکانی خواو توانا لەبن نەهاتووەکانی **﴿يَا بُنَيَّ إِنَّهَا إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ فَتَكُن فِي صَخْرَةٍ ...... ﴾لقمان**16

هەر بەهەمان شێوە پێغەمبەری خوا (ابن عباس) لەسەر هەمان شێواز پەروەردە دەکات و پەیوەستی دەکات بەخوای گەورە و تواناکانی و سەر ئەنجامیش دەبێتە یەکێك لەزاناو پایە بەرزەکانی ئیسلام.

لە دوای عەقیدە لوقمان جەخت دەکاتەوە لەسەر عیبادەت کە گرنگترینیان نوێژە **يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ** ...... **لقمان**17 (أقامة الصلاة) جیاوازە لە (أدا و الصلاة) اقامة الصلاة : واتە ئامادەبونی نوێژی بەکۆمەڵ و هەینی بەپێی توانا بۆ منداڵەکانی هەتا ئەو کاتە دەگاتە قۆناغی فەرزبوون لەسەری، پاشان جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەخلاق کەسێ بەشی سەرەکیە ئەوانیش رەوشتی قسەکردن، رەوشتی کردار رەوشتی ئاراستە کردنی، دەربارەی رەوشتی قسەکردن (زارەکی) لوقمان دەڵێت: ..... **وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ** .... **لقمان**19 ، دەربارەی رەوشتی کرداری دەڵێت .... **وَلاَ تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحاً إِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ** **لقمان**18 دەربارەی ئاراستە پێدان وەك شێوازی دەم و چاو و زەردەخەنە زۆر بەگرنگ دەزانیت **وَلاَ تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ** ... **لقمان**18 ، واتە خۆت بەگەورە مەزانەو گاڵتە بەکەس مەکە و بەسوك سەیری کەس مەکە.

## دروست کردنی باوەڕدارێکی بەهێز:

پەروەردە لەبنیاتنانی مرۆڤدا، ئەم ئایەتانە پەیوەستن بەکۆمەڵە ئامانجێکەوە کە گرنگترینیان بنیاتنانی مرۆڤێکی باوەڕداری بەهێزە، کە کەسایەتیەکی بەهێزی هەبێت لەرێگەی فەرمان کردن بەچاکەو رێگرتن لەخراپە **يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ** **لقمان**17، دەبێت کەسایەتی بەهێز بێت و نابێت بکەوێتە شوێن شتی بەتاڵ و ناڕاست و دەبێت پشتیوانی لەراستی بکات، دەبێت ووتەی راست بڵێت و لەبەرامبەریشیدا ئارام گربێت.

ئەو هۆکارانەی کە لوقمان لە پەروەردەدا بەکاری هێناوە زۆرە لەوانەش:

ئامۆژگاری و بەزەیی و هاتنەوەو ناسکی (**وَهُوَ يَعِظُهُ**).

عەقلانیەت و قەناعەت پێ کردن و دانایی، کە ئەمانەش لە زۆربەی ئایەتەکانی قورئاندا هەیە، هەروەها هۆکاری ماددی و وێناکردنی شتەکانی لەدوو کاری زۆر گرنگدا یەکێکیان دەربارەی **وَلاَ تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلاَ تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحاً إِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ**

فَخُورٍ﴾لقمان18 ، دووەمیان ﴿وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ﴾لقمان19.

## هەر وەلانانێکی ناسنامەی ئیسلامیمان دەمانگێڕێتەوە چوارگۆشەی یەکەمی ململانێکە

ململانێ لەسەر ئەو ناسنامەیەی ئوممەت کە لەسەد ساڵ لەوەو پێشەوە لە پێناویدا جەنگاوە دروست نییە، هەر وەلانانێکی ناسنامەی ئیسلامیمان دەمانگێڕێتەوە چوارگوشەی یەکەمی ململانێکە، پێویستە لەسەر ئیسلامیەکان و عەلمانیەکان پێك بێن لەسەر پرۆژەیەکی یەکێتی نیشتمانی و ئەوەی جەماوەر دەیەوێت، پێویستە لەسەریان پێك بێن لەسەر پرۆژەیەکی میانڕەو هەروەها پێویستە لەسەریان کۆك بن لەسەر بێزراندنی رۆشنبیری توندوتیژی و توندڕەوی و رەتکردنەوەی هەر پرۆژەیەکی دەرەکی.

ئەزمون و تاقیکردنەوە مێژوویەکان بەڵگەن لەسەرئەوەی کە جەنگە فکریەکان و هزریەکان، داگیرکردنە فیکریەکان، توندترو مەترسیدارترن لە هەر جەنگێکی ترو لە هەر داگیرکردن و دەست بەسەرا گرتنێکی تر، ئوممەت دووچاری هەندێ جەنگی ماددی و سەربازی یان سیاسیی دەبێتەوە، پاش ئەمە هەر خێرا ئەم جەنگە یەکلا دەبێتەوە، بەڵام

ئیشکالیەت و گرفت ئەوەیە شوێنەوارو کاریگەرە فکریەکانی دەمێنێتەوە، یان جەنگە فکریەکە دەمێنێتەوە، بەردەوام دەبێت کاری خوی دەکات لەو چوارچێوەیەدا کە دوژمنانی ئیسلام یان دوژمنانی مسوڵمانان دیاری دەکەن، هەرکاتێك ئەم ئوممەتە کەوتبێتە جەنگێکی سیاسیی یان سەربازیەوە بێگومان دەرەنجام و سەرکەوتنی کۆتایی بۆ ئەم ئوممەتە بووە، بەڵام گرفت و ئیشکالیەت. هەروەك لەوەپێش وتم ـ لەوەدایە کە کاریگەری شوێنەوارە هزری و فیکریەکانی دەمێنێتەوە، داگیرکردنی فکری بەردەوام زۆر بە ترسناکی کاری خوی دەکات.

ترسناکی جەنگی دووەم لێرەوە سەرچاوە دەگرێت کە دوژمنانی ئیسلام و بەتایبەت ئیستعمار زیاتر لە دووسەدە لەوەوپێشەوە دەستیان داوەتێ دژی ئەم ئوممەتە، ئەم جەنگە تەنها جەنگێکی سەربازی نییە، بەڵکو جەنگێکی هزری و ژیاری و شارستانی و یاسادانان و یاسایی و ئابوریە، هەر کە ئیستعمار چوبێتە وڵاتێك لە وڵاتانەوە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخمان کە لە هەندێ باردا دەگاتە زیاتر لە سێ سەدە، وەك لە جەزائیر و هەروەها لە مەغریبی عەرەبی، بەهەمان شێوە لە رۆژهەڵاتی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی عەرەبی و وڵاتانی تر، کاتێك ئەم جەنگە سەربازیانە دەستی پێکرد، ئیستعمار و داگیرکەران تیایاندا سەرکەوتن، یەکەم شتێك کە هەستان بە جێبەجێ کردنی شوێنەواری سەرکەوتنەکەیان لەم جەنگە سەربازیەدا بریتی بوو بە گۆڕینی یاسادانان و گۆڕینی شەریعەتی ئیسلامی بە یاسای دەستکرد و هەروەها دەستیان کرد بە گۆڕانکاری لە یاسا ئابوریی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم ئوممەتە ئیسلامیە، ئەمە سەرباری ئەو هەوڵە زۆروزەوەندەی ئەیاندا بۆ گۆڕینی ئایینی ئیسلام لە میانی هۆکارەکانی تەبشیرو هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت، کە هەمیشە ئەمانە رێگە خۆشکەر بوون بۆ ئیستیعمار و داگیرکەران و هاوهەڵوێست دەبوون لەگەڵ داگیرکەران و زۆربەی جار ئەمانە گەلە نامسوڵمانەکانیان لەبیردەچوو، هەروەها نەتەوەی خۆیان لەبیردەکرد.

لێرەوە جەنگەکانی رزگاری خوازی لەسەد ساڵ لەمەوبەرەوە لە (جەزائر و مەغریب و تونس)ەوە دەستی پێکردو پاش ئەمانیش لە میسرو عێراق و شام و وڵاتانی تری عەرەبی و ئیسلامی دەستی پێ کرد، مسوڵمانان لە میانی دروشمی جیهادو تێکوشاندا سەرکەوتنیان لەم جەنگانەدا بەدەستهێنا، ئەو دەمە وشەیەك نەبوو بەرزبکرێتەوەو هێزێك نەبوو خۆ بگرێت، جگە لە هێزێك نەبێت بەناوی ئیسلام و بەناوی جیهادەوە نەبێت و لەژێر ئەم

ئالآیەدا وڵاتان رزگاریان بووە بەڵام گەلان لەو کاتانەدا ئامادەباشی تەواوی وەرنەگرتبوو تا گەڕانەوەیەکی تەواو  بگەڕێتەوە بۆ ناسنامەو ئاین و ئەو دروشمە راستەقینەیەی ئەو گەل و نەتەوانە بەرزیان کردبووەوەو بەهۆیەوە سەرکەوتن کە ئەویش دروشمی جیهاد بوو، لێرەوە ئەم وڵاتانە رزگاریان بوو لە داگیرکاری سەربازی بەڵام داگیرکردنی فکری و غەزوی رۆشنبیری (سەقافی) و داڕنینی ژیاری  و هەوڵی گۆڕینی ناسنامەی ئوممەت و سەپاندنی ناسنامەیەکی ترو رۆشنبیریەکی تر بەسەر ئەم ئوممەتەداو لەمەشدا سەرکەوتوو بوون، کاتێك شەریعەتی ئیسلامیان گۆڕی بە یاسای دەستکرد و ئەم یاسایانە تا رۆژگاری ئەمڕۆیشمان لە زۆربەی وڵاتاندا بەردەوامە بەهەمان شێوە ئەو نیزامە ئابوریە کەم و کورتەی هەبوو لە جیاتی نیزامی ئابوریی سەرمایەداریان لە زۆربەی وڵاتاندا داناو لە هەندێکی تریشیاندا نیزامی ئیشتراکی شیوعی، ئەم ئوممەتە کەوتە ململانێیەکی تاڵ لە میانی ململانێی لەسەر ناسنامەی ئوممەت، ئوممەت بە گشتی دەیویست ئیسلام ناسنامەی بێت  و ئەو شەریعەتی باڵادەست دەبێت، شەریعەتی ئیسلام بێت و نیزامە ئابوریەکەی لەسەر ئەو حەڵاڵ و حەرامە وەستا بێت کە لەناو مزگەوت  و بازاڕدا بڕوای پێیەتی، بەڵام ناچار کراوە کە مامەڵە لەگەڵ حەرام و قەدەغە کراوەکاندا بکات لە میانی رژێمە سەرمایەداری و سوشیالیستی و سوو و ریباییەکانەوە،  ئەم ململانێیە لەلایەن دوژمنانەوە ئاگرەکەی خۆش دەکرا، هەمیشە داگیرکەران پاڵپشتی هەموو بیرو بۆچوون و رەچەو رێبازێکیان دەکرد جگە لەو بیروبۆچوون و رێبازانەی کە ناوی ئیسلامیان پێوەبوو، ئەوەتا (م هادران) لە راپورتەکەی (2005) و (2006) ئەم بابەتەی باس کردووەو هیچ کامێك لە ئیسلامیەکانی لێ هەڵنەبواردووە تەنانەت سۆفیەکانیش، دەڵێت ئەگەر چی سوفیەکان ئەمڕۆ لە ئێمەوە نزیکترن و دەتوانین بۆ لێدانی ئیسلامی سیاسیی بەکاریان بهێنین  و سودیان لێ ببینین، بەڵام سۆفیەت مەترسی خۆی هەیە ئەویش لەو میانەیەدا کە مەرجەعیەتی ئیسلامی  و ناسنامەی ئیسلامی هەیە.

ئەو داگیرکەرانەو ئەوانەی دەیانەوێ هەژموونی دەسەڵاتیان هەبێت بەسەر وڵاتماندا باش دەزانن کە ئیسلام زەلیلی و سەرشۆڕی رەت دەکاتەوە و پێی رازی نیە،  جگە لەخوای گەورە بەندایەتی بۆ کەسی تر بکات، هەروەها رەتی دەکاتەوە شوێنکەوتەی کەسی تر بێت جگە لە خوای پاك و بێگەرد، بۆیە لەم پێناوەدا هەردەم لەگەڵیدا دەجەنگن و لە گۆڕەپانی ئامادەبوون و جەماوەری و یاسادانان و سیاسیی دوور دەخرێتەوە، ئەگەر جەنگەکە لە

رووكاردا لەنێوان ئەوانەی پێیان دەوترێت ئیسلامی سیاسیی و لەنێوان پرۆژەی رۆژئاواو رۆژهەڵاتدا بێت، بەڵام ئەم جەنگە لە ناوەرۆك و راستیدا لەنێوان ئەوەی ئیسلام بۆ ئەم ئوممەتەی دەیەوێت کە دەیەوێت یەك ئوممەتی سەربەرزو بەهێز بێت و بتوانێت ئوممەتێکی شارستانی پێشکەوتوو سەربەخۆبێت و ئەوەی ئیسلام لەم ئوممەتەی دەوێت و لەنێوان ئەوانەی کە دەیانەوێت ئەم ئوممەتە بەو هەموو خێرو بێرە زۆرو زەوەندەو کانزا بەنرخەکەی و ئەو پیت و فەڕە زۆرەی کەلە ئەژمار نایەت ئوممەتێکی شوێنکەوتەی ژێر دەستەی لێکهەڵوەشاو و پەرت پەرت بێت (پەرت پەرتیان بکە دەبێتە گەورەیان) دەیانەوێت ئوممەتێکی لاواز بێت تا بە ئاسانی حەپەلوش بکرێت، ئوممەتێك بێت بێ ناونیشان و ژیارو شارستانی و بێ هێز و بێ ئەوە ببینرێت و لەبەرچاوبێت و هیچ چاکەو خێرێکی تیا نەمێنێ، ئەمەیە ململانێی راستەقینە، چونکە ئەمەیان دەوێت و لە دیدی ئەوانەوە پێویستە وابێت، ئیتر چی چاوەڕوان دەکەیت لە ئوممەت و نەتەوەیەك یان لە گەلێك یان لە دەوڵەتێك کە بیەوێت دەسەڵاتی هەبێت و بەرژەوەندیەکانی پارێزراو بێت و گەل و نەتەوەکەی بەرامبەری کزو لاواز بێت ئەمەیە ویست و ئارەزوی ئەوان، بەڵام ئیشکالیەت لە کاروباری ئەم ئوممەتەدایە.

لێرەوە ئەم ئوممەتە سەرقاڵ بوو، چووینە ناو ململانێ گەلێکی زۆرەوە بەناوی ئەم حزبانەوە کە هەریەکەیان ناوێکی لەخۆی نابوو، هەیانبوو بەناوی حزبە پێشکەوتوو خوازەکانەوە هەیانبوو بەناوی سوسیالیستیەوەو هەندێکی تریان بەناوی سەرمایەداریەوە، تەنانەت لە سەرەتاوە خۆیان بە دیموکراتخواز لەقەڵەم دەدا، بەڵام دیموکراتیەتێکی تەزویر و ساختە نەك دیموکراتیەتێکی راستەقینە بۆیە جیهانی ئیسلامی و بەگشتی جیهانی عەرەبی بەتایبەت لەم ململانێیەدا دەژیا، لە سایەی ئەم ململانێیەدا هیچ هێزو پێزێك نەبوو، ئابوریەکی بەهێز بونی نەبوو، هەروەها مەبەستەکانی خوای گەورەو مەقاصیدی شەریعە بەهیچ جۆرێك نەدەهاتنە دی و بەرپا نەدەبوو، هەر کە حزبێك دەڕۆشت و نەدەما حزبێکی تر دەهات، هەر کە هەندێ حزب و هەندێ فکرەو هەندێ ئایدۆلۆژیا شکستیان دەهێنا، ئایدۆلۆژیایەکی تر سەری هەڵدەدا جارێك بەناوی سەرمایەداری و جارێك بەناو سۆسیالیشتیەوەو جارێك بەناوی کودەتای سەربازی و جارێکی تر و جارێکی تر...

زیاتر لە دووسەد ساڵ ئەمە حاڵی ئوممەتی ئیسلامی بوو، کە ئاگری ململانێی لەناودا خۆش دەکرا بەتەواوی مانای وشە، ئەنجا شتێك پێکهێنرا بەناوی ئیسلامی سیاسیی و

ئیسلامی غەیری سیاسیی یان وەهابی و ئیسلامی فلان و چەندین ناوی تر، ئەمانە هەمووی لە ناوەڕۆك و راستیدا سەرچاوەی لەو ململانێیەی وەرگرتبوو، بەڵام زۆربەی ئوممەت لەم مەسەلەیە تێنەگەیشتبوو، ئەمەش خەتای نوخبەی سیاسیی بوو، زۆربەی بیریارو عەلمانیەکان بوو کە بەشێوە راستەقینەکەی لە ئیسلام و گشتگیریەکەی تێ نەگەیشتبوون و ئیسلامی سیاسیی یان جموجوڵی ئیسلامی سیاسیی و ئەوەی بە ئیخوان و غەیری ئیخوان ناو دەبران بە دوژمنیان دانان و لێرەوە هەندێکیان یان زۆرینەیان بوونە لایەنگری پڕۆژە دەرەکیەکان بۆ پاراستنی دەستکەوت و بەرژەوەندیەکانیان یان لەبەرئەوەی حەقیقەتی ئیسلامیان نەدەناسی، بەتایبەتی کە راگەیاندنی جیهانی لەژێر دەستی زایونیدا بۆو، کاتێك هۆکارەکانی راگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵ بەڕێژەی (90٪) لە سەرچاوەو ناوەرۆك و جەوهەردا بەدەستی زایونی و جولەکەوە بوو لە (10٪)ە کەی تری بەدەستی غەیری جولەکەوە بوو ئەوانیش بەلانی کەم ئیسلام و مسوڵمانیان خۆش نەدەویست یان نەزان بوون بەرامبەر ئیسلام و حەقیقەتی ئیسلام، ئەم ململانێیەش ئەم هەموو کێشەو گرفتەی لێکەوتەوەو لە دید و تێڕوانینی لێکۆڵەرانەوە ئەم حاڵەتە بە بەرپرسی دەزانن بەرامبەر ئەوەی ئوممەتی پێگەیشتووە لە دواکەوتن و پەرت بوون لێکهەڵوەشان، چونکە ئەمە ئەم ئوممەتەی پەرت پەرت کرد و خۆیان بەخۆیانەوە سەرقاڵ بوون ئەوەتا تائێستا لە جەنگێك رزگارمان دەبێت دەکەوینە جەنگێکی ترەوە.

کاتی خۆی لە جەنگدا بوین لەگەڵ داگیرکەراندا پاشان کەوتینە ناو کودەتای سەربازیەوە دواتر کەوتینە جەنگ لەگەڵ یەکتر لەماوەی سەد ساڵدا لە جیهانی ئیسلامیدا زیاد لە دووسەد جەنگی ناوخۆیی روویداوە، لە نێوان ئەو وڵات و ئەو وڵاتدا، لە عێراق و کوەیت و وڵاتانی ئەفریقی و تەنانەت لەنێوان وڵاتانی کەنداو لەسەر سنورەکان، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئەم سنورانە داگیرکەران لە رێکەوتننامەی سایکس بیکۆدا دروستیان کردووە، ئەم سنورانە بەر لە سەد و پەنجا ساڵ بوونیان نەبوو، هەموو ئوممەت و نەتەوەی ئیسلام یەك بوو یەك رەگەزنامە و یەك سنوری هەبوو بۆیە دەبینی لە هەموو وڵاتێکدا کەسانێك دەبینیت کە سەر بە وڵاتێکی ترن، ئەوە میسریە، ئەوی تر تورکیەو ئەویش کوردیە یەکێکی تر عەرەبە لەوپەڕی وڵاتی ئیسلام و مسوڵمانانندا بۆ هەرکوێ رۆشتبایت بۆ وڵاتانی فارس یان قیرغیزیا، یان ئوزبەکستان تا ئەوپەڕی ئەفریقیا دەبینی هۆز و تیرەی عەرەبی بۆ چووە یان لە ئەندونیسیا بەم شێوەیە ئەم ئوممەتە یەك پارچەو خاوەن یەك زەوی بووە

پاشان سەرقاڵ کراوە بە نەتەوەپەرستیەوەو بەهۆی نەتەوە پەرستیەوە خەلافەتی عوسمانیان روخاند و نەتەوەی تورانی توندڕەویان سەرقاڵ کرد بە نەتەوەی عەرەبەوەو ئەمانیش پەرچەکرداریان بۆ دروست بوو هەردوو نەتەوە پێکدا هەڵپژان و دەرەنجامەکەیشی روخانی خەلافەت بوو، ئەوەیشی سودی لەم رووخانە بینی عەرەب نەبوو هەروەك ئەوەی بەڵێنیان پێدرابوو کە بۆ ئەوان بێت، بەڵکو ئینگلیز و فەرەنسیەکان سودمەندی ئەوەڵ و ئەخێر بوون، ئەم مێژووە ئێمە تێیدا ژیاوین یان ئەوەی دەیبینین دوور نیە و ئەمڕۆیش بەرەو جەنگی سێیەم دەڕۆین واتە جەنگ لەگەڵ ئەوانەی کە داگیرکەران دایان ناون بەسەر گەلانەوە کە بەناوی کودەتای سەربازی و لەسەر پشتی دەبابەو تانکی ئەوانەوە هاتوون و خۆیان سەپاندووە و خراپەیان بەسەر زەویدا بڵاوکردوتەوەو ناسنامەی راستەقینەی ئەم ئوممەتەیان لەماوەی 35 تا 40 ساڵی رابردوودا لەناو بردووە، لە چلەکاندا کودەتای سەربازی لەشام و پاشان لە میسر لە پەنجاکان هەروەها لە عێراقیشدا بەهەمان شێوەو هەروەها لە وڵاتانی ئەفریقی و عەرەبی، بەم شێوەیە گەیشتوتە قۆناغی ئەو شۆڕشە جەماوەریەی کە دەیبینین، دەبینین خەڵکی ئامادەیە قوربانی بدات بە هەموو شتێکی گرانبەها، لە پێناو رزگاربوون لە چنگی ئەو دیکتاتۆرە سەرکوتکەرانە، ئەوانەی گەردنیان بەخەڵکی کەچ کردووەو ماڵ و موڵکی خەڵکی حەپەلوش دەکەن و خراپەو فەساد بەسەر زەویدا بڵاودەکەنەوە، هەموو ئەو وشەو وتانەی دەوترێنەوە بریتین لە (الله اكبر) و (لا أله ألا الله) ئەوەی پاڵینا بەم خەڵکەوە ئاوا قوربانی بدەن تەنها پاڵنەری ئینتمایە بۆ ئیسلام، تەنها دروشمی ئیسلامی بزوتنەوە ئیسلامیەکانە کە ماوەی سەد ساڵە رێ خۆش دەکات بۆ ئەم شۆڕشە جەماوەریانە، ئەم شۆڕشانە لە بۆشاییەوە نەهاتووە بەڵکو لە بەرنامەڕێژی و ئەو کوشش و ماندوبوونەیە کە ئەوانە بەختیان کردووە و قوربانیان داوە بە هەموو شتێك و زۆربەیان لە بەندیخانەکاندا کوژراون و لە گرتوخانەکاندا ئازارو ئەشکەنجە دراون لە میسر و شام و لیبیاو لە هەموو شوێنێك.

ئایا پاش ئەم هەموو جەنگەی کە کردمان وە ئایا پاش ئەو هەموو شکست و نسکۆیەی بەدیهات لەسەر دەستی ئەوانەی کە دروشمی ئیسلامییان بەرزنەکردبووەوەو لەگەڵ ناسنامەی ئوممەتدا کە ناسنامەی ئیسلامە کۆك و هاوڕا نەبوون جارێکی تر ئەم گەل و نەتەوەو ئوممەتە ئەزموون دەکەن و جارێکی تر لە ناسنامەی ئیسلام دوور دەخرێنەوە، بۆ

ئەوەی بچینە ململانێیەکی ترەوە بۆ ماوەی سەد ساڵی تر؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە پێویستە یەکلایی بکەینەوە، خوای گەورەو پەروەردگار لە قورئانە ئازیز و پیرۆزەکەیدا ئەم ناسنامەیەی بۆ یەکلایی کردوینەوە کاتێك لەگەڵ عەرەب و غەیری عەرەبدا دەدوێت لەچەند ئایەتێکی پیرۆزی جێگیری و موحکەمدا دەفەرموێت (اليوم اكملت لكم دينكم واتمت عليكم نعمتي ورضيت لكم الاسلام دينا) خوای گەورەو پەروەردگار رەزامەندە لەسەرئەوەی ئەم ئوممەتە یەك دین و ئایینی هەبێت، رازی نەبووەو نابێت هیچ دینێکی تر و هیچ ئینتمایەکی تر وە بەهیچ ناسنامەیەکی تر لەگەڵ ئەوەی ئیسلام دان دەنێت بە ناسنامەی نەتەوایەتی و هۆزو تیرەو نیشتماندا، ئەم ناسنامانە یان ئەم ئینتمایانە هیچ رێگرییەکیان نیەو قبوڵ کراوە، بەڵام لە چوارچێوەی ئیسلامی بەرزو پیرۆزدا، ئەمانیش پێویستە بەشێوە ئەرێنیە پۆزەتیڤانەکەی دابرێژرێتەوە، نەك بەشێوە نەرێنی و نێگەتیڤانە رەگەز پەرستانەکەی، ئەوەی تەنها زەرەروزیانەو هیچ سودێکی نیە، بەڕاستی بۆگەن و بۆگەن کەرە هەروەك پێغەمبەری ئازیزمان - درودی خوای لەسەر بێت - دەفەرموێت: "دعوها فانها منتنه" واز لە رەگەز پەرستی بهێنن و لێی دووربکەونەوە چونکە بەڕاستی بۆگەنە، کاتێك رەگەز پەرستیەکی نەفامانەبێت، بەڵام کاتێك نەتەوایەتی بۆ خزمەتی نەتەوەو گەل بێت، بۆ ئەوە بێت هەر گەل و نەتەوەیەك هەستێ بە خزمەتی ئەوانی تر لە چوارچێوە راست و دروستەکەیدا و لە چوارچێوەی مافی نزیکەکاندا بێت، ئەو مافانەی کە ئیسلام خۆی پێویستی کردووە لەسەر خزم و نزیکان پاشان لەسەر ناوچە نزیکەکان "خذها من اغنيائهم وردها على فقرا وهم" لە دەوڵەمەندەکانیان وەربگرەو بیدەرەوە بە هەژارەکانیان، کاتێك لەم چوارچێوەیەدا بێت، ئەوا هێزێکی پۆزەتیڤ و ئەرێنی دەبێت لەناو قەوارەیەکی گەورەدا لەناو چوارچێوەیەکی گەورەدا، ئەویش چوارچێوەی ئیسلام و چوارچێوەی نیعمەتی برایەتی، بەمەش نەتەوەو ئوممەت پێکدێت، نەتەوەو ئوممەت لەیەك گەل پێك نایەت با هەرچەند ئەو گەلە گەورەیش بێت، بەڵکو ئوممەت لەچەندین کۆمەڵی لێك جیاو چەندین ژیارو شارستانی و چەندین گەل پێك دێت، ئەم گەلانە خاوەنی ژیارو شارستانی جۆراوجۆرن.

گەورەیی ئیسلام لێرەوەیە وە گەورەیی ژیارو شارستانی ئیسلام لە جۆراوجۆریەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەم شارستانیە بەخێراییەکی زۆر پێك هات و گەشەی سەند، ژیارو شارستانیەك

لەماوەی (150) ساڵدا گەیشتە پلەو پایەیەکی دوورو بەرز لە هەموو بوارەکانی زانستدا، لە هەموو بوارەکانی پێشکەوتندا، ئەم ئوممەتە بووە خاوەنی زەوی و بەڕێوەبەرو کاربەدەستی ئەم زەویەو جێگیربوو تێیداو توانای بەرپاکردنی دادگەری و جێبەجێ کردنی دادگەری هەبوو وە گەواهی دەری بۆ دروست بوو ﴿**وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيداً وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنتَ عَلَيْهَا إِلاَّ لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلاَّ عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللّهُ وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ إِنَّ اللّهَ بِالنَّاسِ لَرَؤُوفٌ رَّحِيمٌ**﴾**البقرة**143 .. واتە: بۆئەوەی ببنە ئوممەتێکی دادپەروەرو توانا بەسەر نیشاندان و بەرپاکردنی دادپەروەری لەناو خەڵکیدا نەك ئوممەتێك بیەوێت سەروەت و سامانی کەسانی تر بە تاڵان ببات هەروەك ئەوەی لە ئیستعمارو داگیرکەرانمان بینی، لەگەڵ ئەوەی ئیدیعاو بانگەشەی شارستانی بوون و پێشکەوتنیان دەکرد، لێرەوەیە پێویستە لەسەر ئوممەت پارێزگاری لەم ناسنامەیە بکات کە کۆکەرەوەیە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر لەم ململانێیەدا ئەوەیە رووی ئاراستەی ململانێکەی نێوان ئەم ئوممەتە و نێوان پڕۆژە نامۆکان بەم ئوممەتە بێت.

مامۆستایەکی مەسیحیم هەبوو لە زانکوی (عین شمس) لە میسر بانگەشەی بۆ پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی دەکرد، کاتێك پێم وت ئەمە چۆنە تۆ مەسیحیت و بانگەشە بۆ پیادەکردنی شەریعەت دەکەیت؟ وتی ئەم فیقهـ و شەریعەتە واتە فیقهی ئیسلام بەلانی کەمەوە فیقهێکە لەم ژینگەیەدا گەشەی کردووە و لە منەوە زیاتر نزیکە لە فیقهی فەڕەنسی یان فیقهی رۆمانی یان ئینگلیزی ئەوانەی داگیرکاربوون چۆن رازی و قایل ببم بە فیقهـ و قانونێك لەگەڵ داگیرکەردا هاتبێت و تا ئێستاش حوکمی من بکات، لەکاتێکدا داگیرکەر وەدەرنراو، بەڵام شوێنەوارەکەی حوکممان بەسەردا بکات.

هەڵوێستی راست و دروست لەلایەن غەیرە مسوڵمانەوە ئەمەیە کە هەڵوێستیان ئاوها بێت کە ئەم دینە ئەزمون کراوە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئایینەکاندا ئیسلام لێ بوردەییەکی گەورەی بەخشیوە بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە، هەروەك رۆژئاواییە بە ئینسافەکان دەڵێن بۆ یەکەمجار مافەکانی غەیرە مسوڵمان پۆلێن کراوەو نوسراوەتەوە دەوڵەتی ئیسلامی پابەند بووە پێوەی بە دەق و بەڵگەنامەی نوسراو لە مێژوودا بۆ یەکەمجار لە میانی پەیماننامەی مەدینە کە پێیشی دەوترێت دەستوری مەدینە کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾لە بیست و حەوت ماددەی دەستوریدا پشتی پێ بەستووە بەتەواوی مانای وشە. ئەم ماددانە پەیوەندی

جولەکەی بە مسوڵمانانەوە ڕێکخستووە لەسەر بنەمای مافی هاوڵاتی بوونێکی تەواو، تەنانەت لەو کاتەدا هیچ سەرانە و جزیەیەك لە ئارادا نەبووە، هیچ شتێکی تر لە ئارادا نەبوو جگە لە مافی هاوڵاتی بوونێکی تەواو بێ کەم و کورتی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، نەك هەر ئەمە بەڵکو هەندێکیان لە سایەی شارستانی ئیسلامیدا گەیشتوونەتە پلەو پایەی بڵند هەروەك **سیوطی** دەڵێت: "هەندێ لە مسوڵمان ئاواتە خوازبوون بگەنە ئەو پلەو پایانە ئیتر ئەو پلەو پایەیە زانستی یان وەزاری بوایە" ئیتر ئەم ترسە چیە لە ئاینێك کە ئەزموون کراوە لەکاتێکدا نامسوڵمانەکان سەربەست و ئازاد بوون، بڕوانە ژمارەی مەسیحیەکان لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا، ماونەتەوە هەروەك چۆن بوون لەوەوپێش و ئەوەی هاتبێتە سەر ئایینی ئیسلام بە تەواوی ئازادیەوە هاتوون هیچ زۆرلێکردن و ناچارکردنێکی تێدا نەبووە بە درێژایی مێژووی ئیسلامیمان، لەکاتێکدا کە خاچ پەرستان هاتن بۆ ئەندەلوس کە مسوڵمانان تێیدا دەژیان و زۆرینەی دانیشتوانەکەیان پێکدەهێنا بە ملیۆنان ئیسپانیاو بەشێکی زۆری ئیتاڵیاو پرتوگال و بەشێکی گەورەی فەرەنسای پێکدەهێنا، ئەم ناوچە زۆر بەرفراوانە مسوڵمانان بۆماوەی هەشت سەدە حوکمیان کردووەو زۆرینەیان لە مسوڵمانان بوون کاتێك خاچ پەرستەکان هاتن تەنها لەماوەی بیست ساڵدا یەك مسوڵمانیان تێدا نەهێشت یان کوژراوە یان سوتێنراوە لە دادگای پشکنیندا یان مسوڵمانبوونی خۆی شاردۆتەوە یان کردوویانە بە مەسیحی و چووەتە سەر دیانەتی مەسیح و تەنها مسوڵمانێکیشیان نەبواردووە، لەکاتێکدا سەیری مەسیحیەکان و جولەکەکان بکە سەرباری ئەوەی کردیان بە پێغەمبەر(ﷺ) بەڵام ئیسلام ئایینی لێ بۆوردن و دابین کردنی مافەکانە، مافی پێدان دینی خۆیان پیادە بکەن لە دەوڵەتی ئیسلامیدا لە کاتێکدا ئەمە قەدەغەیە لە سایەی ئەوەی ناودەبرێت بەسەروەری یاسای نیشتمانی لە بەریتانیا لەوێ هەموو شتێك قەدەغەیە جگە لە یاسای ئینگلیزی، بەهەمان شێوە لە فەرەنسادا، بەڵام لە ئیسلامدا ڕێگە دراوە کە یاسایەکی تر هەبێت تایبەت بە نامسوڵمان، هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت لەم سەردەمی شارستانی و پێشکەوتنەدا هیچ لێ بوردەییەك لە ئایینێکی تردا نیە کە یاسایەکی تر هەبێت چونکە لەژێر ناونیشانی سەروەری یاسادایە، بەڵام ئیسلام وازی لەم سەروەریە هێنا لەپێناو ئازادی خەڵکیدا.

شتێکی تری گرنگ لەجیاتی ئەوەی عەلمانیەکان وەك ئەوەی ئەمڕۆ لە تونس و میسر لە ئارادایە پاش ئەوەی ئەمڕۆ شۆڕشە پیرۆزەکە شۆڕشی نوێژی هەینی و شۆڕشی تەراویح و

شۆڕشی نوێژەکان  و شۆڕشی سوتەمەنی ئیسلامیە ئەوەی سەد ساڵە دەبێتە سوتەمەنی کەچی ئێستا هەوڵ دەدرێت ئەوانە سەرقاڵ بکەن بە ململانێی نێوان مسوڵمانان و نێوان عەلمانیەکان، لە جیاتی ئەوە باشترە سەرقاڵ بن بە ململانێی نێوان ئینتیمای ئیسلامی  و ئینتمای نەتەوایەتی  و نیشتمانیمان - کە ئەمیش لەبەر هەڕەشە و مەترسیدایە وە لەنێوان پڕۆژەکانی بیانیدا، ئەو پڕۆژانەی کە داوامان لێ دەکات شوێنکەوتە بین "ولن ترضى عنك اليهؤد والنصاري حتى تتبع ملتهم" بڕوانە وردی  و دیقەتی قورئانی پیرۆز، نەی فەرموو تا دەچنە ناو دینەکەیانەوە، چونکە ئەوان ئەوەیان ناوێت، بەڵکو شوێنکەوتەییان دەوێت و فەرمووی (ملتهم) واتە: رۆشنبیری و شارستانیەتیان، ئەوان دەیانەوێت ئێمەی ملیارێك و شەش سەد ملیۆن دانیشتووی سەرزەوی شوێنکەوتەی ئەوان بین، چونکە ئێمە خاوەنی سەروەرت سامان و خێروبێرین و ئایین و شارستانیمان هەیە، بۆیە پێویستە ئێمە خاوەنی خۆمان بین چونکە ئەم خاوەنداری خۆبوونەیە بە تێڕوانینی ئەوان مەترسی  و هەڕەشەیە لەسەر ژیارو شارستانیە مادیە ئیستعماریە ناشیرنەکەیان.

بۆیە بانگەوازی من لەم شوێنە پیرۆزەوەو لەم رۆژە پیرۆزەدا با ململانێ لەناو ئوممەتی ئیسلامی و عەرەبی لەنێوان ئیسلامیەکان و لەنێوان عەلمانیەکاندا نەبێت، بەڵکو با ململانێ دژی پڕۆژە بیانیەکان بێت، بەڵکو با ململانێ لەنێوان پڕۆژەی ئیسلامی میانڕەو و پڕۆژە توندڕەوەکاندا بێت، با عەلمانی  و ئیسلامیەکان هاوڕابن - ئەگەر ئەم دەستەواژەیە راست بێت لەسەر بێزراندنی پڕۆژەی توندڕەوی، ئەمە ئەو بنەمایەیە کە ئەو پەڕو ئەم پەڕگیری دژی ئیسلامە، زیادەڕەوی و توندوتیژی دژی مسوڵمانان و ئیسلامن، با هەمووومان لەسەر ئەمە پێکبێین، با کۆبین لەسەر ئەوەی ئیسلامی دینی خوا ئەو دینەیە کە جێی هەموانی تێدا دەبێتەوە، ئەو ئیسلامەی کە هەموو ژیارو شارستانی و هەموو بەهاو هەموو خێروبێرێکی تێدایە، ئەو ئیسلامەی پیادەکراوەو هەموو ئاینەکان  و هەموو مەزهەبەکانی لەخۆ گرتووە، مەسیحیەت  و جولەکایەتی  و تەنانەت هندۆسی. مسوڵمانان <u>**1200 هەزارو دووسەد**</u> ساڵ لە هند ژیاون و ئەوان دەسەڵاتداربوون و هیچ کەسێك لە رێگەی زەبرو زەنگەوە نەهێنراوەتە ئیسلامەوە ئەگەرچی دەیانتوانی هندۆس و سیغەکان ناچار بکەن بێنە ناو ئیسلامەوە. بەڵام ئەوان لە ئەندەلوس نیمچە کیشوەر تەنها لەماوەی بیست ساڵدا یەك مسوڵمانیشیان نەبوارد لە کوشتن یان سوتان یان بەزۆر کردنیان بە مەسیحی. بۆیە ئەگەر لەم ململانێیە سەرکەوت ئەوا وامان لێدەکات بچینە ململانێیەکی ترەوەو ئوممەتی

ئیسلامی سەرقاڵ دەكات، لەجیاتی ئەوەی سەرقاڵ بێت بە گەشەپێدان و زانست و شارستانی و ژیارەوە سەرقاڵ دەبێت بەخۆیەوەو دوادەكەوێت و دەبێتە شوێنكەوتە "تتبع ملتهم" بێبەش دەبین لە سەروەت و سامان و خێروبێرو یاساو شەریعەتمان، ئایا كەسانی خاوەن ڕێزو شەرەفمەند قایل دەبن بەم شوێنكەوتەییە، ئەمە ئەو پرسیارەیە كە پێویستە لەخۆمانی بكەین.

سوێند بەو خوایەی كە هیچ پەرستراوێك نییە جگە لەئەو، ئەو دوژمنانە تەنانەت عەلمانیەتیشیان ناوێت بەڵكو دەیانەوێت ببنە بەكرێگیراویان، من ئەوە دەڵێم كە زۆربەی عەلمانیەكان نیشتمان پەروەرو بەڕێزن بەڵام گرفتیان ئەوەیە كە ئەوان دەڕوانن هەندێ كۆمەڵی توندڕەو و وا گومان دەبەن ئەوەی ئەوان ئیسلامە، ئیسلام ئەو كۆمەڵە توندڕەوانە نییە كە تائێستاش ڕێژەیان ناگاتە لە 1٪ی مسوڵمانان واتە ڕێژەی كومەڵە ئیسلامیەكان بەگشتی ئەوانەی كە بانگەشە دەكەن بۆ شارستانیەت و پێكەوە ژیان و ئاشتی.

لەخوای گەورە دەپاڕێمەوە وڵاتانی ئیسلامی لەم ململانێیانە بپارێزێت، ناسنامەی ئیسلامیمان كە بەدیل و جێگرەوەی نیە بپارێزێت، بەڕاستی گەلان دڵیان مسوڵمانە بۆیە ناگونجێ جگە لە ئیسلام بەشتێكی تر قایل بن، بمانپارێزێت لە چونە ململانێیەكەوە لەگەڵ حكومەتدا بۆ سەد ساڵی تر بمێنینەوە لە ململانێیەكەوە بۆ ململانێیەكی تر، لەخوای گەورە دەپاڕێمەوە كە ڕێنمایی ئەو عەلمانیانە بكات و هیدایەتیان بدات بۆ ئەوەی ئوممەت كۆو یەك دەنگ بن بۆ ئەو شتەی كە بەرژەوەندی ئوممەتی تێدایە و خێروچاكە و شەرەفمەندی خۆیی تێدایە.

ئێمە هێشتا لە جیهانی ئیسلامیماندا لە ململانێی گەلێكداین بەراستی گەلانی مسوڵمان لە رابردوو لە دەستی داگیركەر رزگاریان بوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەم گەلە مسوڵمانانە دەیانەوێت رزگاریان ببێت لەو زوڵم و ستەمەی بەسەریاندا سەپاوە بە هەر قوربانی و نرخێك بێت، زیاتر لە (50) هەزار كەس شەهیدبوون لە جەنگی رزگاری دووەم یان سێیەم لە لیبیادا، لە میسردا - سوپاس بۆخوا ئەگەر چی قوربانیەكە كەم بوو بەڵام جەنگەكە هێشتا بەردەوامە بەتایبەتی لەم مەسەلەی یەكلایی كردنەوەی ناسنامەی ئیسلامیدا، لە میسر پێویستە لەسەر براكانمان ئەم مەسەلەیە یەكلایی بكەنەوە لە بەرژەوەندی ئەزموون و واقیع و لەبەر بەرژەوەندی تێكڕای خەڵكی بەگشتی.

له سوریاش هەروەك دەیبینین ئێستاشی لەگەڵدا بێت رژێم تەنگی بە گەلەکەی هەڵچنیوەو دەستی ناوەتە بینەقاقایان و بە توندوتیژترین شێوەو ئەشکەنجەدان و کوشتوبڕ و ئازاردان رووبەڕووی گەلەکەی دەبێتەوەو تائێستاش هەزاران کەس شەهید بوون، ئەوەی ئاشکرابووە بەشێکی زۆر کەمە لەوەی هێشتا ئاشکرا نەبووە وە لەماوەی مانگی رەمەزاندا زیاتر لە 80 کەس لە بەندیخانەکاندا بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە گیانیان لەدەست داوە، خوای گەورەو میهرەبان مەترسی کوشتنی روون کردۆتەوەو دەفەرموێت ﴿**وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِناً مُّتَعَمِّداً فَجَزَآؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِداً فِيهَا وَغَضِبَ اللّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَاباً عَظِيماً**﴾**النساء**93 ، هەروەها پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ دەفەرموێت "لايزال المسلم في فتحة من دينه مالم يرق دما لأمر و مسلم" واتە مسوڵمان بەردەوام لە فراوانی دینەکەیدایە مادام خوێنی کەسێکی مسوڵمانی نەڕشتبێت، بۆیە داوا لە سوپای سوریاو ئاسایش و پۆلیس دەکەین کە گەلی سوریا بپارێزن لە چنگ و چڕنووکی رژێم و تارماییەکەی، دروست نییە فەرمانەکانی رژێمێك جێبەجێ بکەن کە گەلەکەی قڕ دەکات و شەرعیەتی لەدەستداوە "فلا طاعة لمخلوق فى معصية الخالق" واتە فەرمانبەرداری بەدیهێنراو ناکرێت لە بێ فەرمانی بەدیهێنەردا.

هەروەها داوا لە پاشماوەی سوپای یەمەن دەکەین ئەوانەی کە لەگەڵ رژێمدا ماون بچنە پاڵ شۆڕشگێڕان بۆ یەکلایی بوونەوەو بۆئەوەی یەمەن لەم حاڵەتی شەلەلەدا نەمێنێتەوە.

داواکارین لە رێکخراوی هاریکاری ئیسلامی و، کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی کە هاوهەڵوێست بێت لەگەڵ گەلانی ستەمدیدە نەك لەگەڵ رژێمە ستەمکارە خوێنڕێژەکاندا.

## رۆڵی کۆمەڵایەتی دارایی لە ئیسلامدا

خوای گەورە سامان و دارایی کردۆتە هۆکارێك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گشتی ژیانی هاوڵاتیان، هەروەها هۆکارێکە بۆ راپەڕین و جوڵەو شارستانیەت لەسەر ئاستی گشتی گەلان بۆ تاکەکانیش بەهەمان شێوەیە، چونکە بەبێ دارایی ناتوانرێت شتێکی ئەوتۆ ئەنجام بدرێت، دارایی یەکێکە لەپێویستیەکانی ژیان لەسەر زەویدا، هەروەها یەکێکە لەگرنگترین کۆڵەکەکانی بوونی مرۆڤایەتی و مانەوەیی و گەشەکردن و بەرەوپێش چوونی، هەر بۆ ئەم مەبەستەشە کە خوای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێت ﴿**وَلاَ تُؤْتُواْ السُّفَهَاء أَمْوَالَكُمُ الَّتِي جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ قِيَاماً وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا وَاكْسُوهُمْ وَقُولُواْ لَهُمْ قَوْلاً مَّعْرُوفاً**﴾**النساء**5

ئەم ئایەتە پیرۆزە گرنگی دارایمان بۆ دەردەخات بۆ کۆمەڵگەو گەلان و دەوڵەتان، خوای گەورە دارایی ناوبردوە بە (قیام) واتە هەستانەوە.

(قیام) لەزمانی عەرەبیدا چاوگە، مەبەستی ئەوەیە کە بەهۆیەوە شتێك دروست ببێت، هەروەك دەڵێن (طهۆر) بریتیە لەکاری پاککردنەوە، بەلاّم (طهۆر) (پاك کەرەوە) ئاوە، کە بەهۆیەوە کاری پاککردنەوە ئەنجام دەدرێت، هەورەها (وسواس) بریتیە لە (الوسوسة) (الوسواس) شەیتانە کە وەسوەسە دروست دەکات، مەبەست لە (قیام)یش هۆکاری

هەستانەوەی کۆمەڵگەیە، چونکە کۆمەڵگە دەجوڵێت، گەشە بەکۆمەڵگە دەدات، خوای گەورە پێمان دەڵێت  کە دارایی وەك گیان پێویستە بۆ تاك، هەروەك چۆن تاك بەبێ گیان ناتوانێت بجوڵێت و هەڵسوکەوت بکات، خوای گەورە لەدوای عەقیدە و لەدوای بەها مرۆڤایەتیەکانی کردویەتیە هۆکاریك بۆ گەشەی کۆمەڵگەو بەرەو پێش چۆن و پێشکەوتنی.

خوای گەورە لەو ئایەتەدا رۆڵی کۆمەڵایەتی دارایمان بۆ دەردەخات، دارایی لەدیدی سەرمایەدارییەوە تەنها رۆڵی خزمەت کردنە بەتاك، تەنها خزمەت بەسەرمایەکە دەکات و خزمەت بەکۆمەڵگە سەرمایەداریەکە دەکات، بەلآم سامان لەدیدی سۆسیالیستەکانەوە دەبێت لەژێر چاودێری دەوڵەتدا بێت، دەبێت خزمەت بەیەك چین بکات کە ئەویش چینی کرێکارو فەرمانبەرەکانی حکومەتە ئەمەش پێی دەڵێن پرولیتاریا.

بەلآم سامان لەئیسلامدا موڵکی تایبەتی تاکە کەس نیە وەك لەسەرمایەداریدا باس کراوە، هەروەها موڵکی گشتیش نیە، وەك لەشوعیەتدا باس کراوە، دارایی لەئیسلامدا رۆڵێکی کۆمەڵآیەتی هەیە، خاوەنداریێتی تاك لەئیسلامدا  رێزی لێ گیراوە، ئیسلام پارێزگاری لێ دەکات، بەلآم لەهەمان کاتدا خوای گەورە رۆڵێکی کۆمەڵآیەتیشی بۆ دیاری کردوە، پێویستە خاوەندارییەکە ئەم رۆڵە ببینێ و بەئەم کارە هەڵبستێت، ئەم رۆڵەش دوو لایەنی هەیە، یەکێکیان خزمەت بەسامان و خاوەن سامانەکە دەکات وەك قورئان باسی کردوە " **وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا وَاكْسُوهُمْ** " واتە پێویستە لەسەر کاربەدەستان لەسەر ئاستی دەوڵەت، هەروەها لەسەر ئاستی هەژاران و کەم دەرامەتەکان بەتایبەتیش لەسەر ئاستی منالآن و کەم ئەندامان، پێویستە ئەم داراییە کەڵك لێ وەربگرن بۆ وەبەرهێنان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو، پێویستە قازانج بکات بۆ ئەوەی بژێوی ئەمانەی پێ بەرێوە بچێت.

ئەگەر سەرنج لەدەستەواژە قورئانیەکە بدەین نەی وتوە بەشیان بدەن لەسەرمایەکە، بەڵکو فەرمویەتی " **وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا** "واتە ئەوەی کە ئەو داراییە بەرهەمی دەهێنێت، واتە پێوستە سەرمایەکە دەستکاری نەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە وەبەرهێنان سەرکەوتوو بێت و سەرمایەکەش قازانج بکات، بۆ ئەوەی خزمەت بەخاوەنەکەی بکات، لێی خەرج بکات و لێی بخوات و بۆ پێویستیە تایبەتیەکانی خۆی بەکاری بهێنێت.

لەدوای ئەوە خوای گەورە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، ئەگەر ئەم خاوەن سەرمایانە نەیانتوانی بەئەو رۆڵە هەڵبستن لەرووی تاکە کەسیەوە وەك باسمان کرد.

هەروەها بەرۆڵی دووەمیش هەڵنەسان لەبواری کۆمەڵایەتیدا، ئەویش ئەوەیە کە بەشێك لەماڵ و سامانەکەیان بدەن بە هەژاران و نەداران، کە ئەمەش پێی دەوترێت دووبارە دابەشکردنەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە سامان تەنها لەدەستی دەوڵەمەندەکاندا کۆنەبێتەوە(کي لایکون دولة بین الاغنیا و منکم)، لەم کاتەدا ئیسلام دێتە ناوەوەو لەسەر خاوەن سەرمایەکان زەکات و شتی تر فەرز دەکات، لەرواڵەتدا ئەم شتانە ماڵەکە کەم دەکەنەوە، بەلاّم لەلای خوای گەورە ئەم ماڵە گەشە دەکات و زۆر دەبێت.

لەبەرئەوە پێویستە خاوەن سەرمایەکان بەو دوو رۆڵە گرنگە هەڵبسن، ئەگەر ئەو کەسانە ئەم رۆڵە نەبینن، ئەوا ئەم ئایەتە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ئەم کەسانە شایەنی ئەوە نین ئەم سامانەیان هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش خوای گەورە دەفەرموێت: " وَلاَ تُؤتُواْ السُّفَهَا و أَمْوَالَكُمُ " قورئان نەیفەرموە (اموالهم) هەرچەند ئەو سامانە لەرواڵەتدا هی خۆیەتی، بەلاّم قورئان رۆڵێکی کۆمەلاّیەتی بۆ دیاری دەکات، کە ئەویش دەوڵەتی دادپەروەر دەتوانێت دەستی تێ بخات، دەست بخاتە ناو کۆمەڵگاوە بۆ رێکخستنی ئەو داراییە، ئەویش بەمەبەستی وەبەرهێنان و سەرلەنوێ دابەشکردنەوە، هەتا چاکەکاری و تەکافول بچەسپێت، هەتا کۆمەڵگە ببێتە کۆمەڵگەیەکی تەواوکاری بەهێزی دەوڵەمەندی خۆشگوزەرانی لەدنیادا، هەروەها لەدوا رۆژیشدا بەختەوەربن، ئەویش بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وِمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾البقرة201. ئەگەر ئەم خاوەن سەرمایانە لەئاستی تاك و کۆمەڵگەدا بەئەم رۆڵە گرنگە هەڵنەستن، ئەوا دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە کە دەست بخاتە ناو داراییەکەیانەوە، ئەویش لەرێگەی دەزگای دادوەری و دادپەروەرەوە، بەوەرگرتنی بەشێك لەسامانەکەیان. ئەو کاتە رۆڵی کۆمەڵگە دێتە پێشەوە لەوەرگرتنی ئەو سامانەدا، چونکە کۆمەڵگا دوو مافی هەیە لەماڵ و دارایی هەرکەسێکدا.

**<u>مافی یەکەم</u>:** ئەوەیە دەبێت خێرو چاکەی ئەم داراییەی بگاتێ لەرێگەی خێرو سەرلەنوێ دابەشکردنەوەیدا.

**<u>مافی دووەم</u>:** هەست بەخێرەکان بکات لەرێگەی وەبەرهێنانێکی چالاکەوە کەخێری بۆ هەموو کۆمەڵگا هەبێت، چونکە ئەگەر ئەم وەبەرهێنانە لەناو ولاّتدا ئەنجام بدرێت لەرووی

پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ، ئەو کاتە کۆمەڵگە بەشێك لەمافەکانی وەردەگرێت لەرێگەی بەگەرخستنی ئەو توانایانەوە.
ئەمە دیدو تێڕوانینی بنەڕەتی ئیسلامە بۆ مەسەلەی دارایی، لێرەوە دەتوانین بڵێین کەپێویستە لەسەر سەرمایەدارەکان کە سەرمایەکانیان لەناو کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا بەگەڕ بخەن، لەکاتێکدا کە رێگریش نیە لەوەی کە وەبەرهێنان لەدەرەوەش ئەنجام بدرێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەولەویەت لەرووی شەرعەوە بۆ گەلانی ئیسلامی و ناو وڵاتەکە خۆیەتی، پاشان ئەوەی کە لەدەوروبەریەتی وەك مەسەلەی زەکات، چونکە زەکات مافێکی سەرەکی کۆمەڵگەیە کە لەناو سەرمایەی سەرمایەدارەکاندا پێویستە سەرمایە بەگەڕ بخرێت.
لەکاتێکدا کە سەرمایەکە خرایە بواری وەبەرهێنانەوە پێویستی بەکرێکارو کارمەندو بەڕێوەبەر هەیە، لێرەوە تێ دەگەین کە مەسەلەی زەکات پەیوەستە بە بەگەڕخستنی دەستی کارەوە، هەرکاتێك سەرمایەکە بەگەڕبخرێت ژمارەیەکی زۆر لەکرێکار کاری تێدا دەکات، ئەو کاتە رێژەی زەکاتەکە کەم دەبێتەوە، بۆ نمونە ئەگەر کارگەیەك دروست بکەین، بەبڕی سەد ملیۆن دۆلار یان زیاتر، ئەو کاتە زەکات لە کارگەکە ناکەوێت، بەڵکو زەکات لەسەر بەرهەمەکەی واجب دەبێت لەپارەکەو لەقازانجەکەشی، بەڵام ئەگەر ئەو ماڵە بەگەر نەخرێت، لەم کاتەدا کەس نیە کە ئەم سەرمایە بەگەڕ بخات و بازرگانی پێوە بکات بێجگە لەچەند کارمەندێکی کەم.
ئیسلام بەشێوەیەکی تەواوکاری هەمەلایەنە سەیری دارایی دەکات، بۆ ئەوەی داراییەکە ئەم رۆڵە ببینێ پێویستە رۆڵی هەبێت لەرێنسانسی کۆمەڵگەدا. دەبێت سامان رۆڵی هەبێت لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا وەك ئەوەی کە خوا دەیەوێت، بەو شێوەیەی کە وەك لەئایەتەکەدا باسمان کرد.
ئەو سامان و داراییەی کەخوا دەیدات بەمرۆڤ، هەرچەند لەرواڵەتدا ئەو کەسە دەبێتە خاوەنی، بەڵام خاوەنی راستەقینەی خوایە، ئەمەش بەشێکە لەفەلسەفەی ئیسلام و سیستمە ئابورییەکەی ئیسلام، مرۆڤی مسوڵمان هەموو شتەکان دەداتە پاڵ خوا بەهی خوای دەزانێت ﴿ **وَالَّذِي هو يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ *وَإِذَا مَرِضْتُ فَهو يَشْفِينِ** ﴾**الشعراء**79-80 .
هەرچەند خوای گەورە مافی ئەوەی داوە کە مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی بەکاری بهێنێت، ماڵەکە لەرواڵەتدا هی خۆتە، بەڵام خاوەنی راستەقینەی هی خوایەو دەبێت ئەو بەخاوەنی

بزانیت، لەکاتێکدا کە تۆ خاوەنی ئەو ماڵەی بەهی خوای دەزانی، ئەمەش دەمانگەیەنێتە هۆکاری هەست کردن بەفەلسەفەیەکی گەورەو کاریگەری باشیشی دەبێت. ئەو کاتە تۆ خۆت بەوەکیل دەزانیت. واتە تۆ جێنشینی خوایت، خوا تۆی داناوە بەوەکیلی خۆی لەسەر ئەم سامانە، ئەو کاتەش تۆش چاوەڕوانی فەرمانی لەخاوەن ماڵەکە. ئایا چۆنە ئەم دارایيە وەبەربهێنیت؟ چونکە تۆ وەکیلی و وەکیلیش دەبێت پابەندی فەرمانی خاوەن کە فالەتەکە بێت کە خوای گەورەیە، ئەو کاتەش بەخشین لەو ماڵە دەبێتە کارێکی ئاسان، چونکە ئەو کاتە چاکەکان نادەیتە پاڵ خۆت، بەڵکو دەیدەیتە پاڵ خوا، چونکە هەر کاتێك چاکەکان پاڵ بدەیتەوە بۆخۆت و دەستخستنی دارایيەکە بەزیرەکی خۆت لەقەڵەم بدەیت ئەو کاتە وەك قارونت لێ دێت. زەکات نادەیت، مافەکان ناگەڕێنیتەوە، ئەو کاتەش دەڵێیت ﴿**قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِندِي أَوَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ قَدْ أَهْلَكَ مِن قَبْلِهِ مِنَ الْقُرُونِ مَنْ هو أَشَدُّ مِنْهُ قُوَّةً وَأَكْثَرُ جَمْعاً وَلاَ يُسْأَلُ عَن ذُنُوبِهِمُ الْمُجْرِمُونَ﴾القصص**78 واتە: تۆ هەست دەکەیت کە بەئەقڵ و زانیاری و هەوڵی بازرگانی و لێ هاتنی خۆت ئەو ماڵەت بەدەست هێناوە. کەواتە هەژارەکان بۆچی مافیان لەم ماڵەدا هەیە. ئایا بۆچی ئەوانیش کارناکەن؟ لێرەوە مەترسیەکان سەرهەڵدەدەن، بەڵام ئەگەر چاکەکان و بەدەست کەوتنی ماڵەکە بدەیتەوە پاڵ خوا، ئەو کاتە لەرەزامەندی خوا دەگەڕێیت، بەشوێن چاکەکاریەوە دەبیت. هەوڵ دەدەیت زۆرترین سوود بەمسوڵمانان بگەیەنیت، بەشوێن هەژارترین کەسدا دەگەڕێیت، کە بەبێ دووڕویی و ریایی هاوکاری بکەیت. هەروەك خوای گەورە باسیان دەکات: ﴿ **وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِيناً وَيَتِيماً وَأَسِيراً *إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لاَ نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاء وَلاَ شُكُوراً ﴾الإنسان**8-9

هەرچەند ئەم ئایەتە تایبەتە بەهاوەڵێکی پێغەمبەری خوا کەئیمامی عەلیە، ئەمەش لە کاتێکدابوو کە حسن و حسێن کە بەپێشەنگی گەنجانی بەهەشت دادەنرێن، لەگەڵ فاتیمەی خێزانی بەبرسێتی چاوەڕوانی ئیمامی عەلی بوون، بەڵام کە ئیمام گەڕایەوە لەرێگەدا هەژارێکی بینی هەموو شتەکانی پێدا وتی: سوێند بەخوا ئەم هەژارە زیاتر پێویستی پێیەتی لە حسن و حسێن.

هەروەها لەریوایەتێکی تردا باس لەوە دەکەن کە قەرزاری جولەکەیەك بوو لەبەرامبەردا کاری بۆدەکرد، بڕێك پارەی دەست دەکەوت لەرێگەدا کە هاتەوە کۆیلەیەکی نامسوڵمانی بینی کەخەریك بوو بمرێت، هەرچی دەست کەوتبوو دای بۆ ئازاد کردنی کۆیلەکە، هەروەها جاری سێیەمیش دای بەمناڵێکی بێ باوك.

لێرەوە خوای گەورە بۆ هەموو لایەکی روون دەکاتەوە کە مرۆڤی باوەڕدار چۆن بیردەکاتەوەو چۆن کار دەکات، ئەم کارە تایبەت نیە بەکەسێکەوە، هەرچەند هۆی هاتنەخوارەوەکەی تایبەتە، عیبرەتەکەشی بەگشتی وتنەکەیە نەك بەتایبەتمەندی هۆکارەکە.

ئەمە فەلسەفەو تێڕوانینی ئیسلامە بۆ سامان و دارایی، لەبەرامبەریشدا فەلسەفەی موشریکەکان باس دەکات و دەفەرموێت ﴿**أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ**﴾**الماعون**1 ئەوەی بڕوای بەئاین یان رۆژی دوایی نیە، ئایا یەکێك بڕوای بەرۆژی دوای نەبێت چی دەکات؟ ﴿**فَذَٰلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ**﴾**الماعون**2، ئەمە تەنها مانای ئەوە نیە کە پشت لە منالی بێ باوك دەکات، بەڵکو دەری دەکات، واتە ئەمە تەنها سیفەتێکی خراپ نیە لەدەرونیدا، بەڵکو نایەوێت منالی بێ باوك لەبەردەم ماڵەکەیدا ببینێت، نایەوێت لەدانیشتنەکانیدا خەڵکی هەژارو نەدارو هەتیو هەبێت، نایەوێت لەئاهەنگ و بۆنەکاندا هەژاران هەبن، یان لەخۆشی و ناونانی مناڵەکانیدا کەسی نەدار هەبێت، ئەمەش لەئیسلامدا جوانترین ئاهەنگ و بونەیە "**ولايحض على طعام المسكين** " ئەو سامان و داراییەیی کەپێویستە بیدات بەهەژاران دەچێت دەیدات بەدەوڵەمەند و بەرپرس و خەڵکی ناودار، ئەویش بۆ ئەوەی هەستیان بەلای خۆیدا رابکێشێت و لەم رێگەیەشەوە دەیەوێت کارەکانی ئاسان بکات، مرۆڤیك باوەڕدار نەبێت بەو شێوەیە بیردەکاتەوە، ئەمە ئەو کەسەیە کە خۆی بەوەکیلی خوا نازانێت و وانازانێت کە ئەم ماڵە ماڵی خوایە لەژێر دەستی ئەودایە.

لەبەرئەوە سامان لە ئیسلامدا رۆڵێکی گرنگی هەیە، هەروەها لەلایەکی ترەوە خوای گەورە باس لە مەترسی سامان دەکات. لە روانگەی ئەزموونی مێژوویشەوە دەبینین کە دیدو تێڕوانین بۆ سامان و دارایی کاریگەری تایبەتی هەبووە لەسەر شارستانیەتی ئیسلامی. نەوەی یەکەمی مسوڵمانان بەو شێوەیە سەیری داراییان کردووە کە هۆکارێکە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە، سامان پێویستە بە رێگەی تایبەتی خۆی خەرج بکرێت. واتە دوو ماف لە ساماندا هەیە، مافێکی خاوەنی سامانەکە، مافێکی کۆمەڵگە، لەبەرئەوە خوای گەورە سامان بە چاکی باس دەکات، ئەمە دیدو تێڕوانینی نەوەی یەکەم بوو، بەڵام لەکاتێکدا خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندبوونی حەرام هاتە ئاراوە، لەم کاتەدا فیکرەیەکی تر سەریهەڵدا، ئەمەش هەندێك لە صۆفیە نا سونیەکان برەویان پێدا، ئەمەش ئەو کاتەبوو کە فیکرەی

خۆپەراوێز کردن لە کۆمەڵگەیان داهێنا، کە بەچاوێکی سوک و بێزراوەوە سەیری ماڵ و سامانیان کرد. بەمەش کۆمەڵگە لاواز بوو. ئەمە لەکاتێکدایە کە نەوەی یەکەمی مسوڵمانان داراییان بەهۆکاری هەستانەوەی کۆمەڵگە لە قەڵەم دەدا. بەڵام لەبەرئەوەی کە مرۆڤ وەکیلی خوایە، بەم هۆیەوە لەو کاتەدا ماڵی وەقف ملیارەها دینار بوو. هەموو بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی و هەتا هەموو کاروبارەکانی جیهاد لە ڕێگەی وەقفەوە دەکرا. ئەوەش ئێستا پێی دەوترێت دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەوڵەت ئەو کاتە تەنها ئاراستەکردنی لەسەربوو ئەو کاتە کۆمەڵگە فێرکردن و تەندروستی و قوتابخانەکانیان بە باشترین شێوە بەڕێوە بردووە. بەڵام کاتێك ئەم تێڕوانینە لاواز بوو، مسوڵمانان خۆیان دایە پەراوێزبوون و دابڕان لە کۆمەڵگە. وردەوردە شارستانیەتی ئیسلامی بەرەو پوکانەوە ڕۆیشت.

لەگەڵ ئەم تێڕوانینە ئیسلامیە بەرفراوان و تەواوکاریەداو ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەی دارایی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا** ....﴾**الكهف**46، بەڵام ئەمە هەموو شتێك نییە.﴿..**وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَاباً وَخَيْرٌ مَّرَدّاً**﴾**مريم**76 واتە تۆ بەهۆی ئەم ماڵەوە کۆمەڵێك شتی باش لەدوای خۆت بەجێ دەهێڵێت. لە وەقف و فێرکردن و تەندروستی، هەروەها هەموو کارە چاکەکانی تر لە نوێژ و ڕۆژو و ... هتد. ئەو کاتەش تۆ شایەنی باشترین پاداشتت دەبێت لەلای خوا.

ئەم تێڕوانینە تەواو گشتییە تەنها لە ئیسلام و لەلای مسوڵمانان هەیە. وەك وتمان یان مرۆڤ دەبێتە بەندەی ماڵ و سامان هەروەك ئێستا دەیبینین لە ڕۆژئاواو کۆمەڵگە نامسوڵمانەکاندا. کە دارایی بوەتە پەرستراوێك. سامان هەموو شتێکە، یان ئەو دیدو تێڕوانینە خراپەی کە ماڵ بە موڵك سەیر دەکات. کە ئەم فیکرەیەش لەناو جیهانی ئیسلامیدا هەیەو لە ڕاستیدا ئەم تێڕوانینە لەژێر کاریگەری شارستانیەتەکانی تردا دروست بووەو وەرگیراوە. چونکە لە ئیسلامدا دارایی و سامان خێرو بەرەکەتە، ئەگەر ئەم سامانە لەخێردا بەکاربێت. ماڵ و سامان وەك چەکێکی دوو سەر وایە، ئەگەر لە شەڕو خراپەکاریدا بەکار بێت ئەوا لە دوارۆژدا دۆزەخ بۆ خاوەنەکەی بەرهەم دەهێنێت، لە دنیاشدا دەبێتە سەرچاوەی گەندەڵی و نەگبەتی و گرفت بۆ مرۆڤ، ئیسلام دەیەوێت سامان و دارایی لە دەست خەڵکدا بێت.

عومەری کوڕی خەتاب (ر.خ) کاتێك کە پارەی (بیت المال)ی بەدەست دەگەیشت هەمووی بۆ خەڵك خەرج دەکرد و دابەشی دەکرد بە سەریاندا، هەندێك لە هاوەڵان رەخنەیان لە عومەر گرت و وتیان: ئەی عومەر تۆ هەموو پارەی (بیت المال) دابەش دەکەیت، بۆچی ئەم کارە دەکەیت بۆ هەندێکی لەوێدا نەمێنێتەوە. بەڵام ئەو لە وەڵامدا وتی ئەگەر خەڵك دەوڵەمەند بن ئەوا ئەو پارەیە لە وەبەرهێناندا بەکاردەهێنن، بەڵام ئەگەر لە (بیت المال) بمێنێتەوە بە بێ کەڵکی دادەنرێت.

عومەر داوای لە خەڵك دەکرد کە بەرهەمیان هەبێت. ئەم تێڕوانینەی عومەر ئێستا لە ئەمریکاو ئەوروپا پیادە دەکرێت، سامان و دارایی لەو شوێنانە لەدەستی گەلدایە دەوڵەت تەنها باج وەردەگرێت، چونکە گەل دەوڵەمەندە. کۆمپانیاکان بەرهەمدارن، هەر لەبەرئەوەیە دەوڵەمەندبوونی گەل بنەمایەکی سەرەکی سیاسەتی ئابوریی ئیسلامیە، ئەم تێڕوانینە پێویستە لەسەر ئاستی هەموو جیهان پیادە بکرێت، پێویستە هەموو سەرۆك و ئەمیرێك هەوڵبدات گەلەکەی دەوڵەمەند بێت. دەبێت گەلیش رێز لەم سامانە بگرێت و بزانێت بۆچی بەکاری دەهێنێت.

## شێوازی بەدەست هێنانی دارایی، ئەرك و بەرپرسیارێتی

دەمانەوێت باس لە بەرپرسیارێتی بکەین بەرامبەر بەو ماڵ و داراییەی کە لەژیاندا دەستمان دەکەوێت، لە کاتێکدا کە خوای گەورە ماڵ و سامانێك دەدات بە مرۆڤ، ئایا بەرپرسیارێتی مرۆڤ لەبەرامبەر ئەم ماڵ و سامانەدا چیە؟ لێرەوە فەرمودەیەکی پێغەمبەری خوا هەیە کە چەند پرسیارێك ئاراستەی مرۆڤ دەکات.

کە ئەویش چوار پرسیاری بنەڕەتیە، پرسیارێکی تریش هەیە کە رووبەرووی مرۆڤ دەبێتەوە، یەکەم شت کە مرۆڤ لە رۆژی دوایدا پرسیاری لێ دەکرێت، دوانیان پەیوەندی بە داراییەوە هەیە، ئایا چۆن ئەم داراییەت دەستکەوت لە چیدا خەرجت کرد؟ هەموو مرۆڤێکی مسوڵمان پێویستە ئەم وەڵامانە ئامادە بکات، چونکە رۆژی دوایی رۆژێکی سەختەو مرۆڤی مسوڵمانیش زۆر بە جدی خوی بۆ وەڵامەکان ئامادە دەکات.

بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم، بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت لەو رۆژە سەختە ڕزگاریان ببێت و رەزامەندی خوای گەورەیان دەست بکەوێت، پێویستە لەسەریان کە پابەندی فەرمانەکانی خوای گەورە ببن لە شێوازی دەست خستنی ماڵ و ساماندا.

واتە دەبێت ماڵ و داراییان بەشێوەیەکی شەرعی دەست بکەوێت، واتە بەڕێگەی رەوا، واتە هەموو ئەو هۆکارانەی کە دەیانگرێتە بەر رەوابن، رێگەی رەواش زۆرەو کەم نین، بەڵام

ئەو نەفسەی کە فەرمان بە خراپەکاری دەکات  و شەیتان لە دواوەیەتی پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت کە ڕێگەی ناڕەوا بگرێتەبەر لە دەستکەوتنی ماڵ  و ساماندا، لە کاتێکدا ئەو ماڵەی کە بە ناڕەوا (حەرام) دەست بکەوێت خوای گەورە هەرگیز بەرەکەتی پێ نادات نە لە خودی سامانەکەدا نە بۆ خاوەنەکەشی، هەروەها کاریگەری لەسەر تەمەنی خاوەنەکەشی هەیەو لە منداڵەکانیشیدا خۆشی نابینێ کە بەحەرام پەروەردەیان بکات، تەنها کاتێك نەبێت کە پەشیمان ببنەوەو داوای لێ بوردن لە خوا بکەن، لەبەرئەوە پێویستە هەموو مسوڵمانێك زانیاری هەبێت لەسەر شێوازی دەست خستنی ماڵ  و سامان بەشێوەیەکی رەوا، ئەگەر ئەو کەسە بازرگان بێت دەبێت لایەنی حەرام و حەڵاڵ بزانێت لە شێوازی مامەڵە بازرگانیەکەیدا، ئەگەر گومانی لەسەر شتێك بۆ دروست بوو، پێویستە پرسیار لە زانایان بکات: ﴿.....**فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ** ﴾**النحل**43، ئەمە بەرپرسیاریەتێکی گەورەیە، لە مێژوودا دەوڵەتی ئیسلامی خۆی بە بەرپرسیار زانیوە لەم بوارەدا.

بۆ نموونە پێشەوا عومەر(ر.خ) دەچووە بازاڕو پرسیاری لە بازرگانەکان دەکرد لە بارەی حەرام و حەڵاڵ لە بواری کڕین  و فرۆشتن و شتی تر، ئەگەر بیزانیایە کە شارەزایە لە حەرام  و حەڵاڵ ڕێگەی پێ دەدا کە بازرگانی بکات لە بازاڕدا، بەڵام ئەگەر شارەزا نەبوایە ڕێگەی لێ دەگرێت  و پێی دەوت بڕۆ فێری حەرام  و حەڵاڵ ببە دوای ئەوە وەرە بۆ بازاڕ هەتا مامەڵەی حەرام نەکەیت.

ماڵی حەرام تەنها بۆ خۆی حەرام نیە، بەڵکو کاریگەری خراپی هەیە لەسەر عیبادەت  و شێوازی مامەڵە و نزاو کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندی نێوان خواو بەندە ئەگەر ماڵێك بە حەرام دەست بکەوێت، ئەو کاتە ئەگەر بەو پارەیە حەج یان عەمرە بکەیت وەك لە هەندێك (أثار) دا هاتووە، لەو کاتەدا کە حاجی دەڵێت (لبيك وسعديك) لە وەڵامدا پێی دەڵێن (لالبيك ولاسعديك) چونکە ماڵەکەت حەرامە، خێرەکانت حەرامە، کە ساباتەکەت حەرامە، ئەوەی پێی هاتوویت حەرامە، خواردنەکەت حەرامە، ئەگەر تۆ دەتەوێت ووشەی (لبيك) بەراستگۆی بڵێیت و خوا دوعاکەت لێ وەربگرێت، دەبێت ملکەچی فەرمانەکانی خوای گەورە بیت، چونکە وەك لە فەرمودەکەدا، هاتووە خوا چۆن دوعای یەکێك وەردەگرێت کە خواردن  و خواردنەوەو جل و بەرگەکەی حەرام بێت.

لێرەوە پێویستە هەموومان بگەڕێینەوە بۆلای خواو داوای لێبوردنی لێ بکەین و ماڵ و داراییمان پاك بکەینەوە لەحەرام، لەو حەرامانەش: سوو، غەش، هەڵگرتنی شت بۆ کاتی گرانی، گزی، فێڵ، درۆ، خواردنی ماڵی خەڵك بە ناحەق، تەرازو بازی گەندەڵی، غەش کردن لە خستنە رووی شمەکدا لە کاتی فرۆشتن و گەیاندنی بە بازاڕ .... هتد.

پێویستە هەموو بازرگانێك زانیاری هەبێت لەو شتانەی کە بازرگانیەکەی حەرام دەکەن، پرسیار لە زانایان بکات، چونکە خوای گەورە لەسەر زاری پێغەمبەرەکەی پێمان رادەگەیەنێت، کەنەك پێویستە خۆمان لە حەرام بپارێزین بەڵکو دەبێت خۆمان لەشتە گوماناویەکانیش بپارێزین، پێغەمبەر دەفەرموێت: (فمن اتقى الشبهات فقد استبرا لدينه وعرضه)

بەرەکەت لە ماڵی حەڵاڵدایە، هۆکارەکانی بەدەست هێنانی ماڵی حەڵاڵیش زۆرە، خوای گەورە هەرگیز رێگەی لەبەدەست هێنانی سامان و داراییدا بەرتەسك نەکردۆتەوە، بەڵکو دەرگایەکی زۆری خستۆتە سەرپشت بۆمان خوای گەورە تەنها چەند بەربەستێکی تری داناوە لە بەدەست هێنانی ماڵدا، ئەو بەربەستانەش هەمووی لە خزمەت بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگەدایە، لەخزمەت بەرژەوەندی خاوەن سەرمایەکەشدایە، ئەو شتانەی کە خوا حەرامی کردووە بۆ خێری خاوەنەکەیەتی هەروەها بۆ بەرژەوەندی و خێری هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەکەیە.

ئەمانە ئەرك و بەرپرسیارێتیەو پێویستە بەباشی بیری لێ بکەینەوە، ئەم بەرپرسیارێتیەش تەنها تایبەت نیە بە بواری بازرگانی، بەڵکو هەموو ئەو کەسانەش دەگرێتەوە لە فەرمانگەو قوتابخانەو یان هەر بوارێکی کەرتی بازرگانی و پیشەسازی و پەروەردەو یان هەربوارێکی کارکردنیان هەبێت لە ناو حکومەتدا یان لە کەرتی تایبەتدا، لەبەرئەوە لەسەر هەموو کەسێك پێویستە ئەو کارەی کە دەیکات رەوابێت و لەبەرامبەر ئەو کرێیەی کە وەری دەگرێت ئەوەندە کار ئەنجام بدات، ئەگەر تۆ کارمەندێکی حکومەت بیت دەبێت لە کارەکەتدا دڵسۆزبیت، بەو پەڕی لێهاتن و دڵسۆزیەوە کارەکەت ئەنجام بدەیت، هەموو توانای خۆت بەخەرج بدەیت بۆ سەرخستنی ئەو کارە یان ئەو پڕۆژەیە، ئەگەر بێت و خاوەن ماڵەکەش دادپەروەر نەبێت لەگەڵتدا جائیز نیە تۆ کەمتەرخەمی لەو کارەدا بکەیت، چونکە تۆ بە گرێبەست کار دەکەیت زۆرجار پرسیارم لێ دەکەن کە خاوەن کارەکان ستەممان لێ دەکەن و مافەکانمان بە تەواوی پێ نادەن ئایا ئێمەش دەتوانین

هەر ئەوەندە كاريان بۆ بكەين كە مافمان دەدەنێ ؟ بەلاَم من لە وەلاَمدا دەلَيَم: پێويستە تۆ بەپێی ئەو گرێبەستەی كە ئيمزات لەسەر كردووە ئەوەندە كار بكەيت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَوْفُواْ بِالْعُقُودِ .....﴾المائدة1.

## <u>لە گرنگترين ئەو مەرجانەی كە دەبێتە هۆی ئەوەی موچەی كارمەندێك يان مامۆستايەك حەلاَلّ نەبێت.</u>

دەبێت پابەند بێت بەو كاتەی كە بۆی دياری كراوە و لە كارەكەشيدا دەبێت بەوپەڕی دلَسۆزی و لێهاتنەوە كاربكات، چونكە بەفيڕۆدانی هەر دەقيقەيەك يان سەعاتێك لەو ماوەيەی كە بۆی دياری كراوە، بەشێك لە موچەكەی حەرام دەكات، چونكە موچەكەی دابەش بكە لەسەر كاتەكە لە چەنديدا كەمتەرخەمی بكەيت، ئەوەندەی حەرام دەبێت، تەنانەت جائيز نيە ئەو كاتە زياد لە پێويست لە سوننەتەكانيشدا خەرج بكەيت، تەنانەت زۆربەی زانايان بۆ نوێژی سوننەتيش لە كاتی دەوامی فەرميدا دوو ڕەكاعەتيان داناوە.

پرسيارێكيان لە ئيمامی شافيعی كرد وتيان ئەگەر يەكێك نوێژی نيوەڕۆی كرد، پاش تەواو بوونی نوێژەكە بۆی دەركەوت دەست نوێژی نەبوە، پاشان چوو دەست نوێژی گرت و نوێژەكەی كردەوە، لە وەلاَمدا ئيمامی شافيعی ووتی: ئەگەر ئەو كەسەی دەيەوێت كرێكەی حەلاَلّ بێت دەبێت ئەو كاتەی كە نوێژكەی تيادا كردوتەوە، بەقەدەر ئەو كاتە كاری زيادە بكات.

ئێستا سەيری خۆتان بكەن دەبينن كە سامان و مالَەكانمان بەرەكەتی نەماوە، سەيری كارمەندەكان بكەن، درەنگ دێن زوو دەڕۆنەوە، لە كاتی كاركردندا خۆيان سەرقالَی شتی تر دەكەن، لەم سەرەوە سەعاتێك دەخۆن، لەو سەرەوە سەعاتێك دەخۆن بەتايبەتيش لە فەرمانگەكانی حكومەتدا ئەمە بوەتە سيمای زۆربەی كارمەندان و ئەمەش گەندەلَيەكانی تاكە لە ناو حكومەتدا، فەرمانبەرەكان بێ ئەوەی بەخۆيان بزانن كارێكی حەرام ئەنجام دەدەن، چونكە كەمتەرخەمی لە كاروباری حكومەتدا كە بوارێكی گشتيە حەراميەكەی زۆر

زۆر ترە وەك لەبواری تایبەتی، چونكە ئەگەر تۆ كەمتەرخەمی لەكاری كەسێكدا بكەیت دەتوانیت بچیت بۆلای و داوای لێ بوردنی لێ بكەیت، بەلأم ئایا ئەگەر كەمتەرخەمی لەبواری كارێكی حكومەتدا بكەیت، ئایا داوای لێ بوردنی لێ دەكەیت؟

ئەمەش سەرەتایەكە بۆ گەندەڵی و خیانەت و غەش كردن لەسەر ئاستێكی نیشتمانی و نەتەوەیی، چونكە خیانەت كردن لەكاری حكومەت هیچ پاساوێكی نیە، ئەگەر یەكێك كارەكەی بەدڵ نیە، باواز لەو فەرمانگەیە بهێنێت و بەراستگۆیی بڵێت من ئەم كارە ناكەم.

زۆربەی خەڵك لەكارەكانیاندا كەمتەرخەمن، سەرنج بدە ئەگەر تۆ(1000□) موچە لە مانگێكدا وەربگریت لە بەرامبەر شەش كاتژمێر كار لە رۆژێكدا، ئەگەر كاتژمێرێك لەو شەش كاتژمێرە بەفیڕۆ بدەیت ئەمە مانای وایە 15٪ی موچەكەت حەرامە، چونكە بەپێی رای هەموو زانایانی شەرع ئەگەر كاتژمێرێك كات بە فیڕۆ بدەیت دەبێت ئەو كاتژمێرە قەرەبوو بكەیتەوە بەكارێكی تر یان لە كاتێكی تردا، پێویستە تۆ پابەند بیت بە كاتەكەوە. ئەگەر كار هەبوو دەبێت ئەنجامی بدەیت ئەگەر كار نەبوو دەبێت پابەندی كاتەكە بیت، پێویستە مرۆڤی مسوڵمان زۆر بە گرنگیەوە سەیری حەرام و حەلاڵ بكات، چونكە خوای گەورە پەیوەستی دەكاتەوە بە عیبادەتەوە، چونكە خوای گەورە عیبادەت و دوعا لە كەسێك وەرناگرێت ئەگەر ماڵ و سامانەكەی حەلاڵ نەبێت، با هەموومان سەیری خۆمان بكەین بگەڕێینەوە بۆلای خواو داوای لێخۆشبوونی لێ بكەین.

با لە ئەمڕۆوە بە خۆماندا بچینەوە، ئەگەر بچینەوە بەردەم خوای گەورە و لێمان بپرسێت چۆن ئەو سامانەت دەستكەوت؟ ئێمەش وتمان بەهۆی كاركردنەوە، ئەویش پرسیارت لێ دەكات ئایا مافی كارەكەت داوە؟ ئەگەر تۆ مامۆستایەك بیت لە قوتابخانەدا بە كەمتەرخەمی وانە بڵێیتەوە و وا لە قوتابیەكان بكەیت كە پێویستیان بە وانەی تایبەتی بێت، ئەمە خیانەتێكی گەورەیە لە دوو رووەوە یەكێكیان خیانەتە بەرامبەر بەكارەكەت و مافی قوتابیەكە، دووەمیان خیانەتە لە ئەركێكی نیشتمانی و نەتەوەیی.

هەموو لایەكمان پێویستیمان بە دڵسۆزی و لێهاتن و وردەكاری هەیە، چونكە هەموو گەل و نەتەوەیەك بە دڵسۆزی لە كاردا پێش دەكەوێت، بۆ نموونە ئەگەر سەیری وڵاتە پێشكەوتوەكان بكەین، لە یاباندا كاتژمێرەكانی كار (9) كاتژمێرە، لە كۆریای باشور (10) كاتژمێرە، بەم هۆیەوە دەبینین ئێستا كۆریا كێبڕكێیی ئەمەریكا دەكات لەبورای شۆڕشی زانیاریدا، هەموو ئەم پێشكەوتنەشی لە ماوەی (20) ساڵدا بەدەست هێناوە، بەلأم ئەگەر

سەیری وڵاتە ئیسلامیەکان بکەین کە بەراستی دڵسۆزی کار ئەنجام بدەن (20) دەقیقە بووە.

ئایا ئەمە هەست کردنە بە بەرپرسیارێتی؟ کەواتە با لەخۆمان بپرسین ئایا خۆشەویستی نەتەوەو نیشتیمان چی یە؟ بۆچی هەموو شتێکمان لەبیرخۆمان بردۆتەوە؟ بۆ هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەین؟ ئایا هۆکاری نەزانی و دواکەوتویی و پاشکۆیمان بۆ وڵاتە زلهێزەکان هەر ئەمە نیە؟

ئایا بۆچی بۆینە نەتەوەیەکی بەکاربەرو بێکار؟ لەگەڵ بوونی ئەو هەموو سامانە سروشتیەو ئەو خاکە بەپیتەو کەرەستە خاوە، بەڵام دەبێت بۆ بچوکترین پێویستی روو لە دەرەوە بکەین، با کۆتایی بەم بارودۆخە بهێنین و بوونی خۆمان وەك نەتەوەیەکی هۆشیارو پێشکەوتوو بسەلمێنین ئیسلام هانمان دەدات بۆ کارکردن، بۆ نموونە سەیری رۆژی هەینی بکە لە ئیسلامدا، خوای گەورە لەو ئایەتەدا کە باسی نوێژی هەینی دەکات چوار فەرمانی دابەزاندووە بۆمان دوانیان پەیوەندی بە کارەوە هەیە ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ**﴾**الجمعة**9 ئەم دوو فەرمانە پەیوەندی بە نوێژەوە هەیە واتە بەرەو نوێژ بچن و واز لە کڕین و فرۆشتن بهێنن، لە دوای ئەوە خوای گەورە یەکسەر دەفەرموێت: ﴿**فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيراً لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**﴾**الجمعة**10، بڵاوبنەوە بەسەر زەویدا بۆ بەدەست هێنانی رۆزی، لە خێرو خۆشی خوای گەورە بە هرەمەندبن، واتە بە هۆی کارکردنەوە قازانج دەکەن، بەهۆی قازانجیشەوە بەرهەمتان دەبێت لەرووی ماددی و مەعنەویەوە، لەبەرئەوە ئەم ئایەتەنە دەبێت وەك هاندەرێکی گەورە وابن بۆ مرۆڤی مسوڵمان کە مرۆڤێکی چالاك و بەرهەم هێنەرو هۆشیار بێت و ببێتە سەرچاوەی خێرو خۆشی بۆخۆی و بۆ گەل و نیشتیمانەکەی.

## گەلانی ئیسلامی پێویستیان بە پڕۆژەیەکی نیشتیمانی هەیە

پێویستە هەمووولایەك لەسەر پڕۆژەیەکی نیشتیمانی پێك بێت کە ئەوەیش وەڵامی داواکانی جەماوەری عەرەبی و ئیسلامیە، بەهیچ جۆرێك جائیز نیە کە ململانێ لەسەر شوناسی ئەم ئوممەتە بکرێت، پێویستە هەموو لایەك لەسەر پرۆژەیەکی میانڕەوی پێك بێت کەتیایدا دەستبەرداری کلتوری ئیرهاب و توندو تیژی ببن و هەر پرۆژەیەکی دەرەکیش رەت بکەنەوە، زۆر لە رووناکبیران و عەلمانیەکان هەتا ئێستاش بەباشی لە ئیسلام تێنەگەیشتوون و بەچاوی سیاسی بوونەوە سەیری ئیسلام و بزاڤە ئیسلامیەکان دەکەن، لەوانەش ئیخوان و غەیری ئیخوان و لەم روانگەیەشەوە بەچاوی دوژمن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.

جەنگە فیکریەکان و غەزوە فیکریەکان زۆر مەترسیدارو مانەوەیان زۆرترە لەجەنگەکانی تر، چونکە لەو جەنگانەدا گەلانی ئیسلامی توشی جۆرێك لەزیانی ماددی و مەعنەوی دەبن لەرووی عەسکەری و سیاسییەوە، بەڵام بە کۆتایی هاتنی جەنگەکە ئەویش کۆتایی دێت، بەڵام ئیشکالیەت ئەوەیە کەشوێنکارە فیکریەکان دەمێنێتەوەو لەچوارچێوەیەشدا کار دەکات کە دوژمنانی ئیسلام خۆی دیاری دەکات، ئەم ئوممەتە ئیسلامیە چووبێتە هەر

جەنگێکەوە بەسەرکەوتوویی هاتۆتە دەرەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی مەترسی بووە شوێنکارە فیکریەکانی ئەو جەنگانە بووە لەدوای تەواو بوونی جەنگ.

ئەم جەنگە تەنها جەنگێکی سەربازی نەبووە بەڵکو فیکری و شارستانی و یاسایی و ئابوریی و .... هتد بوو، لەهەر وڵاتێکدا باڵا دەست بونایە ئەنجامیان دەدا، لەهەندێك جاردا ئەم داگیرکەرانە پێی هەستاون لەو وولاتانەی داگیریان کردووە، گۆڕینی یاسایەکی دانراو، هەروەها گۆڕینی یاساکانی ئابوریی و کۆمەلأیەتی لەناوخۆی ئوممەتی ئیسلامیدا، ئەمانە زۆر هەوڵێشیاندا کەئیسلامیش بگۆڕێ لە ڕێگەی هۆکاری تەبشیر و بەمەسیحی کردنی، کە ئەمانە بەردەوام رێ نیشاندەری داگیرکەران بوون و لەپاڵیاندا وەستاون.

لەپێش 100 ساڵ لەمەوبەر لەجەزائیر و مەغریب و تونس پاشان لەعێراق و میصر و شام زۆر وولاتی تری عەرەبی مسوڵمانان لەم جەنگانەدا سەرکەوتوو بوون، لەڕێگەی دروشمی جیهادەوە، ئەو کاتە هیچ دروشم و هیچ هێزێك نەبوو بێجگە لەئیسلام و ناوی جیهاد، ئەم وولاتانە لەژێر ئەم دروشمەدا رزگاریان بوو، بەڵام ئەو کاتە ئامادەیی تەواویان نەبوو بۆ گەڕانەوە، بەتەواوی بۆ شوناس و ئاین و دروشمە راستەکانی کە ئەو کاتە گەلان هەڵیان گرتبوو.

ئەو گەلانە کە بەدروشمی جیهاد سەرکەوتن، کۆتاییان بەداگیرکاری سەربازی هێنا، بەڵام لەدوای ئەوە داگیرکاری فیکری و کلتوری هەرمایەوە، کە بەردەوام دەیانویست شوناسی ئەم ئوممەتە بگۆڕن و شوناس و کولتورێکی تر فەرز بکەن بەسەریدا، لەوەدا سەرکەوتووبون کەتوانیان شەریعەتی ئیسلامی بگۆڕن بەیاسا دانراوەکان کە هەتا ئێستاش ئەم یاسایانە کاردەکەن، یاساکانی ئابوریان گۆڕی و لەهەندێکیاندا سیستەمی سۆسیالیستی و لەهەندێکی تریدا سەرمایەداریان دانا، لێرەوە ململانێیەکی توند لەناو گەلانی ئیسلامیدا دروست بوو لەنێوان زۆرینەی گەل کە دەیویست شوناسێکی ئیسلامی هەبێت و شەریعەت حاکم بێت، سیستەمە ئابوریەکەی لەسەر حەڵاڵ و حەرام دابمەزرێنێت، وەك ئەوەی لەناو مزگەوتدا فێری بووە بازاڕیش هەروا بێت، بەڵام ناچارکرا کە روو بکاتە حەرام و لەگەڵ سوو سیستەمی ئابوریی و سوسیالیستی دا مامەڵە بکات، ئەم ململانێیە لەلایەن دوژمنانەوە خۆش کرا، داگیرکەران پشتیوانیان لەهەموو بۆچوونێك دەکرد بەمەرجی ئەوەی ناوی ئیسلامی پێوە نەبێت، لەم بارەیەوە (مهادران) لەراپۆرتی 2005 و 2006 یدا دەڵێت: هیچ ئیسلامیەك کە قبوڵ نەکراوە تەنانەت صوفیەکانیش لەم بارەیەوە دەڵێت: هەرچەندە

صۆفیەکانیش نزیکترین کەسن لەئێمەوەو دەتوانین بەکاریان بێنین بۆ لێدانی ئیسلامی سیاسی، بەڵام صۆفیەکانیش مەترسیدارن بەهۆی ئەو مەرجەعیەتە ئیسلامیەی کە هەیانەو ئەوانیش هەلگری شوناسی ئیسلامین.

**ئیسلام و ئازادی:**

ئەو داگیرکەرانەی کە دەیانویست دەست بگرن بەسەر وولاتەکاندا دەیانزانی کە ئیسلام سەر شۆڕی و بەندایەتی بۆ غەیری خوا قبولٚ ناکات، بێجگە لە خوا خۆی بە پاشکۆی کەس نازانێت و هەرکەسێك داوای ئەوە بکات پێویستە دژایەتی بکرێت و دوور بخرێتەوە و نەهێڵێت بوونی هەبێت لە گۆڕەپانەکەدا، ئەو گۆڕەپانانەش جەماوەرو سیاسەت و سیاسی دەگرێتەوە، هەرچەندە لە رووکەشدا ئەم شەڕە وا دەزانرێ لە نێوان ئیسلامی سیاسی و پرۆژەی رۆژئاوایدایە، بەڵام لە راستیدا ئەمە جەنگە لە نێوان ئەوەی کە ئیسلام دەیەوێت کە ئەم ئوممەتە ئوممەتێکی یەکگرتوو بێت، ئوممەتێکی بە هێزو سەرکەوتوو ئامادەو سەربەخۆ بێت، ئایندەی باش و بەهێزە، ئەویش دەوڵەمەندی بە کانزاکان و سەرمایەیەکە کە لەژماردن نایەت ئەم ئوممەتە نابێت پاشکۆو پەرتەوازەو لاواز بێت، یان بەبێ شارستانیەت و هێزو خێر بێت.

ئەوان دەیانەوێت ئەم ئوممەتە بەو جۆرە بێت کە خۆیان دەیانەوێت، ئەوان دەیانەوێت ئەم گەلانە لاواز بن.

لێرەوە ململانێ لە نێوان حیزبەکاندا دروست بوو هەندێکیان بە ناوی حیزبە پێشکەوتوو خوازەکان و هەندێکیان سوسیالیستەکان و سەرمایەداریەکان، لە سەرەتادا ناوی خۆیان نابوو دیموکراسی بەڵام دیموکراسیەتێکی درۆ، نەك راستەقینە، جیهانی ئیسلامی و عەرەب کەوتە ئەو ململانێیانەوە. ئەمەش رووی لە لاوازی کردو بێ هێز بوو، لەم بارودۆخەدا ئابوریی بەهێز دروست نابێت، ئامانجەکانی خواو شەریعەت جێ بەجێ نابێت، پارتێك رۆیشت پارتێکی تر هات، کۆمەڵێك پارت شکستیان خوارد لەگەڵ کۆمەڵە ئایدولۆجیایەك، جارێکی تر ئایدۆلۆجیایەکی تر هات بە ناوی سەرمایەداری یان بە ناوی کودەتای سەربازی (200) ساڵمان بەم جۆرە بەڕێ کرد ئەمە بارودۆخی گەلانی ئیسلامی بوو هەر لەو کاتەشەوە ئەو دەستەواژانە دروست بوون کەپێی دەڵێن ئیسلامی سیاسی یان ئیسلامی نا سیاسی یان وەهابی، ئیسلامی فیسارو فلان ... هەموو ئەم ناوانە رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەن کە

دروست بوون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گەلانی ئیسلامی نەیانتوانی لە ئەم بارودۆخە نوێیە تێبگەن.

**دوژمنانی ئیسلام:**

دوژمنایەتی ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ نوخبەی سیاسی و زۆر لە روناکبیران و عەلمانیەکان کە بە شێوەیەکی راست و دروست لە ئیسلام تێنەگەیشتبوون و بۆ ئەم مەبەستەش ئیسلامی سیاسی یان هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی ئیسلامی کە بە ئیخوان یان غەیری ئیخوان ناوی دەبەن. وەك دوژمن سەیری دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش زۆربەی ئەمانە پشتیان بەلایەنی دەرەکی بەستوە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانیان، ئێستا زۆربەی دەزگا راگەیاندنە زەبەلاحە جیهانیەکان و ئاژانسەکانی هەواڵ بەرێژەی 90٪ بەدەستی جولەکەکانەوەیە، ئەوەی راستی بێت ئەمانە نایانەوێت لە راستی ئیسلام تێبگەن، یان راستیەکان پشت گوێ دەخەن، ئەو ململانێیانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی کە ئەم ئوممەتە بگاتە ئەو ئاستەی ئێستای لە دووبەرەکی و دوژمنایەتی ئێمە لە شەڕێك تەواو دەبین دەچینە شەڕێکی تر.

ئێمە هەمووومان حەزمان کرد بەدژایەتی داگیرکەران پاشان چوینە کایەی کودەتای سەربازی، پاشان کەوتینە گیانی یەکتر، لە ماوەی 100 ساڵدا زیاتر لە 200 جەنگمان لە ناوخۆماندا کردووە، لە نێوان وڵاتەکانی تردا جەنگی زۆر روویداوە، بۆ نموونە لە نێوان کوەیت و عێراقدا، لە نێوان وولاتانی ئەفەریقیدا تەنانەت لە نێوان وڵاتانی کەنداودا، لەسەر کێشەی سنور، ئەو سنورەی کە داگیرکەران لە رێکەوتننامەی سایکس بیکۆدا دروستیان کردووە، ئەم سنورانە پێش 150 ساڵ ئامادە نەبوون، ئەم ئوممتە ئیسلامیە ئەو کاتە هەمووی یەك بوو، یەك رەگەزنامەیان هەبوو، ئەو کاتە جۆرەها خەڵکی جیاواز لە وڵاتێکدا هەبوو کە سەر بە وولاتی تر بوون، یەکێك میصری بوو یان تورکی یان کوردی یان عەرەبی لەوپەڕی وولاتی ئیسلامیدا مسوڵمان هەبوون، بۆ هەرشوێنێك بتویستایە دەرۆیشتی بۆ وڵاتی فارس .. بۆ قیرغیزیا بۆ ئۆزبەگستان بۆ ئەفەریقیا، خێڵی عەرەبیت دەبینی دەچوونە ئەندەنوسیا، گەلەکان یەك ئوممەت بوون، زەویەکان یەك بوون پاشان سەرقاڵیان کردین بە نەتەوایەتی و نەتەوەپەرستی تورکی و عەرەبی توندڕەو سەرقاڵیان کردین ئەمەش بووە مایەی ناکۆکی لە نێوان نەتەوایەتی عەرەبی و تورك سەرەنجام

خەلافەتی عوسمانی روخا، لەمەش دوژمنان کەڵکیان وەرگرت ئینگلیز و فەرەنسیەکان سودمەند بوون.
ئێمە لەو مێژوەدا ژیابووین هەتا جەنگی جیهانی سێیەم شەڕ لەسەر ئەوانەی کە داگیرکەر دابنابوون ئەوانەی لە رێگەی کوودەتای سەربازیەوە هاتبوون، سەر زەویان پڕ کرد لە فەساد و گەندەڵی، بە درێژایی 30 تا 40 ساڵ شوناسی ئەم ئوممەتەیان لەناو برد لە شام دا لە چلەکاندا کودەتای سەربازی روویدا، هەروەها لە پەنجاکاندا لە میصر و عێراق بەم شێوەیە ژیانی سیاسی گۆڕا هەتا کار گەیشتە ئەم شۆڕشە جەماوەریانە کەپێیان دەوترێت بەهاری عەرەبی.

## وابەستەیی و شوێنکەوتەیی مرۆڤایەتی ناهێڵێ

ترسناکترین شتێ کەتووشی تاك یا کۆمەڵ و نەتەوە دێت شوێن کەوتەی کوێرانەیە، چونکە لەپێشکەوتنیان دەخات و شکستیان پێ دێنێ لەرووی بیرکردنەوە و لێکدانەوەوە، وایان لێ دێت کەلاسایی کەسانی تر بکەنەوەو وەك ئەوان بجوڵێنەوە و رێگەی راست نەدۆزنەوە، چونکە شوێنکەوتەیی و لاسایی کردنەوە ژیری لەکار دەخات، لەکاتێکدا ژیری گەورەترین بەهرەی خواییە کە بەمرۆڤی بەخشیوە، خوای بالاّ دەست رێزی لەمرۆڤ ناوەو بەژیری لە هەموو دروستکراوەکانی تر جیای کردۆتەوە، ئەوەش لەفەرموودەی پەروەردگاردا دەردەکەوێت کەفەرمویەتی: ﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُ سَاجِدِينَ﴾ الحجر 29
فریشتەکان سوجدەی رێزیان بۆ ئادەم برد، چونکە خوای گەورە مرۆڤی دروست کردو گیانی پێبەخشی، ئەو گیانەش هەڵگری ژیان و ژیری و جیاکردنەوەو پەی پێ بردنە، لەبەر ئەم سیفەت و جوێکردنەوەش بوو، کە فریشتەکان سوجدەیان بۆ بردو خوای گەورە بونەوەری بۆ ژێربار خست، هەر لەبەرئەوە روحە خواییەکە لەمرۆڤدایە.
خۆ ئەگەر مرۆڤ هەستا بە پەکخستنی ئەو (نفخە)یەو پەکخستنی ئەوەی لەناخی مرۆڤدایە لەدەزگاکانی تێڕوانینەوەو هۆشمەندی و ژیری، ئەوە ئەو مرۆڤە هیچی بۆ نامێنێتەوە

لەهۆکارەکانی جویٚ کردنەوەو مرۆڤ بوونی خۆی لەدەست دەدات، وەکو ئاژەڵی لیٚ دیٚت و بگرە خراپتر کە خوای گەورە وەسفی ئەو جۆرە کەسانەی پیٚ دەکات.
لەبەرئەوە ئاینی ئیسلام بەگشتی و قورئانی پیرۆز بەتایبەت، هیٚرشیٚکی گەورەو فراوانی کردۆتە سەر ئەو کەسانەی ژیریان لەکاردەخەن و لاسایی کەسانی تر دەکەنەوە و دەبنە پاشکۆیان هەرچەندە ئەو کەسانە باب و باپیری خۆشیان بن یا کەسانی تر، خوای گەورە باسی ئەو کەسانە دەکات کە نەفامن و ژیریان لەدەست داوەو ریٚی راستیان لیٚ تیٚك چووە و پەی پیٚنابەن و ریٚیان لەراستی ناکەویٚت، ئەوان ژیریان لەدەست داوە لەکاتیٚکدا کە دەڵیٚن: **بَلْ قَالُوا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِم مُّهْتَدُونَ الزخرف**22، لەشویٚنیٚکی تردا (مقتدون) ئەو جۆرە کەسانە شویٚنیٚکەوتەو لاسایکەرەوەی کەسانی ترن، پاشان ئەوان ئەقڵ و ژیری خۆیان لەکار خستوەو بیرناکەنەوە، لەبەرئەوە پیٚغەمبەران پیٚیان ووتون: **قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكُم بِأَهْدَى مِمَّا وَجَدتُّمْ عَلَيْهِ آبَاءكُمْ قَالُوا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ الزخرف**24 وەرن بیرکەنەوە، بەم شیٚوازە نەرم و نیانە و جوانە لەگەڵیاندا وتوویٚژیان کردوە. تەماشاکەن، بەراورد بکەن لەنیٚوان خۆتان و ئەو لاسایی کردنەوەتان لەرووی نەزانینەوە لەبیروباوەڕو هەڵسوکەوت و خوو رەوشت و داب و نەریتدا، بەراورد بکەن لەگەڵ ئەوەی لەلایەن خواوە هاتوەو ئەوەی لای باب و باپیرانتانە.
دەبوایە تەنها بە بەراورد کردنیٚك بکەوتنایەتە خۆیان و راچڵەکینایە، بەڵام لەبەرئەوەی وابەستەو شویٚنکەوتەن، بەتەواوی ژیری خۆیان لەکارخستوەو دەرگای ئەقڵیان داخستوە، بەم شیٚوەیە وەڵامی پیٚغەمبەرانی تریان داوەتەوە.....**إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ الزخرف**24 وتویانە: ئیٚمە بڕوامان بەو پەیامە نیە کە ئیٚوەی پیٚ رەوانەکراون، یەکسەر بەبیٚ بیرکردنەوە و تیٚڕوانین و بەراورد کردن، دەڵیٚن ئیٚمە لەسەر ریٚبازی باب و باپیرانمان دەڕۆین، ریٚبازی ئەو نەفامانەی پیٚشتر کە بۆیان دارِشتوین، کە ئەمەش هیچ کەسیٚکی ژیر قبوڵی ناکات.

**لەبواری بیرو باوەڕدا:**

ئایا هیچ کەسیٚکی ژیر رازییە بەوەی کە خواکەی لە خورما دروست بکات و هەر کاتیٚ برسی بوو بیخوات؟ ئەی هیچ کەسیٚکی ژیر بەوە رازییە کە کڕنوش بەریٚ بۆ بەردیٚ یا داریٚ کە بەدەستی خۆی بیتاشیٚ؟

ئەم مرۆڤە مەزنە کەخوای گەورە لەو روحە تایبەتیەی خۆی گیانی پێ بەخشیوە کەخۆی خاوەنیەتی، لەهەمان کاتدا ژیریشی پێ بەخشیوە، چۆن ئەبێ کڕنوش بەرێ بۆ دارێ یا بەردێکی داتاشراو کەنەسوود و نەزیانی هەبێ؟ لەگەڵ ئەوەشدا بەرپەچی پێغەمبەران و پێغەمبەری خۆشمانیان وا داوەتەوە ﴿...... **إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ** ﴾**الزخرف**24 وتویانە: ئێمە بڕوامان بەو پەیامە نیە کە بۆتان نێردراوە ئەوانەی ئەمە بیرو ڕایان بوو چییان بەسەرهات؟ کە لەکاتێکدا ژیری خۆیان لەکارخست ﴿**فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ** ﴾**الزخرف**25. خوای گەورە تۆڵەی لێ سەندن و لەناوی بردن و سزای دان.

ئەم ئایەتە وەکو ئایەتەکانی تر لەوپەڕی جوانی و شیکاریدا، دوای سروش ئەو پەڕی بایەخ و گرنگی بەژیری دەدات، لێرەدا نابێ بەهیچ شێوەیەك مرۆڤی ژیرعەقڵی خۆی لەکاربخات و گوێی نەداتێ، بەڵکو پێویستە بەکاری بێنێ و بیخاتە گەڕو بیری پێ کاتەوەو هەرچی دەبینێ و دەیبیستێ بەو ژیریە بیپێوێ و لەسەنگی مەحەکی بدات، قورئانی پیرۆز فێرمان دەکات، کاتێ قورئانیش وەردەگرین، لەگەڵ ئەوەشدا بڕوامان پێی هەیە، دەبێ لێی بڕوانین و بیری لێ بکەینەوەو ئەقڵ و هۆشی بدەینێ ﴿**وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم**﴾**الزمر**55، ئەبێ شوێنی چاکترین بکەوین، ئەمەش پێویستی بە بەراوردو هەڵسەنگاندن و خستنەکاری ئەقڵ هەیە، ژیری داینەمۆیە، نابێ هەرگیز لەکاربکەوێت و بوەستێت و هەمیشە دەبێت ئیش بکات بەرۆژو بەشەو، بۆ گەیشتن بەکرداری کامە باشە و کامە خراپە، پاشان کامە باشترینە و کامە خراپترین، ئینجا شوێن کەوتنی ئەوەی کە باشترینە.

ئەگەر سەرنجی قورئانی پیرۆز بدەین، دەبینین کەرێنمایی هەموو لایەکمان دەکات، بۆ ئەوەی کە هەموو شتێك بەگوتارو کردار ئەنجام بدەین، پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ هەموو ئەمانە بەدەوری سێ شتدا دەسوڕێتەوە، ئاوەدان کردنەوەی زەوی و دروست کردنی ژیان و دروست کردنی مردن. خوای گەورە دەفەرموێ:﴿**تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ * الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ**﴾**الملك**1-2، ژیان و مردن بۆ تاقیکردنەوەیە.

پێمان دەڵێت ئەی نەتەوەی ئیسلام و نەتەوەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾، تاقیکردنەوە تەنها ئەوەنیە کە دنیا ئاوەدان بکرێتەوە دەست بەسەر زەویدا بگیرێ، بەڵکو بەباشترین کردەی نوێگەرایەتی و پلان بۆ داڕێژراوی هەمیشەیی و بەردەوام، کە لەجیهانی رۆژئاوادا پێی

دەڵێن: نەوەی چوارەم نەوەی چاکترین سیناریۆ هات و چاکترین تێڕوانین و بیرو بۆچوون و ئەگەرەکان.
بەم شێوەیە دەتوانن دەست بگرن بەسەر زەویدا، بەڵام بەووتەو کرداری ساکاری ئاسایی هەرگیز ناتوانن بگەنە شتێ شایانی باس بێت.
ئا ئەمە ژیریە ئەو بەهرە مەزنە خواییە، کە تەنها بەمرۆڤی بەخشیوە ژیان و ژیری و ئازادی و ڕێزی تیایە.
خوای گەورە ئاوەدان کردنەوەی زەوی خستۆتە ئەستۆی مرۆڤ، هەر بۆیە پێویستە لەسەری بەچاکترین شێوە بیر بکاتەوە و ئەوەی ژیری و بیری پەسەندی کرد ئەوە بکات، لەهەموو بوارەکانی ژیاندا تەنانەت لەبوارەکانی ئاینیشدا، دەبێ بەهۆی ئەقڵەوە بگەینە خواناسی نەك گێلانە بەقەناعەتی خۆت بگەیتە ئەنجام و بڕوات بەخوا هەبێ و پاشان ئەوەی خوا فەرمانی پێداوە جێ بەجێی بکەیت، ئەم مرۆڤە لای خوای گەورە لەسەروو هەموو شتێکەوەیە، لەبەرئەوە نایخاتە ژێر هیچ بارێکەوە بەقەناعەت و ڕەزامەندی خۆی نەبێ، بەم ژیری و بەم سروشتە مرۆڤ دەگاتە خواناسی دروست، دەگاتە چاکترین کردار، دەگاتە پایەداری لەسەر زەویدا بەچاکترین سیناریۆ و چاکترین کردار.
لێرەدا لە کارخستن و پەك خستنی ژیری لەلای تاك بێت یان کۆمەڵ، لەکارخستنی گەل و نەتەوەیە، لەکارخستنی ژیرییە پەکخستنی جووڵەیە، پەکخستنی پێشکەوتنە پەك خستنی ژیارە پەك خستنی نوێگەری و بەرخودانە، میللەتی وابەستە و چاولێکەر و پاشکۆ هەمیشە لەدواوەیە لە کاروان جێماوە و هەرگیز پێش ناکەوێت.
لێرەدا دوژمنانی ئیسلام ئەم وابەستەییە دێنن و بەهۆیەوە لاوازی و ناکۆکی و چاولێکەری و دوورکەوتنەوە لەداهێنان دروست دەبێت و پێشکەوتن و ڕەسەنایەتی و ئەوەی سوودی نەتەوەی تیا بێت بزردەبێت.
خوای گەورە دەفەرموێت: **وَلَن تَرْضَى عَنكَ الْيَهودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ**..... **البقرة**120، لێرەدا مەبەست چوونە ناو ئاین نیە، بەڵکو مەبەست وابەستەیی و شوێنکەوتنە، بەڵێ نابێ مسوڵمان ئاینەکەی بگۆڕێ، بەڵام سەیری وردی قورئان بکە (**حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ**)، یانی هەتا شوێن هەڵسوکەوت و ڕۆشنبیری و ئەوەی ئەوان دەیانەوێت بکەویت.

مەبەست ئەوەیە رۆژهەڵات وابەستەی رۆژئاوا بێت و رۆژهەڵات ژێردەستەی رۆژئاوابێت، وەکو چۆن دەیانووت خوێن و ژیری ئەوان باشترین خوێن و ژیرییە، کە ئەمەش هەرگیز راست نیە و وانیە، چونکە هەموو مرۆڤەکان لە ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵە، زانستی نوێش ئەوەی سەلماندووە، کە رەگەزەکانی مرۆڤ هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوانیاندا، بەڵام رۆژئاوا لەم ماوەی دوایدا توانیان ئەو پاشکۆیی و وابەستەییە بچەسپێنن بەسەر گەلانی ئیسلامیدا، داگیرکاری سەربازی کارێکی ترسناکە، بەڵام لەو خراپتر وابەستەییە، چونکە بەهۆیەوە گەلانی ئیسلامی پەرت و بڵاوبوونەوەو بەش بەش بوون و بوونە پاشکۆو شوێنکەوتەی ئەو وڵاتانەی کە داگیرکەرن و بەوشێوەیە ژیانیان بردە سەر.

فەیلەسوفی فەرەنسی گارودی دەڵێت: رۆژئاواییە ئیمپریالیستەکان توانیان سێ کیشوەر داگیر بکەن و سامانەکانیان بەرن، کە ئەو سێ کیشوەرەش ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای باشوور بوو، بەهۆی سامانی ئەو کیشوەرانەوە توانیان ژیان و ژیارو شارستانێتی خۆیان بنیات بنێن، بەڵام کاتێ دەستکەوتی ئەم شارستانیەتە کەم بوویەوە، کەوتنە گێروگرفتی ئابوری و کێشە و جەنگەوە لە پێناوی داگیرکاری و وابەستەییەوە.

پاشکۆی وابەستەبوون سامناکترین شتە، چونکە مرۆڤایەتی مرۆڤ ناهێڵێ، مرۆڤ ژیری لەدەست دەدات کە سەرچاوەی بیرکردنەوەو پەی پێ بردن و تێڕامانە.

پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ نەیدەهێشت تەنانەت لەچاکە کردنیشدا هاوڕێیان وابەستەبن بەکەسەوە (لاتکن امعة) واتای (امعة) وابەستەبوونە بەخەڵکەوە تەنانەت لە چاکەشدا گەر ئەقڵ و بیرو هۆشی لەگەڵ نەبێ.

راڤەی ووشەی (امعة)ی واکرد بەوابەستەیی و پاشکویی رەها، کە خەڵك چاکیان کرد، چاکە بکەیت و خراپەیان کرد خراپە بکەی، ئەوەی وایە سەرگەردانەو خێری تێدا نیە، بەڵکو خراپە.

پێغەمبەر﴿ﷺ﴾فەرمووی: وایە خەڵك چاکیان کرد چاکە بکە پاش بیرکردنەوەو سەرنجدان، بۆ خواو لەبەرئەو، نەك لەبەر خەڵك، ئەگەر خراپەیان کرد شوێنیان مەکەوە، بەڵکو تۆ هەر چاکە بکە.

کەواتە پێویستە ژیری بخرێتە کار و بیریش بجولێنرێتەوە، چونکە گەورەترین دروست کراوی خوایە، بەدەست خوا دروست کراوەو بەویستی ئەو گیانی پێ بەخشراوە، ئیتر چۆن دەبێ پاشکۆو چاولێکەربێ ؟

ترسناکترین جۆری وابەستەیی، وابەستەیی ئاینی و بەرنامەو یاسا دانانە، وابەستەی ئاینی ئەوەی کەئاینەکەمان بخەینە ژێر ویستی ئەوان و ئەوان چۆنیان پێ باش بێ وابکەین، لەکاتێکدا ئێمە لە ئایندا هەندێ بنەماو نەگۆڕمان هەیە، نابێ دەستکاری بکرێن، بەڵام لەبەر ویستی ئەوان لێکدانەوەو گۆڕانکاریان تیابکەین، ئەم دەستێوەردانە بەشێکە لەپاشکۆیی و وابەستەیی .

ترسناکترین وابەستەیی ئەوەیە کە ببێتە دیاردەو کۆمەڵگە بگرێتەوە، لێرەدا هەندێ لەوانەی کە خۆیان بەزانا دەزانن و دێن ملی ئایەت دەگرن و بەئارەزوی خۆیان بای ئەدەن و راڤەیەکی ناتەواو و نادروستی بۆ دەکەن، ئەگەر فەرمان رەوا ئارەزوی جەنگی بوو ئەوا بۆی بڕیار دەدەن و ئایەتی بۆی تەئویل دەکەن، ئەگەر بیەوێت فرە ژنی قەدەغە بکات، ئەو مافەی دەدەنێ فرە ژنی بەستراوە بەجێبەجێ کردنی دادپەروەری و تواناوە نەك تەنها ئارەزوو، بەڵام قەدەغە کردنی پێچەوانەی شەرعی خوایە، یا قەدەغە کردنی تەڵاق و هەندێ شتی تر.

بینیتان لەیەمەن هەندێ لەزانایانی دەسەڵات بڕیاری قەدەغەکردنی خۆپیشاندانی جەماوەریان دەرکرد لەبەر خاتری ئەو سەرۆکە ستەمکارە گەندەڵە خوێن رێژەی کەشەرعیەتی لەدەست داوە.

ئەوەنیە کەشت لەکەسانی تر وەرنەگرین، مسوڵمان و کەسانی ترو کۆمەڵانی تر دەتوانن شت لە کەسان و گەلانی تر وەرگرن و فێرببن، شتی بەسوود لەزانیاری و حیکمەت و ئەوەی پێویستە بۆ ژیان وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە : (الحكمة ضالة المؤمن ) حیکمەت بریتیە لەهەموو شتێکی بەسوود لەهەر بوارێکدا بێت، لەبوارەکانی زانستی و رۆشنبیری و بیروبۆچۆندا، هیچ رێگرییەك نیە، بەڵام بەژیری و لەسێبەری شەریعەتدا، بەم شێوەیە حیکمەت ونبووی مسوڵمانە و هەرکاتێ بیدۆزێتەوە دەبێتە خاوەنی.

بەڵام ئێمە کە کەمتەرخەمیمان کردووە لەماق ئەم حیکەمەت و زانست و ئەزمونانەدا، بۆیە رێمان لێ تێك چوە کەواتە کە وەریناگرین کاتێ لەدەستی کەسانی تردا دەردەکەون، هەست بەم کەمتەرخەمیە دەکەین کەواتە بۆ؟ چونکە چاوگی زانست سێ شتە کە ئەوانەش ژیری و هەست و ئەزموونەکانە، ئەمانەش لای مسوڵمانان هەن، زیاد لەوەش ئێمە چاوگێکی ترمان

هەیە کە بۆ ژیارو کاروباری دنیاشمان بە کەڵکە، ئەویش مرۆڤە (قورئانی پیرۆز) کە ڕێنماییمان دەکات بۆ زۆرێك لەتیۆرو بیردۆزو بیرو ڕاکان.

پێویستە ئێمەی خاوەن ئەم ژیاریە خاوەنی داهێنانی زۆرشت بین لەبوارەکانی ژیاندا کاتێ ئێمە فەراموشمان کرد، کەسانی تر قۆستیانەوە ، کەواتە وابەستەیی وەرگرتن نیە لەکەسانی تر.

یەکێك لەرۆشنبیران وتویەتی □ بەڵام سوپاس بۆخوا □ دوایی گەڕایەوەو تەوبەی کرد: (ئەبێ ئێمە وابەستەی رۆژئاوابین بەچاك و خراپ شت لەکەسان و گەلانی ترەوە وەربگرین و فێر ببین، دەتوانین شت لە مولحید و مشرکیش وەربگرین، شتی بەسوود لەزانست و حیکمەت و ئەوەی پێویستە، وەکو لەم فەرمودەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە: الحكمة ضالة المؤمن.

دانایی بریتیە لەهەموو شتێکی بەسوود لەهەر بوارێکدا بێت. لەبواری زانستداو رۆشنبیری و بیربۆچۆندا. هیچ ڕێگرییەك نیە، بەڵام بەژیری و لەسێبەری شەریعەتدا، بەم شێوەیە ونبوی مسوڵمانانە، بەڵام ئێمە کەمتەرخەمیمان کردوە لەمافی ئەم حیکمەت و زانست و ئەزمونانەدا، بۆیە ڕێمان لێ تێك چوە، بۆیە واچاکە وەریان گرین کاتێ لەدەستی کەسانی تردا دەردەکەون، هەست بەم کەمتەرخەمیە بکەین، کەواتە بۆ؟ چونکە چاوگی زانست سێ شتە کەئەوانەش ژیری و هەستەکان و ئەزمونەکانە. ئەمانەش لای مسوڵمانان هەن.

زیاد لەوەش ئێمە چاوگێکی ترمان هەیە کەبۆ کاروباری دنیاش بەکەڵکە، ئەویش سروشە (قورئانی پیرۆز) کەرێنمایمان دەکات بۆ زۆر لەتیۆرو بیردۆزەو بیروراکان، پێویستە ئێمەی خاوەن ئەم ژیارییە خاوەنی داهێنانی زۆر شت بین لەبوارەکانی ژیاندا، کاتێ پشتگوێمان خست کەسانی تر قوستیانەوە، کەواتە وابەستەیی وەرگرتن نیە لەکەسانی تر.

یەکێك لەرۆشنبیران وتویەتی: بەڵام سوپاس بۆخوای گەورە گەڕایەوەو تەوبەی کرد (ئەبێ ئێمە وابەستەی رۆژئاوا بین بەچاك و خراپەوە، بە شیرن و تاڵەوە. هەتا جل و بەرگیش) چ کاتێك زانست بەجل و بەرگەوە بوە؟ کەی زانست بەلاسایی کردنەوە بوە؟ ئایا ژیاری رۆژئاوا بەوابەستەیی دروست بوو؟ بەڵکو ئەوان زۆر شتیان لەئێمە وەرگرت و شتیان لەسەر بنیات ناو داهێنانیان تیا کرد.

لەبەرئەوە پێویستە لەسەر نەتەوەی ئیسلام گەر بیەوێ پێش بکەوێ وە کۆمەڵی ئیسلامیش بیەوێ پێشکەوێ دەبێ ژیری خۆی بەکاربێنێ و وابەستەی کەس نەبی بە بەڵگەوە نەبێ.

ئەگەر ئێمە باسی ترسناکی و سامناکی و وابەستەیی و پاشکۆییمان لەسەر نەتەوەی ئیسلامیمان کرد، کە چۆن بیرو هۆش و ژیری پەك دەخات. گەل دوا دەخات و بەدواکەوتوویی و بێ ژیار دەمێنێتەوە، بەهاری عەرەبی و شۆڕشە عەرەبیەکان کە لەپێناویدا خوێنی گەشیان کردە قوربانی و سامان و گیانیان لەپێناویدا بەخت کرد، دەیانەوێت دیسان ئەو شۆڕشانە وا لێ بکەن کە لەرووی یاسا دانان و رامیاری و بیرو رۆشنبیرییەوە وابەستەیان بکەن بە رۆژئاواوە.

هیچ گومانی تێدا نیە، کە ئێمەو هەموو مسوڵمانێك سوپاسی هەر کەس و لایەك دەکەین کە چاکەی بەرامبەر کردبین و پێزان دەبین و دەڵێین چاکت کرد، هەر کەس خراپەی کردبێت بەرهەڵستی دەکەین، هەرگیز نابێت قبوڵی وابەستەیی بکەین. گەر ئەم گەلانە لەستەم رزگاریان بوە، ئەوە بەوابەستەیی لەئیمپریالیزم و ستەمکاری و داپلۆسان رزگار نابێ، بۆیە دەبێ لەبازنەی ئازادی دەرنەچن و ژیری خۆیان بەکار بێنن کە گەورەترین بەهرەی خواییە کەبەم خەڵکەی بەخشیوە، بۆیە دەبێت زۆر بەراشکاوانەو روونی هەڵسوکەوت بکەین، ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەسەر بنەمای رێزگرتنی بەرامبەر کرد، مامەڵەیەك بەبێ دەست تێوەردان لەکاروباری ناوخۆی هیچ لایەك.

هەروەها نابێ دەست بخەینە ناو هەڵبژاردنی پارتە چەپ و راستەکانیان، کەواتە بۆ ئەوان دەست دەخەنە ناو کاروباری ناوخۆمان تەنانەت لە هەڵبژاردنی شەریعەتەکەماندا، جەنگی ئەمرۆ بۆتە جەنگی شەریعەت، لە کاتێکدا شەریعەت نەبەستراوە بەپارتە رامیارییەکانەوە. شەریعەت، شەریعەتی خوایە، خوا ناردویەتی بۆ ئەم گەلە، شوناسی نەتەوەیە، شکومەندییەتی (انە لذکر لك) واتای ئەوەیە کە رێزو بڵندی و شکۆی نەتەوەیە، ئەوانە هەوڵیاندا کەشەریعەت و کردارە سیاسیەکان تێکەڵ بکەن بەتایبەتی توندڕەوە سیاسی و تیرۆریستیەکان، ئەمانە بەتایبەتی تیرۆریستەکان ئەوپەڕی دوورن لەحەقیقەتی ئەم شەریعەتە.

ئیسلامی میانڕەو خاوەنی بەرنامەی میانڕەوە لەلایەن خوای باڵا دەستەوە خەڵاتی ئەم نەتەوەیە کراوە، کەهەمووی خێرو چاکەیە و رەحمەت و سۆزو میهرەبانیشە بۆ هەموو خەڵکە لە سەرزەوی و سارێژکەری دەردەکانی دڵە، لەبەرئەوە لەم روانگەیەوە داواکارین لەم گەلە مسوڵمانانە کە پارێزگاری لەشوناسی خۆیان بکەن.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لەم هەفتەیەدا لایەنەکانی سوریا گەیشتنە ئەوەی کەتوانیان بگەنە ڕێکەوتن و ژمارەیەکی زۆری لایەنەکانی ناوخۆو دەرەوە (ئەنجومەنی نیشتیمانی شۆڕشی سوریایان دامەزراند) ئەم ئەنجومەنە پێك هاتوە لەچەند پارت و کەسایەتی سەربەخۆ لەهەموو لایەنە سیاسیەکانی سوریا.

بەم بۆنەیەوە، ئێمە لەیەکێتی جیهانی زانایان پیرۆزبایی ئەم هەنگاوە دەکەین، پاڵپشتی ئەم ئەنجومەنە دەکەین، بەتایبەت پاش ئەو پاڵپشتیە مەزنەی کەلێی کرا لەلایەن گەلانی سوریاوە، کەئەوە بوو ئەو هەینیەیان ناونا (هەینی ئەنجومەنی نیشتیمانی نوێنەرمانە) ئەمەش بەڵگەو نیشانەیەکی گەورەیە کە ئەو میللەتە چەند مانگێکە ئەم رژێمە ستەمکارەی ناوێت و داوای رمانی دەکات.

لێرەدا پێویستە لەسەر ئەم ئەنجومەنە زۆر پێزانی خۆی بەرامبەر بەو پاڵپشتی و بڕوا پێ بوونە هەبێ کە لەلایەن ئەو گەلە خەباتگێڕە تێکۆشەرەوە پێی دراوە، پارێزگاری ئەو سپاردەیە بکات و بیپارێزێ و لەئاستیا بێت.

پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بەئەبوو ذري غفاری فەرموو: "إنها أمانة وإنها يوم القيامة خزي وندامة إلا من أخذها بحقها وأدى الذي عليه فيها" رواه مسلم ، واتە: بێ گومان سپاردەیەو لەرۆژی دوایدا سەرشۆڕی و پەشیمانیە، جگە لەو کەسەی مافی خۆی بداتێ و ئەوەی لەسەریەتی بەرامبەری جێبەجێی بکات.

داوا لەم ئەنجومەنە دەکەین کەدەروازەی والاَ بێت بۆ هەرکەس و پارت و لایەنێك لەدەرەوەو ناوەوەو تائێستا پەیوەندی پێوە نەکردون بۆ ئەوەی شێوەی یەکپارچەیی ئۆپۆزسیونی ئەم رژێمە ستەمکارە داپلوۆسێنەرە خوێن ڕێژە دەربکەوێ، بەهیوای ئەوەی سوریای نوێ پڕ لەدادو ئازادی و دەساو دەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بێت لەسایەی ڕێزگرتن لەشوناسی ئیسلامیان، کەپێناسەی زۆرینەی گەلەو ڕێز لەمافەکانی هەموو کەمینە ئاینی و نەتەوەییانەی تر بگرێت کە بەهەموویانەوە گەلی سوریای پاڵەوان پێك دێنێ.

داواکارین لە پەرلەمانەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و جیهانی ئازاد بەحکومەتەکانیانەوە کە پاڵپشتی ئەم ئەنجومەنە بکەن و لەگەڵ گەلی سوریای برینداری ستەملێکراو بەوپەڕی هێزەوە بوەستن.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلاَ تَرْكَنُواْ إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللّهِ مِنْ أَوْلِيَاء ثُمَّ لاَ تُنصَرُونَ ﴾هود113، با هەموو بزانین کە سەرەنجامی هەموو ستەمکارێکی گەندەڵ و زۆردار نەمان و تیاچونە، خوای گەورە دەفەرموێ:﴿الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلادِ*فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ * فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ * إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ﴾ الفجر: 11-14.

## حەج وەك عیبادەت و قوربانیش وەك بەرەبەیانی رزگاربوون لە ستەمکاری و چەوسانەوە

پێنج روکنەکەی ئیسلام، هەموویان تەواوکەری یەکترین، لەم رێگەیەشەوە ئیلتیزامی تەواو دروست دەبێت، لەرووی بەجێ هێنانی دروشمکانەوە، لەبەرئەوە ئەو پێنج ئەرکانە بۆیە دانراوە چونکە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە، وتنی وشەی شەهادە مانای دان پێدانانی دڵە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لەدڵەوە بڕوا بهێنێت و دانی پێدابنێت بەوەی کەپێویستە ئەو شتانە جێبەجێ بکەین کە خوا فەرزی کردووە لەسەرمان.
شایەتی هێنان داننانە بەیەکتایی خواو ئیمان هێنانە بەتواناو قەدەرەکانی خوای گەورە، لەخێرو شەڕو باوەڕهێنان بەرۆژی دوایی و راستی پێغەمبەرایەتی محمد ﴿ﷺ﴾ئەمە یەکەم روکنی ئیسلامە و بنەمایەکی سەرەکی باوەڕهێنانە، ئەگەر ئەم بنەمایە لەدەرونی مرۆڤدا هەبوو، ئەم قەناعەتە دروست بوو لەناو دڵ و دەرون و گیاندا، ئەم باوەڕە دەبێتە

داینەمۆیەك بۆ بەگەڕخستنی ئەندامەکانی جەستە وەك زمان و هاوشێوەکانی، ئەمە وەك هێزێکی کارەبایی وایە، ئێمە هەست بەبوونی تەزوو ناکەین تەنها لەرێگەی شوێنەوارەکانیەوە نەبێت وەك، رووناکی و وزەو و شتی تر، سەرەتا ئیمان لەدڵدا جێگیر دەبێت، پاشان ئەم ئیمانە دەبێتە بزوێنەری ئەندامەکانی بۆ ئەنجامدانی عیبادەت لەرێگەی بەشداری هەموو ئەندامەکانی وەك سەر، ناوچەوان، زمان و ئەندامەکانی تر، ئەویش لەرێگەی نوێژ، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو فەرمانەو هێزە شاراوە جێ بەجێ بکەن کە لەناو دەرونی مرۆڤدا هەیە، کە ئەویش هێزی ئیمانە و باوەڕ هێنانە بەخواو پێغەمبەرەکەی.

نوێژکردن کاریگەرییەکی هێزی ئیمانی ناو دڵە، کە پاڵی پێوە دەنێت بۆ دەست نوێژگرتن و پاك کردنەوەی و ئاراستەکردنی بەرەو خێرو چاکە خوازی و دورخستنەوەیەتی لەسەر شەهەوات ئەگەر حەڵاڵیش بێت، رۆژو دێت و کار لەسەر باری دەروونی مرۆڤ دەکات، چونکە ئەگەر فەرمانەکانی نەفس بەجێ بهێنێ بۆ ئارەزووەکانی و شەهوەتەکانی ئەوا تیا دەچێت، بەڵام لەکاتێکدا کە ڕەمەزان دێت و تەنانەت رێگەی لێ دەگرێت لە حەڵاڵەکانیش لەماوەی ئەو مانگەدا، ئەمە کاریگەری لەسەر ئیمان هەیە هەروەها لەسەر ئەندامەکانی.

مانگی رەمەزان مانگی راهێنانە لەسەر دورکەوتنەوە لەحەرام و جڵەو کردنی ئارەزووەکان، لەدوای ئەوە جۆرێکی تر لەعیبادەت دێت ئەویش عیبادەتە بەماڵ، ئەگەر ئیمان لە دڵدا جێگیر بووبێت، ئەوەش چەسپاو دەبێت کە خوای گەورە خاوەنی گشتی ماڵەکەیە و هەر ئەویش توانای هەموو شتێکی هەیە، دەبێت مسوڵمانان ئامادەی بەخشینی گیان و ماڵ بێت بۆ خوا، زەکات روکنی سێیەمە کە بوارێکی ئابوریە، لەم بوارەدا خوای گەورە دەیەوێت جۆرێك لەدەستەبەری کۆمەڵایەتی دابین بکات، عومەری کوڕی عەبدول عەزیز کە لەماوەی کەمتر لەسێ ساڵ جێ بەجێی کرد، بۆ ئەوەی کە ئوممەتی ئیسلامی لەو کاتەدا ببێتە ئومەتێکی دەوڵەمەند و هەژاری تیا نەمێنێت لە مسوڵمان و نامسوڵمان.

روکنی پێنجەم دێت و هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە، هەموو جەستەی مرۆڤ دەگرێتەوە، لایەنی ماڵیش دەگرێتەوە، لایەنی دەرونیش، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە عیبادەتێکی بە کۆمەڵە کارێکی کۆمەڵایەتیە، مسوڵمان لەحەجدا لەم سەری دنیا بۆ ئەو سەری دنیا یەکتر دەبینن، کە بەملیۆنان کەس دەبن، لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە بەیەك گەیشتنی تاکەتاکەی مسوڵمانان لەخۆ دەگرێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ**﴾ ( 27 ) **سورة الحج** .

بەهەر هۆکارێکی گونجاوبێت دێن بۆ ئەوەی سودیان دەست بکەوێت، سودی دنیایی کۆمەڵایەتی ئابوریی، سودی زۆردەبینن لەزۆر بواری ژیاندا، مسوڵمان هەست بە یەکێتی ئیسلامی دەکات، هەموویان لەبەردەم خوا دەوەستن، روو دەکەنە قیبلەیەك، بەدەوری کەعبەدا بەڕیز دەسوڕێنەوە، بەیەك ئاراستە دەڕۆن، یەك جل و بەرگ لەبەردەکەن، وەك رۆژی حەشر وایە، ئەم دیمەنە ئەو رۆژەمان بیر دەهێنێتەوە، ئەمە ئەو ئیسلامە گەورەیە کە خاوەنی ئەم ئامانجە بەرزەیە، خوای گەورە دەیەوێت ئیسلام کۆکەرەوەی هەموو ئەم شتانەبێت، عیبادەت تەنها عادەت و خو پێوەرگرتن نەبێت، هەروەك زاناکانی پێشوو دەڵێن: عیبادەت لەعادەت جیایە لەرووی کاریگەریەوە، دەبێت یەکەم کەس مرۆڤ بۆ خۆی کەڵك لەعیبادەتەکەی وەربگرێت، ئەو عیبادەتە نوێژ بێت یان رۆژو یان حەج یان زەکات، لەبەرئەوە خوای گەورە هەموو ئەو عیبادەتانەی پەیوەست کردۆتەوە بەئامانجەکانیەوە، بەو شوێنکارانەی کە عیبادەتەکە لەسەرت بەجێ دەهێنێت.

ئەگەر وانەبێت کەواتە ئەو سوجدەو کڕنوش و نوێژەی کردوتە کاریگەری لەسەر سلوك و دەرونت نەبووە: ﴿**اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ**﴾ (45) **سورة العنكبوت**

ئایا سودی رۆژو چییە ئەگەر تەقواو لەخوا ترسان لەدڵی تۆدا دروست نەکات؟ ئایا سودی زەکات چیە ئەگەر دەرونت پاك نەکاتەوە لەرەزیلی و چروکی و حەسودی؟ یان ئەگەر نەتگەیەنێتە خۆشەویستی خەڵك و ئەوەی بۆخۆت پێت خۆشە بۆ خەڵکیش پێت خۆش بێت، هەروەك چۆن بۆخۆت پێت خۆشە برسیت نەبێت، دەبێت بۆ خەڵکیش وابیت وەك خۆت پێت خۆشە رووت نەبێت دەبێت بەو جۆرەش هاوکاری خەڵك بکەیت بێ بەرگ و رووت نەبن، ئەمەیە مانای حەج.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەحەجدا مەرجێکی سەرەکی دادەنێت کەدەبێت حەجێکی قبوڵ کراوبێت، لەفەرمودەیەکدا دەفەرموێت "حەجی قبوڵکراو پاداشتەکەی بەهەشتە، لەپێغەمبەریان پرسی چ کارێك زۆر بەڕێزو باشە ؟ ئەویش فەرمووی باوەڕ بەخوا، ووتیان دوای ئەوە چی؟ فەرموی جیهاد لەڕێی خوادا، دوایی وتیان چیتر؟ ووتی حەجێکی وەرگیراو" پێغەمبەر نەیفەرموو تەنها بچیت بۆ حەج، بەڵکو باسی لە حەجێك کرد کە کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی دەرون و سلوك و مامەڵە و هەموو رەوشتەکانت.

واته كه تۆ لەحەج گەڕایتەوە مرۆڤێكی تر بیت لەرووی روحی  و سلوك  و مامەڵەوە بەشێوەی پێش حەج  نەبیت.

ئەمە ئەو حەجەیە كەپاداشتەكەی بەهەشتە، یان ئەو حەجەیە كە لەفەرمودەیەكی تردا دەفەرموێت، وەك ئەو رۆژەی لێ دێت كە لەدایك بووە، واتە دەبێت تۆ لاپەڕەیەكی نوێ لەژیانت دەست پێ بكەیت، دەبێت لەحەجدا ئەو كەسە گفتوگۆ لەگەڵ خۆیدا بكات، حەج گەشتێكیی درێژە لەو ماوەیەدا دەبێت لەگەڵ خۆت دابنیشیت، هەڵەكانت راست بكەیتەوە، دەرونت لەرق و كینەو بۆغز پاك بكەیتەوە، كە گەڕایتەوە بەپاكی بگەڕێیتەوە، دڵت سپی بێت وەك دڵی منالی تازە لەدایك بوو، خوای گەورە لەئایەتێكی تردا دەفەرموێت ﴿**يَوْمَ لاَ يَنفَعُ مَالٌ وَلاَ بَنُونَ*إِلاَ مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ**﴾**الشعرا 88-89**، بەدڵێكی پاكەوە بگەڕێیتەوە، دڵێك خەڵكی خۆش بوێت، بەخۆت  و عەیبەكانی خۆتەوە سەرقاڵ بیت، بینینی ناتەواویەكانی خۆت كەسانی ترت لەبیر دەباتەوە.

ئەگەر دڵت گەیشتە ئەم ئاستە وەك دڵی منالی لێ دێت، ئەو كاتەش حەجەكەت وەرگیراوە، ئەمەش ئەو حەجەیە كەخوای گەورە وەری دەگرێت، پێغەمبەری خواش لە خۆیەوە قسە ناكات ( **إن هو إلا وحي يوحى** ) .

پێغەمبەری خوا لێرەدا تەعبیر لە ویست  و ئیرادەی خوا دەكات، ئەمە شوێنی تاقیكرنەوەیە شوێنی كارو تێكوشانە، ئایا حاجی دەتوانێت بەو شێوە دڵ  و دەرون  و كردەوەی پاك بكاتەوە، گەڕانەوەی دڵ بۆسەر پاكێتیە سروشتیەكەی كەخۆشەویستیە بۆ هەموو چاكەو مرۆڤایەتیە، خۆشەویستی خوا، پێغەمبەر، خۆشەویستی مسوڵمانان، رۆیشتن لەسەر رێگەی فیترەت كەئیسلامە بەسلوك و باوەڕو بەها نەگۆڕەكانیەوە.

زۆر لەحاجیەكان دەگەڕێنەوە لەحەج بەڵام ناگۆڕێن، بەهەمان دەرون  و روح  و سلوكەوە دێنەوە، ئەم حەجە تەنها عادەتە، حەج عادەت  نیە، بەڵكو عیبادەتە، چونكە عیبادەت كاریگەری هەیە (انما ألاعمال بالنيات) نیەت لەدڵدایە نیەت قبوڵكراوە ئەگەر كاریگەری لەسەر دەرون  و ئەندامەكان  و جەستە هەبێت بەتایبەتیش زمان.

## رێنماییەك بۆ حاجیەكان:

ڕێنماییەك کە لەپێغەمبەری خواوە بۆ حاجیەکان باس کراوە، ئەو حاجیانە کە خوا ڕێزی لێنان و حەجی ئەمساڵیان بەنسیب بوو، با عەزیمە و ئیرادەیەکی بەرزیان هەبێت، هەوڵ بدەن حەجەکەیان قبوڵ کراوبێت، لەمەرجەکانیشی ئەوەیە کە ئەم حەجە به ماڵی حەڵاڵ بێت، نەك بە حەرام، ئەو حەرامە ریبا بێت یان گەندەڵی یان دزی یان گزی یان خواردنی ماڵی خەڵك، ئەگەر حەجەکەت بەماڵی خەڵك کرد ئەو کاتە کە هاوار دەکەیت (لبیك اللهم لبیك) پێت دەڵێن (لا لبیك ولاسعدیك) چونکە ماڵەکەت حەرامە، خواردنەکەت حەرامە، خواردنەوەکەت حەرامە، تەنانەت دوعاشت لێ وەرناگیرێت، لە فەرموودەیەکدا هاتووە، مسوڵمان هیچ دوعایەکی لێ وەرناگیرێت ئەگەر خواردنەکەی حەرام بێت، لەبەرئەوە خواردنەکەت حەڵاڵ بکە حسابەکانت ڕێك بکەرەوە، مافەکانی خەڵك بدەرەوە، مافی خەڵك لەپێش مافی خواوەیە، مافی خوا لێ بوردن و لێخۆشبوونە، داوای لێ خۆشبونە لێی، بەڵام مافی خەڵك دەبێت لەدنیادا بدرێتەوە بەخاوەنەکەی ،

لەرۆژی قیامەتدا مافەکان وەردەگیرێنەوە، مرۆڤی مایە پوچ ئەو کەسەیە کە نوێژو رۆژو حەجی کردووە، بەڵام ماڵی کەسێکی خواردووە یان ستەمی لە کەسێك کردووە، لە کاتێکدا کە لەعیبادەتەکانی ئەم مافانە وەردەگرنەوە هیچی بۆ نامێنێتەوەو دەخرێتە ناو ئاگرەوە.

هەندێك کەس هەن حەج دەکەن بەڵام کرێی خزمەتگوزار یان کرێکارو کارمەندەکان بەباشی نادەن، ئەمانە مافی خێران نابێت دوا بخرێن، ئەمانە دەچنە بابی قەرزی هەنوکەیی، نابێت دوا بخرێن بۆ دوای حەج، بەڵام قەرزی (مؤجل) دواخراو حاجی دەتوانێت داوای موڵەت لەخاوەنی قەرزەکە بکات یان وەسیەتێك بنوسێت لای کەس و کارەکەی کە ئەو مافانەی لایەتی بۆی بدەنەوە بەخاوەنەکانیان. لەبەرئەوە دەبێت لەپێش باش کردنی پەیوەندی لەگەڵ خوادا، پەیوەندیەکانت لەگەڵ مرۆڤەکاندا باش بکەیت.

لەکاتی حەج کردندا قورئان لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿.... **فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ** ..... ﴾**البقرة**197، بەڵام بەداخەوە لەژێر خێمەکاندا یان لەکۆڕو کۆبونەوەکاندا بەتایبەت لەرۆژی عەرەفەدا موناقەشە و قسەی نابەجێ زۆر دەکرێت، ئەو رۆژە رۆژی ئەوە نیە، رۆژی راهێنانە کە بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسێکی تردا مامەڵە بکەیت، بۆ ئەوەی ئارام بگریت پێغەمبەر بکەیت بەپێشەنگ لەرووی سلوك و سۆز و ئارام گرتن لەسەر لاریەکانی خەڵك.

**بەرەبەیانی گەلانی مسوڵمان:**

خوای گەورە ڕێزی لەئوممەتی ئیسلامیی گرتووە بەوەی کە (10) ڕۆژی یەکەمی ئەم مانگەی کردووە بەباشترین ڕۆژەکانی لەلای خۆی، ئەم ئوممەتە ئیسلامیە لای خوا خۆشەویستە ڕێزی لێناوە ، بەباشترین شەوەکانی کە شەوی (قەدرە) ڕێزی لێناوە بەباشترین ڕۆژ کەرۆژی عەرەفەیە، لەفەرموودەیەکی صەحیحدا پێغەمبەر فەرمویەتی (کردەوەی چاك لەئەم دە ڕۆژەدا خۆشەویسترین کردەوەیە لای خوا) خوای گەورە سوێند دەخوات بەئەم ڕۆژانە **﴿وَالْفَجْرِ * وَلَيَالٍ عَشْرٍ *وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ * وَاللَّيْلِ إِذَا يَسْرِ * هَلْ فِي ذَلِكَ قَسَمٌ لِّذِي حِجْرٍ ﴾ الفجر** (1-5)

خوای گەورە سوێندی پێ دەخوات، هەندێك لەزانایان ڕاڤەی دەکەن بەبەیانی ڕۆژی قوربانی کە ڕۆژی دەیەمە، خوای گەورە سوێندی بەهەمووی و بەبەشێکی خواردوە، هەرچەندە لای زۆربەی زانایان (فجر) مانای بەرەبەیانە بەگشتی، کە ئەویش سەرەتای هەڵهاتنی خۆرە، ئەم سورەتە کۆمەڵە چیرۆکێکی تیادایە کەباس لەئەو ستەمکارانە دەکات کە خراپەکاری و گەندەڵیان لەسەر زەوی دروست کردووە، وەك دەفەرمویێت **﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ * إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ *الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ * وَثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ * وَفِرْعَوْنَ ذِي الْأَوْتَادِ *الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ *فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ * فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ ﴾الفجر**6-13

**پەیوەندی نێوان بەرەبەیان و ئەم ستەمکارانە چیە؟**

خوای گەورە دەفەمویێت زەمەنی دەوڵەتی ستەمکار لای خوا کاتژمێرێکە، هەرچەندە درێژ بێت .... ستەمکاری و چەوسانەوە هەرچەندە درێژ بێت، لەدوایەوە بەرەبەیانێکی نزیك هەیە، بەرەبەیان تەنها بەرەبەیانی ڕۆژی عەرەفە نیە، چونکە بەرەبەیان بێ سنورە لەپێشیدا هیچ باس نەکراوە.

بەرەبەیانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەبینینی خۆر شاد دەبین، بەرەبەیانی گەلان ئەو ڕۆژەیە لەستەمکاران و دیکتاتۆرەکان ڕزگاریان دەبێت، چونکە ئەو دەوڵەتانە لەتاریکستان زۆر خراپترن کە بوونە کانگای کوشتن و زیندانی و لەناوبردنی مرۆڤ و سەرکوت کردنی ئازادیەکانی، ئەم سورەتە مەکەییە مژدەیەك بوو بۆ پێغەمبەری خوا کەخوای گەورە ڕۆژێك دێت کە ئەم ستەمکارو خوێن ڕێژانە لەناو دەبات، ئەوانەی کە ئازاری پێغەمبەرو

**هاوەڵانیان داوە لەوێنەی ئەبو جەهل و هاوشێوەکانی، لەناوبردنی ئەمانە جیاواز نابێت لە لەناوبردنی ستەمکارانی پێشوو کە لەسەر زەویدا دەسەڵاتیان هەبووە، هەروەك چۆن فیرعەون و قارون و عاد و سەمود لەناوچوون، ئەمانەش لەناو دەچن، ئەمە سوننەتی خوایە، بەرەبەیان لەدوای شەو دێت هەرچەندە درێژ بێت، ئەم ئایەتانە زۆر مژدە بەخش بوون بۆ پێغەمبەری خوا، ئەم گوتارە ئێستاش بۆ ئێمە و ئوممەتی ئیسلامی و هەموو گەلانە، ئایەتەکانی قورئان نەمرن، پەیوەست نین بەکاتێکەوە، خوای گەورە باسی فیرعەون و عاد و سەمود دەکات باسی زۆری هێزو دەسەڵاتیان دەکات، ئەوەشمان پێ دەڵێت ﴿... وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلاً ﴾فاطر43، ﴿... وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلاً ﴾الفتح23 لەزۆر ئایەتدا ئەمە باس دەکات، ئەمە سوننەتی خوایە هەر دەسەڵاتێك دووسیفەتی تیادابێت (الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ *فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ ) الفجر 11-12**

**یەکەم: ستەمکاری و تاك رەوی و دیکتاتۆری و کردنی خەڵك بەکۆیلە یان هەرچی بچێتە بازنەی ستەم و چەوسانەوە، دووەمیان: گەندەڵی ماڵی و ئیداری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.**

**هەردەسەڵاتێك ئەو دوومەرجەی تیا هاتەدی ئەو کاتە خوا لەسەر ماڤی ئەو گەلانە بەدەنگ دێت و توشی زەمین لەرزەیەکی دەکات و دەسەڵات و کورسی و هەموو شتێکی لەناو دەبات، کە هەر زەمەنەش هۆکاری خۆی هەیە، ئێستا ئەو زەمین لەرزەیە، راپەڕینی جەماوەری و شۆڕشی گەلانە.**

**ئەم ستەمکارانە نە مێژوو دەخوێننەوە و نەعیبرەت لەوانەی پێش خۆیان وەردەگرن، بۆ نموونە سەیری قەزافی بکەن دەیتوانی کۆمەڵێك مەرجی چاکسازی قبوڵ بکات، بەڵام نەیکرد، ئەنجامەکەی ئەوەبوو کە بینیمان، من ناڵێم لەفیرعەون و گەلی عاد فێرببوایە، بەڵکو لەزین العابدین و موبارەك وانە فێرببوایە، ئەوەی ئەمڕۆ لەیەمەندا هەیە ئەگەر رازی بوایە بەڕێکەوتن نامەکەی کەنداو، زەمانەتی خۆی و (50) کەس لەدارو دەستەکەی دەکرا، بەڵام نەیکرد چونکە خوا دەیەوێت سەر شۆڕبێت، پێغەمبەرمان موسا پڕۆسەیەکی چاکسازی خستە بەردەم فیرعەون بەڵام جێبەجێی نەکرد، ئەویش دوعایەکی لێ کرد کە لەهەموو ستەمکارێك گیرابووە ﴿لاَ يُؤْمِنُونَ بِهِ حَتَّى يَرَوُا الْعَذَابَ الْأَلِيمَ﴾الشعراء201 (بڕوانەهێنن هەتا سزا توندەکە بەچاوی خۆیان دەبینن)، هەروەها لەسوریا کە کوشتن و**

ئازارو ئەشکەنجە بەجۆرێکە وێنەی نەبوە، ئەمەش لەلایەك بەهۆی پشتیوانی هەندێك دەوڵەتەوەیە یان هەندێك میلیشیا، دووەمیان بەهۆی کۆمەڵێك سودمەندەوەیە لەو رژێمە، حیزبی بەعس (50) ساڵ زیاترە حکوم دەکات لایەنگرانێکی زۆری هەیە بەتایبەتی لەئاسایش و سوپاو هێزی تایبەت. کۆمەڵێك کەس سودمەندە لەو رژێمە، ئەوەی ئەمڕۆ لەسوریادا هەیە لەهیچ شوێنێکی دنیادا نییە لەکوشتن و گرتن و ئازاردان و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ، ئێستا سوریا بۆتە زیندانێکی گەورە بۆ منداڵ و ژن و پیاو و هەموو چین و توێژەکان، رژێمی سوریا نە چاکسازی دەکات نە دەسەڵاتیش بەجێ دەهێڵێت.

## نوێگەری لەئاینی ئوممەت یان ئاینی ئیسلام

**بەشی یەکەم**

ماوەی چەند سەدەیەکە باس لە نوێکردنەوەی ئاین دەکرێت، لەم بارەیەوە زۆر بیروڕای جیاواز هەیە، ئایا کێ بەم کارە هەڵدەستێت؟ یان زۆر پرسیاری تریش، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾باسی لەم نوێکردنەوەیە کردوە و لەفەرمودەیەکدا دەفەرموێت: (خوای گەورە لەسەری هەر سەد ساڵێکدا یەکێك دەنێرێت کەئاینەکەی تازە بکاتەوە)، (ئەبو داود ریوایەتی کردووە) ئەلبانیش لەزنجیرەی فەرمودە صەحیحەکان دایناوە، هەندێك ریوایەتیش دەڵێن (امور دین) واتە کاروباری ئاینەکە، بەڵام راسترینیان بۆچونی یەکەمە، کە لێرەدا ئێمە ئەمانەوێت وەڵامی بدەینەوە.

پرسیاری یەکەم: لەم بارەیەوە ئەوەیە مەبەست لە نوێکردنەوەی ئاین چییە ؟ دووەم: بەکێ دەوترێت تازەکەرەوەی ئاین؟

بۆ وەڵام دانەوەی پرسیاری یەکەم بە بڕوای من هەموو ئەوانەی کە لەبارەی تازەگەرییەوە نوسیویانە راڤەی ئەو فەرمودەیە دەکەن کە تازەگەری لە ئایندا بریتیە لە (زیندوکردنەوەی دروشمەکانی و هەوڵدان بۆ گێڕانەوەیەتی بۆ شێوازی دەرکەوتنی یەکەمی

و گەشەكردنی، بەشێوەیەك كە لەگەڵ گوزەركردنی زەمەنیشدا هەر بەتازەیی ببینرێت، ئەویش بە بەهێزكردن  و داڕشتنەوەو نوێكردنەوەی ئەوەی كە كۆن بووە، پێدانی بەرگێكی نوێیە بەجۆرێك كە هەر بەتازەیی ببینرێت)*، واتە ئەو شتەی كە نوێ دەكرێتەوە بریتیە لە ئاینەكە كە ئیسلامە، بەڵام وەك خۆی نەماوە و ئەوەی توشبووە كە دەیبینین، بەڵام بەوردبوونەوەم لەفەرمودەكە بۆم دەركەوتووە كە ئەو ئایەتەی باس دەكرێت ئاینی ئوممەتە، نەك ئاینی ئیسلام.

ئەوەی كە جێگەی ڕەخنەیە ئەوەیە كە گەلانی ئیسلامی بۆ ئاینەكەیان زیادیان كردووە لەبیدعە و ئەفسانە و خورافات و زیادەڕەوی و شلگیری، كە ئەمەش بەهۆی (تاك  و كۆمەڵ) بۆی زیادكراوە، هەندێك لەگومڕایان لادانیان تیا دروست كردووە، یان شلگیری و زیادە ڕەویان بۆ بڕیارداوە، یان شلگیری و پشت گوێ خستن وەك پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: (لا يزال ناس من أمتي ظاهرين حتى يأتيهم أمر الله وهم ظاهرون) واتە: بەردەوام كۆمەڵە كەسانێك لەئوممەتەكەم بەباشی دەست دەگرن بەم ئاینەوە هەتا ئەو ڕۆژەی كۆچ دەكەن بەو شێوەیە دەردەكەون.

ڕاڤەی (دينها) بەمانای ئەوەی گەلانی ئیسلامی خستویەتیە ژێر ركێفی خۆی  و گۆڕانكاری تیا كردووە، ئەمەش لەرووی زمانەوانیەوە قبوڵ كراوە،  ئەمەش پشتیوانی لەوە دەكات كە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فەرمویەتی كە لەفەرمودەكەدا  ئاینەكەی پاڵداوەتە پاڵ گەلان نەك خوای گەورە یان ئیسلام.

ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوەی كە ئوممەتی ئیسلامی بەئایین دایان ناوە هەرچەند لەرووكەشدا ئاینی ئیسلامە یان پێی دەڵێن (ئیسلام) بەبێ جیاكردنەوەی جەوهەری ئاینەكەیان ئەوەی كە دراوەتە پاڵ مسوڵمانان زۆر شتیان بۆ ئیسلام زیاد كردوە و زۆر شتیان واز لێهێناوە، هەموویان ئێستا ملكەچی ئەم تێكەڵەیەن، لێرەدا  تازە گەرێكی ئاین دێت و ئەم گومانانە لادەبات و ئوممەتی ئیسلامی دەگێڕێتەوە، بۆ ڕاستی و پاكی و مەنهەجە ڕاستەكە، بۆ سەر ئەو سروشتە پاكەی كە خوای گەورە دروستی كردووە، ئەمەش

---

* دكتۆر یوسف قەرزاوی تجديد الدين فى ضوء السنة . لە (مركز بحوث السنة والسيرة) لە زانكۆی قەتەر بڵاوی كردۆتەوە، ژمارە 2 ل 29 ساڵی 1987 .

**ماناى وايە كە لەقورئان و سوننەتدا لادان نييە، خەڵك وا دەزانێت ئەو زيادكردن و واز لێهێنانانە لە ئاينەكەوەيە، بەڵام يەكێك دێت و ئەو راستيانە ئاشكرا دەكات.**

**بەم مانا نوێيە دەتوانين بڵێين فەرموودە پيرۆزەكە وێنەيەكى تەواو دەدات بەدەستەوە، ئەمەش ماناى وايە كە گەلانى مسوڵمانيش وەك هەموو گەلانى تر وەكو مرۆڤ توشى هەڵە و تاوان دەبن و لاوازى روويان تێ دەكات و پارچە پارچە دەبن و بيرو بۆچوون و شتى نامۆ دێتە ناويان، لەبەرامبەردا توشى كاردانەوە دەبن و روو دەكەنە راست و چەپ يان بەرەو توندڕەوى و شل گيرى هەنگاو دەنێن ئەمە سەرەڕاى ئەوەى كە هەركەسە بەجۆرێك رەوشت و بۆچوون و پرۆگرامى جياواز لەدەوروبەرى خۆى وەردەگرێت ئيجتيهادەكانيش لەهەموو بوارەكاندا دەكەونە ژێر كاريگەرى ئەو بارودۆخ و گۆڕانكاريانەوە، هەر بەهۆى ئەمەشەوە پاڵدانەوە دروست دەبێت و دەبێتە بەشێكى ئاين لاى خەڵك، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بەچەند ئايەتێك دەبەستن كە لەرووكەشدا باس لەپشت نەبەستن بەهۆكارەكان دەكات واى لەقەڵەم دەدەن كەپشت بەستنى راستەقينە ئەوەيە كە پشت بەخوا ببەستى، ئەمەش لەسەر هەڵسوكەوت و بيرو بۆچونەكان كاريگەرى هەبووە، بۆتە مايەى دروست بوونى زوهدێكى سلبى و ساردو سڕ، كە كۆمەڵێك لە بيدعە چييەكان دروستيان كرد لەگروپى (جەبريەكان و مورجئەكان) كە كاريگەريان هەبوو لەسەر فيكرو هەڵسوكەوتى عەقيدەدا.**

## نوێگەرى لەئاينى ئوممەت يان ئاينى ئيسلام

**بەشى دووەم**

**باس لەوە دەكەين كە ئايا تازەكەرەوە كێيە؟ هەندێك لە ئوممەتى ئيسلامى بەم هۆيەوە روو دەكەنە توندڕەوى، (هەروەك لەرابردوودا بەهۆى خەواريجەكانەوە روويدا) لەم سەردەمەشدا هەندێك گروپى توندڕەو دەبينين، كە بڕوايان وايە ئەو كارەيان هۆكارێكە بۆ رزگاربوون و خۆپەنادانان و پاشانيش دەبێتە پرۆگرام و رەوشت و هەڵسوكەوت، بابەتى تازەگەرى هەندێك دەبێتە مايەى ئاسانكارى و شلگيرى زياد لەپێويست، بەمەش وەك مەنهەجێكى زيادەڕەوى و شلگيرى پەيدا دەبێت، لەڕووى سێيەميشەوە هەندێك لەم ئوممەتە لەسەر دەست گرتن بەچەند بەشێك و وازهێنان لەهەمووى پەروەردە دەبن بۆ**

ئەم مەبەستەش گرنگیەکی زۆر بە هۆکارەکانی دەدەن لەجیاتی رەچاوکردنی ئامانجە باڵاکان، دەست بەرووکەشەوە دەگرن لەجیاتی جەوهەر  و ناوەرۆك یان فەرموودەی لاواز  و بێهێز لەجیاتی صەحیح و بەهێزەکان،  بەگۆڕاوەکان لەجیاتی نەگۆڕەکان یان بە گومانایەکان، لەجیاتی دەق  و شتە براوەکان، ئەوەی جیاوازی لەسەرە لەجیاتی ئەوەی کۆ دەنگی لەسەرە، بەفیقهی روخسەت پێدراو لەجیهانی فیقهی عەزیمەت.

لەبەرامبەر ئەمانەشدا کۆمەڵێکی تر لەمسوڵمانان هەن کە لەکاردانەوەی ئەمەدا گرنگی بەشتی (گشتی) دەدەن  و بەشەکان (جزئیات) بەجێ دەهێڵن،  کار بەدەقەکان دەکەن  و گوێ بۆ شتە (گومانایەکان(ظنیات)) ناگرن وە بەوەی کە کۆی گشتی لەسەرە لەبەرامبەر ئەوەی رای جیاوازیان لەسەرە، دەست بەعەزیمەتەوە دەگرن و واز لەئاسان و رێگەپێدراوەکان دەهێنن.

لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا کۆمەڵێك لەئەم بۆچوونانە لەهەردوو بواری عەزیمەت  و توندرەوی یان شلگیری  و ئاسانکاری لەگەڵ کۆمەڵێك لەسلوك  و بەهاو کلتور دەبنە بەشێك لەو ئاینەی کە ئوممەتی ئیسلامی بڕوای پێ هێناوە، بەمەش ئوممەت توشی پارچە بوون دەبێت و لەرەورەوەی شارستانیەت و پێشکەوتن و داهێنانکاری دوادەکەوێت، بەمەش پێگەی ئەم ئوممەتە ئیسلامیە دەگۆڕێت لەشایەتی دان  و پێشەنگ بوونەوە بۆ پەراوێزبوون و پاشکۆ بوون، بەمەش رۆڵە شارستانیەکەی لەدەست دەدات کە ئاوەدان کردنەوەی زەوی و جێنشینیە.

بەمەش دەچێتە ژێر باری (فیقهی لاوازبوون)  و لەمەنهەجی میانڕەوی دوور دەکەوێتەوە و دەکەوێتە ناو مەنهەجی شلگیری و زیادە ڕەوی.

لەکاتێکدا کە بارودۆخەکە بەم شێوەیەی لێ دێت خوای گەورە کۆمەڵێك لەزانایان و رۆشنفکران و چاکسازان و نوێگەرە کۆمەڵایەتیەکان و سەرکردەی سیاسی دەردەخات، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەم ئوممەتە لەخەوی غەفڵەت بێدار بکەونەوە و چاکسازی لە ئەو بوارە ناتەواوانەدا بکەن، بەمەش ئاینەکە تازە دەبێتەوە بەمەش گەلانی مسوڵمان دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئیسلامە پاکە بێگەردەکە، لەرووی عەقیدە و بەهاو سلوکەوە، بەمەش جارێکی تر گەلانی مسوڵمان راست دەبنەوە و سەر لەنوێ رابەرایەتی جیهان بەدەستەوە دەگرنەوە.

کە واتە گۆڕانکاری و نوێبونەوە پێویستە لەم ئوممەتەدا بکرێت لەرووی پەیام  و ئامانج  و کردەوەکانی، نەك تازەکردنەوە یان گۆڕینی ئەو ئاینەی کە خوای گەورە ناردوویەتی،

ئیسلام بریتیه لەقورئان و فەرموده راستەکان، ئەم دوانەش هەتا ئێستا پارێزراون و هیچ گۆڕانکاری و لادانێکیان تیادا دروست نەبووە ئەمەش بەڵێنی خوایە وەك دەفەرموێت  **إنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ  الحجر**9

بەمەش گومانێکی زۆر دەڕەوێتەوە دەربارەی تازەکردنەوەی ئاین، کەشتێکی نەگۆڕە بەڵام ئایا ئەمە مانای وایە کەئەم ئاینە قابیلی ئیجتیهاد و پێشکەوتن نیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: خوای گەورە بەردەوامی و نەمری بۆ ئەم ئوممەتە دەوێت، خوای گەورە کردویەتی بەباشترین ئوممەتی سەر زەوی، هەروەها ئەم ئوممەتەی بەکۆتا ئوممەت داناوە ئەویش بەکۆتایی هێنان بە پەیامەکانی خۆی پەیامی پێغەمبەرایەتی محمد ﷺ خوای گەورە دەفەرموێت **مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيماً الأحزاب**40، ئەمەش مانای تەواوبوونی پەیامی خوای گەورە دەگەیەنێت لەقورئاندا بەجۆرێك کەپێویست بەبوونی پەیامێکی تر ناکات بۆ ئەم مەبەستە خوای گەورە دەفەرموێت: **الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا** ( **المائدة**: 3 )

کۆتایی هاتنی پێغەمبەرایەتی و تەواوبوونی ئاین لەهەمان کاتدا مانای وایە کە ئەم پەیامە گونجاوە بۆ هەموو شوێنێك و کاتێك، لەتوانایدا هەیە چارەسەری هەموو گرفتەکان بکات و چارەسەر بۆ هەموو ئەو گرفتانە دابنێت لەجۆرەها بواری ئاینی و فیکری و رۆشنبیری و زانستی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی ....

بەمەش دەگەینە ئەوەی کە ئەم ئاینە دوو رەگەزی گرنگی بەباشی تیایە ئەوانیش:

یەکەم/ چەسپاوەکان کە گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت و خۆی لەبنەما گشتیەکانی و بنچینە هەمە لایەنکانی ژیان دەگرێتەوە، ئەمەش لەجەوهەردا دەبێتە مایەی پاراستنی ئوممەت لەتوانەوە بۆ ئەوانی ترو شارستانیەتەکەیدا و پاراستنی لەقەیرانی شوناس.

دووەم: تازەگەری پێشکەوتن: ئەمەش لەرێگەی ئیجتیهاد و تێڕوانین و دیدو بۆچوونی نوێوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: **وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ** ( **النسا ء**: 83 )

ئەمەش ئایا ئیجتیهاد و هەڵێنجانی راستەوخۆبێت لە قورئان و فەرمودەدا بەهۆی کەسێکەوە کە مەرجەکانی تێدا بێت، یان هەڵگوێزانی ئیجتیهادێك بێت، لەناو ئیجتیهادە پێشوەکاندا، ئیجتیهاد تایبەت نییە بە بازنەیەکی فیقهیەوە، بەڵکو تایبەتە بەهەموو ئەو دەقانەی کە شایەنی

ئیجتیهادن، ئەو حاڵەتانەی کەدەقێکی تایبەت نیە، لەبارەیەوە کەئەمەش بە (ناوچەی لێ بوردن) ناسراوە، هەروەك لەو فەرموودەیەی کە ترمزی  و ابن ماجە و هەندێکی تر ریوایەتیان کردوە لەپێغەمبەری خوایان پرسی لە (عن السمن والجبن والفراء) ئەویش فەرمووی : (الحلال ما أحل الله في كتابه، والحرام ما حرم الله في كتابه، وما سكت عنه فهؤ مما عفا لكم)

لەریوایەتێکی تردا لەحاکم  و بزار ریوایەتیان کردوە بەلێدوانێکی تر (هو عفو، فاقبلوا من الله عافيته، فإن الله لم يكن لينسى شيئاً)

پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە ﴿**وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلاَّ بِأَمْرِ رَبِّكَ لَهُ مَا بَيْنَ أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا وَمَا بَيْنَ ذَلِكَ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيّاً**﴾**مریم**64، ئەمەش ئایا لەبازنەی عەقیدە یان فیکر یان فیقھ یان هەرشتیکێ تردابێت.

## نوێگەری لە ئاینی ئوممەت یان ئاینی ئیسلام

### بەشی سێیەم

لەدوو ووتارەکەی رابردوودا باسمان کرد کە ئایا مەبەست لەتازەگەری لە ئایندا چی دەگەیەنێت تازەگەری لەئیسلامدا بکرێت یان لەئاینی ئوممەتدا؟ لەوێدا وتومە مەبەست لە (دینها) کە لەفەرموودەکەدا هاتووە ئاینی ئوممەتە، نەك ئاینی ئیسلام، مەبەست لێی ئەو ئاینەیە کە گەلانی ئیسلامی باوەڕیان پێ هێناوە و بەراست  و ناڕاست بیدعە و ئەفسانە و خورافاتیان بۆ زیاد کردووە و زیادەڕەوی و شلگیریان ئەنجامداوە و ئەمەش کە هەیە (تاك و کۆمەڵ) تیایدا بەشدارە، کە بەهۆی لادانی گومڕایان یان زیادە رۆیی زیادەڕەوان، یان کەمتەرخەمی هاتۆتە دی.

لەم کاتەدا خوای گەورە کۆمەڵێك لەزانایان و رۆشن فکران و چاکسازان و پەروەرشیارو کۆمەلأیەتیەکان و سەرکردە سیاسیەکان دەنێرێت بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەم ئوممەتە هەڵبسێنێتەوەو هەموو ئەو ناتەواویانە چارەسەر بکات و خۆیان گۆڕانکاری بکەن بە خودی ئوممەتەکە، لەرووی رەوشت  و بەها و ئەو شێوەیەی کە خوای گەورە دەیەوێت، ئەو کاتەش ئاینی ئوومەت زیندوو دەبێتەوە، کە بەهۆی ئەو شتانەی باسمان کرد تێکەڵی ئاینە راستەقینەکە بووە و لەم رێگەیەشەوە گەل دەگەڕێتەوە بۆ ئیسلامە پاکەکە لەرووی عەقیدە و شەرعیەت و رەوشت و بەهاو هەڵسوکەوتەوە، ئەو کاتەش ئەم ئوممەتە سەر

لەنوێ زیندوو دەبێتەوە و رابەرایەتی جیهان دەگرێتەوە دەست بەم هۆیەشەوە ئاینی ئوممەت تازە دەبێتەوە نەك ئاینی ئیسلام.

هەروەها بەدرێژی باسی تازە گەریمان کرد کە کێیە و سیفاتەکانی چین؟ لەم ووتارەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە کە دەڵێت: بۆچی پێویستە ئەم تازەگەریە ئەنجام بدەین؟

وەڵامەکەی ئەوەیە: کاتێك کە خوای گەورە بە قورئانی پیرۆز کۆتایی بەپەیامە ئاسمانیەکەی هێناوە بە محمد پێغەمبەر(ﷺ) کۆتایی بەپێغەمبەران هێنا خوای گەورە لەناو ئەم ئوممەتەدا کۆمەڵێك لەزانا و تازەگەرو گروپی پێشەنگ و راست ویستی دانا کە پارێزگاری لەراستی بکەن و بەردەوام ئاینەکە نوێ بکەنەوە و بەو شێوەیەی لێ بکەن کە لە سەردەمی پێغەمبەردا هەبووە، وەك دەفەرموێت (إن الله يبعث لهذه الأمة على رأس كل مائة سنة من يجدد لها دينها)

مانای (من) لەم فەرمودەیەدا گشتیە بۆ تاك و کۆمەڵ هەروەك (أبن ألاسير) دەڵێت (من) بۆ تاك و کۆیە، تەنها زانایان و فەقیهەکان ناگرێتەوە، هەروەها ئوممەت سودمەند دەبێت بەهۆی بەرپرسەکانی و هەلگرانی فەرمووده و قورئان و ئامۆژگاریکارانی بەڵام لەسەر هەموو ئەمانەوە دەبێت باس لەهاتنی پێغەمبەر بکرێت.

دکتور یوسف قەرزاوی دەڵێت: ئەوەی من لەم فەرموودەیەدا بەدی دەکەم ئەوەیە کە لەهاتنی سەرەتای هەر سەدەیەکدا لەگەڵیدا بەرەبەیانێکی نوێش دێت کە هیوای نوێ و زیندووبوونەوەو گەشانەوەی لەگەڵدایە، بۆ ئەوەی کە ئەم ئوممەتە مسوڵمانە بەدڵێکی گەشاوەوە پێشوازی لەئایندەیەکی رووناك بکات و بەم هۆیەشەوە عەزیمەتێکی باشی بۆ دەست ببێت بۆ کردنی باشترین کارو بەنیەتێکی پاکەوە، هەوڵی گۆڕانکاری ئەو واقیعە بدات کە تیایدا دەژی بەپێی ئەو واجبەی کە لەسەر شانیەتی هەروەها پێویستە لەسەر ئەم ئوممەتە کە لەسەری هەر سەدەیەکدا لەگەڵ خۆیدا وتووێژ بکات و خۆی دادگایی بکات و خۆی راست بکاتەوە، بۆ ئەوەی سود لەرابردووی خۆی وەربگرێت و رێنیسانس لە ئێستایدا دروست بکات و ئایندەشی پێش بخات داواش لە خوای گەورە بکات کە ئەمڕۆی باشتر بکات لەدوێنێ و سبەینێشی باشتر بکات لە ئەمڕۆی.

لێرەشەوە بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم دەڵێین:

تازەگەری هەموو مسوڵمانێکی دڵسۆز دەگرێتەوە کە هەوڵ دەدات کاریگەری هەبێت لەرووی (مەنهەجی بیرکردنەوە و شیکاری کردن بۆی و بەتەنگەوە هاتنی رەوشت و بەها باڵاکان)

ئەم کارتێکردنەش لە رووی فیکر و بۆچۆنەوە دەبێت یان رەوشت  و کارو بەهاکان ئەمەش زاناو فەقیهە کاریگەرەکان و رۆشنفکرە داهێنەرەکان و ئەو سیاسیانە دەگرێتەوە کە رابەرایەتی گەل دەکەن بۆ سەرکەوتن و هێزو پێشکەوتن و شارستانیەت ئەو کاتەش باوەڕداران دڵشاد دەبن بەو سەرکەوتنەی کە خوای گەورە بۆیان دەنێرێت.

## شوێنکاری عیبادەت لە رەفتارو گوفتارو چاکسازیەکاندا دەردەکەوێت

حەج  و گۆڕانکاری لەژیانی مرۆڤدا بەیەکەوە گرێدراون، هەروەها نێوان حەج  و بارودۆخی ئوممەتی ئیسلامی پێکەوە بەستراون،  ئەگەر مەبەست لەحەج ئەم گۆڕانکاریە مەزنە بێت، خوای باڵا دەست بەفەزڵ و منەتی خۆی ئەم ئوممەتەی سەرخست بۆ ئەم گۆڕانکاریە گشتیە بەهۆی ئەم شۆڕشانەوە لەم بەهاری شۆڕشانەدا وەکو دەبینن ویستی خوا وایە، کە ئەم گەلانە بگەڕێنەوە بۆ ئیسلامی راستەقینە، ئیسلامی میانڕەوی  بەرنامەی میانڕەوی دوور لەتوندو تیژی، چونکە ئەم شۆڕشانە هەندێ پڕوپاگەندەی بەدرۆ خستەوە، یەکێك لەوانە گوایە ئیسلام بەکەڵکی جێبەجێ کردن نایەت و ئەگەر وا بڕوات  ئەوا جەنگ دژی جیهان بەرپا دەکات، بەڵام پێچەوانەی ئەم بۆچونە لەتونسدا هاتەدی، دیمان کە چۆن بەئاسانی و سانایی و دڵنیایی ئەوە هاتەدی لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، ئەوانە بوون کە پەیڕەوی بەرنامەی خوای باڵادەستیان دەکرد.

ئەم ئاینی ئیسلامە ئەگەر لێی تێبگەین، رەحمەت میهرەبانییە بۆ هەموو جیهان بەپێی ئایەتی قورئان.

هەروەها ئەم شۆڕشانە پرۆسەی توندوتیژی ئیسلامیان لەبار برد، کە زۆر دوور بوو لەئیسلامەوە، چونکە ئەم توندوتیژیە نەیتوانی هیچ بۆ ئیسلام  و مسوڵمانان - ئوممەتی ئیسلامی دابین بکات  بەڵکو جیهانی هاندا دژ بەئیسلام  و مسوڵمانان بەبێ هیچ کەڵکێك،

زایۆنیەکان ملیارەها دۆلاریان خەرج دەکرد بۆ شێواندنی شکۆی ئیسلام  بەڵام نەیان دەتوانی ئەوە بکەن، بەڵام ئەوان بیانویان دایە دەستەوە بەهۆی هەڵسوکەوتی توندو تیژیان بەکوشتن  و سەربڕین بەبێ دادگایی کردن، هەروەها ئەو تەقینەوانەی کە دەیان کرد دژ بە هاوڵاتیانی مەدەنی بێ چەك، ئەم پرۆسەیە بەهۆی خۆپیشاندانی هێمنانەوە شکستی خوارد، هەروەها ئەو ستەمکارانەشی پێوە رووخا، دەبێ ئازادی بۆ گەل بێت، ئێمە دڵنیاین ئەگەر ئازادی راستەقینە هەبێت گەلانی مسوڵمان  جگە لەئیسلام هیچ هەڵنابژێرن.

تەماشای تونس بکەن، لەگەڵ بونی عەلمانیەتی فەرەنسی بەهێزداو ئەو هەموو هەوڵ  و تەقەلایەی کە درا، میللەت جگە لەئیسلام هیچی تری هەڵنەبژارد، هەروەها ئەوەی کە گەلانیان پێ دەترساند، کە ئەم شۆڕشانە دەبنە هۆی پەرت و بڵاوی و تێکچوونی دەوڵەتان، لەرێی هەندێ کەسانی سیاسی بەکرێ گیراو و میدیا و هۆکانی راگەیاندن، ئەم بۆچونانەش پوچەڵ بوونەوە بەیاسای خوا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گەلانی ئیسلام  لەخێردا دەژین، بەڵام شەڕی بەسەردا دەسەپێنرێت و دژایەتی ئیسلام و مسوڵمانیان بەسەردا دەسەپێنن.

 ئەوەی بۆ جاری یەکەم روو دەدات لە مێژووی کۆمکاری عەرەبیدا ئەوەیە بڕیارێك دەردەکات لەبەرژەوەندی گەلان، کاتێ کە ئەندامێتی سوریایان هەڵپەسارد پاش کوشتنی سەدەها کەس لەگەلی سوریا، لەو ماوەیەی کە بۆیان دیاری کردبوو، داواکارین هەمان شێوەش بگرنەبەر دەربارەی گەلی یەمەنیش، داواکارین شۆڕشی میصریش ئامانجەکانی بێتەدیی و گەلی میصر ئازادی خۆی وەرگرێ بۆ هەڵبژاردنی کەسی شایستە کە بتوانێ خزمەتی گەل  و وڵات بکات.

 لێرەدا دەبینی ئەوەی سەپێنراوە بەناوی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان و ئەوانەی لەسەرو دەستورەوەن هیچ مانایەکیان نییە، بەڵکو ئەمە داگیرکردنی راو ویستی جەماوەرە و پاشەکشێیە لەمەبەستەکانی شۆڕش و خۆشاردنەوەیە  لەبەردەم ترس لە ئیسلامییەکان، بەڵکو داننانە بەوەدا کە هێشتا گەلی میصر پێ نەگەیشتوە و توانای جیاکردنەوەی چاك و خراپی نیە، کە ئەمەش سوکایەتی کردنە بەگەلی میصری ئازاو شکومەند.

## حەج پایەیەکی گرنگ

ڕۆڵی پایەی پێنجەمی ئیسلام چ کاریگەرییەکی هەیە لەژیانی مسوڵماندا؟ ئەگەر سەرنجێکی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەر(ﷺ)بدەین، دەبینین کە پەرستشەکان لەئیسلامدا هەر هەموویان باس لەچاکسازی ناخی مرۆڤ دەکەن، بۆ ئەوەی کاریگەری ئەم چاکسازییەی ناوەوە لە هەڵسوکەوت و بەهاکاندا لەدەرەوە دەرکەوێ، تەنانەت پەرستشەکان بەڵکو پێنج پایەکەی ئیسلام کە خوای باڵادەست بەپایە بنچینەیەکانی دادەنێت، هەر هەموویان بەدەوری ئەم خولگەیە دەسوڕێنەوە، خولگەی چاکسازی بە ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ، لێرەدا ڕۆڵی گرنگی حاجیانی ئەمساڵ و ساڵانی رابردوو دەردەکەوێ، یا ئەوانەی عەمرەیان لەگەڵ حەجدا کردووە لە ئەمساڵ و ساڵانی رابردوو، کە چ کاریگەرییەکی کردۆتە سەر دەرون و دڵ و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیان لەخراپەوە بۆ چاك و لەچاکەوە بۆ چاکترو چاکترین.

بێگومان پایەی پێنجەم کە حەجە، کۆکەرەوەی هەموو پایەکانی تری ئیسلامە، هەریەکە لەپایەکانی تر ئاراستەی بەشێکی مرۆڤ دەکات یا زیاتر لەبەشێکی مرۆڤ بۆ چاك کردنی، شایەتمان بەوەی کە خوا تاك و تەنهایە و هاوەڵی نیە و پێغەمبەر (ﷺ) نێردراوی خوایە و ڕەحمەت و میهرەبانیە بۆ هەموو جیهان، شوێنەکەی دڵە و بەزمان دەوترێ و پاشان کاریگەری ئەم شایەتمانە کارکردنە بەپێی ئەرکەکان.

لێرەدا شایەتمان واتە باوەڕ بوون بەخوای باڵا دەست و سیفەت و ناوە جوانەکانی و سیفەتە بەرزەکانی، هەروەها باوەڕبوون بە پێغەمبەر و شوێنکەوتنی، جێی بنچینەیی خۆی ئەگرێ کە ئەویش دڵەو بنچینەی چاك بوون و چاك کردنە، وەکو چۆن پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێت لە لەشی مرۆڤدا پارچە گۆشتێك هەیە، گەر چاك بوو، هەموو لەشەکە چاك دەبێت، ئەگەر خراپ بوو ئەوا هەموو لەشەکە خراپ دەبێت کە ئەویش دڵە.

دەگێڕنەوە کە گەورەمان لوقمانی حەکیم، داوای لێ کراوە کە بەرخێك سەربڕێ و چاکترین پارچەی بێنیت بۆ گەورەکەی، ئەویش زمان و دڵەکەی بۆ دێنێت، پاشان داوای لێ دەکرێت کە خراپترین پارچەی بۆ بێنێت، ئەویش هەر هەمان دوو پارچەکەی بۆ دێنێت، گەورەکە سەری سوڕ دەمێنێت و دەڵێ: باشە چۆن یەك پارچە گۆشت باشترین و خراپترن لەهەمان کاتدا، لوقمانیش دەڵێت: مرۆڤ بەهۆی ئەم دووپارچە بچووکەوە، زمان و دڵ، باشە یان خراپە، بێزراوە یا خۆشەویستە.

پەیوەندی نێوان شایەتمان  و حەج رونتر دەکەینەوە، کە شایەتمان گرنگی بەم لایەنە داوە، کاتێك دڵ پڕ دەبێ لەئیمان بەخوا و یەکتا پەرستی و باوەڕ بەرۆژی دوایی، ئیتر شوێنی گەندەڵی و رق و کینەو گزی نامێنێ لەناو دڵدا، دڵ پڕ دەبێت لەخۆشەویستی خواو مسوڵمانان و خۆشەویستی بوونەوەر و جوانی ئەم بوونەوەرە، هەروەها حەجیش ئەم بەشە بنەڕەتیە دابین دەکات، کە پایەیەکی بۆ داناوە کە ئەمە مەسەلەی دڵە، کاتێ ئایەتەکانی قورئان دەخوێنێتەوە لەسورەتی حەجدا واتای حەج لەوەدا چڕدەکاتەوە کە مەبەست تەقوای دڵانە، **﴿ذَلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى الْقُلُوبِ﴾الحج**32 واتە: ئەوەی رێز دادەنێت بۆ دروشم و بەرنامەکانی خوا، ئەوە نیشانەی پارێزگاری و لەخوا ترسانی دڵەکانە.

پاشان خوای گەورە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە کەڵکی ئەم دروشمانە چین کە ئێمە لەکاتی حەجدا جێبەجێیان دەکەین، لەسوڕانەوەی دەوری کەعبەدا و راکردن و مانەوە لەمزدەلیفەو بەرد هاویشتن، خوای گەورە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەفەرموێت: **﴿لَن يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَاؤُهَا وَلَكِن يَنَالُهُ التَّقْوَى مِنكُمْ كَذَلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمْ لِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَبَشِّرِ الْمُحْسِنِينَ ﴾الحج**37. واتە: دڵنیاین هەرگیز گۆشت  و خوێنەکەی بەخوا ناگات، بەڵکو پارێزگاری و تەقوای ئێوە بەو دەگات.

کەواتە هەموو ئەو دروشمانە مەبەستیان چاککردنی ناخی مرۆڤە، کە پێی دەوترێ تەقوای دڵان، بۆئەوەی دڵەکان پارێزگارو بێ گەردبن، لەزمانی عەرەبیدا هەندێ ووشەی گونجاو بەکاردەهێنرێت کە بەتەنیا لەیەك پیتدا جیاوازبێ، بەڵام واتایان نزیەکە لەیەك، جیاوازی ووشەی (تقی) لەگەڵ ووشەی( نقی) تەنها پیتی نونە، بەڵام واتایان لێك نزیکە هەردوو وشەکە یەك واتایان  هەیە، کاتێ دڵ بەتەقوابێت لەهەمان کاتدا پاك  و بێگەردە.

## پەیوەندی حەج بەنوێژەوە

ئەمەی باسکرا پەیوەندی نێوان حەج و پایەی یەکەمی ئیسلام بوو کە شایەتمانە، هەروەها پایەی دووەم کە نوێژە و پەیوەندی بەحەجەوە هەیە، ئەوەیە حەجیش واتای نوێژ دەسەلمێنێ  و تەئکیدی دەکات، نوێژ لە رواڵەتدا پێك دێت لەچەند جموجوڵێکی دیار کە لەبەرچاوە، کاتێ کە تۆ دەچەمیتەوەو، کڕنوش دەبەیت، چەند جوڵەیەکی تر دەکەیت، مەبەست لەوە عیبادەتی خوا دەکەیت و وەڵامی فەرمانەکانی ئەو دەدەیتەوە، بەڵام مەبەست و ئامانجی تری نوێژ جگە لەوە بەپێی ئایەتی قورئان دوور کەوتنەوەیە لەکارو

کردەو رەفتاری خراپ و ناپەسند **إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ العنكبوت**45

واتە: نویژی راست و دروست ئەوەیە کەمرۆڤ دەپارێزێ لەکرداری ئابڕوبەرو قسەو رەفتاری نابەجێ و خراپ و ناپەسەند.

لەوانە مەبەستی بنەڕەتی لەنوێژ پاش ئەوەی عیبادەت ئەوەیە کە خاوەنەکەی لە کارو قسەو رەفتاری ناپەسەند و نابەجێ بپارێزێ، حەجیش بەهەمان شێوە ئەو مەبەستە دەسەلمێنیٚ و دووپاتی دەکاتەوە، خوای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێ ... **فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللّهُ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى وَاتَّقُونِ يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ البقرة**197. واتە هەر کەسێ بڕیاری حەجیدا ئەوە دەبێت نزیکی هاوسەری نەکەوێ و شەڕە چەپوك و گوناه و موجادەلەو گوفتاری نادروست ئەنجام نەدات.

لەکاتی ئیحرامدا ماوەیەکی مەشقکاری هەیە کە هەفتەیەك یا دوو هەفتە دەخایەنێت بەپێی دوورو درێژی ماوەکە، لەم ماوەیەدا تەنانەت دەمەقاڵەش قەدەغەیە، کە لەکاتی تردا هەندێ جار ڕێی پێدراوە، کاتی حەج مەشق کردنە لەسەر ئارام گرتن و خۆراگری و بەرگە گرتن و نابێ توخنی خراپە و هیچ قەدەغە کراوێکی خوایی بکەوی، کەواتە حەجیش واتای نوێژ دەگەیەنێ لە کاتێکدا کە قەدەغەی گوفتارو کرداری خراپ دەکات و حەج هۆکاریەتی، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (الحج المبرور ليس له جزاء الا الجنة)

زانایان دەفەرموون: حەجی وەرگیراو لای خوا ئەوەیە کە خاوەنەکەی دوور دەخاتەوە لە خراپەکان لەوتەو کرداردا.

## حەج و مەبەستەکانی رۆژوو:

هەروەها حەج و مەبەستەکانی رۆژو و یەك دەگرن، مەبەستەکانی رۆژوو لەقورئاندا (لعلكم تتقون) کاتێ مرۆڤ تینوی دەبێت و نابێ کاری هاوسەرگیری بکات و دورکەوێتەوە لەهەموو شتە حەڵاڵەکان ئەوانەی رۆژویان پێ دەشکێ یا لەخەیرەکەی کەم دەکاتەوە حەجیش هەر هەمان مەبەستی هەیە، کە قورئان دەفەرموێت: **وَلَكِن يَنَالُهُ التَّقْوَى مِنكُمْ كَذَلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمْ لِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَبَشِّرِ الْمُحْسِنِينَ الحج**37 هەروەها

دەفەرموێت: ﴿.....فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى الْقُلُوبِ﴾الحج32، کەواتە مەبەست تەقواو پارێزگارییە، کەواتە ڕۆژوو مەبەست تەقوایە و حەجیش هەر هەمان مەبەست تەئکید دەکاتەوە، قورئان و سونئەت زۆر لەم ڕووەوە و لەچەند شوێنێکەوە ئاماژەیان پێ داوە.

لەلایەکی ترەوە ڕۆژوو یەك مانگی تەواو مرۆڤ قەدەغە دەکات لەشتە حەڵاڵە ڕێگە پێدراوەکان لە هاوسەرگیری و خواردن و خواردنەوە.

هەروەها حەجیش بەهەمان شێوە کاتێ حاجی بەرگی ئیحرامی پۆشی و لەکاتی جێبەجێ کردنی روکنەکانی حەج دابوو، ئەوە نابێ کاری هاوسەرگیری ئەنجام بدات و نابێ دەمەقاڵە و قسەی نابەجێ بکات و دووربێت لەکارورەفتاری نابەجێ و ناپەسند، هەروەها پایەی سێیەمیش کەڕۆژووە بەهەمان شێوە، ئەمە بۆ وایە؟ ئەمە بۆ ڕاهاتنە لەسەر دورکەوتنەوەی لەقەدەغەکراوەکان و مرۆڤ دوور دەخاتەوە لەتێکەڵ کردنی شتەکان و نەکەوێتەوە بازنەی هەڕەشەو ڕیاکردنەوە و توانجەوە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لاَ تَفْعَلُونَ * كَبُرَ مَقْتاً عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لاَ تَفْعَلُونَ﴾الصف2-3

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، بۆچی شتێك دەڵێن و ئەنجامی نادەن؟ بۆچی گوفتارتان دژی کردارتانە؟ جێگەی خەشم و ڕقێکی گەورەیە لای خوا ئەوەی کە دەیڵێن و نایکەن.

## سوپاسگوزاری دەروازەی چاکەکاری و خۆشگوزەرانیە

ئەگەر سەیری خۆمان و دەوروبەرمان بکەین دەبینین کە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەلێشاو رژاوە بەسەرماندا، لەناو جەستەی خۆمان و لەدەرەوە و لەناو ماڵەکانماندا و لەئاسمانەکان و زەویدا، نیعمەتەکانی خوا کە لەژمارە نایەت لەهەموو لایەکەوە چواردەوری داوین، هەموو ئەم نیعمەتانە بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ خۆشبەخت بێت لەدنیاو لەدوارۆژدا.

خوای گەورە باسی لەئەم نیعمەتانە کردوەو ناویان دەهێنێت ئەمانەش لەناو جەستەی خۆماندابن وەك چاو و گوێ و عەقڵ، یان باس بێت لەجوانی جەستە و لەش و لاری مرۆڤ، هەروەها ئەندامە سەرسوڕهێنەرو پڕ وردەکاریەکانی، هەروەها ئەوەش کە خوای گەورە رۆژو مانگ و هەموو بونەوەری خستوتە خزمەت مرۆڤ و لەپێناو ژیان و خۆشگوزەرانی ئەودا دروستی کردووە ئەمانەش هەموویان شایەنی سوپاس گوزارین لەلایەن خوای گەورەوە.

خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات کە سوپاس گوزاربین **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُواْ لِلّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ البقرة**172، ئەی ئەوانەی کە باوەڕدارن لەو شتە باشانە بخۆن کە بۆمان ناردوون وە سوپاسگوزاری خوا بکەن ئەگەر ئێوە تەنها ئەو دەپەرستن. خوای گەورە بۆمان روون دەکاتەوە کە ئەم نیعمەتانە تاقیکردنەوەن هەروەك نەبوونی نیعمەتیش هەرتاقیکردنەوەیە **كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ الأنبياء**35، خوای گەورە لەسەر زمانی یەکێك لەپێغەمبەرانیش دەفەرموێت: .... **هَذَا مِن فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَن**

**كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيٌّ كَرِيمٌ** **النمل**40، كوفر لێرەدا بەرامبەر سوپاسگوزارییە، لێرەشدا تەنها مەبەست پێی بێ ئیمانی نیە، تەنها بەڵكو لوتكەی كوفرە، ئەویش كوفر كردنە بەنیعمەت، هەست نەكردنە بەو نیعمەتانەی كەخوا بەمرۆڤی بەخشیوە.

هەروەها بەكارنەهێنانی نیعمەتەكانە بۆ ئەو شتانەی كە بۆی دروست كردووە. سوپاسگوزاری لەسێ لایەنی سەرەكیەوە دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە خوای گەورە لەزۆر ئایەتدا باسی كردووە، سوپاسگوزاری بەئەم سێ مانایە زۆركەم لەبەندەكانی ئاگادارن پێی، خوای گەورە دەفەرموێت: ....**وَلَـكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَشْكُرُونَ** **البقرة**243، بەڵام زۆربەی خەڵك سوپاس گوزارنین، هەروەها خوای گەورە باس لەبەندە باوەڕدارەكانیش دەكات و دەفەرموێت كەمێك لەئەوانیش بەراستی سوپاسگوزاری خودان، ... **وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ** **سبأ**13.

كەمێك لەوانەش كە باوەڕدار و مسوڵمانن، بەڵام وەك پێویست سوپاسی خوا ناكەن بەپێی ئەو سێ جۆرەی كە هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت:**وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ** **إبراهيم**7، لە كاتێك كە باوەڕدار بەڕاستی سوپاسگوزاری خوا دەكات بەپێی سوننەتەكانی خۆی نیعمەتەكانی لەسەر زیاد دەكات، ئەم نیعمەتانەش ئەگەر تایبەت بێت بەتاكەكە خۆی لەرووی دەرەوەو ناوەوە، یان ئەو نیعمەتانەن كە تایبەتن بەكۆمەڵ و ئوممەت، یان ئەونیعەتانەی تایبەتن بەدەوڵەت و كۆمەڵگەی مەدەنی، ئەگەر كوفرتان كرد كوفر لەعەقیدەدا، یان كوفر بەنیعمەت، هەروەها بەكارنەهێنانی نیعمەتەكان بۆ ئەو مەبەستەی كە بۆی دروست كراوە، ئەمانەش خوای گەورە بەڵێنی پێداون كە سزای سەخت وەردەگرن. خوای گەورە فەرمانمان پێ دەكات كەسوپاسگوزاربین ئەوەش نەك تەنها بەووتە ... **اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْراً** .. **سبأ**13، كار بەشوكرانە بژێوی نەوەی داود بكەن، ئەمە تەنها نابێت بەوتە بوترێت، بەڵكو سەرەڕای گرنگی وتەكە، سوپاسگوزاری دەبێت سەرەتا لەناو دڵدا پێگەیەكی تایبەتی خۆی هەبێت، بەدڵ سوپاس گوزاری خوا بكەن، دڵت بەخواوە سەرقاڵ بێت و هەستی پێ بكەیت لەپاشاندا ئەم وزەیە دەبێتە هۆی بزواندنی زمان بۆ ئەوەی سوپاسگوزاربێت، بەردەوام باسی خوا بكات لەهەموو كات و بارێكدا، لەدوای ئەمەش تەنها زمان و دڵ بەس نیە، بەڵكو دەبێت سوپاسگوزاری بێت بەكردەوە، بەكردەوە سوپاسگوزاری ئەنجام بدەین ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ماڵ و سامان بێت لەم كاتەدا

سوپاسگوزاربن لەدوای دڵ و زمان دەبێت خەرج کردنی ئەمماڵە بێت لە پێناوی خوادا، لەپێناو رازی کردنی ئەو کەسەی کەنیعمەتەکەی پێداوی .. **وَأَنفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ** ..**الحديد**7، خوای گەورە ئەوەی پێداوی، هەر ئەو کارەکانی بۆئاسان کردووی ئەویش ئەم شتەی بۆ دەستەبەرکردوی، هەتا وات لێهاتووە دەوڵەمەند بیت، پێویستە تۆش ئەو ماڵە لەو کارانەدا خەرج بکەیت کە بریکارەکەت پێی خۆشە، ئێمە بریکاری خواین لەسەر ئەو سامان و ماڵەی لەبەر دەستماندایە، پێویستە لە فەرمانبەرداری خوادا بەکاری بهێنین، هەروەها ئەو نیعمەتانەی تایبەتن بەئەندامەکانی، لە دڵ و گوێ و چاو و هەموو ئەندامەکانی تر دەبێت ئەم ئەندامانە لەفەرمانبەرداری خوادا بەکاربهێنێت. سوپاسگوزاری چاو بریتیە لەوردبوونەوە، کە ئەمەش دەبێتە مایەی بیرکردنەوە و عاقڵ بوون، هەروەها هەست کردن بەنیعمەتەکانی خواو زیادبوونی ئیمان.

نیعمەتی گوێ، گوێی پێ بگرین لەشتی چاك، وەك قورئان و شتی تر، گوێ نەگرین لەشەڕ و خراپەکاری و هاوشێوەکانیان کەببێتە مایەی ئازاردانی خۆتان و دەوروبەرتان.

نیعمەتەکانی زمان ئەوەیە کەووتەی راست بڵێین، نابێت زمانت لەدرۆو ئەو شتانەدا بەکاربهێنێت کەخوای گەورە توڕە دەکات، هەروەها نیعمەتی ئەندامەکان، نیعمەتی دەست، نیعمەتی پێ و عەقڵ و روح. هەموو ئەم نیعمەتە گەورانە بەهۆی سێ شتەوە سوپاسگوزاریان پێ دەردەبڕێت.

ئەوانیش دڵ و زمان و کردەوەیە بەشێوەیەك کە خوا پێی رازی بێت، چونکە ئەگەر سوپاسگوزاری تەنها بەزمان بێت ئەوە شتێکی زۆر ئاسانە.

خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات بەسوپاسگوزاری، سوپاسگوزاری بەشێوەیەکی تەواو، سوپاسگوزاریەك کە لەگەڵ ئەم نیعمەتانەدا بگونجێت زانایانمان هەر لەکۆنەوە وتویانە کە سوپاسگوزاری سامان و دەسەڵات ئەوەیە کە بەشێوەیەك بەکاری بهێنێت کە جێگەی رەزامەندی خوابێت، هاوکاری هەژاران بکەین، رێنمایی خێرو چاکە بکەین **مَّن يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَنَةً يَكُن لَّهُ نَصِيبٌ مِّنْهَا وَمَن يَشْفَعْ شَفَاعَةً سَيِّئَةً يَكُن لَّهُ كِفْلٌ مِّنْهَا وَكَانَ اللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُّقِيتاً** **النسا ء**85.

ئەگەر خاوەن ماڵ و سامان بویت، نابێت تەنها بڵێیت (ألحمد لله) بەڵکو دەبێت لەفەرمانبەرداری خوادا بەکاری بهێنێت، لەپێناو رەفاهیەتی مرۆڤایەتیدا، دەبێت بەپێی فەرمانەکانی خوا بجولێیتەوە، دەبێت خوای گەورە رازی بکەیت و پاشان کار بۆ رەزامەندی

خەڵکیش بکەیت، سوپاسگوزاری زانست تەنها بەوە نابێت کە بڵێیت (ألحمد لله) بەڵکو دەبێت ئەو زانستە فێری خەڵکیش بکەیت (خيركم من تعلم القران وعلمه). هەر لەم ڕوانگەیەوەیە کە پێغەمبەران (سڵاوی خوایان لێ بێت) داوایان کردوە لە خوای گەورە بەردەوامیان پێ ببەخشیت لەسەر سوپاسگوزاری. وەك حەزرەتی سولەیمان (درودی خوای لێ بێت) دەفەرمویێت: ﴿... **رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحاً تَرْضَاهُ وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ الصَّالِحِينَ**﴾**النمل**19، سوپاسگوزاری دوای ووتنی (الحمد الله) ئەوەیە کە کرداری چاکە بکەیت، هەروەها دەبێت بەهەمان شێوە مامەڵە بکەیت لەگەڵ هەموو ئەو نیعمەتانەی تر کە لەژمارە نایەن.

یەکێك لەزاناکان دەڵێت ئەگەر باسی هەناسەدان بکەین پێویستە لەسەر هەر هەناسەیەك چوارجار سوپاسی خوا بکەیت لەکاتێکدا کەهەوا دەچێتە ژوورەوە و لەکاتێکدا کەهەوا دێتە دەرەوە، ئەگەر هەوا نەچێتە ژوورەوە مرۆڤ دەمرێت، کاتێك هەوا دەچێتە ناوەوە زیندوو دەبێتەوە، ئەمانە دوو نیعمەتن نیعمەتی نەهێشتنی مردن و نیعمەتی پێدانی ژیان.

کەواتە لە کاتی دەرچوونی هەناسەدا دوو نیعمەتت دەست دەکەوێت وە لەکاتی دەرچوونیدا دوو نیعمەتە کەواتە لەهەر هەناسەدانێکدا دەبێت چوار شکور بکەیت.

هەروەها دڵیش، شاعیرێك دەڵێت لێدانەکانی دڵی مرۆڤ پێت دەڵێت ژیان لەخولەك و چرکە پێك هاتووە، لەهەموو لێدانێکی دڵدا مرۆڤ لەنێوان ژیان و مردندا دەژی ئەگەر دڵی مرۆڤ لێ نەدات دەمرێت، کاتێك لێدان بەردەوام دەبێت ژیانی بۆ دەگەڕێتەوە، لەهەر خولەکێکدا تۆ (70) نیعمەتت پێ دەوترێت چونکە (70) جار ژیانت بۆ دەگەڕێتەوە، هەروەها چاو و هەموو ئەندامەکانی تر.

خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿**وَإِن تَعُدُّواْ نِعْمَةَ اللّهِ لاَ تُحْصُوهَا إِنَّ اللّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ**﴾**النحل**18، ئەگەر تۆ تەنها بەزمان سوپاسی خوا بکەیت ناتوانیت، لەکاتێکدا کە بەدڵ سوپاسی خوا بکەین هەست بەنیعمەتەکانی دەکەین، کاتێك سوپاسی خوا دەکەیت نیعمەتەکانت بۆ زیاد دەبێت ﴿**وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ**﴾**إبراهيم**7

بەکارهێنانی نیعمەتەکانی خوای گەورە لەسەرپێچی و تاواندا لەگەورەترین کوفرەکان خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿**وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ**﴾**إبراهيم**7. بێ باوەڕی و کوفر بەنیعمەتەکانی خوا ئەویش لەبەکارهێنانی

**نیعمەتەکانی خوای گەورەدایە لەرەزامەندی خوادا، کوفری نیعمەت ئەوەیە کە تۆ نیعمەتەکان لە تاوانکاریدا بەکاربهێنێت، ماڵ و سامانت پێ دەدات بەڵام تۆ لەشەهوەت و تاواندا بەکاری دەهێنێت بەڕاست و چەپ پارە خەرج دەکەیت، بەڵام رەچاوی مافی خوای تیا ناکەیت، ئەمەش لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ و دەوڵەتدا دەبینرێت، چونکە وەك چۆن تاك بەرپرسیارە لە بەکارهێنانی نیعمەتەکانی لەفەرمانبەرداری خوادا بەهەمان شێوەش دەوڵەت و حکومەت و کۆمەڵ و دامەزراوەکان هەموویان بەرپرسیارن، چونکە ئەگەر ئەو نیعمەتانە لەشوێنی خۆیدا بەکارنەهێنرێن مانای وایە سوپاسگوزاری خوا ئەنجام نەدراوە، بەڵکو دەبێتە مایەی گومڕایی و سەرپێچی و تاوانکاری کە ئەویش چارەنوسەکەی باش نیە.**

**بەڵام سەرەڕای ئەمانەش ئەگەر بەوردی سەرنج لەو ئایەتە بدەین کە دەفەرمویێت: ﴿يَعْمَلُونَ لَهُ مَا يَشَاءُ مِن مَّحَارِيبَ وَتَمَاثِيلَ وَجِفَانٍ كَالْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَّاسِيَاتٍ اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْراً وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ ﴾سبأ13، زۆر کەم لەبەندەکانم سوپاسگوزارن، ئەم ئایەتانەش دوای ئەو ئایەتە دێت کە خوای گەورە دەربارەی گەورەمان داود دەفەرمویێت: ﴿... اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْراً﴾سبأ13، وەك نەوەی داود شکور بکەن کاری سوپاسگوزاری بەکارهێنانی نیعمەتەکانە لە فەرمانبەرداری خودا، ئەمەیە سوپاسگوزاری پێویست مرۆڤ تەنها بەس نیە خۆی بە باوەڕدار بزانێت و بەزمان سوپاسگوزاری بکات.**

**دەبێت هەست بەنیعمەتەکانی بکەین، چونکە لەوێوە هەست بەخۆشی دەکەین، یەکێك لەتازە مسوڵمان بووەکان کە یەکێك بوو لەفەیلەسوفە گەورەکان پێی وتم من کاتێك هەستم بەژیان کرد کە هاتمە ناو ئیسلامەوە، تەنانەت هەستم بەژیانی دنیاش نەدەکرد، چونکە وام دەزانی هەموو رووداوەکان شتێکی سروشتین، بەڵام کە مسوڵمان بووم هەستم بە ئەم نیعمەتانە کرد، هەستم بە بەختەوەری کرد کەمن چەند نیعمەتم بەسەردا رژاوە، لەکاتێکدا کە نەخۆش دەکەوم دەبینم خەڵکانی زۆر لەمن نەخۆشتر هەن، هەست دەکەم کە خوا زۆر نیعمەتی بەمن داوە سەرەڕای ئەوەی کە نەخۆشم، بەتایبەتیش لەم کاتەدا چیرۆکی (عروە)م بیر دەکەوێتەوە، لە کاتێکدا کە توشی نەخۆشیەك بوو بەهۆیەوە قاچیان بڕیەوە لەو کاتەدا بورایەوە کە بەهۆش هاتەوە، سوپاسی خوای کردو سوجدەیەکی برد.**

لەوەڵامدا ووتی: خوای گەورە 60 ساڵە ئەو قاچەی پێدام  و لەسەری دەڕۆم، ئێستا لێی وەرگرتوومەوە، لەسەر ئەمە پاداشتم دەداتەوە، (ئایا ئەمە گەورەترین سوپاسگوزاری نیە، ئەمەیە هەست کردن بەنیعمەتی خوا دەبا هەموومان ئەو هەستەمان هەبێت بەرامبەر بەو نیعمەتانەی کە هەمانە).

## سەردانەکەمان بۆ لیبیا و کۆمەڵێك دەسکەوتی گرنگ

لەماوەی ئەوسەردانەی کەوەفدێکی یەکێتی جیهانی زانیانی مسوڵمان بەسەرۆکایەتی دکتۆر یوسف قەرزاوی  و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئەمینداریێتی  و ئەمینداری گشتی لەبەرواری 8-2011/12/11 ئەنجامیاندا بۆ لیبیا سەرنجتان بۆ چەند دیدو بۆچوون و تێبینیەکی گرنگ رادەکێشم.

بەو پەڕی گەرمیەوە لەشاری بەنغازی تەرابلوس پێشوازیان لێ کردین پێشوازیەکی پڕ لەسۆزو راستگۆیی و بەدڵێکی پڕ لەخۆشەویستی، خۆشەویستیەکی لە رادەبەدەریان دەربڕی بەرامبەر بە دکتۆر قەرزاوی  و وەفدەکەی، پێشوازی لەم جۆرە زۆر دەگمەنە، وەفدەکە لەلایەن سەرۆکی خێڵەکان و ئەنجومەنە خۆجێیەکان پێشوازیان لێکرا، بۆ پاراستنی ئاسایشی وەفدەکە لەلایەن کەتیبەی شەهیدانی 17 فێبرایەرەوە پارێزگاریان لێدەکرا، خەندەو بزەو خۆشەویستی لەسەردەم  و چاوی هەموو لایەك بە گەورەو بچوك و  ژن و پیاو گەنج  و پیرو سەربازی و مەدەنی دەبینرا، ئێمە لەکاتی شۆڕش و  پێش شۆڕشیشدا خۆشەویستی گەورەمان بۆ گەلی لیبی هەبوو، بەڵام لەم سەردانەماندا رەسەنایەتیەکی لەڕادەبەدەرمان بۆ دەرکەوت، هەستمان کرد ئەگەر لە خاوەنی پیاوەتی و شەهامەت و سۆزو خۆشەویستیەکی لەڕادەبەدەرە، ئەمەشمان لەهەموو ئەو لیبیانەدا بینی کە بەدیداریان شاد بووین.

لەم سەردانەدا چاومان کەوت بەبرای بەڕێز شێخ مصطفی عبدالجلیل سەرۆکی ئەنجومەنی کاتی و برای بەڕێز دکتۆر عبدالرحیم کیب و بەرپرسانی ترو کەتیبەکانی شۆڕش بەتایبەتی کەتیبەی شەهیدان و هەروەها ژمارەیەکی زۆر چین و توێژەکانی گەلی لیبیا کە بەوپەڕی گەرمی و خۆشەویستی پێشوازیان لێ کردین، لێرەوە توشی سەرسوڕمانی دەبیت لەستەمکارێکی وەك قەزافی کە (42) ساڵ حوکمی ئەم گەلەی کردووە و پێیان دەڵێت (ئێوە کێن؟) دەردەکەوێت کە خوای گەورە چاوی کوێر کردووە پەردەیەکی رەشی بەسەردا داوەو دڵی مۆرکردوەو گوێی کەڕ کردووە، کە ئەم گەلە مەزنەی نەبینیوە، کە خاوەنی رەسەنایەتی و جوامێری و گەورەییە، هەتا وای لێ هات ئەم گەلە مەزنە وانەیەکی دادا کەسەلماندی بۆ هەموو جیهان کە چ گەلێکن؟

گەلێکی موجاهید و شۆڕشگێڕ کەوەك شێری بێشەوان بەڵام لەهەمان کاتدا لەئاو نەرمترن بۆ هەر کەسێك کەرێزیان لێ بگرێت، ئەوان دەریایەکن لەجوامێری، شاخێکن لەبەرزی، لوتکەیەکن لەسەخاوەت و جوانی و پاکی، لێرەوە دەردەکەوێت ئەو وتەیەی کە فیرعەونی لیبیا بەرامبەر ئەم گەلی لیبیە ووتی کە بە(جرج) وەسفی کردن سزایەکی خوای گەورە بوو هەتا تورەیی ئەم گەلە زیاتر بکات و ئەوانەش کە دوو دڵ بوون یەکلاببنەوە، لەپشتیوان کردنی شۆڕش تەخت و کورسی دەسەلات بەسەریەکدا بڕوخێنن و کۆتایی بەژیانی بهێنن، ئەمەش دوعاکەی سەروەرمان (موسا) مان بیردەهێنێتەوە کە لەفیرعەون و سەربازەکانیی کرد کەدەفەرمویت (فلا یؤمنوا حتی یروا العذاب الألیم)، خوای گەورە ئەم دوعایەی وەرگرت و فیرعەون و هامان و سەربازەکانیانی لەناو برد و، خوای گەورە ئەم دوعایەی قبوڵ کردووە بۆ هەموو ستەمکار و فیرعەونێك هەتا رۆژی دوای لەلایەکی ترەوە نەوەی قەزافی و کوڕەکەی (شمشێری سەرشۆڕی) ووتیان لەبەرامبەر داواکاری شۆڕشگێڕاندا بریتی بوو لەگەندەڵی میر بۆ بادینان ئەمەش ئەو سزایە بوو کەخوای گەورە بەسەریدا دان، هەروەك ئیبن تەمیە دەڵێت:

ئەگەر گەنجێك لەلایەن خواوە پشتیوانی لێ دەکرێ **** یەکەمین شتێك کە دەیچنێتەوە بەرهەمەکانی خۆیەتی.

لەفڕۆکەکە دابەزین و گەیشتنە شاری بنغازی، ئەمیری قەتەر شێخ حمد بن خلیفە خۆی فڕۆکەیەکی بۆ تەرخان کردبووین، لەگەڵ وەفدەکەی بەسەرۆکایەتی دکتۆر قەرزاوی کەوتینە رێ، لەدوای ئەو پێشوازیە گەرمە لەئوتێلێکی گەورە لەبن غازی ماینەوە، شاری بن

غازی شارێکی پشت گوێ خراو بو لەسەردەمی قەزافیدا، هیچ شوێنکارێکی ئاوەدانی و گەشەپێدانی پێوە دیار نیە، لەرووی ژێرخانی ئابوریشەوە زۆر لاوازە، ئەمە سەرەڕای ئەو سامانە گەورەش کە لیبیا لەبواری نەوت و کانزادا هەیبووە، کە ئەگەر ئەم سامانە 10٪ ی بۆ گەلی لیبیا خەرج بکرایە، ئەوا گەلی لیبیا دەبووە دەوڵەمەنترین گەل و لیبیاش دەبووە بەهەشتی سەر زەوی، لەدوای پشویەکی کەم بانگهێشتیان کردین بۆ ئاهەنگێك لەشاری بنغازی کەپیاو ماقولان و سەرۆك خێڵەکان و ئەنجومەنی پارێزگا سازیان کردبوو .

لەم ئاهەنگەدا چەند ووتەیەك پێشکەش کرا، سەرەتا دکتۆر قەرزاوی ووتەیەکی پێشکەش کرد پاشان منیش وتەیەکم پێشکەش کرد و پیرۆزبایم لەسەرکەوتنەکانی گەلی لیبیا کرد،.

پاشان باسم لەرۆڵی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان کرد، لەرووی ئەرك و بەرپرسیارێتیەوە، پاشان ووتم ئێستا قۆناغی ئاشتەواییەکی گشتی هەیە هەتا لەئازار و نەهامەتیەکان دەربچین و بچینە قۆناغی هیوا بەخشین و گەشەپێدان و هێنانەدی ئامانجەکان، پاشان باسم لەوەکرد کە یەکێتی جیهانی دەبێت کار بۆ بنیاتنانی زانایانی پاشەرۆژ بکات و پرۆگرامێکی ئابوریش دەست پێ بکەین بۆ گەشەپێدان.

بڕیار وابوو رۆژی هەینی 2011/12/9 هەریەکەمان لەمزگەوتێك وتاری هەبێت، بەڵام رێك نەکەوت لەو کاتەدا کە لەگەڵ دکتۆر قەرزاوی بوین لەناو ئوتومبێلەکەدا ئەو شێخەی کە لەگەڵماندا بوو ووتی یاشێخ رات چۆنە ئەگەر تۆ بچیت بۆ مزگەوتێك کە زۆرترین خەڵکی رۆشنبیرو ئەهلی فیکر بۆی دەچن، تۆ لەوێ وتارێك بدەیت من ئامادە بووم، لەگەڵ ئەو برایەدا ڕۆیشتین بۆ مزگەوتی (مشعر الحرام) لەوتارەکەدا باسم لەئەو بەرپرسیارێتیە کرد کە ڕوو لەگەلی لیبیا دەکات لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، لەدرێژەی ووتارەکە باسم لەگەشەپێدانی هەمە لایەنە کرد کە پێویستە ئەنجام بدرێت.

پاشان رۆیشتین بۆ ئەو مزگەوتەی کە دکتۆر قەرزاوی وتاری تیادابوو، دوایی رۆیشتین بۆ نیوەڕۆخوانێك کە کۆمەڵێك لەبرایانی (ئیخوان) سازیان کردبوو لەئوتێلێك لەسەر قەراغی دەریا. کە لەوێدا کۆمەڵێك پرسیارو وەڵام و راگۆڕینەوە ئەنجامدرا، لەدوای نانی نیوەڕۆ، گەڕاینەوە بۆ ئوتێلەکە بۆ ئەوەی تۆزێك پشوو بدەین لەدوایدا رۆیشتین بۆ گۆڕەپانی (تحریر) لەبن غازی، لەم ئاهەنگەدا کۆمەڵێك ووتە پێشکەش کرا کە کچە شاعیری بەناوبانگ (شروق) پێشکەشی کرد، ئەم شاعیرە سەرەڕای بچوکی تەمەنی کە(8) ساڵ بوو، کۆمەڵە شێعرێکی زۆر جوانی پێشکەش کرد، کەهەستی هەموومانی بزواند، ئەم کچە

شاعیری گۆڕەپان بوو لەکاتی شۆڕشدا رۆڵێکی زۆر گرنگی لەپشتیوانی شۆڕشدا هەبوو، قەزافی و داروودەستەکەی هەراسان کردبوو، هەتا وای لێ کردبوون بڕیاریاندا بوو تیرۆری بکەن، بەڵام خوای گەورە پاراستی، ئەو رۆژە کۆمەڵێك پارچە شیعری پێشکەش کرد لەوانەش ئەو شیعرانەی کە وەڵامی (یوسف أشکر) ی دایەوە کە یەکێك بووە لەڕاگەیاندن کارەکانی قەزافی، یەکێك لەئامادەبوان وتی ئەم پیاوە سەرەتا لەناو ئۆپۆزسیون بوو دوایی داوای لێ بوردنی لەقەزافی کرد، بەڵام قەزافی وتویەتی لێت نابورم هەتا وەك سەگ نەچیتە سەر چۆك و نەوەڕی، ئەویش ئەم کارەی کردو لێی خۆش بوو پاشان کردی بە بەرپرسێکی باڵای راگەیاندن، ئەم یوسفە دوایی هەڕەشەی لەم کچە شاعیرە مناڵە کرد بوو، ئەویش بەقەسیدەیەك وەڵامی دایەوە کەسەرەتاکەی دەڵێت :

علیش تهدو یاشاکر          الله حامینی بالتکبیر

لەدوای ئەوەی کە هەڕەشەیان لێ کردبوو بەقەسیدەیەکی تر دەستی پێکرد سەرەتاکەی دەڵێت ......      یاشاکر ................

لەگۆڕەپانی تەحریر کۆمەڵێك ووتار پێشکەش کرا کەهەموو پیرۆزبای و باسکردن بوو لەئەرك و بەرپرسیارێتی گەل و دەوڵەتی لیبیا بوو بۆ ئەنجامدانی پێشکەوتن و گەشەپێدانێکی هەمەلایەنە.

لەدوای تەواو بوونی ئاهەنگەکە بەرەو فڕۆکەخانە رۆیشتین و بەرەو شاری تەرابلوسی پایتەخت بەڕێکەوتین و لەسەعات (9) ی ئێوارە گەشتین، لەپێشوازیاندا ژمارەیەك زۆر لەبەرپرسان و ناوداران و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا وەستابوون (لەوێشدا چەند وتەیەك پێشکەش کرا )...لەدوای ئەوە بەرەو ئوتێلی (دیکسۆز) کەئوتێلێکی زۆرجوان بوو تەرخان کرابوو بۆ پێشوازی سەرۆك و پاشا و ناودارەکان لەنێو ئەو ئوتێلەدا ماڵێکی تایبەت هەبوو بۆ قەزافی لەتەنیشت ئەویشەوە کۆشکی کۆنگرە هەبوو.

لەرۆژی سێهەمدا (شەممە) کەئامانجی سەرەکی سەردانەکەبوو، بۆ ئامادەبوون لەکۆنگرەی ئاشتەوایی نیشتیمانی، کۆنگرەیەکی زۆر گەورەبوو، سەرکردە تازەکانی لیبیا تیایدا ئامادەبوون، لەگەڵ سەرۆك خێڵ و ناوداران، هەریەك لەشێخ مصطفی عبدالجلیل و سەرۆکی ئەنجومەنی کاتی و دکتۆر عبدالرحیم کیب سەرۆکی حکومەت و شێخ قەرزاوی و راشد غەنوشی و شێخ صادق غریاتی وتاریان پێشکەش کرد کەهەموو دەربارەی ئاشتەوایی و مەرجەکانی و گرنگی بوو، لەدوای ئەوە لەکاتی پشوودا چاوپێکەوتنێك سازدرا لە نێوان

شێخ مصطفى عبدالجليل و دكتۆر عبدالرحيم كيب و بەئامادەبوونی هەریەك لە شێخ قەرزاوی و من و شێخ راشيد غەنوشی و شێخ عبدالرحمن محمود و دكتۆر خالد مزكور و مامۆستا عبدالقادر عبدالعزيز، پاشان منيش باسم لەرۆڵی یەكێتی جیهانی زانایان كرد لەڕابردووداو لەداهاتووشدا كەپێویستیان بەخول و راهێنان هەیە و پێویستە بۆ ئایندە ئامادە بكرێن و رۆڵی گرنگییان پێ بدرێت لەرووی فێربوونی بواری یاسا و تەكنۆلۆژیا و بانكی و هەروەها بانگخوازی باشیان لێ ئامادە بكرێت كەدەست بگرن بەقوتابخانەی میانڕەوی بۆ ئەوەی لەمزگەوتەكاندا رۆڵی خۆیان هەبێت، هەروەها بانگەوازیش بكەن بۆلای خوا، وتەكانم جێگەی رەزامەندی گشت لایەك بوون بەتایبەتی شێخ مصطفى عبد الجليل، هەروەها شێخ قەرزاویش جەختی لەسەر بۆچوونەكانی من كردەوە.

لەدوای ئەوە رەزامەندی درا لەسەر كردنەوەی لقێكی رێكخراوەكەمان لەژێر چاودێری دكتۆر سالم الشيخی، لەدوای ئەوە بوین بەدوو گروپەوە گروپێكمان لەگەڵ دكتۆر قەرزاوی رۆشتین بۆ پێشكەش كردنی وتارێك لەمزگەوتی (شەهیدان) گروپی دووەم رۆیشتن بۆ ئامادەبوون لەكۆڕێكدا بەناوی (لەشۆڕشەوە بۆ دەوڵەت) كەمنیان راسپارد بۆ پێشكەش كردنی وتارەكە، كە لەدوایشدا گفتوگۆی تەواو لەسەر بابەتەكە كرا، لە كۆتایدا رۆژی چوارەم لەكاتژمێر 12 ی نیوەڕودا ئامادەبووین بۆ گەڕانەوە بەفڕۆكەیەك سەر بەكۆمپانیای (ئێر كایرو) كەهێڵی ئاسمانی قەتەری بەكرێی گرتبوو بەڕێكەوتین و سەعات 6 ی ئێوارە گەشتینەوە قەتەر.

ئەم گەشتە پڕ بوو لەدەست كەوتی گەورە و خێرو بەرەكەتێكی زۆری تێدابوو، وتار و ئامۆژگاریەكانی شێخ قەرزاوی زۆر سوودمەندبون، هەروەها بەچوونی وەفدەكە لیبیەكان زۆر خۆشحاڵ بوون، هەروەها سەركەوتنی ئاشتەوایی نیشتیمانی سەركەوتنێكی گەورەبوو لەگەڵ كردنەوەی لقێكی نوێ لەلیبیا بۆ ئامادەكردنی زانایان و بانگخوازان.

منيش بۆ خۆم لەو سەردانەدا چاوپێكەوتنی تایبەتیم ئەنجامدا لەگەڵ وەزیری ئەوقاف و پارێزگاری دراوی مەركەزی لەلیبیا، هەروەها چاوم كەوت بەمورشیدی ئیخوان المسلمين و وەزیری پیشەسازی لەگەڵ پارێزگاری مەركەزی دراو و لەلیبیا رێكەوتین لەسەر دەركردنی كۆمەڵە یاسایەكی تایبەت بەدراوی مەركەزی و ئاڵوگۆڕی دراوی ئیسلامی و كۆمپانیا وەبەرهێنەكان هەروەها رێكەوتین لەسەر دروست كردنی لیژنەیەكی باڵا بۆ راوێژكاری شەرعی، بۆ ئەم مەبەستەش كۆمەڵێك لەیاساكانی رێكخراوەكەم پێشكەش كرد هەروەها

کتێبەکانم لەو بارەیەوە .لەگەڵ وەزیری پیشەسازیشدا گەیشتینە ڕێکەوتنێك بەهاوکاری کردنی وەزارەتەکەیان بە بەرنامە و عەقدی تایبەت بەتەمویلی شەرعی و هەروەها بەزەمانەتی گونجاو لەگەڵ وەزیری ئەوقافیشدا ڕێکەوتین لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵێك بانگخواز لەسەر مەنهەجی میانڕەوی، بەکورتی سەردانێکی سەرکەوتوو ئیجابی بوو خوا لەگشت لایەك قبوڵ بکات.

## ئایندەی گەلانی ئیسلامی لەژێر سایەی شۆڕشەکاندا*

ئازادی لە چوارچێوەی یاسادا وەك ئۆکسجین و هەوا پێویستە بۆ زیندو ڕاگرتنی گیان و ژیانی هەر کاتێك چوارچێوەکانی ئازادی تەسك بکرێتەوە، جوڵەی گەلان ڕوو لەخراپی دەکات  و هەناسەی بەرتەسك دەکاتەوە، هەرکاتێك هەوا کراوە بێت و گۆڕەپانەکە فراوان بێت ئەوکاتە خۆشی و سنگ فراوانی زیاتر دەبێت، ئازادی وەك هەوایەکی کراوە وایە، ئۆکسجین سەرچاوەی گیان  و ژیانە تەنانەت بۆ ئاژەڵەکانیش دەکەوێتە ژێر ئەم کاریگەریە بە چاکە و خراپە، ئەمە ئەو سروشتەیە کە خوا مرۆڤیی لەسەر دروست کردووە، خوای گەورە هەرگیز ڕقی بەرامبەر کەسێك نیە بەهۆی ئینتیمای ئاینیەوە **﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾البقرة**256.

تەنانەت ئیمان لای خوای گەورە قبوڵ نیە ئەگەر لەسەر بنەمای قەناعەت و ئازادی نەبێت، ئازادی یەکەمین هۆکاری ڕاپەرین و بەرەو پێش بردنی گەلان بووە بە درێژایی مێژوو، ئەوروپا کاتێك پێشکەوت کە ڕزگاری بووە لەگەندەڵی سیاسی، دەستیان دایە چاکسازی سیستەمی سیاسی و فێرکردن، پاشان ڕوویان کردە بواری داهێنان بەمەش توانیان لە دنیادا سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

---

* ووتەی پرۆفیسۆر دکتۆر عەلی قەرەداغی لەکۆڕی سێیەمی یەکێتی جیهانی زانایان بە ناونیشانی (ئایندەی گەلانی ئیسلامی لەژێر سایەی شۆڕشەکاندا)

ئەوەی لەقورئاندا هاتوە گەلان لەژێر سایەی ستەمکاری و دیکتاتۆریەتدا توانای بەرهەم هێنان و داهێنانیان نابێت.
ضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً عَبْداً مَّمْلُوكاً لاَّ يَقْدِرُ عَلَى شَيْءٍ وَمَن رَّزَقْنَاهُ مِنَّا رِزْقاً حَسَناً فَهُوَ يُنفِقُ مِنْهُ سِرّاً وَجَهْراً هَلْ يَسْتَوُونَ الْحَمْدُ لِلّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ النحل75 ، هەروەها دەفەرموێت:
وَضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً رَّجُلَيْنِ أَحَدُهُمَا أَبْكَمُ لاَ يَقْدِرُ عَلَىَ شَيْءٍ وَهُوَ كَلٌّ عَلَى مَوْلاهُ أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لاَ يَأْتِ بِخَيْرٍ هَلْ يَسْتَوِي هُوَ وَمَن يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَهُوَ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ النحل76 ئەوەی زانراوە لای هەموان کە گەلانی ئیسلامی ماوەیەکی زۆرە کە هەوڵی بەدەست هێنانی ئازادی دەدەن، لە سەدەی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانیدا ئەو کاتەی کە لەلایەن هەندێ لە بەرپرسانەوە ستەمکاری سەری هەڵدا، هەندێك لەزانای چاکساز دروست بوون کە داوای چاکسازی سیستەمی سیاسی و کۆتایی هێنان بەهەموو جۆرەکانی گەندەڵیەوە بۆ ئەوەی دەست بە چاکسازی هەمە لایەنە بکرێت.
هەروەها داوای پێدانی ئازادی دەکرد بۆ گەل و نەتەوە جیاوازەکان، ئەم پرۆژە چاکسازیانە جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محمد عەبدەو رەشید رەزاو کەواکیبی و چەند کەسێکی تر بوون، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی نەیتوانی وەڵامی داواکاری گەلە ئیسلامیەکان بداتەوەو لە وەڵامدا تەنها ئەنجومەنێکی راوێژکاری دروست کرد، لەم کاتەدا هەرچەند هەوڵەکانی سوڵتان عەبدالحمید گەورە بوون، بەڵام زۆر درەنگ بوو، لەم کاتەدا ئیمپریالیزمی بەریتانیاو فەرەنسی ئیستیغلالی راپەرین و شۆڕشی گەلانیان کرد بۆ ئامانجەکانی خۆیان، بۆ ئەم مەبەستە بەهاوکاری پیاوانی شۆڕشە عەرەبیەکان توانیان دەوڵەتی عوسمانی بڕوخێنن، بەم هۆیەشەوە ئەم گەلانە ئەوەیان توشبوو کە توشیان هات لە داگیرکاری و ئیمپریالیزم، کە بووە هۆی جیاوازی و دووبەرەکی و رواندنی زایۆنیۆم لەسەر زەوی پیرۆزی فەڵەستین، کە بەهۆی ئەمەشەوە چەندان بەڵاو نارەحەتی و شکست و موسیبەت توشیان بوو.
لێرەوە پێویستە زۆر هۆشیار بین و بە وردیەوە بیر لە شێوازی ئاراستەکردنی ئەم شۆڕشانە بکەینەوە هەتا ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن بەتایبەت گەڕانەوە بۆ شوناسی ئیسلامی لە گرنگترین ئامانجەکانێت .
هەموو خۆپیشاندانەکانی تونس و میصر و لیبیا و یەمەن و سوریا لەرووی دروشمەوە ئیسلامین، واتە هیچ مۆرکێکی حیزبی یان کۆمەڵێکی دیاری کراوی هەڵنەگرتووە، من

متمانەیەکی گەورەم هەیە کە ئەم شۆڕشانە دەگەن بەئامانجەکانی خۆیان بە پشتیوانی خوای گەورە ئەویش لەبەرچەند هۆیەك کە لێرەدا شوێنی باس کردن نیە.
بەڵام ئەوەی منی ترساندوەو توشی سەرسوڕمانی کردوم لەدوای شۆڕشی میسر ئەو جەدەلەیە کەدروست بوە لەسەر خواستی ئەم شۆڕشە.
مامۆستای بەڕێزمان فەهمی هوەیدی لەوتارێکدا باسی ئەوەی کردوە کە هەندێك لەنوسەرە عەلمانیەکان هانی دەستەی سەربازیان داوەو ترساندویانن بەوەی کە ئەم شۆڕشگێڕانە ئینتیمای ئاینیان هەیەو شانازی پێوە دەکەن، تەنانەت ئەگەر ئەوانە لەئیخوانیش نەبن، ئەمانە ترسی ئیسلامی سیاسیان گەورە کرد بەمەبەستی لێدانی ئیسلام و دورخستنەوەی بۆ جارێکی تر لەناوەندەکانی ژیان، ئەویش بەبیانوی ئەوەی ئیسلام بۆەتە هۆی بزواندنی جەماوەر و بوەتە سەرچاوەی ئارامی و ئازایەتی و خەباتی نەپساوە لەپێناو خوای گەورەدا ئەویش لەژێر دروشمی (الله اكبر الله اكبر الله اكبر). بەلام دەبێت ئەوەش بڵێین هەڵوێستی ئیخوان لەم شۆڕشەدا زۆر جوان بوو.
کەباسیان کرد و رازی بون بەگەمەی دیموکراسی و پێکەوە ژیان لەسەر بنەمای هاولاٌتی بوون بۆ هەموو لایەك بەبێ جیاوازی، هەروەها بەڵێنیاندا کەپاڵێوراویان نەبێت بۆ سەرۆکایەتی.
پاشەرۆژی گەلەکانمان بەندە بەئاراستە کردنی ئەم شۆڕشانە بەرەو ئامانجە دیاری کراوەکان، ئەویش بەکەڵك وەرگرتن لەرابردوو یان رابردووی گەلانی تریش. هەروەها بەئایندەی خۆمان و ئایندەی گەلانی تریش.
ئەویش لەرێگەی پێنج هەنگاوی سەرەکیەوە :
<u>**هەنگاوی یەکەم:**</u> چاکسازی لە سیستمی سیاسیدا: ئەویش لەرێگەی دەست پێکردنی پەیمانێکی نوێ کە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و هاولاٌتیان رێك بخات، کەتیایدا هەموو هۆکارێك دابنرێت کەرێگە لەستەمکاری و دیکتاتۆریەت بگرێت و رێگە لەدەسەڵاتداریش کەهەموو دەسەڵاتەکان کونترۆڵ بکات.
قورئانی پیرۆز ستەمکاری و گەندەڵی و دەوڵەمەند بونی نارەوا پێکەوە دەبەستێتەوەو دەفەرمویت: ﴿**الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ* فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ**﴾ ( 11-12 ) **سورة الفجر**.هەروەها دەفەرمویت: ﴿**كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى* أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى**﴾ ( 6-7 ) **سورة العلق**، ﴿**فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ**﴾ ( 54 ) **سورة الزخرف**

دەست گرتنی بەرپرسەکان بەسەر دارایی و دەسەڵاتدا دەبێتە مایەی خۆبەزل زانین و سەر ئەنجامیش ستەمکاری دروست دەبێت.

**هەنگاوی دووەم:** چاکسازی لەسیتمی فێرکردندا کە پێویستە لەسەر بنەمای داهێنان بێت.

**هەنگاوی سێیەم:** گۆڕانکاری لەناخی تاکەکاندایە بەهەموو پێکهاتەکانیەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ** ﴾ ( 11 ) **سورة الرعد**. لێرەدا مەبەست لە (انفس) کەخوای گەورە لەقورئاندا باسی دەکات پێنج جۆرە کەئەوانیش: ئەو نەفسەی کەفەرمانت پێ دەکات بە خراپە، گیان، دڵ، عەقڵ، پاشان زاتی مرۆڤ خۆی. مەبەست لەگۆڕانکاری تەنها ئەو نەفسە ناگرێتەوە کەفەرمان بەخراپە دەکات، بەڵکو هەریەك لەو پێنجە دەگرێتەوەو هەریەك لەوانەش خۆراکی خۆی هەیە، هۆکاری خۆی هەیە بۆ گۆڕانکاری، هەر ئەمەشە کە خوای گەورە لە قورئاندا باسی دەکا و دەفەرموێت ﴿**هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ**﴾**الجمعة**2

**هەنگاوی چوارەم:** چاکسازی هەمەلایەنەی تاك و خێزان و کۆمەڵ و حکومەت و سیستم و پەیوەندییەکانی.

**هەنگاوی پێنجەم:** تازەگەری لەم ئایینەدا ئەویش بەلابردنی هەموو ئەوەی پەیوەندی بەوشتانەوە هەیە کە هەندێ لەکەسانی گومڕا لایانداوە لەئاڕاستەی راستی خۆی، هەروەها رێگرتن لەتوندڕەوەکان و رێگەنەدان بەسوك کردن و ئاسانکاری لەرادەبەدەر.

ئەویش بەگێڕانەوەی دەبێت بۆ بنەما سەرەکیەکانی خۆی، پێویستە تازەگەری لەپڕۆگرام و گوتارو هۆکارەکاندا بێت، پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: (خوای گەورە لەسەرەتای هەر سەد ساڵێکدا کەسێك دەنێرێت بۆ ئەوەی ئاینەکەی تازە بکاتەوە)

**هەنگاوی شەشەم:** دانانی پلانێکی پەروەردەیی هەمەلایەنە بۆ هەڵبژاردنی باش، باشترین کلتور و چاکەکاری لەهەموو شتێکدا.

هەروەك چۆن پێشینانمان لەئەفغانی و محمد عەبدە کاریان لەسەر تاك دەکرد بۆ پڕۆژەی چاکسازی، بەهەمان شێوەش ئێستا یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان بەسەرۆکایەتی دکتۆر یوسف قەرزاوی لەچوارچێوەی کارێکی دامەزراوەی هەمەلایەنەدا کەزیاتر لەپەنجا هەزار

زانا لەخۆ دەگرێت و دابەش بوون بەسەر هەموو جیهاندا دەیەوێت ڕۆڵی ژیانەوەو ڕاپەڕین ببینێت پشت بەخوای گەورە.

ئەویش لە ڕێگەی پلانێکی ستراتیژی درێژ خایەن کە بتوانێت ڕۆڵ بۆ زانایان بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی دەست بکەن بەهۆشیار کردنەوەو ژیانەوەی سەر لەنوێی ئومەتەکەمان هەروەك چۆن زانایانی سەردەمی صەلاحەدین کردیان.

# سیفاتەکانی ( عباد الرحمن)
# لە( 7 ) ئەڵقە پێك هاتوە

بسم الله الرحمن الرحيم

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اسْجُدُوا لِلرَّحْمَنِ قَالُوا وَمَا الرَّحْمَنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُ نَا وَزَادَ هُمْ نُ فُورًا * تَبَارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّمَا و بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا * وَهوَ ا لَّذِي جَ عَلَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُوراً * وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَ لَى الْأَرْضِ هوْناً وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَاماً * وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَا مًا * وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا * إِنَّهَا سَا وتْ مُ سْتَقَرّاً وَمُقَاماً * وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا * وَالَّذِينَ لاَ يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلاَ يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَ بِالْحَقِّ وَلاَ يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا * يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَاناً * إِلاَ مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَ مِلَ عَ مَلاً صَالِحاً فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَّحِيماً * وَ مَن تَابَ وَعَ مِلَ صَالِحاً فَإِنَّهُ يَتُوبُ إِلَى اللَّهِ مَتَاباً * وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَا مًا * وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمّاً وَعُمْيَاناً * وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَ نَا

مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا * أُوْلَئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْ فَةَ بِـ ِمَا صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَاماً الفرقان(60-75)

## رەهەندەكانی ( عباد الرحمن )

### ئەڵقەی یەكەم:

له را ڤەی ئا یەتی (ع بادالرحمن) دا ل ێرەدا به پێوی ستی دەزانم كه باس له چوار تایبەتمەندی گرنگ بكەم له ئەم ئایەته پیرۆرزەدا **وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْناً وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَاماً الفرقان**63. ئەم ئایەته پیرۆزه به ( واو ) دە ست پێ دەكات، زانایانی زما نەوانی دە ڵێن ئەو (واو)ە بۆ عەطفه، بەڵام زانا یانی رەوان ب ێژی (بلا غه) دە ڵێن ئەم زاذ سته وا ته زاذ ستی رەوان بێژ یه، به روون كرد نەوەو ما ناو جوانكاریەكان بۆ تێگەیشتنی قورئان دامەزراوە. ئەوان دەڵێن ئەم واوە بۆ بەیەك گەیاند نه، ئەمەش مانای وایه كه پەیوەند یەك هە یه له ذ ێوان را بردوو دا هاتوودا ، لێرەدا دەكر ێت بپرسین ئایا پەیوەندی ئەم ئایەته به ئایەتی پێشوو دواوە چیه؟

ئایەتی پێشوی دەفەرموێت: **تَبَارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّمَاء بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجًا وَقَـ ـمَرًا مُّنِيرًا** ( 61 ) **سورة الفرقان**

پەیوەندیه كه له چەند لایەنێكەوە یه، لا یەنی یه كەم: خوای گەورە له ئا یەتی یەكه مدا دە فەرموێت (ت بارك) وا ته پاكی و گەورەیی بۆ ئەو كه سەی كه ئەم بو نەوەرە گەورەو بەرێزەی دروست كردووە، گەورەیی لەسەر زەویدا له رێگەی (عبادالرحمن) دەردە كەوێت كه به ئازادی و بەویـ ست و ئیرادەی خۆ یان به شەو به ڕۆژ خوا دەپەر ستن ئە مە پەیوە ندی یەكەمە.

**1- پەیوەندی به بونەوەرەوە :**

ئایەتی یەکەم دەمان بە ستێتەوە بە گەردوو نەوە کە لە رێگە یەوە جیاوازی وەرزە کان و رۆژو مانگ ئا گادار دە بین (ع ـباد ا ـلرحمن) لە لایە کەوە پەیوە ستە بە ئەم ئە ستێرە گەرۆکەکانەوە ، بۆ نموونە نوێژ پەیوەستە بە کاتەکانی خۆرهەڵاتن ، رۆژو حەج پەیوە ستن بەمانگەوە.

بۆ ئەم مەبەستە خوا داوا لە (عباد الرحمن) دەکات کە کەڵك لە ئەم شتانە وەربگرن و لە ئەم رێگەیەوە زیاتر لە خوا نزیك ببنەوە، ئەویش بە ئاوەدان کردنەوەی زەوی و دە ستە بەرکردنی جێ نشینی، ئەویش لە باشترین و چاکترین شێوەدا.

خوای گەورە باس لە (سراج المنیر) دەکات وا تە رۆژ و مانگ، رۆژ ما نای گەورەیی و هێزە ،مانگیش مانای جوانیە. (عباد الرحمن) دەبێت هەردوو سیفاتی جوانیان تیادا بێت، دەبێت لە جەنگدا بە عیزەت و بەهێز بن بەرانبەر بە کافران. ملکەچ و خاکی بن بەرامبەر بە باوەرداران، هەروەها بەرامبەر بە خەڵكو مامە ڵەکردن لە گەڵیا ندا دەبێت بە هەمان شێوەبن لە حاڵەتی ئاشتیدا باش و چاکە خوازو نەرم و نیان بن، ئەمە ئەو پەیوەند یە بوو کە ئەم ئایەتە لەگەڵ ئایەتی پێشودا هەیبوو.

2- وەسفی باوەڕداران:

ئەگەر لە ئایەتەکە وورد بینەوە خوای گەورە باوەڕدارانی بە (الجملة الأسمية) ناو دە بات، ئە مەش بۆ چە سپاندن و ئارامی یە ئە مەش ما نای ئەوە یە کە سیفەتی ئەم باوەڕدارا نە سیفەتێکی رو کەش و کاتی ن یە، بەڵکو چە سپاوەو رە گی داکو تاوە، لە کاتێکدا کە ئەم باوەڕدارانە لەگەڵ نەفاما ندان بە سلاوی ئا شتی مامە ڵە دە کەن، ئەی ئا یە دەبێت لە گەڵ خەڵکانی تردا چۆن بن؟ بێ گومان ئەم سیفەتانە لە سەرەتادا پێویستی بە زە حمەت و خۆ هیلاك کردن هەیە هەتا خاوەنەکەی ببێ بە (عباد الرحمن) بۆ ئەوەی ئەمە ببێتە ئەخلاق تیایدا، چونکە ئەخلاق دەبێت حاڵەتێکی نەگۆڕی هەبێت. سیفەتی کاتی نابێ تە ئەخلاق ، پاشان باسی لەوە کرد کە رستەکە بە (اذا) دەست پێ بکات کە ڕ ستەی ( شرطی) یە، ئەوا وەڵامە کەی بێ گو مان دەبێت شتێکی چە سپاو و حەقیقەت بێت. بەڵام ئە گەر بە (ان) دە ستی پێ بکرا یە مەرج نەبوو بەو شێوەیەبوایە. لێرەوە بۆ مان دەردە کەوێت سلاوی باوەڕداران بە ئاشتی لە نەفامان بێ گومانە و شتێکی راستیە .

و شەیەکی تریش کە لەئایەتە کەدا بەکارهاتووە ( خاطبهم) خوای گەورە نەی وو توە (کلمهم). چونکە لە زمانی عەرەبیدا ( مخاطابە) واتە روو بەروو، بەلأم (کلام) دە شێت ناڕاستەو خۆبێت، لە بەرئەوە (مخاطبة) بەهێزترە لە (کلام) لە بەر ئەوە وو شەی (سلام) بەڵگەیە لەسەر بەهێزی قسەکەر . ئەگەر سەرنج بدەین لە وەڵامیدا باوەڕداران دەڵێن (قالوا سلاما) واتە یەکسەر و بەبێ وەستان وەڵام دەدەنەوە . کە ئەمەش مانای هێزو و راستگۆیی باوەڕدارانە.

### 3- هەڵسوکەوت لەگەڵ خوادا:

سیفەتێکی تری (عباد الرحمن) بریتیە لە ﴿وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَامًا﴾ (64) سورة الفرقان

ئایا ئەگەر مامەڵەیان لەگەڵ دروست کراوەکانی خوا بەو شێوەیە جوان و ناسك و بە ئارامی بێت، ئایا دەبێت مامەڵەیان لەگەڵ پەروەردگاری بو نەوەردا چۆن بێت، لێرەوە پەیوەندیەکە لە زەویەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئاسمان کە دروست کردنی پەیوەندیەکە لە سەر بنەمای ملکەچی و خۆشەویستی و رێزو گەورەییە، ئەم باوەڕدارانە لە پەرستنی خوا تێر نابن، رۆژانە سەرقاڵی کارو ئاوەدان کردنەوەی زەوین شەویشیان تەرخان کردووە بۆ کڕنوش و شەو نوێژو پاشان دەفەرموێت (يَبِيتُونَ) واتە مانەوەی هەموو شەوەکەیە بۆ شەو نوێژ، لێرەوە خوای گەورە هەموو شەوەکەیان بۆ دەنوسێت بە شەو نوێژو ئەگەر لە بەشێکی شەوەکەشدا هەستابن.

### 4-پارێزگاری لە نوێژەکان:

یەکێکی تر لە سیفاتەکانی (عباد الرحمن) پارێز گاری نوێژەکانە، شەو نوێژی شیان بیرناچێت و لە یادی ناکەن، هەر بۆ ئەم مەبەستە خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی دەکات کە شەو نوێژ بکات. ئەمە لەسەر پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾فەرز بووە لە هەندێك ریوایەتدا دەڵێن کە لەسەرەتای هاتنی پێغەمبەردا﴿ﷺ﴾ لەسەر هەموو باوەڕداران واجب بووە، بەلأم دوایی بووە سونەت بۆ باوەڕداران بەلأم فەرز بووە لەسەر پێغەمبەری خوا.

لەبەرئەوە نابێت شەو نوێژ واز لێ بهێنن، چونکە پادا شتێکی گەورەو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، خاتوو عائیشە خوای لێ رازی بێت دەگێڕێتەوە و دەڵێت پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾کاتێك کە شەوان بۆ شەو نوێژ هەڵدەستا ئەوەندەی نوێژ دەکرد هەتا بنە

پێیەکانی هەڵدەئاوسا. منیش پێم دەوت بۆچی ئەوندە خۆت هیلاك دەکەی ئەی خوا لە هەموو تاوانەکانت خۆش نەبووە، ئەویش لەوەڵامدا ئەیوت ئەی نابێت بەندەیەکی سوپاس گوزاربم.

لێرەوە سەرنج بدەن کە پەیوەندی نێوان ئەم فەرمودەیەو ئایەتی (عباد الرحمن) و ئایەتی پێشەوەی چییە؟

یەکێك لەسیفەتەکانی (عبادالرحمن)ئەوەیە کە سوپاسگوزاری خوا دەکەن، پێغەمبەری خوا شەو بەبێ ئاگایی ناکاتەوەو بەشوکری خوا زیندووی دەکاتەوە، ئەمەش مانای ئەو وەڵامە بوو کە فەرمووی (افلا اکون عبدا شکورا ؟) پێغەمبەری خوا شەونوێژی تەرك نەکردووە، بەلای کەمەوە هەموو شەوێك $11$ رکاعەتی کردووە. باشتر وایە کە مسوڵمان شەو نوێژ دوابخات بۆ پێش نوێژی بەیانی بەنیو سەعات یان سەعاتێك یان هەر کاتێك کەخۆی حەز بکات.

هەندێك لەپیاو چاکانی پێشوو نوێژی وتریان دوادەخست بۆ پێش نوێژی بەیانی هەتا خێری هەموو شەوەکانیان دەست بکەوێت.

لەفەرمودەیەکدا ( متفق علیە) پێغەمبەری خوا فەرمویەتی: عبداللەی کوڕی عمر باشترین پیاو بوو ئەگەر شەونوێژی بکردایە، کاتێك کە ئەو هەواڵەی بیست هەتا مرد شەونوێژی تەرك نەکرد.

## $5$- شەونوێژ تەرك مەکە:

پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ بەعبداللەی کوڕی عاصی وت وەك فلاّن کەس مەبن شەونوێژی دەکردو تەرکی کرد. پێویستە مسوڵمان لەسەر شەونوێژ بەردەوام بێت ئەگەر بۆ ماوەی $5$ دەقیقە یان $10$ دەقیقە یان سەعاتێك بێت.

لەفەرمودەیەکی سەحیحدا هاتوە کەپێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فەرمویەتی: شەیتان سێ گرێ لەجەستەی هەرکەسێکتان دەدات و دەڵێت راکشێ و بخەوە چونکە خەوەکە باشترە. پاشان ئەو باوەڕدارە دەکەوێتە نێوان دوو شتەوە، ئایا گوێ بۆ شەیتان بگرێت یان بۆ خوای گەورە. ئەگەر لەپێش نوێژی بەیانیدا هەستا ئەوە گرێیەکەمی کردۆتەوە پاشان ئەگەر زیکری خوای کردوو دەست نوێژی گرت ئەوە گرێی دووەم دەکرێتەوە، ئەگەر دوای ئەوە نوێژی کرد ئەوە گرێی سێیەمیش دەکرێتەوە. ئەو کاتە هەست بەئارامیەك و خۆشیەکی دەرون دەکات چونکە هەست دەکات لەگەڵ خوادایە.

بەلام ئەگەر گوێی بۆ شەیتان گرت و نوێژی بەیانی نەکرد ئەوە جێگەی مەترسیە، چونکە نوێژی بەیانی ئەو نوێژەیە کەفریشتەکان شایەتی لەسەر دەدەن، ﴿إِنَّ قُرْآنَ الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا﴾ (78) سورة الإسراء، واتە خوێندنی قورئان لەبەیانیاندا شایەتیت بۆ دەدات. چونکە ئەگەر کەسێك نوێژی بەیانی نەکات دەبێتە خاوەنی نەفسێکی پیس‌و تەمبەڵ.

بەتەجروبەش دەرکەوتووە کە باشترین شت بۆ ورد بونەوەو دروستکردنی خۆشەویستی لەگەڵ قورئاندا دوای نوێژی بەیانیە، باشتروایە مرۆڤ لەدوای نوێژی بەیانیەوە نەخەوێتەوە، ئەگەر خەوتیشەوە پێویستە نوێژی بەیانی کردبێت.

پاش ئەوەی زانیمان کەسیفەتەکانی (عباد الرحمن) چین لەروانگەی ئەو ئایەتەوە کە باسمان کرد، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین بەڵێن بدەین کە ئەو ئایەتە جێبەجێ بکەین و بڵێین خوایەگیان ئەوە بەڵێنمدا کە لە (عباد الرحمن) بم ئەمەش کارێکی گران نیە.

ئەگەر بیەوێت ئەم کارەش بکات ئەوە کارێکی گران نیە، چونکە پادا شتێکی زۆری بەردەکەوێت‌و دەبێتە خاوەنی ئاسودەیی لەدنیاو دوارۆژدا.

ئەمڕۆ لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بەوە هەیە کە بگەڕێینەوە بۆ قورئان، چونکە روونترین و پاکترین سەرچاوەی ژیانە، ئەو سیفەتانەش کە باسمان کرد چارەسەر بۆ هەموو ئەو گرفتانەی کە هەمانەو هەر ئەمەشە عیزەتمان بۆ دروست دەکات بەرامبەر بەدوژمنان، خاکی‌و ملکەچ دەبین بەرامبەر بڕواداران.

# هەموو مرۆڤایەتی پێویستیان بە
# ( عباد الرحمن ) هەیە

**ئەڵقەی دووەم:**

ئەگەر لەبەر کۆمەڵێکی تایبەت لەمرۆڤ نەبێت خوای گەورە ئامادە نیە بونەوەر بهێڵێتەوە و کارێك بۆ مرۆڤایەتی بکات.

ئەگەر ئەو کۆمەڵە نەبن بەو سیفەتە تایبەتیانەی کە خۆی باسیان دەکات، ئەوا هەموو مرۆڤایەتی لای خوا سەنگی باڵە مێشولەیەکیان نیە، خوای گەورە لە قورئاندا مانەوەو بەردەوامی ژیانو بونەوەر پەیوەست دەکات بە بونی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە باوەڕدارە تایبەتیەوە کە خاوەن حەڤدە سیفەتی بەرز و بەرێزن.

لە کاتێکدا کە بێ باوەڕەکانو موشریکەکان ئەو پەڕی ئازارو سزای پێغەمبەری خوایان دا، بەڵام خوای گەورە داوای ئارام گرتنو دان بەخۆدا گرتنی لێکرد، تێیگەیاند ئەگەر تۆ بتوانیت کۆمەڵێك باوەڕداری خاوەن ئەو کۆمەڵە سیفاتە بەرزە پەروەردە بکەیت ئەوە گەورەترین سەرکەوتنە بۆ تۆ، ئەو کاتەش هەموو گرفتەکانو ئازارەکان لەبەر چاوتدا سوك دەبێتو بەرە و کەناری ڕزگاری و ئارامی هەنگاو دەنێیت. لێرەدا دەکرێت بپرسین ئایا ئەو کۆمەڵە کەسە کێن؟ کێن ئەوانەی کە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ قبوڵی هەموو ئازار و ئەشکەنجە و ناڕەحەتیەکی کرد لەبەر خاتری مانەوە و پەروەردەکردنیان.

خوای گەورە لە سورەتی فرقاندا باسی ئەو کۆمەڵەیەمان بۆ دەکات و بە (عباد الرحمن) ناویان دەبات.

سورەتی فرقان سورەتێکی مەکییە، ئەگەر لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی بیخوێنیتەوە دەبینیت هەمووی باسکردنە لەئازار و ئەشکەنجەدانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾و هاوەڵان، تەنانەت باس لەوە

دەكات كە گومانیان كردووە لەوەی كە مرۆڤ بێت، بەگاڵتە جارِیەوە باس لە هەژاری و نەداری دەكەن، لەبەرامبەر ئەمەدا خوای گەورە داوا لە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾دەكات كە پشت بەخوا ببەستێت و لەسەر ئازار و ئەشكەنجەكانیان ئارام بگرێت، ئەم ئارام گرتنەش تەنها بۆ پێگەیاندنی نەوەیەكە لە (عباد الرحمن)، پاش ئەوە سورەتەكە باسی هەموو ئازار و ئەشكەنجەكان دژی پێغەمبەر و هاوەڵان دەكات، لەكۆتایی سورەتەكە دا باس لە سەركەوتنی پێغەمبەر و هاوەڵان دەكات كەتوانیان كۆمەڵێك مرۆڤی باوەڕدارو ڕاستگۆ و تایبەت پەروەردە بكەن. خوای گەورە دەربارەیان دەفەرمویت: ﴿**قُلْ مَا يَعْبَأُ بِكُمْ رَبِّي لَوْلَا دُعَاؤُكُمْ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًا**﴾ ( 77 ) **سورة الفرقان**، ﴿**وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَي الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا**﴾( 63 ) **سورة الفرقان**

ئەمڕۆ هەموو مرۆڤایەتی پێویستی بەكۆمەڵێكی لەو جۆرەیە، ئەمانە كۆمەڵێك كەسی تایبەتمەندن ئێستا مرۆڤایەتی پێویستی بە (عباد الرحمن) هەیە پێویستی بە مەنهەج و ئەخلاقی (عباد الرحمن) هەیە لەبواری عەقیدەدا. لەبواری دارایی و میانڕەویدا لەبواری ڕەوشت و تێڕوانین بۆ جنس و دەیان شتی تردا كە ئێستا مرۆڤایەتی تیایدا توشی گرفت و نەهامەتی بووە، ئەگەر ئێستا سەیری مرۆڤایەتی بكەین، توشی جۆرەها لادان و نادادپەروەری و سەرگەردانی بووە ئەویش بەهۆی نەبوونی كۆمەڵە كەسانێكی لەو جۆرە، هەر ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی كە ئوممەتی ئیسلامی ئەو ئوممەتە نەبێت كە ڕۆڵی شایەتی دان بەسەر گەلانی ترەوە ببینێت.

ئەویش بەهۆی دواكەوتنی گەلانی مسوڵمانەوەیە لە گەلانی تر، چونكە بەهیچ جۆرێك ناكرێت گەلێك ببێتە سەرچاوەی سۆز و ڕەحمەت بۆ گەلێكی تر كەلەو دواكەوتوو تر و هەژار تر بێت، بەپێی یاساكانی سروشت ئەوە نەگونجاوە، چونكە ئوممەتێكی لاوازی هەژار ناكرێت ببێتە سەرچاوەی سۆزو بەزەیی بۆ گەلێكی بەرزتر لە خۆی، بەڵكو ئەم شتە بە پێچەوانەوەیە، هەر كەسێك خاوەنی شتێك نەبێت ناتوانێت ببەخشێت.

لەم بارودۆخە ناهەموارەی ئێستاكە مرۆڤایەتی تیایدا دەژی گرنگی ڕۆڵی (عباد الرحمن) دەردەكەوێت، لە سورەتی (فرقاندا) خوای گەورە باس لە پێویست بوونی پێشەنگ و نمونە بوون دەكات، باس لە تیۆر و وێنەو شتی خەیاڵی ناكات، لێرەوە قورئان باس لە گرنگی چەسپاندنی بەها و دیدە ئیسلامیەكان دەكات لەڕێگەی كۆمەڵە كەسانێكەوە كە ببنە نمونە بۆ مرۆڤایەتی.

قورئان تێکستێکی زیندوه له ناوماندا، وەك ئەوە وایە ئەمڕۆ دابەزیبێت، چۆن گرفتەکانی ڕابردووی چارەسەر کرد، چارەسەری پێیە بۆ گرفتەکانی ئێستاش، کەواتە کەمو کوڕیو ناتەواویەکان لە چیدایە؟

کەمو کوڕیەکە لە ئێمەدایە. لەو مسوڵمانانەدایە کە ناتوانن هەڵگری سیفاتەکانی (عبادالرحمن) بن، ئەمە گەورەترین قەیرانی ئێمەیە، پێویستە ئێمە چاوێك بە خۆماندا بخشێنینەوە، پێویستە ببینەوە بە هەڵگری ئەو سیفاتانە، پێویستە ئێمە ئوممەتێکی نموونەیی بین هەڵگری ئەو سیفەتە قورئانیانە بین، نابێت ئێمە هەڵگری هەمان سیفەتی کەسێکی ڕۆژئاوایی یان ڕۆژهەڵاتی بین، دەبێت ئێمە لەوان جیاوازیمان هەبێت، دەبێت ئێمە هەوڵی دروستکردنەوەی ئەو نموونەیە بدەینەوە، دەبێت ئێمە وەك ئەزمونێکی نوێ خۆمان بنیات بنێینەوە.

قەیرانی ئێمە قەیرانی کردەوەیە، زانای گەورەی هیندی شێخ نەدەوی، کە یەکێکە لە زانا مسوڵمانە بەناوبانگەکان کتێبێکی نوسیوە بەناوی (**ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمین**) کتێبێکی زۆر بە پێزەو پێویستە هەمووومان بیخوێنینەوە.

یەکەمین سیفاتی (عبادالرحمن) کە خوای گەورە بە (عباد) ناویان دەبات واتە ملکەچی ئەم کۆمەڵەیە بۆ خوای گەورە، چونکە سەرەتای هەموو ڕێگایەکی ڕاست بە پەرستنو عبودیەتی خوای گەورە دەست پێ دەکات واتە ملکەچ بوون بۆ خوای گەورەو کردنی هەر کارێك لەبەر خوا (اخلاص) خوای گەورە نەی فەرمووە (نوێژکەران و زەکات دەران)، چونکە ئەمانە ئەنجام دەدرێن بەبێ بوونی (اخلاص)یش، بەڵام (عبودیەت) ئەوپەڕی (اخلاص)ی تیادا بەرجەستە دەبێت، مانای ئیسلامیش بریتییە لە ملکەچ بوونی تەواو بۆ خوای گەورەو بەجێهێنانی فەرمانەکانی.

(عبودیەت) لە دوو ڕێگەوە بەجێ دەهێنرێت یەکەمیان ئیخلاصە بۆ خوای گەورە کە هەموو کارەکانت بە جۆرێك بێت کە خوای گەورە لێی رازی بێتو بە ویستی ئەو بێت. چونکە نابێت ئێمە خواپەرستی بەویستی خۆمان بکەین یا عیبادەتمان بەجۆرێك بێت کە پێچەوانەبێت لەگەڵ ئەوەی کە لە قورئاندا هاتووە. وشەی (عباد الرحمن) گوتارە لە سەردەمی مەکەدا هاتووە. کە ئەو کاتە مسوڵمانان خاوەنی دەوڵەت نەبوون. وەسفێکە لەم

وشەیەدا بەمانای کۆ هاتووە. واتە ئەم ئەرکە ئەرکی کۆمەڵێکە، ئەم ئەرکە بەتاکە کەسێك جێبەجێ نابێت، فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگەگرتن لە خراپەو بلاْوکردنەوەی ئیسلام.

خوای گەورە وەسفی ئەم کۆمەڵە باوەڕدارە دەکات بە (عباد الرحمن) نەی فەرمووە (عباد الله) سەرەڕای ئەوەی کە (الله) گەورەترین ناوی خوایە، هەروەها نەی فەرمووە (عباد الجبار) کە تەعبیرە لە هێزو تواناو گەورەیی، بەڵکو فەرموویەتی (عباد الرحمن) کە ئەمەش دوو مانا لەخۆ دەگرێت.

یەکەمیان بەمانای ئەوە دێت کە کۆمەڵەو گەلو دەوڵەت نابێت لەسەر بنەمای هێزو ترساندنو تۆقاندن بنیات بنرێت، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای سۆزو خۆشەویستی بێت. (لو انفقت مافي الأرض جميعا....) ئایا چۆن خۆشەویستی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروست دەبێت؟ هەر قورئان پێمان دەڵێت (فاعف عنهم واستغفر...) ئەم سەرچاوەی سۆزو خۆشەویستیە لێ خۆشبوون و راوێژکردن و ڕێزگرتن و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە کە سەرچاوەی خۆشەویستیە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

بنەماکانی سۆز لە کۆمەڵگەدا بریتییە لەوەی کە تۆ خەڵکت خۆش بوێتو ئەوانیش تۆیان خۆش بوێت. تۆ لە ئەوان ببوریتو ئەوانیش لەتۆ ببورن، راوێژیان پێ بکەیتو ڕێز لە کەرامەتیان بگریتو بە بەرپرسیارێتیەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت.

## ترسان لەخواو لەرۆژی دوایی سەرچاوەی سەرەکی پیادەکردنی داد پەروەریە

**ئەڵقەی سێیەم:**

لێرەدا باس لەدوو سیفەتی گرنگ لە سیفەتەکانی (عباد الرحمن) دەکەین، کەیە کەمیان ترسێکی گەورەیە لەخوای گەورە کە ئەویش ترسانە لە بەرەو رووبونەوە یەی سزای ئاگری دۆزەخە کە ئەوەش دەبێت وای لێ بکات کار بۆ رەزامەندی خوای گەورە بکات ﴿وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا﴾ (63) **سورة الفرقان**. سیفەتی دووەم بریتیە لە نزاو پاڕانەوەی بەردەوام کە ئەویش لەترسێکی زۆر لەخواوە دروست دەبێت، لەبەر ئەوە باوەڕبون بەرۆژی دوایی لە سزاو پاراستنەکانی لەگرنگترین بنەماکانی ئیمانە لەدوای ئیمان بون بەخوای گەورە، چونکە ئەو ترسە رێگرە لەمرۆڤ کە بیگێڕێتەوەو نەهێڵێت تاوانو ستەمکاری بکات. چونکە مرۆڤ دەزانێت هەرچەند بەهێزو بەتواناو دەوڵەمەند بێتو دەسەڵاتی بەهێزی هەبێت. رۆژێك دێت کە دەمرێتو بەخوای گەورە دەگاتەوەو لە سەر هەموو کردەوە یەکیان لێ یان دەپرسێتەوە، مرۆڤی باوەڕدار کاتێك کە بیر لەسزاو ئاگرو بەڵێنەکانی دەکاتەوە بۆ کەسانێك کە تاوانو سەرپێچی بکەن، لە ئەنجامی تاوانو سەرپێچی دەگەڕێتەوەو روو لەچاکەکاری دەکات.

ئەم ئایەتە پیرۆزە لەدوای دوو شتی سەرەکیەوە هاتوە﴿وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا﴾ (65) **سورة الفرقان**، لێرەدا سێ سیفەتی سەرەکی باس کراوە ئەویش سلوکی کرداریو سلوکی گفتاریە. ئەمەش لەکاتێکدا کە باسی مافی مرۆڤ لە سەر مرۆڤ دەکات، لەسێیەمیشدا باسی چاکی هەڵسوکەوتو مامەڵە لە گەڵ خوادا دەکات﴿وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَامًا﴾ (64) **سورة الفرقان**.

ئێمه لەرابردودا زۆر کەوتوینەتە ژێر کاریگەری رۆژئاوا بەتایبەتیش لەبوارەکانی مافی مرۆڤو رێزگرتنی کاتو بەڵێنەکانو تەنانەت مافی ئاژەڵانو روەکەکانیش، بەڵام لەراستیدا ئەو بەهایانەی ئەوانیش سنوردارەو تەنها لە سنورە جوگرافیەکەی خۆیاندا مامەڵەی پێ دەکەنو تەنها مەبەستیان رەگەزو کۆمەڵێکی مرۆییەو ئێستاش ئەوە بەرەو کزیو لێژبونەوە دەچێت بەتایبەتیش کاتێك مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تردا دەکەن، کە بەچاوێکی ناهاوڵاتیەوە سەیریان دەکەنو زۆر جاریش هەڵوێستی رەگەزپەرستانە دەردەبڕن.

بۆ نمونە سەیری ئەو بزافە رەگەزپەرستیە نوێیە بکە کە لەفەڕەنسا سەری هەڵداوە چۆن مامەڵە لەگەڵ کۆچبەراندا دەکەن بەتایبەتی مسوڵمانەکان، هەروەها سەیری ئەڵمانیا بکە چۆن راوێژکارەکەی دەڵێت: کلتوری ئەڵمانی کلتورێکی مەسیحی جولەکەیە، کەئەمەش زۆر ناڕاستە، چونکە ئەڵمانیەکان ئەوانە بوون کەکوشتارگەکانی هۆلۆکۆسیان دژی جولەکە دروست کردوە لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا. هەروەها ئەوەش کە ئەمەریکا لەزیندانەکانی ئەبوغرێب ئەنجامیدا، ئەوەش کە لەگرتوخانەکانی گۆنتانامۆدا ئەنجامی دەدات.

ئەمانە هەمووی بەهۆی ئەوەوەیە لەخواو لەدوارۆژی دوایی نەترسن و بڕوایان بەگەشتنەوە بەخواو بەسزاکان نیە.

لەبەرئەوە چاکی مامەڵەکردنی کرداریی‌و گوفتاری باشو مامەڵە کردن لەگەڵ خوادا تەنها لە رێگەی باوەڕ بەرۆژی دوایی و ترسان لەئاگرو دڵخۆش بون بەچونە بەهەشت دروست دەبێت.

قورئان زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئیمان بوون بەرۆژی دوایی، چونکە دنیا پڕە لەستەمکاری ئەو ستەمکاریانەش تەنها لە رێگەی دادگای عەدالەتی خوای گەورە لە رۆژی قیامەتدا تۆڵەیان لێ دەسەنێتەوە، لەبەرئەوە تەنها ئیمان کە دەبێتە مایەی بەردەوامی بەها مرۆییە بەرزەکان و بەبێ ئەم ئیمانە ئەم بەهایانە دەبنە مامەڵەیەکی کاتی رۆژانە پەیوەست دەکرێتەوە بە بەرژەوەندیەکانەوە. دەشێت تۆ مامەڵەو هەڵسوکەوتت لەگەڵ مندا باش بێت چونکە بەرژەوەندیت لەگەڵ مندا هەبێت، ئەگەر ئەم بەرژەوەندیە گۆڕا، ئەوا تۆش هەڵوێستت دەگۆڕێت.

هەرکەس بەپێی بەرژەوەندی مامەڵە بکات لە سیفاتی (عبادالرحمن) دێتە دەرەوە، لە راستیدا نابێت مامەڵەی (عباد الرحمن) پەیوەست بێت بە هیچ بەرژەوەندیەکەوە. تەنها

بەرژەوەندی ئەوە نەبێت کە شتێك لە ئاگر بتپارێزێت یان بەهەشتت دەست بخات ئەویش لە رێگەی عیبادەت کردنەوە. دەبێت ئەو خواپەرستیەش بە جۆرێك بێت کە هەست بکەی خوا دەبینیت، ئەگەر ئەوانیش خوا نەبینن ئەوا خوا ئەوان دەبینێت کە ئەمەش پلەی (أحسان)ە. کە پلەی سێیەمە، یەکەمیان ئیمانە دووەمیان ئیسلامە سێیەمیان أحسانە.

پاشان ئایەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ لا یەنی کرداری ﴿**وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا**﴾ (67) **سورة الفرقان**

باوەڕبوونت بەخواو بە رۆژی دوایی و هەڵسانت بۆ شەو نوێژ پەیوەستە بە رابردووەوە لە رێگەی ئەخلاق و سلوکەوە، پەیوەستە بە داهاتوتەوە لە رێگەی مامەڵە کردنت لەگەڵ سامانی دارایی، زانایانمان چوار تەفسیریان هەیە بۆ ئەم ئایەتە.

یەکەمیان ئەوەیە کە ماڵ و سامانت خەرج بکەو نابێت زیادەڕەوی بکەیت و سەرپێچی خوای پێ ئەنجام بدەیت، دووەمیان ﴿**وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا**﴾ (67) **سورة الفرقان**. مانای وایە رێگە لە حەقی خوا بگرن پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت ( هەر کەسێك شتێك بە ناحەق بدات ئەوە زیادەڕەوی کردووە، هەر کەسێك رێگە لە هەقێك بگرێت ئەوە تاوانی کردووە ).

لە کاتێکدا کە ئەم ئوممەتە وازیان لە زۆرینەی ئەم سیفەتانە هێنا، ئەم ئومەتە لە ناوخۆدا رووی لە لاوازی کرد، چونکە ئوممەتی بەهێز ئەوەیە کە لەناو خۆدا یەکگرتوو بێت و وەك جەستەیەك وابێت، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ ئوممەتی ئیسلام بەهۆی ئەو بارە نا لەبارەی کە هە یەتی هەموو نە تەوەکان دابارینە تە سەرمان و بەهاو ئەخلاقیاتی خۆیانمان بەسەردا دەسەپێنن کە هیچ پەیوەندی بە ئاین کلتوری ئێمەوە نیە، لەلا یەکی ترەوە کیانی زایۆنیان چاندووە لە ناوماندا دەستی گرتووە بەسەر قودسی پیرۆزو ئیستاش ( کەنیسەی) ئیسرائیلی بریارێکی دەرکردوە کە دەبێت سێیەکی پەرلەمان بڕیار بدات ئینجا ئیسرائیل لە ناوچە داگیر کراوەکان پاشەکشە دەکاتو دوای ئەوەش مەسەلەکە دەخرێتە بەردەم راپرسی گشتی و ئەنجامەکەش دەبێتە بڕیار.

## خوای گەورە لەگەڵ ئەوانەدایە
## کە پارێزگارو چاکەکارن

**ئەڵقەی چوارەم:**

وەك هـ یواو گە شبینیەك لە گەڵ (عـ باد ا لرحمن)دا ژ یاین بەو هیوا یەی خوای گەورە هەمومان بکا تە (عـ باد ا لرحمن) لە گەڵ خە سڵەتەکانیاندا یان هە ندێك لە سیفاتەکانیاندا ژیاین، هەروەها با سی هەڵبژاردنی ئەم وو شەیەمان کرد لە سورەتی (الفر قان) دا، خوای گەورە ئەو سیفاتو خە سڵەتانەی هەروەها ئەو ئاکا مە گەورا نەی کە بەرەو بەهە شتو شوێنە دڵگیرەکانی و فیردەوسی باڵای لێ دەکەوێ تەوە هیچ وو شەیەکی تری جگە لە مە هەڵنە بژاردوە بەڵکو ئەو وو شە جوا نەی بەکارهێناوە ئەویش(عباد ا لرحمن) ە هۆکارەکانیمان ڕوون کردەوە و باسی ئەو پەیوەست بونەی نێوانیان ئەم ئایەتە یاخود ئەم ووشەیەمان کرد لەگەڵ ئایەتەکانی پێشتردا، ئەمڕۆیش بەویستی خوا بە شێکی تر لەوەی کە دەتوانین تێی بگەین یاخود لەم ئایەتانەی کەلێی هەڵدەیەنجین باسەکە تەواو دە کەین، کە هەمیـ شە داوا مان لێ دە کات لـ ێی وردبیـ نەوەو بەدڵو گـ یانو هە ستو ڕەفتارما نەوە لەگەڵیدا بژین.

خوای باڵادەست دەربارەی خەسڵەتەکانی ئەوانەی کەشایـ ستەی بەهە شتن بە فەزڵی خۆی پا شان زۆر بەووردی ئەو خە سڵەتانە باس دە کات، بۆ چی؟ هەتا خۆ مان لە بەردەم ئەو خەسڵەتانەدا ببینینەوە داخۆ هەڵگری ئەم خەسڵەتانەین یان نا.

ئەوەتا خوای گەورە دە فەرموێت: ﴿**وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَـلَى ا لْـأَرْضِ هَوْ نًـا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَـالُوا سَلَامًا**﴾ ( 63 ) **سورة الفرقـان**، باسی پەیوە ندی نـ ێوان ئەم ئایە تەو ئەو ئایە تەی ڕا ستەوخۆی پێش خۆی دە کەین لە گەڵ ئەو دوو ئایە تەی یان ئەو سێ

ئایەتەی کە ڕاستەوخۆ دوای ئەم ئایەتە دێن، کاتێك قورئانی پیرۆز پێش ئەوەی ئەم دوو ئایەتە باس بکات فەرمویەتی: **﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اسْجُدُوا لِلرَّحْمَنِ قَالُوا وَمَا الرَّحْمَنُ أَنَسْجُدُ لِـ ـمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا﴾ ( 60 ) سورة الفرقان.**

باسی ئەوەمان کرد کەهەڵبژاردنی دەستەواژەی (ا لرحمن) لەجیاتی زاراوەی (ا لرحیم) لەبەر دوومەبەستی سەرەکیە:

مەبەستی یەکەم ئەوەیە کەلەسەردەمی نەفام یدا زاراوەی (ا لرحمن) ز یاتر بلاّو بوە وەك لە (الرحیم) بۆیە خوای گەورە ئەم ووشەیەی بۆ جیاکردنەوە هەڵبژارد، لەو سەردەمە بۆ ئەوەی مسوڵمانان خاوەنی زاراوەو دەستەواژەی تایبەت بەخۆیان بن مادامەکی بکرێت،.

مەبە ستی دووەم ئەوە یە کەزاراوەی (ا لرحیم) ڕەوانب ێژ تره لەزاراوەی (ا لرحمن) لەبەرئەوەی زیادەی بونـیاد بەڵگە یە لە سەر ز یادەی ما نا زاراوەی (ا لرحیم) چوار پیـتە، بەلاّم (ا لرحمن) پ ێنج پیـتە ئە مەیش بەڵگە یە لە سەر ئەوەی کات ێك (ا لرحمن) بۆ خوا دەگەڕێتەوە ئەوا مانای وایە (الرحمن) زۆر بەڕەحمترە لەهەر بەڕەحمێکی تر، کام ڕە حم دەتوانێت شانبەشانی رەحمانیەتی خوای بەڕەحم بێت، باسێکی تر سەبارەت بە پەیوە ست بونەکەیە، ئەوەیە کاتێك خوای گەورە فەرمانی کرد (بەهاوەڵدانەران) کرد سوجدە بەرن، ئەوانیش ڕەتیان کردەوە، خوای گەورە روونی کردەوە کە سوجدە بردن سەرەتای رێگاکە یە نەك کۆتاییەکەی، بەڵکو بەندا یەتی کردن تەنها بە سوجدە بردن نایە تەدی بەڵکو بەم خەسڵەتانە دێتەدی کەژمارەیان دەگاتە 17خەسڵەت یان 17 تایبەتمەندی، لێرەوە وەلاّ می ئەم موشریکانە دەداتەوە و دەفەرمویێت: سوجدە بردنتان سەرەتای ڕێگاکەیەو نو ێژکردنو ملکەچ بون بۆ خوای گەورە بنەمایەکە، بەلاّم دەبێت بەدوای ئەم بونـیادەدا ڕەفـتارو کردار ب ێت، ئە مەیش پەیوە ست بونێکی تری ن ێوان ئەم ئایە تەو ئەو ئایە تەی تره کەدەفەرمویێت: **﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اسْجُدُوا لِلرَّحْمَنِ قَالُوا وَمَا الرَّحْمَنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَ هُمْ نُفُورًا﴾ ( 60 ) سورة الفرقان.**

یەکێکی تر لەپێکەوە گرێدا نەکان ئەوە یە ئەم ئایە تەو ئەو ئایە تەی تر کەڕا ستەوخۆ دوای ئەم ئایەتە دێ یان دوو ئایەتەکەی تر **﴿تَبَارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّمَاءِ بُرُوجاً وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجاً وَقَمَراً مُّنِيراً﴾الفرقان**61

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُوراً﴾الفرقان62 ، خۆشەویستان پێكەوە بەستنی نێوان ئەم ئایەتە پیرۆزەو ئەو ئایەتەی پێشو لەدولایەنەوە، لایەنی یەكەم ئەوەیە شوێنگەی بەندا یەتی كردن لەدوای شوێنگەی( الوهیەت ) د ێت، ئێمە یەكتاپەر ستیو باوەڕبو نمان هە یە بە الوهـ یەتی خوا یەتی خوا مان هەیە لەگەڵ تاكو تەنهایدا، هەر ئەوە كە دروستكارو بەدیهێنەری هەمو شتێكە، پاشان لەم باوەڕبونەوە بەخوای بالادە ست بەندا یەتی كردن بۆ خوای بالادە ست دە ست پێ دە كات، كەواتە ڕیزبەندیەكی زۆر جوان هەیە لەنێوان (الوهیەت) یان یەكتاپەر ستی (الوهـ یەت)و پاشان دڵسۆزی بونی بەندایەتی كردن بۆ خوای گەورە.

شتێكی تر دەربارەی ئەم پێكەوە بەستنە ئەوەیە كەبەندایەتی كردنی ڕاستەقینە هەرگیز فەراهەم نایەت مەگەر بەبونی قەناعەتێكی تەواو لەمیانەی باوەڕێكی چە سپاو، لەمیا نەی دڵنیایەكی یەكلاكەرەوە، ئەم باوەڕە بەوە دێتەدی كاتێك ئادەمیزاد سەیری گەردون دە كات بە مەش لەمیا نەی ئارەزووەوە بەرەو باوەڕبون بەخوات دە بات، ئەو كا تەی كە باوەڕت بەخوای تاكو تەنها دەبێت ئیتر ئەو باوەڕەت داوات لێ دە كات كە ئەو زا تە بپەر ستی كە درو ستی كردو یتو بە بەندا یەتی كرد نت سوپا سگوزاری ئەو زا تە ب یت كە تۆو ئەم گەردونەی فەراهەم هێناوە.

خۆشەوی ستان زۆری نەی خەڵكی باوەڕ یان بەخوا هە یە، لەبەر ئەوە ئە گەر پر سیارت لەموشركین بكردایە سەبارەت بەدروستكردنی ئاسما نەكانو زەوی دە یان وت خوا یە، هەتا ئێستایش هیچ جیاوازیەك نیە لەم بارەیەوە، تەنانەت ئەو كەسانەی كەباوەڕیان بەسروشت هەیە ئەم جۆرە باوەڕەیان هەیە كە خوایەك هەیە، كە ئەوانەی باوەڕیان بەوە نیە كە ئەم گەردونە خوایەكی هەیە ئەگەر چی لەچۆنیەتی ئەو خوایەدا جیاوازن، بۆیە لێرەدا خوای گەورە ئەوەمان بۆ روون دەكاتەوە كە ئەم باوەڕبونە بە بەدیهێ نەرو تاكو تەنها یە دەب ێت بەندایەتی كردنی بەشوێندا بێت.

كەواتە لێرەدا پێویست دەكات لەسەرمان نابێت ئێمەی باوەڕداران باوەڕە كەمان لا سایی كرد نەوە ب ێت، ناب ێت باوەڕە كەیان لا سایی كرد نەوەی باوباپیران یان ب ێت، بەڵكو باوەڕی چەسپاو بەووردبونەوە دێتەدی لەم گەردو نە بەرفراوا نە بێ كۆتا یە، ئەو گەردو نەی كە ئەگەر بەجوانی لێی وردبیتەوە ئەوا دەتگەیەنێتە بەدیهێنەرەكەی، لەم بارە یەوە چەندین

پەڕتوك هەیە لەوانە پەڕتوكێك هەیە بەناوی (خوا لەسەردەمی زانست دا دەدرەو شێتەوە) باسی دەیان بەڵكو سەدان زانای گەورە دەكات، ئەوانەی كە باوەڕیان بەخوا نەبوە، بەلاّم كاتێك لەزانستەكاندا قولّ بونەوە، ئەم لەگەردیلەدا ئەو لەفیزیادا ئەویان لەكیمیادا ئەو لەكشتوكالّدا ئەو لەزانستی خانەدا لەجیۆلۆجیادا، كاتێك گەیشتنە خالّەكان ژیری كۆلّ بو بەدەرك كردنیان، باوەڕی تەواو چەسپاویان لەبەرانبەر خوادا بۆ دروست بوو كەخوا بەدیهێنەرەو مرۆڤ ناكرێو ناتوانێت بگاتە ئەوەی تەنانەت گەردیلەیەك یان خانەیەكیش دروست بكات، لێرەدا ئەم باوەڕە باوەڕی رۆشنایيە لەمیانەی ئەو وردبونەوەیەدێت كەباسمان كرد، ئەمەیش ئەو باوەڕەیە كە چاو لێكەری نیە.

پاشان دەچینەوە ناو هەمان ئایەتی پیرۆز (**وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا**). سەرەتا خوای گەورە ووشەی (**الذين**) ەی بەكارهێناوە، دەمەوێت بلّێم هەرچەندە ئەمە لەوانەیە بەجۆرێك لەجۆرەكان شتێكی پسپۆڕی بێت، بەلاّم هەولّ دەدەم بۆ ئێوە روون بكەمەوە هەتا لە پرۆگرامی ووردبونەوەو بیركردنەوە تێبگەین.

كاتێك لەگەلّ قورئاندا دەژیو دەگەیتە راستی بێ خەوش بەوەی كەپیتێك نیە لە قورئاندا كە دانرابێت لەو شوێنەی خۆیدا، بەدلّنیایەوە مانا و مەبەستو بەلّگەی خۆی هەیە خاوەن موعجیزەیە بە شێوەیەكی زۆر وورد وەك خوای گەورە بۆ مانی روون كردۆتەوە ئەم گەردونەی فەرا هەم هێناوەو ئەژماردی كردوە هەرجۆرە نارێكیەكی تیا رووبدات وەك چۆن مرۆڤیش وایە، ئەوا دەبێتە مایەی تێكچونی شیرازەی ئەم گەردونە قورئانی پیرۆز یش وایە، لەبەر ئەوەی لای خواوەیە گەردون دروستكراوێكی خوایەو قورئانیش لای خواوە دابەزێنراوە بۆ ئێمەی مرۆڤ كەواتە قورئان وەك پەڕتوكێكی خوایی سەیركراوە گەردونیش دروستكراوێكی بینراوی خوای پەروەردگارە ، گەردون بەرەو باوەڕبون بەخوا دەتبات و قورئانیش فێرت دەكات چۆن خواپەرستی بكەیت، پێكەوە گرێدانی نێوان گەردون كە پەڕوتكێكی بینراوە و نێوان قورئان كە پەڕتوكێكی خوێنراوە، ئەمەیە فێرت دەكات خواپەرستی بكەیت كەواتە وەسفی (**الذين**) لێرەدا هەر لەخۆوە نەهاتوە، هەروەكو لەجاری پێشودا باسم كرد ئەم وشانە هەموویان بەسیفەتی كۆ و تراون، ئەویش لەبەر گرنگی كۆمەلّو گرنگی كۆمەلّگایەو لەگەلّ ئەوەیشدا بەرپرسیارەتی دوو بەرپرسیاریەتیە، بەرپرسیاریەتی تاكو بەرپرسیاریەتی كۆمەلّ دەبێت تاك وابەستە بێت

بەكۆمەڵەوە، دەبێت كۆمەڵ پێك بێنێتو نابێت لەنێو كۆمەڵدا بە تەنهایی بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی كۆمەڵگە كاری تێ دەكاتو خۆیشی كاردەكاتە سەر كۆمەڵگە، بەخێرەوە كاری تێ دەكرێتو كار دەكاتە سەر خێر )و ( **عباد الرحمن الذی**... ) ئەگەر بكرێت بڵێیت (عباد الرحمن) تاكو نەچێتە بازنەی (**اياك اعبد وا ياك ا ستعين**) بەڵكو (ا **ياك نع بد وا ياك نستعين** )، بەكۆمەڵگە، كەواتە وەك لەجاری پێشودا ووتم بەرپرسیاریەتێكی كۆمەڵی هەیە ( لێرەدا وشەی (**الذين**) هەڵبژێردراوە هەروەك زانایانی زمان دەڵێن لە(اسماء ی مو صولەیە ، دیارە اسمای موصولە اسماء موصولە بۆ معروفە، ئەمە مانای چیە؟

ئەمە واتە ئەم جۆرە بەندانە ناسراون، كە سانێكی ناوازەن بەرەفتارەكانیا نەوە ناوازەن بەرەوشتەكانیانەوە ناسراون بەهەموو شتێكی جیاوازەوە ناوازەن، بۆ نمونە من كاتێك كە لەهە ندەران دەبم دە چمە چێ شتخانەیەكەوە لەرێی جۆری خواردنەكەیا نەوە دەزانم مسوڵمانن یان نا، لەرێی خواردنیان بەدەستی راست بە (بسم الله) كردنیا نەوە سوپا سی خوا دەكەن، یان لەرێی شێوازی رۆیشتنەكەیەوە لەرێی هەموو شتێكیانەوە كەوا تە لێرەدا ووشەی (**الذين** ) بۆ ناسراوە بۆیە دەبێت مسوڵمان بەم شێوەیە بێت، دەبێت بەخێرەوە نا سراو بێت وەك پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾دە فەرموێت: (وەك نیشانەیەكی سپی بن بە سەر مانگایەكی رەشەوە، سەیركەن چەند جوان دەبێت) بۆیە دەبێت مسوڵمانیش لەرەفتارو رەو شتیەوە بەم جۆرە بێت، نابێت مسوڵمان بەو شێوەیە بێت وەك ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾كەدەفەرموێت: "نابێت مسوڵمان خاوەن كەسایەتیەكی لاواز بێتو لەنێو خەڵكیدا بتوێتەوە"نەكەی خاوەن كەسایەتیەكی لاواز بی ئەگەر خەڵكی خراپ بون تۆیش خراپ بیت، یان چاك بن تۆیش چاك، بەڵكو كە خەڵكی چاك بون ئێوەیش چاك بن‌و چاكەكانتان زیاتر بێت، ئەگەر خەڵكیش خراپ بون دەستیان بگرە مەهێڵە خراپكار بن، یان لانی كەم شوێنیان مەكەوە.

لێرەدا ئەم تاك بو نە ئاماژەیە كە بۆ روناكیە دەرەكیەكان ئاماژەیە بۆ كارەكتەرە دەرەكیەكان، ئاماژەیە بۆ ئەو ژینگە دەرەكیەی ئەم مرۆڤە، هە ندێ كەس لەلایەنی بە شەیتانی كرد نی شەیتانەوە واگو مان دە بەن كە خۆدەرخستنیان بەدیمەنی ئیسلام بونیا نەوە دەیانخا تە رپاكار یەوە ئە مە ریاز یە، كە سێكی وابەستە بەئایینەكە تەوە با دە ستەكانت وابەستەبن بەخواوە، بەڵكو بێجگە لەوە هەرگیز ریا كاری و دوورو یی

لەڕوخساردا نیە بەڵکو (**وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا** ).، **يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا**: واتە بەسەر زەوی دا بەعیززەت و لەگەڵ ئەوەیشدا بەخۆبەکەم زانیەوە بڕۆن، ئەم دوو وشەیەمان لەکوێوە هێنا؟ خۆشەویستان لەووشەی ( **يمشون على الارض** ) ی دا لەزمانی عەرەبی دا (علی ) بۆ تەمکینە واتە ئەوانە لەسەر زەوی دا بەدە سەلاّتن جێنشینن لە سەر زەوی دا بەزانست و بەسامانو بەڕۆشنبیریو بەشارستانیان هەر بەسادەیی بە سەر زەو یدا ناڕۆن، بەڵکو بەعیزەت و سەربەرزیەوە بەسەر زەویدا دەڕۆن، لەگەڵ ئەمانە شدا بەئارامی و هێوریەوە دەڕۆن بەسەریدا خۆ بەکەم زان لەگەڵ ئەوە شدا خۆبە کەم زا نن لە سەر خۆو نەرمونیانو خۆ بە گەورەزانو ستەمکار نین لە هەمان کا تدا خۆ یان نا شکێننەوە بەسەرشۆڕیەوە ناڕۆن بەڕێگادا بەجۆرێك نزمی بنوێنێ، لە هەموو شتێکدا مـ یانڕەون وەك قورئان لەئایەتێکی تردا باسی دەکات، کەوا تە (**يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا** ) وا تە بەعیزەت و سەرفرازو بەتواناوە بەسەر زەویدا دەڕۆن، هەر ئەمەیـشە کە ئێمە بۆ ئەم ئوممە تەمان دەوێت، ئەگەر ئوممەتی ئیسلامی هێزیان هەیە بەشانازی کردنەوە دەڕۆن بەسەر زەویدا.

لەبەرئەوە مسوڵمان نایەوێت بەسەر زەویدا ستەمکاری بـنوێنێ، تەنا نەت لەمە سەلەی ڕزگارکاریەکانی ئیسلام دا بۆ ئەو داگیر کاری نەبو، بەڵکو بۆ گەیا ندنی خـێر بوو، نەیان دەویست مرۆڤەکان سەر شۆڕ بـکەن، چونکە مرۆڤ لەئیـسلامدا ڕ ێز لێگیراوە، لەبەر ئەوە خەڵکی لە هەموو دەروازەکا نەوە هات نە نـ ێو ئـی سلامەوە، لەبەر ئەوە خوای جیهان یان لەوەسفی هاوەڵانی پێغەمـبەری خوا (ﷺ) هەمو ئەوا نەی کە لە گەڵ پێغەمـبەر دا بون لەخزمان و هاوەڵانی تر، خوای گەورە بەوە وەسفی کردون کە دە فەرموێت: **مُحَمَّدٌ رَّ سُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ الفتح29**، **أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ**: واتە لەکاتی جەنگدا نەك لەو کا تەی کە لە گەڵمان دەژ ین، ئەو کا تەی لەوڵاتما ندا دەژ ین لەئە ستۆی خوای گەورەو پێغەمبەرەکە یدان (ﷺ) ئەوەتا ئەو نازدارە دە فەرموێت:" ئەوەی ئازاری نامسوڵمانێك بدات ئەوا بۆنی بەهەشت ناکاتو چاوی پێ نا کەوێت" لەکاتێکدا بۆنی ئەو بەهەشتە ڕێگای چل ساڵ دەڕوات، وەك ئەوەی کە لەعێرا قدا ڕوودەدات بەتەقاند نەوەی کەنیـ سەی مە سیحیەکان، هەروەها تەقاند نەوەی ئۆ تۆمبێلی بۆ مب ڕ ێژکراو لەناو چە مە سیحی نـشینەکاندا، ئەما نە پێـچەوانەی شەرعی خوا یە پێـچەوانەی (عـباد ا لرحمن) ە ئەوانە لەکاتی جەنگ لەگەڵیاندا زۆر توند دەبین، بەڵام لەکاتی ئاشتی دا بە بەزەین، بەڵام

لەنێوانما ندا ئەوا بەردەوام بەڕەحمو میهرە بان دە بین لەنێو یە کداو لەنێو سەرجەم مـسولمانانـدا، بە هەموو مەز هەبو تیرەو تایەفەیەکما نەوە، پێ چەوانەی هۆنراوەی ئەو شاعیرە نابین کە دەڵێت:" بە سەر ئێمەوە شێرە بەلام لەکاتی جەنگدا کوێرە، لەنێو مـسولمانانـدا توندوتیژو بەعیزەتن بەلام لە بەردەم بێ باوەڕا ندا ملکەچ و سەر شۆڕن" نەخێر شتی وانابێت، بەڵکو مسولمان دەبێت هەرکەسێك کە دەکەوێتە باز نەی ئیسلامەوە دەبێت لەبەرانبەری میهرە بان و بە بەزەیی بێت ، بەلام لەکاتی جەنگدا بەهێزو تو ندو تیژە، چونکە جەنگ واپێویست دە کات ، هەموو ئەم مانایا نە لەم دوو شەیەدا کۆدەبنەوە (**يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا** ) کەواتە وەسفەکەیان لەمە پێك دێت، نە کەسانێکی خۆبەزل زان و نەشانازی دەکەن بەخۆیانو نەستەمکارن ..... **وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحاً إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ لقمان**18 لەئایەتێکی تردا خوای گەورە دە فەرموێت: **وَلاَ تَمْشِ فِي الأَرْضِ مَرَحاً إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ الأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولاً الإسراء**37

تۆچیت و چیت کردوە وەك یەکێ لەزانایانی پێشین فەرمویەتی: کاتێك خۆ بەزل زانێك دەبینێ پێی دەڵێت تۆ لەنێوان دوو با سی مەتر سیداردایت، لەنێوان تۆ یەك دا یت کە هەموومان دەزانین، پاشان لاشەیەکی بۆگەن کردودا، ئەو کا تەی کە مرۆڤ دەخرێتە نێو گۆڕەوە چۆن بۆگەن دەکات مەگەر کەسێك نەبێت کە خوای گەورە ڕە حمی پێ کردبێت و گۆڕەکەی بۆ بکات بە بەهەشتێك ئیتر بۆچی تۆ لەنێوان ئەم دوو باسە مەترسیدارەدا خۆت بەزل دەزانی، نابێت مرۆڤ سەر شۆڕبێت، هەرگیز نابێت سەر شۆڕیش قبولّ بکات، مرۆڤ سەرشۆڕی قبولّ نا کات، لەبەر ئەوەی مردن بەدەست خوا یە ڕۆزی بەدەستی خوا یە وەك شاعیر دەڵێت "ئەگەر تەماع روی تێکردی ئەوا قەنا عەت بۆ تۆ با شترە"بابەس بێ بۆ تۆ قەناعەت کردن عیزەت و شانازی، کەواتە وەك ئەو پیاوەبە کە قاچی لەزەوی دایە هیمەت و ئیرادەیشی لەئاسماندایە ئەگەر مرۆڤ سەرشۆڕی قبولّ کرد ئیتر هیچ نرخێکی نامێنێت بۆچی سەرشۆڕی قبولّ بکەیت، بەلام ئە گەر تۆ دە توانی وەك چۆن سەر شۆڕی بۆ خۆت قبولّ ناکەیت کەواتە نابێت بۆ غەیری خۆیشت قبولّی کەیت، (**يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا**) بەهێوری و بەرێزو بەخۆ کەم زانیەوە بەسەر زەوی دا دەڕۆن، ئازاری کەس نادەن.

لێرەوە ئامۆژگاری گەنجانمان دەکەم، ئامۆژگاری پەروەرشیاری گەنجان دەکەم ئەوا نەی کە ئازاری خەڵکی دەدەن بەئۆتۆمبیلەکانیان ئەوانەی کە لە شوێنانێکدا دە جولێن کە دەنگی

زۆر ناخۆش دەردەکەن، ئەم خەسڵەتانە ناتخەنە نێو بازنەی خەسڵەتەکانی (عباد الرحمن) ەوە، ئەگەر من بتوانم بەدوای سەیارەکەمدا ڕاتبکێشم هەتا دەنگی ناخۆش دەر نەکات ئەمەیە کە مرۆڤ داوای دەکات کەواتە ئەوانە دەبێت چۆن بن کە لەسەر شەقامەکان ئازاری خەڵکی دەدەن ئازاری خۆ یان دەدەن، ئەوا نە دەبێت لەخوا بترسن نا چنە نێو (عبادالرحمن) ەوە من نالێم خوانەخواستە لەبازنەی ئیسلام دەردەچن، نەخێر بەڵکو ناچنە ڕیزی (عباد الرحمن ) ەوە ئەوانە کە شایستەی شوێنگەکانی قورئانن ئەوانەی کە شایستەی فیردەوسی باڵان ئەویش بەفەزڵی خوای گەورەو میهرەبانەوە.

بەم جۆرە خەسڵەتانەوە ئاینی ئیسلام پەروەردەی مرۆڤەکان دەکات و لەسەر بنەمای ڕۆیشتنی نەرم بنیاتیان دەنێت، زانا یانی دەروناس دەڵێن ئەم دیاردەیە پەیوەندی بەدەرەوە هەیە، کەواتە روکەشی مرۆڤ لەقسەکردن و لەجوڵەو تەنانەت لەئاماژەکانەوە هەموویان پەیوەندیان بەناختەوە هەیە، ئەگەر دەرەوەت تەندروست بو ئەوا بەڵگەیە لەسەر دروستی ناوەوەت، ئەوا ناوەوەت هاوسەنگە ئەوا تۆ پیاوێکی هاوسەنگی.

ئەوەی کەمایەی سەر سوڕمانە لای زۆر کەس خوای گەورە لەخەسڵەتەکانی (عبادالرحمن) دا بەزۆر نوێژ کردنی دەستی پێ نەکردوە، نە بەزۆر بەڕۆژو بون لەکاتێکدا هەردوکیان لەبنەماکانی ئیسلامن بەتایبەتی نوێژ، بۆیە لەئیسلامدا ئەمە ئەو پەیامەیە کە هەوڵ دەدەم زیاتر جەختی لەسەر بکەمەوە، هەر لە بنەڕەتیشدا ئیسلامیش ئەم جەخت لەسەرکردنەوەیە دەکاتو منیش ئەم جەختە دەکەمەوە ئەویش بنەمای کارەکەیە، لەبەرئەوە ئێمە لەنوێژەکانماندا کاتێك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**اهدِنَــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ**﴾**الفاتحة** 6 ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت ئەوەیە خوای گەورە وەسفی خەسڵەتەکانی ئەم ئایەتەمان بۆ بکات وەك شوێنکەوتنی سوننەتو قورئانی پیرۆز، ﴿**صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ**﴾**الفاتحة** 7 ، ﴿**اهدِنَــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ**﴾**الفاتحة** 6 ئەو ڕێگەیەیە کە پیاوچاکانو پێغەمبەران شوێنی کەوتون، مرۆڤێکی صالح، مرۆڤێکی بەسود، مرۆڤێکی بەکاریگەر ئەمەیە ڕێگەی ئیسلام.

لێرەدا هەمان شتە، بە کردارەکان دەست پێ دەکات وا چاوەڕوان دەکرا کە بەباسێکی تر دەست پێ بکات، بەڵام لەم لایەنەوە دەست پێ دەکات لەبەرئەوەی بنەڕەتەکە ئەوەیە ئەوە ئاکامەکەیە ئەمە ئەو ئاکامەیە کە لەباوەڕەکەتدا دەردەکەوێت، ئەو باوەڕەی کە لەناخت

دایه، چی سودێك لە باوەڕەکە تدا دەبێت، ئەگەر ڕەفتارەکانت هاوشان نەبێت لەگەڵیدا، باوەڕەکەت کە لەنێوان خۆت و خواکەت دایە، لێرەوە خوای گەورە ئەو ڕەفتارانە روون دەکاتەوە لەلایەنی کردەیدا بەو شێوەیەیە لەلایەنی گوفتاریدا، خوای گەورە شتێك لە لوتکەدا رون دەکاتەو.

خۆشەویستان مرۆڤ لەزارەکی دا لەسەر سێ حاڵدایە یان لەسەردوو باردایە، حاڵەتی یەکەم خوانەخواستە ئەوەیە مرۆڤ ئەگەر روو بەڕوی شتێکی خراپ بۆوە، بەشتێکی هەمان خراپ رو بەڕوی بێتەوە، حاڵەتی دووەم (مسوڵمان ڕو بەڕوی بێتەوە) ، ئەگەر خوانەخواستە کەسێك قسەیەکی خراپی کرد یان ڕوو بەروو جنێوی ناشرینی پێ دایت، لەکاتێکدا تۆ لەحاڵەتی سەر شۆڕیدا نیت کەواتە تۆ ئێستا (عبادالرحمن) یت کامەیە مواصەفاتی (عبادالرحمن).

لێرەدا زاراوەی (جاهل) لەقورئانی پیرۆزدا واتە دەم پیس، ئەو کەسەی جنێو فرۆشە، لەم ئایەتەدا مەبەستی لەو کەسە نیە کە ناخوێنێتەوەو نانوسێ، چونکە وشەی جاهل چەند مانایەکی هەیە لێرەدا مەبەستی لەو کەسەیە کە زمانیان بەخراپ بەکاردێنن ...... **وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ** .... **الفرقان**63، لەم ( ووشەی جاهلون ) ەدا شاعر دەڵێت: کەس قسەمان پێ ناڵێت واتە کەس هەڵەمان بەرانبەر ناکات ئێمەیش لەبەرانبەر ئەوانەی جنێومان پێ دەدەن جنێو دەرین ( جاهیلەکان ئاوایان بەیەك دەوت، ئەگەر ئەو جنێوی بەمن دا ئەوا من جنێو بەخۆی و بەباوکی و باپیریشی دەدەم) جاهیلەکان ئاوابون، لەو سەردەمەدا کە جاهیلەکانی تیابون هەروەها نەریتەکانی عەرەبیش لەوانەیە نەریتی گەلانی تریش هەروا بوبێت لە غەیری عەرەب کەواتە خوای گەورە دەفەرموێت (عبادالرحمن) لەوانە نین جیاوازترن...... **وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَاماً** **الفرقان**63جنێویان پێدان و قسەیان پێوتن) ئەمان ئەڵێن (سلاما ) ( سلام عليكم) وەك وتراوە، بە بەردەم ئەو کەسەدا تێدەپەڕم کە جنێوم پێ دەدات دەڕۆم بەلای داو ئەڵێم بەلامەوە گرنگ نیە هیچ نەبوە، مەبەستی من نیە لەوانەیە بڵێ عەلی قەرەداغی) بەڵێ قەرەداغی وایە هیچ نیە بەلامەوە بەلایا تێپەڕیم ووتم مەبەستی لەمن نیە.

بەم شێوەیە باسی سیفەتەکانی (عباد الرحمن) دەکات پێناسەیەکی زۆر وردە، بەڵام زۆر قورسە، پاداشتەکەی زۆر گەورەیە **أُوْلَئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً**

**وَسَلَاماً الفر قان**75، ئه مه پادا شتی گەورەی دوارۆژو دونیاشما نه بۆ یه خوا ی گەوره شایستەی ئەوەیه دانبگرین بەخۆماندا بۆی، هەتا ببی‌نه هەلگری ئەم وه سفانه لەخوای گەوره داوا کارم به فەزڵ و م نەتباری خۆی بمانخا ته ڕ یزی (ع باد ا لرحمن) ەوە سەرکەوتومان بکات هەتا بتواینن ئەو وەسفانه لەخۆماندا بەدی بێنین.

## گەورەترین پاداشتی تەوبە کردن بەهەشتە

**ئەڵقەی پێنجەم:**

ئێمه هەمووەمان هیواو ئاواتمان ئەوەیه که بچینه ناو کاروانی ع بادالرحمن لەم دنیا یەداو لەدواڕۆژیشدا بەنەمری لەبەهەشتی بەریندا ژیان بەسەربەرین. لەبەرئەوە مافی خۆمانه که لەگەڵ ئەم سیفەتانەدا بژین و باسیان بکەین، بەڵکو پێویسته لەسەرمان که ئەو سیفەتانه لەخوێندا بەرجەسته بکەین‌و لەخوای گەورەش داوا دەکەین که بمانخاته ریزی ئەوانەی که ئەو سیفەته بەرزو بەرێزانەیان هەیه.

له را بردوودا با سی گرنگترین ئەو سیفەتانەی (ع بادالرحمن) مان کرد له سیفەتەکانی گوفتارو رەفتاره بەرزەکانی، ئەو ئەخلاقه بەرزو جوانانه، هەروەها چۆنیەتی ژ یان له گەڵ خوا و بەجێهێنانی عبودیەت بۆی، هەروەها خۆ رازاند نەوه بەدەربڕینی ملکه چی‌و نزاو پاڕانەوە، پاشان رۆیشتن لەسەر مەنهەجی میانڕەوی لەخەرجی و لەهەموو شتەکاندا. خوای گەوره وەسفی عبادالرحمان دە کات بەکۆ مەڵێك سیفاتو پا شان لەهە ندێك سیفاتی خراپ بەدوریان دەگر ێت، وەك دە فەرموێت: **وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْ عَلْ ذَ لِكَ يَ لْقَ أَثَا مًا** (68) **سورة الفر قان** ، هەروەها دەفەرمو ێت: **يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْ لُدْ فِ يهِ مُهَا نًا** (69) **سورة الفرقان**

ئایا ئەوانەی کەتوشی تاوانێك دە بن دە توانن بگەڕێ نەوە سەر را سته رێگەو جارێکی تر پەیوەندی بکەنەوە به عبادالرحمن؟ خوای گەوره ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوەو دە فەرموێت کەدەرگای تۆبەکردن بەبەردەوامی کراوەیه تەو بەش له سەر چەند مەرجێك بنـ یات نراوە لەوانەش پەشیمان بونەوەو نەگەڕانەوە بۆ تاوانەکە، بەڵام ئەما نه رێگه یەکی تر یان هە یه

لەم تۆبەکردنەدا ئەویش ئەوەیە کەخوای گەورە دە یان خا تە ژ ێر سێبەری سۆزو بەزەیی خۆی لەکاتێکدا کە تۆبەکردنەکەیان بە تەواوەتی بێت.

ئەو ئایەتا نەی کەباس لە (عـباد ا لرحمن) دە کەن، باس لەوە دە کەن کە نابـێت تاوان بەرامبەر بەپێنج زەروریاتەکە بکرێت، کە ئەوانیش مقا صیدی شەریعەتن کە بریتـیە لە پاراستنی مرۆڤ لەرووی ئاینو عەقڵو نەفسو نەوە و ماڵ. خوای گەورە لەو ئایە تەدا جەخت لەسەر پاراستنی سیان لەوانە کە نابێت هێرشیان بخرێتە سەرو دەبێت بپارێزرێتو ئەمەش لەدەقی ئایەتە کەدا هاتووە، ﴿**وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ا لنَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ**﴾( 68 ) **سورة الفر قان**، ئە مەش ما نای پارا ستنی ئاینە لە دە ست درێژی مانای پاراستنی مرۆڤ و مافەکانیەتی. ئەمە لەلایەك پارێزگاری لە هێرش کردنە بۆ سەر گ یانی مرۆڤ لەلا یەکی ترەوە ها ندان بۆ باش کر نی بارودۆخی مرۆڤ لەرووی تەندرو ستی وەك خواردنو خوارد نەوەو گرنگ یدان بەژینـگەو چارە سەری نەخۆ شی کە ئەمەش مانای پارستنی مرۆڤ و وەچەکانیەتی پاشان دە فەرموێت : (**وَ لَا يَزْ نُونَ**) لە ڕووە سلبیەکەیەوە داری حەد هەیە بۆ زینا لە روو یەکی ترەوە هاندا نە بۆ ژن هێنانو خـێزان درو ست کردن و پارا ستنی کەرا مەتو شەرەفی هاولاتـ یان، بەڵام دوو مەقا صیدەکەی تر ئایەتەکەی پێشو باسیان لەوە کردوە کە باس لە خەرجیەکی مام ناوەند دە کات ﴿**وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا**﴾ ( 67 ) **سورة الفرقان**.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەپاراستنی ماڵ و سامان لەسەر زەرورەتی چوارەمە، بەڵام مەسەلەی پاراستنی عەقڵ لەئەو ئایەتانە باسی دەکات لەرێگەی بیرکرنەوەوە باس دەکر ێت وەك دەفەرموێت: ﴿**وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا**﴾ ( 65 ) **سورة الفرقان**

ئەمەش ئەو پـێنج زەرورەن کە مرۆڤ و کۆ مەڵگا لە سەری بنـیات دەنر ێت، کە پێویـستە دەوڵەتیش پارێزگاری لێ بـکات پاش ئەوەی خوای گەورە باس لە پارا ستنی ئەو رەو شتە بەرزا نە دە کات، پا شان باس لە کۆ مەڵێك تاوان دە کات کە پێویـستە مـسوڵمان خۆی لێ بپارێزێت، ئەگەر بکەوێتە ناو ئەو تاوانەش رێگەی داناوە بۆ دەرباز بوون لێـیان ﴿**إِ لَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُوْلَـئِكَ يُ بَدِّلُ ا لـلَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَ سَنَاتٍ وَ كَانَ ا لـلَّهُ غَ فُورًا رَّحِيمًا**﴾( 70 ) **سورة الفرقان**

ئەم ئایەتە چەند مەرجێك دادەنێت بۆ وەرگرتنی تۆبە:

**مەرجی یەکەم:** پێویستە بگەڕێیتەوە بۆلای خوای گەورەو بە تەواوی دابڕێیت لەتاوان و سەرپێچیەکە (**إِلَّا مَن تَابَ**) لێرەدا قورئان کردارەکەی لە شێوەی رابردوودا بەکاردەهێنێت، ئەمەش مانای وایە کەتۆبەکە وەرگیراوە و جارێکی تر بیرناکاتەوە لە ئایندەدا بگەڕێتەوە بۆ ئەو تاوانە.

**مەرجی دووەم:** بڕوا بوون بەخوا، چونکە ئیمانەکە وات لێ دەکات رێگەت لێ بگرێت بۆ گەڕانەوە بۆ تاوانەکە، هەموو ئەو تاوانانەی کە توشیان دەبین دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئیمان، لەبەرئەوە باشترین رێگە لە ئەنجامدانی تاواندا بە هێز کردنی ئیمانە.

**مەرجی سێیەم:** (**وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا**) تەنها بوونی ئیمان بەس نی یە، بەڵکو پێویستە کردەوەی چاکی لەگەڵدا بکەیت، کردەوەی چاکیش دوو جۆرە، ئەگەر ئەو تاوانەی دەیکەیت تەنها بەرامبەر بەخوا بێت، ئەوە تەنها بە تۆبە و پەشیمان بونەوە خوای گەورە لێت خۆش دەبێت، بەڵام ئەگەر تاوانەکە بەرامبەر مافێکی خەڵك بوو وەك ستەمکاریەك یان ماڵ خواردنێك یان غەیبەت بوو، ئەوە پێویستە ئەو مافانە بگەڕێنیتەوە بۆ خاوەنەکانیان و گەردنی خۆتیان پێ ئازاد بکەیت، ئینجا داوای لێبوردن لە خوای گەورە بکەیت ﴿**إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ وَأَصْلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ**﴾ (160) **سورة البقرة**، لێرەدا (اصلحوا) مانای وایە دەبێت ئەوە پاك بکەیتەوە کەخراپت کردووە.

تۆبەکردن کارێکی ئاسان نیە، تۆبەکردن پاداشتەکەی گران بەها یە کە ئەویش بەهەشتە، ئیبن عەباس دەربارەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿**إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا**﴾ (70) **سورة الفرقان**. واتە خوای گەورە پشتیوانی لەو کەسانە دەکات کە تۆبە دەکات کاری چاکە بکەن لەبەرامبەر ئەو خراپانەی کە کردویانە، بەپێی راڤەی ئیبن عەباس خوای گەورە تەوفیقیان دەدات بۆ عیبادەت کردن، چونکە پشتیوانی خوا بۆ عیبادەت کردن ئاسان نیە کاتێك تاوانەکان دەگۆڕێت بۆ چاکە کەتۆ تۆبە بکەیتو پەشیمان ببیتەوە لەو تاوانەو پاشان ئیرادەی خێرت هەبێت بۆ کاری چاکە.

مسوڵمانانی بەرێز بەهەشت نرخەکەی گرانە، دەبێت هەمووما ن ئەو رێبازە راستە بگرین کە خوای گەورە بۆی دیاری کردوین، بەڵام لە لایەکی تریشەوە سۆزو بەزەیی خوای گەورە

فراوانه ﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ﴾ ( 53 ) سورة الزمر

ئەگەر توشی تاوانیش بوین نابێت بێ هیوا بین، چونکە دەرگای تۆبە بە بەردەوامی کراوەیە و خوای گەورە زۆر بەسۆزو بەزەییە بەرامبەرمان ئێمەش دەبێت کە گەڕاینەوە بە یەکجاریو باشو دڵپاکیو بڕیاری یەکجاری بێت.

## لە دوای هاوەڵدانان بۆخواو کوشتنی بەناهەق زینا کردن گەورەترین تاوانە

### ئەڵقەی شەشەم:

بەردەوامین لەراڤەکردنی ئەو ئایەتە قورئانیانەی کە باس لە (عبادالرحمن)و سیفەتاکانیان دەکات، باس لە سیفەتێکی تر دەکەین کە ئەویش گەڕانەوەیە لە حەرام، هەروەك لەپێشوودا باسمان کرد مرۆڤ فەرمانی پێکراوە بە کۆمەڵێك شت کە بیکاتو بەهەندێکی تر کە وازیان لێ بێنێت، هەروەها کۆمەڵێك شت واجبە بیکات وەکۆمەڵێکی تر حەرامەو نابێت ئەنجامیان بدات، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە لار نەبێتەوەو بەراستی بمێنێتەوە. ئەگەر بێتو سەیرێکی ئەو شتە حەرامانە بکەین کە خوای گەورە داوامان لێ دەکات کە لێی دوربکەوینەوە، هەمووی لە پێناو بەرژەوەندی مرۆڤدایە، خراپەکان دەچنە بازنەی شتە پیسو خراپو زیان بەخشەکان، هەموو شتە حەرامەکان لە ئەم بازنەیەدان.

لێرەوە ئەگەر سەیر بکەین دەتوانین بڵێین کە پەیامی ئیسلامی هەمووی لە پێناو بەرژەوەندی مرۆڤدایە، ئەو شتانەی کە خوای گەورە حەڵاڵی کردون هەمووی قازانجو سودی بۆ مرۆڤ تێدایەو شتی باشن، بەڵام ئەوانەی کە حەرام کراون هەمووی زیان بەخشە بۆمرۆڤ، هەندێك لەو زیانانە زانراو و ئاشکران، بەڵام هەندێکی تری مەرج نیە زانراو بێت، بۆ نموونە ئەو زیانانەی کە ئێستا دۆزراوەتەوە بەهۆی زیناوە توشی مرۆڤ دەبن ساڵانی پێشوو نەزانراو بوون کە دەبێتە هۆی جۆرەها نەخۆشی وەك ئایدزو زوهەریو چەندان نەخۆشی لەناوبەری تر، کە بەهۆی ئەم حەرامەوە توشی مرۆڤ دەبێت.

ئەمڕۆمان تایبەتە بەئەم کارە خراپە کە خوای گەورە حەرامی کردووە وەك دە فەرمویت:
﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَاماً﴾الفرقان68، لەم ئایە تەدا وو شەکە هاتووە بەبێ هیچ جیاکاری یەك (استثناء)و بەشێوەیەکی تەواو هاتووە، بەڵام لەکوشتندا چەند جیاکردنەوەیەك هاتووە، بۆ نموونە کوشتنی بە حەق بەهەموو جۆرەکانیەوە، بۆ نموونە کوشتن لە جیهاددا یان یەکێك بیەوێت بت کوژێت، چەندەها حاڵەتی تریش بەڵام کاتێك کە ئەم ئایەتە هاتو کۆتاییەکەی فەرمووی: (وَلَا يَزْنُونَ).

لە ئایەتە کەدا ئامرازی نەفی (لا) یە کە ئە مەش ڕێگە گرتـنە بە تەواوی کە ئەم کارە بکرێت، بەپێچەوانەی ئامرازی (لم) کە تەنها بۆ رابردووە. نەفی کردنە کە بە (لا) هەموو جۆرێك دەگرێتەوە وەك دەست لێدانو سەیرکردنو هەتا دەگا تە زینا گەورە کە، کە سانێك کە دەیانەوێت لە کاروانی (عباد الرحمن) بن پێویستە لە ئەم حەرا مە گەورە یە بەدوربن، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لە سەر هەموو ئا ستەکانی خێزانو پەروەردەو کۆمەڵگەو دامو دەزگا کانی دەو ڵەت کاربکر ێت بۆ ئەوەی بارودۆخێك درو ست بکر ێت کە ڕێگر بێت لە دروست بوونی ئەم تاوانەو بڵاوبونەوەی، بۆ نموونە وەك تێکەڵاوی و شتی تر.

سەرنجێك لە ئایەتەکە بدەین دەبینین کە مەتر سی زینا بە پلەی سێیەم دێت لە دوای هاوەڵ پەیداکردن بۆ خواو کوشتنی مرۆڤ بەناحەق. ئەم ریزبەندیە لە زۆربەی ئایە تەکانی قورئانو فەرمودەکانی پێغەمبەری خوادا هاتوە.

لە فەرمودەیەکدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ با سی لە حەوت شتە لە ناوبەرە کە دە کات یەکەمیان هاوەڵ دانانە بۆ خوا، پا شان کو شتنی مرۆڤێك پا شان زیناکردن. ئیبن مسعود دەڵێت:" پرسیارم لە پێغەمبەری خوا کرد ئا یا چ تاوانێك زۆرگەورە یە لای خوا ؟ ئەویش فەرموی هاوەڵ بۆ خوا پەیدابکەین کە بەدیهێنەری خۆیەتی، ئە مە تاوانێکی گەورە یە، پاشان وتم چیتر؟ ئەویش فەرموی منالەکەت بکوژیت لەتر سی ئەوەی خوارد نت لە گە ڵدا بخوات، وتم چیتر، فەرمووی: زینا لەگەڵ ئافرەتی دراوسێکەتاندا بکەیت" بوخاری ریوایەتی کردووە.

هەروەها لەترسناکترین جۆرەکانی زینا ئەوەیە کە پیاوێکی بەتەمەن بیکات.

لە ئەبوهورەیرەوە دەگێرنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی " سێ کەس لەرۆژی قیامە تدا خوا قسەیان لە گەڵ نا کاتو سەیریان نا کاتو پاکا نەیان بۆ نا کات و سزایەکی

سەختیان بۆ هەیە ئەوانیش: پیرێکی زیناکەر ، پاشایەکی درۆزن ، سەرۆك خێزانێکی خۆ بەگەورەزان " موسلیم ریوایەتی کردووە .

بەڕاستی زینا گەورەترین خراپەکاریە، پێویستە پلانێکی ڕاستو دروستی بۆ دابنێین وەك چۆن لەئیسلامدا هەموو شتێك بە پلانە بۆیە دەبێت پلان ڕێژی بکەین بۆ کوڕو کچەکانمان، وەك چۆن حەزرەتی لوقمان داینا لەڕێی بیرو باوەڕەوە لەڕێی باوەڕبون بەخوای گەورەوە لەڕێی پابەند بون بەخواوە لەڕێی پاپەند بونەوە بو پەرستشەکانەوە.

ئەی گرۆی گەنجان ئەوەی دەتوانێت خەرجیەکانی مسۆگەر بکات با هاوسەرگیری بکات ئەوەیش نەیتوانی با بەڕۆژو بێت لەبەرئەوەی بۆ چاوداخستن باشترە و پارێزگاری لە داوێن پیسی دەکات، کەوا تە پەرستش کردن هۆکارێکە رۆژو بەندایەتی کردن، خوێندنەوەی قورئان، تەڕی و پاراوی زمان بەیادی خوا.

هەروەها زۆر گرنگە بەبێ شەرم کردن مەترسیەکانی زینایان بۆ ڕوون بکەینەوە زۆر ئاساییە هەندێ لەو فیلمە زانستیانەیان پێ نیشان دەین کە باس لەو نەخۆشانە دەکەن کە دو چاری ئایدز بون، چونکە دێوەی بەڕێز دەزانن یەکەم کەس کە دو چاری ئایدز بوو جوانترین نمایشکاری سینەمایی هۆلێوّد بو کەچی ئێستا بۆتە ناشرینترین کەس.

ئێستا سەیر بکە کاتێ گەنج بوو چۆن خوای گەورە نازو نیعمەتی جوانی و هێزو توانای پێ بەخشی بوو، بەلاّم کاتێك خۆی خستە زەلکاوی ڕیسواییەوە چی بەسەر هات ئەمە زۆر گرنگە.

بۆیە دەبێت ئاماژە بە حەزرەتی لوقمان بکەین کاتێك ویستی ئامۆژگاری کوڕەکەی بکات بەوەی کە چۆن دەنگ بەرزکردنەوە لەکاتی خۆیدا نەبێ چەندە ناشرین و چەندە قێزەونە ووتی کوری خۆم ڕات لەسەر زەڕینی بەرزی گوێدرێژ چیە؟ ئەمە لەو کاتەدابو کە ویستی ئەدەبی هێواش قسەکردنی فێربکات، کاتێکیش ویستی ئەدەبی خۆبەکەم زانی بکات ڕۆیشت بۆلای پیاو ێك چارە سەری وو شترێکی نەخۆ شی دە کرد حەزرەتی لوقمان کە کوڕە منداڵەکەیشی پێ بوو، پێی ووت ئەی ئەو کەسەی کە چارەسەری وو شتر دەکەیت ئایا وشترێکت لایە کە دوچاری نەخۆشی سوعار بوبێت؟ (ئەم نەخۆشیە ئەو کەسانە دەیزانن کە پسپۆڕی نەخۆشیەکانی ووشترن ئەگەر ووشترەکە دوچاری ئەم جۆرە نەخۆشیە بوو ئەوا ملی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان و ماوەی ڕۆژێك یان دوڕۆژ هیچ شتێك ناخوات پاشان یەکسەر دەکەوێت) کابرا وتی بەڵێ لامەو هیچ شتێك ناخواتو ناخواتەوە، وتی من

ده مەوێت ئینجا دە ستی کوڕە کەی گر تو وو تی  ئەم وو شترە نەخۆ شەو  هیچ  ناخواتو ناخواتەوە  ئیتر چۆن تێر دەخوات سەیری ئاکامەکەی بکات سەعاتێك دوسەعات چاوەڕێیان کرد ووشترەکە کەوت"

مرۆڤی خۆ بە گەورە زانیش وەکو ئە مە وا یە کاتێك  خۆی بە گەورە دەزانێ  ئەوا  هەر دەکەوێت ئەگەر لەدنیا شدا نە کەوێت  ئەوا  لەڕۆژی دوا یدا لە بەر  چاوی  خەڵکی و   خوای گەورەدا دەکەوێت ، کەوا تە لەبەر چاوگرتنی مندا ڵەکانمان  لەڕووی زانستیەوە  کارێکی زۆر گرنگە، چونکە  ئەوان  سامانی  بەنرخی ئێمەن،  ئەوان جگەر گۆشەی ئێمەن،  ئەوانن  کە لەداهاتودا هەڵگری ناوی ئێمە دە بن  ئەوانن ولأت بەهۆیا نەوە  چاك دەبێت  ئەوان  ئەمڕۆ منداڵن یان گەنجن، بەلأم لەداهاتودا دەبنە سەرکردەو پێشەوای  ئەم ئوممە تە بۆ یە ئە گەر بەجوانی پەروەردەمان  کردن  ئەوا ولأتمان  بەرەو پێشکەوتن و  ئاوەدانی دە چێت،  ئە گەر پێچەوانەکەی بێت  ئەوا زیناو خرا پەکاری و  بەرتیل و  بەد رەو شتی لەنێوانیا ندا  بلأو دەبێتەوە ئەو کاتە ئوممەت هەموی دوچاری هەمان دەردو بەلأ دەبێت.

## پەروەردەی نەوەیەك
## لەسەر بنەمای بوێری و ئازادی

**ئەڵقەی حەوتەم:**

**سیفاتەکانی (عبادالرحمن) هەموو شتە باش‌و جوانەکانی ژیانی دنیا دەگرێتەوە، ئینجا ئەو سیفەتانە پەیوەندی بەکردارو رەوشتەوە هەبێت یان پەیوەندی بەو تەو گوفتارەوە هەبێت، یان پەیوەندی هەبێت بەعبادەتەکان و گرتنە بەری مەنهەجێکی مەیانڕەوی و دورکەوتنەوە لەقسەی نابەجێ و دورکەوتنەوە لە شایەتی درۆو چەندان تاوانی تر کە لەوتارەکانی پێشودا باسمان کرد.**

**بەردەوامین لەدرێژەدان بەو وتارانە باس لەدوو سیفەتی (عبادالرحمن) دەکەین کەئەوانیش:**

**(عبادالرحمن) دا براونین لە نەوەکانی را بردوو، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدان کەنەوە یەك دروست بکەن لەدوای خۆیان کە بڕواداربن بەخوای گەورەو درێژە بە کاروانی چاکەخوازی بدەن.**

**عبادالرحمن هەریەکەیان بەپێی توانای خۆی لە هەوڵی ئەوەدان نەوەیەکی خواپەرستی چاکەخواز بنیات بنێن، ئەویش لەرێگەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بەمنهەجێکی خواناسانە بۆ ئەوەی لەئایندەدا بەسیفاتەکانی (عبادالرحمن) برازێنرێتەوە.**

**(عبادالرحمن) تەنها بە پەروەردەکردنی خۆیان واز ناهێنن، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدان نەوەیەکی نوێ لەکوڕان و کچان پەروەردە بکەن بۆ ئەوەی ئەم منالانە ببنە بیلبیلەی چاویان وەك خوای گەورە دەفەرموێت﴿وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾ ( 74 ) سورة الفرقان.**

دوعا لەقورئاندا بەردەوام هاندەرێکە بۆ کردەوە، دوعا لەکرۆکیدا دوو رۆڵی سەرەکی هەیە:

یەکەمیان ئەوەیە خوای گەورە وەڵامی ئەو داوایانە دەداتەوە.

دووەمیان ئەوەیە کەدەبێت بەپێی ئەو دوعایە تۆ کردەوەی چاك بکەیت، بۆ نمونە کاتێك کەتۆ دەڵێیت خوایە لێم خۆشبە پێویستە لەسەرت کە ئەو کردەوانە ئەنجام بدەی کەدەبنە مایەیی لێ خۆشبونی خوا، بەم پێیەش دەبێت سەرەتا دوعاکە بەدڵێکی پاکەوە بکرێت کەتەنها مەبەست تیایدا خوا بێت، پاشان دەبێت بەوپەڕی ئیخلاس و دڵسۆزیەیی داوابکەین خوا نەوەیەکی چاكو چاکەخوازمان پێبدات بۆ ئەوەی ئەم منالانە لەخۆشەیستیدا ببەنە بیلبیلەی چاوی دایك و باوکیان و بۆ کۆمەڵگەکەیان ببنە سەر چاوەی خێروخۆشی، هەتا ئەم نەوە چاکەخوازەش پێ بگات پێویستە هەموو دایك و باوکێك کاربکات بۆ دروست کردنی ئەم نەوەیە.

سیفەتی دووەمی عبادالرحمن ئەوەیە کەرازی نابن بەکاری چاکی سادە، بەڵکو ئامانجەکانیان بەرزو گەورەیەو وەك دەڵێن ستراتیجیە، دەبێت هەریەکێکیان لەمانە رابەری خوانا سان بن، رابەرایەتی جیهان و توێژە هۆشیارەکانی کۆمەڵگە بکەن. نەك خەڵکە سادەکە.

ئەمەش سیفەتێکی عبادالرحمن بەوە نابێت بەو سادەییە سەیری بکەین(**وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا**). خوای گەورە نەیفەرموە بمانکە بە(أئمة) هەرچەند کرداری (واجعلنا) بۆ تۆیە، بەڵام بەپێی رای زانایانی زمانەوانی لەم ئایەتدا مانای وایە هەر تاکە تاکەیەکی (عباد الرحمن) پێویستە هەوڵ بدەن کە خۆیان رابەرو سەرکردە بن بۆ گەلەکانیان، ئەمەش جەخت کردنەوەیە بۆ ئەو وەسفەی باوەڕداران کە خوای گەورە بۆیان دەکات﴿**أُولَئِكَ يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَهُمْ لَهَا سَابِقُونَ**﴾( 61 ) سورة المؤمنون، ﴿**أُولَئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَامًا**﴾( 75 ) سورة الفرقان.

(غرفة) مانای بەهەشتە ئەمەش پاداشتی کردەوەکانی (عباد الرحمن) کە بەپێی سیفەتەکانیان لەوتارەکانی رابردوودا باسمان کردووە، کە12 سیفەتن خوای گەورە تەنها

به بەهەشت پاداشتیان ناداتەوە بەڵکو لەدوای ئەوە دەفەرمویت.....﴿وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَامًا﴾ (75) سورة الفرقان.

سەبارەت بە رووداوە کانی جیهانی ئیسلامی، ئەوەی روون و ئاشکرایە لای بەڕێزتان، بەهۆی نامولتەزیمی زۆر بەیی گەلانی ئیسلامی و بەتایبەتیش سەرکردەکان، کە پێویست بوو نمونەو پێشەنگ بن لەبواری داد پەروەری و چاکسازی و خۆشەویستی، بەلام بەهۆی ئەوەی کە نەیانتوانیوە ببنە پێشەنگ، لەجیاتی ئەوە رۆژانە لەشاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە خۆپیشاندان و ناڕەزای گەلانی مسوڵمان دەبینین و دەسەڵاتدارانیش لەجیاتی گوێ گرتن بۆیان دەست دەدەنە گرتن و کوشتن و ئەشکەنجەدانیان، ئەو توڕەبونەی ئێستا لەگەلانی ئیسلامی دەیبینین، ئەنجامی کاری رۆژێک و دوو رۆژ یان ساڵێک و دوو ساڵ نیە، بەڵکو لە ئەنجامی ستەم و چەوسانەوەیەکی درێژخایەنە بەهۆی نەبونی داد پەروەری و بلاوبونەوەی گەندەڵیەوە بوو لەناو دەسەڵاتداراندا.

ئەم دەسەڵاتدارانە ولاتەکانیان کردوە بەکێلگە یەکی تایبەت بەخۆیان و ماڵ و خێزانەکانیان و لەهەوڵی ئەوەشدان کە پشتاوپشت بیگوازنەوە بۆ نەوەکانیان، پاش ئەوەی زۆربەی ولاتانی ئیسلامی قۆناغی پاشایەتیان بەجێ هێشت وایان دەزانی دەچنە قۆناغێکی نوێوە کە کەمتر دەسەلاتیان بەسەردا دەسەپێندرێت و بەئاسانی دەسەلات ئالوگۆڕ دەکرێت، ئەم قۆناغە نوێیە قۆناغی کۆماری بوو کە بەهۆی لەناوبردنی پاشایەتیەوە بەدەستیان هێنا، بەلام لەئەنجامدا ئەم کۆماریانە بونەوە بەدیکتاتۆرێک کە زۆر لەرژێمی پاشایەتی خراپتر بوون، وە نەبێت گەلان ئاگادار نەبوبن بەو نیازانەی کە ئەو رژێمە ستەمکارانە هەیانبوو، بەلام ئەو گەلانە چاوەڕێیان کرد هەتا بزانن بەرەو کوێ دەچن. بەلام لەکۆتایدا گەل لێیان بێزار بوو رووی راستەقینەی ئەم نوخبە ستەمکارە گەندەڵە دەرکەوت گەنجانی ئەم ولاتانە لەژێر سایەی ئەم رژێمانەدا تووشی بێ هیوایی بوون و دەستیان دایە کۆچ کردن بەرەو رۆژئاواو هەزارانیان لەدەریاکاندا لێ خنکا.

پاش ئەوەی کە ئەم دەرگایانەشیان لێ داخرا دەستیان دایە خۆ سوتاندن، هەرچەندە لەرووی شەرعیەوە ئەمە کارێکی زۆر خراپ و ناپەسەندە، بەلام رەشبینی وای لێ کردن کە لەژیان بێزار بن، لەبەرئەوە شتێکی سروشتیە کە ئەم گەلانە راپەڕین و شۆرش بکەن.

**لێرەوە ئامۆژگاری دەسەڵاتداران دەکەم کە لەخوا بترسن و ڕێگە بەگەلەکانیان بدەن بەئازادی بژین و بەئازادی چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن، چونکە ئەگەر وانەکەن ئەوا بارەکە دەگۆڕێت بۆ ئاژاوە گێڕی و شەڕی ناوخۆ.**

**ئێمە زۆر نیگەرانین لەو ڕووداوانەی کە لەم دوایەدا لەمیسر روویدا، ئەگەر لەدەسەڵاتدارانی میسردا بچوکترین خۆشەویستی هەبێت بۆ گەلەکەیان بادەسەڵات بەجێی بهێڵن و بوار بدەن بە بەرامبەرەکانیان و ڕێگە بەگەل بدەن چارەنوسی خۆی دیاری بکات و نەهێڵن بارودۆخەکە زیاتر بەرەو گرژی و خراپی و کوشتار بڕوات، چونکە ئەمە بارودۆخی میسری زیاتر ئاڵۆز دەکات، ناوبانگ و قەبارەی میسر لەناو گەلانی ئیسلامی گەورەیە.**

**داوا لەخوای گەورە دەکەین کە ئەوا نەهۆشیان بە بەردا بێ تەوەو پەنانەبەنە بەر بەکارهێنانی هێزو توندو تیژی و گەلی ستەملێکراو بتوانن چارەنوسێکی باش بۆ خۆیان دیاری بکەن(*).**

(*)ئەم وتارە 28-1-2011 لەمزگەوتی خاتوو عائیشە، لەدەوحەی پایتەختی قەتەر بوە، کەسەرەتای شۆڕشی بەهاری عەرەبی بوو کەزۆربەی وڵاتە عەرەبیەکانی گرتبۆوە.

## ئەم ئوممەتە ئیسلامیە ئوممەتێکی نەمرە

خوای گەورە بەویستی خۆی ئەم ئوممەتەی بەنەمری هێشتۆتەوە و کردویەتیە سەرچاوەی خێرو سۆزو بەزەیی بۆ هەموو جیهان، ئەگەر ئەم ئوممەتە لە ماوەیەکی زەمەنی تایبەتیشدا توشی لاوزای و بێهێزی ببێت، بەلاّم نامرێت و زیندوو دەبێتەوە، چونکە ئەم ئوممەتە تاکە ئوممەتە کە خوای گەورە کردویەتیە خاوەنی پەیامێکی نەمر کە ئیسلام و قورئانی پیرۆزە. هەروەها خوای گەورە کردویەتی بە بەلێین بەسەر خۆیەوە، کە دەیپارێزێت و ناهێلێت لە ناو بچێت، ﴿**إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ**﴾ (9) **سورة الحجر**.

هەرچەندە دوژمنان هەولّ بدەن ئەم ئوممەتە بکوژن و لەناوی بەرن و لە رەوڕەوەی شارستانیەت دوری بخەنەوە، ناتوانن ئەو کارە بکەن، لەوانەیە بۆ زەمەنێکی دیاری کراو بتوانن توشی دواکەوتنی بکەن و بە کێشەی لاوەکیەوە سەرقالّی بکەن و ئەوەش ببێتە هۆی دواکەوتنی لەرووی زانستیی و ئابوریی و کۆمەلاّیەتی و سیاسی و بەم هۆکارەشەوە هەژاری و نەفامی و نەخۆشی لەناویاندا بلاّو بکاتەوە. هەروەك ئێستا لە رۆژهەلاّت و لەریزی ولاّتە ئیسلامیەکاندا هەیە، هەروەها رێژەی نەفامی و دواکەوتویی بەرزەو رۆژ بە رۆژیش لە زیادبوندایە لەنێوان ئەم دەولّەتانەدا.

پێش چەند رۆژێك لەمەوپێش ئێمە لەوپەڕی رۆژهەلاّتی ئەم ئوممەتە ئیسلامیە بوین کە ئەندەنوسیایە، پاشان چوینە ئەوپەڕی رۆژئاوای لە ئەفەریقیادا و چوینە سەنغال، کە ئەم ولاّتە سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی دەرامەتێکی ئابوریی گەورەیە لەسامانی ژێر زەویدا. بەلاّم دوژمنانی ئیسلام وایان کردووە کە بەدەست کۆمەلّێك گرفتی ئابورییەوە بنالّێنن و دیاردەی هەژاریش بەرێژەیەکی زۆر لەنێوانیاندا پەرە بسێنێت. ئەمە ئەو سیاسەتەیە کە دوژمنان دەیانەوێت بیسەپێنن بەسەر بەشێکی زۆر لەم ئوممەتەدا. زۆربەی ئەو

سیاسەتەیان لەم دووسەد ساڵەی کۆتایدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە بەرامبەردا سوپاس بۆ خوا رابونێکی ئیسلامی پاك و پیرۆز لە گەشەکردندایە کە زۆرینەی گەلانی مسوڵمانی گرتۆتەوە، دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەم رابونە هەرچەند توانیویەتی دڵەکان زیندوو بکاتەوەو هەستێکی نوێ بەم ئوممەتە ببەخشێ و بیگەڕێنێتەوە بۆ سەر شوناسە رەسەنەکەی خوی، بەڵام هەر ئەوە بەس نیە. چونکە ئێستا هەستمان کردووە کە چەند ناتەواویەکی تێدایە، دەبێت پێشکەوتن و گەشەپێدان هاوتەریب لەگەڵ ئەم رابوونەدا بڕوات، گرنگترین ئەو لایەنانەش کە ئێمە تێیدا دواکەوتوین و بەپێی مەنهەجی راستی ئیسلام مامەڵەکانی لەگەڵ نەکردوە، بریتیە لە گرنگیدان بە بواری فێرکردن و گەشەپێدان و یەکگرتن. دەبێت دان بەوەدا بنێین کە سەرەڕای بونی ئەم رابوونە ئیسلامیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دواکەوتنێکی ترسناك هەیە لەو بوارانەدا کە ئەمەش بوەتە سەرچاوەی زۆربوونی هەژاری، ئەمە سەرەرای وولاٌتە هەژارەکان ئەم دیاردەیە ئەو ولاٌتانەشی گرتۆتەوە کە خوای گەورە سامانێکی زۆری پێ داون، دواکەوتنەکەش زۆر لایەنی فێرکردون و تەندروستیشی گرتۆتەوە.

کەواتە بابپرسین ئایا ناتەواوی کەم و کوڕیەکانمان چین، سەرەڕای ئەوەی ئێمە خاوەن سۆزو رابونێکین؟ ئایا بۆچی ئێمە پێش ناکەوین؟ بۆچی دەبێت ئێمە هەموو ناتەواویەکانمان بخەینە پاڵ هۆکارە دەرەکیەکان؟ ئایا تەنها ئەوانە هۆکارن یان هۆکاری تریش هەیە؟

ئەوەی کە دوژمنانی ئەم ئوممەتە لە دژی کردویانە، شتێکی چاوەڕوان کراوبوە لێیان و جێگەی پرسیارنیە، چونکە ئەوان دوژمنن و دوژمنیش ئەوەی لێ چاوەروان دەکرێت، لەم بارەیەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿....**وَلاَ يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىَ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُواْ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَـئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ**﴾**البقرة**217

ئەمە مەنهەجی دوژمنانەو دەبێت هەر ئەوەیان لێ چاوەڕێ بکەین، بەڵام قورئان لە دوای ئەوەی کە مەنهەجی دوژمنانمان بۆ ئاشکرا دەکات لە بەرامبەردا مەنهەجێکی تریشی بۆ ئێمە دیاری دەکات کە دەفەرموێت: ﴿**أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ**﴾ ( 165 ) **سورة آل عمران**

لەبەرئەوە بەپێی ئەم ئایەتە ئێمە بەرپرسیارین لەهەموو ئەو شتانەی کە توشمان بووە و کە توشمان دەبێت، دەبێت ئەو راستیە بزانین کە ناتەواویەکانمان خوای گەورە لە یەکەم سورەتی قورئاندا پێمان دەڵێت کە ناردویەتی بۆمان، کە ئەویش باس کردنە لە گرنگیدان بە زانست و فێربون و سیستەمی پەروەردە. بەڵێ راستە ئەم رابوونە دڵەکانی زیندوو کردۆتەوە، بەلاَم ئایا چی بۆ عەقڵەکان کردووە؟ چی دەکات بۆ دروستی فیکرو مەنهەجێکی زانستی پێشکەوتوو؟ بەتەنها کارکردنی ئەم رابوونە لەسەر دەرون و دڵ و سۆز نابێتە هۆی بەدەست هاتنی ئامانجی پێویست، هەروەها ئەمە نابێتە هۆی بەرگەگرتنی ئەو رووبەرووبونەوانەی کە توشی بووە، لەبەرئەوە ئەمرۆ ئێمە پێویستمان بەگرنگیدان هەیە بە زانست و عەقڵ و دانایی و پشت بەستن بە مەنهەجێکی زانستی بۆ شیکار کردنی زۆر لە کێشەکان و دانانی چارەسەر بۆیان.

ئەگەر سەیری قورئان بکەین لە یەکەم سورەتیدا سەرەرای گرنگی نوێژو عەقیدە، بەلاَم باسی هیچیان ناکات بەڵکو لە یەکەم ئایەتی قورئاندا باسی دوو بواری زۆر گرنگ دەکات کە زانست و خوێندنەوەیە لە لایەك و لە لایەکەی تریش باسی رێزو کەرامەتی مرۆڤ دەکات و رێگە لە ستەمکاری و دیکتاتۆری دەگرێت.

ئەمە ئەو مەنهەجیە کە خوای گەورە لەپەیامەکەیدا بۆ ئێمەی ناردووە کە چارەسەری گرفتەکان و پێشکەوتن و گەشەپێدان تەنها بە نوێژ کردن و جەخت کردنەوە لەسەر عەقیدە نایەتەدی بەڵکو دەبێت هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو لایەنانەش کەباسمان کرد.

## ئیمان لە قورئاندا بەمانای ژیانسازی و خۆشگوزەرانیە

بەدەمەوە چوونی داواکاریەکانی خوای گەورە بنەمای سەرکەوتن و سەرفرازیە لە دنیاو لە دوارۆژدا، بەشێکی زۆر لەخەڵکی دەپرسن ئایا ئەم ئوممەتە ئیسلامیە کە تەنها ئوممەتی یەکتاپەرست و خواناسە، هەروەها خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی پەیامەکەی پێداوە کە قورئانی پیرۆزە، لە لایەکی تریشەوە تەنها ئوممەتە کە لەسەر ڕێبازی یەکتاپەرستی ماوەتەوەو پەیڕەوی لە پەیامی پیرۆزی ئیسلام دەکات. ئایا سەرەرای ئەم هەموو سیفەتە ئیمانیانە بۆچی ئەم ئوممەتە بوەتە ئوممەتی گرفت و بەڵاو موسیبەت؟

خوای گەورە لە زۆر ئایەتدا وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە و ئەوەش بەتاقیکردنەوەیەك لە قەڵەمداوە، چونکە خوای گەورە بەو حاڵەیان رازی نییە و نایەوێ بە ناتەواوی ئیسلام وەربگرن، چونکە خوای گەورە ئەم ئوممەتە بە (خیر امة أخرجت للناس) واتە بە باشترین ئوممەت وەسفی دەکات. لەبەرئەوە لەم ڕێگایەوە دەیەوێت وەك جۆرێك لەشێوازەکانی پەروەردەو پێگەیاندن ئەو شێوازەی لەگەڵدا بەکاربهێنێت، هەتا بگەڕێتەوە سەر راستە ڕێگە، ئەمەش وەك ئەوە وایە کە باوکێك چەند دڵسۆز بێت بۆ مناڵەکان ئەوەندە لێیان دەپرسێتەوەو ئامۆژگاریان دەکات و ئەگەر پێویستی کرد سزاشیان دەدات.

لێرەوە دەکرێت بپرسین کەواتە کەم و کورتیەکانمان لە کوێدایە؟ خوای گەورە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ئەم ئوممەتە ئومەتێکی باوەڕدارو ئیمانداره، بەڵام لە کاتێکدا کە ئیمانەکەی چالاك ناکات و نایخاتە بواری واقیعەوە و وەڵامی ئەو داواکاریانە ناداتەوە کە خوا داوای لێکردوە و ئیمان تەنها لە بوارێکی بەرتەسکدا مومارەسە دەکات و نایباتە بواری فراوانکاریەکانی ژیان و بەپێی سوننەتەکانی خوا مامەڵە ناکات لە پابەندبونی بە هۆکانی

شکست و سەرکەوتن و سوننەتەکانی ئاوەدانکردنەوەی زەوی و گەشەپێدان و بنیاتنانی شارستانیەت، هەروەها پابەند نیە بە سوننەتی برایەتی و خۆشەویستی و یەکبوون، ئەو کاتە ئەو ژیانەی کە ئێستا بەرجەستە بووە بەرئەنجامێکی ئەو هۆکارانەیە.

هەروەها دروست بوونی فیتنە و نائارامی و هەژاری و گرفتەکانی تر بەرئەنجامی ئەوەیە وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ**﴾ (24) **سورة الأنفال**. خوای گەورە لەم ئایەتەدا ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، ئەم جۆرە ئیمانە بەتەنها بەس نیە، راستە پێی دەچێتە ناو بازنەی باوەڕدارانەوە، بەلاَم پێی ناچێتە ناو بازنەی ئەو کەسانەی کە بەدەم داواکاریەکانی خوای گەورەو پێغەمبەرەوە چون، لەوانە ناژمێردرێت کە بەشداری لە ژیانسازی و بنیاتنانی ژیانێکی باش و خۆشگوزەراندا دەکەن، چونکە ئەمانە پێویستی بە کۆمەڵێك هۆکاری ئابوریی و سیاسی و گەشەپێدان و پەروەردەو فێرکردن هەیە. کە پێویستە مرۆڤی ئیماندار بە باشترین شێوە پیادەیان بکات لە پێناو بنیادنانی ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ کۆمەڵگە، واتە بنیاتنانی ژیانێکی باش لە دنیاو دواڕۆژداو دنیاش کێڵگەی دوارۆژە.

خوای گەورە داوامان لێ دەکات کە بەدەم داواکاری خۆی و پێغەمبەرەکەیەوە بچین پەیامێکی بۆ ناردوین بۆ ژیان، داوامان لێ دەکات کە ژیانی ئێمە وەك مرۆڤ جیاواز بێت لە ژیانی ئاژەڵەکان، چونکە نابێت ئێمە هەموو ئامانجەکانمان بە ژیانی دونیاوە ببەستینەوە و هیچ بیرکردنەوەیەکمان لە رۆژی دوایی نەبێت، چونکە ئەمانە خوای گەورە وەسفیان دەکات بە (يعلمون ظاهرا من الحيات الدنيا) تەنها شتێکی رووکەش لە ژیانی دونیا دەزانێت.

ئێستا خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی لە بەردەم مەترسی گەڕانەوەدایە بۆ ژیانێکی ئاژەڵی کە تەنها وەلاَمی غەریزەکان بداتەوە بەتایبەتیش غەریزەی جنس و خواردن، بەلاَم خوای گەورە دەیەوێت مرۆڤ لەوە گەورەتر بژی، ژیانێك بژی کە شایستەی مرۆڤ بێت، لە دنیادا ژیانێکی بەرێزو پڕ لە سەروەری و کامەرانی، پاشان ئەم ژیانە درێژبێتەوە بۆ دوارۆژ لە بەهەشتدا چەندان جار لەوە خۆشتر بژی. ئەمەش بەوەلاَمدانەوە بە داواکاریەکانی خواو پێغەمبەرەکەی دروست دەبێت، ئەگەر ئەم وەلاَم دانەوەیە نەبێت ئەوا ئەنجامەکەی ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**وَاتَّقُواْ فِتْنَةً لاَّ تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمْ خَآصَّةً وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ**

**شَدِيدُ الْعِقَابِ**( 25 ) **سورة الأنفال**، کەواتە ئێمە لە بەردەم دوو هەڵبژاردندایین یان وەڵام دانەوە بە داواکاریەکانی خوای گەورە کە ئەنجامەکەی ژیانێکی خۆش و ئارام و سەربەرزی و برایەتی و خۆشەویستیە، یان پشت کردنە لەو داواکاریانە کە ئەنجامەکەی (فیتنەیە)، ووشەی ( فیتنە ) ووشەیەکی نە ناسراوە (نكرة)یە.

کە ئەمەش زۆر بواری عەقیدەو گروپی گومڕایی جۆراو جۆراو دووبەرەکی دەگرێتەوە، وەك چۆن دەبینی کە ئێستا ئەم ئوممەتە ئیسلامیە گرفتاری جۆرەها فیتنە بوە کە بەراست و چەپ توشی فیتنەو سەرخۆری و دووبەرەکی و داگیرکاری هاتوە، کە دوژمنان توانیویانە دەست بەسەر تواناو خێرو بێریدا بگرن، لەبەرئەوە ئەگەر سەرنج بدەیت بە شێوەیەکی سەرتاپاگیری توشی فیتنە هاتوە، ئەمەش لەئەنجامی ئەوەیە کە ئەم ئوممەتە بەپێی پێویست بەدەم ئەو داواکاریانەوە نەبووە کەخوای گەورە داوای لێکردوە، چونکە ئەم ئوممەتە خوای گەورە بە ئوممەتی میانڕەوی ناوی بردوە و بەباشترین ئوممەت وەسفی کردوە. لێرەوە خوای گەورە سیمای ئەو ئیمانەمان بۆ دیاری دەکات کە پێویستە مسوڵمانان هەڵگری بن، چونکە ئیمان تەنها ووشەیەك نیە بەزمان بوترێت یان تەنها عیبادەتێك بێت بەتەنها ئەنجامبدرێت. ئیمان گرنگیەکی گەورەتری هەیەو بەشێکە لەژیان، نابێت لەبوارەکانی ژیان جیابکرێتەوە، ئیمان پێویستە بەکاربخرێت لەنێو چالاکیەکانی ژیاندا، ئیمان بریتیە لەوزەی ئەم ئوممەتە کەپێویستە بیخاتە جوڵەو چالاکی.

خوای گەورە رووەدەکاتە ئیمانداران و پێیان دەفەرموێت: **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ آمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِيَ أَنزَلَ مِن قَبْلُ وَمَن يَكْفُرْ بِاللّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيداً** النسا ء136 خوای گەورە شایەتی دەدات کە تۆ باوەڕداریت بەڵام داوات لێ دەکات کەباوەڕ بهێنێتەوە. ئایا ئەمە مانای چیە؟

خوای گەورە پێت دەڵێت (**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ**) ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە، واتە بەشێوەیەکی تیۆری و تەنها لەبواری عیبادەتدا، بەڵام ئێوە نەتانتوانیوە ئەم ئیمانە بکەنە سلوك، لەژیانی رۆژانەتاندا نەتانتوانیوە ئەم ئیمانە بکەنە پرۆگرامێکی راستگۆیانە لەژیانی رۆژانەتاندا هەتا لەژیاندا پیادەی بکەن، کەدەفەرموێت (امنوا) واتە ئیمانەکەتان بکەنە کردارو بەگەڕی بخەن، ئەم ئیمانە بکەنە وزەیەك لەژێر رۆشنایی ئەودا بچن بەدەم داواکارییەکانی ئیمانەوە، هەتا ئەم ئیمانە ببێتە سلوك لەژیانی رۆژانەتانداو ببێتە

سەرچاوەی کاری ئیجابی و خێر، چونکە قورئان بەردەوام ئیمان لەبەرامبەر کاری خێرو چاکەدا دەهێنێت ﴿وَالْعَصْرِ، إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ﴾ (1، 2) سورة العصر.

هەرکاتێك وزەی کارەبا هەبێت لەبەرامبەردا رووناکی هەیە، لەبەرئەوە لەبەرامبەر بونی ئیمانیشدا پێویستە کاری خێرو چاکە هەبێت.

ئەگەر وانەبێت ئەوا ئەو ئیمانە تەنها تیۆرو قسە دەبێت و نابێتە ژیان، لەبەرئەوە ئیمان بەبێ کردەوە ناتەواوەو هەر ئەوەشە هۆکاری ئەو گرفت و ناتەواویانەی کە ئەمڕۆ مسوڵمانان تیایدا دەژین، کە هەندێکیان ستەم لەهەندێکیان دەکەن و بەزەییان بەیەکتردا نایەتەوە، ئەوەی بەرامبەر برا مسوڵمانەکەیان دەیکەن زۆر لەوە خراپترە لەوەی کەدوژمنەکانیان دەیکەن، ئایا ئەوە چ ئیمانێکە ئێمە هەمانە لەکاتێکدا کە ئەم ئایەتە دەخوێنینەوە﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هو السَّمِيعُ البَصِيرُ﴾ (1) سورة الإسراء

ئایا تاچەند هەست بەگرفت و نەهامەتی و داگیرکاری مزگەوتی ئەقصا دەکەین، ئایا تاچەند لەگەڵ ئەو کارەساتەدا دەژین کەمسوڵمانانی بۆرما تیایدا دەژین، ئیمان داواکاری هەیەو برایەتی ئیمانیش پێویستی خۆی هەیە.

کاتێك باس لەدەستەواژەی برایەتی ئیمانی دەکەین دەبێت راستگۆبین لەگەڵ خۆماندا، چونکە برایەتی وشەیەك نیە بەزمان بوترێت، بەڵکو ئەرك و مافە.

پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ صەحابەکانی پەروەردە کرد لەسەر ئەو راستیانە، فێری کردن کە ئیمان پێویستە لەسەر بنەمای ئیلتیزام بوون بێت بەچەند راستیەکەوە، ئەو راستیانەش لەنێوان موهاجیرو ئەنصارەکاندا لەواقیعدا بەرجەستە بوو. ئەنصارەکان هەرچی لەنێوانیاندابوو کردیان بۆ برا موهاجیرەکان، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی، داوایانکرد ئەوانەی دوو ژنیان هەیە یەکیان تەلاق بدات و برا موهاجیرەکەیان بەشێوەی شەرعی مارەی بکاتەوە.

جیلی یەکەم بەوشێوە پاکی و راستگۆییە ئیمانیان هەڵگرتبوو، بۆیە هەر لەسەر دەستی ئەوان فەتحی هەموو جیهانیان کرا، لەبەرئەوە ئێمەی مسوڵمانیش دەبێت ئەوان پێشەنگ و سەرمەشقی ئێمە بن و ئێمەش بەهەمان رێبازی ئەواندا بڕۆین.

# باوەڕداری ڕاست مامەڵەو هەڵسوکەوتی بەجۆرێکە کە خوا پێی ڕازی بێت

ئەگەر سەرکردە عەرەبەکان لە خوا بترسانایە ئەوا ئێستا سایتی" وکیلیکس ئەو هەموو فەزیحەیەی لەسەریان بڵاونەدەکردنەوە، کە هەمووی ئیزدیواجیەتە لە هەڵوێست و مامەڵەیان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا، دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە مسوڵمانی ڕاست لە ئەم جۆرە تەڵانە ناترسێت، چونکە کردارو گفتاری لە نهێنی و ئاشکراو لە هەموو هەڵوێستەکانیدا وەك یەکە.

ئەگەر ئەم سەرکردانە ڕاستگۆ بوونایە لەگەڵ گەلەکانیاندا زۆرباشتر بوو بۆیان، لەجیاتی ئەوەی ئەوەندە پاشکۆیی و کلکە لەقە بۆ بێ باوەڕان و دوژمنان بکەن، ئەوانەی کە تەنها ئامانجیان دژایەتی ئێمەو بەتالآن بردنی سەروەت و سامانە، کاتێك فڕۆکەیەکی ئەمەریکی هێرش دەکاتە سەر ناوچەیەکی وڵاتەکەم دێم ئەمە لەگەلەکەم دەشارمەوەو دەڵێم ئەوە فڕۆکەکانی خۆمان ئەو کارەی کردووە، یان بەهەڵە ئەنجام دراوە. بەڵام بەنهێنی پەیوەندی بە ئەمەریکیەکانەوە دەکەنەوەو دەڵێم بەردەوام بن لە هێرشەکانتان و خۆم کارەکەتان بۆ دەبردەکەم، ئایا ئەمە چ جۆرە شەفافیەت و ڕاستگۆیەکی تێدایە لەگەڵ گەل و میللەتدا؟

ئەگەر ئەمڕۆ پرسیار بکەین بڵێین کێ کەسێکی دبلۆماسی سەرکەوتووە زۆربەتان دەڵێن کێ زۆر زمان لووس و درۆزن و ئەمبەراوبەر بکات ئەو کەسە سەرکەوتووە. لەکاتێکدا کە لەبەرامبەر ئەمانەشدا چەندان کەسایەتی دبلۆماسی ڕاستگۆ و سەرکەوتوش هەیە.

لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە باوەڕداری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کەمامەڵەو هەڵسوکەوتی لە پەنهان و ئاشکرادا بەجۆرێك بێت کە خوای گەورە لێی ڕازی بێت یەکێك لە سیفاتەکانی مرۆڤ ترسانە لە خوا کەئەمەش یەکێکە لەسیفەتەکانی (عباد الرحمن)، ئەمانەی خوارەوە لە چوارچێوەی ئەو سیفاتانەدایە.

**تەوبەکردن دەرگایەکی کراوەیە:**

لە قورئاندا چەندان سورەت هەیە باس لەکرانەوەی دەرگای تەوبە دەکات بۆ (عباد الرحمن)، کەتوشی هەڵەو تاوانکاری دەبن وەك ئەو هەڵەیەی کە باوکە ئادەم تێی کەوت لەگەڵ شەیتاندا، پێویستە لەم کاتەدا بگەڕێنەوە و تەوبە بکەن، ئەمەش مەنهەجیەتێکی خوای گەورەیە کە بۆ بەندەکانی ئاشکرای دەکات.

سیفەتێکی تر کە خوای گەورە نەهی لێ کردووە ئەویش ( والذين لايدعون مع الله الها أخر ) ئێمە باسمان لە سیفەتەکانی عبادالرحمن کردوە. ئایا چۆن ئەو سیفەتە لەگەڵ ئەواندا دەگونجێت، خوای گەورە لەئایەتەکەدا نەیفەرموە (لايشركون) بەڵکو باس لەلایەنێکی زۆر وردو هەستیار کردوە، ئەویش نەبونی ئیخلاسە بۆ خوا، هەندێك لە (عبادالرحمن) چەند تاوانێك ئەنجام دەدەن کە بونی شیرکی لێ دێت وەك ریاء، ئەوان دوورن لە شیرکی ئاشکرا چونکە ئەوان خاوەنی چەند سیفاتێکن کە زۆر دوورە لەو کارانە.

ئەگەر ئێمە هەمومان لەدەسەڵاتداران و گەل پابەندبین بە بەرنامەی خواوە، ئەوە سەرچاوەی هێزو یەکگرتن و سەرکەوتنمانە، بەڵام لەوانەیە یەکێك بپرسێت کەواتە بۆچی جیهانی ئیسلامی یەك ناگرێت خۆ هەمووومان مسوڵمانین؟ لەوەڵامدا ئێمە دەڵێین هۆکارەکەی نەبونی راستگۆییە، لەنێوان هەندێك لەدەسەڵاتدارەکاندا متمانە نیە، ئەگەر ئەمرۆ متمانەو راستگۆیی هەبوایە لەنێوان دەسەڵاتداران و گەلەکانیاندا، ئەوا لەهەڵبژاردنەکاندا ئەو کارەساتانەمان نەدەبینی کەتەنها سیفەتێکی ئاشکراو هاوبەش هەبێت تیایاندا خیانەت کردنە لەمیللەت و ئەنجامدانی تەزویرێکی زۆرە، کەئەمەش سیمایەکی ئاشکرای زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکانە.

لەم روانگەیەوە من دەڵێم ئەم ئوممەتە پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە، بەڵام نەك تەنها لەرووکەشدا بەڵکو پێویستە ئێمە گۆڕان لەناوخۆ و سایکۆلۆژیای خۆماندا دروست بکەین و راستگۆیی بگەڕێنینەوە بۆ نێوان ریزەکانی هەمومان، لەلایەك لەنێوان دەسەڵاتداران خۆیان لەلایەکی تریش لەنێوان دەسەڵات و گەلەکانیاندا.

## جەوهەری ئیسلام رەخنەو پێشنیارو ئامۆژگارییە

ئەوە نمونەیەکی چەسپاو و تەجروبە کراوە لەرووی زانستیەوە، پاڵپشی کراوە بە بەڵگەی قورئان و فەرمودەوە، ئەو بنەمایەی کە دەڵێت (کرانەوە بەرووی بەرامبەرەکاندا، کاتێك دەبێت کەتۆ خاوەنی خودێکی بەهێزو بەتوانابیت)، ئەو بەرامبەرانە ئەگەر لەرووی ئاینەوەبێت کەئێمەی مسوڵمان پێیان دەڵێین نامسوڵمان، یان لەڕووی گروپ و کۆمەڵ و پارتە سیاسیەکانەوە بێت، خودێکی لاواز و بێ ئیرادەو داڕوخاو، لەتوانایدا نیە کە پەیڤین و گفتوگۆ لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا بکات، ئەگەر ئەم خودە لاوازە گفتوگۆش بکات ناتوانێت هیچ شتێك بەرهەم بهێنێت، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین لەئایەتی ﴿وَقُلْ جَاء الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقاً ﴾الإسراء81 تێبگەین، چونکە ئەمە باس لەخودێکی مسوڵمانی بەهێز دەکات، کە توانای ئەوەی هەبێت کە پەیڤین بکات و هاوکار و هۆکار بێت بۆ گەیشتن بەوەی بیانەوێ لەسەرخستنی ڕاستی و تواندنەوەو نەهێشتنی درۆ و ناڕاستی.

ئیسلام زۆر گرنگی دەدات بەخود، ئەگەر سەرنجی قورئانیش بدەین بەردەوام هەڵگرانی پەیامی ئیسلام و ئوممەتی ئیسلام بەبەهێزو یەکگرتوو خاوەن ئیرادە وەسف دەکات، لەهەمان کاتدا کاتێك باس لەجیاوازییەکانیشی دەکات لەڕوانگەی قبوڵکردنی جیاوازیەوە وەك هێز لەقەڵەمی دەدات زانایانی ئیسلامیش جیاوازی لەجۆرایەتی و لەبیروڕاو فیکر بەهۆکارێك دەزانن بۆ گەشەو بەرەو پێش چوونی ئوممەت، بوونی فرەیی لە بیروڕادا ئەگەر لەبواری چوارچێوەیەکی ستراتیجیدا سەیر بکەین هۆکارێکە بۆ بەرەوپێش چوون و یەکبوون لەبازنە گشتیەکەدا.

لەپێناو بنیادنانی خودێکی بەهێزو یەکگرتوودا، ئیسلام گرنگیەکی زۆر دەدات بەوەی کەئەم خودە زیندوو ئیجابی بێت بەردەوام نەبێت لەسەر هەڵەو تاوان، توانای رەخنە لە خۆگرتن و پێداچوونەوەی هەبێت و رێگە لەوە بگرێت کەئەو هەڵانە بەرەو دووبەرەکی و

پەرتەوازەی بەرێت، ئەمەش لەڕێگەی کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و لەیەکتر تێگەیشتن دەبێت، لەهەر تاکێکەوە بۆ تاکێکی ترو، لەقوتابیەوە بۆ مامۆستا، لەگەورەوە بۆ بچوك، لەمێزەرسپیەکانەوە بۆ نوێژ خوێنان و بەپێچەوانەشەوە، هەروەها لەنێوان دەسەلآت و هاولآتیان و سەرۆك و بەردەستەکانی و هەریەك بۆ ئەوی تریان، لەنێوان هەژارو دەوڵەمەندەکان، نابێت هیچ یەك لەتاك و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دابڕاوبێت لەئەوی تر، بەڵکو پێویستە هەریەکەیان گوێ بۆ ئامۆژگاری و تێبینی و رەخنەکانی ئەوی تر بگرێت، ئەمەش پرۆسەیەکی داینەمیکی و بەردەوامە لەنێوان خێزان و دایك و باوك و مناڵەکان و بەپێچەوانەشەوە، مناڵەکان دەتوانن خاوەنی بیروڕای جوان بن بۆ دایك و باوکیان، دایك و باوك دەبێت لەخەمی مناڵەکانیاندابن ئەمەش مانای دەقی ئەم فەرمودەیەیە کە پێغەمبەری خوا هەمووومان لە (دین ئامۆژگاریە) دا بەرجەستە دەکات، هەروەك لەو فەرمووودەیەدا کە ئیمامی موسلیم لەئەبی تەمیمی کوڕی ئەوس دەیگێڕێتەوە کەپێغەمبەری خوا فەرموویەتی دین ئامۆژگاریە (الدين النصيحة) .. ئەمەش چڕکردنەوەی پێناسەی ئاینە وەك چۆن دەربارەی حەج فەرمووی (الحج عرفة)،  هەر لە بەر گرنگی ئامۆژگاری پێغەمبەری خودا﴿ﷺ﴾هەموو دینی لە ئامۆژگایدا بەرجەستە کردووە، پاشان پرسیاریان لێ کرد بۆ کێ؟ فەرمووی بۆخواو کتێبەکەی و پێغەمبەرەکەی و پێشەوای مسوڵمانان و هەموو مسوڵمانان بەگشتی، لەکاتیکدا کەدەڵێین بۆ (خوا) مەبەست لێی ئەوەیە کە ئەو ئامۆژگاری و رەخنەو تێبینی و بۆچوونانە لەپێناوی خوادابێت، ئەو (لام)ەی کەباس کراوە هەندێك لەزانایانی زمانەوانی دەڵێن (24) مانای هەیە، ماناکەی بە (مجرور) دەگۆڕێت، واتە دەبێت ئەو وتانە تەنها لەبەر خوا بن، لێرەوە دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان ئامۆژگاری و سوکایەتی پێکردندا، لەنێوان رەخنەیەك بۆ چاکسازی و رەخنەیەك بۆ ناوزڕاندن، دەبێت جیاوازی بکەین، لەنێوان فەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لەخراپە و ئامۆژگاری، لەئامۆژگاریدا تۆ دەبێت راستگۆبیت لەنهێنی و ئاشکرادا بەشێوەیەکی واتایانە تەعبیرەکانت دەربڕیت، بەبێ ئەوەی هەستی بەرامبەرەکان ئازار بدەیت، دەبێت ئامۆژگاری و رەخنەو بۆچوونەکانت بۆ گەورە و بچوك و دەسەلآت و بێ دەسەلآت بێت و لەمەشدا نیەتت چاکسازی و گەشەپێدان و بەرەوپێش چوون بێت، مەبەست لە(ولكتابة) واتە دەبێت ئەو بیرو بۆچوونانە لەژێر سایەی قورئاندابێت، مانای (ولرسوله) واتە دەبێت لەژێر سایەی

(فەرموودەو ژیاننامەو کردارو گوفتارەکانیەوە) پێمان دەڵێت کەدەبێت ئامۆژگاریەکانمان بەدانایی و جوانی بێت، واتە کاتێك ئامۆژگاری دەتوانێت مەبەستی تەواوەتی خۆی بپێکێت کە لەبەر خوابێت و لەژێر سایەی قورئان و فەرموودەدا بێت و بەم شێوەیەش پەیوەندیە ئیسلامیەکان لەنێوان تاکەکان و گروپەکاندا رێك بخرێت، نابێت هیچ کەس لەدەرەوەی ئەم گوتارەبێت چونکە ئەمە پێویستی هەموو تاکەکانە، نابێت هیچ رێگریەك هەبێت لەرەخنەو پێشنیارو ئامۆژگاری، نابێت پۆست و پلەی کۆمەڵایەتی هەبێت ئەمەش مانای (أئمة المسلمين وعامتهم)ە.

پێغەمبەری خوا لەفەرمودەکەدا ئەوە بەپرۆسەیەکی بەردەوام ناو دەبات، چونکە لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدایە پەیوەستە بەرێگرتن لەکۆی گەندەڵیەکان. لەفەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ئوممەتی ئیسلامی دەچوێنێت بەو کەسانەی کە پارێزگاری لەسنورەکانی شەریعەت دەکات وەك دەفەرموێت: (**مَثَلُ الْقَائِمِ عَلَى حُدُودِ اللَّهِ وَالْوَاقِعِ فِيهَا، كَمَثَلِ قَوْمٍ اسْتَهَمُوا عَلَى سَفِينَةٍ، فَأَصَابَ بَعْضُهُمْ أَعْلاهَا وَبَعْضُهُمْ أَسْفَلَهَا، فَكَانَ الَّذِينَ فِي أَسْفَلِهَا إِذَا اسْتَقَوْا مِنَ الْمَاءِ، مَرُّوا عَلَى مَنْ فَوْقَهُمْ، فَقَالُوا: لَوْ أَنَّا خَرَقْنَا فِي نَصِيبِنَا خَرْقًا، وَلَمْ نُؤْذِ مَنْ فَوْقَنَا، فَإِنْ يَتْرُكُوهُمْ وَمَا أَرَادُوا هَلَكُوا جَمِيعاً، وَإِنْ أَخَذُوا عَلَى أَيْدِيهِمْ نَجَوْا وَنَجَوْا جَمِيعًا**).

بۆیە ئەم ئوممەتە یەکە وەك یەك لاشە وایە، هەروەك پێغەمبەر فەرمویەتی(ﷺ) ئایا لاشەیەك چی دەکات، یان ئەو ئەندامانەی کەخوای گەورە دروستی کردوون لەناو لاشەی ئینساندا ئەگەر ئازار بە بەشێکی بگات چی دەکەن، کاتێك بەکتریایەك یا ڤایرۆسێك دێتە ناو لاشەی مرۆڤەوە ئەوا شەرێکی گەورە ڕوو دەدات لەنێوان خڕوکە سپیەکان و ئەو ڤایرۆسانەدا، هەموو ئەندام و بەشەکانی لاشەی مرۆڤ هاوکار دەبن بۆ زاڵبوون و لەناوبردنی ئەو ڤایرۆسە، لەئەنجامی ئەم ململانێیەدا نیشانەی نەخۆشی و تاو گەرمی دەبینرێت لەسەر لەشی مرۆڤەکە، ئەمانە نیشانەو هۆکاری نەخۆشی و ئەو شەڕەن کە لەناو لاشەدا ڕوو دەدەن، هەموو لاشە کارلێك دەکات بۆ کوشتنی ئەو میکرۆبە، ئەگەر زاڵبوون بەسەریدا ئەوە سەرکەوتوون، ئەگەر زاڵیش نەبوون ئەوە پێویستی بە هاوکاری دەرەکیە لەڕێگەی دەرمان یان نەشتەرگەری یا بەهەر هۆکارێکی تر کەچارەسەر بێت، ئوممەتیش بەهەمان شێوە کاتێك گرفتێك یا ناڕەحەتیەك ڕووی تێدەکات ئەگەر ئێمە وازمان لێهێناو گوێمان پێ نەدا، چونکە کێشەکەیان کێشەمانە، بەڵام ئەگەر ڕێگری خراپەمان کرد لەسەر ئوممەت

ئەوا ڕێگری توڕەیی خوداو دابەزینی عەزابی ئەومان کردووە بۆسەر نەفسی خۆمان، ئەم بابەتە پەیوەستە بەخۆمان.
بۆیە هەر بەپێی ئەم لۆژیکە بوو کە ئۆباما توانی قەناعەت بەکۆنگرێسی ئەمەریکی بکات کە کۆت و بەند دابنێن لەسەر بانکەکان، ئەو ووتی ئەگەر بێت و بانکەکان ئیفلاس بکەن ئەوە گەل زەرەرمەند دەبێت، بۆیە گەل مافی خۆیەتی کە کۆت و بەند بسەپێنێ بەسەر بانکەکاندا، بەسەپاندنی کۆت و بەند بەسەر بۆرصەی ئەمەریکیدا، چونکە گەلی ئەمریکی کاریگەرن بەشۆڕشە عەرەبیەکان و داوای دەست گرتن بەسەر وڵ ستریتدا دەکەن، چونکە ئەوان ئەو بەهۆکاری ئەو کارەساتانە دەزانن کە بەسەریاندا دێن و داوا دەکەن سنوردار بکرێت، ئەم بابەتە پەیوەندی بەو ئازادیە ڕەهایەوە نیە کە هەیە، دەڵێن ئازادی ڕەها کاتێك هەیە کە سنوری ئازادی کەسانی تر پێشێل نەکات.
ئەمە ئەو لۆژیکەیە کە پێشتر ئیسلام داوای دەکرد، بەو گریمانەیەی کە هەمووومان لەناو کەشتیەکداین، بەوەی کە هەمووومان یەك لاشەین، ئەگەر ئەم لاشەیە نەیتوانی ئەو میکرۆبانە بکوژێت ئەوا زاڵ دەبن بەسەر لاشەکەدا، ئەمەش کارێکی ترسناکە دەبێتە هۆی ئیفلیجی یا مردن، هەروەها تاوان و خراپەکاریش لەسەر ئاستێکی گشتی هەمان کاردەکەن.
هەموو ئەوانەی لەقورئانی پیرۆزدا هەیەو باسکراوە دەربارەی مەسیحی و جولەکەو گەلەکانی پێشوو بۆ پەند لێ وەرگرتنە، ئەوانە یاساو ڕێسای خواییەو دووبارە دەبێتەوە بەدووبارە بوونەوەی هۆکارەکانی ﴿**إِنْ أَحْسَنتُمْ أَحْسَنتُمْ لِأَنفُسِكُمْ** ﴾. ﴿**الإسراء**7، ﴿﴾ **وَإِنْ عُدتُّمْ عُدْنَا** .. ﴿**الإسراء**8 ئەم پەیامە تەنها ئاڕاستەی جولەکەکان نەکراوە بەڵکو ڕووی لە ئێمەشە، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾(إن أول ما دخل النقص على بني إسرائيل أنه كان الرجل يلقى الرجل فيقول له: يا هذا اتق الله ودع ما تصنع، فإنه لا يحل لك، ثم يلقاه من الغد وهو على حاله، فلا يمنعه ذلك أن يكون أكيله وشريبه وقعيده، فلما فعلوا ذلك ضرب الله قلوب بعضهم ببعض)
خراپەکاری تەواوی بەنی ئیسرائیلی گرتبووەوە، بۆیە لەعنەتی خودای گەورە لەسەرروو حەوت ئاسمانەوە دابەزییە سەر بەنی ئیسرائیل، ئەو لەعنەتە تەنها تایبەت نیە بەرۆژی دوایی، بەڵکو لەدنیاشدا سزایەکی بەئێش و ئازار دەدرێن، تووشی سەختترین سزایان دەکات، پارچە پارچەیان دەکات و لێکیان هەڵدەوەشێنێ، چونکە ئەوان ئەمریان بەچاکەو نەهییان لەخراپە نەکردووە، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەو ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێت ﴿**لُعِنَ الَّذِينَ**

**كَفَرُواْ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ * كَانُواْ لاَ يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ﴾المائدة78-79**، لەعنەت بەواتای بێبەش بوون و دەرکردن لەبەزەیی پەروەردگار دێت لەدنیا و هەروەها لەدوا ڕۆژدا، بێ بەش بوون لەسۆزی پەروەردگار بەواتای دابەزینی عەزاب دێت، کاتێ پەروەردگاری جیهانیان وازی لێهێنای هیچ پارێزەرێکت نیە، وازی لە ئوممەت هێنا، پارچە پارچە بوون و دووبەرەکیان زیاد دەکات، کوشتاری یەکتر لە ناویاندا پەیدادەبێت، کەئەمەش لەعنەتەکەیە.

پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ڕوونی دەکاتەوەو ڕوو دەکاتە ئوممەت و دەفەرموێت (كلا والله لتأمرن بالمعروف ولتنهون عن المنكر ولتأخذن على يدي الظالم ولتأطرنه على الحق أطراً أو لتقصرنه على الحق قصراً) گەمارۆی ستەمکار دەدەن، وەڕێگری لەستەمکار دەکەن کەستەم بکات، ئەگەر ئەو خەلیفە یا پێشەوا یا سەرۆك یا دادوەربێت، ئەو عەزابەی کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ڕوونی کردۆتەوە بریتیە لەدووبەرەکی و دووڕوویی و گرفتاری، لەم حەدیثە صەحیحەدا هیچ مەجالێکی بۆمان نەهێشتووەتەوە، لەگرنگی ڕۆڵی ئوممەت و کۆمەڵی مسوڵمان و گەل و نەتەوەو گەورەو بچووك و ئافرەتان و گەنجان و پیران، واز لەستەمکار ناهێنی، بەڵکو ڕێگری لێ دەکات، ئەوان ئەگەر بێ دەنگ بوون، ئەو کاتە ستەمی ستەمکارەکە زیاد دەکات، ئەمەش سروشتی دیکتاتۆرەکانە، بەهەمان شێوە ئەمەش سروشتی مرۆڤەکانە کەحەز بەتاوان و سەرەڕۆی دەکەن (أن ألأنسان ليطغى أن رأه أستغنى) ئەوەی کە ڕێگری لێ دەکات ئەوەیە کە یا خوا پەرستێکی لە خواترسە، یاخود گەل و خەڵکەکە ڕێگری دەکەن، گەل پارێزەرەو پاسەوانە، ئوممەتیش هەر پاسەوانە، ئەو ئامۆژگاری کارەو فەرمان دەکات بەچاکەو نەهی دەکات لەخراپە، ئوممەت بەتوانای ڕێگری دەکات، ئەمە وەڵامە بۆ ئەوانەی کەدەڵێن دەبێت گەورەکانمان پێشڕەویمان بکەن و بۆمان حەڵاڵ بکەن تەنانەت ئەگەر لێشمان بدەن و ئازاریشمان بدەن، ئەو حەدیسانەشی کەموسلیم گێڕاونیەتەوە ناودەبرێن بە شوێنداچووەکان، ئیمامی مسلم چەند حەدیسێکی (احاديث الاصول) هەیەو، چەند حەدیسێکی تر کەپشتیوانی ئەم (الاصول) دەکات، بەڵام ئەوانە گەورە کراون، یان ئەوانە حەدیسن لەسەر ئاستی تاك. بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵ و ئوممەت نابێت لەمە بێدەنگ بن، چونکە ئەگەر بێ دەنگ بن ئەگەری ئەوەی هەیە کەخوا توشی سزای دوبەرەکی و

پارچەبوون و کوشتن و ئاژاوەیان بکات، ئەمەش مانای ئەوەبوو کە پێغەمبەر(ﷺ)روونی کردەوە.
پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەیەوێت ئەم ئوممەتە بەهێزبێت، ئەمەش ئەو ئەنجامە بوو کە رۆژئاوا لە ئەزمونێکی تاڵەوە پێی گەیشت، رۆژئاوا لەزەلکاوی کوشتارو دووبەرەکی و دواکەوتوویدا بوو لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڵام کۆمەڵێك لەکەسانی چاکە خوازو چاکسازی رۆژائاوا گەیشتنە پرۆژەیەکی چاکسازی، ئەم کارە دەبێت ئوممەت لەخۆیەوە دەست پێ بکات، پێویستە گەل خۆی خاوەن دەسەڵات بێت، کێ دەکات بەرابەرو ئەمیرو دەسەڵاتدار، لە سەردانێکدا بۆ یەکێك لەووڵاتە رۆژئاواییەکان، گفتوگۆیەك دروست بوو لەسەر یەکێك لەسەرۆك وەزیرەکان، بینیان گەندەڵیەکی لێ دەرکەوتووە لەگەشتێکدا 176 دۆلاری بەزیادەوە نوسیوە، بۆیە ناچاریان کرد کە دەست لەکاربکێشێتەوە، ئەمەش نەك لەبەر ملیۆنەها دۆلار بەڵکو تەنها لەبەر دیار نەمانی 176 دۆلار، لەڕاستیدا ئەمە تەعبیرە لەمەنهەجی ئیسلام، عومەری کوڕی خەتاب بانگی عەمری کوڕی عاصی دەکردوو لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرد لەسەر ئەو سامانەی هەیبوو پێی دەوت ئەی عەمر ئەمەت لەکوێ بوو؟ لەسەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتابدا بەرپرسەکان بۆیان نەبوو بازرگانی بکەن، پێی دەوتن ئایا بازرگانی دەکەن یان دەسەڵات یەکیان هەڵبژێرن. چونکە ئەگەر دەسەڵاتداران چوونە بواری بازرگانیەوە ئەوا زیان بەهەردووکیان دەگەیەنن.
پێویستە ئەم ئوممەتە بەهێز بێت، لەبەرژەوەندی دەسەڵاتدارەکانیشە کەخاوەنی گەلێکی بەهێزبن، چونکە ڕێگەیان لێ دەگرن لەخراپە هەروەها دەپیارێزن لەگەندەڵی کە ئێمەش مانای پاراستنیەتی لەخراپەکانی دنیاو دوارۆژ، کارتەر لە یاداشتەکەیدا لەسەر کۆنگرەی کامب دیفید دەڵێت: بەهێزی سەرۆکی ئیسرائیلی لەوەدابوو کە لەهەموو شتێکدا دەگەڕایەوە بۆکنێستی ئیسرائیلی، لاوازی ساداتیشی لەوەدا بینیوە کەهەموو شتێکی بەناوی خۆیەوە کردووە، بەم هۆیەشەوە سەرۆکی ئیسرائیل توانی زۆر لەمافەکانی گەلی فەلەستینی و میصری بۆخۆی ببات، کەئەمەش لەلاوازی ساداتەوە بوو، کە هەرگیز نەگەڕایەوە بۆ گەلی میسری، گەلی بەهێز دەسەڵاتداری بەهێزی دەبێت، گەلی لاوازیش دەسەڵاتداری لاوازی دەبێت، دەسەڵاتدارە لاوازەکان پشت بەغەیری خۆیان دەبەستن بۆپاراستنی کورسیەکانیان دەسەڵاتداران پشتیان بەئەمەریکا دەبەست، بەڵام ئەمەریکاش لەلاوازیدا بەزەیی پێیاندا نەدەهاتەوە، بەڵکو بەنرخێکی هەرزان دەیفرۆشتن، شای ئێرانی

فرۆشت و تەنانەت لەنەخۆشییەکەیدا چارەسەریشی نەکرد، سەرۆکی یەمەن داوای کرد کە ڕێگەی پێ بدەن بۆچارەسەر سەردانی ئەمەریکا بکات بەڵام فیزەیان پێ نەدا، هەروەها ڕێگەشی نەدا کەحوسنی موبارەك سەردانی ئەمەریکا بکات لەکاتێکدا کە لەدۆسیەکانیدا ناویان دەبرد بەکەنزی ئیسرائیل و ئەمەریکا، ئەمەریکا لەناسکترین کاتدا وازی لێ هێناوە، بەڵام ئەگەر ئەمانە پشتیان بەگەلەکانیان ببەستایە وازیان لێ نەدەهێنان، لەبەرئەوە هەرکەسێك رەزامەندی خوا بگۆڕێتەوە بەڕەزامەندی خەڵك خوای گەورە و خەڵکیشی لێ تورە دەبن، بەڵام ئەگەر یەکێك کەخوا لێی ڕازی بێت و هەندێك خەڵك تورە بکات، لەدوایدا خوای گەورە وا لە خەڵکە باشەکانی کۆمەڵگە دەکات کەهەڵوێستیان بگۆڕێت و پشتیوانی لێ بکات، چونکە ڕازی کردنی خوا بەمانای رازی کردنی خەڵك دێت، کە ئەوەیش لەچەسپاندنی ئازادی و عەدالەتدا خۆی دەبینێتەوە.

مەسەلەی ئامۆژگاری بەردەوام پێویستە مناڵەکانمان لەسەر ئەوە پەروەردە بکەین، پێویستە نەوەی داهاتوو بەهێزبن رەخنەو پێشنیارو ئامۆژگاری ببێتە کلتورێك لەلایەن و خۆیان بەدووربگرن لە دووڕویی و درۆو موجامەلە لەکەسایەتیدا، چونکە شوناسی تاك لەمناڵیەوە دروست دەبێت، لەخێزانەوە بنیات دەنرێت، دەبێت باوك ئامۆژگاری ژن بکات، دایك ئامۆژگاری باوك بکات، هەردووکیان ئامۆژگاری مناڵ بکەن، بەم شێوەیەش دەبێت کۆمەڵگە زیندوو جوڵاو بێت، بەمەش خێزانێکی بەهێز دروست دەبێت.

ئەم پارتانەی ئێستا لەجیهانی ئیسلامیدا دەیان بینیت، هەتا ئەم ساتەوەختە لەژێر زەویدابوون، بەڵام خوای گەورە سەری خستن و هێنانیە سەر زەوی، بەڵام بەداخەوە هەندێك لەووڵاتانی کەنداو دەیانەوێت ئەو ئەزموونە شکست خواردووە دووبارە بکەنەوە، کە لەعێراق و سوریاو میصرو تونس شکستی خوارد و لەووڵاتە ستەمکاریەکاندا ئەو ئەزموونە هەرەسی هێنا ئێستا لەهەندێك لەووڵاتانی کەنداو دەیانەوێت لەرێگەی سەندنەوەی ڕەگەزنامە لەهاوڵاتیان و دوورخستنەوەیان و دەرکردنیان لەکارەکانیان بەمەش دەیانەوێت ڕێگە لە دروست بوونی پارتە سیاسیەکان بگرن، ئەم کارەی ئەمان دەیکەن خزمەت بەئایندەی ئەم وڵاتانە ناکات، چونکە بۆ چارەسەری هەرگرفتێك ئێمە پێویستمان بەگفتوگۆ و لەیەکتر گەیشتن هەیە، ئێمە دەبێت بڕوامان بەئامۆژگاری و رەخنەو چاودێری هەبێت، ئەوەش خۆی لەبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیدا دەبینێتەوە، ئەمەش زەمانەتی مانەوەی دەسەڵات دەکات کەبەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆری نەڕوات و وەك هێزێك خزمەت بەگەلی بکات .

## ئیسلام گرنگی ئەدات بە پەروەردە کردنی روح و نەفس نەك شێوە و رووخسار

ئاینی ئیسلام لەکاتێکدا هات هەموو شتێك پێچەوانەی شێوە ڕاست و پاکەکەی بوو، تەنانەت ئەو ئاینانەش کەلەو سەردەمەدا هەبوون و بڵاوبوون گرنگیەکی زۆریان دەدا بەشێوەو رووخساری دەرەکی، بەبێ چاودێری کردن و پەرەوەردەکردنی رووح و نەفس، پەرستشی جولەکەو مەسیحیەکان و ئەوانەش کە بانگەوازی ئەوەیان دەکرد کە خاوەن ئاینن، وەك شەریك دانەران (مشرکین) و مەجوسی و جگە لەمانەش لەدینە دروستکراوەکان و ئاینە زەمینیەکان، هەموویان گرنگیان بەشێوەو رووخسار دەدا، ئیسلام هات هەتاکو شتەکان بگۆڕێت بەرەو باشتر، بۆ ئەوەی کاروبارەکان بگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتا ڕاست و چاکەکەی، بۆ گەڕانەوەی مرۆڤەکان ئەوانەی کە بانگەوازی دینداریان دەکرد بۆ دینداری ڕاستەقینە، لێرەوە قورئانی پیرۆز رۆشتە ناو شەرێکی فیکری و زانستی گەورەوە، بۆ پەروەردەکردنی ئەم ئوممەتە لەسەر ئەو ڕێبازەی کە خودای پاك و بێگەرد دەیەوێ لەچاکسازی ناوخۆی و چاکسازی لەنەفسدا، گرنگیدان بەگەشەکردنی روحەکان، هەروەها گرنگیدا بەگەشەکردنی ئەقڵ و نەفس، ئینجا پاش ئەمانە پەروەردەکردن و گرنگیدان بە ڕووخساردێت، پاشان گرنگی بەلاشەو ڕەفتار دەدات، چاودێری ئەو ووزەو جوڵانە دەکات، کە لەناخی مرۆڤەکاندا بەهۆی هێزی ئیمانی و هەست و دنیابینیەکانەوە کارلێك دەکەن.

خودای گەورەو میهرەبان دووکاری زۆر گەورەی بۆ ئیمانداران روون کردۆتەوە کە جەدەلێکی گەورە بەدەوری خۆیاندا دەهێنێت، یەکەمیان: گۆڕانی رووگە (قیبلە): کاتێ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾لەمەککە بوو، ئەوکات رووی دەکردە قودس و ئەوێ رووگەی بوو، لەوکاتەشدا رووگەی پیرۆز (کەعبە) لەبەرامبەری بوو، وەك ئەوە وەهابوو روو بکاتە دوو رووگە (قیبلە)، هیچ شوێنەوارێك لەرووکردنە قودس دیارنەبوو ئەوەی کە دیاربوو رووکردنە کەعبەی پیرۆز بوو، کاتێك پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾هات بۆ مەدینە، ماوەی شانزە مانگ ڕووی دەکردە قودس، نەیدەتوانی ئەم دووکردارە ڕوو کردنە ئەم دوو رووگەیە پێکەوە

کۆبکاتەوە، بێ باوەڕەکانی دەوری پێغەمبەر﴿ﷺ﴾جەنگێکی گەورەیان ڕاگەیاند، جەنگێکی ڕاگەیاندنی زۆرگەورە، بەوەی کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ شوێن دینی ئیبراهیم (علیه السلام) ناکەوێ، گرنگی بەکەعبەی پیرۆز نادات کە ئیبراهیم (علیه السلام) دروستی کردووە، خوای گەورەش ویستی وابوو کە بۆیان ڕوون بکاتەوە کە ئەم بابەتە بەو جۆرە نییە، بەڵکو بابەتەکە بریتیە لە گوێڕایەڵی کردنی خودای گەورە، خودای گەورە ویستی وابوو کەجارێکی تر ئەم ئوممەتە تاقی بکاتەوە، جارێکی تر صەحابەکان تاقی بکاتەوە، لەجاری یەکەمدا بێ بڕواکان گوێڕایەڵ نەبوون و پێچەوانەیان کرد، هەموو هەست و سۆزی خۆیان بەرامبەر کەعبەی پیرۆز دەربڕی، بۆیە کاتێك ئەم گۆڕانە گەورەیە ڕوویدا لەکەعبەی پیرۆزەوە بەرەو قودس لەسەر ئەم بنەماو مەبەستە بوو ئەم تاقیکردنەوەیە، بۆ پەروەردەکردنیان بوو، کەنابێت رووکردنە رووگەکان لەسەر بنەمای نەتەوەیی و خێڵەکی بێت، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای پەرستن و گوێڕایەڵی کردنی خودای گەورە بێت، بەڵام پاش شانزە مانگ کردارەکە گەڕایەوە بۆ سەرەتای، خودای گەورەو میهرەبان فەرمانی بەپێغەمبەر ﴿ﷺ﴾کرد کە رووبکاتەوە کەعبەی پیرۆز، ئەم جارە شەڕێکی تر هەڵگیرسا لەلایەن جولەکەو گاورەکانەوە بەوەی کەپێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ شوێن دینە پێشووەکان ناکەوێت، بەڵکو شوێن عەرەب دەکەوێ، بۆیە جارێکی تر شۆڕشێك و شەڕێکی گەورەیان هەڵگیرسان و ویستیان گومان دروست بکەن سەبارەت بەم ئاینە.

لێرەوە ئەو پەروەردەیە دەرکەوت کەئیسلام دەیویست ئەنجامەکەی بەدەست بێت، ئەویش ئەوەیە کەنابێت دین و دینداری تەنها رووکەش بێت، دینداری نابێت تەنها رووکردنە کەعبەی پیرۆز، یا رووکردنە قودس بێت، بەڵکو ئەمانە کۆمەڵێك فەرمان و ڕێسان کە دەبێت جێبەجێ بکرێن، ئەمەش بەمانای پیرۆزکردنی کەعبە نایەت سەرەڕای گەورەییەکەی، هەروەها پیرۆزکردنی قودس نییە سەرەڕای گرنگیەکەی، بەڵکو ئەمە بەجێ گەیاندنی فەرمانێکی خودای باڵادەستە، لەمەوە بوو کە دوو ئایەتی گەورە هاتن بۆ پەروەردەکردنی ئوممەت لەسەر ئەم بنەمایە، ئیسلام بریتیە لەچوار بنەمای سەرەکی، هەست و ئینتیماو ڕەفتارو کردار لەگەڵ ڕەوشت، دوو ئایەتی پیرۆز هاتن تا وەڵامدانەوە بێت بۆ هەموویان، بەوەی کەئەم رووکەشیانە هیچ بەهایەکیان نیە ئەگەر پەیوەست نەبن بەناخەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَـكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي

**الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّآئِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواْ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاء والضَّرَّاء وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَـئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَـئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ**البقرة177، خودای گەورە ویستی وایە یەکەم جار ئەم ئوممەتە پەیوەست بکات بەووشەی جوانەوە، بەووشەی زۆرگرنگەوە بەدەستەواژەی گەورەوە، ئەویش دەستەواژەی چاکەکاریە کە خوای گەورە وەك سیفەتی خۆیی بەکاری هێناوە، وەك دەفەرموێت (**إِنَّهُ هو الْبَرُّ الرَّحِيمُ**)، چاکەکاری بریتیە لە کاری خێرخوازی و لێبڕان و داهێنانکاری، لەخواترسان بریتیە لەگەیشتنە حاڵەتی پەرستنی خودا وەك ئەوەی کە ببینیت، ئەمانە هۆکاری پەیوەندییمانن بە خودای گەورەوە، خوای گەورە ئەمە پەیوەست دەکاتەوە بەلایەنی نەفسی و روحی ناو ناخی ئوممەتەوە، پاشان رووکەش و نوێژکردن بە شێوە راستەکەی دێت، جگە لەمانەش چەند ئەرکێکی تر دێن، تا ببێتە پەند بۆ ئەوەی کە لەناو ناخی مرۆڤەکاندایە، فەرمانی کردووە بەچوارشتی سەرەکی:

یەکەمیان: ئیمان: ئەمیش لایەنی هەست و تەصەوراتەکانە لای مرۆڤ، تا لەرێیەوە پەیوەست بێتەوە بەخودای گەورەوە وە بڕوای بەخودا هەبێت لەدنیادا، نەفسی پەیوەست بکات بەرۆژی دوایی و قیامەتەوە پاش مردنەوە تا گەیشتنی مرۆڤ بە بەهەشت، ئەمەیە کە خودای گەورە داوامان لێ دەکات، یان تاگەیشتن بەئاگر پەنا دەگرین بەخودای گەورە کە لەئەهلی ئاگرو دۆزەخ نەبین ..

ئەم ئیمان و هەست کردنە بنەمایەکی گەورەیە، ئەمە ئەرکی یەکەمی ئیسلامە، پاشان هەر ئەم ئیمانە دەبێتە هۆی تەقینەوەی وزەو توانا بۆ مرۆڤ، دەبێتە هۆی بەزەیی بۆ مرۆڤەکان، هەست کردنی مرۆڤ بە بەندایەتی کردنی دروستکارەکەی لەرێگەی نوێژەوە، خودای میهرەبان روونی دەکاتەوە کە هەستان بەکردنی نوێژ تەنها بریتیی نیە لەروو کردنە رۆژهەلات و رۆژئاوا، بەڵکو هەستان بەنوێژ بریتیە لەپەیوەندی کردنی دروستکراو بەدروستکارەکەیەوە بەدڵ و بەوپەڕی ملکەچیەوە، قورئانی پیرۆز ئەم تێگەیشتنانەی گۆڕی، ئەو رووکەشیەی کەئەوانی تر لەجولەکەو گاورو بێ بڕواکان تەفسیری دەکەن بەشێوە یا بە رووخسار، ئاینی ئیسلام هات تا تەفسیری ئەم کردارانە بکات بەشێوە راستیەکەی، بەشێوەیەك کە کار بکاتە ناخی مرۆڤەکان، کاریگەری بەجێ بهێڵێ لەسەر مرۆڤەکان، بەبەخشینی ماڵ و دارایی بەکەسانی هەژار، بەکەسانی دەست کورت و بێ دەرەتان، بۆ بێ دەسەلاتان، خودای گەورەو میهرەبان روونی کردۆتەوە کە لەبەخشینی ماڵدا

دوو هۆكاری سەرەكی هەیە، یەكەم و كۆتاییەكەی زەكاتە، زەكاتدانیش تەنها بەس نیە لە كاتێكدا ئوممەت پێویستی بەبەخشینی زیاتر هەبێت، خودای گەورە لەمانای چاكەكاریدا ئەم دوو سیفەتەی روون كردۆتەوە، چاكەكاری تەنها بە بەجێ گەیاندنی زەكات بەدی نایەت، بەڵكو بە بەجێ گەیاندنی زەكات و ئەركەكانی تر بەدی دێت، زەكات بریتیە لەبەخشینی زیاتر لەبری خۆی بەهەژارو كەم دەستان، ئەمە تەفسیری ئەو ئایەتانەیە كە لەسورەتی (الذاريات) دا هەیە، بەوەی خوای گەورە دەفەرموێت كە لەخوا ترسان ئەوانەن كە لەبەهەشتی پڕ لەئارامیدان، وەسفیشیان دەكات بەوەی كە ئەوان لەپێش ئەوەدا چاكەكارن، خودای گەورە دەفەرموێت ﴿**إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ *آخِذِينَ مَا آتَاهُمْ رَبُّهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَلِكَ مُحْسِنِينَ * كَانُوا قَلِيلاً مِّنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ * وَبِالْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ﴾الذاريات**( 15-18 ) خودای گەورە روونی دەكاتەوە كەبەدەست هێنانی ئەو بەهەشتەی كەپڕە لەئارامی و باخات و گوڵ و گوڵزار بەدەست نایەت مەگەر ئەوەی كە بگەیتە ئەو پلە گەورەیە، كە ئەویش قۆناغ و پلەی چاكەكارییە.

دەتوانین بڵێین واتەی (احسان)یش هەر بەكردنی كاری چاكە دێت خوای گەورەش دەفەرموێت هۆكاری ئەمانەی كەچاكە دەكەن ئەوەیە كەئەمانە پێشتر خۆیان چاكەكار بوون بەو هۆیەوەیە. هەروەها بەمانای (متقين) ش دێت واتە: (خۆپارێزەران لەتاوان) ئەوانەی كە لەهەموو كارەكانیاندا لەخوا دەترسێن و بۆیە لەم سۆنگەیەوە خوای گەورە بەسیفات و ناوی راستی خۆیان وەصفیان دەكات ... ئەویش بەوەی كەخوای گەورە ئەوەندەی تەركیزو جەخت لەسەر ناوەروك و ئەصڵی بابەتەكان دەكاتەوە، گرنگی نادات بەرواڵەت .. ئەگەر هەندێ جار بەرووكەش شتێك ببینرێت شایستە نەبێت یان بێزراو بێت لەناو خەڵك و كۆمەڵگەدا، ئەوا تەعبیر ناكات لەئیسلامی راستی بۆیە كاتێك ئێمە بەرێ دەكەوین بەرەو كەعبەی پیرۆز ئەمە هۆكاری ئەوكارە باشانەیە كەئێمە بەپێی فەرمانەكانی خوای گەورە جێبەجێی دەكەین، هەروەك چۆن حەزرەتی عومەر دەفەرموێت (كاتێك ماچی حجر الاسود دەكەین ئەوە نەبێت بەپیرۆزی رای بگیرین تەنها ئەوەیە كەپێغەمبەری خوامان بینیوە ﴿ﷺ﴾ماچی كردوە یان ئەگەر پێغەمبەرمان نەبینیایە ماچی بكردایە ئێمەش ماچمان نەدەكرد) دەبینین مەسەلەكە لەبەر جولەكە و مەسیحیەكان نیە.

لێرەدا ئایەتە پیرۆزەكە دابەزی كاتێك قورئانی پیرۆز باسی بێ بڕواكان دەكات، ئەوان خودا دەپەرستن بەشێوەیەكی نادروست، بتەكان دەپەرستن و دەیانەوێت لەو رێگەیەوە نزیك

ببنەوە لەخودا، ئەوان دەرۆن بۆ حەج و عەمرەو دێنەوە، تەنها بەرووکەش نەك لەناخەوە کاریگەربن خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوْاْ الْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَـكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى وَأْتُواْ الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾البقرة189، چاکەکاری لایەنی روحی خودا پەرستیە، مەبەستی سەرەکی لەتەشریعی خودای گەورە بۆ مرۆڤەکانە، تا مرۆڤێکی چاکە خوازو چاکەکاربن، هەتا ئامادەگیان هەبێت بۆ بەخشین و توانای گەشەپێدانی زەوی و ئاوەدانکردنەوەو برەو پێدانیان هەبێت بەوەی کەخودای گەورە بۆی دروست کردون.

رۆژێك دێت کەخۆمان نابینین لەکۆمەڵگە ئیسلامیەکەماندا، لەهەندێ روەوە لەکردەوەماندا دەڕۆینەوە سەر جولەکەو گاورەکان و چاو لەئەوان دەکەین لەگرنگیدانمان بەرووکەشیەکان، هەتا رووکەشی لەپەرستشدا، بەبێ ئەوەی کەئەو پەرستشانە کاریگەریەکی راستەقینە بەجێ بهێڵێ لەسەر روح و دڵمان، ئەمە ئەو چاکەکاریەیە کەخوای گەورەو میهرەبان دەیەوێت ئەم ئوممەتەی لەسەر پەروەردە بکات، ئەنەس دەڵێت کە گاورەکان لەپەرستشەکانیاندا روویان وەردەگێڕا بۆ رۆژهەلات، جولەکەکان بەرەو رۆژئاوا، لێرەوەیە خودای گەورە روونی دەکاتەوە کەپەرستش بەرووکەشی سوودی نیە بەڵکو ئەوەی کە کاریگەری بەجێ دەهێڵێت لەپەرستشەکاندا ئەوەیە کەناخت لەگەڵ بێت، لەمەبەستەکانی پەرستش تێبگەیت، تا ببینە کۆمەڵگەیەکی پێکەوە گرێ دراو، کۆمەڵگەیەکی خواپەرست، کۆمەڵگەیەکی پاك و روحانی، کۆمەڵگەیەکی خاوەن رەفتاری جوان.

رەگەزێك لەرەگەزەکانی چاکەکاری بریتیە لەرەگەزی قبوڵ کردن لەلایەن خودای گەورەوە، بەوەی کەدەبێت بڕوایەکی تەواوەتیمان بەخوداو مەلائیکەتەکان و کتێبەکان و نێردراوەکانی هەبێت بەو جۆرەی کەخودای گەورە دەیەوێت، هەر لەرێی ئەم ئیمانەوە پەیوەست دەبین بەخودای دروست کاری کەون و دروستکاری بەندەکانەوە، ئەو جۆرە رەوشتانە لەم جۆرە کردارانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەبەخشینی ماڵ و سامانەکان بەویستی خۆی دەیبەخشێ، لەگەڵ ئەمانەشدا بەبێ دیاریکردنی بڕ یاخود زیاد لەبڕی دیاری کراوی خۆی زەکاتیان بەخشیوە بەهەژاران و دەست کورتان، نابێت لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا هیچ هەژارو برسیەك هەبێت، ئەمان بەهۆی برسێتیەوە بمرن و کەسانی تریش ماڵ و سامانیان لابێت، بەراستی خودای گەورە لەسەر ئەمە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات، ئەگەر لەم لایەنی نەدانی زەکاتەوە سەیری ئەم ئوممەتە بکەین ئەوا جیاوازییەکی زۆر گەورە دەبینن،

دەبینین کۆمەڵگە بوە بەدوو بەشەوە، گروپێك بەهۆی زۆر خواردن و قەڵەوی و رەفاهیەتەوە دەمرن، گروپێکی تریش بەهۆی کەمی و نەبونی خوراك و نەتوانینی کڕینی داو دەرمانەوە دەمرن، ئەمە راستیەو بریتیە لەنەجولآنی هەستی ئیمانی و پەیوەندی نێوان بەندەو خوای گەورە، پەیوەندی نێوان دروستکراو دروستکار، ئەگەر ئەمانە مسوڵمان بن؟ کوا هەست و شعوریان؟ کوا هەست کردن بە برسێتی و نەخۆشی و نەبونی و ئازاری برسێتی و بێ دەرەتانی کەسانی تر؟

خودای گەورە لەوەصف کردنی ئەو چاکە کارانە، ئەو خێرخوازانە دەفەرموێت، کەئەمانە تەنها بەهۆی زەکاتەوە پارە نابەخشن، لەسورەتی (الذاريات) دا دەفەرموێت:﴿**وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِّلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ** ﴾**الذاريات** 19، نافەرموێت(حق معلوم) وەك ئەوەی لەسورەتی (العارج) دا کاتێك تەنها باسی رزگار بون دەکات لەئاگر دەفەرموێت:﴿**وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَّعْلُومٌ * لِّلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ** ﴾**المعارج** (24،25)، دەکرێ مرۆڤ تەنها بەهۆی زەکاتەوە لەئاگری جەهەنەم رزگاری ببێت، بەلآم بۆ گەیشتنە بەهەشت و سەرچاوەکانی پێویستە زیاتر زەکات ببەخشێ.

خوای گەورە نافەرموێ تەنها نوێژ بەجێبهێنن بەڵکو دەفەرموێت ماناو مەبەستەکانی نوێژ لەخۆتاندا بەرجەستە بکەن، لەبەجێ هێنانی نوێژدا دوو مەبەستی سەرەکی هەیە، یەکەمیان بەجێ هێنانی مەبەستەکانی نوێژ لەناو ناخی خۆتدا، کەئەمەش کاریگەریەکی زۆر دەکاتە سەر کردارو رەفتارو رەوشتەکانی مرۆڤ، کاتێك دەڵێی سوپاس بۆ خودای جیهانیان، سوپاسی خودا دەکەیت لەسەر بەخششەکانی، لێرەوە دەزانی کەئەم سوپاسە لەئیسلامدا تەنها بەوتنی زوبان نایەتەدی بەڵکو سوپاسگوزاری راستەقینە دەبێت بەسێ کردەوە بێت، بەدڵ و زوبان و کردار بۆیە خوای گەورە بەگەلی داودو بەگەورەمان داودیشی فەرموو ﴿ .... **اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْراً** ... ﴾**سبأ**13، وەك ئیمامی غەزالی لەباسی شکور کردندا دەڵێت: سوپاسگوزاری بریتیە لەوەی کە لەو بەخششەی کەپێت دراوە هەر لەخۆیدا سەرف بکەیت، ئەگەر خاوەن ماڵیت ئەوا هەر لەوماڵە ببەخشە لەپێناو خوادا، ئەگەر خاوەن زانستی ئەوا هەر لەو زانستە ببەخشە، ئەگەر خاوەن تەندروستیەکی چاکیت هەوڵی خزمەتکردنی خەڵکی و لابردن و چارەسەرکردنی گرفت و ناڕەحەتیەکانی سەریان.

كاتێك وەسفی خودا دەكەی بەبەخشندەو میهرەبان یان كاتێك دەڵێیت خودا بەخشندەیە خودا میهرەبانە، ئەوا تۆ دەبینیت هەوڵی نزیك بونەوە بدەیت لەخودا لەرێی بەرجەستە كردنی ئەم سیفەتە لەخۆتدا لەرێی بەخشندەیتەوە بۆ خەڵكی رەحم بەوانە بكەن كە لەسەر زەوین هەتاكو لەئاسماندا رەحمتان پێ بكات، ئەمە مەبەستی سەرەكیە لەهەستان بۆ نوێژ، دووەمیان هەتا دەتوانی نوێژەكانت بەكۆمەڵ ئەنجام بدە، ئەركی نوێژی بەكۆمەڵ ئەنجام بدە، تەركی نوێژی بەكۆمەڵ مەكەن تاكو دانەبڕێیت لەبراكانت، پاشان نوێژو زەكات و بەخشینی ماڵ خودای گەورە رەگەزێكی تر روون دەكاتەوە كەئەویش رەگەزی رەوشتە (ئەخلاق) ﴿... **وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا**....﴾**البقرة**177چاكە كاری و چاكەخوازی بەدی نایەت مەگەر ئەوەی كەمرۆڤ تەواوی پەیمان و بەڵێنەكانی بەجێ بگەیەنێت، خراپترین شت لای مسوڵمانان ئەوەیە كەپەیمان و بەڵێن جێبەجێ ناكەی ﴿**یَا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُواْ أَوْفُواْ بِالْعُقُودِ** ... ﴾**المائدة**1، لەكاتێكدا خودای گەورە فەرمان بەوە دەكات و دەفەرموێت ﴿....**وَأَوْفُواْ بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْؤُولاً**﴾**الإسراء**34، ئەگەر تەواوی سورەتی (**المؤمنون**) بخوێنینەوە چەند حاڵەتێكی باس كردوە لەنیشتەجێ بوانی فیردەوس، كەئەوان دڵسۆزن بەرامبەر بەوەعدو بەڵێنەكانیان، بەجێ هێنانی پەیمان و بەڵێنەكان لەگەورەترین بەها ئەخلاقیەكان و هۆكارێكی گەورەیە بۆ بەدیهێنانی شارستانی، رۆژئاواییەكان و ئەوروپیەكان نەدەگەیشتنە ئەوەی كەئێستا پێی گەیشتوون (الابعدما) ئەوانە زۆر پەیوەست نەبوون بەئاینەوە ویستیان چاكسازی لەسیستمی سیاسی و خوێندن و پاشان پەروەردەی نەوەكانیان بكەن لەسەر سێ بنەمای سەرەكی ئەوانیش بەرێزگرتن لەپەیمان و بەڵێن و رێزگرتن لەكات و رێزگرتن لەداهێنان كارییەكان، بەم سێ بنەمایە ئەوروپا توانی شۆڕش بەرپا بكات.

ئەم سێ بنەما ئاشتەواییەی لای خۆمان نیە، بەڵكو بنەمایەكی ئاینیە وە ئەم بنەمایە بەدەست نایەن مەگەر بەئیمان و خواپەرستی نەبێت، وەك خودا دەفەرموێت ﴿.... **أُولَـئِكَ الَّذِینَ صَدَقُوا وَأُولَـئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ** ﴾**البقرة** 177 ، راستگۆ و لەخوا ترس نابن مەگەر بەوەی كەدڵسۆز بن بەرامبەر پەیمان و بەڵێنەكانتان.

هەروەها ئارام گرتن لەسەر شتەکان سیفەتێکی ئەساسیە، رەوشتێکی بەرزە بەڵکو لەبەها رەوشتیە گەورەکانە، ئەمانە مەرج و سیفەتەکانی چاکەکاریە لەئیسلامدا نەك بە رووکەش و بەرزکردنەوەی چەند دروشمێك .

## جەوهەری ئیسلام چاکەخوازی و چاکسازیە

ئەگەر سەیری قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا بکەین، دەڵێین کە گرنگیەکی زۆر بەبواری چاکسازی دەدەن لەهەموو رووەکەوە، لەسەر ئاستی تاك و خێزان و خێڵ و گەلان، ئەم گرنگیەش بەجۆرێك رەنگی داوەتەوە، کە بوەتە دروشمی سەرەکی ئیسلام و مسوڵمانان، بەدرێژایی مێژووش پێغەمبەران هەڵگری ئەو دروشمەبوون، هەروەك قورئانیش لەسەر زمانی پێغەمبەر شوعەیب دەفەرموێت (....**إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الْإِصلاَحَ مَا اسْتَطَعْتُ ۚ وَمَا تَوْفِيقِي إِلاَّ بِاللَّهِ ۚ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ انِيبُ**) **هود**88، پەیامەکەی پڕکردۆتەوە لەسەر چاکسازی کەپەیامی پێغەمبەرانە، لەچاکسازی لەنێوان خەڵك، لەسەر هەموو ئاستەکان بۆ ئەوەی هەموولایەك بەخۆشی و ئاشتی و لێ بوردەیی و برایەتی بژین، هەموو برایەتیەك پێویستی بەئاشتەوایی هەیە، چونکە کەس بێ ناتەواوی نیە، بێ هەڵە نیە، بێ تورەیی نابێت، لەگەڵ بەرامبەرەکاندا هەڵە دەکات، لەبەرئەوە ئاشتی و چاکسازی پێویستیەکی بەردەوامە، هەر لەسەرەتاوە نابێت رێگەبدەین ئاگرەکە گەورەبێت، لەناوخێزاندا سەرەتا گرفتێکی بچوك سەرهەڵدەدات، بەلاَم لەدوایدا کاریگەری دەبێت بۆسەر منداڵەکان و بێ سەرپەرشت دەبن و پاشانیش لەنێوان دوو عەشیرەت و بنەماڵەدا گرفت دروست دەبێت، ئەمەش هەمووی بەهۆی گرفتێکەوە بووە.

خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات کە بەردەوام لە هەوڵی ئاشتەواییدا بین (واصلح الخير) لەم دەستەواژەیە، ئەوە تێ دەگەین کەدەبێت مرۆڤی مسوڵمان هۆشیار بێت و لەبەرامبەر

هەر کردارو گوفتارێکدا بەئاگابێت، جاری واهەیە مرۆڤ ووشەیەکی سادە دەڵێت و بەلایەوە گرنگ نیە، ئەمەش دەبێتە مایەی دروست بوونی فیتنە لەنێوان خۆیی و کەسانی تردا، یان ئاژاوەیەك لەنێوان خێزانەکان یان خێڵەکان یان گەل و نەتەوەیەك، جاری وا هەیە ووتەی سەرۆکێك دەبێتە مایەی دروست بوونی ململانێیەکی سیاسی گەورە. ئەمە پەیڕەو و پەیامی ئیسلامە، مسوڵمان دەبێت بەردەوام چاکسازو چاکە خوازبێت ﴿**لاَّ خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلاَّ مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلاَحٍ بَيْنَ النَّاسِ** ... ﴾**النسا ء**114، نابێت مرۆڤ خۆی سەرقاڵی کاری بێهودە بکات، دەبێت مسوڵمان بەردەوام لەچاکەکاری و خێردا بژی، لەم ڕێگەیەشەوە خۆشەویستی خەڵك بەدەست دەهێنێت و پێکەوە ژیان و لێ بوردەیی دەچەسپێت، مسوڵمان دەبێت بەردەوام فەرمان بەچاکە بکات، ئەمە لایەنێکی سەرەکییە کە دەبێت ئوممەت پابەندبێت پێوەی، ئەمە گەلان لەهەرەس دەپارێزێت، ئەگەر فەرمان بەچاکە هەبێت و ڕێگرتن لەخراپە هەبێت، ئەوکاتە گرفت ڕوونادات، دەبێت پەیوەندی نێوان مسوڵمانان لەسەر خێرو خۆشەویستی دامەزرابێت، کاتێك کە تۆ برای مسوڵمانێکی تری، پێویستە لەسەرت کە لەگەڵیدا چاکەکار بیت، خۆشت بوێت، چاکەکاری وەك پێغەمبەری خوا لەفەرمودەیەکدا دەفەرمویێت تەنها بە ماڵ نیە، بەڵکو بەووتەی جوانیش دەبێت، بەزەردەخەنەیەك بەڕووی براکەتداو سەردانی کردنی و سەردانی نەخۆش و لێپرسینەوە و هاوکاری کردنی ئەمانە هەمووی چاکەکارین، لەفەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا لە بوارەکانی ئاشتیدا مرۆڤ بە 360 جومگە دیاری دەکات، لەسەر هەربڕگەیەك چاکەیەك هەیە، چاکەکاری زۆر جۆرە، چاکەکاری بنەمای شتەکانە، چونکە ئەگەر تۆ بەخێر ئیش نەکەیت کەواتە بەزۆر کار دەکەیت، ئەگەر بینیت لەنێوان دووکەسدا لێك تێنەگەیشتنێك هەیە، دەبێت تۆ هەوڵی چاك کردنیان بدەیت، دەبێت فەرمان بەچاکە بکەیت و ڕێگە لەخراپە بگریت بەوەدەبێت تۆ بەردەوام سەرقاڵی چاکەخوازی بیت، ئەمە سیمای کۆمەڵگایەکی ئیسلامی ڕاستەقینەیە، بەبێ ئەمە گرفت و دووبەرەکی و ناڕەحەتی دروست دەبێت، هەروەك ئێستا لەنێوان گەلانی ئیسلامیدا دەیبینن، ئەمە گەورەترین ئەو دروشمەیە کەخوای گەورە کردویەتیە گەورەترین دروشمی ئیسلام، هەر ئەم دروشمەشە کە پێغەمبەران لەئادەمەوە هەڵیان گرتووە هەتا محمد پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ کۆتا پێغەمبەر، ئەم چاکسازییە دەبێت لە نێوان تاك و خێزانەکاندا

بێت، خوای گەورەش دەفەرموێت: ...إِن يُرِيدَا إِصْلَاحاً ..النساء35، واتە دەبێت دادوەرێك هەبێت لەخزمان بۆچارەسەری گرفتی خێزانەکە ئەو کەسانە دەبێت کەسانی چاکەخوازو چاکسازبن، پێویستە ئەمانە بێنەناوەوە، ئەگەر زانایان پسپۆڕبن لەکۆمەڵگەدا (يوفق الله بينهما) خوا نێوانیان چاك دەکاتەوە، نابێت لێ بگەڕێن ئەو کێشانە درێژە بکێشن و چەندان ساڵ بخایەنن، دەبێت کێشەکان بەدانایی چارەسەر بکرێن، ئەمە بۆ کێشەی نێوان تاکەکان و نەتەوەکان و دەوڵەتانیش راستە.

جاران کێشەکان لەناو یەك دەوڵەتی ئیسلامیدا بوو، یان لەناو خێزانێکدابوو، بەڵام ئەمڕۆ ئوممەتی ئیسلامی بەهۆی رێکەوتننامەی سایکس بیکۆ وە پارچە پارچەبووە بۆ نزیکەی 67 دەوڵەت، پاش دابەش بوونی زۆر کێشە لەنێوان ئەم دەوڵەتانە بەپلانی داگیرکەر دروست کرا، کێشەی سنوریان لەهەر وڵاتێکدا بەجێ هێشتووە، لەدوای خۆیان هەزاران گرفتیان بۆ دروست کردووە.

ئەو کاتەی کە بەریتانیا لە عێراق بوو دەیتوانی کێشەی عێراق و کوەیت چارەسەر بکات ئەو کاتە ئەو دەسەڵاتەی هەبوو، دەیتوانی کێشەکان چارەسەر بکات، ئەم کێشانە وەك لوغم وان هەرکاتێك بتەقنەوە دەتەقنەوە، لەسەرەتای سەدەی 19 دا ئەوکاتە دەوڵەتی عوسمانی هەبووە، قەیرانی عەرەبایەتی و تورکایەتی دروست کرد، ئەو دوو نەتەوەی کرد بەگژیەکدا و ئوممەتی ئیسلامی هەڵوەشاند.

ئێستاش زۆر کێشەی تری دروست کردووە لەوانەش تائیفی، تائیفی ئاینی بێت وەك لەنێوان مەسیحی و مسوڵماندا، وەك ئەوەی ئێستا لەنێجیریا دەبینرێت، لەنێجیریا کۆمەڵەی (بۆکا حەرام) هەیە کە مەسیحیەکان دەکوژن و مەسیحیەکانیش مسوڵمانەکان دەکوژن و مزگەوتەکانیان دەسوتێنن و بێتاوانانیش دەکوژن، هەروەها ئەوەی ئێستا هەستی پێ دەکرێت مەترسی شیعەو سوونەیە، کەزۆر مەترسیدارە ئیمپریالیزم زۆرکاری لەسەر دەکات کە لەم رێگەیەوە جارێکی تر گەلانی ئیسلامی بەیەکەوە سەرقاڵ بکەن، دەسەڵاتداران لەووڵاتە سونی و لەئێرانی شیعیی بەرپرسن لەمە، چەندە بووە هۆی ناڕەحەتی و ئازارمان چەشت بەدەست ئەم هەموو سەروەت و سامانەی  کە خودای گەورە  پێی بەخشیوین لەجیهانی ئیسلامی و ووڵاتانی عەرەبی و بەتایبەت ووڵاتانی کەنداو هەموو دەساڵ جارێك یاکەمتر شەڕ و ئاژاوەیەك روو دەدات لەناوچەکەمان، بەهۆی تەماعی

زلهێزان له سەروەتی ناوچەکەمان، له ئەنجامی ئەم شەڕانەشەوە بەشی زۆری ئەم سەروەتانەش دەچنە گیرفانی ئەو لایەنانەوە کە ئاشوبەکە دەنێنەوە.
بۆ نموونە جەنگی ئێران و عێراق کەتیایدا تەڕو وشك سووتا، خەرجی تەواوی ئەم شەڕە لەسەر حسابی سەروەت و سامانی مسوڵمانان بوو، پاش ئەوە داگیرکردنی کوەیت، کە تیایدا نزیکەی 500 تا 700 ملیار دۆلار سەرف کرا، پاشان داگیرکردنی عێراق کە لەگیرفانی گەلانی ناوچەکە نزیکەی (3 ترلیۆن) دۆلاری تێدا سەرف کرا، له هەشتاکانەوە هەتا ئێستا، ئەگەر بیان ژمێرین، دەبینیت کە مسوڵمانان زیاتر له (3 ترلیۆن) دۆلاریان زیان کردووە، جگە لەزەرەرو زیان لەچەندان بواری تر، کە تێچووی هەموویان لەم سامانە پیرۆزە بوون، ئەمە جگە له بە سوپایی کردنی دەوڵەت و دام و دەزگاکان و چەکداری کردنیان، کاتێ کە هەر گرفتێك روو دەدات، وەك ترسان لەعێراق بۆ نموونە، یەکسەر دەوڵەتەکان دەست دەکەن بەکڕینی چەك، دەوڵەتە زلهێزەکان لەمەدا سوودمەندبن، ئەو چەك و ئەصڵەحانەش لەکاتی خۆیدا بەکار نایەن و دەمێننەوە، لەکاتی جەنگەکانیشدا جگە لەکەمێکی هیچی لێ بەکارنەهات و لەکۆتایشدا دەبێت هانا بۆ ئەوان ببەن و چاوەڕێی ئەوان بن، ئەمە گرفتێکە گەورەیە، دەبێت ئێمە لەسەر ئاستی وولاتان، یان لەسەر ئاستی گەلان، راشکاو راستگۆبین لەمەدا، خوانەخواستە گەر ئێستە شەڕێك رووبدات، وەك شەڕی پێشووی ئێران و عێراق نابێت، یان وەك داگیرکردنی عێراق، بەڵکو دەبێتە کارەساتێکی زۆرگەورە، چونکە ئەم ناوچەیە بریتیە لەناوچەیەکی گەورەی پترۆڵ و نەوت هەموویان خاوەنی پالاوگەو کارگەی غازن، ئەگەر خوانەخواستە کێشەیەك دروست بێت، ئەوا دۆڕاو تیایدا ئێمەین، بۆیە پێویستە دەسەڵاتدارە خاوەن ئەقڵەکان لەهەردوولا هەڵوێستەیەك بکەن، لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت بۆچی ئەمەریکا نامە بۆ خامنەی رابەری ئێران دەنێرێت؟ بۆچی بۆ ئێمەی نانێریت؟ چونکە ئەوان گرنگی بەکاروباری خۆیان دەدەن، ئەی بۆ ئێمە وابێ نرخ سەیری شتی خۆمان دەکەین و گرنگی پێ نادەین، ئەوان خەریکی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیانن، پێویستە لەسەر ئێمەش پارێزگاری بکەین لەعەقیدەو بەرژەوەندیمان، نەهێڵین ئەم ناوچەیەمان ببێتە شوێنی کێشەو ململانێ و جەنگ لەنێوان ئەمەریکا و ئێراندا لەسەر حسابی ئێمەو خاك و ئاومان تەسفیەی حساباتی خۆیان بکەن، چونکە لەم ململانێیەدا ئەوەی کە زیانمەند دەبێت ئێمەین، من لەو بڕوایەدام کە ئەگەر ئەم دەنگانەمان بگەیەنینە کاربەدەستانمان، کە یاریدەدەرو هاوکاری داگیرکەران نەبن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان،

چونکە ئەمە کردارێکی راست نیە، راستی ئەوەیە کە ئێمە هەرچەند لەرووی تائیفیەوە جیاواز بین یا لەهەر روویەکی ترەوە، ئەوا ئێمە لەژێر پەردەی ئەم ئیسلامەداین، بەهەموو جیاوازییەکانمانەوە یەك رووگەمان هەیە، بەرژەوەندییەکی هاوبەشمان هەیە، ئەگەر پەیامێك لەلایەن وولاَتانی کەنداوەوە گەیشتە دەست ئێرانیەکان و راستیەکانیان تیادا روون کردەوە، دەبێت ئەوانیش وەلاَمێکی گونجاو بدەنەوە، ئەگەر وەلاَمیان نەبوو ئەوا خۆیان بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن، گرنگ ئەوەیە کاربەدەستانمان سیاسەتێکی سەربەخۆو ئاڕاستەکراویان هەبێت، کە هەڵقولاَوی ئاین بێت و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان بێت.

بابەتەکە بەتەواوی هەستیارەو دۆخەکە بەتەواوی ترسناکە، دەبێت ئێران بەتەواوەتی بەرپرسیارێتی ئەم کارەو دەرەنجامەکانیشی هەڵبگرێ و قبوڵی بکات، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە لەسەر هەمووومان وەك زانایان و شارەزایان و خاوەن دەسەلاَتان و گەلان کە بگەڕێین و هەوڵ بدەین بۆ چاکسازی، تا وا نەبێت کە هەموو بابەتەکە لەچوار دەوری بابەتی کورەی ئەتۆمیدا بێت، چونکە ئەمە گرنگ نیە بۆ ئێمە، ئیسرائیل بۆمبێکی ئەتۆمی هەیە باوادابنێین کەئێرانیش بۆمبێکی هەیە، کەواتە گرفتەکە لەنێوان ئێران و ئەمەریکاو ئیسرائیلە، نابێت ئێمە تەرەف بین لەکێشەکەدا، ئەم کێشەیە بەهەر ڕێگەیەك بێت دەبێ چارەسەر بکرێت، گەر وانەبێت ئەوە کارەسات روو دەدات، هەندێ بەڵگەنامەم بەرچاو کەوتووە تیایدا هاتووە (ئەگەر توانیمان بەسوننە لەشیعە بدەین بەپێچەوانەوە ئەوا بۆ سەدان ساڵ جەنگ بەردەوام دەبێت) بەم شێوەیە ئیسرائیل ئاسوودە دەبێت و ئێمەی گەلانی ئیسلامیش بۆ سەدان ساڵ لە ئاژاوەداین، ئەمەش دەمان گێڕێتەوە بۆ مێژوو وەشاهیدی ئەو رووداوانەی پێشووی ناو مێژووی ئیسلامی دەبین، کاتێك ئەم ئاژاوەو دووبەرەکیی و جیابوونەوەیە بەتەواوی سەری هەڵدا سەلیبیەکان هاتن (90) ساڵ قودسیان داگیر کرد، بۆ سەدان ساڵ بەشێك لەشامیان داگیر کرد، رزگار نەکرا هەتا صلاحەدین هات و فەتحی کرد، یەکەمین شت کەصەلاحەدین بیری لێ کردەوە یەکخستنی ئوممەت بوو، لەیەکخستنەوە بۆ رزگار بوون و فەتح کردن، ئوممەتی یەکخست و میسرو تونس و جەزائیری گەڕاندەوە بۆ باوەشی ئیسلام و بۆ ماوەی بیست ساڵ خەریکی یەکخستنی ئوممەت و ماوەی دوو ساڵیش جەنگی هەلگیرسان، لەجەنگی (**حطين**) دا خاچ پەرستانی شکاند، قودسی گەڕاندەوە بۆ ئیسلام و مسوڵمانان.

## قورئان سەرچاوەی روشدو کامەرانی مرۆڤایەتیە

بێگومان مرۆڤایەتی بەدرێژایی سەردەمەکان یاساو سیستمە مرۆڤ کردەکان و یاساو ئەزمونە مرۆڤیەکانی تاقیکردەوە، هەموو سەردەمەکان و بەدرێژایی مێژوو هەموو ئەوانە ئەزمون کران.

سەرەنجام دەرکەوت کەئەو سیستمە مرۆڤانە ئەو یاسا دانراوانە لەلایەن مرۆڤەوە، ئەگەر لەروانگەو نیگای خوایی و ژێر رۆشنایی پەیڤەکانی خوای گەورەدا نەبێت، بەرێنمویی خوایی بەهرەوەر نەبێت، هەرگیز دادپەروەری و یەکسانی و چاکە بەدەست ناهێنێ، بەڵکو لەجیاتی ئەوە بەرەو ئارەزوو پەرستی مرۆڤ دەڕوات، یا لەبەرژەوەندی گەلێك لەسەر حسابی گەلێکی تر، یا هۆزێك لەسەر حسابی هۆزێکی تر، یان چینێك لەسەر چینێکی تر، سەرەنجام ستەمێکی زۆرو ناهەقی گەورە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی روویداوە.

ئەوەتا رۆمانەکان کاتێ گەیشتنە پێشکەوتنی ژیاری لەسەردەمی خۆیدا، کاتێ یاسای ناسراوی رۆمانیان دانا، بەرەو لایەنگیری رۆمان چوون، بۆیە مافی رەواو یەکسانیان نەدا، کەسێتی و مافی کڕین و فرۆشتن و مامەڵەیان تەنها بۆ رۆمانیەکان بە رەوا زانی، لەناو ئەوانیشدا ئەو مافە تەنها بۆ براگەورە بوو، ئیتر برای بچوك و خۆشك و کچان ئەو مافەیان نەبوو و بێ بەش کران.

کاتێکیش وڵاتانیان داگیر کرد هەمان مامەڵەیان لەگەڵ کردن، کاتێ (میصر) یان داگیر کرد مافیان بەگەلی میسر نەداوە، لەکاتێکدا هەروەك رۆمانیەکان شوێنکەوتەی ئاینی مەسیحی بوون، تەنانەت مافی کڕین و فرۆشتنیان نەبوو.

بەهەمان شێوە ئەگەر پەڕاوێکی مێژوویی، یان هەر پەڕاوێکی یاسایی بخوێنێتەوەو لەم سەرەدەمەشدا کە دەنگۆی مافی مرۆڤ و یەکسانی هەیە، بەڵام بێگومان هەموو مرۆڤێکیش دەتوانێ ئەم جیاوازییە هەست پێ بکات کە بەئاشکرا لەئەمەریکا دەتوانین جیاوازی مامەڵە ببینین لەنێوان کەسێکی ئەمەریکی و کەسێکی غەیرە ئەمەریکی جا هەرکەسێك بێت.

رووداوەکانی ئەم دواییەش کەناسراوە بە (11) ی سێبتمبەر، رەگەز پەرستی رۆژئاوا و مامەڵە نامۆکانی ئاشکرا کرد، بەتایبەت بەرامبەر مسوڵمانان بەشێوەیەك هەرچەندە ئەو کەسە خاوەنی رەگەزنامەی ئەمەریکیش بێت، بەڵام وەك ئەمەریکیەکی رەسەن مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە، لەکاتێکدا ئەمەریکیە رەسەنەکانی ئێستەش خاوەنی راستەقینەی ئەمەریکا نین، بەڵکو خاوەنی راستەقینە (هیندیە سورەکانن).

یاساکانی نەتەوە یەکگرتوەکانیش کەبەسەر جیهاندا جێبەجێ دەکرێت، کە لەساڵی 1945 دانراوە، ئەویش لەدوای دوو جەنگی گەورەی جیهانی مەترسیدار کە ملیۆنەها بەڵکو دەیان ملیۆن کەس بونە قوربانی ئەو جەنگانەش هەر بەهۆی ستەم و نایەکسانی و رەگەز پەرستی روویاندا، کاتێ وڵاتانی هاوپەیمانی و براوەکان کۆبونەوەو یاسای نەتەوە یەکگرتوەکانیان نوسی لەسەر بنچینەی دادپەروەری و یەکسانی و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی، لەم کاتەشدا مرۆڤایەتی لەرەگەز پەرستی رزگاری نەبوو، هەر بۆیە مافی ڤیتۆ درا بەو پێنج وڵاتە سەرکەوتوەی جەنگی جیهانی، مافی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکان، ئەمەش واتە: ئەمڕۆ کەدوو سەد وڵات ئەندامی تەواون و هەمیشەین لەنەتەوە یەکگرتوەکان، لەزیاتر لەدووسەد دەوڵەت و قەوارە ئەگەر هەموویان کۆدەنگ بن و بڕیار لەسەر بابەتێك بدەن، نوێنەری یەك دەوڵەت وەك روسیا، یان ئەمەریکا، یان چین، یان بەریتانیا، یان فەرەنسا دەتوانێ ئەو بڕیارە بەئاماژەیەك هەڵوەشێنێ، ئەگەر پێنج ملیارو پێنج سەد ملیۆن مرۆڤ بە (بەڵێ) بڕیار بدەن، لەبەرامبەردا روسیا بڵێ (نەخێر) ئەوە روسیا سەردەکەوێت و بەپێچەوانەشەوە هەروایە، بەهەمان شێوە نوێنەری بەریتانیا کەحەفتا ملیۆن کەسە، دەتوانێ بڕیارێکی کۆدەنگی نەتەوە یەکگرتوەکان هەڵوەشێنێ کە هەموو مرۆڤایەتی کە حەوت ملیار کەسە، ناتوانێ بەرامبەر بڕیاری یەکێك لەو پێنج

وڵاتە بوەستێ، بەم شێوەیە ئەوان نەتەوە یەکگرتوەکانیان لەبەرژەوەندی خۆیان داناوە، بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایش، بەڵام نەك بۆ هەموو گەلان بەڵکو بەرژەوەندی ئاشتی و ئارامی دەوڵەتەکانی خۆیان، گەورەترین بەڵگەش ئەوەیە کە لەفەلەستین روو دەدات، تا ئەمڕۆ (300) بڕیاری نێودەوڵەتی لەلایەن ئەمەریکاوە ڤیتۆ کراوە، هەندێکیان ئەگەر ئەمەریکاش بڕیاری لەسەردابێت، بەڵام نەچوەتە بڕگەی (حەوت) ئیتر بابەتەکە کۆتایی هاتووە بەبێ هیچ سەرەنجامێك.

بەراستی مافی ڤیتۆ بۆ ئەو پێنج وڵاتە، مافێکی ستەمکارانەیە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مرۆڤایەتی هێشتا ئازاد نەبوەو رزگاری نەبووە لەرەگەز پەرستی، کەواتە مرۆڤایەتی ناتوانێ دادپەروەر بێت لەگەڵیان، جگە لەخۆیان ناتوانێ لەگەڵ خۆشیدا دادپەروەر بێت، هەمیشە لایەنگیری دەکات.

لێرەدا نیگاو سروشتی خوای بەدیهێنەری مرۆڤاکان دێت و هەموو مرۆڤەکان لەلای خوای گەورە یەکسانن، ئەگەر کەسێك لەخوا ترسترو پارێزگارتر بێت لەگەڵ ئەمەشدا پەروەردگاری جیهان بەسۆزو میهرەبانە لەگەڵ هەمویاندا لەدنیادا، سۆزو میهری خوا لەدونیادا جیاوازی ناکات لەنێوان مسوڵمان و بێ باوەڕ، ئەوە سۆزو بەزەیی خوایە لەقیامەتدا کەمسوڵمانان لەبێ باوەڕ جیادەکاتەوە.

خوای گەورە دەفەرمویێت: **﴿وَالْأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ﴾الرحمن** 10، **﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَ رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾الأنبيا ء**107

لەم روانگەوە پێویستی تەواوی ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کەدەبێت بنچینەکانی یاسادانان پشت ئەستور بێت و لەسەر بنەمای یاسای خوای پەروەردگار سەرچاوە بگرێت، کەجیاوازی لەنێوان مرۆڤەکاندا ناکات، ئەگەر بەکارو کردەوە نەبێت، رێزی عەرەب ناداتە ناعەرەب وە رێزی ناعەرەب نادات بەسەر عەرەبدا، رێزی رۆژئاوا نادات بەسەر رۆژهەڵات وە رێزی رۆژهەڵاتیش نادات بەسەر رۆژئاوادا، مەگەر بەکرداری چاك و پارێزگاری و تەقوای خوا، ئەوەش تەرازویەکە تەنها خوای گەورە خۆی دەیزانێت.

هەموان ئەو راستیە دەزانن کە جگە لەئیسلام مرۆڤایەتی نەیتوانیوە دادپەروەری لەنێوان دینێك و یەکێکی تردا رابگرێت، پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هاتە مەدینە، پەیمانێکی (47) بەندی نوسی (27)خاڵیان دەربارەی جولەکە و ئاینەکانی تری جگە لەمسوڵمانان بوو، هەموو مافێکی هاوڵاتی پێ بەخشین، بۆ یەکەم جار لەمێژوودا ئیسلام

ئەوەی تۆمار کرد، کەهەر کەسێ شتێ بەدیل و گیراو ببەخشێ، ئەوە خوای گەورە پاداشتی گەورەی بۆ دەنوسێت: ﴿وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِيناً وَيَتِيماً وَأَسِيراً * إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لاَ نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاء وَلاَ شُكُوراً﴾الإنسان(8-9)

خۆ ئاشکرایە ناگونجێت ووشەی (اسیر) بەسەر مسوڵماندا ببڕێت، بەڵکو گیراو ئەسیر، بریتیە لەکافرێك کە لەلایەن مسوڵمانێکەوە بەدیل گیرا بێت، واتە کەسێکی شەڕکەر دەگیرێت، بەڵام تۆ چاکەو دادپەروەری لەگەڵ دەنوێنی.

بێگومان ئەو قورئانەی خوای گەورە ناردی بۆ مسوڵمانان خۆی لەخۆیدا رەحمەت و سۆزو بەزەیی خوا بوو بەجیهانیان، چونکە هەر ئەوە دەتوانێت دادپەروەری راستەقینە بچەسپێنێت.

هەر لەژیانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبابەتێکی دادگەریدا کە پیاوێکی جولەکە تۆمەتبار کرابوو، گومانەکان لەدەوری ئەو بوون، بەڵام بێ تاوان بوو، هەندێ لەمسوڵمانەکان دەچونە خزمەت پێغەمبەری خوا کەلایەنگیریان بکات، زۆری نەمابوو پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەقسەکانیان کاریگەر بێت و بەسروشتی مرۆڤانەی خۆی بڕیار بدات، خوای گەورە لەسەرووی حەوت ئاسمانەوە ئایەتی ناردە خوارەوەو فەرموی: ﴿وَلاَ تَكُن لِّلْخَآئِنِينَ خَصِيماً﴾النساء 105

مەبە بەپارێزەری کەسی خیانەتکار، درۆزن، تاوانبار، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ دادپەروەریبە، لەگەڵ هەق و راستی بە، جا هەق و راستی لای مسوڵمانان بوو یان لای کەسێکی تر، ئیتر جولەکەکە بێتاوان دەرچوو و بڕیار لەبەرژەوەندی ئەو دەرچوو، لەبەرامبەردا ئەو هاوەڵەی لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) جیهادی دەکردو تێ دەکۆشاو شمشێری هەڵدەگرت و بەرگری لەپێغەمبەر دەکرد، بڕیار لەسەر ئەو و لەدژی ئەو دەرچوو، بەڵکو خوای گەورە ئایەتی قورئان دادەبەزێنێ و بە (خیانەتکار) ناوی دەبات، چونکە ویستویەتی راستیەکان بشێوێنێ، ئەوەش خیانەتە، بەرگری کردن لەناڕەوا خیانەتە، مسوڵمانانیش هەرگیز بەرگری لەناڕەوا ناکات، جا بۆخۆی بێت یان بۆ کەسێکی تر.

لەگەورەترین بەخششەکانی خوا بۆ ئەم ئوممەتە، بریتیە لەم قورئانە پیرۆزە، کەخوای گەورە پاراستویەتی و بڕیاری پاراستی داوە، چونکە مرۆڤایەتی بەبێ وەحی خوایی گومڕا دەبێت، هەروەك پێشتر گومڕا بوو، ئاژاوەو ململانێ بەرپا بوو، هەندێکیان هەندێکی تریان دەخوارد و دوژمنایەتی بەرپابوو، هیچ مەرجەعیەتێك نەبوو بڵێت: ئەوە راست و هەقەو

ئەوەش نارەوایە جا ئەگەر وەحی خوا نەبوو، ئیتر یاسای جەنگەڵ و هێز دەور دەبینێ، هەروەك ئەمڕۆ دەبینین ماوەیەکی زۆر رۆژئاواش یاسای هێز جێبەجێ دەکات، بەڵگەش فەلەستین و هەموو شوێنەکانی ترە.

لەبەرئەوە پابەند بوون بەم قورئانە رێگای رزگاریە، رێگەی بەختەوەریە، رێگەی سەرفرازی و رێزە، جێگەی داخە کاتێك لەمیصرو تونس یان ئەو ولآتانەی لەستەم و دوژمنایەتی و لەسیستمی ستەمکاری رزگاریان بوو، بەویستی خۆیان ئیسلامیەکانیان هەڵبژارد، ئەوانەی پابەندی قورئان و سوننەتن (دوعای پابەندیان بۆ دەکەین) لەم کاتەدا بەچەندین شێواز کەسانێك هەن دەیانەوێ ئەو بارودۆخە بشێوێنن و گومان دەبەن کە ئەمە بابەتێکی حیزبی نیە، بەڵکو پابەند بوونە بەپەڕاوی خوا، باشتر وابوو کە ئەو کەسانە بێن و دیراسەو لێکۆڵینەوەی قورئان بکەن و قورئان بکەنە بەڵگە، ئیتر لەروانگەی قورئان بڕیار لەسەر ئەو کەسانە بدەن، خۆ ئەگەر وردتر بڕاونین، دڵنیا دەبین کە قەیرانەکانی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە رەوشتیەکە، ئەوانەی بوونە هۆکاری دروست بوونی ئەو گرفتە کەسانێك بون خیانەتیان لەئەمانەت کرد، شەهادەی ناڕاست و ناڕەوایان بەخشی، سەرەنجام ئەوە روودەدات کەروویدا، کاتێ بۆ پڕۆژەیەك بۆ نمونە پێویستی بە (600) ملیار دۆلار هەیە، بڕی زیاتر لە (9) ترلیۆن دۆلار، بەڵکو (19) ترلیۆن دۆلاری بۆ خەرج دەکەن و بەئەوراق و سەنەداتی خەیاڵی خەرجی بۆ دەکەن، دواجار ئەم گەندەڵیە بووە هۆی دارمانی جیهانی ئابوریی، ئەمەش هۆکارەکەی گرفتێکی ئەخلاقیە.

لەبەرامبەردا سەیری ئەو کیژە بچوکە بکە کەرەنگە چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆزی بیستبێت، ماوەیەکی کەم بەپەروەردەی قورئان و فەرمودە گۆشکرا بێت، دایکی هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی لەشیرەکەدا غەش بکات، دایکی چونکە لەسەردەمی جاهیلی دا ژیاوە و ئەو کاریگەرییەی لەسەرماوە بەکچەکەی دەڵێت: کچم برۆ هەندێ ئاو بکەرە ئەو شیرەی دەیفرۆشین خۆ عومەر دیار نیە، ویستی خوای گەورە وایە کە لەو کاتەدا عومەر لەنزیکیان دەبێت و گوێی لەم گفتوگۆیە دەبێت، کچە بچوکەکە دەڵێت، دایکی شیرینم، خۆ ئەگەر عومەر ئاگای لێ نەبێت، بەلأم پەروەردگاری عومەر ئاگادارەو هیچ شتێ لەو ناشارێتەوە، ئەو کچە فەموردەی پێغەمبەری بیستوە کەهەر لاشەیەك بەحەرام گۆشکرا، ئاگر لەپێشترە بۆی، ئیتر دایکی ئاگادار دەکاتەوەو ئامۆژگاری دەکات تا دەیخاتە گریان، پاشان پەشیمان دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆلای خوا.

ئەو کچە منداڵە وانەیەکی وا بەدایکی دەدات کە هەرگیز لەبیری نەچێتەوە، خوای گەورە ئەو کچەی ڕێزدار کرد، چونکە عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) داوای کرد بۆ یەکێك لەکوڕەکانی، لەشیر فرۆشێکەوە بوو بەهاوسەری کوڕی خەلیفەی مسوڵمانان.

کاتێ ئایەتی دابەزینی حەرام کردنی عارەق دابەزی  ﴿ **فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ** ﴾**المائدة**91، ئەنەس دەفەرموێت: من لەو کاتەدا بەلای هەندێ کۆڕو کۆبونەوەدا دەڕویشتم کە هێشتا عارەق حەرام نەکرابوو، لەو کاتەدا پێم رادەگەیاندن کەخوای گەورە عارەقی حەرام کردوە: ﴿ **فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ** ﴾**المائدة**91، لەوکاتەدا پێکەکان بەدەستیانەوە بوو، پێکەکەیان بەرز نەدەکردەوە بۆ دەمیان، بەڵکو لەگەڵ بیستنی فەرمودەکە عارەقەکەیان دەڕشت، ئەوە ئیمان و باوەڕە.

لەسەردەمی عومەریشدا کاتێ پیاوێك ئاڵتون و بازنەکانی کیسرای گرت بەدەستەوە کە بەپارە نەدەژمێرا، ئەو هەڵیگرت و تەسلیمی سەعدی کرد، ئەویش گەیاندی بەدەستی حەزرەتی عومەر، رای جیاواز هەیە دەربارەی ئەو تێکۆشەرە چونکە لەو کاتەدا دەم و چاوی پێچرابوو، کەس نەیزانی کێیە، ئیتر هەرگیز ئەوەی بەبیردا نەهاتووە کەشتێك لەو خەزنەیە هەڵبگرێت، ئەوە تەنها ئیمان و باوەڕ پیاوی ئاوا دروست دەکات.

ئەو کەسە ئەمەریکیەی بوە هۆی دارِمانی گەورەترین بانکی ئەمەریکی، ئەو لەگەڵ ئەوەی دەیزانی بانکەکە لەدارِمان دایە، بەلاّم راپۆرتی دەنوسی کە گوایە بانکەکەیان بەملیارات دۆلار قازانجی کردوە، تا گەیشتە ئاستێك (500) ملیۆن دۆلار بەخشش کرا، بەلاّم ئێستا لەزینداندایە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەم دوو نمونەدا.

بۆیە بەدڵنیاییەوە هیچ بەخششێك بۆ مرۆڤایەتی نیە گەورەتر لەقورئان و ئیسلام: ﴿**يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُم بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ** ﴾**الحجرات**17

لەنەزانی و دووبەرەکی و ناکۆکیەوە هیدایەتی دان بۆ باوەڕو راستی و ناسینی خوای گەورەو بەختەوەری و دادپەروەری و ئازادی، بۆ ئەو هەقەی کەئیسلامە، ئەوە قورئانی پیرۆز﴿**إِنَّ هَـذَا الْقُرْآنَ يِهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْراً كَبِيراً**﴾**الإسراء** 9

ئەم قورئانە باشترین رێگەمان نیشان ئەدا، گرفتی ئێمە ئەوەیە بەتەواوی پابەندی قورئان نین، گرفت لەئیسلام و قورئاندا نیە.

بەراستی من ئەمەم لەگەڵ گەورەترین کەسی ئابورناسی ئیتاڵی تاقیکردەوە، لەساڵی 1960 دا خەڵاتی وەرگرتوە، کاتێك باسی هۆکاری قەیرانی ئابوریم بۆ کرد، ئایەتی قورئان و فەرمودەم بۆ باس کرد، زۆر بەسەرسامی پێی وتم: ئایا شتی وا، ئایەت و فەرمودەی وا لای ئێوە هەیە، یان ئەو شتانە بۆچونی خۆتن، وتم: داوای لێ خۆش بوون لەخوا دەکەم، ئەو وتانە قورئانی پیرۆزو سونەتی پێغەمبەرە، خۆ ئەگەر درۆ بەدەم پێغەمبەبەر ﴿ﷺ﴾ بکەم، ئەوە بەتەواوی لەئیسلام دەرچووم، ماوەیەك بیری کردەوە پاشان پێی وتم: سوێند بەخوا پێغەمبەرەکەتان کەسێکی رێزدارە، من ئەگەر رێز لەپێغەمبەری ئێوە بگرم، بڵێم چی باشە؟ ئێوە بۆ رێزگرتن لەپێغەمبەرکەتان چی دەکەن؟

وتم: ئێمە دەڵێین: (اللهم صل علی محمد وعلی ال محمد)، ئەویش وشەکانی لەگەڵ دووبارە کردمەوە(اللهم صل علی محمد وعلی ال محمد)

ئەوە ئەو قورئانە گەورەیە، بەلاَم ئێمە پارێزەرێکی خراپین (ئەگەر ئەو وشەیە راست بێت) زۆرجاریش هەندێ کێشەو بابەت ئەگەر دادوەرێکی خراپ و فاشیل لەپشتیەوە بێت، قەزیەکە دەدۆڕێنێ، بۆیە پێویستە لەسەرمان ئەم قورئانە مەزنە رۆشن بکەینەوەو رایبگەیەنین بۆ خەڵك، بۆ خەڵکی رۆشن بکەینەوە بڵێین: ئەی خەڵکینە ئێوە لەسەر گومڕایین، ئێوە لەسەر راستی و هەق نین، ئێوە لەسەر دادپەروەری نین، کوا دادپەروەری ئەگەر راستیەکانمان رۆشن کردەوە، ئەوا خەڵك قسەکانمان دەبیستێ من پێم وایە کەدەنگی راستی هەمیشە بیستراوە.

## هەست کردن بە بەرپرسیارێتی ...قەیرانی نەوەی نوێ

هەست کردنی بەرپرسیارێتی بابەتێکی پەروەردەیی گرنگە، ئەم بابەتە نابێت بابەتێکی رۆتینی بێت و تەنها لەڕێگەی یاسا و سزاکانەوە جێبەجێ بکرێت، بەڵکو پێویستە لەناخی مرۆڤدا بڕوێت، هەروەك هەر بابەتێکی تر کە لەڕێگەی هۆکاری پەروەردەوە لەناخی گەنجان و نەوەی نوێدا دەچەسپێت، خوای گەورە گرنگی ئەم هەستکردنەمان بۆ روون دەکاتەوە، لەڕێگەی پەروەردەیی لەکاتێکدا کەکێشەیەکی ئەمنی لەووڵاتێکی رۆژئاوایدا روو دەدات دەبینین وەزیر یان سەرۆك دەوڵەت دەست لەکار دەکێشێتەوە، بەڵام لەوڵاتەکانی ئێمەدا هەزاران کەس دەکوژرێت، پێشێلکارییەکی زۆر رووددەدات لەپاراستنی ئاسایشی هاوڵاتیان، هیچ گۆڕانکاریەك نابینین، لەهەندێك ووڵاتدا خراپەکار و گەندەڵکاران لەسەر ئەو کارەیان پلەیان بەرزدەکرێتەوە و بەخشش وەردەگرن لەجیاتی ئەوەی توشی سزاو لێپێچینەوە ببن، دامودەزگا بەرپرسەکان و دادگاکان لەجیاتی سزادانی تاوانباران، هاوڵاتیانی مەدەنی و ستەم لێکراوان دەکەنە بەرپرسیار و سزایان دەدەن و یاساش بەسەر ئەمانەدا جێبەجێ دەکەن، هەر بۆ ئەم مەبەستەیە پێغەمبەری خوا ئاگادارمان دەکاتەوەو دەفەرموێت "لو لم يكن الرسول صلى الله عليه وسلم تبسم ما تبسمت، وكيف ابتسم والقدس بأيدي الصليبين" ئەوانەی پێش ئێوە بەهۆی ئەوەوە لەناو چوون کە ئەگەر یەکێکی ناودار یان دزیەکی بکردایە وازیان لێ دەهێنا، بەڵام ئەگەر لاوازیەك بوایە داری حەددیان لێ دەدا، سوێند بەخوا ئەگەر فاتیمەی کچی محمد دزی بکات دەستی دەبڕم.

هەست کردن بە بەرپرسیارێتی لەئەنجامی پەروەردەکردنێکی دروست دەبێت، پەروەردەش گرنگترین هۆکارێکە بۆ گەشەکردنی هەستە مرۆییەکان و بەهێز کردنی گیانی مرۆڤ دۆستی، هەر ئەمەشە هۆکاری پێشکەوتنی گەلان و بنیاتنانی شارستانیەت و گەشەپێدان و پاراستنی سەروەرییان، چونکە هەموو ئەوانەی کەباسمان کرد دەبێت لەسەر دەستی مرۆڤ بنیات بنرێن، لەبەرئەوە باس کردن لەجۆری مرۆڤ و دروستکردنی مرۆڤی چاکەکارو دڵسۆز و راستگۆ کە خۆی بە بەرپرسیار بزانێت بەرامبەر بەخواو بەگەل و نیشتیمان.

برایەك بۆی گێڕامەوە ووتی پیاوێکی کۆریای باشورم بینی و پێم ووت، بۆچی رۆژانە کوڕەکەت چەند سەعاتێك وانەی زیادە دەخوێنێت، ووتی بۆ ئەوەی خۆی و وڵاتەکەی و کۆمەڵگە بنیات بنێت، چونکە کۆمەڵگە بەکات بەفیڕۆدان و پاڵدانەوە بنیات نانرێت، گەنجانی ئێمە ئێستا زۆرینەی کاتیان لەبێ کاریدا بەسەر دەبەن هەرچەند بەرۆتین دەیانبینی کاریان هەیەو لەفەرمانگەیەکدا کاردەکەن، بەڵام ئەگەر توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجام بدەیت و بزانیت لەبەرامبەر ئەوەی کەچەند کاتژمێر دەرۆنە فەرمانگەو لەبەرامبەردا چەند بەرهەمیان هەیە، دەگەیتە ئەو قەناعەتەی کەبەشێوەیەکی گشتی حکومەت خاوەنی پلانی ستراتیجی نیەو نەوەیەکی بەرهەمهێن دروست ناکات، کە ئەمەش دواجار کاریگەری بۆسەر باری ئابوریی و گەشەو ئارامی هەیە و سەردەکێشێ بۆ زۆر گرفتی تر.

ئەگەر ئێمە بمانەوێت گەلی کوردمان ببێتە گەلێکی شارستانی و پێشکەوتوو کە بگات بەرەورەوەی شارستانیەتی مەدەنی، دەبێت سەرەتا ئێمە وەك مسوڵمان هەست بەبەرپرسیارێتی بکەین بەرامبەر بەخوا، خوای گەورە کۆمەڵێك ووزەو توانای زۆری بەخشیوە بەمرۆڤ، کە بەهیچ زیندەوەرێکی تری نەداوە، ئایا بۆچی ئەم توانایانە لە ئاوەدان کردنەوەی زەویدا بەکار ناهێنێت کە خزمەت بکات بە مرۆڤایەتی و گەل و نیشتیمانەکەی؟ کەواتە هەموو پێشکەوتن و شارستانیەتێك سەرچاوەکەی لەخواوەیە، چونکە خوا سەرچاوەی توانا و وزەو بەدیهێنەری عەقڵی مرۆڤەکانە و هەر ئەمانەشن هۆکارەکانی بەدیهێنان پێشکەوتن و شارستانیەت.

لەجیاتی ئەوەی گەنجان روو بکەنە دڵسۆزی و کارو جدیەت، دەبینین لەنێویاندا ووتەو قسەی سەرسوڕهێنەر بڵاودەبێتەوە، زۆربەی بەشوێن پاڵدانەوە و کارنەکردن و موچەی بێکارو بێ دەوام دەگەڕێن، بەشێك لەم کێشانە سەرچاوەکەی حکومەت و پارتە

دەسەڵاتدارەکانە، کە گەنجانی ئێمەیان کردۆتە کائینێکی بەرهەم و بێکارو بێ داهێنانکاری، چونکە ئەم حاڵەتە سەر دەکێشێ بۆ شتی خراپتر، ئەمە هەست نەکردنە بەبەرپرسیارێتی بەرامبەر بەخواو نیشتیمان و گەل، لەدوایدا نەخۆشی خراپتری لێ دەکەوێتەوە لەخراپەکاری و سیخوری و تاوان و بەدڕەوشتی، چونکە وردە وردە هەست کردن بەچاودێری خوا لەدڵیدا لاواز دەبێت و دواجار روو لەتاوان دەکات، لەدوایدا دەبێتە مرۆڤێکی بێ هەست و تەنها بیر لەبەرژەوەندی خۆی و گەیشتن بەدەسەڵات و سامان دەکاتەوە بەهەر ڕێگەیەك بێت، لەبەرئەوە من وای دەبینم کەئەمە سەرەتایەکی مەترسیدارە کە گەنجانی ئێمە تیایدا دەژین، چونکە ئەگەر ئێمە بمانەوێت گەلی کورد ببێتە نمونەی گەلێکی پێشکەوتوو خاوەن ئەزموون لەناوچەکەدا سەرەتا دەبێت گەنجانمان لەرەوشتە سلبیەکان بپارێزین و گیانی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی لە دەرونیاندا بڕوێنن چونکە وەك فەرموودەکە دەفەرموێت ئێمە دەبێت وەك جەستەیەك وابین نەهێڵین نەخۆشی تیاماندا بلاوبێتەوە، ئەگەر نەخۆشیەك هەبوو با شارەزایان بەباشترین دەرمان چارەسەری بکەن.

چونکە ئەگەر نەخۆشیەکان پەرەیان سەند دوایی چارەسەریش دادی نادات و گەلەکەمان بەرەو لەناوچوون دەچێت، ئێمە وەك گەلێکی مسوڵمان دەبێت رەوشت و هەڵسوکەوتمان بەوپێیە بێت کەپێغەمبەری خوا بۆمان دادەڕێژێت دەبێت هەموومان هەست بەبەرپرسیارێتی بکەین بەرامبەر بەخوا، لەناخماندا هەست بەچاودێری خوا بکەین، نەفسی لەوامەمان بۆ دروست ببێت ﴿وَلاَ أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ﴾القيامة2، ئەم نەفسیەتە زۆر گرنگە، چونکە چاودێریت دەکات و سەرزەنشتت دەکات لەسەر هەر کەمتەرخەمیەك لەکارو لەئەنجامدانی تاواندا، ئەمەش سەرەتای بنیاتنانی مرۆڤی راستگۆو دڵسۆزە، چونکە مرۆڤ بنەمای هەموو چاکەو پێشکەوتنێکە، سەدان شۆڕش بکەین ئەگەر مرۆڤی پاك و هەست بە بەرپرسیارێتی نەبێت گۆڕان و چاکسازی روونادات.

## بەرپرسیارێتی تەنیا تایبەت نیە بەدەوڵەت :

ئەم بەرپرسیارێتیە دەوڵەت و حکومەت و تاك و خێزان و وەزارەتەکانی پەروەردەو زانکۆو مزگەوت و مامۆستایانی ئاینی و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، دەبێت هەموو ئەم دامەزراوانە یەکتری تەواو بکەن، ئەویش سەرەتا لەڕێگەی خێزان و دامەزراوەکانی

پەروەردەو فێرکردنەوە دەبێت بۆ ئەوەی نەوەیەك دروست ببێت کەهەر لەمناڵیەوە لەسەر هەست کردن بەبەرپرسیارێتی دروست ببێت، پێغەمبەری خوا بەم شێوەیە لەگەڵ أبن عباس و عبدالله ی کوڕی زوبێرو مناڵانی هاوەڵاندا کاری دەکرد لەسەرەتا لەسەر هەست کردن بەبەرپرسیارێتی کاری لەگەڵ (احفظ الله یحفظك، احفظ الله تجده تجاهك)

پارێزگاری لەسنورەکانی خوا بکە خوا دەتپارێزێت، پارێزگاری لەخوا بکە خوا رێگەت نیشان دەدات، هەر بەم شێوەیەش لوقمان مناڵەکەی پەروەردە دەکات ﴿**يَا بُنَيَّ إِنَّهَا إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ فَتَكُن فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ أَوْ فِي الْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ**﴾**لقمان** 16، بەم شێوەیە مناڵ باش دەردەچێت کەهەست بکات خوا چاودێری دەکات، گەنج باش دەبێت، پیر باش دەبێت، ژن باش دەبێت، دەبێت بزانین ئەم چاودێریە تەنها بۆ قیامەت نییە، چونکە خوا ئەم ئوممەتەی تەنها بۆ قیامەت دروست نەکردوە، بەڵکو ئەم ئوممەتەی بۆیە دروست کردووە بۆ ئەوەی ببێتە روناکی و چرا بۆ ئاوەدان کردنەوەی زەوی و نموونەیەك بێت لەپاکی و جوانی.

چونکە خوا خۆی فەرمانت پێ دەکات بەزیکر، بەهەمان شێوەش فەرمانت پێ دەکات بەئاوەدان کردنەوەی زەوی، بەبنیاتنانی گەلی بەخزمەتکردنی نیشتیمان، بەخۆ ئامادەکردن بۆ بەدەست هێنانی هێز ﴿**وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ** ...﴾**الأنفال**60

ئەم فەرمانە وەك فەرمان کردنی وایە بەنوێژ، (وأقیمو الصلاة) هەروەك فەرمانمان پێ دەکات بەکردنی نوێژی هەینی ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ**﴾**الجمعة**9 .

لەدوای ئەوەش دەفەرموێت ﴿**فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ** ..﴾**الجمعة**10

ئایا بۆچی گوێ بۆ هەندێ فەرمان دەگرین و ئەوی تری پشت گوێ دەخەین؟، هەر کەسێك دڵسۆزی مناڵەکانی بێت و بیەوێت چاکەکارو داهێنەربن دەست گیانی بەرپرسیارێتیان تێدا بروێنێت، ئەویش لەرێگەی پێشەنگ بوون و هەست کردن بەچاودێری خودا، ئەویش لەرێگەی ئامۆژگاری و سازدانی ژینگەیەکی لەبار بۆیان لەرووی هاوڕێی باش و هاندانیان لەسەر داهێنان، هەتا وایان لیٰ بێت کەببنە نمونەیەکی باش لەناو کۆمەڵگەدا، هەست کردن بەبەرپرسیارێتی جەوهەری پەروەردەیە، چونکە ئەوکاتەی مرۆڤ درۆناکات کە درۆی

نەکرد، دەبێتە سەرچاوەی راستی  و خزمەت و دڵسۆزی، پێغەمبەری خوا دەفەرموێت مسوڵمان درۆزن نیە، ئەمەش ئەرکێکی گەورەیەو پێوستی بەپلانی ستراتیجی هەیە، کە دەبێت لە ئاستی تاك و کۆمەڵگە جێ بەجێ بکرێت و دەوڵەتیش ئەم کارەی بەلاوەو گرنگ بێت و پلانی تایبەتی هەبێت .

## ئازادی و بەرپرسیارێتی زمان و ووشە

بەرپرسیارێتی ووشەو زمان گەورەترین بەرپرسیارێتییە لەئەستۆی مرۆڤدا، چونکە ئەگەر ئەم بەرپرسیارێتییە گەشە بکات، ئەوا دەبێتە مایەی خۆشبەختی مرۆڤ لەدنیاو دوارۆژدا، ئەگەر گرنگی بەم بەرپرسیارێتییە نەدرێت ئەوا دەبێتە مایەی بەدبەختی لەدنیاو سەرشۆڕی و پەشیمانیەکی گەورە لەرۆژی دواییدا، چونکە زمان کلیلی هەموو خێرێکە، زانایانی پێشوو باسیان لەبیست دەردو نەخۆشی کردووە، کە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە تووشی دەبێت، هەر یەکێك لەو نەخۆشیانە بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ چارە رەش بکات لەدنیاو دوارۆژدا، لەنێو ئەو بەرپرسیارێتیەدا، کەبەهۆی زمانەوەیە بریتییە لەوتەی راست و درۆ، هەروەها بەرپرسیارێتی زمان لەپەیمان و بەڵێندا، بەرپرسیارێتی زمان لەرووی ئەمانەت و پاراستنی نهێنی، ئەمانە کۆمەڵێك بابەتی گرنگ و بنەڕەتین، کەپەیوەست دەبنەوە بەخۆشبەختی مرۆڤ و ئارامی ویژدان لەدنیاو ئارامی دڵ و دەروون، ئەمە سەرەڕای دەستکەوتنی خۆشیەکانی دوارۆژ و کەم بوونەوەی سزاو لێپرسینەوە، هەر ئەمەشە دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ لەو رۆژە سەختەدا لەژێر سێبەری عەرشی خوادا ئارام بگرێت.

هەموو ئەو وتانەی کە دەیانڵێیت و دەریاندەبڕێ و دەینوسی تۆ بەرپرسیاری بەرامبەریان، خوای گەورە ئازادی پێداوی چۆن دەڵێیت و چۆن دەنووسیت و لەکوێ و بە چ شێوازێك، ئەمەش ئازادیەکی گەورەیە کەخوا بەمرۆڤی بەخشیوە، بەڵام دەبێت مرۆڤیش ئەمە بە بەرپرسیاریەتێکی گەورە بزانێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: **﴿وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولـئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً ﴾الإسراء**36، مرۆڤ لەسەر هەموو

ئەوانەی کەپێی دراوە لەزمان و دڵ و گوێ و هەموو ئەندامەکانی تر لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، وەك هەندێك لەزانایان دەڵێن گەورەترین ئاستی سوپاسگوزاری بۆ خوا ئەوەیە کەئەو نیعمەتانەی کەپێی داویت لەفەرمانبەرداری ئەودا بەکار بهێنیت.

سوپاسگوزاری بەزمان تەنها بەشێکی کەمی سوپاسگوزاریە، سوپاسگوزاری راستەقینە ئەوەیە کەئەو نیعمەتانەی کەخوا پێی داویت لەرەزامەندی و فەرمانبەرداری خواو خزمەتی مرۆڤایەتیدا بەکار بهێنیت، ئەگەر سەیری قورئانیش بکەین بەردەوام جەخت لەسەر ئەو لایەنانە دەکاتەوە بۆ ئەوەی زمانمان پاك بێت، کەئەمەش دەبێتە مایەی پاك بوونی جەستەو هەموو ئەندامەکانی ترو بەدوور دەبین لەزۆر گرفت و بەڵا، چونکە زۆرجار مرۆڤ بەهۆی وشەیەکەوە تووشی نەهامەتی گەورە دەبێت، یان بەهۆی وشەیەکەوە کەبەرامبەرەکەی ئازار دەدات، کە دوایی خۆیشی تووشی سزای دەرونی دەبێت و لەدوارۆژیشدا لێپێچینەوەی لەسەر دەکرێت، ئەمەش لەم فەرموودەیەدا هاتووە کە دەفەرمویێت: (جاری وا هەیە مرۆڤ وشەیەك دەڵێت کە زۆر گرنگ نییە بەلایەوە، بەڵام حەفتاجار دەیخاتە دۆزەخەوە، واتە بۆماوەی 70 ساڵ رێگەی چوونە بەهەشتی لێ دەگرێت، یان 70 ساڵ زیاتر لە دۆزەخدا دەیهێڵێتەوە). ئەویش بەهۆی ئازاردانی یەکێك بەوتەیەك، ئەمە لەسەر وتەیەك ئەی ئەگەر مرۆڤێك بە درێژایی تەمەنی پیشەی ئازاردانی مرۆڤ و هاونیشتمانیان بێت دەبێت سزای چەند بێت و خوای گەورە چۆن سەیری بکات.

پێغەمبەری خوا راستگۆیی پەیوەست دەکاتەوە بە مسوڵمانێتی و دەفەرمویێت نابێت مسوڵمان درۆ بکات، واتە درۆکردن مرۆڤ لە مسوڵمانێتی دەخات، لەهیچ ئاینێکدا نابینیت کە ئەوەندە سزای سەخت بۆ درۆزن دانرابێت وەك لە ئیسلامدا هەیە، بەڵام بەداخەوە ئێمە لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا پێچەوانەی ئەمە دەبینین، زۆربەی مسوڵمانان هەست بە چاودێری خوا ناکەن لەکاتی قسەکردندا، لە وشەو بەڵێنی درۆ ناگەڕێنەوە، لە ئیسلامدا درۆی رەش و سپی نییە، هەموو درۆیەك رەشە، لە فەرموودەیەکی سەحیحدا هاتووە: (خۆتان بە دوور بگرن لە درۆ، چونکە درۆ بەرەو خراپەکاریتان دەبات، خراپەکاریش بەرەو ئاگرتان دەبات، مرۆڤ درۆ دەکات و دەکەوێتە شوێن درۆ، هەتا لای خوا بە درۆزن ناوی تۆمار دەکرێت) کاتێکیش لای خوا بەم شێویە ناوی نوسرا دڵی رەش دەبێت، دەم و چاوی رەش دەبێت، لە سۆزوبەزەیی خوا بێ بەری دەبێت لە دنیاو دوارۆژدا.

بەڵێن دان بەرپرسیارێتییە، لەکاتێکدا کە مرۆڤ بەڵێن دەدات بە ئامادەبوون لە شوێنێك، دەبێت پابەند بێت پێوەی، نابێت وتنی وشەی "إنشاء ألله" وات لێ بکات کە لەکاتی خۆت دوا بکەویت، بەڵام بەداخەوە زۆر لەمسوڵمانان، ئەم وشەیە بەکاردەهێنن و دوایش پابەند نابن بە بەڵێنی ئەو کاتەی کەداویانە، ئەمە راست نییە، بەڵکو ئەمە خراپ بەکارهێنانی ئەم چەمکەیە، چونکە کە تۆ دەڵێیت (إنشاء الله) دەبێت ئەمە بۆ پیرۆزکردنی بەڵێنەکەبێت و پشت بەستن بەخودا بێت بۆ جێبەجێکردنی، نەك بیکەیتە بەڵگە بۆ دواکەوتن و پابەند نەبوون بە بەڵێنەکە.

لەم رووەوە خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات کە ئێمە پێشەنگ بین بۆ مسوڵمانان و تەنانەت بۆ نا مسوڵمانان و بێ باوەڕانیش، نەبینە نموونەیەکی خراپ بۆیان ﴿**رَبَّنَا لاَ تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا** ....﴾**الممتحنة**5، چونکە ئەگەر وا نەبین ئەوا نموونەیەکی خراپ نیشانی دەرەوەو نامسوڵمانەکان دەدەین، لەکاتێکدا کە دەبێت مرۆڤی مسوڵمان نموونەی راستگۆیی و پاراستنی بەڵێن بێت و ببێتە باشترین نموونە لە ئەخلاق و مامەڵە و هەڵسوکەوتدا، ئەویش لەبەر هۆیەکی گرنگ.

ئەگەر لەلای خەڵك بە راستگۆ بناسرێیت رێزت لێ دەگرن و بڕوات پێ دەکەن وە ئەگەر بە دەست پاك ناسرای زیاتر مامەڵەت لەگەڵدا دەکەن، خەڵك رێز لە ئینگلیزێك دەگرێت لەبەر راستگۆیی و پابەندبوونی بەڵێنەکان و سوێندەکانی، بەڵام کە باسی مسوڵمان دەکرێت درۆو ناڕاستی و بێ وەعدی و فەوزات بیردەکەوێتەوە.

سەردەمی مسوڵمانەکان لە ئەندەلوسدا بوە شەرەفێکی گەورە، ئەمەش دروشم بوو بۆ ئەمانەت و راستگۆیی و شەفافیەت، من بڕوانامەیەکم بینی کە بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕایەوە لەکاتێکدا کە نامسوڵمانەکان بەڵێن نامەیەکیان مۆر دەکرد بە مەرجیان وەردەگرت و دەیانووت دەبێت ئەو بەڵێن نامەیە وەك بەڵێن نامەی نێوان مسوڵمانەکان وابێت، چونکە ئەوکاتە (فرۆشتن)ی مسوڵمانەکان نموونەیەك بوو بۆ وەفاو راستگۆیی و شەفافیەت، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەوەوە بوو کە ئەمڕۆ دەبینرێت.

لە کۆنگرەیەکدا چاوم کەوت بە روناکبیرێکی گەورە کە لە رابیتەی جیهانی ئیسلامی تازە مسوڵمان بوو بوو، وتی: من پێش ئەوەی مسوڵمان ببم، پێم وابوو مسوڵمانەکان راستگۆترین گەلن و زۆرترین پابەندبوونیان هەیە بە بەڵێن و رێکەوتن و باشترین و پاك و

خاوێن ترین گەلانی جیهانن، بەڵام دوای ئەوەی گەشتێکم کرد بە وڵاتانی ئیسلامیدا، سوپاسی خوام کرد کە پێش ئەوەی بارودۆخی مسوڵمانان ببینم من مسوڵمان بووم، چونکە لەنێو مسوڵماناندا تەنها کەمێك نەبێت راستگۆیم نەبینی، هەروەها پابەندبوونیان بە بەڵێن و پاك و خاوێنی زۆر کەم بوو، چونکە دەبوو مسوڵمانان نموونەی راستگۆیی و پاکی و پابەند بوون بن بە بەڵێن و شەفافیەت.

زۆر بەداخەوە ئێستا پابەند بوون بە بەڵێن و کات و راستگۆیی، بوە بەشتێکی نامۆ لەناو گەلانی مسوڵماندا، ئەمەش بوەتە هۆی دروستکردنی نموونەیەکی ناشیرین بۆ خۆمان و بۆ نا مسوڵمانەکانیش، ئەمە بەرەو رووی بەرپرسیارێتیمان دەکاتەوەو دەبێت چاوێك بە خۆماندا بگێڕینەوە، چونکە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت "هەرکەسێك چوار سیفەتی تێدا بێت ئەوە دووڕووی تەواوە، هەرکەسێك یەکێك لەوانەی تیابێت ئەوە سیفەتێکی دووڕوویی تێدایە: ئەگەر ئەمانەتی لا دانرا خیانەتی لێ بکات، ئەگەر قسەی کرد درۆ بکات، ئەگەر بەڵێنیدا نەیباتە سەر، ئەگەر دوژمنایەتی کرد خراپەکاری بکات، ئەمانە سیفەتی دوڕوەکانن و لە دوارۆژدا جێگەیان چینەکانی ژێرەوەی دۆزەخە".

ئێمە دەبێت ئەگەر بەڵێنێکمان دا پابەند بین پێوەی، پەیمان و رێکەوتنیش چەندەها جۆری هەیە، هەیە لەنێوان تۆو حکومەتدایە، هەیە لەنێوان تۆو کەسانی تردایە، ئەم بەڵێن و رێکەوتنانە دەشێت نوسراو بێت یان نەنوسراوبێت، ئەوەی لەنێوان تۆو حکومەتدا هەیە، دەبێت بزانیت چۆن رێزی دەگریت، چۆن کارەکەت بە دڵسۆزی ئەنجام دەدەیت، راستگۆیانە مامەڵە دەکەیت، لەکاتێکدا کە وتەیەکی ئیمامی شافعیم بیست کە لە 204ی کۆچیدا وەفاتی کردوە، لەکاتێکدا کە پرسیاری لێ دەکەن دەربارەی کاری تایبەتی کە بە دەستەواژەی ئەمڕۆ کارمەندی حکومەت دەگرێتەوە، پرسیاریان لە ئیمامی شافیعی کرد ووتیان ئەگەر یەکێك نوێژی نیوەڕۆی کرد، بەڵام دوایی بۆی دەرکەوت کە دەست نوێژی نەبووە، چوو دەست نوێژەکەی گرتەوەو نوێژەکەی کردەوە، ئەمەش کاتێك دەبات ئایا ئەمە جائیزە؟ ئیمامی شافیعی لە وەڵامدا وتی دەبێت نوێژەکە بگێڕیتەوە، ئەمە مافی خوایە بەسەر بەندەکانیەوە، بەڵام دەبێت مافی خاوەن کارەکەش بگێڕیتەوە چونکە ئەوەش مافی خاوەن کارە.

واتە دەبێت چەند کاتت بە فێرۆداوە لەگرتنەوەی دەست نوێژەکەو کردنی نوێژەکە ئەوەندە کاری زیادە بکەیتەوە، چونکە ئەگەر وانەکەیت دەچیتە بازنەی حەرام و بەرەکەت لە ماڵەکەتدا کەم دەبێتەوە.

## مرۆڤ و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەئەوانی تر

گرنگترین جۆری ئەو بەرپرسیارێتیە بەرامبەر بەجۆرەکانی مرۆڤ خۆیەتی، ئەمەش دابەش دەبێت بۆ کۆمەڵە بەرپرسیاریەتیەك کەهەر یەکەیان گرنگی خۆی هەیە، لەوانەش بەرامبەر بەمناڵ و ژن و هەروەها ژن بەرامبەر بەپیاو و مناڵەکانی، یان هەر کەسێك کە بکەوێتە سنوری بەرپرسیارێتی تۆوە، دوای ئەوەش بەرپرسیارێتی دەسەڵاتداران دێت کە ئەوانیش سەرۆك و سەرۆك وەزیر و وەزیر و بەڕێوەبەرەکان دەگرێتەوە، هەروەها لەرووی کۆمەڵایەتیەوە، مرۆڤ بەرپرسیارە لەبواری (حسبة) دا کەبەرپرسیارە بەرامبەر بە براکانی، چونکە مرۆڤەکان براتن، دەبێت ئەگەر ستەمکار بێت رێگەی لێ بگریت و ئەگەر ستەم لێکراو بێت هاوکاری بکەیت و ستەمەکەی لەسەر لابەریت.

**<u>دەربارەی خێزان :</u>**

خوای گەورە لەئایەتێکدا باسی لەبەرپرسیارێتی مرۆڤی باوەڕدار دەکات بەرامبەر بەخۆی و خێزانەکەی وەك دەفەرموێت: ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَاراً** ..﴾**التحريم**6، ئەم بەرپرسیارێتیە چەندین بواری گرنگی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە لەوانە:

**<u>یەکەمیان</u>**: بەرپرسیارێتی مرۆڤ بەرامبەر بەخۆی، دووەمیان کە ژن و پیاو دەگرێتەوە لەخێزاندا کە کوڕەکان و کچەکان و نەوەکانی ئەوانیش دەگرێتەوە، هەرکەسێك لەژێر دەسەڵاتی هەر کەسێك بێت بەرپرسیارە بەرامبەری، دەبێت هەموو مرۆڤێك تەواوی

هەوڵەكانی بخاتە گەر بۆ پاراستنی نەوەكانی لەدنیاو دواڕۆژدا، مناڵەكان لەسەر سروشتی چاكی خواناسی لەدایك دەبن، بەڵام دایك  و باوك بەرپرسیارن لەوەی كە دەبن بەمەسیحی یان جولەكە یان ئاگر پەرست و بێ باوەڕ، ئەگەر مناڵ كوڕ بێت یان كچ لابدات ئەوا بەرپرسیارێتی یەكەم دەكەوێتە ئەستۆی دایك و باوك.

تەنیا كاتێك نەبێت كەئەو هەموو هەوڵێكی لەگەڵدا بدات، بەڵام بێ سود بێت ئەوكاتەش وەڵامی روونی دەبێت بەرامبەر بەخوای گەورە، لەكاتێكدا كە هەریەكەمان بەتەنیا لەبەردەمیدا دەوەستین یان لەبەرامبەر فریشتەكاندا لەشوێنی تردا كەپرسیارمان لێ دەكرێت.

**هەڵبژاردنی ئیسلام :**

ئەمە بەرپرسیارێتیەكی گرنگە، چونكە مناڵەكان بەسروشت پاك  و بێگەردن  و ئیسلامیان خۆش دەوێت، ئەگەر ڕوو لە فیكرێكی تر بكەن، ئەوە ناتەواویەكە دەگەڕێتەوە بۆ بواری پەروەردەیی و پشت گوێ خستن، ئەمەش بۆ خراپی مامەڵەكردن و هاوڕێیەتی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوە ئەمە بەرپرسیاریەتی دایك و باوكە كەنەهێڵن مناڵەكانیان توشی ئەو گرفتانە ببن، دەبێت دایك و باوك چاودێری مناڵەكانیان بكەن و لەخەمی پەروەردەیاندا بن و هەموو هۆكارێكی نوێ بەكاربهێنن لەگەڵیاندا هەتا مرۆڤێكی چاكە خوازیان لێ دروست ببێت.

**بەرپرسیارێتی دەسەڵاتداران:**

جۆرێكی تر لەبەرپرسیارێتی بریتیە لەبەرپرسیارێتی حكومەت و دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرو بەرپرسەكان بەرامبەر بەخوای گەورەو رێنمایی گەلەكانیان بەرەو چاكەخوازی بكەن، دەبێت دەسەڵاتداران خۆیان بە بەرپرسیار بزانن بەرامبەر بەقەیران و گرفتی گەلەكانیان، عومەری كوڕی خەتاب بەجوانی تەعبیری لەم بەرپرسیارێتیە دەكرد وە زۆربەی جار دەگریا لەترسی خوای گەورە كە نەیتوانیبێت مافی گەلانی ژێر دەستیان بدەن.

عومەری كوڕی خەتاب رۆژانە دەچووە بازاڕ تا شێوازی ژیانی خەڵك ببینێت، ئەگەر لەبازاڕدا بیبینیایە كەستەم لەئاژەڵێك دەكرێت، دەست بەجێ بەرگری لەمافی ئەو ئاژەڵە دەكرد كەستەمی لێ كراوە و مافەكەی بۆ دەگەڕاندەوە و ئەگەر پێوست بوایە داوای دابین كردنی خۆراك و دەرمانی پێویستی بۆ دەكرد، ئەمە بەرپرسیارێتی راستەقینەی دەسەڵاتدارانە، دەبێت ئاگای لەژیان و گوزەرانی گەلەكەی بێت، هەوڵی ئەوە بدات كە

لەخۆشترین ژیاندا بژین و بۆ ئەم مەبەستەش هەموو مافەکانیان بۆ جێ بەجێ بکات و ستەمیان لێ نەکات  و ماڵ و سامانیان بەفێڕو نەدات، دەبێت بەرپرس خۆی بەبەرپرسیار بزانێت بەرامبەر بەخوای گەورە چونکە لە رۆژی دوایدا پرسیاری لێ دەکرێت بەرامبەر بەهەموو کەمتەرخەمیەك، تەنانەت ئەگەر بەرپرسیار بێت لەیەك کەسیش دەبێت مافەکانی بەتەواوەتی پێ بدات، پێغەمبەری خوا لەم بارەیەوە دەفەرموێت (کلکم راع وکلکم مسؤول عن رعیته) ئەمەش مانای وایە کەبەرپرسیارێتی شتێکی گشتیەو بەرامبەر هەموو مرۆڤایەتیە.

**بەرپرسیارێتی (حسبة).**

بەرپرسیارێتی سێیەم لەبواری کۆمەڵایەتیدایە کە لەشەریعەتدا بە (حسبە) ناسراوە، ئەمەش مانای بوونی بەرپرسیاریەتێکی کۆمەڵایەتی گشتییە، واتە هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارە بەرامبەر براکەی، ئەمەش دەمانگەیەنێتە دروست کردنی ئارامیەکی گشتی جیهانی، چونکە هەموو وولاتان و گەلان پەیوەستن بەیەکەوە، ئێستاش جیهان وەك گوندێکی بچوکی لێ هاتووە، پێغەمبەری خوا نموونەی جیهانی وەك کەشتیەك باس دەکات کە هەمووومان لە ناویداین:( **مَثَلُ الْقَائِمِ عَلَى حُدُودِ اللَّهِ وَالْوَاقِعِ فِيهَا، كَمَثَلِ قَوْمٍ اسْتَهَمُوا عَلَى سَفِينَةٍ، فَأَصَابَ بَعْضُهُمْ أَعْلاهَا وَبَعْضُهُمْ أَسْفَلَهَا، فَكَانَ الَّذِينَ فِي أَسْفَلِهَا إِذَا اسْتَقَوْا مِنَ الْمَاءِ، مَرُّوا عَلَى مَنْ فَوْقَهُمْ، فَقَالُوا لَوْ أَنَّا خَرَقْنَا فِي نَصِيبِنَا خَرْقًا، وَلَمْ نُؤذِ مَنْ فَوْقَنَا، فَإِنْ يَتْرُكُوهُمْ وَمَا أَرَادُوا هَلَكُوا جَمِيعًا، وَإِنْ أَخَذُوا عَلَى أَيْدِيهِمْ نَجَوْا وَنَجَوْا جَمِيعًا** ) چونکە کەشتیەکەیان بەئارامی دەگاتە کەنار، یان کون دەبێت هەمووومان تیایدا نوقم دەبین. ئەمە بۆ حاڵەتی ژیانی دنیایە، کە هەمووی تووشی هەژاری و نەبوونی و نەخۆشی و دواکەوتوویی و تاوانکاری دەبین، ئەمە لەکاتێکدایە کەبەرپرسان هەست بەبەرپرسیارێتی نەکەن یان بەدیووی دووەمدا دەتوانن ژیانێکی ئارام و ئاسایش و خۆشگوزەرانی دابین بکەن.

**پابەند بوون بەیاسا:**

بەرپرسیارێتی کایەیەکی گشتیە، نابێت هیچ کەسێك بڵێت من خاوەن ئازادی بێ سنورم، چونکە سنوری ئازادی تۆ تا ئەو شوێنەیە کە ئازادی یەکێکی تر دەست پێ دەکات، لەکاتێکدا کەتۆ لەوولاتێکدا دەژی پێویستە تۆ پابەندی یاسا و رێساکانی ئەو وولاتە بیت، چونکە ئەگەر وانەکەیت دەبیتە گرفت بۆ بەرامبەرەکانت و بە کەمتەرخەم لەقەڵەم دەدرێیت و لەوانەیە توشی لێپێچینەوەی یاسایی ببێت، بەرامبەر بەیاساکانی خوای گەورەش هەمان

شته، بەڵام لێپێچینەوەی خوای گەورە بۆ رۆژی دواییە، دەبێت خۆمان لەتاوانکاری و سەرپێچی یاساو فەوزا بپارێزین، چونکە دوایی هەموومان توشی شوێنکارە خراپەکان دەبین ﴿وَاتَّقُواْ فِتْنَةً لاَّ تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمْ خَآصَّةً ..﴾ **الأنفال** 25، لێرە بەرپرسیارێتی گشتی و کۆمەڵایەتی دەست پێ دەکات (من رأى منكم منكرا فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان)، هەرکاتێك گەلەکەمان توانی ئەو بەرپرسیارێتیانە بەباشی بەئەنجام بگەیەنێت لەبواری خود و خێزان و پاشان دەسەڵاتداران و بەرپرسان و هەروەها بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ئەوا کەشتیەکەمان دەگاتە کەناری ئارامی و بەژیانێکی خۆش دەژین .

## ئیسلام سەرچاوەی هێزو پێشکەوتنی گەلانی مسوڵمانە

ئەگەر سەیری مێژووی گەلانی ئیسلامی بکەین دەتوانین بیکەین بەسێ بەشی سەرەکیەوە هەندێك لەگەلانی عەرەبی و گەلانی تر لەپێش ئیسلامدا لەسەردەمی نەفامیدا ژیاون، پارچە پارچە بوون و خاوەنی هیچ دەوڵەت و دەسەلاتێك نەبوون، عەرەب و کورد لەنێوان دوو ئیمپراتۆریەتدا دابەش کرابوون کەئەوانیش ساسانی و رۆمانی بوون، لەگەڵ هەردووکیاندا مامەڵەی کۆیلەییان لەگەڵدا دەکرا، تەنانەت مافی کڕین و فرۆشتنیان نەبوو، میصر لەژێر ئەزموونی رۆمانیدا بوو، ئەمەش زۆر بەدرێژی مێژوونوسان باسیان لێوە کردووە، لەپێش ئیسلامدا ئێمە داگیر کراو و سەرشۆڕ و بێ دەسەلات بووین، بەڵام بەگۆڕینی مێژوو زەمەن، گەلانی ئیسلامی روویان لەهەستانەوە کردوو بەرەو یەکبوون هەنگاویان نا لەنەفامیەوە بەرەو زانین و لەبێ هێزیەوە بەرەو بەهێزی و لەدواکەوتووییەوە بەرەو پێشکەوتن رۆیشتن، لەقۆناغی ژێر دەستەیی گەلانەوە بوونە هەڵگری پەیامی شارستانیەت و رابەرایەتی کردنی گەلان، بەهاوکاری گەلانی ئیسلامی بەیەکەوە، توانیان جیهان تەکانێك پێ بدەن بەرەو شارستانیەت و مەدەنیەت، ئەمەش لەژێر دروشمی شارستانیەتی ئیسلامیدابوو، بونە رەمزی دادپەروەری و دانایی و لێ بوردەیی توانیان خزمەتێکی گەورە بەمرۆڤایەتی بکەن لەرووی زانست و هونەرو پەروەردە و مەدەنیەتەوە.

بەپێی بۆچوونی زۆربەی مێژوونووسان گەلانی ئیسلامی بوونە هەڵگری ناسنامەیەکی شارستانی و پێشڕەوی گەلانی جیهانیان کرد بەدرێژایی سەدان ساڵ، رۆژانێك هەبوو هیچ

گەل و نەتەوەیەك نەیدەتوانی هەڕەشە لەگەلانی ئیسلامی بکات و بتوانێت زەویەکانیان داگیر بکات و سوکایەتی بەئاینەکەیان بکات.
لەو کاتەدابوو کەژنێك لە (عموریە) کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی رۆمانیدابوو، ئازاریان دابوو، لەژێر ئەشکەنجەدا ووتبوی (وامعتصماه) بە بینینی ئەم هەواڵە خەلیفە موعتەصەم سوپایەکی رێکخست بۆ ڕزگارکردنی ئەم ئافرەتە و سەرەنجام بەو ئافرەتەشەوە شارەکەشی رزگارکردوو و خستویەتیە سەر جوگرافیای دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام لەدوای ئەوە دەبینین کەتوشی چ نسکۆ و لاوازیەك بوو، کە ئەویش بەهۆی پشت گوێ خستنی سوننەتەکانی خوای گەورەوە بوو.
لەپاشاندا لەقۆناغی سێهەمدا داگیرکەران هاتن، بەدرێژایی 200 ساڵ دەستیان دایە لاوازکردنی ئەم ئوممەتە ئیسلامیە و هەوڵی دابڕانیاندا لە ئینتیماو شوناس و شۆڕش و بەرخودان، شۆڕشەکانیان دژی گەلانیان ئاڕاستە کرد ئێستاش ئێمە لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا بەدەست ئەم ئاڕاستە کردنەوە دەناڵێنین، داگیرکەران بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا کردین ئێمە سەرزەنشتی ئەوان ناکەین ئەوە سروشتی ئاین و رەگەزی ئەوانە، بەڵام من سەرزەنشتی خۆمان دەکەم کە کەوتوینە شوێن ویست و ئارەزووی ئەوان چونکە ئەوان هەرگیز خێری ئێمەیان نەویستووە دروشمی ئەوان ئەوەبووە، (پەرتکەو زاڵبە) ئەوان سەروەت و سامانی سێ کیشوەریان بەتاڵان بردوەو لەبەرامبەر شارستانیەتی خۆیان ووڵاتانی خۆیانیان پێ ئاوەدان کردۆتەوە، بەمەش خۆیان پێش خستوو ئێمەیان دوا خست، لەپێش هاتنی ئەواندا شەریعەت لەناو ئێمەدا جێبەجێ دەکرا، لەو کاتەوە کەدەستوری مەدینە دانراوە هەتا هاتنی داگیرکەران سەروەری بۆ شەریعەت بوو.
بەڵام لەدوای هاتنی ئەوان، لەجێگەی شەریعەت کۆمەڵێك یاسای وەزعی و سیستەمی ئابوریی خۆیان دانا بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەك لەهاوڵاتیانی خۆمان هاوکارییان کردن کە لەدواییدا بونە ئەڵقە لەگوێ و بەکرێگیراو، لەدوای دەرکەوتنی ئامانجە دوژمنکار و داگیرکاریەکانیان گەلان دەستیان دایە شۆڕش دژیان، هەندێك لەو دەوڵەتانە رزگاریان بوو، بەڵام ئەمەش زۆربەی رووکەش بوو، چونکە لەڕووی شوناس و یاسا و سیستەمەوە ڕزگاریان نەکرد، دوای ئەوانیش هەر یاسا و سیستەمەکەی ئەوان حاکم بوو، بۆ ماوەیەکی زۆر دەستیان گرتبو تەنانەت بەسەر رێگەی هاتوچۆشدا، ئەگەر بتویستایە بڕۆیت بۆ ووڵاتێکی وەك لیبیا یان سوریا یاخود جەزائیر، دەبوایە سەرەتا بڕۆیتە پایتەختێکی رۆژئاوایی ئینجا

بگەڕێیتەوە بۆ ئەو وولاتە، بەم شێوەیە بەشێوەیەکی پاشکۆ ئێمەیان بەستبوو بەخۆیانەوە، ئەو کاتەش کە رۆشتنەوە، ئەم ولاتانەیان لەخراپترین باری هەژاریدا بەجێهێشت، فەرەنسا ماوەی 170 سالٚ لەجەزائیر مایەوە، کە رۆیشتەوە وولاتێکی وێران و دواکەوتوو هەژاربوو، گەلی جەزائیریان دارنی بوو لەهەموو ئەخلاق و بەهاو ئاستێك، بەهەمان شێوە داگیرکەرە هۆڵەندی و ئیتالی و ئینگلیزەکانیش ئەم کارانەیان کردبوو.

لەو ساتەوەختەدا رابوونی ئیسلامی هات و داوای گەڕانەوەی ئەم گەلانەی کرد بۆ مەرجەعیەتی خۆیان بۆ رەسەنایەتی و هێز و شارستانیەت و پێشکەوتن، لەم کاتەدا ئەم رابوونە بەرەو ڕووی هێرشێکی دژوارو سەخت بوەوە لەدەرەوە، هەروەها لەناوخۆشدا داگیرکەران بەرەو رووی بونەوەو دەستیان دایە ئەشکەنجەو زیندان و لەسێدارەدانی لایەنگران و رابەرانی ئەم رابوونە، هێرشێکی گەورەیان کرد، بەناوی ئەوەی ئەمانە دەیانەوێت شەریعەت بگەڕێتەوە، هەندێك لەوانە دەیانتوانی رەخنە بگرن لەهەندێك گروپ و لایەن  لەسەر شێوازی جێ بەجێ کردنی شەریعەت، بەلاَم نابێت ململانێکە بکەوێتە نێوان ئیسلام و هەندێك لە مسوڵمانان، نابێت ئەم شەڕە ڤینە ببێتە شەڕی چەسپاندنی شەریعەت و دەستورێك کە شەریعەت بکاتە سەرچاوەی سەرەکی یاسا دانان، چونکە لەڕووی لۆژیکیەوە ئەمە نەگونجاوە، چونکە ئەمە دور خستنەوەی گەلە لە جیهانی بوون و عەقیدە و ئەخلاق و بەها بالاَکانی.

من مامۆستایەکی مەسیحیم هەبوو بەرگری لەچەسپاندنی شەریعەت دەکرد، چونکە دەیووت ئەمە سەرچاوەیەکی رۆژهەلاَتی هەیە چونکە ئەو ڕازی نەبوو فیقهی داگیرکەر حاکم بێت، ئەم فیقهە ئیسلامیە فیقهێکی شارستانیە و پەیوەندی بەهەموو لایەکمانەوە هەیە بەمسوڵمان و نامسوڵمانەوە، مەرجەعیەتی ئەم فیقهە خوای بالاَ دەستە کە سۆزو بەزەییە بۆ هەموو جیهانیان، بەلاَم بەوانەی هەندێك لەمسوڵمانان دەبێت، کەخۆیان ئامادە کردووە بۆ جەنگێك بەهاوکاری لایەنی دەرەوە و زۆر لایەنی ئاینیش هەتا شەڕێك دروست بکەن لەنێوان شەریعەت و بۆچوونەکانی خۆیان بەداخەوە ئەمانە خۆشیان ناوناوە مسوڵمان .

ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر ترسناکە، چونکە ئەگەر ئەوانە خاوەنی دانایی بوونایە و عەقڵیان بەکاربهێنایە، پرسیاریان دەکرد ئایا چ جۆرە فیقهێك جێبەجێ بکەین؟ یان ئەمانە چ جۆرە پەیڕەو و پڕۆگرامێکیان دەوێت ؟ یان باس لەچ جۆرە ئیسلامێك دەکەن کە فیکری

توندڕەوی تێدایە؟ کە بێگومان هەموومان ئەم جۆرە ئیسلامە ڕەت دەکەینەوە، یان باس لەو ئیسلامە دەکەن کەنوێنەرایەتی سۆز و خۆشەویستی خوای پاك و بێ گەرد دەکات، کە لەقورئانەکەیدا دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾الأنبياء107، یان دەفەرموێت:﴿وَقِيلَ لِلَّذِينَ اتَّقَوْاْ مَاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ قَالُواْ خَيْراً ...﴾النحل30، خوای گەورە وەسفی پێغەمبەر دەکات بەوەی کە شتە جوان و پاکەکانی بۆ حەڵاڵ کردون و شتە پیسەکانیشی بۆ حەرام کردون و لەهەموو ئەو کۆت و پێوەندانە رزگاری کردون کەپێی دیل کرابوون، ئایا چ ئاقڵێك ئەمە ڕەفز دەکات، ئەم ئاینە توندڕەوی و کۆنی ئاینەکانی پێشووی لابردوە و سۆز و بەزەییەی بۆ هێناون.

ئێمە توشی سەرسوڕمان بوین کەئایا ئەمانە گەیشتونەتە چ ئاستێك؟ ئایا بۆچی بەرامبەر ئەم ئاینە بەم شێوەیە دەوەستنەوە؟ ئێمە گوێمان لێ بوو ئەمەریکا ملیۆنان دیناری خەرج کردوە، نەك لەپێناو بڵاوکردنەوەی دیموکراسیدا، بەڵکو وەك بەرتیل، کەدراوە بەدەزگای دادوەری میصر، لەدوایشدا ئەم تاوانبارانە هەموویان خرانە فڕۆکەیەك و بەرەو ئەمەریکا بەڕێکەوتن و گەلی میصریان بەجێهێشت.

من پرسیارێك لەعەلمانیەکانی ئەم ووڵاتانە دەکەم ئایا بۆچی لەجیاتی بەرەو رووبەڕوبوونەوەی شەریعەت، کار ناکەن لەسەر پاراستنی سەروەری و سەربەخۆیی وڵاتەکانتان، یان بۆچی کار ناکەن لەپێناو چەسپاندنی دیموکراسی و مەدەنیەت و خۆشگوزەرانی گەلەکانتان ئێستا مسوڵمانان هۆشیارن دەزانن چۆن باس لەجێبەجێ کردنی شەریعەت دەکەن، لەهەر وڵاتێکدا زانایان دەتوانن تەئویل بکەن بەتایبەتی لەبواری (حدود) دا ئەمە لەرووی شەرعی فیقهیەوە کارێکی گەورەیە، پێشەوا عومەر ئەمەی چەسپاند کە لەساڵی گرانیەکەدا دەستی دزی نەبڕی ئەمە پێی دەوترێت فیقهی دابەزاندنی سروش، شەریعەت هەموو بۆ بەرژەوەندی  هاووڵاتیان هاتووە، ئەگەر دەوڵەت نەتوانێت ئاسایشی ئابوریی و بیمەی کۆمەڵایەتی فەراهەم بکات ئەو کاتە دەتوانیت جێبەجێ کردنی هەندێك ئەحکامی شەرعی دوابخات بەتایبەتی لەبواری عقوباتدا، بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێت بەرەو ڕووی شەریعەت بوەستینەوە، ئەوە کارەساتە چونکە ئەمە بەشێکە لەشوناسی ئێمە، ئەی کەواتە چۆن لەشوێنەواری داگیرکەران رزگارمان ببێت؟ ئایا بەدرێژایی مێژوو شەریعەت مایەی سەربەرزی بووە بۆمان یان سەرشۆڕی؟ ئایا دوای وازهێنانمان لەشەریعەت بارودۆخی

گەلانی ئیسلامی چۆن بوو سەیری مێژوو بکەن ئێمە لەسایەی شەریعەتدا بوینە خاوەنی شارستانیەت.

ئێمە لەمێژوودا بینیمان بۆماوەی دوو سەدەیە کە گەلانی مسوڵمان کەوتنە شوێن جۆرەها بیروباوەڕ. مارکسیەت و لیبڕالیەت و نەتەوە پەرستی، بەڵام چیان بۆ هێناین بێجگە لەتوندڕەوی و عەسکەرتاریەت و دواکەوتووی و هەژاری و بێکاری، ئەم گەلانە بەدرێژایی دوو سەدە لەم بارودۆخەدا ژیان، ئێستا ئەم شۆڕشانە دژی ئەو بارودۆخانە دروست بوون، دەبا جارێکی تر ببنەوە بەخاوەنی ئازادی و دادپەروەری و دیموکراسی راستەقینە، دەیانەوێت هەست بەبوونی شوناسی خۆیان بکەن لەبەرامبەر ئیسرائیل و داگیرکەراندا.

ئەم شۆڕشانە بەدروشمی (ألله أكبر) و بەهێزی ئیسلام و بەپاڵنەری ئیسلام سەریان هەڵداو سەرکەوتن، لەهەڵبژاردنەکانیشدا دەرکەوت کە داینەمۆی هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی ئیسلام بووە، لەمیصردا گەلی میصر دەنگی بەو کەسانەدا کەنوێنەرایەتی ئیسلام دەکەن، لە 85٪ ی خەڵك دەنگیان داوە بەو کەسانەی کە هەڵگری شوناسی ئیسلامین، ئایا ئەگەر عەلمانیەکان لەهەڵبژاردنەکاندا دەربچونایە ئیسلامیەکان دەیانتوانی چی بکەن، گەلی میصر لەبەر ئیسلام دەنگی بە ئیسلامیەکان داوە، ئەگەر ئەوانیش بەدەم داواکانی گەلەوە نەچن کەواتە خیانەتیان لەداواکانی گەل کردوە، ئەو کاتە گەل داوای جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی خۆی دەکات خەڵك داوا دەکات ئیسلام ببێتە سەرچاوەی سەرەکی دەستور ئەگەر ئەمە نەکەی دوور نییە هەر ئەو گەلە دژی ئەم ئیسلامیانەش بوەستنەوە.

خوای گەورە لەسورەتی (مائدة) دا زۆر بەجوانی باسی ئەم کێشەیە دەکات، لەم سورەتەدا باس لەجولەکەکان دەکات، کەخوای گەورە نەفرەتی لێ کردن، پاش ئەوەی لەشەریعەتەکەیان دورکەوتنەوە ﴿**إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُواْ مِن كِتَابِ اللّهِ وَكَانُواْ عَلَيْهِ شُهَدَاء فَلاَ تَخْشَوُاْ النَّاسَ وَاخْشَوْنِ وَلاَ تَشْتَرُواْ بِآيَاتِي ثَمَناً قَلِيلاً وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ**﴾المائدة44،

پاشان باس لە بەرپرسیارێتی پێغەمبەر دەکات کە حوکم بەوە بکات کە لەلایەن خواوە هاتووە: ﴿**وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَن بَعْضِ مَا أَنزَلَ اللّهُ إِلَيْكَ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ اللّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ وَإِنَّ كَثِيراً مِّنَ النَّاسِ لَفَاسِقُونَ**﴾المائدة49، پاشان

قورئان باس لەدوو مەرجی بنەڕەتی دەکات، وەك ئەوەی باس لەکێشەکانی ئەمڕۆ بکات قورئان دەفەرموێت ئێوە دەتوانن شەریعەت بچەسپێنن.

گوێ لەم دوڕوانە نەگرن کەفەرمانی جولەکە و مەسیحیەکان جێبەجێ دەکەن: **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ** المائدة51، پاشان خوای گەورە مسوڵمانان دڵنیا دەکاتەوە کەپشتیوانیان لێ دەکات و رابەرایەتیان دەکات و لەگەڵ ئەوانەدا دەبێت کە لەگەڵ خوا دەبن: **إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ** المائدة55، ئایا تۆ چۆن خۆت بەمسوڵمان دەزانیت بەڵام خۆت ناکەیتە خاوەنی شەریعەت و ئینتیمات بۆی نیە و لەجیاتی ئەمە دژایەتیشی دەکەیت و پێت ناخۆشە سەروەری بۆ شەریعەت بێت **وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالاً مُّبِيناً** الأحزاب36 خوای گەورە زیاتر دڵنیامان دەکاتەوە لەسەر راستی ئەم ڕێبازە و سەرکەوتنی و راستگۆیی شوێن کەوتوانی و ئەوانەش کەدژایەتی دەکەن بەشوێن کەوتوانی شەیتانی باس دەکات **كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ** المجادلة21، ئەمانە زیانمەند دەبن و ریسوا دەبن لەدوا رۆژداو هەر لەو رۆژەشدا دۆستان و لایەنگرانی سەر دەخات **كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ** المجادلة21، ئێستا لەبەرامبەر سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی عەرەبیدا هەست دەکرێت دژە شۆڕشێك لەئارادایە هەوڵی لەباربردنی و ناشرین کردنی دەدرێت، دەبێت رابەران شۆڕشە نوێیەکە بەپێشکەش کردنی نمونەیەکی جوانی ئەو هەوڵانە لەباربەرن و نەهێڵن بۆچۆنەکانیان راست دەربچێت، ئەویش بەچەسپاندنی ئازادی و جێبەجێ کردنی عەدالەت و پێشکەش کردنی پرۆژەی گەشەپێدانی جۆر بەجۆر دەبێت.

## جیاوازییە جەوهەریەکانی نێوان ئێمە و هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ

ئەگەر بەراورد بکەین لەنێوان هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کەخودای گەورە شایەتیان بۆ دەدات بەچاکەخوازی، هەروەها خودای گەورە لێیان رازی بووە و ئەوانیش لەخودا رازی بوون، ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ئەوان و نەوەکانی دوای ئەوان  بکەین، دەبینین کەجیاوازیەکەیان ناگەڕێتەوە بۆ کەمی دەقەکان، چونکە دەقەکانی قورئان و فەرموودە لەهەموو سەردەمەکاندا ئامادەییان هەبووە، هەروەك چۆن لەبەردەم هاوەڵاندا هەبووە، لەم سەردەمەشدا ئەوەندەی گرنگی بەفەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ دەدرێت، ئەوەندە گرنگی بەقورئان نادرێت، ئێستا هەموو کتێبەکانی فەرموودە چاپکراون هەموو خراونەتە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر، هەرکەسێك بیەوێت دەتوانێت بەکەمترین ماوە لەهەرجۆرێك لەفەرموودە بیەوێت بیبینێت و راڤەی بکات.

کەواتە گرفتەکە پەیوەندی نیە بەدەقەکان و فەرمان بەچاکە و رێگرتن لەخراپە بەڵکو کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەر دوو بنەمای گرنگ کە یەکەم: زۆری هەستیاری هاوەڵان لەپابەند بوون بەدەقەکان و هەست کردن بەبەرپرسیارێتی، دووەم: پەلە کردن لەجێبەجێ کردندا.

بۆ نموونە ئەگەر سەرنج بدەین کە هاوەڵان زۆر هەستیار بوون بەرامبەر هەر فەرمانێك یان ئایەتێك کە لەلای خوای گەورەوە دابەزیوە، ئەمەش وای لێکردون کە پێشبڕکێ بکەن لەچاکەکاری و پێشبڕکێ بکەن لە خێرایی جێبەجێ کردنیدا.

ئەگەر نەیانتوانیایە جێبەجێی بکەن هەستیان بە نیگەرانی و ئازارێکی دەرونی زۆر دەکرد، لەفەرمودەیەکدا: کە ئیمامی موسلیم لە ئەبوو هورەیرەوە دەگێڕێتەوە، کەپێغەمبەری خوا فەرمویەتی لە کاتێکدا کە ئایەتی: ﴿**لِّلَّه ما فِي السَّمَاوات وَمَا فِي الأَرْضِ وَإِن تُبْدُواْ مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللّهُ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاء وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاء وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾البقرة**284، دابەزی، ئەمە زۆر گران بوو بەلای هاوەڵانەوە، وەفدێکیان نارد بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) ووتیان ئەی پێغەمبەری خودا چەند کارێکمان خراوەتە ئەستۆ ناتوانین جێبەجێی بکەین، ئەوانەش (نوێژ، جیهاد، رۆژو، سەدەقە) ئەم ئایەتەش دابەزیوە بۆ تۆ بەڵام لەتواناماندانیە جێبەجێی بکەین، پێغەمبەری خودا (ﷺ)پێی ووتن (ئایا ئێوەش دەتانەوێت وەك خاوەن کتێبەکانی پێشوو بڵێن: (سمعنا وعصينا) وامەکەن)، ئێوە﴿... **سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ**﴾، ئەوانیش گوێ رایەڵبوون و وتیان﴿... **سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ** ﴾، دوای ئەوەی ملکەچ بوون و گوێڕایەڵ بوون بۆ ووتەکەی پێغەمبەری خودا (ﷺ)، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە: ﴿**آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾البقرة**285، ئەگەر سەیری ئایەتەکە بکەین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەموو ئەوەی مرۆڤ لە دەرونی خۆیدا بیری لێ دەکاتەوە لەچاکە و لەخراپە خوای گەورە لێپرسینەوەی لەسەر دەکات، ئەمەش زۆرگران دەکەوێت لەسەر مرۆڤ چونکە خەیاڵەکانی مرۆڤ جۆراوجۆرن و ناتوانن کۆنترۆڵی بکەین.

ئەم ئایەتە زۆر گران بوو لەسەر هاوەڵان، نەیان دەتوانی بەرگەی بگرن، لەبەرئەوە مشتومڕێك دروست بوو لەنێوانیاندا، لەوەڵامی ئەمەدا جبرەئیل ئەو ئایەتەی بۆ دابەزاندن:﴿**آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ**

**وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُالبقرة**285.

پاشان ئایەتی دووەم: **لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ** ...**البقرة**286، چونكە هاوەڵان دەیان ووت ئێمە ناتوانین دەست بگرین بەسەر خەیاڵ و وەسوەسەدا، بەڵام لەبەرامبەر كردەوەدا كارێكی ئاساییە، لەكاتێكدا كە ئایەتەكەی دوایی دابەزی جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كەمرۆڤ ئەگەر نیەتی كارێكی چاكەی هەبێت، ئەوا خوای گەورە بەچاكە بۆی دەنوسێت ئەگەر ئەنجامیشی نەدابێت، بەڵام ئەگەر نیەتی كارێكی خراپەی هەبوو هەتا ئەنجامی نەدات خراپەی بۆ نانوسرێت.

(**لَهَا مَا كَسَبَتْ**) ووشەی (كسبت) لەڕێزماندا بەمانای كردنی كارێك دێت، واتە كاری ئەندامەكانی دڵ، ئەگەر دڵت چووە سەر كارێكی باش و هەوڵی ئەنجامدانیتدا چاكەیەكت بۆ دەنوسرێت (**وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ**) واتە كاتێك لەسەری حسابە كەئەنجامی بدات ئەمە مانای (أكتسب) لەفەرموودەیەكی تردا خوای گەورە تەواوی ئەو نزایەی گیرا كردووە كە لەم ئایەتەدا هاتووە: **رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا** ..**البقرة**286 ئەمەش بەشێكی ترە لەسۆز و بەزەیی خوا كە سزامان نادات لەسەر كارێك كە بەهەڵە ئەنجام بدرێت یان بەهۆی لەبیر چوونەوە بێت، ئەو لەبیر چوونە لەفەرزەكاندا بێت نانوسرێت، ئەمەش سۆز و بەزەیی خوایە لەسەرمان.

لەم بابەتەدا دەمەوێت باس لە هەستیاری هاوەڵان بكەم لەسەر ئەو ئایەتانەی كە دابەزیە سەریان، ئایا چۆن تێیدەگەیەشتین و چۆن جێبەجێیان دەكرد، چۆن هەستیان بەناڕەحەتی دەكرد، لەكاتێكدا كەنەیاندەتوانی جێبەجێی بكەن، ئەگەر بەراوردی نێوان هاوەڵان و خۆمان بكەین جیاوازی گەورە دەبینین، ئایا رۆژانە چەند ئایەت و فەرموده دەخوێنینەوە؟ ئایا چەندی جێبەجێ دەكەین؟ ئەمە جیاوازی نێوان ئێمە و هاوەڵانە، ئەگەر ئێمە بتوانین وەك ئەوان سوربین لەسەر جێبەجێ كردنی دەقەكان ئەوا پێغەمبەری خوا ﷺ بە گەورەتر لەهاوەڵان باسمان دەكات.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: حەزم دەكرد براكانم ببینیایە، هاوەڵان ووتیان ئەی ئێمە برای تۆ نین، پێغەمبەر ﷺ لە وەڵامدا ووتی ئێوە هاوەڵی منن، براكانم ئەوانەن

کەئێستا نەهاتوون، منیان نەبینیوە بەڵام بڕوام پێ دەهێنن، واتە ئێمە کاتێك کەسونەتەکانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾جێبەجێ دەکەین دەبینە برای پێغەمبەر.

لە رووداوێکی تردا کە بەڵگەیە لەسەر هەستیاری هاوەڵانی ئەوەبوو، کاتێك پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ کۆمەڵێك ئەنساری لەگەڵ بوو ویستیان بچن بۆ عەمرە لەسەردەمی نەفامیدا ئەنسارەکان بەینی سەفاو مەروایان دەکرد لەپێناوی دوو (بتدا) ئەوانیش (ئەساف و نائل) بوون لەکاتێکدا لەگەڵ پێغەمبەردا بوون تەوافی دەوری کەعبەیان تەواو کردوو گەیشتنە مەقامی ئیبراهیم، لەوێدا ئاوی زەمزەمیان خواردەوە، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فەرمانی پێ کردن کەبەینی سەفا و مەروا بکەن، ئەنسارەکان ووتیان ئێمە لەسەردەمی نەفامیدا ئەم کارەمان دەکرد بۆ دوو بت ئایا ئێمە ئێستا کەخوای گەورە ڕێگەی نیشانداوین چۆن هەمان کار ئەنجام بدەینەوە، لەم بارەیەوە خوای گەورە ئەم ئایەتەی نارد ﴿**إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْراً فَإِنَّ اللّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ**﴾**البقرة**158، ووشەی (لاجناح) واتە لە واجبات نییە، چونکە ئەنسارەکان زۆریان پێ ناخۆش بوو، ئێستا شتێك بکەنەوە کە لەسەردەمی نەفامیدا ئەنجامیان داوە، هەروەها لەبواری چاکە و خێردا، لەکاتێکدا کەئایەتی ﴿**لَن تَنَالُواْ الْبِرَّ حَتَّى تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ** ...﴾**آل عمران**92 دابەزی هەموو هاوەڵان دەستیان دایە پێشبڕکێ بۆ بەخشینی ماڵەکانیان، (ئەبو تەلحە) کە یەکێك لەجوانترین و خۆشترین باخەکانی هەبوو ئاوێکی خۆشی هەبوو دارخورمایەکی زۆری تیابوو، هات بۆلای پێغەمبەری خوا ووتی ئەوە ئەم باخەم کرد بەوەقف بۆ خوا، حەزرەتی عومەر ویستی کێبڕکێ لەگەڵ ئەبوبەکردا بکات نیوەی ماڵەکەی کرد بەخێر، بەڵام لەدوای ئەو ئەبوبەکر هات هەموو ماڵەکەی کرد بەخێر.

هاوەڵانی پێغەبەر ﴿ﷺ﴾بەم شێوەیە بوون لەگەڵ یەکتردا ئەگەر ئێمەش فەلسەفە و کلتورمان نەگۆڕین ناتوانین برایەتی و پێکەوە گونجان دروست بکەین لە نێوان تاکی ئوممەتەکەماندا، ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەدرێژای دەیان ساڵ نەیتوانی عەرەب لەئەرك و فەرماندا بکاتە برا، هەروەها مارکسی و چەپ و عەلمانیەکانی کوردیش، سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتیان کەوتە دەست، نەیانتوانی دادپەروەری و ئازادی بۆ گەل دابین بکەن، چونکە بنەمای بیرکردنەوەو جیهانبینی ئەوان لەسەر عەقیدە و ئیمان دانەمەزراوە، لەبەرئەوە ئەوان ناتوانن لەبەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان وازبهێنن، برایەتی تەنها لەژێر سایەی

ئیماندا دروست دەبێت، سەیرکەن عومەری کوڕی خەتاب بەئەبوبەکر دەڵێت (ئەبوبەکر گەورەی ئێمەیە چونکە ئەو گەورەی ئێمەی ئازاد کردووە) کە ئەوەش مەبەستی بیلالی حەبەشیە، پێغەمبەر بەسەلمانی فارسی دەڵێت (سەلمان لەئێمەیە) نەوەی یەکەم لەهاوەڵان بەم شێوەیە دەژیان، ئەوان تەنها گوتار و دروشم نەبوون، چونکە هیچ گوتارو دروشمێك سودی نابێت، ئەگەر عەقیدەیەکی لەدواوە نەبێت ئەگەر لەپێناو ئامانجێکی مرۆڤ دوستانەو پەیامداریدا نەبێت.

## راستگۆی پێوەری ئیمانە

قورئانی پیرۆز زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر ووشەیەك کە سەرچاوەی هەموو راستیەکانی ئیمان و ئیسلامەتیە، ئەم ووشەیە بۆتە سەرچاوەی کۆمەڵێك لەدید و بۆچۆن و چالاکی جۆراوجۆر کە بەپێویستیە سەرەکیەکان ئەمرۆی ئوممەتی ئیسلامی لەقەڵەم دەدرێن، ئەو ووشەیەش بریتیە لە (صدق) واتە راستگۆیی لەم وشەیەشەوە چەندان وشەی وا دادەتاشرێن کە جەوهەری ئیسلام پێك دەهێنن و دەبنە بنەمای سەرەکی پێکهاتەی ئیسلام، بەهۆی ئەم ووشەیەوە تۆ باوەڕت بۆ دروست دەبێت بەراستگۆیی هەموو ئەوەی کە لەلایەن خواوە هاتووە، ئەمە دەبێتە بیرو باوەڕ لەدڵ و دەرونتدا، پاشان هەوڵ دەدەیت ئەمە بکەیتە سلوك و هەڵسوکەوت لەزمان و ئەندامەکانتدا، مانای (راستگۆیی) واتە راست کردن لەگەڵ خوا و پێغەمبەر و هەموو پێغەمبەرانمان، راستگۆیی لەگەڵ قورئانی پیرۆز و باوەڕداران، هەروەها لەگەڵ بێ باوەڕاندا.

راستگۆیی دەبێت لەگەڵ خەڵك و ئاژەڵیشدا بێت، درۆ کردن تەنانەت لەگەڵ ئاژەڵانیشدا حەرامە، یەکێك لەزانا پایەبەرزەکان کەچەندان وولاتی بڕیبوو بۆ وەرگرتنی فەرموودەیەك لەپیاوێك، لەکاتێکدا کەبینی درۆیەکی لەگەڵ بزنەکەیدا کرد، پشتی لێ کردوو فەرموودەکەی لێ وەرنەگرت، چونکە وتی ئایا ئەگەر ئەم پیاوە لەگەڵ ئاژەڵێکدا درۆ بکات، کەقسە ناکات ئیتر چۆن لەگەڵ مرۆڤدا درۆ ناکات، ووشەی راستگۆیی ووشەیەکی گشتگیرە، لەبواری پەیمان و گرێبەست و وتەو تەنانەت ئیلتیزاماتەکانی ژیانی مرۆڤیش دەگرێتەوە، ئەم ووشەیە لەزمانی عەرەبیدا لەپیتەکانی (ص، د، ق) پێك دێت، داتاشراوەیەکی تری ئەم ووشەیە بریتیە لە (مصداقیەت) راستگۆبوون، وشەی چوارەمیش بریتیە لە (چاکەکاری و خێرخوازی)، ئایا بۆچی خێرو زەکات ناونراوە بە چاکە؟ چونکە ئەمە بەڵگەیە لەسەر راستگۆیی تو و مانای ئامادە بوونتە بۆ قوربانیدان لەپێناوی خودا، لەکاتێکدا کەتو خێرو زەکات دەدەیت مانای راستگۆ بوونتە لەسەر ئەو بیرو باوەڕەی کەهەڵت گرتووە و بەجێهێنانی خۆویستانەو راستگۆیانەیە بۆ ئەو شتانەی کەخوا لەسەری فەرزکردوین، لەبەرئەوە ئەگەر مرۆڤ لەم بوارەدا چاکەخواز نەبێت، ئەوا راستگۆ نیە بەرامبەر ئەو عیبادەتانەی کەئەنجامی دەدات و ئەو خواپەرستیەی کەدەیکات، لەکاتێکدا کە تۆ دەڵێیت **(سمعنا وأطعنا)** بەلام کەخوای گەورە فەرمانت پێ دەکات بەچاکەکاری و تۆ ڕێگری لێ دەکەیت، چونکە لەم کاتەدا ئەو کەسە بەدرۆزن دەناسرێت لەگەڵ خوداو لەگەڵ خەڵکیشدا، چونکە باوەڕداران بەردەوام بەڵێن دەدەن بەخوای گەورە و دەڵێن **﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾الفاتحة 5**، واتە تەنها تۆ دەپەرستین و تەنها پشت بە تۆ دەبەستین، راستگۆیی واتە هەڵسوکەوت لەمامەڵە و ڕەوشت ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕە بێت کەهەتە، لەوانەی کە فەرمانت پێ کراوە ئەنجامی بدەیت و لەوانەش کە ڕێگەت لێ گیراوە بۆ کردنی نەیکەیت.

لەم بارەیەوە خوای گەورە بەپێغەمبەرەکەی دەفەرموێت:**﴿وَالَّذِي جَاءَ بِالصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ ﴾الزمر33**، پێغەمبەر ئەو کەسەیە بەراستگۆیی هاتوە و شوێنکەوتوانیشی بڕوای پێ دەکەن و بەراستگۆی دەزانن، ئەوانە خاوەنی تەقواو لەخوا ترسانن، خوای گەورە قورئان و سوننەت و ئیسلام و ئیمان و هەموو ئەم شتانەی لەووشەیەکدا کورت کردوتەوە کە ئەویش (راستی)یە، راستی لە ووتە و کرادار و ڕەوشت و

هەڵسوکەوتدا، چونکە مرۆڤ نابێت لەنێوان ئەوەی باوەڕی پێی هەیە لەگەڵ ئەوەی ئەنجامی دەدات دووشتی جیاوازبن، چونکە ئەو کاتە دووڕوویی دروست دەبێت کە ئەمەش لەئیسلامدا بەیەکێك لە ڕەوشتە خراپ و ناپەسەندەکان دادەنرێت و خاوەنەکەی بەدۆزەخ هەڕەشەی لێ کراوە.

ئایەتەکە باس لەراستگۆیی دەکات، پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەنها راگەیەنەر نەبووە، بەڵکو خۆی جێبەجێ کار و ئەنجامدەر بووە، پێشەنگ بووە لە بەئەنجامدانی راستگۆیدا، لەوەی کەوتویەتی لەوەش کەبۆی دابەزیوە، سەرەتا بۆ خۆی جێبەجێی کردووە، پاشان فەرمانی بەکەسانی تر کردووە، بۆ نموونە دەبینین کە پێغەمبەر(ﷺ) لەبواری عیبادەتدا زۆرترین عیبادەتی کردووە و لەخواترسترین کەس بوو، لەرووی گریانەوە لەهەموو کەس زیاتر گریاوە، لەماڵ و سامان و بەخشیندا یەکەم کەس بووە، نموونەی قوربانیدان بووە لەکاتی جەنگدا و بەردەوام لەبەرەی پێشەوەی شەڕدا بووە، وەك پێشەوامان عەلی دەفەرموێت (ئازاترین سوار چاك بووە) ئەگەر جەنگ دەگەیشتە ئەوپەڕی ئێمە چاومان لەپێغەمبەر دەکرد لەبەرئەوە خوای گەورە شایەتی لەسەر دەدات و بەراستگۆ ناوی دەبات، خوای گەورە وەسفی ئەوانە دەکات و بە لەخواترس ناویان دەبات، راستگۆکان ئەو کەسانەن کەتەقوای راستەقینەیان هەیە، خوای گەورە تەقوا دەکاتە هۆکاری سەرەکی چوونە بەهەشت، ئەم تەقوایە دەبێت لەڕێگەی راستگۆبوونەوە جێبەجێ ببێت، دەبێت باوەڕدار لەگەڵ ڕاستیدا بێت، ئەم راستگۆییەش لەسلوك و هەڵسوکەوتدا رەنگ بداتەوە.

هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لەئاستی ئەم راستگۆییەدا بوون و خوای گەورە شایەتیان بۆ دەدات، بەم هۆیەشەوە خوای گەورە لەسەر دەستی ئەوان جیهانی ڕزگار کرد و دەرگای بۆ کردەوەو ئیسلامیان بڵاوکردەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**وَلَمَّا رَأَى الْمُؤْمِنُونَ الْأَحْزَابَ قَالُوا هَذَا مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَصَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّا إِيمَاناً وَتَسْلِيماً**﴾**الأحزاب**22، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەبارودۆخەکە زۆر مەترسیدار بوو هەموو خێڵە عەرەبیەکان هاتبوون گەمارۆی مەدینەیان دابوو پاشان خیانەتە گەورەکەی جولەکەکان لەبەنی قورەیزە و بەنی نەزیرەوە رووی دابوو، پاشان کەبەم هۆیەشەوە بەرەیەکی شەڕی ناوخۆیان لەرۆژهەڵاتەوە بۆ دروست کردبوون، کە لەم ڕێگەیەوە بەئاسانی دەیان توانی بچنە ناو مەدینەوە ئەگەر چاودێری خوای گەورە نەبوایە، خوای گەورەش ئەم بارودۆخە سامناکەمان بەم شێوەیە بۆباس دەکات ﴿**إِذْ جَاءُوكُم مِّن**

**فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَإِذْ زَاغَتْ الْأَبْصَارُ وَبَلَغَتْ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا * هُنَالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا زِلْزَالاً شَدِيداً**الأحزاب( 10-11 )، لەم تاقیکردنەوەو بەڵا گەورەشدا راستگۆکان دەرکەوتن لەکاتێکدا کەوتیان **وَلَمَّا رَأَى الْمُؤْمِنُونَ الْأَحْزَابَ قَالُوا هَذَا مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَصَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَمَا زَادَهُمْ إِلاَ إِيمَاناً وَتَسْلِيماً** الأحزاب22، بەڵام دووڕووەکان ووتیان **مَّا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلاَ غُرُوراً** الأحزاب12، کە ئەمەش ووتەیەکە شایەنی ئەوە نیە لەبەرامبەر خواو پێغەمبەرەکەیدا بوترێت، ئەمە ئەو راستگۆییە بوو کەخوای گەورە شایەتی لەسەردان.

ئیبن عومەر ڕەزای خوای لێبێت دەڵێت، هەر دە ئایەتێك بهاتایەتە خوارەوە سەرەتا تێی دەگەیشتین و لەبەرمان دەکردو پاشان جێبەجێمان دەکرد، ووشەکان تەنها بۆ خوێندنەوە نەبوون، بەڵکو بۆ بەرجەستەکردن بوون لەدەروندا، پاشان بۆ جێبەجێ کردن بوون، نوێژ کردن و رۆژووگرتن سەرەڕای گرنگیان بەڵام تەنها بۆ بەجێهێنان نین بەڵکو لەپێناو ئەو راستگۆییەدایە کەباسمان کرد، ئایەتێك بیخوێنینەوە و جێبەجێی بکەین باشترە لە (1000) ئایەت کە بیخوێنین و جێبەجێی نەکەین، چونکە ئەگەر ئایەتێك بخوێنینەوە و جێبەجێی نەکەین شایەتیمان لەدژ دەدات، ئەو کاتەش دەچینە چوارچێوەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لاَ تَفْعَلُونَ * كَبُرَ مَقْتاً عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لاَ تَفْعَلُونَ** الصف( 2،3 )، خوای گەورە جیاوازی نێوان ووتەو کردار بە (مقت) ناو دەبات، واتە توڕەبوون و نەفرەت، واتە دوور کەوتنەوە لەخوا ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەخوای گەورە داوای راستگۆیی لەمسوڵمانان دەکات، هەرچەندە لەئێستادا رابوونێکی ئیسلامی هەیە و شۆڕشی عەرەبی لەئارادایە بەڵام هیچ ئومەتێك ناتوانێت شارستانیەت دروست بکات ئەگەر راستگۆ نەبێت .

هەرچەند بەرنامە و پلان و پرۆژەکان جوان بن، پێشکەوتوبن بەڵام ئەگەر جێبەجێ نەکرێن هیچ نرخێکیان نیە و تەنها وەك مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێنێتەوە، گۆڕانکاری لەکەسەکان و جۆری سیستەمەکان هیچ دادێك نادەن ئەگەر گۆڕان لە ناخ و دەروندا نەبێت، کە هاندەربێت بەرەو کارو گەشەپێدان و قوربانیدان و راستگۆیی.

ئەم ئەزموون و پێوەرانە وەك خوای گەورە دەفەرموێت تەنانەت عیبادەت و فەرمان بەچاكە و ڕێگرتن لەخراپە و بەڵاكانیش كە بەسەر ئەم ئوممەتەدا هاتوون تەنها بۆ دەرخستنی راستگۆییە، بۆ ئەوەی ئەم راستگۆییە لەناوماندا بەرجەستە ببێت، چونكە راستگۆیی لەگفتار و كرداردا پێوەرە بۆ ئیمان و باوەڕ، خوای گەورە ئەو راستیانەمان لەڕێگەی چەندان ئایەت و فەرموودەوە بۆ روون دەكاتەوە، ووشەی (ڕاستی) لەقورئاندا (145) جار هاتووە، كەهەموو بوارەكانی ژیان دەگرێتەوە تەنانەت ئیسلام بەگشتی كورت كراوەتەوە لەم ووشە جوانەدا (ڕاستی)، بەڵام بەداخەوە زۆربەی مسوڵمانان دوورن لە ئەم ووشەیە.

لەكۆبوونەوەیەكدا، پرسیار بكە ئایا رێژەی ئەو مسوڵمانانە چەندن كەراستگۆن لەمامەڵە و هەڵسوكەوتیاندا؟

هەرچەندە ئێمە هەست دەكەین رێژەی نوێژكەران و عەمرەكەران و حاجیەكان رۆژبەرۆژ لەزیادبووندان، بەڵام ئایا رێژەی ئەوانە چەندن كە بەراستگۆیی مامەڵە دەكەن، كاتێك تۆ هەست بەمە دەكەیت كەبچیتە بازاڕو مامەڵە و هەڵسوكەوتی مسوڵمانان ببینیت، ئەو كاتە دەپرسی كە ئیمان و راستگۆیی لەكوێدایە ئەگەر سەرنج بدەین زۆربەی مسوڵمانان ئێستا تەنها لەقازانج دەگەڕێن؟ ئایا ئەمە ئیمانە؟ ئەمە راستگۆییە؟ راستگۆیی ئەو شتەبوو كە پێشەوامان یوسف رایگەیاند و ئەنجامیدا، ئافرەتێكی جوان و خاوەن سامان و دەسەڵات، یوسفیش بەندەیەك بوو لەلای فەرمانی پێدەكات بەئەنجامدانی كاری خراپە لە شوێنێكی داخراو كەتەنها خوا پێی دەزانێت، بەڵام یوسف پەنا بەخوا دەگرێت و چەندان ساڵ زیندانی دەكرێت لەسەر راستگۆیی، ئەمە ئیسلامە.

ئێمە لەگەڵ ووتەكاندا پێویستمان بەكردار و راستگۆیی هەیە، خوای گەورەش تاقیمان دەكاتەوە تا پلەی راستگۆیی ئێمە بزانیت ﴿**أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ * وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ﴾العنكبوت(2،3)**، پلەی ئیمانی ئێمە لەلایەن خواوە تاقی دەكرێتەوە، تاقیكردنەوەش تەنها بۆ لایەنی سلبی نیە، بەڵكو تاقیكرنەوە بەخێریش هەیە ﴿.. **وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً** .. ﴾**الأنبياء35**، دەرچوون لەم تاقیكردنەوانەش پلەی ئیمانی مرۆڤی مسوڵمان دیاری دەكات و لەهەمان كاتدا كەوتووەكانیش دەردەخات.

## ستەمكاری سەرچاوەی هەموو كێشەو گرفتەكانی كۆمەڵگایە

ستەمكاری لەهەردوو ئاستی دەرەوە و ناوەوە پێویستە چاوی پێدا بگێڕیتەوە، چونكە شوێنكارەكانی ستەمكاری زۆر كاریگەرن، جا ئەو ستەمكارییە مرۆڤ بەرامبەر بەخۆی یان ژنەكەی یان خێزانەكەی یان منداڵەكەی و دراوسێ و خێڵ و گەل و خاكەكەی، ستەمكاری شوێنكاری خراپی هەیە لەوانەش رێگرتن لەوەرگرتنی رێنمایی و هیدایەت و سەركەوتن (أنە لایفلح الظالمون)، ستەمكاران بێ بەشن لەرۆشنایی و نوری خوای گەورە لەرووناككەرەوەی رێگەی تاریك، ستەمكاری بەرچاوی مرۆڤ لێڵ دەكات، كوێرانە هەنگاو دەهاوێت، هەروەك لەچارەنوسی كۆمەڵێك سەركردەی ستەمكاردا بینیمان، كەنەیانزانی چی

دەکەن و چۆن ژیان بەسەر دەبەن، سەریان لێ تێك چوو ڕێگەی رزگاریان لێ وونبو، نەیانزانی چی بکەن بۆ رزگار بوون ئەمە ئەو راستیە دەسەلمێنێت کەخوا پشتیوانی لەستەمکاران ناکات، خوای گەورە موڵەتی پێدان بەڵام چاو پۆشی لێ نەکردن، ئەگەر ستەمکارێك بگرێت زۆر بەسەختی دەیگرێت و دەیدات بەزەویدا، وا مەزانن تەنها دەسەڵاتدارەکان ستەمکارن، با ئێمە سەیری خۆشمان بکەین با لەخودا بترسین ئەگەر دەسەڵات و هێزێکمان هەیە، چونکە ئەو هێزە هێزی خوایە، ئایا چۆن بەکاری دەهێنیت لەغەیری فەرمانبەرداری خوادا، یان لەسەر پێچی و تاوانکاریدا، لەبەرئەوە واجبی شەرعی ئێمە ئەوەیە کە ڕێگری لەستەمکاری بکەین و پشتیوانی ستەملێکراوان بین.

**بنەمای گرفتەکە**

ئەگەر سەیری هەموو کێشەکانی ئەمڕۆی جیهان و جیهانی ئیسلامی و هەموو گرفتی گەلەکانیان بکەین، لەسەر ئاستی خێزان و تاکەکانیش سەرنجی گرفتەکان بدەین دەتوانین هەمووی بگەڕێنینەوە بۆ یەك خاڵی جەوهەری کەئەویش ستەمکارییە، چونکە ستەم مەرجەعیەتی هەموو ئەو گرفت و بەڵایانەیە، بەڵام ستەمکاری بەمانا فراوانەکەی، بەهەردوو دیوی ماددی و مەعنەویدا، خوای گەورە کردوویەتی بەمەرجەعیەت تەنانەت بۆ هاوەڵ پەیداکردن بۆ خواش (إن الشرك لظلم عظيم)، ستەمکاری بنەمای هەموو گرفتێکە تەنانەت بۆ دەست درێژی کردن بۆ سەر مافەکانی خواش، چونکە ستەمکاری دەست درێژیە بۆسەر مافە ماددی و مەعنەویەکان، قورئان زۆر گرنگی بەم ووشەیە داوەو زیاتر لە 300 ئایەت هەیە کەباس لە ستەمکاری دەکات بەهەموو مانا و داتاشراوەکان، هەروەها 200 ووشەی تریش هەیە لەو دەستەواژانەی کەپەیوەندییان بەدەست درێژی و هەڵگەڕانەوە و شتی ترەوە هەیە، بەکۆی گشتی 500 ئایەت هەیە لەقورئاندا کەباس

لەبابەتی ستەمکاری و هۆکارو ئەنجامەکانی دەکات پاشان خوای گەورە باس لەچارەسەری ئەم گرفتەش دەکات و ئەویش بە چەسپاندنی دادپەروەری و نەهێشتنی ستەمکاری باس دەکات.

**ستەمکاری شتێکی بەربلاوە**

ترسناکی ئەم بابەتە لەوەدایە کە هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتوتەوە، لەئابوری  و سیاسی و کۆمەلآیەتی، چووەتە ناو ژیانی هەموو کۆمەلگاو تاکەکانی و تەنانەت دەولەت رۆلی گەورە لەستەمکاریدا دەبینێت.

ئەگەر سەیری باری ژیانی کۆمەلگە جیهانیەکان بکەین رۆژ بەرۆژ بەرەو خراپی دەچێت، رۆژ بەرۆژ ستەمکاری زۆر دەبێت لەئەنجامی ئەمەشدا ئازادی نامێنێت و باری گوزەران خراپ دەبێت و نەخۆشی و دواکەوتویی زۆر دەبێت، ئەمەش هەموو سەرەنجامی ستەمکارییە، هەموو کەس کەوتۆتە شوێن بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەرژەوەندی بەرامبەرەکان نامێنێت، جیهان وەك دارستانێکی لێ هاتووە بەهێزەکان لاوازەکان دەخۆن، بۆ ئەم مەبەستەش گەندەلی دەکات خوێن دەرێژێت، مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات، ئەمە واقیعی دنیای ئەمرۆیە.

جەنگە جیهانیە لەناوبەرەکان تەنانەت لەئەوروپاش جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، هەمووی بەهۆی ستەمکاری و دەست درێژی و فراوانخوازیەوە بوە، ولآتە سەرکەوتوەکان لەجەنگەکانی جیهاندا، فێری وانەیەك نەبوون لەدوای جەنگە لەناوبەرەکانەوە، لەدوای ئەوە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانیان هاتە دامەزراندن، جارێکی تر ئەوانیش چونە بازنەی ستەمکاری و ناعەدالەتی، مافی ڤیتۆیاندا بە پێنج وولآتە سەرکەوتوەکە، ئەمەش مانای وایە کەیەکێك لەو پێنج ولآتە دەتوانێت چارەنووسی جیهان کۆنترۆڵ بکات، هەتا ئێستا ئەمەریکا 300 جار ڤیتۆی بەکار هێناوە دژ بەئەو برِیارانەی کە لەقازانجی گەلی فەلەستین دا بووە، لەئێستاشدا رووسیا و چین، لەئەنجومەنی ئاسایش چەند ڤیتۆیان بەکارهێنا دژ بەو برِیارانەی کە لەبەرژەوەندی گەلی سوریادا بوون، بەمەش دەسەلآتدارانی سوریا هەتا ئێستاش بەردەوامن لەدرێژەدان بەخوێن رێژی و ستەمکاری.

ئەگەر سەیری رووداوەکانی ئێستای سوریا بکەین کە بەشەو و بەرۆژ بەردەوامن لەکوشتنی دەیان کەس، دەبینین چۆن شاری حەما و شارەکانی تر بەکاتیوشا و رِۆکێت و تۆپی قورس بۆردومان دەکرێن، لەپاڵ ئەم هەموو خوێن رِێژیەدا نەتەوە یەکگرتووەکان بێدەنگن، بەلآم

لەئیسلامدا ئەمە پێچەوانەیە جارێکیان یەکێک لەهاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾هات بۆلای پێغەمبەر و شکاتی لەجولەکەیەك کرد پێغەمبەری خوا لایەنگری هاوەڵەکەی بوو، چونکە پیاوێکی موجاهید بوو، بەڵام خوای گەورە ئاگادار بوو بەکێشەکە و هاوەڵەکەی پێغەمبەر لەسەر حەق نەبوو، بۆیە لەسەرو حەوت ئاسمانەوە خوای گەورە رەخنەی لەپێغەمبەری خوا دەگرێت و دەفەرموێت: ﴿إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللّهُ وَلاَ تَكُن لِّلْخَآئِنِينَ خَصِيماً﴾النساء105، واتە پشتیوانی لەستەمکاران مەکەو دادپەروەربە، ئەمە ئەگەر بۆخۆت بێت یان بۆ هاوەڵەکانت، پێغەمبەر لەم ڕەخنە توندەی قورئان سوودی زۆری وەرگرت لەدوای ئەوە لەفەرمودەیەکدا دەڵێت (وألله لو أن فاطمة بنت محمد سرقت لقطعت يدها) واتە: ئەگەر فاتیمەی کچی محمد دزی بکات دەستی دەبڕم.

لەدوای ئەوە پێغەمبەری خوا عەدالەتی کردە تەوەری دادپەروەری و ماف، لای هەر کەسێك بوایە بۆی دەگێڕایەوە، بەبێ ئەوەی بپرسێ لە چ نەتەوە و ئاین و خێڵ و رەگەزێکە، لەکاتی رزگارکردنی مەککەشدا هەموو ئەوانەی ئازاد کرد کەئازاری دابوون وەك یوسف فەرمووی خوالێتان خۆش بێت و من ئەمڕۆ تۆڵەتان لێ ناکەمەوە.

## مافی بەرامبەرەکان لەئیسلامدا

ئەگەر سەیری کومەڵگاکان بکەین لەڕووی مێژووییەوە جیاوازییەك دەبینین لەنێوان تازەکان و کۆنەکاندا، هەریەك لەو کۆمەڵگایانە لەسەر شتێك دامەزراوە، یان تەنها لەسەر بنەمای مافەکان دامەزراوە کە داوای ماف بۆ هاوڵاتیان دەکات، وەك لەکۆمەڵگە سەرمایەدارەکاندا دەیبینین، هەر لەبەرئەم هۆیە هەوڵ دەدات مافەکان بە یاسایی بکات، ئەگەر ئەو مافانە لەیاسادا نەبن کەس مافی دەست ناکەوێت لەهەندێك کۆمەڵگەی تریشدا دەبینین کەتەنها لەسەر بنەمای ئەرکەکان و بەرپرسیارێتی دامەزراوە، ئەمەش لەکۆمەڵگە سۆسیالیستەکاندا دەبینرا، کۆمەڵگە شوعیەکان هەرەسیان هێنا، چونکە نەیانتوانی هاوسەنگی دروست بکەن و بەهەرەس یەکێتی سۆڤیەتیش کۆتایی بەئەم جەمسەرە هات.

لێرەوە ڕۆڵی گرنگی بنیاتنانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەست پێ دەکات، کە ئیسلام لەسەر دوو بنەما دروستی دەکات، یەکەمیان: مافەکان، دووەمیان: چاکەکاری و لەخۆ بوردەییە، لێرەدا ئێمە باس لەبەشی یەکەم دەکەین کە مافەکانە، ئەمەش دەستەواژەیەکی شەرعییە، واتە هەرکەسێك بچوك بێت یان گەورە مافی خۆی هەیە، مافێکی هەیە بۆ خۆی، مافێکی کەسانی تریشی لەسەرە، واتە ئەرك و بەرپرسیارێتی هەیە، ماف دوولایەنەیە، هەندێکی موڵکی خۆیەتی هەندێکی لەسەرە، ئەو مافانەی کە لەسەر بەرامبەرەکانە بەدەستەواژەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت ئەرك و بەرپرسیارێتی، بەڵام دەستەواژە ئیسلامیەکە لێرەدا وردترە، چونکە لەئیسلامدا هەموو ئەوەی کەمرۆڤ دەیکات دەچێتە بازنەی مافەکان ئەمەش یان بۆ خۆمە یان لەسەرمە، جیاوازی نیە لەنێوان ئەوەی مافی منە یان لەسەر منە کەئەنجامی بدەم لەبەرئەوە مرۆڤی مسوڵمان بەپێی ئەو پەروەردەیەی کە وەریدەگرێت هەوڵ دەدات مافی بەرامبەرەکانی پێش مافی خۆی ئەنجام بدات، مرۆڤی مسوڵمان ئەگەر بخرێتە بەردەم ئەوەی کەئایا کامیان هەڵدەبژێرێت ستەمکار بێت یان ستەم لێکراو، ستەم لێکراوی هەڵدەبژێریت چونکە ستەمکار توشی سزای سەختی ناو گۆڕو دوارۆژ دەبێتەوە، کوڕە باشەکەی ئادەمیش هەر لەسەر ئەم بۆچوونە بوو کە ووتی ﴿**لَئِن بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَاْ بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ**﴾**المائدة**28، ئەگەر تۆ دەست درێژ بکەیت و بتەوێت من بکوژیت، ئەوا من دەست درێژی ناکەم تۆ بکوژم، چونکە من لەخوای هەردوو جیهان دەترسم.

**بنیاتنانی کۆمەڵگەی ئیسلامی:**

ئەمە بنیاتنانی کۆمەڵگەی ئیسلامیە، چونکە پێویستە تۆ بزانی ئەو مافانە چین کە لەسەر تۆن لەمافەکانی خواو خەڵك، ئەگەر هەمووومان بەم شێوەیە بیر بکەینەوەو ئەو پەروەردەیەمان هەبێت ئەوکاتە پێویستمان بەدادگا نابێت، چونکە ئەوکاتە پێش ئەوەی داوای مافەکانت بکەیت بیر دەکەیتەوە چ بەرپرسیارێتیەکت لەسەر شانە ئەنجامی بدەیت، ئینجا ئەو مافانەی کە لەسەرتن، فەرز بێت یان ئەرکێك بێت یان کرێیەك بێت، لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ هاوەڵانی، بەڕووحیەتەوە کاریان دەکرد، لەبەرئەوە بەدەگمەن کێشەیەك لەدادگادا هەبوبێت، لەسەردەمی حەزرەتی ئەبوبەکردا، بۆماوەی ساڵێك عومەری کرد بەدادوەر، لەماوەی ئەو ساڵەدا تەنها یەك کێشە یان دوو کێشەی هاتە بەردەم، لەبەرئەوە داوای دەست لەکارکێشانەوەی کرد.

چونکه ووتی: ئەی ئەبوبەکر ئەم خەڵکە پێویستیان بەدادوەر نییە، چونکە ئەوان هیچ کێشەیەك ناهێنن بۆلای من و هەر خۆیان لەنێوان خۆیاندا کێشەکان چارەسەر دەکەن، چونکە هەر خۆیان مافی بەرامبەرەکەیان دەدەن، ئەگەر مافەکانیشیان نەدا، ئەوا دەیدەنە دەست خواو بۆ رۆژی قیامەت هەڵی دەگرن.

ئەمە سیفەتەکانی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی راستەقینەیە کە لەسەر بنەمای برایەتی دروست دەبێت، ئەمە برایەتی ئیمانیە کەخوای گەورە فەزڵی داوە بەسەر ئیمانی نەسەبدا، هەرچەند کەبرایەتی نەسەب و برایەتی نەتەوە و هاوڵاتی بوون دانی پێدانراون بەڵام هەموویان لەژێر برایەتی ئیماندا وەك مەرجەع کۆدەبنەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**لَا تَجِدُ قَوْماً يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءهُمْ أَوْ أَبْنَاءهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُوْلَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُوْلَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ**﴾**المجادلة**22

## برایەتی تەنها دروشم نیە

برایەتی ئیمانی تەنها بەووتە نابێت و تەنها دروشمیش نیە هەروەها تەنها یاسا و دەستور نیە بنوسرێتەوە، چونکە ئێمە چەندەها دەستور دەبینین، کەپڕن لەداواکردن بۆچەسپاندنی ئەو مافانە بەڵام حکومەتەکان جێبەجێیان ناکەن، ئێمە چەندەها داواکاری جوان دەبینین کە داوای برایەتی نەتەوەیی و خێڵایەتی دەکەن، بەڵام لەکاتێکدا کە بەرژەوەندییەکانیان توشی بەیەکدادان دەبن، بەژەوەندی خۆیی و نەتەوەکەی دەخاتە پێش ئەوانی تر، لەبەرئەوە خوای گەورە بۆ ئەم برایەتیە چەند پێوەرێکی داناوە، کە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ لە کۆمەڵگەی مەدینەدا چەسپاندنی، سەرەتا لەنێوان کۆچ کردوەکاندا کە هەموو سنورێکی تێپەڕاندووە، پاشان لەنێوان کۆچ کردوان و یاریدەدەرەکاندا، لەم بوارەشدا یاریدەدەرەکان وانەی گەورەیان پێشکەش کرد، کەتیایدا گەیشتنە قۆناغی (إیثار) ﴿**وَالَّذِينَ تَبَوَّؤُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ**﴾**الحشر**9،

خۆیان هەژار بوون بەڵام هاوکاری برا کۆچ کردووەکانیان دەدا، خۆشیان دەویستن و نان و ئاویان دەدانێ، بەوپەڕی خۆشەویستی لەگەڵیاندابوون، لەکاتێکدا کە کۆچەریەك لەگەڵ یاریدەدەرێك دەکرایە برا، نیوەیماڵەکەشی لەگەڵی بەش دەکرد ئەگەر دوو ژنی هەبووایە داوای دەکرد با ژنێکی تەڵاق بدات و براکەی مارەی بکاتەوە، بەڵام کۆچکردوان بەوە ڕازی نەبوون، بەڵام خێرو ماڵیان لێ وەردەگرتن، بەمەش خوای گەورە خێرو بەرەکەتی زەوی و ئاسمانی بەسەردا ڕژاندن، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾دەفەرموێت (مثل المؤمنین في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم کمثل الجسد اذا اشتکی منه عضو تداعی له سائر الجسد بالسهر والحمی)، واتە مسوڵمانان لەرووی خۆشەویستی و سۆز و هاوکارییەوە وەك یەك لاشە وان، ئەگەر ئەندامێکی هەست بەئازار بکات ئەوا هەموو جەستەکە تاو ئازار و بێ خەوی رووی تێ دەکات، ئەم گەرمی و تایە لەجەستەدا بۆ لەناوبردنی بەکتریاکەیە کە چووەتە جەستەوە، دەبێت مسوڵمانیش وەهابێت خاوەنی هەست و سۆزو کردەوە بێت، هەتا ڤایرۆسەکانی ناو جەستە بکوژێت، هەتا خۆشەویستی و برایەتی بگاتە ئەوپەڕی.

مەرجەعیەتی ئەم برایەتیە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو فەرمودەیەی کەپێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾فەرمویەتی (لا یؤمن أحدکم حتی یحب لأخیه ما یحب لنفسه)، واتە کەستان باوەڕدارنین هەتا ئەوەی بۆ خۆتان پێتان خۆشە بۆ براکەشتان پێتان خۆش بێت، با هەریەکەمان سەیری خۆمان بکەین، چونکە تەنها خۆشەویستی بەس نیە بەڵکو دەبێت کردەوەشی لەگەڵدا بێت، ئەمە ئەو کۆمەڵگەیە بوو کەپێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ بنیاتینا، هاوەڵان خاوەن ئەو پەروەردە جوانەبوون، بەم ئەزموونەوە بانگەوازیان بۆ ئاینەکە دەکرد، ئەمانە بێ تاوان بوون، وەك ئێمە مرۆڤ بوون بەڵام توانیان جوانترین وێنە بۆ برایەتی ئیمانی دروست بکەن .

# مافە بەرامبەرەکان
# لەنێوان دایك و باوك و منداڵەکانیاندا

لەزۆر ئایەتدا خوای گەورە باس لە مافی دایك و باوك دەکات لەسەر منداڵەکانیان ئەمەش لەم ئایەتەدا کورت دەکاتەوە کە دەفەرموێت: ﴿**وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاَهُمَا فَلاَ تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلاَ تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلاً كَرِيماً * وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيراً**﴾**الإسراء**(23-24)

لەم ئایەتەدا خوای گەورە باس لەمافی دایك و باوك دەکات بەسەرمنداڵەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا چەندان ئایەت و فەرموودەی تر هەیە کەباس لەمافەکانی منداڵان دەکات بەسەر دایك و باوکەوە، لەو ئایەتانەش ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَاراً وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ**﴾**التحريم**6،

ئەی کەسانێك کەباوەڕتان هێناوە خۆتان و کەسەکانتان لەئاگرێك بپارێزن کە سوتەمەنیەکەی خەڵك و بەردە، چەند فریشتەیەکی توندو دڵڕەقی تیادایە، سەرپێچی شتێك ناکەن کەخوا فەرمانیان پێ بکات، ئەوە ئەنجام دەدەن کە خوا فەرمانیان پێدەکات، ئەم ئایەتە هەموو ئەو مافانەی تیادا کۆبۆتەوە کەپێویستە دایك و باوك بەرامبەر منداڵەکانیان بیهێننەدی، قورئان وەك عادەتی خۆی مافەکان کورت و پوخت دەکاتەوە و لەیەك دەستەواژەدا پێمان دەڵێت کە دایك و باوك بەرپرسیارن لەپەروەردەی منداڵەکانیان، پێویستە دایك و باوك پارێزگاری منداڵەکانیان بن ئەگەر کوڕ بێت یان کچ، ئەویش لەپێناو پاراستنی عەقڵ و گیان و دڵ و جەستەو تەندروستییان، پێویستە بەتەواوی منداڵەکان لەشتە حەرامەکان پارێزراوبن و هانبدرێن بەرەو بەجێهێنانی واجبەکان و ڕەوشتی جوان و خواپەرستی، پێویستە کەسایەتیەکی تەندروست لەهەموو روویەکەوە بۆ ئەو مندااڵنە دروست بکرێت، هەتا ببنە هاوڵاتیەکی دڵسۆزو خزمەتگوزار بەگەل و نەتەوە، ئەم بەرپرسیارێتیە بەشێکی دەکەوێتە ئەستۆی خێزان بەشێکیشی دەبێت حکومەت لە ڕێگەی دام و دەزگا جۆر بەجۆرەکان ئەنجامی بدات.

خوای گەورە لەئایەتێکدا هەموو ئەم شتانەی بە (وقاية) پاراستن ناو دەبات، بۆ ئەم مەبەستە واوی (عطف) بەکادەهێنێت﴿..**قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَاراً**..﴾**التحريم**6، خۆتان و خێزانەکانتان لەئاگر بپارێزن، ئەو بەرپرسیارێتیە روو دەکاتە هەریەکێك لەدایك و باوك، ئەگەر هەر یەکێکیان هەڵنەسن بەم بەرپرسیارێتیەو منداڵەکان پەروەردە نەکەن لەسەر دوورکەوتنەوە لەحەرام و تاوانکاری و هەموو ئەو شتانەی کە زیانیان هەیە بۆ دنیاو دوارۆژیان، ئەوە کەمتەرخەمیان کردووە لەیەکێك لەمافەکانی خوای گەورە هەروەها کەمتەرخەم بوون لەمافی منداڵ و خێزانەکەیدا لەسەر ئەمە لەلای خوای گەورە، لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت لەسەر ئەم مناڵانە، وەك چۆن لەگەڵ خۆیدا دەکرێت لەسەر ئەوشتانەی لەماوەی ژیانیدا ئەنجامی داوە، پرسیار کردنەکە لەسەر دوولایەنەو لەیەکتر جیا نابنەوە، لەلایەك لەسەر خۆتە لەلایەکی تر لەسەر منداڵەکانە، دەبێت وەك چۆن خۆت لەئاگر دەپارێزیت بەهەمان شێوە خێزان و منداڵەکان و کەس و کارەکەشت بپارێزیت.

لەبەر ئەم هۆکارە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾زۆر سوربووە لەسەر لایەنی پەروەردەیی و ئاینی ئیسلام هەر خۆی پرۆگرامێکی پەروەردەیی مرۆڤە، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەم پەروەردەیەی

لەخۆیی و منداڵەکانی و خێزانەکانیەوە دروست کردووە بۆخۆی ئەزمونێك و نموونەیەك بووە لە ڕەوشت بەرزی و پاکی و عەدالەت و لێبوردەیی، ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ بینی حسێنی کوڕی عەلی دەنکە خورمایەکی سەدەقەی خستە دەمیەوە، پێغەمبەری خوا کەسەیری کرد ووتی کخ کخ، ئایا نازانی ئێمە سەدەقە ناخۆین، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەپێویستە دایك و باوك منداڵەکانیان لەسەر شتی باش و چاکە پەروەردە بکەن و هەر لەمنداڵیەوە لە حەرام دووریان بخەنەوە، ئەم مەسەلەیەش بەئاسانی ناکرێت نەبۆ خۆی و نەبو منداڵەکان، چونکە هەر جەستەیەك لەسەر حەرام پەروەردە ببێت دەچێتە ئاگرەوە. لەمناڵیەوە پێویستە فێری ڕەوشت و ئادابەکان بکرێن، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ وەك پێشەنگێك بۆ ئێمە ئەم کارەی کردووە.

لەفەرموودەیەکدا کە بوخاری و موسلیم دەیگێڕنەوە، لەکاتێکدا کە عومەر کوڕی ئەبی سەلەمەی مەخزومی مناڵێك بوو لەنزیك پێغەمبەری خواوەوە نانی خواردوە، پێغەمبەری خوا پێی فەرمووە (کوڕە باشەکە، سەرەتا بەناوی خوا دەست پێ بکە، پاشان بەدەستی ڕاست دەست پێ بکەو لەبەردەمی خۆتەوە بخۆ) ئەم مناڵەی کە پێغەبەری خوا ئەم ڕەوشتە جوانانەی فێرکرد، لەدوایدا بووە یەکێك لەزاناکان و پیاوانی دەوڵەت، لەسەردەمی عەلی کوڕی ئەبو تالیب دا کرایە والی بەحرەین و وولاتی فارس، لەبەرئەوە پێویستە لەمناڵەکاندا ڕەوشت و ئادابی ئیسلامی و خۆشەویستی ئاینەکە بڕوێنرێت هەتا لەئایندەدا ببنە سەرکردە و زانای پێگەیشتوو شارەزا بەم ئاینە.

هەروەها ئەگەر سەرنجی سورەتی لوقمان بدەین چەند ئامۆژگارییەکی تێدایە کەقورئان بەنەمری هێشتویەتیەوە، لەم چەند ئایەتەدا قورئان هانی دایك و باوکان دەدات کە لەسەر رواندنی عەقیدەی پاك لەمێشکی منداڵەکاندا کار بکەن و منداڵەکان پەیوەست بکەین بەخواوە، لەدەرونیاندا هەست بە چاودێری و ترسی خوا بکەن، وەك دەفەرمویێت ﴿**يَا بُنَيَّ إِنَّهَا إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ فَتَكُن فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ أَوْ فِي الْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ**﴾**لقمان**16، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێویستە باوەڕ بەخوا لەدڵی منداڵەکاندا بڕوێنرێت، هەست بکەن کەخوا چاودێرە بەسەریانەوە، چونکە ئەگەر باوەڕ و ترس و چاودێری خوا لەمناڵەکەدا روێنرا ئەوا منداڵەکان پارێزراو دەبن لەهەموو تاوانێك هەروەك گەورەمان یەعقوب کردی لەگەڵ یوسف دا، پێغەمبەر یوسف لەسەر عەقیدە و ترس لەخوا پەروەردە کرابوو، هەر ئەمەش بوو لەبەردەم ئافرەتێکی جوانی خاوەن پلەو

پایەو ساماندا خۆی گرت، پاش ئەوەی دەرگاكانی لێ دادەخات و خۆی دەخاتە بەردەستی، بەڵام یوسفی گەنج كە هەتا ئەو كاتەش ژنی نەهێنابوو وەڵامە گرنگەكەی داوەتەوە، كەبوە بە دروشمێك بۆ هەموو گەنجێكی بڕوادارو خاوەن ئیمان، كە فەرمووی ﴿قَالَ مَعَاذَ اللّهِ أَن نَّأْخُذَ إِلاَّ مَن وَجَدْنَا مَتَاعَنَا عِندَهُ إِنَّـا إِذاً لَّظَالِمُونَ﴾يوسف79، پەنا بەخوا دەگرم، ئەو تەنها پشتیوانمە و ستەمكاران سەرفراز نابن.

ئەمانە سەرەتایی پەروەردەی مناڵەكانە، لەدوای ئەوە فێركردنی ئەحكامە شەرعیەكان و واجبەكان دێت لە نوێژو زەكات، هەروەك لەفەرمودەیەكدا هاتووە  كە دەفەرموێت (مناڵەكانتان لە (7) ساڵیدا فێری نوێژ بكەن، ئەگەر لە (10) ساڵیدا نەیان كرد لێدانێكی سوك بەكاربهێنن و پاشان جێگەی كوڕەكان و كچەكان لەیەكتر جیا بكەنەوە)، لە (10) ساڵیدا پێویستە دایك و باوك  گرنگی بەپەروەردەی مناڵەكانیان بدەن و هانیان بدەن لەسەر نوێژ كردن و لەگەڵ خۆتاندا بیانبەن بۆ مزگەوت و نوێژی هەینی و نوێژی جەماعەت، ئەگەر نەهاتن دەبێت جۆرەها شێوازی پەروەردەیی لەگەڵیاندا بەكاربهێنن، لەهەمان كاتدا شێوازی هەندێك سزاش بەڵام نەك لێدان و ئازار و سوكایەتی پێ كردن، ئەم مافانە زۆر گرنگن تەنها مافی منداڵ نین لەسەر دایك و باوك بەڵكو ئەمانە كۆمەڵە مافێكن كە خوا واجبی كردووە لەسەر دایك و باوك، دەبێت دایك و باوك وەك بەرپرسیارێتی سەیریان بكەن، ئەمانە مافی كۆمەڵگەن لەسەر دایك و باوك.

دەبێت دایك و باوك تاكێكی چاك پێشكەش بەكۆمەڵگە بكەن، چونكە ئەگەر وانەبێت كۆمەڵگەكە روو لەخراپەكاری دەكات، پێویستە لەسەر خێزان و دامەزراوەكانی دەوڵەت بەچاوی گرنگ سەیری پەروەردە بكەن و پلانی تایبەتیان هەبێت، چونكە تەنها رەوشت و پەروەردە و ئیمان دەتوانێت كۆمەڵگەیەكی چاك و پاك دروست بكات، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ...﴾فاطر32، ئەگەر دایك و باوك كەم تەرخەمی بكەن لەم بەرپرسیارێتیەدا، توشی لێپێچینەوە دەبن، پاشان لەبەردەم كۆمەڵگە و مێژوودا، چونكە هەڵسوكەوتی مناڵەكان كاریگەری هەیە بۆ سەر خێزانەكان و كۆمەڵگە بەچاك و بەخراپ.

یەكێك لەو سەرچاوانەی كەدوای مردنی مرۆڤ بەردەوام خێری پێ دەگات بریتیە لە بەجێ هێشتنی مناڵی چاكەخوازو چاكەكار، كەدەبنە مایەی لێخۆش بوون و بەرزكردنەوەی

پلەكانی بەهەشت، لەیەكێك لە (أثار)دا هاتووە، كاتێك كە مرۆڤ لە رۆژی دوایدا  نامەكەی بەدەستی راست وەردەگرێت، سوپاسی خوا دەكات، سەیر دەكات هەموو ئەو كردەوانەی تیایە كە كردوویەتی پاشان دەبینێت كە كۆمەڵێك شتی تیایە كە ئەو نەیكردووە، بەلام سەیر دەكات پاداشتی بۆ نوسراوە بۆ نموونە وەك دروستكردنی مزگەوتێك یان قوتابخانەیەك یان .... هتد، بەندەكە دەڵێت خوایەگیان من ئەو كردەوانەم نەكردوە بانگێك لەئاسمانەوە دێت و دەفەرموێت (ئەمانە بەرهەمی كردەوەكانی خۆتن، ئەمانە كاری منالەكانتە) دوای ئەوە ئەم ئایەتەی بۆ دەخوێنێتەوە ﴿إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي الْمَوْتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ وَكُلَّ شَيْءٍ أحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ﴾يس12، گەورەترین شوێنكار كە مرۆڤ بەجێی دەهێڵێت منالەكانیەتی لەخێر و لەشەڕ، ئەگەر لەدوای خۆت منالی چاكەكار بەجێبهێڵیت ئەوا لەهەموو كردەوە چاكەكانیان بەشدار دەبیت، هەروەها ئەگەر كردەوەی خراپیش ئەنجام بدەن بەهەمان شێوە، بەلام ئەگەر كەمتەرخەم نەبوبیت و بەهەموو شێوەیەك لەگەڵیاندا هەوڵت دابێت بەلام ئەوان هەر رێگەی راستیان نەگرتبێت ئەوا ئەوكاتە هیدایەت بەدەستی خوایە، سەروەرمان نوح هەموو هەوڵێكی لەگەڵ یەكێك لەكوڕەكانیدا، بەلام بێ سوود بوو، سەرپێچی فەرمانی خوای كرد، ئەمەش بووە مایەی خنكانی لەلافاوەكەداو لەدواڕۆژیشدا توشی سزای سەختی ئاگر دەبێتەوە.

ئەم بەرپرسیارێتیە گەورەیە تەنانەت لەپێش ژن هێنانەوە دەست پێدەكات، جارێكیان پیاوێك هات بۆلای یەكێك لەپیاوە ناودارەكان ئەویش محمدی كوڕی سەحلول بوو، پیاوەكە سكالای كرد لەدەست هەڵسوكەوتی منالەكانی ئەویش لەوەلامدا ووتی تۆ درەنگ هاتووی، پیاوەكە ووتی بۆچی درەنگ هاتووم، منالەكانم تەمەنیان سێ ساڵ و چوارساڵ و شەش سالە، ووتی مەبەستم ئەوە نیە، ئەگەر تۆ پێش ژن هێنان بهاتیتایە، ئامۆژگارییەكم دەكردی كە ئافرەتێكی باش هەڵبژێریت هەتا منالی باشت ببوایە، لەبەرئەوە گەنج دەبێت لەكاتی ژن هێناندا ئەم بەرپرسیارێتیەی لەبەرچاوبێت، چونكە ئێستا پێوەرەكان گۆڕاون و گەنجان تەنها دەگەڕێن بۆ ئافرەتی جوان و خاوەن پلەو پایەو دارایی، كەمترین پێوەر بۆ ئاینداری دانانێن، ئەمەش هۆكاری ئەوەیە كە خێزانەكان زۆربەیان پڕن لەكێشە و ئالۆزی و منالەكانی پەروەردەیەكی رەوشتی باش وەرناگرن و رێژەی جیابونەوەش رۆژ بەرۆژ لەزیاد بووندایە.

پێویسته لەکاتی ژن هێناندا، ئافرەتێکی چاك و چاکەکارو هۆشیار و هێمن و بەئارام و بەتوانا لەپەروەردەی منالّدا هەڵبژێریت، پێویسته لەگەڵ منالّەکاندا بژین پشت گوێیان نەخەین نابێت منالّەکان تەنها بۆ دایکیان یان خزمەتکارەکان بەجێ بهێڵین، دەبێت رۆژانە کاتێك هەبێت لەگەڵ منالّەکاندا بیت، هەتا هەست بەخۆشەویستی و چاودێری تۆ بکەن.

دەبێت خێزان و منالّەکانت بەگرنگترین شت سەیر بکەیت ئەوان گرنگترین سەرمایەن لەرووی شەرع و هەموو شتێکەوە تۆ بەرپرسیاری لەبەرامبەریاندا، وەك پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت (كلكم راع وكلكم مسؤل عن رعيته)، هەموتان بەرپرسیارن، هەرکەسێك بەرپرسیارە لەوانەی کە لەژێر دەستیدان، خوای گەورە لەسەر ئەم بەرپرسیارێتیە لێت دەپرسێتەوە، ئەمە هەتا کۆتایی مردن بەردەوام دەبێت، یان تۆ دەمریت یان منالّەکەت، تۆ بەرپرسیاریت لەمنالّەکان ئەگەر گەورە بن یان بچوك بن، چونکە ئامۆژگاری و بەرپرسیارێتی بەردەوامەو کۆتایی نایەت، نابێت تەنانەت دوای ژن هێنانیش کوڕو کچەکانت فەراموش بکەیت، دەبێت چاودێریان بکەیت ئامۆژگاری باشیان بکەیت، لەخراپە بیان گێڕیتەوە و سەرزەنشتیان بکەیت و هانیان بدەیت بۆ چاکەکاری، ئەم بەرپرسیارێتیە تەنها رووە ئاینیەکەی ناگرێتەوە، بەڵکو تۆ بەرپرسیاریت لەتەندروستی و عەقڵ و دڵ و هەموو شتێکیان، دەبێت وابکەیت منالّەکان ببنە خاوەنی دڵێکی چاك و بێگەردو دوور لە خۆ بەزلزانی و حەسوودی و نەخۆشیە دەرونیەکانی، دەبێت ئەوە لەمنالّەکان بگەیەنین کەپارە هەموو شتێك نیە بوونی پارەش بەرپرسیارێتیە، جاری وا هەیە هەژاری لەدەوڵەمەندی باشترە، زۆرجار هەژاری پاڵنەرێکە بۆ هەوڵ و تێکۆشان و فێربوونی زیاتر.

جارێکیان لەکۆڕیای باشور برایەك پێی ووتم من منالّەکانم وافێرکردووە کە رۆژانە زیاتر لە (8) سەعات بخوێنن و هەوڵ بدەن، ووتم بۆچی بەو جۆرە؟ ووتی چونکە لێرە ئەگەر مرۆڤ زۆر سەرکەوتوو نەبێت ناژی، لای ئێمە وەك کەنداو نییە تەنها هەوڵ بدەن کارێك بدۆزنەوە، لێرە تەنها سەیری زانست ناکرێت بەڵکو سەیری خێزان و بنەماڵەش دەکەن، لێرە کێبڕکێکە لەسەر چاکترینە لەهەموو روویەکەوە، ئەمە ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿... لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً ... ﴾هود7

# ئەو شیشانەی کە ئەمڕۆ بینیم

بۆ ئەو کۆنگرە نێودەوڵەتیەی لەرۆژانی 25 □ 28 □ 5 /2012 لەمۆسکۆ بەسترا دەربارەی توندوتیژی و توندڕەوی کەسەنتەری میانڕەوی لەکوەیت بەهاوکاری کۆمەڵەی شەهید قەدیروف لەشیشان لەگەڵ یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان سازیان کردبوو، ئاهەنگی کۆتایی کۆنگرەکە لەشاری گرۆزنی پایتەختی شیشان بوو .

لەکۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا سەردانی گرۆزنی پایتەختی شیشانم کرد، ئەو کاتە هەمووی وێرانە بوو شەقامەکانی خراپ بوون و رووخابوون، زۆربەی خانووەکان رووخابوون، دەوڵەت هەمووی لەبەریەك هەڵوەشابوو، دەسەڵاتەکان دابەش ببوون لەنێوان گروپە چەکدارەکان و بەشێك لەحکومەت، بەڵام ئەمجارەیان گرۆزنیم بینی لەبارودۆخێکی تەواو جیاوازدا بوو، بە بەرگێکی تازە بینیم، نەخشەی شارەکە و خانوەکان بەشێوەیەکی

پێشکەوتوو جوان بوو، گرۆزنی بە جۆرێك جوان بوو بوو وەك بوکی قەوقاز دەردەکەوت، ئەو جوانیەشی لەباڵە خانەبەرزەکان و بورجە گەورەکان و شەقامە فیرتاو کراوەکاندا دەردەکەوت، کە هەمووی بەباخچە و گوڵ و دارو درەخت ڕازێنرابونەوە.

بەبینینی ئەم دیمەنە شارستانیە جوانە زۆر سەرسام بوم، شارێکی پاك و خزمەتگوزاریەکی باش و جوان، بەڵام ئەوەی زۆرتر دڵشادی کردم گرنگی دان بۆ بەلایەنی زانستی و روحی، زانکۆی ئیسلامیان دروست کردبوو، کەتیایدا زانستە ئیسلامیەکان دەوترێتەوە، بەباشترین و جوانترین شێوە ئەمە سەرەڕای بوونی زانکۆی تایبەت بەزانستە سروشتی و مرۆییەکان.

هەر لەم گەشتەماندا سێ قوتابخانەی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزمان بینی کە لەبینایەکی زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشدا بوون.

بۆ هەریەك لەم قوتابخانانە بینایەکی جوان تەرخان کرابوو، کە لەسەر نەخشەسازیەکی ئیسلامی دروست کرابوون، بیناکە لەبەشی ناوخۆیی و کتێبخانە و شوێنی مانەوە و کافتریا پێکهاتبوو، بەتەنیشت قوتابخانەوە ماڵ بۆ مامۆستایان و قوتابیان دروست کرابوو، هەروەها لەم قۆناغانەدا گرنگیەکی زۆر بەچاودێری کردنی قوتابیان دەدرا.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە ماوەیەکی کەمدا توانیویانە زیاتر لە 1000 مزگەوت بەنەخشەسازی نوێ و سەرنج ڕاکێش دروست بکەن، لەلایەکی تریشەوە لەسەردانەکەماندا بۆ گرۆزنی چاومان کەوت بەبرای بەڕێز ڕەمەزان قەدیروف سەرۆك کۆماری شیشان، کە بەڕاستی پێشوازیەکی گەرمی لێکردین و هەر لەگەڵ ئێمەشدا نوێژی شێوانی بەجەماعەت کرد، پاشان لەگەڵماندا کۆبوەوە و منیش بەنوێنەرایەتی کۆنگرە باسی ئامانجی کۆنگرەم بۆ کرد هەر لەوێشدا لەپاش بڵاوبونەوەی راگەیاندراوەکەی سەرۆکی روسیا داوام کرد کەسنورێك بۆ نەهامەتیەکانی گەلی سوریا دابنێن، چونکە مسوڵمان دەبێت بەرپرسیارێتی خۆی لەبەرامبەر سوریادا هەست پێ بکات و پێویستە سیاسەتێکی گونجاو لەبەرژەوەندی گەلی سوریادا بگرێتە بەر نەك پشتیوانی لە رژێمێکی خوێن ڕێژ بکات.

سەرۆك هەتا کاتژمێر 12 ی شەو لەگەڵماندا مایەوە و چەند پرسیارێکی ئاڕاستەی زانایان کرد دەربارەی توندوتیژی و توندڕەوی ئەوانیش لەڕوانگەی شەرعیەوە وەڵامیان دایەوە.

سوپاس بۆ خوا، ئەوەی لە کۆماری شیشاندا بینیمان ئارامی و ئاسایش لەکۆمارەکەدا هەیە و ئازادییەکی باشیش هەیە بۆ مسوڵمانان لەبڵاوکردنەوەی ئیسلامدا، لەکاتێکدا کە ئێمە پرسیارمان کرد کەئایا چۆن ڕێگە بەمە دراوە، ئەوان لەوەڵامدا ووتیان: لەکاتێکدا کە

(پۆتین) بەڕێز (ڕەمەزان قەدیروف) ی ڕاسپارد بۆ سەرۆکایەتی لەوەڵامدا ووتی بەسێ مەرج ئەو بەرپرسیارێتیە وەردەگرم.
یەکەم: دەبێت ئیسلام و مسوڵمانان ئازادبن.
دووەم: دەبێت روسیا پشتیوانمان بکات لە گەشەپێداندا.
سێیەم: دەبێت نەوتی شیشان بۆ شیشانیەکان بێت و لەبواری گەشەپێدان و بەرەو پێش بردندا خەرج بکرێت.
بەشێوەیەکی گشتی ئێمە بینیمان کە ئازادی بڵاوبونەوە و بانگەواز و شوێنکارەکانی و پڕۆژەکانی پەرەپێدان هەیە، هیواشمان خواست کە ئارامی باڵ بکێشێت بەسەر ووڵاتدا ئاشتەوایەتی هەمەلایەنە ئەنجام بدرێت و هەموو تواناکانی گەلی شیشان ئاڕاستە بکرێت بەرەو گەشەپێدان و ئاوەدانی و شارستانیەت و هەموویان بەهۆی ئیسلامەوە خۆشبەختی دنیاو دوارۆژبن نزای گەورەشمان بۆ ئەو گەل و سەرکردە دڵسۆزە ئەوەیە خوای گەورە بیپارێزێت و سەرکەوتوی بکات بۆ خزمەتی ئیسلام و گەلی شیشان.

## مافەکانی دراوسێ وەك بەشێك لە مافەکانی هاوڵاتی بوون

لەم ووتارەدا باس لەمافەکانی بەرامبەر دەکەین، کەخوای گەورە فەرزی کردووە بەسەر ئەم ئوممەتەدا بۆ ئەوەی ببێتە ئوممەتێکی میانڕەو و ناوەند و ئوممەتێکی خاوەن سەنگ و دامەزرێنەر بێت، کە نەشلگیر بێت و نەتوندڕەو، بەتایبەتیش لەرووی ئەرك و مافەوە، ئەو کاتەش نەستەمکاری و نەتاریکی بەدی نایەت، چونکە لە زیادەڕەویدا ئوممەت لەسەر ڕاستە شەقام لادەدات و لەسەر ئەو ڕێگەیە نامێنێت کە خوای گەورە بانگی بۆ دەکات، خوای گەورە بەردەوام بانگمان لێ دەکات بۆ سەر راستەڕێ، چونکە ئەو ڕێگایە دێتەدی کەمرۆڤ ئەوە بزانێت کە لەسەریەتی و ئەوەش کەپێویستە ئەنجامی بدات، پێویستە مسوڵمان ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات کە لەسەر شانیەتی لەدوای ئەوە داوای مافەکان بکات، ئەگەر بۆشی نەهاتە دی ئەوا دەیداتە دەست خواو بەمەش ئارامییەکی دەرونی بۆ دروست دەبێت، بەڵام

ئەگەر لەبارودۆخێکدا تاکەکانی کۆمەڵگە تەنها داوای مافەکانیان بکەن بێ گوێدانە ئەوەی کە لەسەر شانیانە، ئەو کاتە گرفتی گەورە دروست دەبێت و بەمەش کۆمەڵگە روو لەئاڵۆزی دەکات.

قورئانی پیرۆز و سوننەتیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم کێشەیە ببێتە کێشەی مافەکانی کەسانی بەرامبەر و ئەمەش ببێتە کلتورێکی بنەڕەتی و وەك یەکێك لەپێکهاتە سەرەکیەکانی  بیرکردنەوەی مرۆڤی مسوڵمانی لێ بێت و ببێتە بەشێك لەکلتور و عەقیدە و مامەڵە و هەڵسوکەوت، قورئانی پیرۆز زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو لایەنە و وای لەقەڵەم دەدات کە لەهەموو شتەکانی دنیادا پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەسەر پاراستنی مافەکانی بەرامبەر دادەمەزرێت.

لەم بابەتەدا باس لە مافەکانی نێوان دراوسێ دەکەین، ئەگەر هەموو لایەك هەڵبسێت بەو ئەرکانەی کە لەسەر شانیەتی، ئەوا ئێمە پێویستمان بەهیچ شتێکی تر نابێت،  ئەو هەموو گرفتەش دروست نابێت، خوای گەورە لەم ئایەتەدا فەرمانمان پێ دەکات کە ئەو ئەرکانە بپارێزین **﴿وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئاً وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً وَبِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالجَنبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالاً فَخُوراً ﴾النساء36**، لەم ئایەتەدا خوای گەورە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە عبودیەت دەبێت تەنها بۆ خوابێت، یەکتاپەرستی و شەریك پەیدا نەکردن بۆی پەیوەستە بەوەی کەتا چەند لە سلوك و هەڵسوکەوتدا رەنگ دەداتەوە، ئیسلام تەنها ئیمانێك نیە لەدڵدا، تەنها دیعایەی یەکتاپەرستی نیە دەبێت پەیوەست بێت بە مامەڵەی باش و سلوکی چاك و جێبەجێ کردنی بەها بالأکان، ئەمەیە مانای بەندایەتی راستەقینە، خوای گەورە بەندایەتی پاکی بەخۆیەوە پەیوەست کردۆتەوە، یەکتاپەرستی و شەریك پەیداکردن و هەموو ئەمانەش پەیوەست دەکاتەوە بەکۆمەڵێك ئەرك و مافەوە.

کە یەکەمیان چاکەیە لەگەڵ دایك و باوك و خزمەکان و بەجێهێنانی پەیوەندی خزمایەتی، بەواوێك هەموو ئەمانە پەیوەست دەکاتەوە بەیەکترەوە و ئەمەش هەمووی بەئیسلام لەقەڵەم دەدات لەعەقیدە و هەڵسوکەوتی مسوڵمانان لەگەڵ خوا و دایك و باوك و خزم و دراوسێ و هەموو خەڵك، ئەم ئایەتە هاتووە و ئاستی مافەکان دیاری دەکات و بۆ دراوسێی مسوڵمان سێ ماف دیاری دەکات:

1 -مافی ئیسلام.

**2 -مافی دراوسێیەتی.**

**3 -مافی خزمایەتی.**

**بەڵام دراوسێی نامسوڵمان تەنها مافی دراوسێیەتی هەیە، ئەو مافانەی کەخوای گەورە باسی دەکات هەردوو جۆرە دراوسێکە دەگرێتەوە، پاشان باس لەدراوسێی نزیك و دراوسێی دوور دەکات، ئەو دوو وشەیە لەلای زۆرینەی زانایان دووجۆر راڤە هەڵدەگرێت، یەکەمیان لەلای سەرجەم زانایان (جار ذي القربي) مانای دراوسێی نزیکە واتە لەرووی خزمایەتییەوە (الجاری الجنب) واتە ئەو دراوسێیەی کەنزیك نییە، هەردوو جۆرەکە هەندێ جار بەشوێن راڤە کراوە، هەردوو راڤە کردنەکە راستە بەڵام بەلای زۆرینەی زانایان راڤەی یەکەم راسترە.**

**پاشان خوای گەورە باس لەمافەکانی تر دەکات وەك مافی خاوەن و مافی هاوڕێکان، ئەوانەی کە هیچ نزیکایەتیەکیان نیە لەرووی خزمایەتییەوە، تەنانەت لەرووی ئاینیشەوە، بەڵام لەم کاتەشدا ئەوان هەرمافیان لەسەرتە هەروەها خوای گەورە باس لەمافی ئەوانەش دەکات کەپێشتر بەندەبون و وەك خزمەتکار لەماڵەکاندا کاریان کردووە، ئەمرۆش لەم شێوانە هەن لەشێوەی کرێکار و خزمەتکار و خزمەتگوزار، خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات کەچاکەیان لەگەڵدا بکەین هەروەك فەرمانمان پێ دەکات کە خوا بپەرستین بەهەمان ئاست و بەهەمان هێز.**

**لەفەموودەیەکدا کە ئیمامی بوخاری و موسلیم لەعائیشەو ئیبن و عومەر رەزای خوایان لێبێت دەگێڕنەوە پێغەمبەری خوا فەرمویەتی (ما زال جبریل یوصیني بالجار حتي ظننت أنە سیورثە)، واتە شتەکە گەیشتە ئەو ئاستەی کەپێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ وا گومانی بردووە کە ئەگەر دراوسێیەك بمرێت میراتەکەی بۆ دراوسێکەی بەجێ دەهێڵێت، بەڵام دوایی لەئایەتێکدا کە لەسورەتی (نساء) دا هاتە خوارەوە باس لەوە دەکات کە دراوسێ میراتی دراوسێ نابات هەر لەو سورەتەشدا قورئان ئاستەکانی خزمایەتی دیاری کرد.**

**لەفەرمودەیەکی تردا کە ئیمامی بوخاری و موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە دەیگێڕنەوە پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ فەرمویەتی ( واللە لا یومن، واللە لا یومن ، واللە لا یومن )) ! قیل: من یا رسول اللە ؟ قال: (الذي لا یامن جارە بؤائقە) واتە ئیماندار نیە کەسێك کەدراوسێکەی لەشەڕی پارێزراو نەبێت، ئەمە بەرزترین ئاستی مافی دراوسێیەتیە کە پێغەمبەری خوا**

﴿ﷺ﴾سێ جار سوێند دەخوات کەئیمانی نیە، ئەمە مانای کافر بوون نیە، چونکە کافر بوون لەقورئان و سوننەتدا بەچەند قۆناغێك دەبێت، هەروەك إبن عباس دەڵێت: کوفرێك بەبێ کافر بوون، فاسقیەك بەبێ فاسق بوون، دووریيەك بەبێ دووربوون، ئەمە مانای ئەوەنیە کە ئەم دراوسێیە کافر بوبێت، یان لەڕیزی ئوممەتی ئیسلامی چوبێتە دەرەوە، ئەمە مانای ناتەواو بوونە لەئیسلام و ئیمان و عەقیدەی تەواو، بەڵام تاوانبار کردنی بەکافربوون جائیز نیە، ئەمەش بەپێچەوانەی هەندێك گروپی لەرێ لادەر کەئەم دەقانە بە بەڵگەی کوفرەوە دەهێنێتەوەو بەئاسانی خەڵك کافر دەکەن ئەویش ئایەتێك دەهێنێتەوە کە دەفەرمویێت: ﴿.... **وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ الله غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ** ﴾آل عمران97، واتە کوفری نیعمەت، ئەمە مانای کوفرێکی سەرپێچی کارنییە لێرەدا ئەوەی نەچێ بۆ حەج بەکافر دانانرێت ئەویش بەبەڵگەی ﴿**إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاءُ** ..﴾النساء48، فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾مانای وایە سزایەکی توند بۆ ئەوانە هەیە کە ئازاری دراوسێ دەدەن و بەمەش نزیك دەبنەوە لەکوفر، نابێت بەهۆی کردارێکی هەڵەوە خەڵك تەکفیر بکرێت، چونکە ئەمە پیشەی توندڕەوە کە بەبینینی تاوان و هەڵەیەك لەمسوڵمان تەکفیری دەکەن، ئەمە بەپێچەوانەی مەنهەجی ئەهلی سوننە و جەماعەتە، چونکە بەپێی مەنهەجی سوننەو جەماعە کەس تەکفر ناکرێت تەنیا لەحاڵەتێکدا نەبێت، کە بکەرەکە دان بنێت بەکافر بوونی بەخوا یان بەئازادی و ئیرادەی خۆی کوفرێکی ئاشکرا ئەنجام بدات، ئەمەش پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾روونی کردووەتەوە، سوێند خواردنی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾لەو فەرمودەیەدا مانای وایە ئەو کەسە لەدوای مردنی توشی فیتنەی شەیتان و سەرە مەرگ دەبێت، چونکە شەیتان لەسەرەمەرگدا دێت بۆ لای مسوڵمان و شتەکانی دنیای لەبەرچاو جوان دەکات ئەگەر ئیمان و عەقیدەیەکی پتەوی نەبێت ئەوا سوجدە بۆ شەیتان دەبات و لەئیمان دەچێتە دەرەوە، لەفەرمودەیەکی تردا کە لەبوخاری و موسلیمەوە ریوایەت کراوە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾فەرمویەتیی (من كان يومن بالله واليوم الآخر فلا يوذي جاره، ومن كان يومن بالله واليوم الآخر فليكرم ضيفه، ومن كان يومن بالله واليوم الآخر فليقل خيراً أو ليسكت)، هەر کەسێك خاوەنی ئیمانێکی راستەقینە بێت ئەو ئیمانەی کەفەرمان بەچاکە و نەهی لە خراپە دەکات، ئیمانی بەرۆژی دوایی هەبێت کە لەخراپە بیگێرێتەوە، هەرکەسێك

بڕوای تەواوی بەرۆژی دوایی هەبێت، ئازاری دراوسێکەی نادات، مسوڵمان دەبێت کە قسەی کرد قسەی باش بکات، یان بێ دەنگ بێت، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: (من كان يومن بالله واليوم الآخر فليحسن الي جاره)، فەرمودەی یەکەم بۆ ئەوەیە کەئازاری دراوسێ نەدەین، فەرمودەی دووەم بۆ ئەوەیە کەئازاری دراوسێ نەدەیت و چاکەشی لەگەڵدا بکەیت، لەفەرموودەیەکی تریشدا هاتووە کەپێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فەرموویەتی: (باشترین کەسێك ئەوەیە کە لەگەڵ هاوڕێکەیدا باش بێت، باشترین دراوسێش ئەوەیە کە بۆ دراوسێکەی باش بێت) لەم فەرمودەیەدا خێرو چاکە لەیەکێکدا کۆدەکاتەوە، کە بۆ دراوسێکەی باش بێت، یان لەگەڵ هاوڕێکەیدا چاکە دەکات، لێرەدا پێوەری چاکە کار دەکات، چاکە خوازی و باش بوون لەگەڵ دراوسێ، لەعومەری کوڕی خەتابەوە دەگێڕنەوە کە رۆژێکیان پرسیاری لەپیاوێك کرد ئایا فلاّن کەس دەناسیت؟ وتی بەڵێ پیاوێکی باشە، پرسیاری لێ کرد ئایا سەفەرت لەگەڵدا کردووە؟ وتی: نەخێر، پاشان وتی ئایا مامەڵەت لەگەڵ کردووە بەدینار و درهەم، وتی: نەخێر، پاشان پرسیاری کرد ئایا دراوسێیەتیت کردووە، ووتی: نەخێر، وتی کەواتە لەوانەیە تۆ لەمزگەوتدا بینیبێتت سەری بەملاولادا بادابێت؟ وتی بەڵێ لەمزگەوتدا بینیومە، وتی باشە بڕۆ.

لێرەدا پێوەر تەنها  نوێژ کردن نیە، سەرەڕای ئەوەی کەنوێژ زۆر گرنگە، پێوەرەکە ئەوەیە کە تۆ نوێژت کرد پاشان دوای نوێژەکە ئایا ئەوە جێبەجێ دەکەیت کە نوێژەکە داوای دەکات: ﴿... **وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ** ... ﴾**العنكبوت45**، ئەگەر یەکێك لەمزگەوتدا بگری و نوێژ بکات بەلاّم رێزی دراوسێ نەگرێت و حەرام بخوات ئایا سوودی ئەو نوێژە چییە، ئەگەر لەخراپە دووری نەخاتەوە، لە روانگەی ئەم ئایەت و فەرمودانەدا مافەکانی دراوسێ دیاری کراوە، ئەمەش مافێکی بەرامبەرە، هەر دراوسێیەك دەبێت باش بێت بۆ دراوسێکەی، ئەگەر هەموو کەس چاکە کار بێت پێویستمان بە دادوەر نییە، ئەگەر ئەمە بکەین ئەوا ئارامی و ئاسایش باڵ دەگرێ بەسەر کۆمەڵگەدا.

ئێستا کاتی پشووی سەری ساڵە، مناڵەکان پشوو دەدەن و دەوامی قوتابخانەیان نیە، پێویستە ئاگاداریان بن ئازاری دراوسێکان نەدەن، پێویستە لەگەڵ مناڵەکانتاندا دابنیشن باش پەروەردەیان بکەن لەسەر چاکە کاری رایان بهێنن، لە شتی چاك و چاکەکاری رایان بهێنن،

له شتی چاك و چالاكی باشدا توانای منالّەكان بخەنە گەڕ، بەئازاردانی دراوسێ و شتی خراپ سەرقاڵ نەبن، چونكە ئێوە وەك دایك و باوك بەرپرسیارن بەرامبەریان.

## مافەكانی بەرامبەر لەنێوان مرۆڤ و خۆیدا

لەوتارەكانی رابردوودا باسمان له كۆمەڵێك مافی بەرامبەر كرد لەوانەش پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوا، لەنێوان مرۆڤ و خێزان و كەس و كار و ژینگەكەی، لەنێوان مرۆڤ و هەموو گیانەوەرانی تردا، واتە ئەم مافی بەرامبەرانە هەموو ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە كە رێكدەخرێن لەنێوان مرۆڤی مسوڵمان و نامسوڵماندا، ئەو مافانەی كەباسمان كرد ئەو لایەنانەی دەگرتەوە كە لەدەرەوەی مرۆڤدا بوون، بەڵام لەلایەكی ترەوە ئەم مافانە خودی مرۆڤ خۆشی دەگرێتەوە، خوای گەورە كاتێك كە مرۆڤی دروست كردووە باس لەپەیوەندی دەكات لەنێوان خودی مرۆڤەكە و ئەندامەكانی، ئەمەش پێغەمبەری خوا لەفەرموودەیەكی صەحیح دا باسی دەكات كە ئیمامی بوخاری له (عەون كوری جەحیفە) ئەویش لەباوكیەوە دەگێڕێتەوە، كە پێغەمبەری خوا برایەتی خستۆتە نێوان سەلمان و ئەبو دەرداء، سەلمان

سەردانی ماڵی ئەبو دەردائی کرد بینی کە جل و بەرگێکی سادەی لەبەردابوو، ئەویش پێی ووت بۆچی وایت؟ ئەویش وتی براکەت ئەبو دەرداء کاری بەدنیا نەماوە، ئەبو دەرداء هات، خواردنێکی بۆ دروست کرد، ئەویش پێی ووت بخۆ، وتی بەرۆژووم ئەویش وتی منیش نان ناخۆم هەتا تۆش لەگەڵمدا نەخۆی پاشان دەستی کرد بەخواردنی، کەشەو هات و خەوتن هەر زوو ئەبو دەرداء هەستا سەلمان پێی ووت بخەوە، ئەویش خەوت، کەمێك خەوت دوایی هەستایەوە، پاشان پێی وت بخەوە، لەدوایدا کەنزیکبووەوە لەکۆتایی شەودا سەلمان وتی ئێستا هەستەو نوێژ بکە، سەلمان پێ ووت: خوا کۆمەڵێك مافی بەسەرتەوە هەیە هەروەها نەفسی خۆشت کۆمەڵێك مافی هەیە، خێزانەکەشت کۆمەڵێك مافیان لەسەرتە، هەرکەسێك مافەکانی خۆی پێ بدە، لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ هات باسی ئەوەی بۆ کرد ئەویش فەرمووی: سەلمان ڕاست دەکات هەموو ئەوەی کە سەلمان ووتی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ بەڕاستی لەقەڵەم دا، ئەمەش بووە دروشمێکی راستەقینە لەژیاندا، چونکە لەڕێگەیەوە هەموو کەس مافی خۆی وەردەگرێت.

ئەندامە ناوەکیەکان لەدڵ و نەفس و گیان و عەقڵ و هەروەها ئەندامەکانی دەرەوە وەك چاو و گوێ و هتد ....، هەموو ئەمانە ناکرێت ستەمیان لێ بکەیت، زۆرکردن لێیان و پشت گوێ خستنیان بەستەم لەقەڵەم دەدرێت، چونکە ئەم ئەندامانە لەدروست کراوەکانی خوان، تۆ دروستت نەکردون بەڵکو موڵکی خوان لای تۆ، تۆ بریکاری خوایت لەسەر زەویدا، دەبێت بەو ئەرکانە هەڵسیت کەخوا فەرمانت پێ دەکات، لەبەرئەوە تۆ ناتوانیت خۆت بکوژیت یان لەناوی ببەیت یان سزای خۆت بدەیت چونکە ئەمانە ئیشی خوان.

لەفەرموودەیەکدا کەموسلیم و بوخاری ریوایەتی دەکەن لە عبداللە ی کوڕی عمری کوڕی عاص لەپێغەمبەری خواوە ﴿ﷺ﴾دەگێڕنەوە کەفەرمویەتی: بەپێغەمبەری خوام ووت ئایا لەمەدا خێرم دەگات کەوتوومە سوێند بەخوا ڕۆژ بەرۆژوو دەبم و شەوان شەو نوێژ دەکەم هەتا ماوم، دایك و باوکم بەقوربانت بێ من ئەم بەڵێنەم داوە، ئەویش فەرمووی ناتوانیت ئەوە بکەیت، بەرۆژ رۆژو بشکێنە، شەوان شەونوێژ بکەو بخەوە، لەمانگێکدا سێ رۆژ بەرۆژوو بە، چونکە چاکەیەك دەقات دەبێتەوە، ئەمە بۆ رۆژوی مانگەکەش راستە، ووتم من لەوە باشتر جێبەجێ دەکەم، ئەویش فەرمووی رۆژێك بەرۆژووبە و رۆژێك بەرۆژوو مەبە، ئەمەش رۆژووی حەزرەتی داودە، کە باشترین رۆژوە. پاشان ووتم من لەوە زیاتر دەتوانم، پێغەمبەری خوا فەرمووی لەوە باشتر نییە.

لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە: پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ پێی فەرموو پێم گەیشتووە کە تۆ ڕۆژ بەرۆژو دەبیت و شەوانیش شەو نوێژ دەکەیت، منیش ووتم بەڵێ ڕاستە، ئەویش فەرمووی وامەکە بەرۆژ بەرۆژوو مەبە، شەو نوێژ بکەو بخەوە، چونکە جەستە مافی لەسەرت هەیە، چاوت مافی لەسەرت هەیە، ژنەکەت مافی لەسەرت هەیە، مانگی سێ ڕۆژ بەرۆژوو بە، لەبەرئەوەی هەر چاکەیەك بە دە چاکە حسابە، کەواتە وەك ئەوە وایە هەموو کات بەرۆژوو بیت.

ئەم ئایەت و فەرموودانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەمرۆڤی مسوڵمان پێویستە ڕێکخراو بێت، ئامانجی دیاری کراوی هەبێت، کاتەکانی بەبەرنامە ڕێك بخات تەنانەت عیبادەتەکانیش خوای گەورە نایەوێت مسوڵمان هەموو کاتەکانی لەعیبادەتدا بەسەربەرێت، چونکە خوای گەورە مرۆڤی تەنها بۆ بەجێهێنانی دروشمە ئاینەیەکان دروست نەکردووە، خوا داوا لەمرۆڤ ناکات بەمانا تایبەتیەکەی تەنها سەرقاڵی عیبادەت بێت، وەك ڕۆژو و نوێژ، خوای گەورە مرۆڤی بۆ ئاوەدانکردنەوەی بوونەوەر دروست کردووە، بۆ ئەوەی سوود بەخەڵك بگەیەنن، ئەگەر پێوەرەکە عیبادەتی زۆر بوایە ئەوا فریشتەکان باشترین دروست کراوێك بوون کەلەسەر زەوی بژیانایە و جێنشینی خوا بونایە بەڵام پێوەری عیبادەت چاکەکاریی و ئاوەدانکردنەوەی زەویە لەژێر ڕۆشنایی پەیامی خوادا .

دەرهێنانی ئەوەی لەناو زەویدا هەیە بۆ سوودی مسوڵمانان و بۆ سوودی هەموو مرۆڤایەتی (والأرض وضعها للأنام) واتە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، ئەو دوو هۆکارە و ئەو دوو ئامانجە بنەمان بۆ دروست کردنی مرۆڤ وە لەکاتێکدا کەئەوە خرایە بەردەم فریشتەکان ....

**قَالُواْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاء وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ البقرة30**، فریشتەکان ووتیان ئایا تۆ کەسێك دەکەیت بەجێنشین کە گەندەڵی بکات و خوێن دەرێژێت، بەڵام ئێمە بەردەوام تەسبیحاتی تۆ دەکەین و سوپاس گوزارین، خوای گەورە فەرمووی ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن فریشتە تاوان نازانێت تەنها خواپەرستی دەکەن، بەڵام دەبێت ئێمە لەوە تێبگەین کە فریشتە بۆ شتێك دروست کراوە و مرۆڤیش بۆ شتێکی تر ڕۆڵی مرۆڤ لەلایەك پەرستنی خوایە، لەلایەکی ترەوە ئاوەدان کردنەوەی بونەوەرە، ئەویش ڕۆڵێکی دوو سەرەیە هەر لەبەرئەوەیە کەباشترین کەسێك ئەوەیە کەچاکەی بۆ هاووڵاتیان هەبێت و لەدوای خۆی پرۆژەی خێر بەجێ بهێڵێت و بتوانیت باشترین خزمەت بەبەهاو هاونیشتیمانیەکانی بکات

تەنانەت بە ئاژەڵانیش بکات، ژنێك خرایە ئاگرەوە لەبەرئەوەی ماوەی سێ ڕۆژ پشیلەیەکی زیندانی کردبوو.
ئافرەتێکی بەدڕەوشتیش چوویە بەهەشت لەبەرئەوەی لەکاتی تینویەتیدا سەگێکی ئاودابوو، پێوەرەکە لەعیبادەتی مرۆڤی مسوڵماندا ئەوەیە تا چەند چاکەکاری لەگەڵ مرۆڤەکانی ترو هاوەڵانیاندا دەکات، چی پێشکەش دەکات بەخۆی و خزم و خێزان و نیشتیمانەکەی و جیهانی ئیسلامی و هەموو مرۆڤایەتی.
نەفس و جەستەو ئەندامەکانت مافیان لەسەرت هەیە، پێویستە نەفسی (أمارە) کەفەرمان بەخراپە دەکات بگۆڕیت بەنەفسی (لوامە) سەرزەنشتکەر لەسەر تاوان، بۆ نەفسی ڕەزامەندی و نەفسی ئارامی ئەو کاتە تۆ لەچاکەکاریدا بەرزدەبیتەوە، دەبێت ئەم نەفسە بەعیبادەت و زیکر تێر بکەیت ئەگەر تێری نەکەین هەست بەتاوان دەکەیت و هەست بەئەشکەنجەی دەرونی دەکەیت و نەفسێکی ئاڵوزت بۆ دروست دەبێت، هەست بەخۆشیەکانی دنیا ناکەیت، (ألا بذکرالله تطمن القلوب) تەنها بە یادی خوا دەرونت ئارام دەبێت.
دەبێت گرنگی زۆر بدەیت بەلایەنی دەرونی لەخوێندنی قورئان و زیکر و بینینی شتی جوان و گەشت کردن و گوێ گرتن بۆ شتی خۆشی و حەڵاڵ.
لەفەرموودەیەکدا کەئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە لە (حەنزەڵەی ئەسیدی) کە لەنوسەرەکانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾بوو دەڵێت ئەبوبەکر پێم گەشت و ووتی ئەی (حەنزەڵە) چۆنی، ووتم هەست بەدووڕوویی دەکەم، ئەویش ووتی (سبحان الله)، ووتم ئێمە لەلای پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ئاگادارمان دەکاتەوە بەئاگرو بەهەشت، هەتا وای لێدێت وا دەزانیت بەچاوی خۆمان دەیبینین، کاتێك لەلای پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾دەڕۆین و تێکەڵی ژن و منداڵ دەبینەوە، زۆربەی ئەو شتانەمان لەبیر دەچێتەوە، ئەبوبەکریش فەرمووی سوێند بەخوا منیش هەست بەمە دەکەم، هەردووکمان بەپەلە ڕۆیشتین و چوین بۆلای پێغەبەری خوا ﴿ﷺ﴾یەکسەر من ووتم حەنزەڵە بووە بەدووڕوو، ئەویش ووتی چۆن؟ وتم ئێمە لای تۆ کە باسی ئاگر و بەهەشتمان بۆ دەکەن وامان لێ دێت کە بەچاووی خۆمان ببینین، بەڵام کە لەلای تۆ دەڕۆین و تێکەڵ بەژن و منداڵ دەبینەوە زۆربەی ئەو شتانامان لەبیر دەچێتەوە، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فەرمووی سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر ئێوە بەردەوام بن لەسەر ئەم حاڵەتەی کەلەلای منن فریشتەکان لەسەر جێگەکانتان و لەسەر

ڕێگاکان تەوقەتان لەگەڵدا دەکەن بەڵام ئەی حەنزەڵە بزانە ئیمان سات ساتە لەبەرئەوە مرۆڤ ڕێگە پێدراوە کە گەشت بکات و پشوو بدات و بەشوێن خۆشیدا بگەڕێت، ئەمانەش تەنها بەیەك مەرج کەتوشی تاوان و سەرپێچی خوا نەبێت بەهۆی ئەمانەوە.

خوای گەورە لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت جۆرێك لە هاوسەنگی بوون بۆ مرۆڤ دروست بکات، بۆ ئەوەی لەهەردوو دنیادا بەئارامی و خۆشی بژی، چونکە زۆربەی مرۆڤایەتی ڕاستە ڕێگایەکی لێ وون بووە، یان سەرقاڵ بووە بەتاوان و شەهوەت و گەندەڵی و خراپەکاری و تەنها لەپێناو حەزەکانی خۆیدا دەژی کە ئەمەش زۆرینەی گەلە نامسوڵمانەکان دەگرێتەوە، لەووڵاتانی ڕۆژئاوایی و ڕژێمە سەرمایەداریەکاندا کەمرۆڤ تەنها لەسەر خۆپەرستی و ماددە پەرستی پەروەردە دەکەن یان بەشێکی تر لەمرۆڤایەتی بەپێچەوانەوە ڕوونی کردۆتەوە وازهێنان لەدنیا و پاڵدانەوە و ڕەهبانیەت لەروانگەی ئیسلامەوە، ئەم دوو گروپە هەردووکیان هەڵەن، چونکە ڕێگەی ڕاست ئەوەیە کە ئیسلام بەمرۆڤایەتی دەڵێت، کەپێویستە هاوسەنگی لەدەست نەدات مرۆڤێکی میانڕەوی خاوەن ئامانج و پلان بێت بۆ ژیان.

## پشووی هاوین و پەروەردەی منداڵەکانمان

لەکاتی هاتنی پشووی هاویندا دایکان و باوکان دەکەونە بەردەم دوو بەرپرسیارێتی گرنگ بەرانبەر بەمنداڵەکانیان، کەئەمەش پێویستی بەوە هەیە پلانی وردی بۆ دابڕێژرێت هەتا بەرهەمێکی ئیجابی هەبێت و نەبێتە مایەی ئاڵۆزی و خراپەکاری یان ئاگاداری ئەوە نەبن کە ئەم کاتانە سەرنەکێشێ بۆ لەدەست دانی منداڵەکەو لەڕێ لادانی کەزۆرجار ئەمە بەهۆی بێ بەرنامەییان لەهاویندا روو دەدات، چونکە بەپێی چەند توێژینەوەیەك کە لەبواری تاواندا ئەنجام دراوە لەبنکەکانی پۆلیس دەرکەوتووە، کەزۆربەی تاوانەکانی کە لەنێوان گەنجان و تازە پێگەشتوواندا روودەدات وەك خواردنەوە و دزی و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و لادانە سێکسیەکان زۆربەی لەپشووی هاویندا فێربوون، ئەویش بەهۆی هاوڕێی خراپ و سەردانی شوێنی خراپ کە زۆرجار بەناوی گەشت و سەیران ئەنجام دەدرێت لەگەڵ هاوڕێکانیاندا، ئەمەش بۆ کوڕان و کچان وەك یەکەو لەم بوارەشدا دایك و باوك منداڵەکانیان پشت گوێ خستوە و زۆرجار دایك و باوکەکە کەوتونەتە ژێر فەرمانی

منالەکان و ئەوان پێیان دەڵێن چی دەکەن و چی ناکەن و ئەوانیش تەنها دەبنە سەرچاوەیەك بۆ پێدانی پارە و هیچی تر.

پێویستە دایك و باوك بزانن کە ئەوان بەرپرسیارن لەبەرامبەر پەروەردەی منالەکانیاندا، سبەینێ لەرۆژی دوایدا خوای گەورە پرسیارتان لێ دەکات و یەك یەك لەبەردەمیدا دەوستن وەك لە ئایەتێکدا دەفەرموێت: ﴿**وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْئُولُونَ**﴾**الصافات**24، پاش ئەوەی مرۆڤ پرسیاری لێ دەکرێت لەسەر کردەوەکانی خۆی پاشان پرسیارت لێ دەکرێت لەهەموو ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی تۆدان لەمناڵ و خێزان و خزم و کارمەند و .... هتد ئەمەش لەئایەتێکی قورئاندا باس دەکات و دەفەرموێت: ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَاراً وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ** ...﴾**التحريم**6، لەم ئایەتەدا خوای گەورە روو دەکاتە باوەڕداران بەژن و پیاوەوە، ئەم ئایەتە خوای گەورە لەبەشی (تغليب) دا باسی دەکات، واتە مانایەکە بۆ هەردوو ڕەگەزەکە، خوای گەورە لەئایەتێکدا بەرامبەر بەحەزرەتی مەریەم دەفەرموێت:﴿**وَكَانَتْ مِنَ الْقَانِتِينَ** ﴾**التحريم**12، لەکاتێکدا (قانتين) جەمعی مذكري سالمە، بەڵام خوای گەورە لەبابی (تغليب) دا بەکاری دەهێنێت لەبەرئەوە لەهەرشوێنێکی قورئاندا کەووشەی **مؤمنين** هاتووە ژنانیش دەگرێتەوە، بەڵام لەهەندێك شوێنی تریشدا بۆ زیاتر تایبەتمەندبوون و گرنگی پێدان باسی ( **مؤمنات** )یش دەکات.

لەبەرئەوە بەرپرسیارێتی ژن و پیاو ئەگەر دایك و باوك بن، یان براگەورە یان خوشکی گەورە بن، پێویستە سەرەتا کارێك بکات کەخۆی لەئاگری دۆزەخ بپارێزێت، دوربکەوێتەوە لێی و ببێتە پێشەنگ بۆ کردنی عیبادەت و چاکەکاری و کاری خێرخوازی، لەدوای ئەوە بەرپرسیارێتیەکی تر ڕووی تێ دەکات کەئەویش ئەوەیە ژێر دەستەکانی لەمناڵ و خوشك و براو خزم و کەس و کار و هەروەها کارمەند و کرێکارەکانی بپارێزێت لەئاگری دۆزەخ ئەویش بەهاندان و ڕێنمایی کردنیان بۆ خواناسی و عیبادەت و چاکەکاری.

ئەم بەرپرسیارێتیە لەماوەی پشووی هاویندا زۆرترە، چونکە کاتێکی زۆر هەیە مناڵ نازانێت بەچی پڕی بکاتەوە، لەم کاتەدا قوتابی ئەو دەرس و دەورەی نییە کەخۆیانی پێوە سەرقاڵ بکەن، هەموویان لەماڵەوە بێکارن و لەبەردەم تەلەفزیۆن و بەدیار ئینتەرنێتەوە کاتەکانیان بەسەردەبەن، خۆشتان دەزانن کەئێستا کەناڵە ئاسمانیەکان و ئینتەرنێت لەناوخۆیدا چ هۆکارێکی وێرانکاری ڕەوشتیان حەشارداوە.

من نالێم ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن حەرامە، بەڵكو دەڵێم دەبێت ئەم هۆكارانە لەڕێگەی هۆشیاری و ڕێنمایی و خۆپاراستن لەلایەنە خراپەكان بەكاربهێنرێت.

پرۆسەی پارێزگاری گەنجەكان بەوە دەبێت كەبتوانین بەها بەرزەكان و عەقیدە و رەوشتی جوان لەدەرونی ئەو گەنجانەدا لەكوڕان و كچان بروێنین، پێویستە وایان لێ بكەین كە لەخوابترسن و هەست بەچاودێری خوابكەن، وەك پێغەمبەر یوسفیان لێبێت لەكاتێكدا كەژنێك بە ئەوپەڕی جوانی و دەسەڵاتەوە خۆی دەخاتە بەردەستی بڵێت: **وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ** ... **یوسف23**، ئەمە پرۆسەی پارێزگارییە بەعەقیدەو ئەخلاق.

ئێمە دەتوانین لەڕێگەی جۆرەها بەرنامەی زانستیەوە وشیاری بەگەنجان بدەین و پیشانیان بدەین چونكە گەنجان حەز لە بینینی ئەزمونی سەركەوتوو دەكەن، حەز دەكەن خۆیان ئەزموونەكان ئەنجام بدەن و دووبارەی بكەنەوە، بۆ نموونە تازە پێگەشتویەك هەیە حەزدەكات ماددەی هۆشبەر تاقی بكاتەوە، تابزانێ ئەنجامەكەی چیە؟ ئێمە پێویستە ئەزمونێكی نیشان بدەین لەسەر كەسێك كە ئەو مادەیەی بەكارهێناوە، پاشان توشی چی بووە، سەرەنجامی بەكوێ گەیشتووە، لەبەرئەوە نابێت لە ئامۆژگاریدا تەنها پشت بەقسە ببەستین بەڵكو دەبێت بەڵگەی زانستیمان هەبێت.

مناڵەكانمان گەورەترین سەرمایەی ئێمەن لەبەرئەوە دەبێ بزانین چۆن دەیانخەینە بواری وەبەرهێنانەوە، پێویستە كاتێكی تایبەتی بۆ ئەوان تەرخان بكەین چونكە ئەوانە پاشەرۆژی وڵاتەكەمان دیاری دەكەن و ئەوان دەبنە بەرپرس و بەڕێوبەری وڵات.

دەبێت بزانین كەپاشەرۆژی گەلەكەمان دەكەوێتە دەستی ئەم گەنجانە، ئەمانیش یان بەشێوەی گەنجێكی چاكەكار و دڵسۆز و داهێنەر و هۆشیار دەبن یان دەبنە نەوەیەكی تەمبەڵی تەوەزەلی بێ كار و لەڕێ لادراو و نەفام كەدواجار پاشەرۆژێكی وێران و وڵاتێكی پەڕاوێز و پاشكۆی دەرەوەمان بۆ بنیات دەنێت.

ئەمە بەرپرسیارێتیەكی ئاینی و نیشتیمانی و ئەخلاقیە، پێویستە هەموومان بەباشترین شێوە هەستی پێ بكەین. هەریەكەمان بەباشترین شێوە جێبەجێی بكات، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پشت ببەستێت بەهەندێك لە كەسایەتی پسپۆڕ لەبواری پەروەردە و سەنتەری لاوان، بۆ ئەوەی پەروەردەی نەوەكانمان بەشێوازێكی نوێ بێت و بەوشێوەیە نەبێت كە لەكۆندا هەبووە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەگەڵ مناڵەكانمان دابنیشین گرنگی

پەروەردەیان بۆ روون بکەینەوە، پلانێکی باش دابڕێژین، بەڕەزامەندی خۆیان لەلایەك گرنگی بەبواری عەقیدە و لەبەرکردنی قورئان  و فەرمودە بدات، لەلایەکی ترەوە گرنگی بەلایەنی زانستی و تەرفیهی  و وەرزشی بدات، پەروەردە دەبێت لەسەر بنەمای مافەکانی بێت، خوای گەورە بۆ هەر ئەندامێکی جەستە و گیان مافێکی داناوە، لەبەرئەوە پێویستە هەریەکەیان لەسنوری شەرعدا مافی خۆی پێ بدرێت، مناڵەکانیش بەهەمان شێوە دەبێت پەروەردەیەکی هاوسەنگ بکرێن کەمافەکانی دنیاو دوارۆژی بۆ دیاری بکات و هیچیان لەسەر حسابی ئەوی تریان نەبێت، دووەمین بابەتی گرنگ لەکاتی پشووی هاویندا کە پێویستە گرنگی پێ بدرێت بریتیە لەبابەتی گەشت کردن، بێگومان کەلەبنچینەدا گەشت کردن شتێکی حەڵاڵ و ڕێگە پێدراوە.

بەڵام ئەویش وەك هەموو شتەکانی تر، دەکەوێتە ژێر پێنج ئەحکامە تەکلیفیەکە بەم پێیەش گەشت بکرێت (یان حەرامە یان باشە یان سوننەتە، یان تەنها حەڵاڵە یان باش نیە) بکرێت.

گەشت کردن حەڵاڵە ئەگەر تەنها بۆ خۆشی بێت، هیچ ڕێگرێك بۆ ئەم مەبەستە لەئیسلامدا نیە، چونکە لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ دڵی خۆش دەبێت، چونکە دڵ ئەگەر تەنگ بوو کوێر دەبێت، لەبەرئەوە مرۆڤ پێویستی بەجۆرێك لەپشوو خۆشی و حەسانەوە هەیە خوای گەورە بۆخۆی ڕێنمایی کردوین بۆ ئەم مەبەستە رۆژەکانی هەفتەی کردووە بە 7 رۆژ، خوای گەورە لەشەش رۆژی یەکەمدا هەموو بوونەوەری دروست کردووە و لەرۆژی حەوتەمدا هیچی نەکردووە، خوای گەورە هەرگیز هیلاك نابێت، بەڵام ئەمە بۆ ئەوەیە کە ئێمە فێری ئەمە بکات، کەبەو شێوەیە مامەڵە بکەین هەروەها پێویستە لەساڵدا ماوەیەك هەبێت بۆ پشوو حەسانەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کەبتوانین مافەکانی جەستە بدەین، گەشت و گوزار دوو شتی رێگە پێدراون،  ئەگەر مەبەست لەم گەشتە بینینی شوێنەوارەکانی دەستی خوا بێت و ئاشنابوون بێت بەشارستانیەت و کلتوری گەلان و ئاینە جیاوازەکان و کەلك وەرگرتن بێت لەمێژوو رووداوەکان ئەوە سوننەتەو مرۆڤ لەئەنجامدا پاداشتی چاکە وەردەگرێت وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ثُمَّ اللَّهُ يُنشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ** ﴾**العنکبوت20**،  خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات کەبەسەر زەویدا بگەڕێین و گەشت بکەین، بەمەرجی ئەوەی بیر بکەینەوە و توێژینەوەی لەسەر بکەین و تەوزیعی بکەین بۆ خزمەت و چاکەکاری.

هەندێك گەڕان و سەردان سوننەتە وەك سەردان بۆ لای دایك و باوك و خزمەكان و هاوڕێ و كەسانی تر، هەروەها گەشت سوننەتە ئەگەر بۆ فێربوونی زانست و زانیاری و پیشەیەك بێت كەسودی هەبێت بۆ گەل و نیشتیمانەكەت، زۆرجار ئەمە دەبێتە پێویستیەكی (**كیفایة**) یان پێویستیەكی (عین) گەشت و گوزار لەكاتێكدا حەرام دەبێت ئەگەر مرۆڤ لەو ڕێگەیەوە توشی تاوان و خراپەكاری و زینا و بینینی ئافرەتی رووت ببێتەوە لەقەراغ دەریاكان، چونكە گەشت كردن لە روویەكەوە مەترسییەكەی لەوەدایە كە ئەو كەسە لەچاوی دایك و باوك و خزم و كەس و كار بەدوور دەكەوێتەوە، ئەگەر هەست بەچاودێری خوا نەكات ئەوا توشی خراپەكاری دەبێت.

لەبەرئەوە دەبێت زۆر گرنگی بەم لایەنە بدرێت و بەبێ بەرنامە ڕێگە نەدرێت منداڵەكان و گەنجەكان بچن بۆ گەشتی دەرەوە، چونكە لەرۆژگاری ئەمڕۆدا رەوشت فرۆشی بووەتە جۆرێك لەبازرگانی و ئێمەش نابێت بەئاسانی ڕەوشتی گەنجەكان هەرزان فرۆش بكەین و لەدەستی بدەین، ئەو جۆرە گەشتانە بۆ منداڵەكانمان حەرامە ئەگەر مەترسی توش بوون بە زیناو خراپەكاری لێ بكەوێتەوە، چونكە ئەوكاتە لەبابی (**سد الذرائع**) وە دەبێت ڕێگەیان لێ بگیرێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە دایكان و باوكان بۆخۆیان لەگەڵیاندابن، سەردانی ئەو شوێنانە بكەن كەدەبێتە مایەی خۆشی و شادی و چاكەكاری و دووربون لەتاوان و سەرپێچی خوای گەورە، بۆ مەبەستەش چەندان شوێنی گەشت و گوزاری باش هەیە لەتوركیا و مالیزیا و ئێران و تونس و چەندان وولاتی تر كەمسوڵمان دەتوانێت سەردانیان بكات و ئامانجی گەشتەكەش بێتەدی و توشی تاوانیش نەبێت.

مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ دایك و باوك و هاوڕێی باش سەردانی هەرشوێنێك بكات كەبیەوێت، بەڵام بەو مەرجەی كەتوشی خراپە و تاوان نەبێت.

ئەمە ئەو بەرپرسیارێتیەیە كەخوا فەرمانمان پێ دەكات، ئێمەش دەبێت بەجۆرێك مامەڵە بكەین كەخۆمان ئامادە بكەین بۆ لێپرسینەوە لەبەرامبەر خوای گەورەدا، چونكە ئەگەر بەباشی ئەركی سەرشانمان جێبەجێ نەكەین توشی پەشیمان بوونەوە دەبین، لەبەرئەوە با لەئێستاوە خۆمان و ماڵ و منداڵەكانمان لەئاگر بپارێزین، ئەمەش پەڕاوێز دەبێت لەگەڵیاندا، نابێت ئێمە بەشێوەی فەرمانی سەربازی مامەڵە بكەین چونكە پەروەردە سەرچاوەكەی خۆشەویستیە و دەبێت كارەكانمان لەخێزاندا جیاوازبێت لەگەڵ هەموو لایەنەكانی تردا،

لەگەڵ ژن و منداڵەکان وەك خوای گەورە دەفەرمویێت:﴿.. **عَنْ تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ**..﴾**البقرة**233، بۆ ئەوەی سوود لەپشووەکە وەربگرین.

# قورئان و پلانی وەبەرهێنانی کات

ئەگەر سەرنج بدەین لە نیعمەتەکانی خوای گەورە لەسەر مرۆڤ بێگومان بێ شومارە و لەژمارە نایەت، یەکێك لەگرنگترین ئەو نیعمەتانەی کەخوای گەورە بەمرۆڤی بەخشیوە بەڵام ئەو زۆر ڕێزو گرنگی نازانێت بریتیە لەنیعمەتی کات، لەرۆژی لەدایك بوونیەوە هەتا رۆژی مردنی، هەروەك هەندێك لەزانایانی پێشینە دەڵێن هەمووی یەك بارستەیە لەکات، چونکە کەهەندێکی دەڕوات لەهەندێکی کەم دەبێتەوە هەتا کات زیاتر بڕوات جەستە زیاتر بەرەو لەناوچوون دەچێت.

کات تەنها لە ئاڵتون بەنرختر نیە وەك پەندەکە دەڵێت بەڵکو کات خۆی ژیانە، کات بەنرخ دیاری ناکرێت، بەڵکو کات زۆر بەنرخترە لەهەر کانزا و دراوێك.

خوای گەورە گرنگی کاتتان بۆ روون دەکاتەوەو لەبەرئەو گرنگیەیەتی کەسوێندی پێ دەخوات، لەلایەك بەهەموو کات لەلایەکی تر بەجۆرەکانی کات خوای گەورە سوێند دەخوات بە (عصر، ضحی، فجر، لیل) لەلایەکی تریشەوە سوێند دەخوات بەگۆڕینی کاتەکان شەو و یان رۆژ یان چێشتەنگاو، لەم رێگەیەوە خوای گەورە دەیەوێت باس لەگرنگی کات بکات بۆ ئێمەی مرۆڤ، هەر خۆشیی لەبەر گرنگی ئەم نیعمەتە پێمان دەڵێت کە لەرۆژی دوایدا پرسیارمان لێ دەکات لەسەری ﴿**ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ** ﴾**التكاثر**8، پێغەمبەری

خوا ﴿ﷺ﴾لەفەرمودەیەکی (صحیح) دا دەفەرمویت (لا تَزُولُ قَدَمَا الْعَبْدِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ أَرْبَعٍ : عَنْ عُمْرِهِ فِيمَا أَفْنَاهُ ، وَعَنْ شَبَابِهِ فِيمَا أَبْلاهُ، وَعَنْ مَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ وَفِيمَا أَنْفَقَهُ , وَعَنْ عِلْمِهِ مَاذَا عَمِلَ فِيهِ) واتە لەرۆژی دوایدا مرۆڤ پێی ناجوڵێت هەتا پرسیاری لێ نەکرێت لە 4 شت، لەتەمەنی کە لەچیدا بەخەرجی داوە، لەگەنجیدا بەچی بەسەری بردووە، لەسامانەکەی چۆن بەدەستی هێناوەو لەچیدا خەرجی کردوە، لەکارەکەی چۆن کاری پێ کردووە لەکاتێکدا کە لەبەردەم خوای گەورەدا دەوەستیت رووبەڕووی پرسیارێکی گرنگ دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە کەچۆن ژیانت بەسەر برد لەسەرەتای ژیانتەوە تا کۆتایی؟ پاشان پرسیارێکی تایبەتی لێ دەکرێت لەسەر سەردەمی گەنجی، گەنجێتیت چۆن بەسەر برد؟ چونکە کاتی گەنجی پیرۆزترین و بەرێزترین کاتە، کاتی گەشەو چالاکی و بەهێزی و جوڵە و داهێنان و فێربوون و بەرهەم هێنانە.

لەفەرمودەیەکی (صحیح) ی تردا هاتووە، دەفەرمویت (پێنج شت لەپێش پێنج شتدا بەفرسەت بگرە) ژیانت لەپێش مردندا، بۆ تەنها چرکەیەك لەژیانت بەفیڕۆمەدە، چونکە لەکاتێکدا کەدنیا بەجێ دەهێڵی و فریشتەی گیان کێشان دێتە سەرت یەکسەر داوای گەڕانەوە بۆ دنیا دەکەین، ئەگەر پیاوچاك بیت دەڵێیت خوایە موڵەتم بدە با کردەوە و کردەوەی چاکە زیاتر بکەم، ئەگەر خراپە کاریش بیت داوای لێخۆش بوون لەخوا دەکەیت و داوا دەکەیت بگەڕێیتەوە بۆ دونیا بۆ ئەنجامدانی کاری چاك، ئەمە حاڵی مرۆڤە لەکاتی گیان کێشاندا هەروەها لەکاتی ئەوەی کە بەرەو بەرزەخ بەڕێ دەکەویت، لەکاتێکیشدا کەتاوانبار دەخرێتە دۆزەخەوە داوا لە سەرپەرشتیاری دۆزەخ دەکات بیگەڕێنێتەوە بۆ دونیا هەتا کاری چاکە ئەنجام بدات.

بەڵام هیچ یەك لەداواکاریەکانی سودیان نابێت، نە لەکاتی گیان کێشان و نە لەدۆزەخدا، چونکە لەپاش مردن هیچ شتێك ناکرێت، چونکە سوننەتی خوای گەورە وەهایە ئەگەر تەمەن درێژبێت یان کورت کە کۆتایی پێ هات گەڕانەوەی نیە.

خوای گەورە لەقورئاندا زۆرگرنگی دەدات بەوەبەرهێنانی کات، زۆرشتم دەربارەی وەبەرهێنانی کات خوێندۆتەوە، هەزاران کتێب لەمبارەوە نوسراوە، بەڵام لەهیچ کتێبێکدا نەم بینیوە کە وەك قورئان گرنگی بەکات بدات و باس لەپلانی ستراتیجی بکات، خوای

گەورە دەیەوێت ئەم ئوممەتە بەکات تاقی بکاتەوە، گەلانی ڕۆژئاوا دوای چەندان سەدە لەشەڕو کوشتار و گرفتی گەورە توانیان بێنەوە هۆش خۆیان و سود لەکات وەربگرن، ڕۆژئاواییەکان هاتنەوە سەرخۆیان و لەڕێی کاتەوە هەوڵیاندا بۆ بەدەست هێنانی ئەو هۆکارانەی کەخۆشگوزەرانیان لەدنیادا بۆ دابین دەکات، بۆ ئەم مەبەستە توانیان نەوەکانیان لەسەر پەروەردەیەکی بەهێز و خاوەن ئیرادە پەروەردە بکەن کە ڕێزی کات و کار بگرن و بەرەو داهێنان هەنگاو بنێن لەماوەی 100 ساڵدا ئەم گەلە ئەوروپیانە توانیان شارستانیەتێك بنیات بنێن، بۆ ئەم مەبەستەش چەند وولاتێکی ئاسایی وەك یابان و کۆریای باشور و چین چاویان لێکردن سوودیان لەکات وەرگرت و گەیشتنە قۆناغی داهێنان و وەبەرهێنان، هەموو ئەو وولاتانە خاوەنی نەوت نەبوون، لەوانەش وولاتە ئاسیاییەکان بەڵام ئەوان توانییان لەڕێگەی وەبەرهێنانی عەقڵ و کاتەوە بگەنە ئەم قۆناغە.

سەیری پیاوێکی وەك (بیلگیتس) بکەن بەتەنها خۆی توانیویەتی بودجەیەك بەدەست بهێنێت کەهاوتای بودجەی هەموو وولاتانی ئەفەریقیە بێجگە لەوڵاتانی عەرەبی و باشوری ئەفەریقیا، هەروەها (ستیڤ جوبز) کەڵەپیاوێکی مسوڵمانی سوریە و باوکی وازی لێ هێنا و وەئافرەتێکی مەسیحی کردویەتی بەکوڕی خۆی و گەورەی کردووە، ئێستا سەرمایەکەی 60 ملیار دۆلارە ئەمەشی لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا کۆی کردۆتەوە.

ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر وەبەرهێنان و گرنگی کات، بەڵام ئەگەر سەیری بارودۆخی ژیانی ئوممەتی ئیسلامی بکەین، ڕۆژ بەرۆژ هەژاری و بێکاری و هەڵئاوسان ڕوو لەزیادبوون دەکات، ئەمە سەرەڕای بوونی نەوت و کانزا و ئەو هەموو سەرمایە زۆرەی کە لەم وولاتەدا هەیە، چونکە ئێمە کات وەبەرناهێنین و سوودی لێ وەرناگرین، کاتەکانمان لەهیچ دا بەسەر دەبەین، پێغەمبەری خوا لەفەرمودەیەکدا دەفەرمویێت (نعمتان مغبون فيهما كثير من الناس الصحة والفراغ)، ئەمرۆش لەسایەی ئەم شۆڕشانەدا پێویستە بەپێی سوننەتەکانی خوای گەورە بڕۆین بەڕێوە، چونکە هەموو شتێك لەم بونەوەرەدا بەیاسایەو لادان لێی توشی کارەساتت دەکات، ئێمە کارەکانمان تەنها بەوە نابێت کە لەمزگەوتدا بێت، بەڵکو بونمان لەمزگەوتدا دەبێت بۆ هاندانمان بێت بەرەو داهێنان وچاکسازی، بۆ ئەوەی سوود لەکاتەکانمان وەربگرین، خوای گەورە تەنها چەند کاتێکی کەمی بۆ عیبادەت داناوە،

لەشەوو رۆژێکدا پێنج نوێژی فەرز هەیە هەمووی سەعاتێکی ناوێت، ئەوەکەی تری هەمووی بۆ ئاوەدان کردنەوەی زەوی داناوە کە 23 کاتژمێرە.

قورئانی پیرۆز پلانێکی بۆ داناوین و سەرپشکمان دەکات لەهەڵبژاردنیدا ... **مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الآخِرَةَ** ....**آل عمران**152 ، هەرکەسێکتان دنیای دەوێت یان دوارۆژ با هەڵیبژێرێت، پاشان دەفەرموێت ... **رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ** **البقرة**201خوایە لەدنیادا توشی چاکەکاریمان بکە و لەرۆژی دوایشدا بەهەمان شێوە بمانپارێزە لەسزای ئاگر.

لەم ئایەتەوە بۆمان دەردەکەوێت کەقورئان داوا لەئوممەتی ئیسلامی دەکات کە پلانی خۆشبەختی هەبێت لەدنیاو دوارۆژدا، واتە دەبێت ئەو نەخشە ستراتیجیەی لەسەر ئاستی ئوممەت و تاك دادەنرێت بۆ خۆشبەختی بێت لەدنیاو دوارۆژدا، پێویستە گەلانی ئیسلامی لەرووی دنیاییەوە هەوڵ بدەن وەك گەلە رۆژئاواییەکان و لەوانەیش باشتربن لەرووی پێشکەوتنی پیشەسازی و کشتوکاڵی و تەکنەلۆژی، هەروەها پێویستە هەوڵ بدەین کەخۆشبەختی دوارۆژیش بەدەست بهێنێت، وەك پێشەوامان عەلی دەفەرموێت (اعمل لدنياك كأنك تعيش ابدا واعمل لآخرتك كأنك تموت غدا) ئەوەندە ئیش بۆ دنیا بکە وابزانە بەهەمیشەیی دەژی، ئەوەندەش کار بۆ دوارۆژ بکە وابزانە سبەینێ دەمریت، پێویستە ئەمە پلانی ژیانی مرۆڤی مسوڵمان بێت بۆ ژیان لەدنیاو دوارۆژدا، ئەمەش پێویستی بە تەقواو پلانی چاکسازی خۆی هەیە.

خوای گەورە لەقورئاندا و لە سەرەتای دەست پێکردنیدا ئەم پلانەمان فێر دەکات و گرنگی کاتمان بۆ روون دەکاتەوە و پێمان دەڵێت کەدەبێت خاوەنی پلانی تایبەتی بن، فێرمان دەکات کەبەپێی سوننەتەکانی خوای گەورە مامەڵەت لەگەڵ کات بکەین، کات کە رۆیشت ناگەرێتەوە (اغتنم خمسا قبل خمس شبابك قبل هرمك وصحتك قبل سقمك وغناءك قبل فقرك وفراغك قبل شغلك وحياتك قبل موتك) پێنج شت بەفرسەت بگرە لەپێش پێنج شتدا ئەوانیش گەنجیت لەپێش پیریدا، تەندروستیت لەپێش نەخۆشیدا، دەوڵەمەندیت لەپێش هەژاریدا دەست بەتاڵیت لەپێش سەرقاڵیتدا، ژیانت لەپێش مردن.

بۆیە دەبێت تۆ بەردەوام سەرقاڵ بیت و کات لەبەردەمدا کورت بێت، من ئێستاش زۆر سەرم سوڕماوە لەپیاوێکی مسوڵمان لەیەکێك لەووڵاتە ڕۆژئاواییەکان، ئەو لەسەر گرنگی دان بە کات گەورە ببو، ئەم پیاوە توشی شێرپەنجە بوو، ڕۆژێکیان سەردانێکم کرد لەسەرەتادا پێی ووتم برای بەڕێز تەنها بۆت هەیە یەك چارەك لەلام بمێنیتەوە، چونکە پزیشکەکان پێیان وتوم تەنها 6 مانگی تر دەژیت، منیش کاتەکەم دابەش کردووە بۆ پەروەردەی مناڵەکان و خوێندنەوە و لەبەرکردنی قورئان، بەڵام قەدەری خودا وابوو لەنەخۆشیەکەی چاك بووەوە و نەمرد، بەڵام هەر لەسەر هەمان پڕۆگرام ڕۆیشت، لەکۆمپانیاکەی خۆیدا توانی کۆمەڵێك داهێنان بکات بەتایبەتی لەبورای شوشەی بیبسی داو لەو ماوە کورتەدا توانی 15 داهێنان بکات.

بەرپرسیارێتی ئێمە بۆ کات بەرپرسیارێتیەکی خواییە، لەبەرئەوە ئێمەش دەبێت بزانین چۆن ئەو کاتانە رێك دەخەین ئەویش بەپێی فیقهی (اولويات) واتە ریزبەندی کارەکان بەپێی گرنگیان، خوای گەورە فەرز و سوننەتی داناوە، هەموو شتەکان وەك یەك نین، هەریەکەیان کاتی تایبەتی خۆی هەیە، هەندێك فەرز هەیە لەدوایەوە سوننەت نیە وەك نوێژی عەسر چونکە لەدوای هەندێك لە نوێژەکان کارکردنە نەك نوێژکردن.

لەکۆتایدا دەمەوێت بڵێم، ئێمە هەمووومان پێویستە پلانمان بۆ ژیانمان هەبێت، پلانی ساڵانە و پلانی ڕۆژانە پلانی کورت خایەن و پلانی درێژ خایەن.

بۆ ئەوەی بتوانین کاتەکانی ژیانمان بەرهەمدارو سود بەخش بێت، ئێمە ئەگەر ژیانمان بەو شێوەیە رێکخست دەبینە پێشەنگ بۆ مناڵەکانمان و نەوەکانی داهاتووش لەم ڕێگەیەوە دەتوانن ببنە خاوەنی نەوەیەکی بەرهەمدار و سوود بەخش و بەرهەم هێنەر و داهێنان کار.

## ڕۆژوو هۆکارێکە بۆ بەرزبونەوەی رووح و
## پاك کردنەوەی دڵ و ئارامی دەروون

مانگی ڕەمەزان مانگێکی گەورەو پیرۆزە، چونکە خودای گەورە وابەیانی کردووە هەروەها پێغەمبەری نازداریش(ﷺ) زۆرگرنگی و بایەخی داوە بەم مانگە، بەوەی ببێتە مانگی پاککردنەوەی دڵەکان و تەزکیەدانی رووح و زاڵبوون بەسەر هەواو هەوەس و ئارەزوو، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿**شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ**﴾**البقرة**185.

بەڕاستی ئەم مانگە گەورەیە چونکە قورئانی تێدا دابەزیوە کە کتێبی هیدایەت و سۆز و میهرەبانی و شیفادەری روحە و مایەی خێرو چاکەیە نەك بۆ ئوممەتی ئیسلامی، بەڵکو بۆ هەموو جیهانە ﴿ **فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَن كَانَ مَرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُواْ الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ اللّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ** ﴾**البقرة**185، واتە بەرۆژووبوون یەکێکە لەئالیەتەکانی شکورکردنی مرۆڤ بەرامبەر بەو بەخششانەی خودای گەورە پێی بەخشیوە.

پێغەمبەری نازدار(ﷺ)زۆرباسی گەورەیی ئەم مانگەی کردووە و لەچەندان فەرمودەو بەچەندین شێوە بەوەی کەلەم مانگەدا دەرگای ئاسمانەکان و دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە و دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن و شەیتانەکان کۆت دەکرێن و هەموو ئەوانەی لەجنۆکە و شەیاتینن کە کاریگەری دەرەکییان لەسەر مرۆڤەکان هەیە بەند دەکرێن، تەنها

نەفسی مرۆڤەکان دەمێننەوە کەمرۆڤەکان بەرەو چاکەکاری یا خراپەکاری دەبەن و هیچ بەهانەیەکیش بۆ ئەوە نامێنێتەوە کەشەیتان ئەمەی پێکردم، هەرچەندە بەدەر لەم مانگەش کاری شەیتان تەنها بریتیە لەوەسوەسە دروست کردن.

خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات بەوەی کەرۆژوو بەشێوە ڕاستەکەی بگرین، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوانەی کەرۆژوو دەگرن وەك خویەك کەهیچ کاریگەرییەکان لەسەر بەجێ ناهێڵێت لەگەڵ ئەوانەی بەشێوە ڕاستەکەی بەرۆژوو دەبن وەك رۆژوی پێغەمبەر(ﷺ)کە کار دەکاتە سەر نەفس و روح و مێشك و لاشە و هەموو ئەندامەکانی لاشەیان، بەوەی کە هەمووی بەرۆژووە، بەڕاستی مانگی ڕەمەزان و رۆژوو قوتابخانەیەکی گەورەیە و مرۆڤی مسوڵمان تیایدا دەردەچێ و شەهادەی تەزکیە و ئامادەگی ڕوحی بەدەست دەهێنێ، چونکە مرۆڤ لەم مانگەدا دەگاتە گەورەترین پلە، لەپەروەردەکردنی خۆی و جڵەوگرتنی نەفسیدا، چونکە خودا نایەوێ مرۆڤەکان ئازاربدات، بەوەی برسی و تینویان بکات، بەڵکو دەیەوێت مرۆڤەکان بگەنە پلەی تەقواو لەخودا ترسان وەك دەفەرموێت **﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾البقرة21**، خودایە بۆ ؟ خودای گەورە جواب دەداتەوە و دەفەرموێت **﴿ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ البقرة21**.

تەقواش وەك پێغەمبەر(ﷺ) ڕوونی کردۆتەوە لەنەفس و دڵدایە بەوەی کەببێتە هۆی تەسفیە کردن و پاککردنەوەی نەفس و دڵمان لەتاوان و خراپەکاری و سەرپێچی و حەسودی و چاوچنۆکی و غەیبەت و بوهتان کردن هەتا تەواو پاك ببێتەوە، تا ببێتە دڵێکی پاك و بێخەوش چونکە بەبێ سەلامەتی و باشی دڵی مرۆڤ سەرەنجامێکی سەلامەت و باشی نابێت **﴿يَوْمَ لاَ يَنفَعُ مَالٌ وَلاَ بَنُونَ * إِلاَّ مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾الشعراء**( 88-89 ) کەواتە رۆژوو هۆکارێك و هاوکارێکە بۆ گەیشتن بە دڵێکی پاك، کاتێك مرۆڤ گەشتە پلەی تەقواو خودا پەرستی وە کاتێك گەشتە ئەم پلەیە دەبێت بەئەولیای خوا **﴿أَلا إِنَّ أَوْلِيَاء اللّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ﴾يونس62** ئەولیای خودا کامانەن ؟ ئەوانەن کەبڕوایان هێناوەو بەتەقواو خودا پەرستن.

خوای گەورە بۆ دەیەوێت مرۆڤەکان بخاتە ناو ئەم خولە پەروەردەییەوە بۆماوەی مانگێك، بۆ دەیەوێت مرۆڤ بگاتە پلە بەرزەکان؟ بۆ؟ چونکە لەکردارە موباحەکان دەمانگرێتەوەو بەرۆژیشدا لە شتە ڕێگەپێدراوەکانی وەك خواردن و خواردنەوەو لەپەیوەندی نێوان هاوسەران دەمانگرێتەوە، بەدرێژای ماوەی(30)رۆژ ئەم کردارانەمان لێ قەدەغە دەکات، ئەگەر تۆش توانیت پاش ئەم ماوەیە نەفست ڕابهێنیت لەسەر تەرك کردنی موباحات ئیتر چۆن ناتوانیت وازبهێنی لەحەرام کراوان، کەواتە فەلسەفەی رۆژوو بریتیە لەخۆگرتنەوە لەو شتانەی کە لەکاتەکانی تردا ڕێگە

پێدراون و خۆگرتنە لەوشتانەی لە کاتەکانی تردا گوناهیان کەمترە، لەپێناو ئامانجێکی گەورەدا ئەویش بریتیە لەڕاهێنانی نەفسی مرۆڤ لە زاڵبوون بەسەر هەواو هەوەس و ئارەزووەکانیدا بەشێوەیەکی یەکجاری و پاش (30) رۆژ لەپەروەردە کردن بڕوانامەی تەقواو خودا پەرستی پێ دەدرێت و هەنگاو دەنێ بەرەو پلەی ئەولیابوون گەر وانەبێت و بەوردی و دیقەتەوە بەرۆژوو نەبین ئیتر سودێکی وای نابێت وەك پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾دەفەرموێت: (ئەوەی واز لە قسەو کرداری زیادەو بێ سەرو بەرە نەهێنێت خودای گەورە پێویستی بەبرسێتی و تینوێتی ئەم کەسە نیە) بۆیە پێویستە هەمووەمان بەم روحیەتەوە و بەم ئامانج و خۆشەویستیەوە پێشوازی لەم مانگە بکەین و بەرۆژوو بین تیایدا.

## رۆڵی پلانی ستراتیجی لە گەشە پێدانی کۆمەڵگەدا

ئەگەر سەیری ئەو وڵاتانە بکەین کە لەرووی شارستانیەوە پێشکەوتوون، ئەو پێشکەوتنە لەسەر بنەمای داڕشتنی بەرنامەو پڕۆژەی کارەوە بووە، واتە دانانی پلان بۆ بواری کارو کارگێڕی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی، دانانی پلان بۆ بەگەڕ خستنی سەرمایەی مرۆیی لە ڕووی تاك و کۆمەڵ و حکومەتەوە، هەروەها دانانی پلان بۆ وەبەرهێنانی دارایی، ئەمە نهێنی پێشکەوتنی شارستانیەتە جۆربەجۆرەکان بووە بە درێژایی مێژوو، هەر ئەمەش بوە هۆکاری گەشەکردن و بەهێزبوون و دەرکەوتنیان لە گۆڕەپانی جیهانیدا، بەم هۆیەشەوە توانیویانە سەرمایە مرۆیی و داراییەکان لە تیاچوون بپارێزن کە خوای گەورە ئەم دوانەی کردۆتە مایەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەو دروست بوونی جوڵەو بزاوت و گەشەکردن و بەرەوپێش چوون.

مرۆڤ و دارایی دوو سەرچاوەی سەرەکی و بنەڕەتین لە بونەوەردا کە دەبنە مایەی پێشکەوتن و گەشەپێدان و دروست بوونی خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ، بوونی پڕۆژەی ستراتیجی هۆکارێکە بۆئەوەی هەردوو رەگەزەگە بتوانن لە شوێنی خۆیان بەرهەمدار بن و رۆڵی پێویستی خۆیان بگێڕن.

لەرێگەی پلانەوە ئێمە دەتوانین پەیوەندیەك لەنێوان مرۆڤ و دەرامەتە داراییەکان دروست بکەین، چونکە پلان دانان یەکەمین بنەمای سەرەکیە بۆ گەشەپێدان، تەنانەت وەبەرهێنان و کاری حکومەت و سیاسییەکان هەموویان پشت دەبەستن بە بوونی پلانی ستراتیجی، مرۆڤ هەرشتێك و تیشك لەهەر شوێنێك ببینێت ئەوە مانای بوونی پلانە لەو شوێنەدا. لەهەر شوێنێکیشدا دواکەوتن و نەفامی و ئالۆزی و هەژاری هەبێت مانای بەگەڕنەخستنی عەقڵ و نەبوونی پلانە بۆ بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان.

خوای گەورە هەر لەوکاتەوە کە پێغەمبەرەکەی ناردووە، ئەرکێکی گەورەی داوە بەسەرشانیدا کە چاکسازیە، لە ژینگەیەکیشدا هاتووە کە نەخاوەنی هیچ عەقڵیەتێکی پێشکەوتووبون و نەخاوەنی دەوڵەت و مێژوویەکی شارستانی بوون بەڵکو کۆمەڵێك هۆزی نەفام بوون کە قورئان بە نەفام ناویان دەبات، لەم ژینگە دواکەوتووەدا کاتێك خوای گەورە پێغەمبەرەکەی دەنێرێت فەرمانی پێ دەکات بە دانانی پلان و رێزگرتنی کات و چاوبڕینە ئاینده (سنريهم اياتنا في الافاق) ئەو پلانەش بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی ژیانە، هەتا دیدو تێڕوانینێکی ئاشکرای هەبێت بۆ رووداوەکان و ئایندەو کار لەسەر چاککردنی دنیاو دوارۆژی مرۆڤ بکات. خوای گەورە لە سورەتی (الشرح)دا ئەوەمان بەباشی بۆ روون دەکاتەوە. کە هاوکاری بەرنامەکانی گەشەپێدان و خۆشگوزەرانیە، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە مرۆڤ لەرێگەی کاری ئامانجدارو بە بەرنامەوە دڵخۆش دەبێت و گەلان دەگەنە قۆناغی خۆش گوزەرانی، بەڵام دڵی مرۆڤ شڵەژاو و نیگەران دەبێت ئەگەر ئەو مرۆڤە لە ژیاندا خاوەنی بەرنامەو پلان نەبێت بۆ ژیان و بە گەشاوەیی سەیری ئاینده نەکات.

خوای گەورە دەفەرموێت (**فإذا فرغت فانصب**) واتە هەرکاتێك هەستت بە بەتاڵی کرد کاربکە، واتە کار بەلای خواوە پیرۆزەو فەرزە لەسەر مرۆڤ و بێ کار دانەنیشێت و بێکاری تاوانە ئەگەر مرۆڤ بە دەست خۆی بێت، هەروەها زانایان لە وتەیەکی تری راڤەی ئەم ئایەتەوە دەڵێن دەبێت کە مرۆڤ کارێکی گرتە دەست (خۆی بۆ یەکلا بکاتەوە) هەتا بتوانێت بەسەرکەوتوویی ئەنجامی بدات.

خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات کە باشترین کار ئەنجام بدات (**ليبلوكم أيكم أحسن عملا**). باشترین کار لای خوا داواکراوە، هەروەها لەرووی فیکریشەوە باشترین بۆچوون و بابەت و لێکوڵینەوە "**ومن أحسن قولا ممن دعا إلى الله**". خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی

دەفەرمویێت با کارەکانت نموونەی بەرنامەو پاکی و رۆشنی و چاکی بن (**فانصب**) واتە بە تەواوی خۆتانی بۆ یەکلا بکەنەوەو بەپێی پلانێك هەوڵ بۆ ئەنجامدانی بدەن.
ئیسلام داوا لە مرۆڤ دەکات کە خاوەنی بەرنامەبێت بۆ خۆیی و خێزان و کۆمەڵگەکەی.
ئیسلام پەیامی شارستانیەتی و پێشکەوتن و گەشەپێدانە، دەبێت دەوڵەت و هەموو دام و دەزگاکانیشی بەم شێوەیەبن دەبێت وەبەرهێنانی مرۆڤ و دارایی بەپێی زانیاری و پلانی ورد بێت، خوای گەورە لە رێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی حەزرەتی یوسف دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە یوسف پێغەمبەر لەرێگەی پلانێکەوە توانی گەلێك کە نامسوڵمانیش بوون لە برسێتی رزگار بکات، ئەمە وانەیەکە بۆ ئێمە کە مرۆڤی مسوڵمان دەبێت خاوەنی بەرنامە بێت بۆ چاکەی گشتی نەك بۆ مسوڵمان بەتەنها بەڵکو بۆ مسوڵمان و نامسوڵمان و گیاندارو بێ گیان و ژینگە بە گشتی، هەر لەبەر ئەمەش خوای گەورە پەیامی پێغەمبەرەکەی بە (رحمة للعالمين) ناو دەبات کە هەموو گیاندارو بێ گیانێك دەگرێتەوە.
لەکاتێکدا کە یوسف پێغەمبەر راڤەی خەونەکەی کرد پلانی دانا بۆ چواردە ساڵ وە بەڵێنیشی دا بەسەرکەوتنی پلانەکەی لە ساڵی یازدەهەمدا. خوای گەورە لە قورئاندا رێز لە مێروەکان دەگرێت و دوو سورەتی قورئانی بەناوی (هەنگ) و (مێرووله)وە ناوناوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە خوای گەورە دەیەوێت بە ئێمە بڵێت رێزگرتنی لەو دوو مێروە لەبەر کارە جوانەکانیانە کە خاوەنی پلان و رێکخستن و پێشکەوتنن، هەنگەکان لە بواری کارو داهێنان و پلاندا زۆر پێشکەوتوون، خوای گەورە رێزیان لێ دەگرێت و پەیامیان بۆ دەنێرێت (**و أوحي ربك إلى النحل**) هەروەك چۆن پەیام بۆ پێغەمبەرەکانی دەنێرێت هەمان دەستەواژە بۆ هەنگەکان بەکار دەهێنێت، چونکە کارەکانیان بە بەرنامەیەو دوورە لە پشێوی، زۆر لێهاتوون لەکاردا بێ کاریان نییە، هەر هەنگێك بە پیسی یان بێ بەرهەم بگەڕێتەوە بە هەموویان لەناوی دەبەن.
خوای گەورە یەکێك لەناوە بەرزو پیرۆزەکانی ناوناوە (بديع)، کە ئەمەش مانای کەسێکی خاوەن پلان و بەرنامەو داهێنەرە، خوای گەورە گەردوونی بەوپەڕی جوانی و رێك و پێکی داڕشتووە، هەموو شتێکی لەشوێنی خۆیدا داناوە. هەموویان بە رۆڵی خۆیان هەڵدەستن، سوپاسگوزاری خوای گەورەن لە هەموو جوڵەیەکیاندا. هەریەکەیان بە زمانی خۆیان سوپاسی خوا دەکەن و ملکەچی فەرمانەکانی دەکەن، گرنگ ئەوەیە هەر گەردیلەیەك لەم بونەوەرەدا بە رۆڵی خۆی هەڵدەستێ و پێچەوانەی ئەو کارە ناکات کە بۆی دانراوە هەرچەند ئیسلام ئەو گرنگیە گەورە بە پلان و بەرنامەکانی ژیان دەدات، بەڵام بەداخەوە لەبەرئەوەی ئەمڕۆ ئێمە ئەم لایەنەمان پشتگوێ خستووە بوین بە یەکێك لە نەتەوە دواکەوتووەکان. بەداخەوە ئێمە حکومەتەکان و گەلەکان و

ڕێکخراوەکانمان نەیانتوانیوە بەپێی ئەو پەیامە هەڵسوکەوت بکەن و سەرئەنجام ئەوەش بەرهەمیانە کە دەیبینین، لەبەرئەوە من وای دەبینم کە کۆمەڵگاکانی ئێمە پێویستی بەوە هەیە کە جارێکی تر لەسەر ئاستی تاکەوە هەتا خێزان و کۆمەڵگەو حکومەتەوە پێویستمان بەوە هەیە کە بە عەقڵیەتێکی نوێوە مامەڵە لەگەڵ قەیرانە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە بکەین و کۆتایی بە ئەو پاشاگەردانیە بهێنین کە ئێستا لە ئارادایە، کە نەتوانراوە سەرمایە مرۆییەکان باش بخرێنە گەڕ، نە سەرچاوە داراییەکانمان لەبواری وەبەرهێناندا گەشە بکەن، لەکاتێکدا کە ئەم دوو سەرچاوەیە لە وڵاتانی ئیسلامی و کوردستانیشدا زۆر بە فراوانی هەن و ئەگەر پڕۆژەیەکی گەشەپێدانی گشتی هەبێت دەتوانین لە ماوەیەکی کەمدا ئاستی پێشکەوتنی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیمان زۆر بگۆڕین و بەرەو پێشکەوتن بچین.

## ئامانجی ئیسلام خۆشبەختی مرۆڤ و ئارامی دەرونە

خوای گەورە مرۆڤی دروست کردووەو کۆمەڵێك ووزەی ناوەکی و دەرەکی پێداوە کە زۆر گرنگن، ئەم ووزە شاراوەیەی کەلە دەرونیدا هەیە خۆی لە نەفس و عەقڵدا دەبینێتەوە ئەم وزەیە بێ سنوورەو تەنها خوا دەزانێت بارستاییەکەی چەندە، ئەم وزەیە توانای ئەنجامدانی خێرو شەڕی هەیە، دەتوانێت ئاوەدانی ئەنجام بدات یان کاولکاری بەرهەم بهێنێت، دەتوانێت تەقوا کۆ بکاتەوە یان خراپە کاری بکات، دەتوانێت هەریەك لەو دوو دژە ئەنجام بدات کە خوا دروستی کردووە، کە ئەوانیش خێر و شەڕ و سود و زیان یان هاو دژەکانی ترن.

ئەگەر مرۆڤ ڕێنمایی وەرنەگرێت نەکەوێتە سەر شاڕێگەی ئیمان، بەپەروەردەی ئیسلام و چاکسازی پەروەردە نەبێت، ئەگەر خۆی نەڕازێنێتەوە بە عیبادەتەکان ئەو کاتە سنوری کارەکانی خۆی نازانێت و بەرەو شەڕو خراپەکاری هەنگاو دەنێت لەو کاتەشدا دژ بەچاکە و ڕێنمایی و سودی گشتی خەڵك دەوەستێتەوە، ئەگەر ئەو وزەیە لەچاکەکاریدا بەکار نەبات لەکاولکاریدا بەکاردێت و دواجار خۆی توشی خۆکوژی دەکات، لەم ڕۆژگارەدا نەبوونی ئیمان گەورەترین قەیرانی بۆ مرۆڤ دروست کردووە، بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوەیەکگرتووەکان

ژمارەی ئەوانەی کە خۆیان کوشتوە لە ملیۆنێك کەس زیاتر تێپەڕی کردووە لەساڵی 2012دا.
ئەم خۆکوشتنە بەهۆی هەژاری و برسێتیەوە نیە، بەڵکو پاڵنەرێکی دەرونییە بەهۆی ئەو نەفسەوەیە کەفەرمان بەچاکە دەکات، ئەو نەفسە شڵەژاوەیە کە هیدایەتی خوای وەرنەگرتووە، لەبەرئەوە دەبێت مسوڵمان هەست بەئەو نیعمەتە گەورەیە بکات کەخوای گەورە پێی بەخشیوە.
چونکە هیچ نیعمەتێك لە نیعمەتی ئیمان گەورەتر نیە، ئیمان لەناو دەرووندایە و هۆکاری لە خواترسانە، هەروەها ترس لە رۆژی دوایی و باوەڕبوون بە زیندوبونەوەیە.
خوای گەورە نەفسێك کە لەئیمان دوربێت بەشڵەژاو و نائاسایی ناودەبات، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ نەخۆشی دەرون کە لەئێستا یەکێکە لە نەخۆشیە مەترسیدارە جیهانیەکان و لە ئەمەریکادا 80٪ ی نەخۆشیەکان دەگرێتەوە، کەئەمەش هۆکاری دڵەڕاوکێ و شڵەژانی دەرونیەو دواجار سەردەکێشێ بۆ خۆ کوژی و زۆر نەخۆشی تر، ئەمەش قورئان لە زۆر ئایەتدا تەعبیری لێ دەکات کە دەفەرموێت: (**إِنَ الْإِنْسَانَ خُلِقَ هَلُوعًا، إِذا مَسَهُ الشَرُ جَزُوعًا، وإِذا مَسَهُ الْخَيْرُ مَنُوعًا، إلاَ الْمُصلِينَ**)، ئەگەر مرۆڤێك باوەڕدار نەبێت و مەرجەکانی ئیمانی تیا نەبێ و بەو پێیە هەڵسوکەوت نەکات و بەتایبەتیش چەسپاندنی ئیمان بەخواو رۆژی دوای ئەو کاتە مرۆڤێکی دەرون شڵەژاوو نا سەقامگیری دەبێت دەرونی ئارام نیە، شڵەژاو و ناجێگیرە، رۆڵی خراپ و شەڕو ئاژاوەیە، ئەو کاتەش کە دڵتەنگە پەنا بۆ خراپەکاری و تاوان دەبات، لەحاڵەتی ئاسایشدا ئاسایی نیە بەڵکو بەردەوام ترس دایگرتووە، چونکە تێرنابێت بەردەوام ترس هەیە لە داهاتوو، باوەڕی بەخوا دانەمەزراوە، باوەڕی بەقەزاو قەدەر نیە، وا دەزانێت هەموو بەختەوەری و چاکەیەك بەدەست خۆیەتی، وەك باوەڕدار پشت بەخوا نابەستێت لەژیاندا.
ئەمە تەنها بۆ بێباوەڕان نیە، بەڵکو ئەو باوەڕدارانەش دەگرێتەوە کەهەڵگری ئیمانێکی رووکەشن، ئیمانێك کەپاڵنەر نیە بۆ چاکەکاری و خاوەنەکەی لەخراپە ناگەڕێتەوە بەشێکی زۆری ئەو کاولکاری و وێرانکاری و خراپەکاریەی کە جیهانی گرتۆتەوە، بەهۆی نەبوونی رێنمایی مرۆڤەکانەوەیە بۆ سەر رێگەی ئیمان، بەهۆیەوە مرۆڤەکان خۆیان بەگەورە دەگرن و ستەم دەکەن و داگیرکاری ئەنجام دەدەن و لەهەوڵی تێرکردنی غەریزەکانیاندان بەبێ

**گوێدانە حەرام و سنورەکانی شەرع، وەك غەریزەی جنس و ماڵ و دەسەلأت و گاڵتەجاری، هەروەك ئێستا لە جیهاندا دەیبینین.**

**شەڕی گەورەی ئیسلام لەسەر بنەبڕکردنی ئەم نەفسە شڵەژاوەیە، کە نائارام و ناجێگیرە، خوای گەورە دەیەوێت لەڕێگەی ڕواندنی ئیمان لەدەرونی مرۆڤدا مرۆڤ بەرەو نەفسی ئارام بەرێت و بەم شێوەیە لەدنیادا ژیان بەسەر بەریت ﴿يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ * ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴾الفجر**(27-28) **بەبێ گەڕانەوە بۆلای خوا دەرونی مرۆڤ ناگریت، نە لەدنیاداو نە لە دوارۆژدا، ئەگەر مرۆڤ دوو دۆڵی لەئاڵتون هەبێت دەڵێت خۆزگە سێهەمیشم هەبوایە، دەرونی مرۆڤ تەنها بەمرۆڤ تێر دەخوات، ئەندامەکانی ئارام دەگرن، کاتێك مرۆڤ دەگاتە سەرلێواری قەبر ئیتر ڕاستییەکان تێ دەگات، ئەو کاتەیە ئەو مرۆڤانە پەشیمان ببنەوە، بەلأم ئەوکاتە پەشیمان بوونەوە بەکەڵك نایەت .**

**چونکە لەدوای مردن گەڕانەوە نیە، خوای گەورە لە دنیادا فرسەتێکت دەداتێ ئەگەر سود لەو دەرفەتە وەرنەگری لەدوای مردن گەڕانەوەی نیە.**

**پێویستە ئێمەی مسوڵمان کاری یەکەممان چاکسازی دەرونی خۆمان بێت، پێویستە چارەسەری یەکەممان بۆ نەخۆشیە دەرونیەکانی حەسودی و غەیبەت و خۆبەزل زانی و ...هتد بێت.**

**هەروەها دوو ڕوویی و هاوەڵ پەیدا کردن بۆ خواو ریایی و شتی تر نەبێت، دەبێت نەفس لە غەریزەکانی خۆشەویستی ماڵ و سامان و منداڵ و تۆڵە سەندنەوە پاك بکەینەوەو بەڕێگەی شەرعی خۆی بەکاریان بهێنین، دەبێت ئێمە لەپێغەمبەر ئادەم عیبرەت وەربگرین، ئەو کاتەی خوای گەورە لەبەهەشتتدا دایانبوو تەنها دارێکی لێ قەدەغەکرد بوو بەلأم چوو لەبەری ئەو درەختەی خوارد خوای گەورەش لەبەهەشت دەری کردو سزای دا .**

# مژدەکانی سەرکەوتنی ئیسلام

ئەگەر سەیری ئیسلام بکەین کە دوایەمین ئاینە خوای گەورە بەجۆرێك ناردویەتی کە تەواوبێت لەهەموو رووەکانی یاسادانان و ئەحکامەکانیدا، ئاینێکە کە بەپێی رەزامەندی خوا دانراوە بۆ هەموو دانیشتوانی سەر زەوی خوای گەورە زەمانەتی بۆ ئەم ئاینە کردووە، کە دەست بەسەر هەموو زەویدا دەگرێت و لەرۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، بەپێی بەڵێنی خوا جێگە پێیەك نامێنێت لەم سەر زەویەدا کە ئیسلام نەیگاتێ، ئەم دەنگەش دەنگی یەکتاپەرستی و نوێژ و بانگە و ئێستاش ئەم بەڵێنە هاتۆتەدی.

ئەم مژدە گەورانە لەکاتێکدا قورئان باسی دەکرد کە پێغەمبەر و هاوەڵەکانی لە ئەوپەڕی لاوازی و ژێر دەستەیدا بوون و بە هەموو جۆرێك لەلایەن دوژمنەکانیەوە ئازار دەدران و سوکایەتیان پێ دەکرا، لەمەککەدا لەوپەڕی بێ دەسەڵاتیدا بوون ئەو کاتەش کە کۆچ دەکەن بۆ مەدینە ئەوپەڕی هەوڵ دەدەن بۆ لەناو بردن و سەرکوت کردنیان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا قورئان بەوپەڕی هیواو گەشبینیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا دەکات، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم قورئانە لای خواوە نێردراوە. چونکە ئەگەر ئەم ئایەتانە

لەلایەن پێغەمبەرەوە دابنرانایە، ئەو کاتە پێغەمبەر وەك مرۆڤ تەعبیری لەو واقیعە دەکرد کەتیایدا دەژیان، بەڵام کەدەبینین قورئان بەڵێنی ئایندەیەکی رۆشنمان پێ دەدات و لەدوایشدا بەڵێنەکان بەڕاستی دێتە دی، ئەمەش موعجیزەیەکی گەورەیە بۆ بەهێز کردنی ئیمان، ئەوەش دەسەلمێنن کەئەم ئاینە راستەو خوای گەورەش سەری دەخات.

لەو کاتەدا کە پێغەمبەر و هاوەڵانی لەمەککەدا ژیان بەسەر دەبەن خوای گەورە بەڵێنی ئەوەیان پێ دەدات کە دەست دەگرن بەسەر هەموو زەویدا، ئەمەش لەچەندان ئایەتی مەکی و مەدەنیدا دووبارە بۆتەوە، یەکێك لەم ئایەتانەش کە بۆ ئەم مەبەستە دابەزیوە ئەوەیە کە دەفەرموێت:﴿**وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ**﴾**الأنبياء**105، ﴿**وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَ رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ** ﴾**الأنبياء** 107، پێغەمبەر و مسوڵمانان لەمەککەدا دەکەونە بەر گەمارۆیەکی توندی قوڕەیش و خەڵکی تائیف و عەرەبە بت پەرستەکان، ئەمانە ناوخۆ و دەرەوەی مەککەیان کۆنترۆڵ کردبوو، دەیانویست هەناسەی لەبەرببڕن، لەم کاتەدا خوای گەورە ڕێگای رزگارییان پیشان دەدات و ڕێنماییان دەکات، فەرمانیان پێ دەکات مەککە بەجێ بهێڵن و بەرەو مەدینە بکەونە ڕێ، پێغەمبەری خوا(ﷺ)ملکەچی هەموو فەرمانێکی خوایە، کۆچی کردوو هەموو هۆکارێکی پێویستی گرتەبەر و رووی کردە مەدینە و ڕێڕەوی رۆیشتنەکەی گۆڕی و هەموو پلانێکی جەنگی و نهێنی بەکار هێنا، بەرەو شاخ بەڕێ کەوت، چوە ئەشکەوتێکەوە خۆی حەشاردا، لەدوای ئەوە سوراقە شوێنی کەوت هەتا خەڵاتی قوڕەیش وەربگرێت، کاتێك کە پێغەمبەری دۆزیەوە لەم کاتەدا پێغەمبەری خوا بەڵێنی تاجەکەی کیسرای پێدا، سەر ئەنجامیش ئەم بەڵێنە هاتەدی و لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا کاتێك کۆشکەکانی کیسرایان گرت تاجەکەیان کردە سەر.

هەروەها لە رێکەوتننامەی حودەیبیەدا 400 کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەر کۆبوونەوە، بەمەبەستی عەمرە کردن، لەو کاتەدا کە دەگەنە حودەیبیە قوڕەیشیەکان ڕێگەیان پێ دەگرن و ناچاریان دەکەن کە بوەستن، لەم کاتەشدا ڕێکەوتنێك بەسەر پێغەمبەردا فەرز دەکەن، لەم کاتەدا عومەر هەوڵ دەدا کەنەهێڵێت ئەم رێکەوتنە سەر بگرێت، چونکە چەند بەندێکی تێدابوو کە لەشان و شکۆی پێغەمبەر و مسوڵمانانی کەم دەکردەوە، بەڵام خوای گەورە دەزانێت چی دەکات و چی بەقازانجی مسوڵمانان دەبێت پێغەمبەر بۆ ئەم مەبەستە

پشت بەقورئان دەبەستێت و لەم کاتەدا قورئان دادەبەزێت و پشتیوانی لە ڕێکەوتن نامەکە دەکات.

هەرچەند لەئەم ڕێکەوتن نامەیەدا ڕێگە نادرێت مسوڵمانەکان عەمرە بکەن و مەرجی قورسیشیان بەسەردا دەسەپێنێت. بەڵام سەرەڕای ئەو حاڵەتە لاواز و بێهێزەییەش قورئان مژدەیان پێ دەدات بە ئازاد کردنی مەککە: ﴿**إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً**﴾**الفتح**1.

ئەم بەڵێنەی قورئان زۆر ڕاست و ستراتیجی بوو، چونکە دوای دوو ساڵ ئەو بەڵێنە هاتەدی و مەککە ڕزگار کرا، پێغەمبەری خوا بەردەوام ملکەچی خوا بووە و بەئەو پەڕی پشت بەخوا بەستنەوە کاری کردووە سەدلەسەد بڕوای بەبەڵێنەکانی قورئان هەبووە و بێ دوودڵی هەنگاوی ناوە، هەر بەهۆی ئەمەشەوە بوو خوای گەورە سەری خستن و دوورگەی عەرەبیان ئازاد کرد و لەدوای ئەوەش مژدەی ڕزگار کردنی جیهانیان پێدا: ﴿**هو الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ**﴾**التوبة**33.

بەپێی لێکدانەوە سەربازییەکان و شیکارییە سیاسیەکان کەس نەیدەتوانی پێشبینی ئەوە بکات، کە کۆمەڵێك کەسی لاواز و بەند و بێ دەسەڵات ڕۆژێك دێت مەککە ڕزگار دەکەن و تەنانەت بەڵێنی ڕزگارکردنی جیهانیشیان پێ بدرێت، قورئان باس لەوە ناکات کە ڕزگار کردنی جیهان بەشمشێر و توندوتیژی بێت، چونکە ئەوەی بەلای خواوە گرنگە وەرگرتنی ئاینە بە ئازادی و بڕوا هێنانە بەعەقیدە و شەریعەت و بنەما فکرییەکان لەسەر ویست و ئارەزووی کەسەکە، هەر لەبەرئەوە دەبینین بەشێکی زۆری جیهان لەڕێگەی بانگەوازەوە بڵاوبۆتەوە، ئەمەش مانای بەهێزی ئیسلام دەگەیەنێت، لەبەرئەوە ئیسلام زۆر گرنگی بە ئازادی دەدات و لەئازادیشدا باشترین پێگە دروست دەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**هو الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيداً**﴾**الفتح**28.

گەورەترین هۆکار لەبانگەوازی پێغەمبەراندا بەهێزی پەیامەکە و ڕێبازی ئاشتی خوازی و چاکسازی و چاکەکاریە، ئەمەش دەکاتە مژدە بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام لەسەر ئاستێکی جیهانیدا، ئەمە لەچەندان سورەتی تردا دووبارە بوەتەوە، لە سورەتی (فەتح) و (صەف) و (توبة) دا هاتووە.

خوای گەورە هۆکاری ئەم سەرکەوتنەمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو پێمان دەڵێت ئایا بەهۆی چیەوە بووە، ئیسلام لەکۆمەڵێك بنەمای جەوهەری پێکهاتووە، کەئەمەش سیمای گشتی

پەیامەکەیەتی و هەرئەمەش مانای (حق) راست بوونی ئیسلام دەسەلمێنن کە ئەویش خۆی لە عەدالەت و ئازادی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دژایەتی ستەمکاریدا دەبینێتەوە، ئەم ئاینە بۆ رزگار کردنی مرۆڤایەتی هاتووە، بەلاّم بەداخەوە مسولّمانان لەئاست بەرزی و پێشکەوتنی ئاینەکەدا نین، لەبەرئەوە ئێستا دەبینین مسولّمانان شتێکن و ئیسلامیش شتێکی ترە، چونکە ئەو ئیسلامە گەورە کەپەیامی خوایە و هەلگری هەموو سیفەتێکی جوان و مرۆڤ دۆستیە، بەراورد ناکرێت لەگەلّ ئەو بارودۆخەی کە مسولّمانان تیایدا دەژین لە ستەمکاری و هەژاری و نەفامی، دواکەوتوویی.

خوای گەورە ئاینەکە بەئاینی ڕاست لەقەلّەم دەدات ئەمەش تەنها مەبەست پێی ئاینە ئاسمانیەکان نیە، بەلّکو مەبەست پێی هەموو ئاین و ئاینزاو بیرو باوەڕێکە خوای گەورە بەلّێنی داوە کە رۆژێك دێت هەموو جیهان دەکەوێتە ژێر رکێفی ئیسلام، رۆژانە ئێمە دەبینین ئاینەکان و ئایدیۆلۆژیاکان لەسەر ئاستی جیهان پاشەکشە دەکەن و هەرەس دەهێنن ناتوانن ژیانێکی شایستە بۆ مرۆڤ بەرجەستە بکەن، دواجار دەبینین کە ئیسلام دەبێتـە دوا مەنزلگەی فریادڕەس، ئەمەش ئێستا لەسەر ئاستێکی جیهان دەبینین، لەسەر ئاستی سیاسی دەبینین رژێمە ستەمکار و دوور لەخوا و دیکتاتۆرەکان چۆن دەڕوخێن و لەجیهانی ئیسلامیدا گەلان دەگەڕێنەوە بۆ ئیسلام، لەسەر ئاستی ئابوریش بینیتان کە قەیرانە ئابوریە جیهانیەکان چۆن جیهانی هەژاند و بازاڕی ئازاد چۆن نەیتوانی ببێتە جێگەی متمانە و رزگارکەریان لەقەیرانەکان.

ئەم قەیرانە جیهانی رۆژئاوای بەرەو ئاڕاستەیەکی ترسناك برد، سەدان بانك ئیفلاسیان کرد، ئابوریی زۆر وولاّتی گەورەی ئەوروپی وێران کرد، ئێستا ئابوریناسەکانیان توێژینەوە لەسەر بانکی ئیسلامی و ئابوریی ئیسلامی دەکەن و بەچارەسەری قەیرانەکانی خۆیان دەزانن.

کۆمۆنیزم پاش نیو سەدە لە ئەوپەڕی هێز و توانا سیاسی و سەربازیدا شکستی خوارد، چونکە هەلگری جیهانبینی ڕاست نەبوو بۆ جیهان، لەبەرئەوە بینیمان لەڕووی سیاسی و ئابوریەوە هەرەسی کرد: ﴿**سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ**﴾**فصلت**53.

ئەمانە هەمووی بەلگەن لەسەر ئەوەی کە دەبێت دانیشتوانی سەرگۆی زەوی بگەنە ئەو راستیەی کە ئیسلام تاکە رێگەی رزگاری مرۆڤایەتیە، ئەمە پەیوەندی بەقەناعەتی

فیکریەوە هەیە، زۆرکەس هەیە ئەو راستیە دەبینێت بەڵام دانی پێیدا نانێت، جولەکەکان کە رۆژانە لەگەڵ پێغەمبەردا دەژیان و زۆرباش دەیانناسی و لەکوڕەکانیان زیاتریش، بەڵام دڵ رەقی و حەسودی و بۆغز و خۆشەویستی دەسەڵات رێگەی پێنەداون کە دانی پێدابنێن و بکەونە شوێن پەیامەکەی، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لە ئینجیل و کتێبەکان خۆشیاندا باس لەم پێغەمبەرە کراوە و داواشیان لێ کراوە کەبڕوای پێ بهێنن.

پێغەمبەری خوا لە فەرمودەیەکدا مژدەی دابوو بەڕزگارکردنی (قوستەنتەنیە) ئەو مژدەیە هاتەدی، هەر لەو فەرمودەیەدا مژدەی داوە بە رزگار کردنی رۆما پشت بە خوا ئەوەش دێتە دی، بەڵام ئەمەیان بە جیهادی بانگەواز و فیکر و زانست و مەدەنیەت، ئەگەر سەیر بکەن لەئێستا هیچ هێزێکی گەورەی جیهان پشتیوانی لە ئیسلام ناکەن و زۆر جاریش دژایەتی سەختی دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبینین لە ئێستادا ئیسلام یەکەم ئاینە کە بەخێرایی بڵاو دەبێتەوە، چونکە ئیسلام لەگەڵ دڵ و عەقڵ و فیکردا مامەڵە دەکات و کەسیش ناتوانێت ڕێگە لەمە بگرێت، قورئان گەورەترین هێزە بۆ ئیسلام، هەرکەسێك لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەکەوێتە توێژینەوەی بەشێوەیەکی زانستی بڕوای پێ دێنێت و مسوڵمان دەبێت و تێ دەگات کەئەمە پەیامی خوایە و دوودڵی و گومان هەڵناگرێت.

ئێمەی مسوڵمانیش پێویستە لە ژێر رۆشنایی ئەم ئایەت و فەرموودانەدا بەشێوەیەکی یەقینی بژین و دڵنیابین لە راستی و دروستی بەڵێنەکان، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە سەرکەوتنی ئیسلام دەکەوێتە سەر پێکهاتەی عەقڵی و فیکری و سیاسی و هەڵسوکەوت و ئەخلاقی مسوڵمانان لە جیهانی ئیسلامی و لە ئەوروپاشدا دەبێت مرۆڤی مسوڵمان پێشەنگ بێت بۆ ئەم ئاینە.

بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە دەبینین زۆربەی مامەڵە و هەڵسوکەوت و عەقڵیەتمان لەگەڵ ئیسلام و کەسایەتی پێغەمبەردا ناگونجێت و دورین لێیان ..

پەیامی پێغەمبەر لە رێگەی سۆزو بەزەیی و دڵ فراوانی و مامەڵەی جوانەوە بڵاوبوەتەوە: **وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَ رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ الأنبياء** 107

لە رێگەی سۆزەوە ئێمە دەتوانین زەوی بخەینە ژێر دەستی خۆمان، نەك بە توندو تیژی و دڵ ڕەقی، لەکاتێکدا کە هەندێك لە خەڵکی مەدینە دەیان ووت ئێمە پێغەمبەرمان خۆش دەوێت، بەڵام خوای گەورە خۆشەویستی ڕاستەقینە بەشوێن کەوتنی پەیامەکەی لەقەڵەم دەدات: **قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ**

**رَّحِيمٌ﴿آل عمران31**، پاشان دەفەرمویێت: ﴿**قُلْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ فإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ ﴿آل عمران32**، شوێن کەوتن و فەرمانبەرداری بنەمای مسوڵمانێتیە نابێت مسوڵمان لەچوار چێوەی پەیامە قورئانیەکە دەرچێت : ﴿**مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاء عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاء بَيْنَهُمْ تَرَاهُمْ رُكَّعاً سُجَّداً يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَاناً سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الْإِنجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَى عَلَى سُوقِهِ يُعْجِبُ الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ الْكُفَّارَ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً ﴿الفتح29**، لە ڕوانگەی ئەم ئایەتەوە دەبینین کە سەرکەوتنی مسوڵمانان بەستراوەتەوە بە دوو هۆکارەوە: یەکەم بەشوێن کەوتنی پێغەمبەری خوا و دووەم بەخۆڕازاندنەوە بەرەوشتە بەرزەکان .

دەبێت لەکاتی جەنگدا توندی لەگەڵ دوژمنان و ئاشتی خواز و بەبەزەیی بین لەگەڵ براکانمان بەڵام لەکاتی ئاشتی دا دەبێت لەگەڵ هەموو لایەکدا بەسۆز و دڵ فراوان بین ئەگەر بەرامبەرەکان کافربن یان مسوڵمان.

ئێمەی مسوڵمانان ئێستا لەبەردەم بەرپرسیاریەتیێکی گەورەدایین، کە ئەویش هەڵگرتنی پەیامی ئیسلام و نیشاندانیەتی بەهەموو گەلانی جیهان وەك نمونەیەك لەمرۆڤ دۆستی و عەدالەت و ئازادی و ڕێزگرتن لە بەرامبەرەکان و پێشێل نەکردنی مافەکانیان و گەڕاندنەوەی مافەکان بۆیان، دەبێت ئێمە هەڵگری سیفەتەکانی (عبادالرحمن) بین، بە کردار بکەوینە شوێن ژیاننامە و ڕەوشتی پێغەمبەر و هاوەڵان و پیاو چاکان، چونکە ئێستا زومی هەموو کامێراکان لەسەر ئێمەو جیهانیش چاوەڕوانمانە، هەتا بتوانین لەقەیرانە ماددی و مەعنەوی و ئەخلاقیەکان ڕزگاریان بکەین.

## دەربڕینی خۆشەویستی بۆ خواو پێغەمبەر

خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەی ﴿ﷺ﴾ دوو بنەمای سەرەکی لە ئەو عەقیدەیەن کە ئیسلام باسی دەکات، ئیسلام لەسەر بنەمای خۆشەویستی دامەزراوە، هەر ئەو خۆشەویستیەشە پاڵ بە مرۆڤی باوەڕدارەوە دەنێت بۆ چاکەکاری، گرنگترین سەرچاوەی ئەم پەیامەش یان قورئانە کە لەلایەن خواوە هاتووە یان فەرموودەکانی پێغەمبەری خوان، لەبەرئەوە باوەڕداری راستەقینە ئەو کەسەیە کەخواو پێغەمبەری لەهەموو کەس زیاتر خۆش دەوێت و بەهۆی ئەمەشەوە فەرمانبەرداریان دەبێت و کرداری چاك ئەنجام دەدات، ئەگەر ئیمانێکیش لەسەر ئەم بنەمایە نەبێت ئەو کاتە ئەوە تەنها (تقوسێکی ئاینیە) و شتێکی روکەشە و لەجەوهەردا ئیمانێکی بێ ناوەڕۆکە.

لە قورئان و فەرموودەدا دەقێکی زۆر هەن کەجەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی خۆشەویستی خواو پێغەمبەر و داوای چەسپاندنی دەکەن لەدەرونی کەسی باوەڕداردا، خوای گەورە کە مسوڵمانانی ڕاستەقینە بەراورد دەکات بە موشریکە بێ باوەڕەکان دەفەرموێت: ﴿**وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللّهِ أَندَاداً يُحِبونهُمْ كَحُبِّ اللّهِ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَشَدُّ حُبّاً لِّلّهِ**﴾**البقرة**165.

مسوڵمانی باوەڕدار دەبێت خوای گەورەی لەخۆی و خێزان و ماڵ و سامانی زیاتر خۆش بوێت و لەئەم خۆشەویستیەوە سنوری خۆشەویستی ئەوانی تر دیاری بکات، هەر کەسێکیش بە جوانی و لەڕووی عیرفانیەوە لە خۆشەویستی خوا تێ بگات، ئەمە وای لێ دەکات کە هەموو دروستکراوەکانی خوای لەسنوری چاکەکاریدا خۆش بوێت.

هەروەها خۆشەویستی پێغەمبەریش بەپلەی دووەم دێت و خوای گەورە لەم بارەوە دەفەرموێت: ﴿النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ ﴾الأحزاب6

پێغەمبەری خوا گەورەترە لە خۆمان و دەبێت لەخۆمان زیاتر خۆشمان بوێت، لە فەرمودەیەکی صەحیحیشدا هاتووە کە دەفەرموێت ئیمانی هیچ کەسێکتان تەواونیە ئەگەر پێغەمبەری خواتان لە خۆتان و ماڵ و منالّ و هەموو کەس زیاتر خۆش نەوێت.

لەکاتێکدا کە پێغەمبەری خوا ئەو راستیەی بۆ هاوەڵانی روون دەکردەوەو پێی دەوتن کە ئیمانتان تەواو نابێت ئەگەر گەورەترین خۆشەویستیتان بۆ خواو پێغەمبەرەکەی نەبێت، لەم کاتەدا عومەری کوڕی خەتاب بەپێغەمبەری ووت: ئەی پێغەمبەری خوا من تۆم لەهەموو شتێك زیاتر خۆش دەوێت تەنها لە خۆم نەبێت، پێغەمبەر پێی فەرموو ئەی عومەر دەبێت منت لەخۆت زیاتر خۆش بوێت، ئەویش ووتی ئەی پێغەمبەری خوا ئێستا من تۆم لە خۆشم زیاتر خۆش دەوێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆشەویستی بنەمای نیە، بەڵام ئەم خۆشەویستیە ناخرێتە ژێر کۆنترۆڵی حەزو ئارەزوو غەریزەوە، چونکە ئەویش لەبازنەیەکی دیاری کراودا دەبێت و نابێت لەو سنورانە تێ بپەڕێت، بەتایبەتیش ئەوەی کە ئێستا دەکرێت لەبیدعە و خورافات بەناوی خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەوە، خوای گەورە بۆمان روون دەکاتەوە کەدەبێت ئەو خۆشەویستیە لەسەر بنەمای (طریق المستقیم) بێت و رۆژانەش مسوڵمان لە نوێژەکانیدا داوا دەکات کە رێنمایی بکات بۆ رێگای راست، دەبێت ئەو خۆشەویستیە بەپێی بنەماکانی شەرعی بێت، ئەو خۆشەویستیە نابێت تەنها سۆزێك بێت لەناو دڵدا بەڵکو پێویستە لە واقیعدا ببێتە کردەوە و کاری چاك و خێر و خۆشی بۆ هاوڵاتیان و هاونیشتیمانیان ئەمەش مانای راستەقینەی خۆشەویسیی خواو پێغەمبەرە: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾آل عمران31

خۆشەویستی راستەقینە ئەوەیە کەپاش باوەڕ هێنان بەئیسلام و چەسپاندنی عەقیدە و ئیمان، دەبێت ببێتە پاڵنەر و بگۆڕێت بۆ کردەوە، خۆشەویستی پێغەمبەر کاتێك مانای

هەیە کە بەگوێی فەرمودەکانی بکەیت و لەژیاننامە و کردەوەکانی شارەزابیت و ئەو پەیامەی کە ئەو هێناویەتی تۆش بەکردەوە نیشانی خەڵکی بدەیت: ﴿قُلْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ فإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ ﴾آل عمران32 گوێڕایەڵیی بۆ خواو پێغەمبەر تەرازوو پێوانی خۆشەویستیە بۆیان، چونکە هەموو شتێك ناوەڕۆکێکی هەیە و کرۆکی ئەم خۆشەویستیەش فەرمانبەرداریە.

دەبێت مرۆڤی باوەڕدار بەرچاو ڕۆشن بێت و بەتێگەیشتن لە پێویستیەکانی سەردەم بەوریاییەوە بتوانێت تەعبیر لەو خۆشەویستییە بکات، چونکە ئیسلام ئاینی هەموو کات و شوێنێکە، لەبەرئەوە مسوڵمان لەهەر شوێنێك بێت دەبێت ببێتە چراو ئەو شوێنە رووناك بکاتەوە، ئەویش بەئەخلاق و مامەڵە و هەڵسوکەوت و کردار و گفتار و ڕەفتاری چونکە هەر مسوڵمانێك بەم شێوەیە نەبێت، نە خوا و پێغەمبەری خۆش دەوێت، نەمسوڵمان بونەکەی هیچ مانایەکی هەیە.

خوای گەورە لەزۆر ئایەتدا باس لەوە دەکات کە ئیمان و کردەوەی چاك پێکەوە گرێ دەدات.

پیاوچاکانی پێشوو کە بەباشی لەئاینەکە تێگەشتبوون لەوانەش (قازی عیاز) لە ڕاڤەی ئایەتی:﴿لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ ﴾هود7 واتە دڵسۆزو چاکەکار، لێیان پرسی ئەویش ووتی (هەرکەسێك بەنیەتی پاك کردەوەیەك بۆ خوا نەکات خوا لێی وەرناگرێت، هەر کردەوەیەکیش ئەگەر ڕاست نەبێت هەرچەند بە دڵسۆزیش کرابێت خوا وەری ناگرێت، خوا کردەوەیەك وەردەگرێت کە بەدڵسۆزی بکرێت و ڕاستیش بێت، واتە ئەوپەڕی عەقڵی تێدا بەکار بهێنرێت)

مەبەست لە دڵسۆزی تەوحیدە، لایەنە کردارەکەش مەبەست لێی (صواب)ە، لەسەر ڕێڕەوی پەیامی پێغەمبەر بێت.

لێرەوە مەسیحیەکان توشی لەڕێ لادان و بیدعە بوون، خۆیان بەئارەزوی خۆیان دەستکاری ئاینەکەیان کرد، خوای گەورەش دەفەرمویێت: ﴿وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ إِلاَّ ابْتِغَاء رِضْوَانِ اللَّهِ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا ﴾الحديد27

مەبەست لە خوا پەرستی خۆشەویستی و فەرمانبەرداریە، بۆ ئەوەی هەموو شتێك لەبەر خوابێت و بەنیەتێکی پاکەوە کردەوەکان ئەنجام بدات، دەبێت هەموو عیبادەتەکان بەپێی شەریعەت ئەنجام بدرێت، دەبێت ژیانی مرۆڤ بەپێی کۆمەڵێك ئەحکام بەڕێوە بچێت.

هەندێك لە ئەحكامەكان فەرزن پێویستە ئەنجام بدرێن، هەندێك لە سونەتەكانیش (مستحب)ن ئەوانیش یان (مؤكد یان غیر مؤكد)ن.
زۆر جار دەربڕینی خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر لەجیاتی شوێنكاری باش شوێنكاری خراپی لێ دەكەوێتەوە و ئاژاوە دروست دەكات، وەك لە هەندێك لە خۆپیشاندانەكانی ئەم دواییەدا بینیمان كە هێرش كرایە سەر هەندێك سەفارەت و پشێویەكی زۆر دروست كرا.
خۆشەویستیەك ئەگەر تەنها بە عاتیفە بێت و عەقلانیەتێكی لە دواوە نەبێت و مافی خواو هاوڵاتیانی تیا ڕەچاو نەكرێت ئەوكاتە ئەو خۆشەویستیە لە سنوری شەرع دەردەچێت و دەچێتە بازنەی تاوانەوە.
یەكێك لە گەورەترین سیماكانی پێغەمبەر ڕەوشت بەرزی بووە خوای گەورەش لە قورئاندا وەسفی دەكات: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾القلم4، هاوەڵانی پێغەمبەر كەوتبوونە شوێن ئەم ڕەوشتە بەرزانە، یەكێك لەو ڕەوشتانە سۆزو بەزەیی بوو بەرامبەر بە ئوممەتەكەی لەدنیا و دوارۆژدا، بەزەیی و سۆزی پێغەمبەر بەرامبەر بە خەڵك و ئاژەڵ و بێ گیان و تەنانەت ژینگەش زۆر ڕوون و ئاشكرایە، هەر بەهۆی ئەمەوەیە خوای گەورە وەسفی دەكات و دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَ رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾الأنبياء107
لە ڕۆژی دواییدا هەموو كەس لەخەمی خۆیدایەتی، لەو ڕۆژە سەختەدا هەموو كەس وەك سەرخۆشی لێ دێت ئامادەن مناڵ و ماڵ و خێزانیان بدەن تەنها بۆئەوەی خۆیان ڕزگار بكەن، تەنها پێغەمبەر لەو ڕۆژەدا هاوار دەكات، (ئوممەتەكەم ئوممەتەكەم) لەو ڕۆژەدا گەورەترین سۆزو بەزەیی خۆی دەخاتە كار بۆ شەفاعەت كردن و ڕزگار كردنیان لە ئاگر و لەو ڕۆژە سەختەی كەتیایدان، كڕنوش بۆ خوا دەبات و ئەو نزایەیان بۆ دەكات، خوای گەورەش بەدەمیەوە دێت و دەست دەكات بەحەشر و دادگایی كردنیان و تاقیكردنەوە دەست پێدەكات و لەم كاتەدا جیادەكرێنەوە بۆ دوو كۆمەڵ هەندێكیان بەرەو بەهەشت و ئەوانەی تر بەرەو دۆزەخ بەڕێ دەخرێن، دوای ئەمەش هەرواز ناهێنێت و شەفاعەتیان بۆ دەكات كە ئوممەتەكەی نەچنە دۆزەخ و لەدۆزەخ ڕزگاریان بكات.
تەنانەت لە عیبادەتەكانیشدا پێغەمبەر لەخەمی ئەوەدا بووە كە زۆر قورس نەبێت لەسەر ئوممەتەكەی، بۆ نموونە بە بەردەوامی نوێژی تەراویحی نەكردووە، لەترسی ئەوەی نەوەك ببێتە فەرز لەسەر ئوممەتەكەی، لەنوێژی بەیانیاندا ئەگەر گوێی لەدەنگی گریانی منداڵێك

بوایه دەنگی نزم دەکردەوە هەتا زۆر ئازاری نەداو ژێر ببێتەوە ئەگەر یەکێك لە منالّی کچەکانی لەکاتی نوێژ کردندا بچوایەتە سەر پشتی لە سوجدەدا سەری بەرز نەدەکرەوە و سوجدەکەی درێژ دەکردەوە هەتا ئازاری پیّ نەگات.

تەنانەت لەگەلّ خێزانەکانیشیدا زۆر بەئارام بووە و بە خۆشەویستی مامەلّەی لەگەلّدا کردوون و لەگەلّ عائیشەی خێزانیدا کێبڕکێی دەکرد و یاری لەگەلّ دەکرد، لە مزگەوتدا رێگەی لەگەنجان نەدەگرت کە یاری و شەڕە شمشێر بکەن و عائیشەی خێزانی سەیری دەکردن، ئەمە خۆشەویستی پێغەمبەری خوا بوو بۆ گەورە و بچوك و گیاندار و بیّ گیان، ئەگەر ئێمەش پێغەمبەرمان خۆش بوێت دەبێت بەم جۆرە بێت و بەم جۆرە بین ئەم ئاینە بگەیەنین و لەبەرچاوی نامسولّمانەکاندا خۆشەویستی بکەین.

## مسولّمان و قەیرانی پابەند بوون بە ئیسلام

ئەگەر بە وردی سەیری بارودۆخی ژیانی گەلان بکەین، بە مسولّمان و نا مسولّمان، رۆژهەلاّتی بن یان رۆژئاوایی، دەبینین لەسەر ئاستێکی جیهانی ئەمڕۆ هەمووی لەقەیران و گرفتی سایکۆلۆژی و کۆمەلاّیەتی و ئابوریی و سیاسی دا دەژین، ئەم قەیرانانە دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە خوای گەورە لەقورئاندا باسی دەکات: **﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾الروم**41

لێرەدا ووشەکانی دەریا و ووشکانی بە پێی بۆچوونی زانایان تەنها مەبەست پێی ئەو دوو چەمکە نیە، بەلّکو مەبەست پێی گشتاندنە، واتە هەواش دەگرێتەوە، واتە لە روانگەی ئایەتەکەوە دەتوانین بلّێین گەندەلّی و خراپەکاری زەوی و دەریاو هەوای گرتوەتەوە.

قورئان لێرەدا بنەمای دروست بوونی ئەو قەیرانانە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرهەلّدانی گەندەلّی لە بواری سیاسی و ئابوریی و کۆمەلاّیەتی، لە دوایدا ئەمە لە ژینگەو واقیعدا دەردەکەوێت و کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ دروست دەکات، ئەمەش تەنها بۆچوونێکی قورئانی نیە، بەلّکو لە ئێستادا لەسەر ئاستێکی فراوانی زانستی سیاسی و کۆمەلّناسی ئەو راستیانە سەلماون کە سەرچاوەی هەموو گەندەلّیەکان دواکەوتن و گرفتەکان بۆ ژیانی

مرۆڤ، مرۆڤ خۆیەتی، بەهۆی ئەمەشەوە قەیرانی گەورە و نەخۆشی و دواکەوتوویی ژیانی زۆربەی گەلانی هەراسان کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەمڕۆ جیهان ڕۆژ بەڕۆژ لەڕووی تەکنەلۆژیاو شۆڕشی زانیاریەوە ڕوو لە پێشکەوتن دەکات.

بەڵام ئەمە نەبووەتە مایەی کەم بونەوەی برسێتی و نەهامەتی و هەژاری و دواکەوتویی زۆربەی گەلانی جیهان.

بەڵکو ئەو هۆکارانەش کە لەلایەن کەمینەیەکی جیهانیەوە دەستی بەسەردا گیراوە کراوەتە هۆکارێك بۆ زیاتری سەپاندنی هەژموونی دەسەڵاتە زلهێزەکان بەسەر زۆر ناوچەی جیهانداو بەتاڵان بردنی سامانی گەلان.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە گۆڤارێکی سویسریدا بڵاوکراوەتەوە، چەند کۆمپانیایەکی زەبەلاحی ڕۆژئاوایی لەئێستادا کۆنترۆڵی 70٪ سامانی جیهانیان کردووە، ئەمەش مانای وایە نزیکەی 600 ملیار کەس تەنها 30٪ سامانی جیهانیان بۆ ماوەتەوە کە لەسەری بژین، ئەم قەیرانە تەنها تایبەت نیە بە ڕۆژهەڵات و باشوور، بەڵکو لەناو خودی ڕۆژئاواو ئەمەریکاشدا ملیۆنان کەس بێ بەش و کەساس و نەخۆشی هەیە، کە لەو سامانەدا هیچ بە شتێکی نیە، کەواتە ئەمە بەڕاستی قەیرانە لەسەر ئاستێکی جیهانی.

ئەگەر سەیری سەرەتای هاتنی ئیسلام بکەین، لەپێش ئیسلامدا جیهان ڕووبەڕووی قەیرانی گەورە ببوەوە، بەهۆی دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریانەی ساسانی و ڕۆمانیەوە، جیهان هەمووی قەیران بوو لەڕووی سیاسی و ئابوریی و کۆمەڵایەتی، ئەو کاتە ئیسلام وەك فریاد ڕەسێك هات بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە، کەواتە ئیسلام هاتووە بۆ ئەوەی ژیانی مرۆڤ بگۆڕێت و سیستەمە سیاسییەکانی بەرەو مرۆڤ دۆستی بەرێت و مافەکانی هاووڵاتیان بچەسپێنێت و هەموویان بکات بەبراو وەك لەفەرموودەیەکدا هاتووە هەموویان وەك دانی شانە وان کەسیان لە کەسیان زیاتر نەبێت.

کەواتە لێرەوە دەبێت ئەوە تێ بگەین کە کێشەکە لەدەسەڵاتی سیاسی و دەستورو یاساکاندا هەیە، کە لەگیانی مرۆڤ دۆستی دورکەوتنەوە، گەڕانەوەی سیستەمە سیاسیەکانی بۆ عەدالەت و ئازادی و چەسپاندنی مافەکانی هاووڵاتی، ئەمە ئەو ئامانجانەن کە قورئان لەسیستەمێکی سیاسی چاکەخوازدا باسی دەکات ئەم داوایە لەگەڵ داوای هەموو کتێبە ئاسمانیەکان و فەیلەسوفەکان و سیستەمە پێشکەوتوە مرۆڤ دۆستەکاندا یەك دەگرێتەوە.

ئێستا پێغەمبەر محمد ﴿ﷺ﴾ بمایە زۆر بەئاسانی توانای چارەسەری ئەم قەیرانانەی هەبوو دەیتوانی خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤایەتی دابین بکات.

مرۆڤایەتی ئێستا زۆر پێویستی بەم گیانە هەیە، کە گیانێکی هەست کردنە بەبەرپرسیارێتی لەبەرامبەر هەموو مرۆڤەکانی تردا، وەك ئەو فەرمودەیەی کە دەفەرموێت: (كلكم راع وكلكم مسؤل عن رعيته) گرفتی گەورەی جیهان ئەمەیە، هەستە مرۆییەکان لەسنورێکی بەرتەسکدایە تەنها خۆشی بۆ رەگەزو وڵاتەکەی خۆی دەوێت، زۆرجار ئەو مرۆڤە رۆژئاوایەی کەچەند لێبوردەو هێمن مرۆڤ دۆستە، کە دەچێتە دەرەوەی سنورەکانی خۆیان دەبێتە جەردەو دزو پیاو کوژ.

ئیسلام بەدوور لەڕەگەز پەرستی نەتەوەیی و نیشتیمانی مرۆڤێکی جیهانی مرۆڤ دوست دروست دەکات، کە بەیەك چاو سەیری هەموان بکات و مافەکانیان بپارێزێت.

گرفتی ئێمەی مسوڵمان ئەوەیە کە ئەم هەستە مرۆڤ دۆستیەی ئیسلام نەبوەتە هۆشیاری لامان، ئاین تەنها وەك (طقوس) بەرێ دەکەین و عیبادەتەکانمان کاریگەری لەسەر سلوك و مامەڵەو تێگەیشتنمان نیە، ئەمەش سەرچاوەکەی دواکەوتوییە، چونکە گەلێکی دواکەتوو هەرگیز ناتوانێ نمونەی ئیسلامێکی جوانمان نیشان بدات، ئیسلام لەگەڵ شارستانیەت و پێشکەوتن و مەدەنیەتدا دەتوانێت نمونەی جوان پێشکەش بکات، لەبەرئەوە گەلانی مسوڵمانیش ئێستا لە دواکەوتویی ئابوریی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەژین و گەلانێکی بەرهەمهێن نین و تاکڕەوی عەسکەرتاری زاڵە بەسەر دەسەڵاتە سیاسیەکانیدا، لەبەرئەوە زەحمەتە بتوانین نمونەیەکی جوان لە ئیسلام پێشکەش بکەین، هەر لەبەرئەوەیە ناتوانین ببینە پێشەنگ بۆ بەرامبەرەکان و بانگیان بکەین بۆ سەر ئاینەکەمان، چونکە ئەوانی تر بە تایبەتی رۆژئاواییەکان داوای نمونەی زیندومان لێ دەکەن، ئێمە لەڕابردوودا نمونەی جوانمان زۆرە، بەڵام لە ئێستادا ئەوە قەیرانە لای ئێمە، چونکە زۆر گروپی ئیسلامی هەن لە جیاتی جوان کردنی ئیسلام رۆژ بەرۆژ وێنەی ناشرین لە توندڕەوی و دواکەوتوویی پێشکەش دەکەن.

لە وڵاتێکی ئەسکەندەنافی وتارێکم پێشکەش کرد دەربارەی گرنگی پابەند بوون بەبەڵێن لە ئیسلامدا، لەدوای تەواو بوونی ووتارەکەم پرسیاریان دەکرد ئایا بۆچی ئێمە ئەم شتە جوانانە لەکەمەیاتیە مسوڵمانەکاندا نابینین؟ ئافرەتێکی رۆژهەڵاتناس هەستاو ووتی ئەو ووتە جوانانەی کە تۆ باست کرد لەپابەند بوون بە بەڵێن و رێزگرتن لە رای بەرامبەرو

هەڵسوكەوتی جوان لە ژیانی رۆژانەدا، ئەگەر ئێوە خۆتان ئەمانەتان جێبەجێ بكردایە ئەوا لە ماوەیەكی كورتدا، كە زیاتر دەبێت لە 6 مانگ بۆ 6 ساڵ هەمووان مسوڵمان دەبوین.

ئەمەیە گرفتی ئێمەی مسوڵمان لە رووی تیۆریەوە خاوەن جوانترین بۆ چوون و كلتورین، بەڵام لە جێبەجێ كردندا زۆر كەممان هەیە پابەندبێت پێوەی.

لە كۆبوونەوەیەكدا كە لەئەستەنبۆڵ بەستمان بۆ یارمەتیدانی گەلی بۆرما، ئەو كاتەی دیاریمان كردبوو بۆ كۆبوونەوەكە سەعات 4 بوو ، زۆربەی پارێزەرەكان ئامادەبوون، لەوانەش پارێزەرێكی ئیتاڵی نامسوڵمان بوو كە لەسەر حسابی خۆی هاتبوو، هاتبوو بۆ ئەوەی هاوكاریمان بكات تا بگەینە یاسایەك كە تاوانبارانی دەسەڵاتی بۆرما بدەینە دادگای نێودەوڵەتی. لە ووتەیەكیدا ووتی بەداخەوە عەرەب و مسوڵمانەكان پابەند نابن بەكاتەوە، راستی كرد چونكە زۆربەی پارێزەرە مسوڵمانەكان نیو سەعات دواكەوتبوون.

ئەگەر خۆمان بەراورد بكەین بە ئیسلام ئێمە لە كوێی ئیسلامداین، لە كاتێكدا كە پابەند نەبوون بە بەڵێن بەیەكێك لە نیشانەكانی دووڕوویی لەقەڵەم دەدرێت، خوای گەورە لە قورئاندا وەسفی حەزرەتی ئیسماعیل دەكات لە پێش بوونی بە پێغەمبەردا دەفەرموێت:

﴿**وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولاً نَّبِيّاً**﴾**مريم**54

لەبەرئەوە بەلاتانەوە سەیر نەبێت كە ئەمڕۆ جیهان گوێ بۆ ئێمە ناگرێت و دان نانێت بەوەدا كە ئیسلام دەتوانێت چارەسەری گرفتەكانی ئەم رۆژگارە بكات، چونكە نەخۆشیەكە لە خۆماندایە، ئایا ئەگەر یەكێك خۆی نەخۆش بێت دەتوانێت چارەسەری ئەوانی تر بكات؟

خوای گەورە لە ئایەتێكدا دەفەرموێت: ﴿**رَبَّنَا لاَ تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا**..﴾**الممتحنة**5

خوایە ئێمە مەكە بە هۆكاری دوور كەوتنەوەی خەڵك لە ئیسلام بەهۆی هەڵسوكەوتو مامەڵەی خراپ و ناشایستەمان، بەوەی كە بەهۆی مامەڵەی ناشایستەی ئێمە خەڵك لە ئیسلام دووربكەوێتەوە، بۆ زانیاریتان زۆربەی ئەوانەی كە هاتوونە سەر ئەم ئاینە بەهۆی مامەڵەو هەڵسوكەوتی جوانی مسوڵمانانی پێشینەوە بوو. لەبەرئەوە ئێمە ئەمڕۆ لە هەموو كات زیاتر پێویستمان بە دروست كردنی ئەزموونێك هەیە كە لەئاست گەورەیی و بەرزی ئیسلامدا بێت.

## رۆژی عەرەفە و گزنگی ئازادی روحی

خوای گەورە ڕێزی لە ئێمە ناوە بەچەند شەو رۆژێکی پڕ لەخێر و موبارەك، ئەم ڕێزلێنانە شتێکی گەورەیە، وەك یەکێك لە نیعمەتەکانی خودا دەژمێردرێت لەوانەش دە رۆژی کۆتایی مانگی (ذي الحجة) یە کە خوای گەورە لە سورەتی حەجدا بۆمان باس دەکات و دەفەرموێت: **وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالاً وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ الحج** 27- 28

تەبەری و ئیبن کەسیر و کەسانی تریش لەوانە پێشەوامان ئیبن عباس رەزای خوایان لێ بێت ئەو رۆژانە بە دە رۆژی دوایی مانگی (ذي الحجة) باس دەکەن، پێغەمبەری خواش ﷺ لە فەرمودەیەکی صەحیحدا دەفەرموێت **((ما من أيام أعظم عند الله ولا أحب أليه العمل فيهن من هذه الأيام العشر فأكثاروا فيهن من الهليل والتكبير والتحميد))**

هیچ کارێکی باش ئەوەندە خێری نیە وەك لەوەی لەم دە رۆژەدا ئەنجام دەدرێت، ووتیان ئەی پێغەمبەری خودا جیهادیش لە پێناوی خوادا؟ فەرموی جیهادیش، تەنها ئەوە نەبێت کە پیاوێك بەخۆیی و ماڵەکەیەوە دەربچێت بۆ جیهاد و شەهید ببێت و نەگەڕێتەوە.

ئەم دە رۆژە چەند رۆژێکی زۆر پیرۆزی تێدایە لەوانەش رۆژی (التروية) ئەو رۆژەیە کە حاجیەکان تیایدا ئیحرام دەبەستن، هەروەها رۆژی (عەرەفە) کە خودای گەورە ڕێزی داوە

بەسەر ڕۆژەکانی تردا، هەر کەسێك لە ڕۆژی عەرەفەدا بەڕۆژوو ببێت خوای گەورە تاوانی دوو ساڵی بۆ دەسڕێتەوە، بەڵام ئەم تاوانانە مافی خەڵك ناگرێتەوە وەك لە فەرمودەیەکی تردا هاتووە، هەتا ئەو کاتەی مافەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە.

لەم ڕۆژەدا حاجیەکان لەسەر شاخی عەرەفە دەوەستن. لەم ڕۆژەدا فریشتەکان خۆزگەیان پێ دەخوازن، کە بەملکەچیەوە نزا و پاڕانەوە دەکەن و داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەن.

هەروەها ڕۆژی (قوربانی) کە لەو ڕۆژەدا وەك دیارییەك حاجییەکان قوربانییەکانیان سەر دەبڕن، ئەویش بۆ لێخۆشبوونە لەئەو تاوان و سەرپێچیانە یان ئەو کردەوە خراپانەی کردویانە.

ئەم دە ڕۆژە گەورەترین ڕۆژانێکن بۆ دەسکەوتنی خێر بۆ مسوڵمانان، خێر و هاوکارییەکی گەورەی تێدایە بۆ هەژاران، لەم ڕۆژانەدا بەڵگەی گەورە هەیە کە ئیسلام دەیەوێت هەر بۆنەیەك بکاتە مایەی خێر و خۆشی بۆ خەڵك بەتایبەت بۆ هەژاران و نەداران و نەخۆش و کەم دەرامەتەکان.

بۆ نمونە دە ڕۆژی کۆتایی بە پێدانی سەرفیترە کۆتایی دێت، کە هاوکارییەکی گەورەیە بۆ هەژاران هەروەها لە ڕەمەزاندا دەرکردنی زەکاتی ماڵ و سامان هەیە کە پشتگیریی و دەستگیرۆییەکی باشی هەژار و نەداران دەکات، بەهەمان شێوە لە کۆتایی ئەم دە ڕۆژەشدا قوربانی دەکرێت کە سوننەتێکی تەئکید لەسەر کراوە و هەندێ لە زانایانیش دەڵێن واجبە لەسەر هەر کەسێك کە توانای هەبێت، کە ئەمەش دیارییەکی حاجییەکانە بۆ هەژاران جا ئەمە لەناو مەککەدا بێت یاخود لە دەرەوەی مەککە بۆ هەژارانی جیهانی ئیسلامی بێت.

لە قوربانی کردندا بۆ خێزانێك تەنها سەرێك بەسە، پێویست ناکات هەموو کەسێکی خێزانەکە قوربانییەك بکات، بەڵام ئەگەر ئەوەش بکەن ئەوە خێرێکی زیاتریان دەست دەکەوێت، پێشەوا جابر دەڵێت (گوێرەکەیەکمان دەکرد بە قوربانی بۆ خۆم و خێزانەکەم و منداڵەکانم، چونکە ئەوە خۆهەڵکێشانە بڵێیت ئەوەندە سەر ئاژەڵمان کردووە بە قوربانی، ئێمە هەر ئەوەمان دەکرد کەلەسەر دەمی پێغەمبەردا ﴿ﷺ﴾ دەکرا)

بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی زۆری هەژاران نەداران و بێ نەوایان، مسوڵمان ئەگەر توانای هەبوو با زیاتر لە سەرێك بکات بە قوربانی بۆیە باشتر وایە دانەیەکیان لە وڵاتەکەی خۆیدا بکات، ئەگەر کرا قوربانی لە وڵاتەکانی تریشدا بکرێت یاخود بنێردرێت بۆیان، چونکە لە وڵاتە

هەژارەکاندا خێزان هەیە بە مانگ زیاتر تامی گۆشت ناکات، بۆ نمونە برا ئاوارە سورییەکان هەروەها برایانمان لە سۆماڵ و وولاتانی ئەفریقی و زۆر شوێنی تر لە جیهانی ئیسلامیدا.

هەروەها لەم رۆژانەدا مسوڵمان پێویستە زۆر زیکر و یادی خودا و (لااله الا الله) بکات لە فەرمودەیەکدا کە ئیبن و عومەر دەیگێڕێتەوە دەڵێت پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ فەرموویەتی (هیچ رۆژێك لای خودا لەم دە رۆژە گەورەتر نیە، کاری چاکە تیایدا لای خودا لە هەموو رۆژەکانی تر باشترە، لەبەرئەوە زۆر زیکر و یادی خودا و (لااله الا الله ) و سوپاسی خودا بکەن)، بوخاری لە ئیبن و عومەر و ئەویش لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت ئێمە بە کۆمەڵ دەڕۆیشتین بۆ بازاڕ و بەدەنگی بەرز تەکبیرمان دەکرد و خەڵکیش لەگەڵماندا دەیوتەوە، ئیسحاق لە زانایانی تابعینەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت ئێمە لەم دە رۆژەدا زۆر دەمان ووت (الله اکبر) ئەمە سوننەت بوو ئەو کاتە جێبەجێ دەکرا و سوپاس بۆ خودا لە ئێستاشدا زیندووبۆتەوە. تەکبیرکردن لە دوای نوێژەکانیش لە بەیانی رۆژی عەرەفەوە دەست پێ دەکات و بە نوێژی عەسری دوایەمین رۆژی جەژن کۆتایی دێت.

یەکێکی تر لە کارە چاکەکانی ئەم رۆژانە بریتیە لە بەرۆژوو بوون، لە فەرمودەیەکدا کە حەزرەتی عائیشە دەیگێڕێتەوە دەڵێت پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ نۆ رۆژ بە رۆژوو بووە لەم مانگەدا، ئەمە سوننەتێکە بۆ هەر کەسێك کە دەتوانێت ئەنجامی بدات، ئەگەر نەیتوانی با تەنها رۆژی عەرەفە بەرۆژوو بێت کەباشترین رۆژە لای خوا.

لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت و دەپرسین ئایا ئەگەر ئەم دە رۆژە باشترین رۆژەکانی ساڵە و رۆژی عەرەفە پیرۆزترینی رۆژەکانە ئەی چی لەو فەرمودانە بکەین کەباس لە رێزو گەورەیی دە رۆژەکەی کۆتایی مانگی رەمەزان دەکەن کە بەشەوەکانی قەدر ناسراون، کە خێریان لەهەزار مانگ زیاتر .

زانایان رەحمەتی خوایان لێبێت باسیان لەمەش کردووەو روونیان کردۆتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێن ئەو رۆژانەی کەباس کراون مەبەستیان رۆژە، واتە رۆژی عەرەفە لەبەیانیەوە هەتا خۆرئاوابوون دەگرێتەوە، واتە 24 سەعات نییە، بەڵام ئەوەی لە دەشەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزاندا باس دەکرێت مەبەستی شەوەکانە هیچ ناکۆکیەك نیە لەم مەسەلەیەدا، چونکە رۆژی عەرەفە بەرێزترین رۆژە لای خواو شەوی قەدریش باشترین و خێرترین شەوە لای خوا.

لەبەرگرنگی  و بەڕێزی ئەم دە رۆژە خوای گەورە سوێند دەخوات بەبەرەبەیان هەروەها بەو دە رۆژە: ﴿وَالْفَجْرِ  وَلَيَالٍ عَشْرٍ وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ وَاللَّيْلِ إِذَا يَسْرِ هَلْ فِي ذَلِكَ قَسَمٌ لِّذِي حِجْرٍ ﴾الفجر

خوای گەورە سوێند دەخوات بە بەرەبەیان، بەڵام چ بەرەبەیانێك؟ زۆرینەی زانایان دەڵێن بەیانی رۆژی عەرەفەیە، چونکە عەرەفە رۆژی دەست پێکردنی حەج، حاجیەکان دەست دەکەن بەرۆشتن لە (مینا)وە بۆ (عەرەفات) لەبەرئەوە خوا سوێند بەم بەیانیە دەخوات.

سوێند خواردن بە بەرەبەیان لەم سورەتە مەزنەدا بەدوایدا باس کردن دێت بەلەناوچوونی گەورەترین سێ ستەمکار و فیرعەونی مێژوو، ئەوانەی لەخوا یاخی بوون و ستەمیان لەگەلەکانیان کردووە دواجار خراپەکاری و وێرانکاری و گەندەڵیان لەسەر زەویدا دروست کرد، ئەمە راستەو خوا پەیوەست دەکات بەسوێندەکەی خوای گەورەوە کە دەفەرموێت:﴿إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ ﴾الفجر14 ، واتە خوا بۆیان لە بۆسەدایە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین خوا ستەمکاری بەتاریکی ناو دەبات و رزگاریش بەبەرەبەیان و رزگاری ئەمەش هەموو مرۆڤێکی ژیرو هۆشیارو زیندو هەستی پێ دەکات، دەبێت هەموو باوەڕی تەواومان بەوە هەبێت کەبەڵێنەکانی خوا راستن، خوا ناهێڵێت تاریکی و ستەمکاری هەتا سەر بێت، خوا پشتی ستەمکاران دەشکێنێت و رێگە نادات هەتا سەر لە کورسی دەسەڵات ستەمکاریدا بمێنێتەوە، خوای گەورە بەڵێن دەدات کەهەر دەسەڵاتدارێك دوو شتی تێدابێت توشی سزای قاپی خوا دەبن و سەرشۆڕی دونیاو دوا رۆژ دەبن.

یەکەمیان ئەگەر لە وولاتدا ستەمکاری و سەرپێچی و خۆ بەزل زانی و عەسکەرتاریەت و تاك ڕەوی بکەن دووەمیان نانەوەی خراپەکاری و گەندەڵی دارایی و کۆمەلایەتی و سیاسی هەر دەسەڵاتدارێك ئەم سیفەتەی تیادابێت دڵنیابن کەخوا سزای خۆی بۆ دەنێرێت و دەیدات بەزەویدا.

لەم سورەتەدا خوای گەورە سێ ستەمکاری گەورەی مێژوو باس دەکات، خۆ ئەگەر قورئان لەم کاتەدا دابەزیایەتە خوارەوە ناوی زۆر ستەمکاری ئەم سەدەمەشی دەهێنا، ئەو سێ ستەمکارە: عاد و سەمود و فیرعەون بوون، ئەمانە لەسەردەمی خۆیاندا خاوەنی گەورەترین هێزو دەسەڵات بوون بەڵام سەرە ڕای ئەوەش خوا لەناوی بردون و ریسوای کردون، دڵنیابن خوای گەورە رێگە نادات ستەمکارەکان بەردەوام بن لەستەمکردن، موڵەتێکیان پێ دەدات دوای ئەوە رێگەی ستەمکاریان لێ دەگرێت لەم روانگەیەوە دەبێت دڵنیابین ستەمکارێکی

وەك بەشار ئەسەدیش كۆتایی دێت، لەبەرئەوە هەرچەند ئەو بەرمیلە پڕ لەباروتانە بەکاربهێنیت کەووڵاتێکی دراوسێ دەیداتێ یان ئەو بۆمبە هێشوییانەی کە روسیا دەیداتێ و لە روانگەی نێودەوڵەتیشەوەە بەکارهێنانیان یاساغە، بەڵام دڵنیا بن ئەم چەکە قورسانە فریای ناکەون و ستەملێکراوان و ئازادیخوازانی سوریا سەردەکەون، چونکە خوای گەورە پشتیوانی ئازادی خوازان و ستەملێکراوانەو خوا لەگەڵ هەرکەسێکدابێت سەرکەوتوو دەبێت، بەڵێنی خوایە دوای تاریکی بەرەبەیان و روناکیە دوای ستەمکاری ئازادیە.

لەدوای ئەوە خوای گەورە بەرەبەیان بەجوانی و رووناکی و ئارامیەوە پەیوەست دەکاتەوە بەدەرونێکی ئارام و دامەزراو و پڕ لەئیمان، وەسفی ئەو ئیمانە دەکات بەدامەزراوی لەهەرباردۆخێکدا بێت.

### ئیمان دەبێت بەبەردەوامی دامەزراوبێت

ئەگەر بارودۆخەکە ستەمکاری بێت، دەبێت دڵنیابن لە کۆتای هاتنی ستەمکاری، ئەگەر بارودۆخەکەش ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەران بوو دەبێت ئیماندار سوپاسگوزاری خوابێت و دڵی ئارام بێت.

ئەگەر ئیماندار لەژێر بارودۆخێکی ستەمکاریدا دەژیا دەبێت هەڵگری پەیامی ئازادی بێت و بەرەو رووبان ببێتەوەو پێشەنگی خەبات و تێکۆشان بێت دژیان ..

ئەمەش مانای جیهادی راستەقینەیە کەبەرەو رووی ستەمکاری ببێتەوە، هەر ئیماندارێك پشتیوانی لە مرۆڤی ستەمکار بکات ئەوە چوەتە چوارچێوەی تاوانە گەورەکان لەدوای نەمانی ستەمکاران خوای گەورە لە سورەتەکەدا باس لە (نفس المرضية) دەکات، مسوڵمان بەگەڕانەوە بۆلای خواو نزاو پاڕانەوە ئارامی دەرونی زیاد دەکات، لەم رۆژانەدا کەمسوڵمان کاری چاکە و نزاو لەخواترسانی زیاد دەبێت ئارامی دەرونی زیاد دەکات، لەم کاتەدا نەفسەکەی دەگۆڕێت بۆ نەفسی رازی بوو لەهەموو قەدەرێك، ئەم نەفسە لەحاڵەتی ئارام گریەوە دەگۆڕێت بۆ سوپاسگوزاری، ئەمەش ئەو حاڵەتە بوو کە بۆ (عورەوەی کوڕی زوبەید) دروست بوو لەکاتێکدا کە دکتۆرەکان پێیان ووت ئەو قاچەت توشی نەخۆشی بوەو پێویستی بەبڕینەوە هەیە، لەم کاتەدا عورەوە ووتی(خوایە سوپاس بۆ تۆ) دکتۆرەکان پێیان ووت دەبێت عارەق بخۆیتەوە هەتا ئاگات لەخۆت نەمێنێت، چونکە ئەوکاتە بەنج نەبووە، لەوەڵامدا ووتی من چۆن عارەق دەخۆمەوە کە خوا حەرامی کردووە، پاشان ووتیان ئەی

چی بکەین، لەوەڵامدا ووتی ڕێگەم بدەن نوێژ بکەم کە چوومە نوێژەکە چیتان دەوێت بیکەن (چونکە لە کاتی نوێژدا ئەو لە هەمو شتێك دابڕاوو دڵی بەخواوە پەیسوەت دەبوو)، دەستی کرد بە نوێژ کردن لێی گەڕان تا چووە سوجدە، لەو کاتەدا قاچەکەیان گرت دەستیان کرد بە لێکردنەوەی گۆشتەکەی هەتا گەیشتنە سەر ئێسقانەکەی و بڕیانەوە دوای ئەوە بەشە بڕاوەکەیان خستە زەیتی کوڵاوەوە هەتا خوێنەکەی بوەستێتەوە لەم کاتەدا بورایەوە، کە هۆشی هاتەوە بەر خۆی دەست نوێژێکی گرت و دوو رکاعەت نوێژی شوکری کرد لەم کاتەدا پێیان ووت ئێستا تۆ لەمەقامی سەبردایت لەوەڵامدا ووتی (خواگیان خۆی دەزانێت کە من هەرگیز بەم قاچەم نەڕۆشتووم بۆ حەرامێك، خوای گەورە ئەم ئەمانەتەی لێ وەرگرتومەتەوەو لەجیاتی پاداشتم دەداتەوە) لەبەرئەوە ئێستا من لەمەقامی شکوردام نەك سەبر.

بەم شێوەیە نەفسی ئارام (مطمئنة) دوای ئەوەی لەگەڵ خوادا دەژیا دەگۆڕێت بۆ نەفسی (راضیة) کەڕازی دەبێت بەهەرشتێك کە لەلای خواوە بۆی بێت، ئەم نەفسە هەرچەند ژمارەییان کەمە بەڵام جێگەی رەزامەندیە لای خوای گەورەو خەڵك.

خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿**إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ**﴾**الفجر**14. واتە خوای گەورە چاودێری باری ژیانی پێغەمبەر و مسوڵمانان دەکات، لەدوای وەفاتی پێغەمبەریش ڕێگە نادات ئوممەتەکەی بکەونە ژێرقاچی ستەمکاران و بێ باوەڕان و ستەمکاران بەئارەزوزی خۆیان سەرشۆڕیان بکەن و لەناویان بەرن، ئەمەش مژدەیەکی گەورەیە بۆ ئیمانداران کەخوا لەگەڵیانە ئەو پشتیوانیان لێ دەکات، بەڵام دەبێت ئەوانیش ئەوە بزانن ئەمە بە نەفسێکی ئارام و بڕوایەکی تەواو بەبەڵێنەکانی خوایە کەهەموویان دێنەدی و پشتیوانی لەبەندە چاکە خوازەکانی دەکات.

## کرۆکی چەسپاندنی شەریعەت
## گەشە پێدان و خۆشگوزەرانی و ئازادییە

ئەگەر سەیری ئیسلام بکەین لە سەرەتای هاتنیەوە هەتا ئێستا مەترسیدارترین هۆکار کە هەڕەشەی لەسەر ئەم ئوممەتە ئیسلامیە دروست کردوە بریتیە لە ناکۆکی و پەرتەوازەی، بەم هۆیەشەوە شوێنکاری زۆر خراپ دروست بوەو لە مێژوودا ئەم رووداوانەش بە ئاشکرا دەبینین، لە سەردەمی خەلیفە عوسماندا  کۆمەڵێك کەس دژایەتیان کردوو بە پیلانی جولەکە نەخشەیەکیان بۆ داڕشت و لە رێگەی ئەم پیلانەوەو بە دەستێکی ئیسلامی خەلیفە عوسمان شەهید کرا.

لە دوای ئەویش  کە عەلی کوڕی ئەبو تالب ببوو بە خەلیفە ئەم پلانە هەر درێژەی هەبوو لەم کاتەدا بەسەرکردایەتی موعاویە کەوتە دژایەتی کردنی کە سەرئەنجام بەشەهید بوونی ئیمام عەلی کۆتایی هات، بەڵام ناکۆکی و فیتنەکە هەر بەردەوامەو بەردەوامیش دەبێت هەتا رۆژی دوایی.

ئاژاوەو ناکۆکی نێوان مسوڵمانان خاڵێکی رەشە لە مێژووی ئیسلامیداو لەسەردەمی حەجاجی کوری یوسفی سەقەفیدا کار گەیشتە کاول کردنی کەعبەو بۆردومان کردنی بەمەنجەنیق و بۆ ماوەی سێ رۆژ مولك و ماڵی شارەکە حەڵاڵ کراو گەورەترین کاول کاری ئەنجام درا.

بەدرێژی مێژوو ناکۆکی و ئاژاوە و دووبەرەکی خاڵی لاوازی مێژووی ئیسلام بوە، هەرکاتێك شارستانیەت و رەورەوەی کاری ئیسلام بەرەو پێش چوو بێت، ئەم دەردە سامناکە سەری هەڵداوەو یەکێتی ریزەکانی تێکداوەو لە رەورەوەی پێشکەوتن دوای خستوەو لە گەشەپێدان وەستاوە.

ئەگەر سەیری قورئان بکەین بەردەوام جەخت دەکاتەوە لەسەر پاراستنی یەکڕیزی و یەکبون و برایەتی، بەڵام بەداخەوە مسوڵمانان لەم چەمکە قورئانیە تێناگەن، لەم سەردەمەشەدا جیاوازی و ناکۆکی و پارت و گروپە جیاوازەکان مەترسیەکی ترن لەسەر یەکپارچەیی ئوممەتی ئیسلامی، ئەمەش مانای ئەوە نیە کە ئیسلام بڕوای بە جیاوازی نەبێت، چونکە جیاوازی لە بۆچون و بیرکردنەوە وا جائیزە بە مەرجێك بۆ خزمەت و گەشەپێدان و چاکسازی بێت و لە ژێر سێبەری برایەتی ئیسلامی و مرۆڤایەتیدا بێت، بەڵام بەداخەوە ئەو جیاوازیەی ئەمڕۆ ئێمە لەنێوان مسوڵماندا دەبینین هۆکارێکە بۆ ناکۆکی و فیتنەو رق و کینەو دژایەتی یەکتر، خوای گەورە زۆر بەتوندی دژی ئەم جۆرە ناکۆکی و پەرتەوازییە دەوەستێتەوەو بە(کوفر) ناوی دەبات و ئەمەش لەچەندان ئایەتدا هاتوە، وەك دەفەرموێت ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوَاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقاً مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ**﴾**آل عمران**100، واتە لەدوای باوەڕهێنانتان و یەکبونتان لەسەر ئیمان هەوڵ دەدەن ناکۆکی لەنێوانیاندا دروست بکەنەوەو بتانکەن بە گروپی جیاوازو پارتی جۆراوجۆر.

ئەم ئایەتە لەکاتێکدا دابەزی کە جولەکەکان دەیانویست سەر لەنوێ ناکوکی لەنێوان هەردوو خێڵی ئەوس و خەزرەجدا دروست بکەنەوە.

بەهۆی ئەمەشەوە خەریك بوو جارێکی تر دەست بدەنەوە شەڕو خوێنی یەکتر بڕێژن، ئەم هەواڵە گەیشتە پێغەمبەری خواو ئەویش لەبەردەم رووداوەکەوە رۆیشت و پێی فەرموون ئایا ئێوە گوێ بۆ بانگەشەیەکی نەفامانە دەگرن و گوێ بۆمن ناگرن کە ئێستا لە نێوانتاندام.

پێغەمبەری خوا یەکسەر ئەم ئاژاوەیەی چارەسەر کردوو بنەبڕی کرد، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو ئایەتە دابەزی لەم ئایەتەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی ناکۆکیەکان سەرچاوەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ جولەکەو مەسیحیەکان و شوێن کەوتوان و سەرکردەکانیان، چونکە ئەمانە نایانەوێت مسوڵمانان یەکگرتوو بن و چاویان بە

گەشەکردنی  گەلانی مسوڵمان هەڵنایەت و بەردەوام لە ڕێگەی پەرتەوازەیی و ناکۆکیەوە دەیانەوێت جڵەوی دەسەڵات لەدەست ئەواندا بێت، چونکە ئەوان دەتوانن لە گۆمی لێڵدا مەلە بکەن.

لە دوای ئەوە لە ئایەتێکدا خوای گەورە سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بە ئەوانەی کە ڕوو دەکەنە ناکۆکی و دژایەتی یەکتر لە کاتێکدا کە قورئان و فەرمودەکانیان لەژێر دەستدایە **﴿وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنتُمْ تُتْلَى عَلَيْكُمْ آيَاتُ اللّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُ وَمَن يَعْتَصِم بِاللّهِ فَقَدْ هُدِيَ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿آل عمران**101، واتە ئێوە چۆن پەنا دەبەن بۆ ناکۆکی و دژایەتی یەکتر، ئەمەش بەکوفر ناودەبات، چونکە لەبەرامبەردا یەکبون و یەك ڕیزی گەورەترین  نیعمەتە  لەدوای باوەڕهێنان بەخوای گەورە.

پێغەمبەری خواش ناکۆکی و پەرتەوازەیی لە فەرمودەیەکداو لە وەسیەتەکەیدا لە ڕۆژی (حج الاکبر) لەعەرەفەو لەدوایەمین وەسیەتیشدا  پێش سەرە مەرگی فەرمووی (لا ترجعوا بعدي كفارا يضرب بعضكم رقاب بعض)

(لە دوای من مەگەڕێنەوە بۆ سەر کوفرو  بێ باوەڕی و دەست بدەنە مل پەڕاندنی یەکتر بەشمشێر) ئەمەش مانای وایە کە لای پێغەمبەری خواش  دووبەرەکی و پەرتەوازەیی بە کوفر ناوبردوە.

پێغەمبەری خوا بە درێژای (23) ساڵی پەیامەکەی جەختی کردوتەوە لەسەر پەروەردەی هاوەڵان لەسەر ئیمان و یەکتا پەرستی، کە ئەمەش گەورەترین بنەمای یەکبونی مسوڵمانانەو لە چوارچێوەی ئیسلامدا قاڵب ڕێژیان دەکات و دەیان کات بە برا لەبەر خواو لە نەفامی و خێڵایەتی و ڕەگەز پەرستی نەتەوەیی و خێڵایەتی دەیانپارێزێت، لە کاتێکدا کە لای عەرەب ئەمانە کلتورێکی چەسپاو و ڕەگ داکوتراوی بوون و لەسەر بنەمای شوڤێنیەتی خێڵایەتی و ڕەگەز پەرستی دروست ببوو.

پێغەمبەری خوا زۆر هەوڵی دەدا  کە تاکێکی  مرۆڤ  پەروەر دروست بکات کە دوور بێت لە ڕەگەز پەرستی، چونکە پەیامەکە باسە لە مرۆڤ و پاراستنی مافەکانی و نەهێشتنی چەوسانەوەو ستەم و ڕق و کینە لە ڕێگەی ئەو برایەتیەوە کە دروست بوو، زۆرمان گۆڕان بەسەردا هات  تەنانەت میراتیش چوە ئەم چوارچێوەیەو لەسەر بنەمایی عەقیدە دابەش دەکرا، ئەمەش هەتا مسوڵمانان هاتنە مەدینەو بارودۆخەکە ئارام بوەوە بەردەوام بوو ، تا

ئەو کاتەی ئایەتی میراتی دابەزی لەسورەتی (نساء) دا، برایەتی ئیمانی لە سەرەتادا لە پێش برایەتی بنەچەو خێڵ و نەتەوەوە بوو( إنما المؤمنون إخوة) بەراستی باوەرداران بران.
لەدوایدا برایەتی خستە نێوان کۆچکەران و یاریدەدەران، یارمەتیدەرەکان نمونەی قوربانیدان و هاوکاری بوون ﴿....**وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ**﴾**الحشر**9، ئەم پەروەردە قورئانیە خێڵ و نەتەوە رەت ناکاتەوە بەڵکو رێکی دەخات بە جۆرێك کە ئیجابە بێت و دوور بێت لەرق و کینەو خۆ بەزل زانین و ستەمکاری بەڵکو هۆکارێك بێت بۆ خۆشەویستی و هاوکاری و پەیوەندی ئیجاب، پێویستە مسوڵمانان ئەوەی بونی ناکۆکی و دژایەتی و رق لێبونەوەی لێ بێت وازی لێ بێنن، چونکە شتێکی قێزەون و بۆگەن و ناشرینە، پێغەمبەری خوا دەفەرموێت (دعها فإنها منتنة) وازی لێ بهێنن چونکە بۆگەنە، پێغەمبەر نەیفەرموە (نتنة) چونکە رەگەز پەرستی بۆنێکی ناخۆشی هەیە تەنها زیانی بۆ خۆت نیە بەڵکو بۆنەکەی دەگاتە ئەوانی تریش.
لە کاتێکدا کە تۆ باسی دەکەیت دەگاتە ئەوانی تریش لە کاتێکدا کە تۆ باس لەرەگەز پەرستی دەکەیت ئەوانی تریش لەکاردانەوەی تۆدا پەنا بۆ رەگەز پەرستی دەبەن، ئەمەش هۆکاری پەرتەوازەی ئوممەتی ئیسلامیە، ئەمەش ئەوەیە کە خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوەو بە کوفر ناوی دەبات و هیچ شتێکیش لەم کوفرە گەورەتر نیە تەنها کوفر نەبێت بە یەکتاپەرستی خوای گەورە. چونکە خوای گەورە دەیەوێت ئەم ئووممەتە یەکگرتو و یەکریزو بەهێز بێت و نمونەی گەشەپێدان و هاوکاری و بەرەو پێش چوون بێت.
لەم سەردەمەشدا ئیمپرالیزم تەنها رێگەیەك بۆ پارچەکردنی ئوممەتی ئیسلامی و لاوازکردنیان پەنابردن بوە بۆ دروست کردنی رەگەز پەرستی و نەتەوە پەرستی کە بەدروست کردنی نورانیەت دەستی پێ کرد، لەدوای ئەوەش ناسیۆنالیزمی عەرەبی سەری هەڵداو بە سەرهەڵدانی ئەم دوو جۆرە لەرەگەز پەرستی نەتەوەیی خەلافەتی عوسمانی هەڵوەشاندو سەرەنجامیش گەلانی ئیسلامی بەرەو دواکەوتوی و هەژاری هەنگاویان نا.
لەم کاتەشدا کە رابونێکی هەمە لایەنەی گەلانی مسوڵمان لە ئارادایە، دەبینین کە تۆوی دووبەرەکی و جیاوازی و ئازارە بە جۆرکی تر بە رێگاوەیە، ئەمجارەیان لەسەر بنەمای خێڵ و نەتەوە نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای تائیفی و مەزهەبیە. ئەمە تەنها لەنێوان شیعەو سوننەدا نیە بەڵکو لەناو سوننە خۆشیدا چەندان گروپ هەن بەناوی سەلەفی جیهادی و

سەلەفی عیلمی و سۆفی و دەیان گروپی تر، ئەم گروپ و پارتانە لە کاتێکدا رێگە پێدراون کە لە خزمەت خەڵك و پاراستنی یەکرێزی مسوڵمانانندا بن، بەلاَم ئەگەر هۆکاری دوبەرەکی و ئاژاوەو کوشتاری یەکتر بن ئایا رەوایەتی ئەم گروپانە لە چیدایە؟

بۆ نمونە لەپاکستان و سوریا هەیە و یەکیان بەناوی سوپای (صحابە) ئەوی تریان بەناوی سوپای (محمد) ئەم دوو سوپایە بەردەوام لەشەڕی یەکتردان و هەتا ئێستاش هەزاران کەس بونەتە قوربانی، ئایا رەوایەتی ئەم گروپانە لەکوێدایە؟ ئایا سەلەفیەك کەقورئان دەخوێنێتەوەو دوبەرەکی و پەرتەوازەی بەکوفر دەخوێنێتەوە، بەلاَم بۆخۆی پیادەی دەکات، ئایا ئەمە چ جۆرە مسوڵمانیەتێکە یان ئیخوان لەکاتێکدا کە ناوەکەی لەوشەیەکی قورئانیەوە وەرگرتوە: **وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَا و فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَاناً** ....**آل عمران103**، ئەگەر کار بۆ پەرتەوازەی برایەتی بکات ئایا پاراستنی برایەتی نێو مسوڵمانان بەم جۆرە دەبێت؟ دەبێت هەموو مسوڵمانێك ئەو راستیە بزانێت کەجێبەجێ کردنی شەریعەت لەشەو رۆژێکدا نابێت، بۆ نمونە ئەگەر سەیری تونس بکەین دەوڵەت بە درێژای دەیان ساڵ کاری کردوە لەسەر چاندنی تۆوی عەلمانیەت و بەغەربی بوون.

ئایا تا ئێستا پارتی نەهزە کەچەند مانگێکە گەیشتوتە دەسەلاَت بەچ رێگەیەك بتوانێت وێنەیەکی جوان بۆ ئیسلام دروست بکات، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا نەعەلمانیەت هەبوو نەگروپەکانی دژی شەریعەت، بەلاَم لەکاتێکدا کەبرسێتی سەرهەڵدەدات بڕینی دەستی دز دەوەستێنێت، چونکە وتی من چۆن دەستی دز ببڕم لەکاتێکدا کەناتوانم پێداویستیەکانی خەڵك دابین بکەم.

ئێستا لە تونسدا رێژەی هەژاری 30٪ یەو لەمیسردا 50٪ یە، ئایا لەم ولاَتەدا وێران و هەژارو دواکەوتوانەدا، چۆن دەتوانی شەریعەت پیادە بکەین ئێمە دەبێت تێگەیشتنمان بۆ چەسپاندنی شەریعەت راست بکەینەوە، چونکە نابێت خوێندنەوەمان بۆ شەریعەت تەنها بۆ چەسپاندنی دەسەلاَتی سیاسی بێت، بەڵکو شەریعەت دەبێت بۆ بەختەوەری و خۆشگوزەرانی و چەسپاندنی عەدالەت و ئازادی بێت لەناو گەلێکی مسوڵماندا خەڵك گرفتی لەگەڵ شەریعەتدا نیەو ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستە کە بەغەیری ئیسلام رازی نابن، لەبەرئەوە ئیسلامیەکان پێویست ناکات خۆیان بەوەوە سەرقاڵ بکەن، لەناو دەستورەکانی هەموو ئەو ولاَتانەشدا سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان ئیسلامەو رێگە بە هیچ یاسایەك

نەدراوە کە بەپێچەوانەی شەریعەتەوە دەربچێت، کەواتە لەم کاتەدا دەبێت دەوڵەت لەچوارچێوەیەکی فراواندا کار بکات و کار بۆ هەموان بکات بەمسوڵمان و نامسوڵمانەوە، ئەرکی سەرەکیش پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی مافەکانی هاوڵاتی بێت، ئەمەش ئەو ئیسلامەیە کە خوای گەورە ناردویەتی وەك پەیامێك بۆ بەختەوەری مرۆڤ.
زۆر گرنگە کە ئیسلام بە چەمکە فراوانەکەی وەربگرین و بچوکی نەکەینەوە بۆ دیدوبۆچونی گروپێك یان پارتێك یان چەند کەسێك، چونکە ئەو کاتە وێنەکانی ئیسلام پارچەپارچەو بچوك دەبنەوەو وێنەی ئەو ئیسلامە نابێت کە لەلایەن خواوە هاتوە.

## رۆڵی ئیمان لەچەسپاندنی ئاسایش و ئارامیدا

ئەگەر بەوردی سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکەین و چاوێك بەشارستانیەتی نوێدا بگێڕینەوە دەبینین یەکەم هۆکاری بەرەوپێش چوونی شارستانیەت و مەدەنیەت و گەشەپێدان بریتیە لەبوونی ئارامی و ئاسایش، ئەگەر سەرنج بدەین بەدرێژایی مێژوو کە هەموو شارستانیەتە بەرەو پێش چووەکان لەژێر سایەی بەرەو پێش چوونی ئارامی دابووە، بەپێچەوانەوە هۆکاری یەکەمی دواکەوتوویی و داڕمانی شارستانیەتەکان بریتی بووە لە گەندەڵی و نائارامی و پشێوی و جەنگ و دووبەرەکی مێژوو بەم جۆرە بۆمان باس دەکات، قورئانیش زۆر جەخت لەمە دەکاتەوە و بەگرنگی باسی ئاسایشی تاك و کۆمەڵگە و دەوڵەت دەکات و بەهۆکاری سەرەکی گەشەپێدان لەقەڵەمی داوە، هەر لەبەرئەوەیە خوای گەورە یەکێك لەناوە پیرۆزەکانی ناو بردووە بە ئارامی ئەم ناوەی هەڵبژاردووە هەر لەم روانگەیەوە ئێمە بە (**مؤمنین**) باس دەکات، چونکە خوای گەورە بڕیاری داوە ئارامی و ئاسایشمان بۆ دابین بکات و ئەوانیش بۆ ئەوانی تر دەبێت بەهەمان شێوەبن، هەروەها خوای گەورە ناوی ئیسلامی بۆ ئەم ئاینە هەڵبژاردووە، کەئەویش لە ئاشتی خوازیەوە هاتووە، هەروەها لەکاتی گەیشتنمان بەیەکتر دەبێت (سلام) لەیەکتر بکەین، دەبێت ئێمە بەردەوام (سلام) لەهاوڕێیان و نزیکان و ناسیاو و نەناسراو بکەین لەکاتی سەلام دانەوەی نوێژدا بەلای راست و بەلای چەپدا سڵاو دەکەین، ئەو لایە ئەگەر مرۆڤ یا ئاژەڵ یان

رووەکی لێ بێت بۆ هەموویانە، بەڵێن دەدەم کە من ئارامی و ئاسایشم دەوێت بۆ هەمووتان.

ئەمە پەیامی گەورەی ئیسلامە کە بۆ هەموولایەك ئاشتی و ئارامی دەوێت، ئەگەر سەیری قورئان بکەین خوای گەورە منەت بەسەر موشریکەکانی مەککەدا دەکات، ئەویش لە ڕێگەی دابین بوونی ئاسایشی سیاسی و کۆمەلأیەتی خۆراك و ئابوری، لەبەرامبەر ئەمەدا خوا داوایان لێ دەکات سوپاسی خوا بکەن لەڕێگەی عیبادەتەکانەوە، لەم بارەیەوە خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿**فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ * الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ**﴾**قريش**( 3-4 ) ئەو ئاسایشانە یەکێکن لە نیعمەتەکانی خواو داوا لە مرۆڤەکانیش دەکەن کە بیان پارێزن.

ئەم ئاینە کە هەیە ئاینی یەکتاپەرستییە هەر لەسەرەتاوە لەئادەم پێغەمبەرەوە هەتا محمد ﴿ﷺ﴾ ناوی ناوە ئیسلام و لە قورئانیشدا جارێکی تر جەخت لەسەر ناوەکەی دەکاتەوە، کەواتە هەر لەبنەڕەتدا ئاین کە هاتووە بۆ دابین کردنی ئارامی و ئاسایش هاتووە، لەئێستادا دەبینین هەندێك یاسا هەیە کەدانراوە بۆ پاراستنی ئاسایشی ئابوری و کۆمەلأیەتی یان گرنگی دان بە شارستانیەت و خوێندن و زانست، بەڵام هەموو ئەم یاسایانە تەنها کارکردنە لەسەر رواڵەت و دیوە مادییەکەی مرۆڤ، بەلأم لەئیسلامدا سەرەتا لەلایەنی سایکۆلۆژی و روحییەوە دەست پێ دەکات و پاشان پاراستنی ئەو ئاسایشە دەبێتە بەشێك لەئیمان و ئەرکی بەرپرسیارێتی، بەمەش ئیسلام سنورەکەی فراوانترە کەهەموو لایەنی ماددی و مەعنەوی دەگرێتەوە.

ئەگەر سەیری رۆژئاوا بکەین سەرەڕای پێشکەوتن لەبواری ماددی و یاسادانان، بەلأم دەبینین نەیتوانیوە کار لەلایەنی مەعنەوی و روحیەکەی بکات، لەبەرئەوە ئەگەر سەیر بکەین نەخۆشییە دەرونییەکان بەرزترین رێژەیان هەیەو هەر لە ئەمەریکا 80٪ی هاوڵاتیان سەردانی پزیشکی دەروونی دەکەن، یان ئەگەر سەرنج لەپشێوییەکانی ساڵی پار بدەین لە لەندەن لەماوەیەکی کورتدا سەدان دوکان و سوپەرمارکێت تاڵان کران، ئەمەش مانای ئەوەیە کەیاساکان نەچوونە ناو دەرونی مرۆڤەکان و هەر لەدەرەوە ماونەوە و لەوێدا مرۆڤ بۆیە تاوان ناکات لەبەر بوونی سزاو ترسان لەیاسا، بەڵام ئەگەر ئەوە نەما پەنا دەبات بۆ هەموو کارێکی دڕندانە و توندو تیژانە، خوای گەورە روو دەکاتە مسوڵمان و نامسوڵمان و پێیان دەفەرموێت:﴿...**فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ * الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَـئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ**﴾**الأنعام**( 81-82 ).

لێرەدا خوای گەورە بۆمان روون دەکاتەوە کە ئاسایشی دەرونی و جەستەیی و عەقڵی کەجارێکی تر دەچێتە ناو ئاسایشی (ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی) جێبەجێ نابێت تەنها لە سێ رێگەوە نەبێت:

یەکەم: بیروباوەڕێکی پاك کە لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی دامەزرابێت، کە هیچ هاوەڵێك بۆ خوا دروست نەکات لەبچوك و گەورە پشت بەخوا ببەستێ و بڕوای تەواوی بە یەکتاپەرستیی خوا هەبێت لەرووی ربوبیەت و ئلوهیەت بڕوای وابێت کە مردن و ژیان و رۆزی تەنها بەدەست خوایە، تەنها ئەو شایەنی پەرستنەو دەبێت هەمومان گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری ئەوبین.

ئیمانی ڕاستەقینە کاتێك لەدڵی باوەڕدارێکدا دەچەسپێت دەبێت ئارامی و ئاسایشی بۆ دابین بکات، هەر لەبەرئەوەیە هەندێك لەپیاوچاکانی پێشوو دەڵێن سوجدەیەك بۆ خوا دەتپارێزێت لەهەزار سوجدە بۆ غەیری خوا، ئەگەر تۆ خاوەنی ئەو ئیمانە بەرزە نەبیت کە لەڕێگەی بڕوا بوون بەخواو فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران  رۆژی دوایی و قەزاو قەدەر بۆت دروست دەبێت، بەردەوام هەست بەلاوازی دەکەیت، ئەو مرۆڤە ئیمان لاوازانە رۆژانە لەهەڵسوکەوتیانەوە دەیان بینیت کە چەند لاوازانە مامەڵە دەکەن لەبەردەم دەسەڵاتداران و بەرپرساندا، تەنها لەترسی نان بڕین، چۆن گەندەڵیەکانیان بۆ دەپۆشن و بەشان و باڵیاندا هەڵدەدەن، لەبەرامبەریشدا ئەو باوەڕدارانە دەبینین کە بڕوای تەواویان بەیەکتا پەرستی خوا هەیە بڕوایان وایە ژیان و مردن و رۆزی تەنها بەدەست خوایە، چۆن مامەڵە دەکەن.

مرۆڤی باوەڕدار تەنها ترسی لەخوایە، مل بۆ هیچ کەسێك کەچ ناکات تەنها بۆ خوا نەبێت، لەبەرئەوە کەسایەتی باوەڕدار کەسایەتیەکی گەورەو بەرز و بەهێزە بەرامبەر دەسەڵاتداران و بەرپرسان، بەڵام لەگەڵ خەڵکیدا خاکی و خۆ بەکەم زانە، بۆ ئەم مەبەستەش ژیاننامەی پێغەمبەر دەکاتە پێشەنگ و لەسەری دەڕوات.

دووەم: دابین کردنی ئاسایشی دەرەوە، ئەمەش کاتێك دابین دەبێت کە مرۆڤ لەستەمکارییەوە نەگلابێت، لەقورئاندا ستەمکاری بە (نکرة) هاتووە، کە مانای نەفی کردنیەتی، نابێت مرۆڤی باوەڕدار لەهیچ جۆرە ستەمکارییەك نزیك بێتەوە، نابێت بەرامبەر مافەکانی خواو خەڵك ستەمکار بێت، هەروەها بەرامبەر بەئاژەڵ و ژینگەو دارو

درەخت، ئەگەر دارێك ببڕیت بەبێ سود ژینگە ناشرین بکەیت ئەوە ستەمت کردوە، ئەگەر باڵندە یان ئاژەڵێك بەبێ هۆکار بکوژیت ئەوە ستەمت لە دروست کراوانی خوا کردوە.

ئەگەر تاکەکان بەوشێوەیە دوربن لەستەمکاری کۆمەڵگەیەك دروست دەبێت کە دادپەروەر بێت و دوربێت لەگەندەڵی، بەمەش ئاسایشی کۆمەلایەتی دابین دەبێت.

سێیەم: کردەوەی چاك کە ئەمەش بنەمای چاکسازیە، ئێمە بەبێ بوونی مرۆڤی چاکەکار ناتوانین چاکسازی ئەنجام بدەین: ﴿**وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ**﴾هؤد117، قورئان ئەوەمان پێ دەڵێت کە هۆکاری لەناوچوونی گەلانی پێشوو گەندەڵی بووە، ئەمە بۆ ئێستاش راستە یەکێتی سوڤیەت کە گەورەترین کوتلەی جیهانی بوو بەهۆی گەندەڵیەوە لەناوچوو.

ئەم سێ هۆکارەی کەباسمان کرد دەبنە مایەی دروست بوونی ئاسایشی سیاسی و ئابوری کۆمەلایەتی گەورەترین نیعمەت بۆ مرۆڤ بوونی ئارامیە، لە خێزان و لە کۆمەڵگەدا، لەئێستاشدا هەموو کۆمەڵگەکان بەشوێن ئارامیدا وێڵن، پێغەمبەری خوا لەفەرمودەیەکدا باسی ئەو نیعمەتەمان بۆ دەکات و دەفەرموێت: (هەر کەسێك هەست بەئارامی بکات لەماڵ و شەقام و کۆمەڵگە و ژینگەکەیدا، لەشی ساخ بێت، خواردنی رۆژانەی هەبێت، ئەوە وابزانێت هەموو دنیا موڵکی ئەوە)، بەلام ئەگەر ملیارەها دۆلارت هەبێت بەلام هەست بەئارامی نەکەیت و بەردەوام لەترس و دڵەڕاوکێدا بین، ئەو نیعمەتە هیچ کەڵکی نیەو سودی لێ نابینین، لەبەرئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە لەتاك و خێزان و حکومەت، کە کاربکەن بۆ دابین کردنی ئەم نیعمەتەو بەهەموویان بیپارێزن و سوپاسی خوای لەسەر بکەن و بەردەوام داوا لەخوا بکەن کە بۆیان بهێڵێت، چونکە ئارامی بنەمای گەشەپێدانی ئابوری و بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگەیەو بەبێ بوونی ئارامی و ئاسایش هیچ بەرەو پێش چوونێك روونادات.

## مرۆڤی باوەڕدار و ناسینی دەروازەکانی تاوان و خراپەکاری

ئەگەر بەوردی سەیری هەموو ئەوشتانە بکەین کە ڕوو دەدەن و بەدرێژای مێژووش بەردەوام بوون بەتایبەتیش هۆکارەکانی شەڕو کوشتارو ستەمکاری و داگیرکاری هەموو هۆکارە سەرەکیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حەزی فراوانخوازی مرۆڤ، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی هەیە بەغەریزە شەڕەنگێزەکانی مرۆڤەوە کەبەردەوام داوای خوێن ڕشتن و ستەمکاری و چەوسانەوە و داگیرکاری دەکات، ئەم غەریزەیەش کە لەقورئاندا بە (نەفسی فەرمان بەخراپە) ناوبراوە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکە بۆ مرۆڤایەتی، هەموو ئاینە ئاسمانیەکان هەر لەئادەم پێغەمبەرەوە هەتا کۆتا پێغەمبەر ئەو ڕاستیە بۆ ئێمە روون دەکەنەوە، ئەگەر سەرنج لەقورئانیش بدەین پڕیەتی لەچیرۆکی جۆراوجۆر دەربارەی پیاوچاکان و خراپان و ستەمکاران و دادپەروەران هەمووی بۆ ئەوەیە کەببێتە وانەیەك بۆ ئەوەی بۆ مرۆڤی باوەڕدار روون بکاتەوە، کە کەوتنە شوێن غەریزە دەرونییە بێ سنورەکان مرۆڤ بەرەو هەڵدێر دەبات، لەبەرامبەریشدا ئەوە روون دەکاتەوە کە باوەڕدارێك بتوانێت بەئیمان کۆنترۆڵی غەریزەکانی بکات چۆن بەرەو ئاسودەیی دەڕوات.

خوای گەورە لەقورئاندا مرۆڤەکان بەپێی غەریزەکانیان دابەش دەکات بەسەر دوو گروپدا وەك دەفەرموێت: ﴿**فَأَمَّا مَن طَغَى * وَآثَرَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا * فَإِنَّ الْجَحِيمَ هِيَ الْمَأْوَى * وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى * فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى**﴾**النازعات**(37-41)

مرۆڤ لەدنیادا لەسەرە دووڕیانێکە، یان دەکەوێتە شوێن ڕێگەی غەریزە سەرکەشەکان و شەیتان و حەزو ئارەزووەکانی کە ئەنجامەکەی تەنانەت لەدنیاشدا گرفتارییە، هەرچەندە دەوڵەمەند و دەسەڵاتداریش بین شپرزەیی و دڵەڕاوکێ بەرۆکمان بەرنادات، هەست کردن بەترس بەردەوام لەگەڵمانە.

ڕێگەی دووەمیش ئەوەیە کە ڕێگەی خۆشبەختی بگریت لەدنیادا، ئەویش ئەوەیە کەدڵت بەخواوە بەسترابێت و هەست بەئارامی بکەیت، خوا لەخۆت ڕازی بکەیت و تۆش لەخوا ڕازی بیت، کار بۆ ڕەزامەندی خوا بکەیت و خەڵکت خۆش بوێت و شەڕ نەکەیت لەسەر شڕو شیتاڵی دونیا، چونکە دەبێت بزانیت کە دنیا هەمووی ماوەیەکی کورتە، شایەنی ئەوەنیە کە ئەو هەموو شەڕو فیتنەیەی لەپێناودا دروست بکەیت، دەبێت مرۆڤ بزانێت کە بەگرتنەبەری ئەم ڕێگەیە مرۆڤ لەدنیاو دواڕۆژدا بەختەوەر دەبێت، مرۆڤی باوەڕدار پێویستی بەوە هەیە کەبەردەوام کۆنترۆڵی  غەریزەکانی بکات و بەدوری بگرێت لەحەز و ویستی حەرام و قەدەغەکراو، زۆر ئاگاداربێت لە ئەو سەنگەرانەی کە لەڕێگەیەوە شەیتان هێرشی بۆ دەهێنێت، لەهەمان کاتدا دەبێت دڵت وەك قەڵایەکی چاکەکاری وابێت و پارێزگاری لێ بکەین، چونکە ئەم قەڵایە بەردەوام لەژێر تیری شەیتان و غەریزەکاندایە، لەبەرئەوە دەبێت لەڕێگەی هێزی بەرگری ئیمانەوە پارێزگاری لێ بکرێت و بەئاوەدانی ڕای بگریت، چونکە هەرچەند ئەم قەڵایە چاك و پاك و بێگەرد و دوور لە تاوانکاری بێت، ئەوەندە مرۆڤەکە چاکەکارو خواناس دەبێت.

**مرۆڤ لەدنیادا ئازادە هەر ڕێگەیەك هەڵدەبژێرێت.**

ئایا ڕێگەی خواناسی و خۆشبەختی هەڵدەبژێریت یان ڕێگەی نەگبەتی و چارە ڕەشی، ئەو کەسەی دەیەوێت ڕێگەی چاکەکاری بگرێتەبەر پێویستە پێش هەموو شتێك ڕێگەی بەهێزکردنی عەقیدە و باوەڕ بەخوا بگرێتەبەر، هەروەها باوەڕی تەواوی بەڕۆژی دوایی هەبێت و تەنها لەخوا بترسێت بێجگە لەخوا ترسی کەسی لەدڵدا نەبێت و کڕنوش بۆ کەس نەبات.

نەفسی فەرمان بەخراپە لەزۆر ڕێگەوە دێت بۆ دڵی مرۆڤی باوەڕدار یەکەمیان ئەوەیە کە ترسانە لەغەیری خوا، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی هەست بە مەترسی لەناوچوونی دەستکەوتە مادیەکان بکات، هەروەها ترس لە ئاییندە و لەپاشەرۆژ و لەجۆرەها شتی تر،

خوای گەورە لەم ئایەتەدا ئەو ڕاستیەمان بۆ روون دەكاتەوە كە دەفەرموێت ﴿**إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءهُ فَلاَ تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ**﴾**آل عمران**175، بەپێی ئەم ئایەتە ئەگەر تەنها لەخوا بترسیت ئەوە رزگارت بووە، هەروەك پیاوچاكانی پێشوو ووتویانە (سوجدەیەك بۆ خوا لەهەزاران سوجدە بۆ غەیری خوا دەتپارێزێت) دووەمین دەروازە بریتیە لە فشاری حەزو ئارەزوەكان و غەریزەی سێكسی و ماڵ و دارایی و مەقام و دەسەڵات و هێز و ستەمكاری، هەموو ئەمانە دەروازەیەكن كەشەیتان لێیەوە دەچێتە دڵی مرۆڤەوە و گومڕای دەكات و سەری لێ تێك دەدات و لە رێگەی راست دوری دەخاتەوە، لەبەرئەوە گرنگی شەریعەت لێرەدا دەردەكەوێت كەدەیەوێت سنورێك بۆ ئەم حەزانە دابنێت و بەپێی حەرام و حەڵاڵەكانی مرۆڤ هەنگاو بنێین، لەبەرئەوە ئەگەر تۆ خۆت بەمرۆڤێكێ باوەڕدار دەزانیت پێش ئەوەی هەركارێك بكەیت دەبێت پرسیار لەخۆت بكەیت، ئایا ئەم كارە شەرعیە یان نا؟ ئەگەر بۆ خۆت زانیاریت هەبوو دەبێت پابەندبیت پێوەی ئەگەر ئەو زانستەشت نەبوو دەبێت پرسیار لەزانایانی شەرع بكەیت و بەو پێیە هەنگاو هەڵبگریت.

ئەمەش ئەو حاڵەتەیە كە عەرەبێكی دەشتەكی هاتە لای ئیمامی عەلی و لێی پرسی ئایا تەقوا چیە؟ ئەویش فەرموی ئایا بەشوێنێكدا رۆیشتویت كە پڕبێت لەدڕك، ئەویش ووتی بەڵێ كەدەڕۆم خۆم هەڵدەكەم و بەوردی هەنگاو دەنێم بۆ ئەوەی پێ بخەمە شوێنێك كە دڕكی لێ نەبێت، پاشان ئیمامی عەلی فەرموی راستە ئەوە تەقوایە، لەبەرئەوە ئێمەش دەبێت بەو شێوەیە هەڵسوكەوت بكەین و بەو شێوەیە خۆمان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزین.

دەروازەی سێیەم بریتیە لەهیواو خۆزگەكان كە تەنانەت پێغەمبەرانیش لەمە رزگاریان نەبووە، بەڵام لە ڕێگەی سروشەوە پێغەمبەرانیان پاراستووە ﴿**وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلاَ نَبِيٍّ إِلاَ إِذَا تَمَنَّى أَلْقَى الشَّيْطَانُ فِي أُمْنِيَّتِهِ فَيَنسَخُ اللَّهُ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ ثُمَّ يُحْكِمُ اللَّهُ آيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ**﴾**الحج**52، ئەوەی تایبەتە بەپێغەمبەران خوای گەورە چاودێری كردوون نەیهێشتووە روو بكەنە خراپەو حەزی خراپ، جاری واهەیە ئامانجەكە باشە، بەڵام هۆكارەكانی حەرامن لەبەرئەوە ئەمە دەبێتە مایەی حەرام بوونی ئامانجەكەش، چونكە شەیتان فێڵ و تەڵەكەی زۆر لەجۆرەها رێگەوە دەهێنێتە ناو دڵی مرۆڤی باوەڕدار، ئەگەر لەڕێگەی خراپەوە نەیتوانی لەرێگەی چاكەوە خۆی دێت.

لەئێستادا یەکێك لەو ڕێگایانەی کەتیایدا شەیتان دێتە ناو دڵی مرۆڤی باوەڕدار بەتایبەتی سەرکردە و بەرپرسەکان لە ڕێگەی سیاسەتەوەیە، شەیتان خۆی لەپێش چاوی جوان دەکات و وای لێ دەکات کە هەموو ڕێگەیەك بگرێتەبەر بۆ ناشرین کردنی و پلان دانان و زۆرجاریش کوشتنی بەرامبەرەکانی، چونکە شەیتان هەموو ئەو ڕێگە خراپانەی بۆ جوان دەکات و بۆی دەکات بەهۆکاری شەرعی و بەرامبەرەکانیش بە لەڕێ لادەرو تێکدەری دین و ئیمانی لاواز لەقەڵەم دەدات.

با زۆر ئاگاداری خۆمان بین لەتاواندا رۆنەچین، چونکە کاتێك کەمرۆڤ لەتاواندا رۆدەچێت، هەموو چاکەو راستیەك لەخۆیدا دەبینێت و راستی بەدرۆ و درۆ بەڕاست دەزانێت وەك خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿كَلاَّ بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُون﴾المطففين14

هەندێك لەراڤەکەران ئەم ئایەتە دەڵێن لەکاتێکدا کەمرۆڤ تاوانێك دەکات خاڵێکی رەش لەسەر دڵی دروست دەبێت کە تاوانەکان زیاد دەبن خاڵە رەشەکان زیاد دەکەن، هەتاکو وای لێ دێت هەموو دڵی رەش دەبێت ئەو کاتە راستی بە بەتاڵ دەزانێت و گوێ بۆ ئامۆژگاری ناگرێت و ئیتر دڵی بە رووی چاکەو خواناسیدا دادەخرێت.

دەروازەی چوارەم پێنج هەستەکانن، ئەگەر ئەم هەستانە بەپێوەری شەرع کۆنترۆڵ نەکرێن ئەوا شەیتان کاریان تێ دەکات و چاوەکان کوێر دەکات، ئەمەش مانای کوێر بوونی دروست نیە، بەڵکو ئەو کوێر بونەیە کەراستی نابینێت: ﴿... فَإِنَّهَا لاَ تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ﴾الحج46، ئەگەر مرۆڤ کەوتە سەر ڕێگەی خراپەکاری دڵی رەش بوەوە ئەو کاتە چاوی راستیش نابینێت: ﴿... وَتَرَاهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ وَهُمْ لاَ يُبْصِرُونَ﴾الأعراف198، واتە چاویان تۆ نابینێت و وادەزانن تۆ جادوگەری ئەمە لەکاتێکدایە کەخوا تۆی کردووە بەپێغەمبەر و بەڕاستی قورئانیشی بۆ ناردوی.

ئەمە کۆمەڵێك لە ئەو دەروازانە بوون کەلێیەوە شەیتان دێتە ناو دڵی مرۆڤی باوەڕدارو جۆرەها گرفت بۆ تاك و کۆمەڵگە دروست دەکات، کە هەمووی لەڕێگەی غەریزەی خراپەکارەوە روودەدات، کەسەرچاوەکەشی شەیتانێکە کە خوا بۆ تاقیکردنەوە دروستی کردووە، لەبەرامبەر ئەمەشدا خوای گەورە غەریزەی چاکەکاری لەمرۆڤدا دروست کردووە کەهانی دەدات بۆ خواناسی و چاکەخوازی.

ئەمەش لەو فەرمودەیەدا بەدی دەکرێت کەبەیهەقی و ترمزی دەیگێڕنەوە، کەدەفەرموێت لەدڵی مرۆڤدا دوو ئاراستە هەیە ئاراستەیەك بەرەو چاکەکاری و هاندانی خەڵك بۆ خێر و چاکەخوازی ئاراستەیەکیش کەهانی مرۆڤ دەدات بۆ خراپەکاری و بەدرۆ خستنەوەی راستی و ترسان لەهەژاری کە ئەمانەش هەموو دەروازەکانی شەیتانن.

خوای گەورە سەرچاوەی هەموو چاکەو ئاشتی و خێرێکە بەوەش نەوەستاوە بەڵکو جۆرەها شەریعەتی ناردووە، ئەمەش بۆ ئەوەی کە ئیتر مرۆڤ هیچ بیانویەکی نەمێنێت، خوای گەورە ئەگەر شەریعەتەکانیشی نەناردایە دەیتوانی لێپرسینەوەمان لەگەڵدا بکات، بەڵام لەفەزڵ و گەورەی خۆیەوەیە هەزارەها پێغەمبەری ناردووە: ﴿...**وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً**﴾**الإسراء**15، لەبەرئەوە زۆر پێویستە کەبەردەوام لێپرسینەوە لەگەڵ خۆماندابکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر ڕێگەی راست هەنگاو هەڵبگرین و دوربین لەچارە رەشی و بێ بڕوایی و خوانەناسی.

## یەکبونی گەلانی مسوڵمان وەك پێداویستیەکی هەنوکەی

بۆ ئەوەی کە یەکبونێکی راستەقینە بێتە ئاراوە ئێمە پێویستیمان بەچەند بنەمایەکی بەهێز هەیە، چونکە بەبێ بوونی ئەو بنەمایانە باسکردن لەیەك بوون تەنها پڕوپاگەندەیەکە بۆ ڕاگەیاندن  و ئامانجە راستەقینەکەی خۆی ناپێکێت، لەگرنگترین ئەو مەرج و بنەمایانەش کەپێویستن بۆ یەکێتیەکی راستەقینە ئەمانەی خوارەوەن:

1- مەرجی یەکەم مەرجەعیەتی ئوممەت: پێویستە هەموو گەلانی ئیسلامی رێکبکەون لەسەر بوونی مەرجەعیەتێك کە ئەویش قورئان  دەفەرموێت: **وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنتُمْ تُتْلَى عَلَيْكُمْ آيَاتُ اللّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُ** ...**آل عمران**101، کە ئەمەش ئێستا مەترسیدارترین مەرجە، لەکاتێکدا کەپێویست بوو ئەمە ئاسانترین مەرج بێت بۆ گەلانی ئیسلامی کەدیعایەی ئیسلامی بوون دەکەن، بەڵام ئێستا کەباس لەمەرجەعیەت دەکەین، جیاوازی دەکەوێتە نێوانمانەوە ئەویش بەهۆی سەرچاوەی پەروەردە و کلتورەوەیە، هەندێك دەیانەوێت ئیسلام ئاینێك بێت تەنها پەیوەندی نێوان خواو بەندەکان رێك بخات، بەبێ ئەوەی ئەو خوایەی کە ئێمەی دروست کردووە رۆڵێکی هەبێت لەژیاندا، ئەمەش (نعوذ بالله) بەمانای زیندانی کردنی خودا دێت لەبازنەیەکی بەرتەسکدا، لەکاتێکدا ئەو پەروەردگار و بەدیهێنەر و رێکخەری کاروباری ژیان  و گەردونە، هەر ئەویشە کە ئەم پەیام و شەریعەتەی بۆ ناردوین، لێرەوە عەلمانیەت هاتووە بۆ دژایەتی کردنی ئەم مەشروعە،

ئێمە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ قورئان و سوننەت نەك تەنها لەبواری نوێژ و ڕۆژودا بەڵكو لەهەموو بوارەكانی ژیاندا ﴿**قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ**﴾**الأنعام**162، ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ**.....﴾**الأنفال**24

2- مەرجی دووەم ئیمان و تەقوا: بریتیە لەئیمان و تەقوا ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ**﴾**آل عمران**102، بەبێ ئەم ئیمانە پەیوەندیەكی پتەو لەنێوان تاكەكانی ئەم ئوممەتەدا دروست نابێت، بەبێ ئەم ئیمانە ئیخلاص نابێت، بەڵكو لەجیاتی ئەمە بەرژەوەندی دێتە ئاراوە كەپڕە لەدوڕویی و موجامەلە و بەرژەوەندی تاك و حیزب.

3- مەرجی سێیەم بریتیە لەچەسپاندنی برایەتی ئیمانی ﴿**وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَاناً**...﴾**آل عمران**103، ئەم برایەتیە ئەرك و بەرپرسیارێتی تێدایە، بەو پەڕی راشكاوییەوە دەڵێم: ئێستا زۆرینە باس لەئەرك دەكات بۆ هەندێك بەڵام ئەرك و بەرپرسیارێتی مافەكان بەیەكسانی دابەش ناكات، هەر كەسێك لەئێمە بواری بۆ بڕەخسێت دەیەوێت زۆرترین ماف وەربگرێت، بەبێ ئەوەی سەیری برا مسوڵمانەكەی بكات، بزانێت ئایا ئەویش چەند مافی هەیە، بەبێ ئەوەی جیاوازی بكات كەئایا لەچ دەوڵەتێكە، یان سەر بەچ نەتەوەیەكە، پێویستە ئەمە لەسەر بنەمای ئیمان و بنەمای رەگەزنامەی نیشتمانی بكرێت، ئەمەش بنەمایەكە بۆ دروست كردنی پەیوەندی لەنێوان خەڵكدا، پێویستە پەیوەندیەكان بۆ مافە داراییەكان لەسەر بنەمای دادپەروەری و ویژدانی بێت، بەبێ ئەوەی سەیری هیچ شتێكی تر بكەین، ئەمە مەرجێكی سەرەكیە كە لەم چەند دەیەی دوایدا بەدی نەهاتووە، ئەمە دەبێت لەسەر ئاستی ئوممەتی ئیسلامی بێت، نەك لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، لەكاتێكدا كە دیعایەی ئەوەیان دەكرد كەعەرەبایەتی هۆكاری كۆكردنەوەی ئوممەی ئیسلامی بێت، بەڵام پارتە نەتەوەییەكان نەیانتوانی ئەم یەكسانیە بهێننەدی، نەیانتوانی برایەتی بچەسپێنن بەڵكو پەرتەوازەییان زۆرتر كرد و زیاتر بەرژەوەندی كەس و حیزبی پەرەی سەند و ئەم پڕۆژەیەش شكستی خوارد.

**برایەتی راستەقینە:**

یەکێتیەك ئەگەر لەسەر بنەمایەکی راستەقینە دانەمەزرابێت لەرووی ئەرك و مافەوە ئەوە روو لەشکست دەکات، بۆ نموونە سەیری رۆژئاوا بکە، کە بەچ جۆرێك گەیشتونە ئەو ئاستەی ئێستایان، ئێستا مافی هاوڵاتیان لەهەموو وڵاتێکی ئەوروپیدا یەکسانە، لەروانگەی کارەکەیەوە سەیری مرۆڤ دەکرێت، لەرووی پسپۆڕیەوە، لەرووی ئەزموون و لێهاتنیەوە، ئەمەش پێوەرە لای ئەوان و شتێکی تر لەئارادا نیە.

4- مەرجی چوارەم ئەم ئوممەتە لەسەر چاکەخوازی بوونی ماوەتەوە: چاکەخوازی لەکلتورو لەزانست و لەداهێنان، لەرووی مرۆییەوە، ئەم ئوممەتە بەهەژاری و دواکەوتوویی ناکرێت ببێتە ئوممەتێکی یەکگرتوو، ئەگەر ئەم گرفتانە چارەسەر نەکرێن کە هەندێکیان لەزۆر خۆریدا دەمرن، لەژیان و رەفاهیەت و خۆشگوزەرانیدا دەژین، هەندێکی تریش لەبەدخۆراکی و هەژاریدا دەمرن، ئەگەر ئوممەتێك یەکگرتووبێت دەبێت وەك جەستەیەك وابن، هەروەك پێغەمبەری خوا دەفەرموێت (ئەگەر ئەندامێك هەست بەئازار بکات هەموو جەستەکە هەست بەئێش و ئازار دەکات)، ئایا ئەمە چۆن دەبێت لەکاتێکدا من لەو پەڕی خۆشگوزەرانیدا بژیم، بەڵام هەست بەبراکانم نەکەم لەسۆماڵ و ئەفەریقاو فەلەستین، لەزۆربەی جیهانی ئیسلامیدا کە رۆژانە هەزاران و دەیان هەزار مناڵ و ژن و پیاو پیرە پیاو ژن دەمرن، بەهۆی هەژاری و برسێتی و بەدخۆراکی، لەبەرامبەریشیدا زۆر کەس دەمرن بەهۆی سەکتە و جەڵدە و شەکرە و کۆلسترۆڵ کە زۆربەی هۆکارەکەی خواردنی زۆری چەوری و بەزو گۆشت و شیرینیە.

زۆر گرانە بەم حاڵەوە بگەینە یەکبوون، پێویستە جارێکی تر دەست بکەینەوە بەدابەشکردنەوەی دادپەوەری دارایی، با تەنها سامان لەدەستی دەوڵەمەندەکاندا کۆنەبێتەوە، با مافە گشتیەکان بدەین ئەو کاتە هەژاری نامێنێت، ئەگەر تەنها زەکات بەشێوەی راستەقینەی خۆی بدرێت و بەباشی و دادپەروەرانە دابەش بکرێت تەنها هەژارێك نامێنێت، ئێمە بۆ ئەم مەبەستە دوو ئەزموونمان هەیە: ئەزموونی عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ ڕازی بێت) لەکاتێکدا کە مەعازی نارد بۆ یەمەن، لەو کاتەدا یەمەن زۆر هەژاربوو گرفتی بێکاری زۆربوو، لەساڵی یەکەمدا مەعاز سێ یەکی زەکاتەکەی بردەوە بۆ مەدینە بەڵام عمر لێی وەرنەگرت، پێی گەڕاندەوەو پێی ووت خەڵکی یەمەن لەهەموو کەس شایەن ترن کەئەو ماڵەیان بەسەردا دابەش بکەیت، من تۆم نەناردووە بۆ سەندنی

سەرانە، بەڵکو پێویستە لەکاتێکدا کەپارە لەدەوڵەمەندەکان وەردەگریت بەسەر هەژاراندا دابەشی بکەیتەوە، بەڵام مەعاز لەوەڵامدا ووتی: ئەی خەلیفەی مسوڵمانان سوێند بەخوا هیچ هەژارێکم نەبینی کە ئەم زەکاتەی بدەمێ لەساڵی دووەمدا کردی بەنیوە لەساڵی سێیەمدا کردی بەسێیەك.

**نابێت هەژاری کوشندە هەبێت**

بەڵام لەسەر ئاستی گەلانی ئیسلامی عومەری کوڕی عبدالعزیز لەماوەی دووساڵ و شەش مانگ و حەڤدە رۆژ و یازدە سەعاتدا ئەو دروشمەی جێبەجێ کرد کە دەڵێت (نابێت هەژاری لەناوبەر بمێنێت)، ساڵی یەکەمی کرد بەساڵی خود بژێوی، لەساڵی یەکەمدا هەژاری پلەیەکی نەهێشت لەناو هەموو گەلانی ئیسلامیدا، کە لەزەریاوە بۆ زەریابوو پاشان ساڵی دووەمی کردە ساڵی بژێوێ و رزگار بوون لەهەژاری تەواو، واتە لەم ساڵەدا هەژاری خراپ نەماو گەیشتنە حاڵەتی بژێوی، لەساڵی سێیەمدا کەشەش مانگی فریاکەوت، توانی کۆتایی بەهەژاری بهێنێت، زەکات لەمسوڵمانان مایەوەو دابەشی کرد بەسەر نامسوڵماناندا، ئەمەش رای عومەری کوڕی عبدالعزیز بوو، ئەگەر هەژار نەمایەوە لەناو مسوڵماناندا جائیزە زەکات دابەش بکرێت بەسەر لایەنگرانی ئاینەکانی تردا، ئەگەر لەوەش زیادبوو بەندەی پێ ئازاد بکەو ئەگەر لەوەش زیاد بوو وەك هاوکاری بدرێت بەگەنجان هەتا بتوانن خێزان دروست بکەن، مەرجی ئەوەیە کە ئوممەتی ئیسلامی دەبێت لە هەوڵی زۆرکردنی دۆستدابێت، چونکە ناکرێت ئوممەتی ئیسلامی و مەشروعی ئیسلامی هەموو نامسوڵمانەکانی دەرەوەی خۆی بکات بەدوژمن، ئیسلام بەشوێن خاڵە هاوبەشە مرۆییەکاندا دەگەڕێت، چونکە لایەنی برایەتی ئیمانی هەیە لەنێوان باوەڕداراندا، پاشان ئەم بازنەی برایەتیە فراوان دەبێت و خاوەن کتێبەکان و تەنانەت بت پەرستەکانیش دەگرێتەوە، ئەمەش بەمەرجی ئەوەیە کەزیانمان پێ نەگەیەنن. بەم شێوەیەش دەبێت بەشوێن راستیدا بگەڕێین، ئەگەر سەرنجی ئایەتە پیرۆزەکە بدەین لەکاتێکدا کەباس لەئەهلی کیتاب دەکات، بەگومڕاو سەر لێ تێکچوو باسیان ناکات بەڵکو داوای گفتوگۆیان لێ دەکات، کە دەفەرموێت (وأنا لەمسوڵمانان (أو أياكم) لە بت پەرست و موشریکەکان، لەهەموو چین و توێژەکان ﴿...**لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ**﴾سبأ24، لەسەر رێگەی راستن یان لەگومڕایی تەواودان

وەرن با گفتوگۆ بکەین، پاشان فەرمووی: ﴿قُل لاَ تُسْأَلُونَ ....﴾سبأ25 بەم شێوازە نەرم و ناسکە ﴿قُل لاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا أَجْرَمْنَا وَلاَ نُسْأَلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾سبأ25، هەروەها لەسورەتی أل عمران دەفەرمویێت ﴿لَيْسُواْ سَوَاء.....﴾آل عمران113 نابێت هەموو نامسولمانێك بەیەکچاو سەیر بکەین، هەر کەسێك هێرشی کردە سەرمان دەبێت هێرش بکرێتەوە سەر ئەوانە، هەرکەسێك نیشتیمانەکەی داگیر کردبین دەبێت دژایەتی ئەوە بکەین، تەنانەت بەرامبەر بەجولەکەکانیش ئەوانەی کەخاکی مسولمانیان داگیر نەکردووەو پشتیوانی لە زایۆنیزم ناکەن، زیانیان بۆ ئێمە نیە نابێت ئەوانە بەچاوی دوژمن سەیر بکەین، ئەوانەی کە بەرژەوەندیی هاوبەشمان هەیە، پەیوەندیان لەگەڵدا دەبەستین، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانمان بۆ ئەو مەبەستەش ملکەچیان نابین.

## رێگریە گەورەکان

سەبارەت بەرێگریەکان لەم ئایەتانەدا دوو جۆر رێگری سەرەکی روون کردۆتەوە.

یەکەم: رێگری دەرەکی:

دوژمنانی ئیسلامی لەگەڵ ئەو هەڵوێستە گەورانەی ئیسلامیشدا، کەهەڵوێستێکی ئاشتی خوازانەیە، هەڵوێستێکی لێ بوردەییە، داوای گفتوگۆو مناقەشات دەکات لەگەڵیاندا بەبێ ئەوەی حوکم بدات بەسەریاندا، بەڵکو دەیەوێ کە گفتوگۆیەکی گشتی بکات لەگەڵیاندا لەپێناو بەرژەوەندی مرۆڤایەتی ﴿.... وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾سبأ24 ﴿...تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ .....﴾آل عمران64 ئایەتەکە زۆرباسی ئەم بابەتە دەکات، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دوژمنانی ئیسلام خێرو سودیان ناوێت بۆ ئەم ئوممەتە، ئەمەش شتێکی سروشتیە زۆرترین دژایەتی کردنی ئەم ئوممەتەش لەلایەن ئەوانەوە دەکرێت، تەنانەت ئەو دیموکراتیەشی کەلای خۆیان هەیە نایانەوێت بۆ ئەم ئوممەتە، نایانەوێ دیموکراتی هەبێت، نایانەوێت ئازادی هەبێت، چونکە ئەو دیموکراتیە پارێزەری ئازادی گەلانەو ئەوان دەیانەوێت لەگەڵ ستەمکارانداو لەتاریکیداو لەگەڵ خراپەکاراندا بمێنینەوە، چونکە بەرژەوەندیان هەیە لەگەڵیاندا، ئەوان بەرژەوەندییەکانیان دەپەرستن، ئەوان وادەزانن و واگومان دەبەن کە یەکگرتنی ئوممەتی ئیسلامی لەسەر حسابی ئەوانە، بەڵام لەراستیدا یەکگرتنی ئوممەتی ئیسلامی دەبێت بەهۆی بەدەستهێنانی هێزو کەرامەت

و گەورەیی بۆ ئوممەتی ئیسلامی، ئەگەر یەکبگرن پێویستیان بەهاوکاری جگە لەخۆیان نابێت، نەلەخواردن و نە لەدەرمان و نە لەهیچ شتێکی تردا، کارکردنیان لەسەر بوونی بەرژەوەندی هاوبەشە لەنێوانیاندا، بەڵام ئەوان سەدان ساڵە دێن و دەیانەوێت دەست بگرن بەسەر خاك و وڵات و سەروەت و سامانماندا و کۆیان بکەنەوەو دەستی بەسەردابگرن، ئەمڕۆ ئێمە بەرمیلێك نەوتیان پێ دەفرۆشین بەسەد دۆلار، ئەوان لەم بەرمیلە شت دروست دەکەن، بەرهەمەکانمان پێ دەفرۆشن بەزیاتر لە پەنجا هەزار دۆلار، لەگەڵ ئەمانەشدا ڕازی نین و دەیانەوێ بەتاڵان بیبەن.

لێرەوە خودای گەورە و میهرەبان ئاگادارمان دەکاتەوەو دەفەرموێت، ئەگەر ئێوە دەتانەوێت یەکگرتوبن نابێت گوێ بۆ ئەوان بگرن، نابێت فەرمانبەرداری و گوێڕایەڵیان بکەن، گەر وابێت بەهەر شێوەیەك گوێڕایەڵیان بکەن ئەمە بەڵگەیە لەسەر شکستی ناوخۆیتان، بەڵگەیە لەسەر مایەپوچیمان، هانا بردن و پەنابردنی ئوممەتی ئیسلامیمان بۆ پەیڕەو پڕۆگرامی ئیشتراکی و شوعی و لیبڕاڵی و .... هتد، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەئێمە مایەپوچین لەگەڵ ئەوەدا کەئەم دینە ڕەحمەتە بۆ جیهانیان، دەرکەوت کە ئەزموونی ئابوریی لەئەمرۆدا ترسناکترین ئەزموونە، وەك قەیرانی دارایی جیهانی، دەرکەوت کەڕێی چارەسەرکردن و رزگاربوو لەم قەیرانە نییە مەگەر لەئابوریی ئیسلامیدا، کە لەسەر ئابوریی جزئی (إقتصاد العینی) دامەزراوە، نە ئابوریی سوو خۆری و نە ئابوریی قەرزداری، بەرزکردنەوەی سوو (فائدە) گرفتە، کەم کردنەوەشی هەرگرفتە، لە قەیرانێکی داراییەوە دەردەچن بەرەو قەیرانێکی بازرگانی، لە قەیرانی بازرگانیەوە بەرەو قەیرانی قەرزداری (الدیون)، دووبارە تۆپەکە دەگەڕێتەوە ناو قەیرانەکان، وەك ووتم ئەگەر هەڵاوسان لەسامانەکانماندا نەبێت ئەو کەسانە کۆتاییان دەهات، چونکە ئەوانە لەسەر سەروەتی وڵاتەکەمان دەژین، خوای گەورە دەفەرموێت ئاگاداربن، ئەوانەی لەم بوارەدا گوێڕایەڵیان دەکەن وەسفیان دەکات بەکوفرو دەفەرموێت ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوَاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقاً مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ**﴾**آل عمران100**، لێرەوە گەورەیی قورئان دەردەکەوێ، چونکە خوای گەورە نافەرموێت گوێڕایەڵی خاوەن کتێبەکان مەکەن، بەڵکو دەفەرموێت گروپێك لەمانە چاکەخوازن و زۆرترینیان گومڕان وەك لەسورەتی ال عمراندا هاتووە ﴿**كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلَوْ**

آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْراً لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿آل عمران110

دەفەرموێت ﴿لَيْسُواْ سَوَاء.....﴾آل عمران113 دەڵێ ملکەچی ئەو گروپانە مەبن بە تایبەت ئەو سیاسیانەی کەکاریگەرن بەصەهیونیەت و ئەوەی کە ناودەبرێت بەرۆژئاوای ئینجیلی ئەوانەن کە لەرووکاردا مەسیحین و لەناخدا جولەکەن، جولەکەکان دەیانەوێت فکرەو بیرۆکەی صەهیونیەت بخەنە ناو لاشەی مەسیحیەت، لەرێگەی مژدەدەرە مەسیحی و جولەکەکانەوە، ئەوانە سەرسەخترین بەرگریکارن لە یەهودیەت، ئەمانە بوغزاوی ترین و دوژمنترین مرۆڤەکانن بەرامبەر مسوڵمانان، خوای گەورەو میهرەبانیش ئەمەی ڕوون کردۆتەوە، لەسوننەتی پێغەمبەری ﴿ﷺ﴾ نازداریشدا ئەوە روون کراوەتەوە، لەم ئایەتە پیرۆزەشدا مەبەست لەکوفر دوبەرەکیەو، دەیەوێت بتانگێڕێتەوە پاش ئەوەی یەکتان گرتووە لەسەر بنەمای ئیمان و دووبەرەکیتان تێ بکەوێ، مەبەست پێی ئەوە نییە کەمسوڵمان پەشیمان ببێتەوە لەدینەکەی ئەوەیان ناوێت هەرگیز، ئەوان دەیانەوێت کەپاشکۆیان بن، بۆیە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دووبەرەکی بەکوفر داناوە، ئەوە دەستوری ئوممەتە، ئەوەی کە لەرۆژی حەجی ماڵئاوای (حجه الوداع) پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ماڵئاوایی لەئوممەتەکەی کرد بەم ووتەیە، فەرمووی (پاش من مەگەڕێنەوە سەر کوفر) کافر مەبن، هەر ئەمە نیە بەڵکو دەفەرموێت (هەندێکتان سەری هەندێکتان دەبڕن) کاتێ کارەکە دەگاتە سەر ئوممەت باسی لێدان لەملی یەکتر دەکات، ئەمەیە کفرکردن بەبەخششەکانی خودا، ئەمە کوفر کردنە بەبرایەتی ئیمانی، بە ئیسلامی راستەقینە، هەتا ئەمە کوفرکردنە بەعەقیدە.

**پیلانەکان :**

ئەمە ترسناکترین شتە پیلانەکان لەهەموو لایەکەوەیە، بەداخێکی زۆرەوە مسوڵمانان هاوکاریانن لەمەدا، لەژێر هەر ناوێکدا بێت، ئەمانە توندڕەوبن، یان هەندێ گروپ بن و لەرێی ترساندن و هەڕەشەوە بیانەوێت بیکەن، یا بیانەوێت متمانە لەنێوان مسوڵمانەکان خۆیاندا نەمێنێت، بەهەر جۆرێك بێت مرۆڤ دەیەوێت بەرگری لەنەفسی بکات، ئەگەر مرۆڤ تووشی ئازارو هەڕەشەبێت تەنانەت لەلایەن براکەی خۆشیەوە نابێت قبوڵی بکات، بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی ئەمە یارمەتیدەری خاج پەرست و زایۆنیەکان بووە بۆ زاڵبوون بەسەرماندا، بەداخێکی زۆرەوە بۆ ئەم گەلە، گەر ئەم هۆکارانە نەبوونایە و تەباو یەکگرتوو بوینایە ئەوان نەیاندەتوانی بمانگەنێ ﴿.... وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ

**وَاصْبِرُواْ إِنَّ اللّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ الأنفال46**، ئێمە جیاوازین لەگەڵ هەندێکیان ئەوان بانگەشەی پارێزگاری کردن لەئێمە دەکەن و ئێمەش بڕوامان پێیان هێناوە، بەڵام لەئەنجامدا سەروەتەکەمان ئامانجەو بەکاردێت، جارێك بە سەدان ملیار دۆلار سەرف دەکەن، لەجەنگی نێوان ئێران و عێراقدا، جارێکی تر کاتێ عێراق کوەیتی داگیرکرد سەدان ملیاری دیکەیان سەرف کرد بۆ دەرکردنی عێراق لەکوەیت، پاشان جارێکی تر بۆ هەڕەشەکانی ئێران، جارێکی تر لەژێرناوی شەڕ لەگەڵ ئیرهاب، ئەوەی راستیە بەهەدەردان و سەرف کردنی سەروەتی مسوڵمانانە لەشەڕە ناوخۆییەکاندا، بۆیە خودای گەورە دووبەرەکی بەکوفر ناوناوە **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوَاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقاً مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ آل عمران100** ، ئەوانەی کە هەڕەشە دەکەن، ئەوانەن کەهاوکارن بۆ ئەم دووبەرەکیە ئەمانە گوێڕایەڵی غەربن بیانەوێت و نەیانەوێت ئەڵقەلە گوێیانن، هاوکاریانن بۆ زیاتر و گەورەکردنی ئەم دووبەرەکیە، وەك شێخ أحمد یاسین رەحمەتی خودای لێ بێ لەچاوپێکەوتنێکیدا دەفەرموێت: شەڕی ئێمە لەگەڵ یەهود، هۆکارەکەی ئاینی نییە بەڵکو ئێمە خاوەنی ئەم زەویانەین ئێمە لەسەرەتای ساڵانی 1900 لێرەین ئەو کاتە یەك یەهودی لێرە نەبوون، پاشان ئەوان هاتن و زەویەکەیان داگیر کردین، کاتێ براکەم بێت و لەماڵەکەم بەهێز دەرم بکات شەڕو کوشتاری لەگەڵ دەکەم ئەمە شتێکی سروشتیە.

ئەمە بابەتێکی ترسناکە، ئەمە مانای ئەوە نیە کەئێمە بمانەوێت چارەسەری کێشەکەمان بەهەڵە بکەین، بەڵکو دەمانەوێت چارەسەری ئەم بابەتە بکەین لەنێوان خۆمانداو راستیەکانمان بۆ ڕوون ببێتەوە، هەتا لەناو وولاتەکانی کەنداودا ئەگەر ترسێك هەبێت ئەوا یەکگرتن نیە، ئەگەر وولاتێکی بچوك ترسا لە وولاتێکی گەورە، لەم حاڵەتی ترسەدا هانا دەبات بۆ هەندێك لە وولاتە غەربیەکان، بۆیە پێویستە هەوڵی بەدەستهێنانی برایەتی ئیمان و یەکسانی تەواو بدەین، کۆمەڵێك مافی ئاڵوگۆڕ هەیە لە نێوان وولاتێك و یەکێکی بچوکتردا، ئەمانە بنچینەی سەرەکین، بەمتمانەو بێ متمانەی یەکگرتن ناکرێ مرۆڤ هانا دەبات بۆ خودای گەورە بۆ بەگژدا چوونەوەی دوژمنەکان.

# پارێزگاریکردن له‌ ئه‌مانه‌ت فه‌رمانێکی گه‌وره‌یی خوداییه‌

خوای گه‌وره‌ ئه‌م بونه‌وه‌ره‌ی دروست کردووه‌و خستویه‌تیه‌ ده‌ستی مرۆڤ، به‌ڵام خوای گه‌وره‌ له‌به‌رامبه‌ر ئه‌م نیعمه‌ته‌ گه‌وره‌یه‌دا، که‌نیعمه‌تی توانای ده‌ست گرتنه‌ به‌سه‌ر بونه‌وه‌ردا، كه‌ ئه‌مه‌ش به‌نیعمه‌تێكی زۆر گرنگ و ناوازه‌ داده‌نرێت، له‌به‌رامبه‌ردا خوای گه‌وره‌ به‌رپرسیارێتی هه‌ڵگرتنی ئه‌مانه‌تێكی تری خستۆته‌ ئه‌ستۆ، ئه‌و ئه‌مانه‌ته‌ی له‌به‌ر گه‌وره‌یی و گرنگی ئاسمانه‌كان و زه‌وی نه‌یانتوانی هه‌ڵی بگرن، به‌ڵام مرۆڤ وه‌ری گرت و چووه‌ ژێر باری، خوای گه‌وره‌ هه‌موو كارێكی بۆ مرۆڤ دابین كردوه‌ هه‌تا بتوانێت ئه‌م ئه‌مانه‌ته‌ به‌باشی هه‌ڵبگرێت، خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت: **إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُوماً جَهولاً** **الأحزاب**72، مانای( **وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا**) واته‌ ترسان، به‌ترسانێكی زۆر، كه‌ مرۆڤی خواناس هه‌ڵگرتنی ئه‌م به‌رپرسیارێتیه‌ی هه‌بوو له‌رێگه‌ی ئه‌و (سروش)ه‌ی كه‌ دابه‌زیوه‌ و خۆی له‌قورئان و سوننه‌دا ده‌بینێته‌وه‌ سه‌ره‌ڕای ئه‌قڵیش كه‌ توانای گه‌وره‌ به‌مرۆڤ ده‌دات كه‌ نه‌دراوه‌ به‌غه‌یری ئه‌و له‌به‌رئه‌وه‌ی وه‌حی بۆ مرۆڤ داده‌به‌زێت و ئه‌قڵیشی پێ دراوه‌، له‌كاتێكدا كه‌ زانست نامێنێت و نه‌فامی جێگه‌ی ده‌گرێته‌وه‌، دادپه‌روه‌ری نامێنیت و سته‌مكاری جێگه‌ی ده‌گرێته‌وه‌ ئه‌مه‌ مانای (أنه كان ظلوما جهولا) زۆربه‌ی موفه‌سیره‌كان به‌وه‌ ته‌فسیری ئه‌م ئایه‌ته‌ ده‌كه‌ن، كه‌ زۆر سته‌مكارو زۆر نه‌فام ده‌بێت، به‌ڵام به‌لای منه‌وه‌ ئه‌م ته‌فسیره‌ زۆر وردنیه‌، چونكه‌ ته‌فسیری ورد به‌لای منه‌وه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ووشه‌ی (ظلوم) مانای (ظاله) نیه‌، وشه‌ی (جهول)

مانای (جاهل) نیه، واته ئەم مرۆڤە توانای نەزانی و توانای فێربوونی هەیە توانای ئەوەی هەیە ببێ بەستەمكارو توانای لابردنی ستەمیشی هەیە، ئەم مرۆڤە بەوەحی و بەعەقڵ دەتوانێت ببێتە زاناو دەتوانێت دادپەروەربێت، بەم هۆیەوە دەتوانیت دەست بەسەر زەویدا بگریت، بەم هۆیەشەوە خوای گەورە ئاسمانەكان و زەوی دەخاتە ژێر دەستی ئەو.

ئەو ئاسمان و زەوی و شاخانەی كە توانای هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتیەیان نەبوو، بەڵام مرۆڤ هەڵی گرت، خوای گەورە بۆیە ئاسمانەكان و زەوی خستۆتە ژێر دەستی هەتا دادپەروەری و گەشەپێدان و ئاوەدان كردنەوەی زەوی ئەنجام بدات لەژێر روناكی پەیامی خوای گەورەدا، مەبەستم لەم ئەمانەتە گەورەیە تەنها دەسەڵاتی نیە، بەڵكو مەبەست لێی هەموو جۆرە بەرپرسیارێتیەكە، چونكە هەموو شتێك جۆرێك لەبەر پرسیارێتی تێدایە، هەتا بەرپرسیارێتیەكە زیاد بكات بارگرانی زیاتر دەبێت و جۆری ئەمانەتەكەش زیاتر دەبێت، زیادبوونی بەرپرسیارێتی لەرۆژی قیامەتیشدا دووچاری لێپرسینەوەی زۆرتری دەكات، هەروەها لەبەرامبەر مرۆڤەكانیش لەدنیادا، لەبەرامبەر ئەو مێژووەی كەبەزەیی بەكەسێكدا نایەتەوە كەستەمكار بووبێت، چونكە مێژوو ئەوە بۆ مرۆڤ دەنوسێتەوە كە ئەنجامی دەدات و شایستەیەتی، ئەمە ئەو ئەمانەتەیە كە بەچاوێكی سووك سەیری دەكەین كەئەمەش بنەمای تەكلیفە و ئەمە بنەمای سەركەوتنە لەبەرپرسیارێتیدا، سەركەوتن لە دنیاو دوارۆژدا، ئەم ئەمانەتە بەرپرسیارێتیەكی گەورەیە كە لەلایەن خواوە پێمان دراوە، ئەمانەتی عیبادەت ئەمانەتێكی گەورەیە، بەرپرسیارێتیە لەنێوان بەندەو خوای گەورەدا، هەموو مافەكانی خوای گەورە لەناو ئەو ئەمانەتەدا هەیە، هەموو بەرپرسیارێتیە دنیایەكان لەناو ئەم ئەمانەتەدا هەیە، بەتایبەتیش دەسەڵات كە خەلیفە و سەرۆك و ئەمیر و بەرپرسەكان لەوەزیرو بەڕێوەبەر و هەتا ئەو كەسەش كەبەرپرسیارە لەیەكێكی تر دەگرێتەوە، هەموو بەرپرسیارین (كلكم راع وكلكم عن مسؤل عن رعیته) هەمووانیش بەرپرسیارن لەوانەی لەژێر دەستیاندان هەتا ژمارەی ژێر دەستەكان زیاد بكات بەرپرسیارێتیش زیاد دەكات.

پێغەمبەری خوا ئەمە روون دەكاتەوەو دەفەرموێت: پیاو بەرپرسیارە لەماڵەكەی خۆی و لەژنەكەی و منداڵەكانی، بەرپرسیارە لەبەڕێوەبردنی ماڵ كەبەرەو خۆشبەختی و زانست و زانیاری و خێرو چاكە بیانبات یان بەرەو تیاچوون و گومڕایی و خراپەكاری، ﴿**يَا أَيُّهَا**

**الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَاراً وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ** ... **التحريم**6، ژن بەرپرسیارە لە ماڵی مێردەکەی. ژنیش بەرپرسیارێتی لەسەرە کە ئامۆژگاری مێردەکەی بکات، دەبێت وەك ژنە چاکەکانی سەردەمی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾وابن . لەکاتێکدا کە پیاوەکان لەماڵ دەچنە دەرەوە دەبێت پێی بڵێت لەخوا بترسە ئێمە ئارام دەگرین لەسەر برسێتی بەڵام ئارام ناگرین لەسەر حەرام، دەبێت وابکات پیاوەکە خودای بیربێت هەتا کاری حەرام نەکات، کەواتە بەرپرسیارێتیەکە هاوبەشە لەنێوان هەردوولادا دەبێت هەردوکیان هەست بەم راستیە بکەن.

بەرپرسیارێتی گەورە بەرپرسیارێتی دەسەلأتە، بەرپرسیارێتی خۆشگوزەرانیە ئەم بەرپرسیارێتیە لە سورەتی نساء دا باس کراوە، ئایەتەکە بەئامانەت دەست پێ دەکات. پاشان باس لەحوکم بەدادپەروەری دەکات **إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ إِنَّ اللّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ سَمِيعاً بَصِيراً** **النساء**58، ئەمانەت بگێڕنەوە بۆ خاوەنەکانیان، هەر کەسێك بەرپرسیارێتی لەئەستۆ دایە دەبێت بەباشی بۆیان جێبەجێ بکات مافەکان بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانیان. پارێزگاری لەئەم مافانە بکات، ئینجا ئەم مافانە ماددی بن یان مەعنەوی، ئەمانەت لەقورئاندا ئەوە نیە کە لەفیقهدا باس کراوە لەشتومەك، بەڵکو لەمە زۆر فراوانترە، خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات کە ئەم ئەمانەتانە بگەیەنینە شوێنی خۆی، دوای ئەوەی باس لەگەورەترین ئەمانەت دەکات، کە ئەمانەت دەسەلأتە (**وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ إِنَّ اللّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ**) خوای گەورە گەورەترین ئامۆژگاریمان دەکات کە ئەمانەت ببەستێتەوە بەدەسەلأتەوە، بۆ ئەوەی دەسەلأتداران ئەم ئەمانەتە بەرامبەر گەلەکانیان و ژینگەو تەنانەت ئاژەڵەکانیش بپارێزن.

## میتۆدی ئیسلام بەرامبەر کاری پزیشکی و چارەسەری نەخۆشیەکان

دیدو تێڕوانینی ئیسلام بۆ مەسەلەی چارەسەرو تیمارکردن و بوارەکانی تەندروستی بەشێوەیەکی گشتی لەو روانگەیەوە کەئەمە هۆکارێکە بۆ پاراستنی جەستەو گیان و ئەقڵ و فیکر، کەئەمانەش لەو بنەما پێویستیانەن کە ئیسلام هاتووە پارێزگاریان لێ بکات و گەشەیان پێ بدات، هەر لەبەرئەوەیە خوای گەورە فەرمان دەکات بەپێغەمبەرەکەی کە خوی بپارێزیت کەتوشی هەر مەترسیەکی جەستەیی و دروستی بکاتەوە وەك دەفەرموێت:﴿... **وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ** ...﴾**البقرة**195، واتە بەدەستی خۆتان خۆتان توشی لەناوچوون مەکەنەوە یان دەفەرموێت: ﴿**وَلاَ تَقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيماً** ﴾ **النساء**( 29 )

(خۆتان مەکوژن خوای گەورە بەسۆزە بەرامبەرتان) هەروەها چەندەها فەرموودە هەیە، کە فەرمانمان پێ دەکات کەخۆمان تیماربکەین و بەشوێن چارەسەری نەخۆشیەکان بگەڕێین، لەفەرمودەیەکدا (ئوسامەی کوڕی شەریك) دەڵێت: (چوم بۆلای پێغەمبەرو هاوەڵان، سڵاوم کردو دانیشتم، چەند عەرەبێکی دەشتەکی لەئەملاو ئەولا هاتن، پرسیاریان لێ کرد ئەی پێغەمبەری خوا ئایا چارەسەری خۆمان بکەین؟ ئەویش فەرمووی: خۆتان چارەسەر بکەن چونکە خوای گەورە بۆ هەموو نەخۆشیەك چارەسەرێکی داناوە تەنها یەك نەخۆشی نەبێت ئەویش پیریە )[1].

---

[1] رواه أبو داود في سننه مع عون المعبود ( 334/10 ) ، والترمذي وقال : حسن صحيح ، تحفة الأحوذي ( 190/6 ) ورواه النسائي ، وابن ماجه ، والحاكم وصححه

## هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بە پزیشکی و نەخۆشی:

مرۆڤ لە روانگەی ئیسلامەوە بەڕێزترین دروست کراوەکانی خوای گەورەیە لەسەر زەویدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾التين4، لەرووی پێکهاتەی جەستەوە زۆر سەر سوڕهێنەرەو لەبواری گیانیشدا زۆر جێگەی وردبوونەوەو تێڕامانە، زۆر نهێنی سەر سوڕهێنەری تێدایە کە لەژمارە نایەت.

وەك شاعیر دەڵێت : **وتزعم أنك جرم صغير وفيك انطوى العالم الأكبر**

وادەزانی تۆ پێکهاتەیەکی بچوکی، بەڵام لەناوخۆدا جیهانێکی گەورە خۆی حەشارداوە هەر بۆ ئەم مەبەستە خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات کە لەخۆمان وردبینەوەو سەرنج بدەین وەك دەفەرموێت: ﴿وَفِي أَنفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾الذاريات21

ئێوە لەخۆتاندا بەڵگەی گەورە هەیە، ئایا بۆچی نایبینن، خوای گەورە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە لەئایندەدا بەڵگەکانی خۆی لەگەردون و دروستکراوەکانی و پێکهاتەی جەستەی خۆتان نیشان دەدات بۆ ئەوەی بگەنە باوەڕی تەواو کە ئەم پەیامەی محمد پێغەمبەر ﷺ راستەو لەلایەنی خواوەیەو هیچ گومان و دوودڵیەك هەڵناگرێت، وەك دەفەرموێت: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ * أَلَا إِنَّهُمْ فِي مِرْيَةٍ مِّن لِّقَاء رَبِّهِمْ أَلَا إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُّحِيطٌ﴾فصلت( 53-54 )

ئەگەر سەرنجی قورئان بدەین کۆمەڵێك لەئایەتی پیرۆزو بەپێز هەیە، کەباس لەمرۆڤ و تایبەتمەندیەکانی دەکات لەرووی دروست بوون و پێکهاتەکانیەوە.

---

هەروەها لەرووی ئەو قۆناغە یەك لەدوای یەکانەی کەدەست پێ دەکات لەدوای پیتاندنی هێلکە ﴿... مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ ... ﴾الإنسان2 هەتا پێگەیشتن و مردن پاشان ژیانی بەرزەخ و دوایش بەرەو زیندوبونەوەو حەشرو حساب کردن و پاشان بەهەشت و ئاگر.

ئەو ئایەتانەی کەباس لەزانستی کۆرپەلە زانی و قۆناغەکانی پێگەیشتن و دروست بوونی مرۆڤ دەکەن وەك موعجیزە وان، چونکە کۆمەڵێك وەسفی زانستی و وردی وای تێدایە کە ئەمە لەم سەردەمە نوێیەدا لەرێگەی تەکنیکی زانستیەوە پەی پێ دەبرێت خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ من سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ*ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ* ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَاماً فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْماً ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقاً آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ ﴾المؤمنون( 12-13-14 ) لەم ئایەتەی خوای گەورە قۆناغەکانی گەشەی کۆرپەلە باس دەکات لە دڵۆپە ئاوەوە بۆ ئاوێکی لیڵ و پاشان بۆ پارچە گۆشت دوایی بۆ ئێسك، پاشان داپۆشینی ئێسك بەگۆشت پاشان باس لەجوڵەی خۆیی کۆرپەلە دەکات باس لەگەشە کردنی دەکات بۆ دروست کراوێکی تەواو بەفەرمانی خوای گەورە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەوردی دەچێتە ناو شێوازی پێکهاتنی هێلکەی پیتراو، کە لەیەکگرتنی تۆو هێلکە پێك دێت، ئەگەر بەشێوەیەکی ورد سەرنجی قورئان بدەین دەبینین ئەو ئایەتانەی کەبەشێوەیەکی ئاشکرا باس لەم بوارە دەکەن لەبواری پزیشکی و دەرونزانیدا دەگەنە (130) ئایەت، لەبواری فەرمانی ئەندامەکان (59) ئایەت، لەبواری کۆرپەلەزانیدا(36) ئایەت، لەبواری توێکاریدا (19) ئایەت، لەبواری گوێ و لوت و قوڕگ (15) ئایەت، لەبواری زانستی بۆماوەدا 15 ئایەت، لەبواری پزیشکی خۆراکدا (18) ئایەت، لەبواری نەشتەرگەری (8) ئایەت، لەبواری پیربوون (6) ئایەت، لەبواری منالآن 5 ئایەت، لەبواری پزیشکی شەرعی (4) ئایەت.

ژمارەی گشتی ئەو بوارانەی کەباسیی بابەتە پزیشکیەکانی کردووە بەشێوەیەکی گشتی و بەروونی (416) ئایەتە لەگەڵ دووبارەبوونەوەدا[2]

---

[2] انظر إلى هذه الآحصائيات في : د. محمد جميل الحبال ، ود. وميض العمري : الموضوعات الطبية في القرآن الكريم ط. مكتبة الأرقم بالعراق 1995م

بەڵام دەبێت ئەو راستیەش بزانین کەقورئان کتێبێکی پزیشکی نییە، بەڵکو پەیامێکی رێنمایی کردنە، ئەو بەڵگانەی کە لەم بوارەشدا دەیانهێنێتەوە بۆ بەڵگەیە لەسەر گەورەیی و توانایی و دانایی خوای گەورە، کە ئەویش لەرێگەی باس کردنی چیرۆکی یان باس کردنی تایبەتمەندیەکانی مرۆڤە یان لەشێوەی بابەتی تردا.

هەموو ئەم ئایەتانە لەسەر شێوازێکی تایبەتی نییە بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر بابەتە پزیشکیەکان، بەڵکو زۆربەیان دەتوانن بەشێوەی تێڕامان و هەڵێنجان کەڵکی لێوەربگرین بۆ بابەتە پزیشکیەکان.

**پوختەی پەیامی ئیسلام لەبواری چارەسەردا**

**<u>دەتوانین پوختەی پەیامی ئیسلام لەبواری پزیشکی و چارەسەردا لەئەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:</u>**

**<u>یەکەم:</u>** چارەسەر کردن لەرێگەی ئیمان بەخوای گەورەو قەزاو قەدەر، گێڕانەوەی هەموو کارەکان بۆ خوای گەورە، لەگەڵ گەڕان بەشوێن هەر رێگایەکدا کەهەبێت بۆ رزگاربوون لەنەخۆشیەکە، خۆپاراستن و هۆشیاربوون، لەتوش بوون بەهەر نەخۆشیەك پاشان دەست گرتن بەهەموو هۆکارێکەوە کەببنە مایەی چارەسەری نەخۆشیەکە.

**<u>دووەم:</u>** ئیسلام لەدەرونی باوەڕداران و شوێن کەوتوانیدا، رازی بوون و قەناعەت دەچەسپێنێت و فێری ئارام گرتنیان دەکات لەسەر ئەو بەڵاو موسیبەتانەی کەتوشیان دەبێت.

**<u>سێیەم:</u>** ئیسلام فەرمان دەکات بەخۆپاراستن و بەرگری، ئەمەش بەدرێژی لەبواری پزیشکی پێغەمبەرو خۆپاراستن باس دەکەین .

**<u>چوارەم:</u>** ئیسلام فەرمان بەمسوڵمانان دەکات کەچارەسەری نەخۆشیەکانیان بکەن .

**<u>پێنجەم:</u>** ئیسلام بازنەیەکی فراوانی هەیە بۆ چارەسەر بەدەرمان و چارەسەری پزیشکی و نەشتەرگەری و هاوشێوەکان.

**<u>شەشەم:</u>** ئیسلام بەهەموو خەڵك رادەگەیەنێت کە بۆ هەموو نەخۆشەیەك چارەسەرێك هەیە.

**پێ زانینی چارەسەرەکان لەزانیاری خۆیەوەیەتی و پشت گوێ خستنی لەنەفامی خۆیەوەیەتی.**

**ئەمەش بەپێی سەردەم و کاتەکانی و پێشکەوتنی جۆری دەرمانەکانی و هۆکارە پزیشکییەکان دەگۆڕێت، پێغەمبەری خوا لەفەرموودەیەکدا دەفەرمویێت: (خوای گەورە لەگەڵ ناردنی هەر نەخۆشیەکدا چارەسەرێکیشی بۆ ناردوە، پێ زانینی لەزانیاری خۆیەتی و نەفامی لەنەفامی خۆیەتی تەنها (السام) نەبێت)، ووتیان ئەم وشە مانای چییە ئەویش فەرمووی: مردن)[3] .**

**لەم فەرمودە سەحیحە پیرۆزەوە هیوایەك دەبەخشێتە هەموو نەخۆشێك کە نەخۆشیەکەی چارەسەری هەیە، لەبەرئەوە ئەو نەخۆشە هەر نەخۆشیەکی ترسناکی هەبێت هیوا بڕاو نابێت، ئەمەش بەپێچەوانەی هەندێك بۆچۆنی ئێستاوەیە کەدەڵێت هەندێك نەخۆشی چارەسەری نیە.**

**پەیامی ئیسلام پەیامێکی دوولایەنە، لەرووی دروستیەوە دوو بۆچون هەیە (پزیشکی دەرونی لەگەڵ پزیشکی ماددی) تەنها لەسەر یەك روو دانەمەزراوە بۆ نمونە وەك لایەنی ماددی یان تەنها لایەنی دەرونی.**

**ئیسلام لەهەموو شتەکاندا بەم جۆرەیە دونیاو دوارۆژ بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە لەنێوان ماددەو ژیان، بەهەمان شێوە بۆ هەموو شتەکانی تر کەئەمەش کۆ کردنەوەی هەردوو شێوەکەیە.**

## پەیوەندی نێوان فیقە و پزیشکی

**پەیوەندی نێوان بوارەکانی فیقە و پزیشکی پەیوەندیەکی بەتینە لەزۆر رووەوە، کەئێمە لێرەدا بەکورتی باسی دەکەین.**

**<u>یەکەم</u>: هەموو مەسەلەکانی بواری پزیشکی لەئیسلامدا دەکەوێتە ژێر ئەحکامەکانی شەریعەت لەرووی حەرامی و حەلاڵی، لەرووی پابەند بوون بەئاداب و ئەخلاقی پێویست.**

---

[3] أخرجه الحاكم في المستدرك (401/4) وسكت عنه ، ورواه أحمد (446/1) رواه النسائي مختصراً (64/2) وابن حيان الحديث رقم 1398 ، والحديث صححه الألباني في سلسلة الأحاديث رقم 1650 (207/4)

**دووەم: فیقهی ئیسلامی پێویستی بەزانیاری پزیشکی هەیە بۆ داڕشتنی هەر حوکمێکی شەرعی بۆ مەسەلە پزیشکیەکان چونکە حوکم دران لەسەر شتێك بەشێکە لەبۆچونەکانی لەسەر ئەوشتە.**

**پزیشکەکان راستی و دروستی بابەتەکان بۆ زانیاری تەواو لەسەریان دەخەنە روو زاناکانیش لەروانگەی خۆیانەوە ئەحکامی پێویست دەردەکەن و بەمەش وردەکاری و تەواوکاری لەنێوانیاندا دروست دەبێت.**

**هەروەها زانایانی ئاینی پێویستی بەزانیاری پزیشکی هەیە لەزۆر بابەتدا لەوانەش:**

1- **پێویستە بزانیت ئایا ئەو شتە زیان بەخشە یان پیسە، هەتا حوکمی ئەوەی بەسەردا بدات کەحەرامە لەبەر زیانەکانی یان (مکروه)ە حوکمی لەسەر بدات ئەگەر زیانەکەی کەم بوو.**

**لەم بارەیەوە ئیمامی شافعی دەربارەی ئاوێك کە لەبەردەم خۆر دانرابێت دەڵێت (ئەو ئاوەی لەبەردەم خۆر دانراوە لەقاپێکداو لەولاتێکی گەرم: ( ئەمە بە (مکروه) نازانم، تەنیا کاتێك نەبێت کە لەرووی پزیشکیەوە خراپ بێت)**[4]

2- **لەبابەتی ئەوەی ئەگەر مرۆڤێك نەخۆش بێت دەبێت مۆڵەتی ئەوەی بدەی لەرووی دەست نوێژو نوێژ و حەج و رۆژو شتی تر. لەرووی ئەوەی کەعەقڵێکی تەواو نەبێت، یان شتێك بێت کەپێویستە رێگەی لێ بگیرێت و نەهێڵێت مامەڵە بکات.**

3- **لەحاڵەتی سەلماندنی بنەچەدا (نسب) لەهەندێك باری تایبەتدا.**

4- **لەچەسپاندنی تاوانێکدا لەرێگەی پزیشکی شەرعیەوە.**

5- **لەئەحکامی هاوسەرگیریدا وەك چەسپاندنی هەندێك کەم و کورتی کەدەبێتە مایەیی هەڵوەشاندنەوەی بەڵێننامە وەك (هەڵنەستان)**

**هەر بەم هۆیەوە بوە کەفەقیهەکانی پێشوو رەخنەیان لەهەندێك لەزانایانی سەردەمی خۆیان گرتوە کە گرنگیان بەزانستی پزیشکی نەداوە کەفەرزێکی کیفایەیە.**

**لەکۆتایدا دەڵێم کاروبارە پزیشکیەکان لەرووی شەرعیەوە پێویستی بەهاوکاری هەیە لەشێوازی زانایان و پزیشکەکان.**

(4) الأم ط. دار االمعرفة / بيروت (3/1) والمجموع للنووي ط. شركة االعلماء بالقاهرة (78/1)

**ڕێساو ئادابی پزیشك**

شەریعەتی ئیسلام کۆمەڵێك ڕێساو ئەحکام و ئادابی داناوە بۆ ئەو کەسەی چارەسەری مرۆڤ دەکات ئەو چارەسەرکردنە ئایا لەرووی جەستەبێ یان دەرونی یان هەر شتێکی تربێت. ئێمە لێرەدا باسی دەکەین.

**یەکەم:** دەبێت ئەو کەسە خاوەنی پسپۆڕی و لێهاتن بێت لەبواری پزیشکیدا، لەم کاتەدا دەبێت خاوەنی بڕوانامەی پزیشکی بێت و ڕێگە پێدراو بێت لەلایەن دەوڵەتەوە بۆکارکردن لەبواری پزیشکیدا کەئەمەش لەرووی شەرعیەوە موعتەبەرە.

**دووەم:** دەبێت کارەکانی بەپێی یاساو ڕێسای باوی ئەوکاتە بێت.

**سێیەم:** دەبێت دڵسۆزو ئەمین بێت لەکارەکەیداو پارێزگاری لەمافی هاولاَتیان بکات و بەوپەڕی توانایەوە هەوڵی داهێناکاری و وردەکاری و دڵسۆزی بدات[5].

**چوارەم:** شارەزای ئەحکامە شەرعیەکان بێت کەتایبەتە بەبواری پزیشکی و نەخۆش.

**پێنجەم:** خاوەن ڕەوشتێکی ئیسلامی بەرز بێت.

**شەشەم:** ڕێز لەپسپۆڕیەکەی خۆی بگرێت، بەوەی کەزۆر گرنگی پێ بدات و لەسەری بخوێنێتەوەو داهێنانکاری تیادا بکات و ڕێزی پسپۆڕیەکاىن بەرامبەریش بگرێت.

**حەوتەم:** پابەند بێت بەپاراستنی نهێنیەکانی پیشەکەی و ئەو بەهاو ڕێسا ئەخلاقیانەی لەئیسلام دیاری کراوە.

---

(5) يراجع لمزيد من التفصيل : البحوث المقدمة حول هذا الموضوع من الأساتذة الدكاترة : علي داود ، وأحمد رجائي الجندي ، وعبدالستار أبو غدة ، ومحمد عطا السيد ، ومحمد علي البار ، ومصطفى عبدالرؤوف ، وسعود الثبيتي ، المنشورة في مجلة مجمع الفقه الإسلامي ، العدد 8 ، الجزء 3 ، ص 10 ـ 407 ، والموسوعة الطبية ص 651 ـ 655

**هەشتەم:** سور بێت لەسەر چاككردنەوەی نەخۆش و هەموو هەوڵێكی لەگەڵدا بدات.

**نویەم:** نابێت تاقیكردنەوە لەسەر هیچ نەخۆشێك بكات تەنها بەرەزامەندی نەخۆشەكە نەبێت.

**دەیەم:** دەبێت پزیشك پابەند بێت بەیاساو رێساو سیستم و پەیڕەو بڕیارەكانی كەدەردەچێت لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندی بواری تەندروستیەوە.

## هەڵوێستی ئیسلام لەسەر نەخۆشیە گوازراوەكان

دەتوانین هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر نەخۆشیە گوازراوەكان بەم شێوەیە كورت بكەینەوە:

**یەكەم: لەرووی كرداریەوە:-**

پێویستە لەسەر نەخۆش هەرچی لەتوانایدا هەیە هەوڵبدات بۆ چارەسەر، ئەگەر ئەمە نەكات تاوانبار دەبێت، دەبێت بەهەموو توانایەوە هەوڵ بدات كەنەهێڵێت كەسێكی تر ئەو نەخۆشیە بگرێت، ئەویش لەرێگەی تێكەڵ نەبوونی و نەچونە دەرەوە تەنها بۆ پێویستی نەبێت. ئەوە ئازاردانی بەرامبەرەو زیان پێگەیاندنیەتی كەئەمەش حەرامە، لەبەرئەوە نابێت بەهیچ جۆرێك ئەم كارە بكات، چونكە لەرووی شەرعەوە حەرامە.

پێغەمبەری خوا دەفەرموێت (لا ضرر ولا ضرار ) نابێت نەزیان بەخۆی بگەیەنێت، نەزیانت بۆ كەس هەبێت.

كەئەمەش بەڵگەیە نابێت زیان بە بەرامبەرەكان بگەیەنێت و ئازاریان بدەیت، ئەوەشە كەپێویستە لەسەر لەش ساغەكان ئەوەیە نابێت لەوانە نزیك ببنەوە كەئەو نەخۆشیانەیان هەیە، بەڵام ئەوەش بەهێمن و لەسەرخۆی و شێوازی جوان دەبێت هەتا بەرامبەرەكان هەستیان بریندار نەبێت.

هەروەها ئەگەر هۆكارێك هەبوو بۆ خۆپاراستن لەو نەخۆشیە دەبێت بەكاربهێنرێت، مامەڵەی لەگەڵ نەخۆشەكەشدا دەبێت ئاسایی بێت.

**دووەم: لەرووی عەقیدەوە**

1- دەبێت نەخۆش رازی بێت بەقەزاوقەدەری خواو ئارام بگرێت لەسەر نەخۆشیەكەی و چاوی لەو پاداشتە بێت كە لەلایەن خوای گەورە دەستی دەكەوێت، چونكە هەر خاوەن بەڵاو موسیبەتێك بەقەد ئەو بەڵایە پاداشتی دەست دەكەوێت.

2- کەسانی لەش ساغیش دەبێت پشت بەخوا ببەستن  و ترس دایان نەگرێت.

بەڵام لەگەڵ ئەو عەقیدە راستە دامەزراوەشدا پێویستە دەست بگرین بەهۆکارەکان بەئارامی بەبێ ئەوەی هەستی بەرامبەرەکان بریندار بکەین ئەمەش مەبەست لەو فەرمودەی پێغەمبەری خوایە کە دەفەرموێت: (لا عدوى ولا طيرة، ويعجبني الفأل الصالح ، والكلمة الحسنة)[6] واتە نەخۆشی ناگوازرێتەوە بۆ یەکێکی تر تەنها بەقەدەرو ویستی خوا نەبێت.

ئیسلام لەم رێگەیەوە دەیەوێت ئارامیەکی دەرونی بۆ مرۆڤ دروست بکات بەوەی هەموو شتەکان بگەڕێنێتەوە بۆلای خوای گەورە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دەست بەهۆکارەکانەوە بگرین کەئەویش سوننەتێکی خوای گەورەیە بەمەش دوو هێز بەیەکەوە کۆدەکاتەوە.

هەروەها پێغەمبەری خوا لەفەرمودەیەکدا دوو شت بەیەکەوە دەبەستێت کەدەفەرموێت (لاعدوى) و لەنێوان (وفرّ المجذوم كما تفر من الأسد) هەروەها دەفەرموێت ( لا عدوى ولا طيرة .... وفرّ من المجذوم كما تفرّ من الأسد)[7] ، بۆ جەخت کردنەوەی لەسەر ئەم دوو شتە، فەرمانمان پێ دەکات کەبڕوامان بەقەدەری خوا هەبێت دەست بەهۆکارەکان بگرین چونکە هەردووکیان قەدەری خوایە.

---

(6) الحديث رواه البخاري في صحيحه ، الحديث رقم 1957 ، 5278 ، 5312 ، 5316 ، 5328 ، ومسلم الأحاديث رقم 4123 ، 4116 ، 4117 ، 4118 ، 4119 ، 4120 ، 4121 ، 4123 ، وسنن الترمذي الأحاديث رقم 923 ، 1540 ، 2069 ، وأبو داود الأحاديث رقم 3412 ، 3413 ، 3415 ، 3420

(7) صحيح البخاري ، باب الجذام ـ مع الفتح ـ (158/10) الحديث رقم 5707

## حەسوودی سەرچاوەی هەموو شەڕوو نەهامەتیەکانە بۆ مرۆڤ

گرنگترین شت لەئیسلامدا بریتیە لەدڵ پاکی و دورکەوتنەوە لە نەخۆشییە دەرونییەکان هەموو عیبادەتەکان کە لەئیسلامدا هاتووە بۆ ئەوەیە کەدڵێکی ناسك و پاکت هەبێت لەلایەك لە پەیوەندیت لەگەڵ خوداو لەلایەکی ترەوە لەگەڵ هەموو مسوڵمان و نامسوڵمانێکدا، ئەگەر مرۆڤی مسوڵمان ئەو دڵەپاکەی بۆ دروست بوو، هەموو ویست و کارو ئامانجێکی دەچێتە خێرو چاکەکاری، لەم ڕێگەیەشەوە لەچاکەی خەڵك و ژینگە و گیانلەبەرو بێ گیاندا کار دەکات.

خوای گەورە لەقورئاندا رزگاربوان و سەرکەوتوان دەبەستێتەوە، بەبوونی دڵێکی پاکەوە، بەمەش لەئاگر پارێزراو دەبن و دەبنە خۆشەویستانی خوا ﴿**يَوْمَ لاَ يَنفَعُ مَالٌ ولاَ بَنُونَ إِلاَ مَنْ اتَي اللَهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ**﴾ **الشعرا ء**( 88-89 )

چاکی دڵیش تەنها لە ڕێگەی ئیمانەوە بەدەست دێت، دەبێت ئەم دڵە خاوەنی خەسڵەتی تایبەتی بێت، نەخۆش نەبێت، دەبێت ئەم دڵە رق و کینەی تیا نەبێت و حەسودی نەبات، حەز بەخراپە نەکات بۆ بەرامبەرەکان، یەکێك لەگرنگترین و خراپترین نەخۆشی لەدوای هاوەڵ پەیدا کردن بۆ خوا حەسودیە.

حەسودی بووە مایەی یەکەم خوێن ڕشتن لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەویش ئەوەبوو کە قابیلی کوڕی حەزرەتی ئادەم هەستا بەکوشتنی هابیل، چونکە خوای گەورە خێرەکەی هابیلی وەرگرت، نیشانەکەش ئەوەبوو ئاگرێگ هات و خێرەکەی برد، لەبەرامبەر ئەمەدا هابیل بڕیاریدا بەرانێك بکاتە قوربانی و خواش لێی وەرگرت بەلأم قابیل چەند جامێك گەنمی کرد بەخێر و خوا لێی وەرنەگرت، چونکە نیەتی بۆ خوا پاك نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوە

بوو کە کچێکی ئادەم بخوازێت کە کچێکی جوان بوو، لەبەرامبەر ئەمەدا قابیل هابیلی کوشت.

بەڵام ئەمەی بەنەفامی کرد چونکە دوایی نەیدەزانی چۆن تەرمی براکەی بشارێتەوە، هەتا قەلە رەشێك هات و رێگای نیشاندا، هەروەها حەسودی هۆکارێك بوو لەوەی کەشەیتان بەرنەفرەتی خوا بکەوێت چونکە ئەویش فریشتە بوو، کەسێکی خوا پەرست بوو، کەسێکی هەڵبژێردراو و بڕوا پێکراو بوو، بەڵام لەکاتێکدا کەبینی خوای گەورە ئادەمی دروست کردوە و ئەو هەموو نیعمەتەی پێداوە و هەموو فریشتەکان کڕنوشی بۆ دەبەن، توشی حەسوودی هات و کڕنوشی بۆ نەبرد، لەسەر ئەمەش خوای گەورە نەفرەتی لێ کرد، ئەمەش یەکەم سەرپێچی و یەکەم دەرچوون بوو لەفەرمانی خوا کەبەهۆی حەسودیەوە بوو.

پێغەمبەری خوا لەفەرمودەیەکدا حەسودی بە (موس) ناودەبات فەرمووی (ناڵێم موو دەتاشێ، بەڵکو ئیمان دەتاشێت) لەفەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت (حەسوودی چاکەکانت دەخوات، وەك چۆن ئاگر دار دەخوات) یان لە ریوایەتێکی تردا هاتووە (وەك چۆن ئاگر پوش و گیا دەخوات).

دەبێت مرۆڤی باوەڕدار وریای خۆی بێت، چونکە هەموو ئەو عیبادەتانەی کە دەیکەیت لەنوێژ و رۆژو کاری چاکە، بەهۆی حەسودیەوە هەمووی لەناو دەچێت و لەرۆژی دوایدا مایە پووچ دەبیت.

حەسودی چەند پلەیەکی هەیە ترسانکترینیان ئەوەیە کە مرۆڤ خاوەنی دڵێکی رەش بێت، کە هیچ خێرێکی بۆ کەس نەوێت، ئەو کەسە بیناسێت یان نەیناسێت، چاکەی لەگەڵدا کردبێت یان خراپە، لەکاتێکدا کەدەبینێت یەکێك خێرێکی توش دەبێت دڵتەنگ دەبێت، وا دەزانێت ئەو خێرەی لەو بردووە لەکاتێکدا ئەمە خوا بۆی ناردووە.

خاوەنی ئەم جۆرە دڵە بوغزێکی رەشی تیایە، کەسی خۆش ناوێت، وەك لەهەندێك وتەی پێشیناندا هاتووە، خاوەنی ئەم جۆرە دڵە ئیمانی تێدا نیە، هەرچەند خۆشی بە باوەڕدار بزانێت، چونکە یەکێك لەداواکارییەکانی ئیمان ئەوەیە کەچیت بۆ خۆت پێ خۆشە بۆ براکەشت پێت خۆشبێت، هەروەها دەبێت گیانی برایەتی تێدابێت نەك تەنها بەدروشم و قسە بێت تەنها بە دروشم هەڵگرتن نابیت بەئیماندارى راستەقینە، چونکە ئێستا ئێمە ئەمە دەبینین، بەڵام برایەتی راستەقینە زۆر کەم بوەتەوە.

جۆرێکی تر له حەسودی ئەوەیە کە حەز دەکات بەرامبەرەکان ئەو خێرو خۆشییەی کەهەیانە نەیانمێنێت، کەئەم جۆرەش زۆر مەترسیدارە، خوای گەورە لەم بارەوە دەفەرموێت: ﴿أمْ يَحْسُدُونَ النَاسَ عَلَي مَا آتَاهُمُ اللهُ مِن فَضلهِ فَقَدْ آتَيْنَا آلَ إِبْرَاهِيمَ الْكِتَابَ والْحِكْمَةَ وآتَيْنَاهُم مُلْكاً عَظِيماً﴾النسا ء54.

خوای گەورە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کەهەموو نیعمەتە دنیایی و ئاینیەکان لەلایەن خواوەیە، دەبێت مرۆڤی باوەڕدار دڵنیابێت کە کەس توانای لێ سەندنەوەی نیعمەتێکی نیە لەکەسێکی تر، چونکە بڕیاری سەرەکی لای خوایە، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿قُل لَّن يُصِيبَنَا إلاَّ مَا كَتَبَ اللّهُ لَنَا هُوَ مَوْلاَنَا وَعَلَى اللّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾التوبة 51.

خوای گەورە شەڕو خێری بۆ دیاری کردوین، هەموو شتەکان لەنیعمەت و لەلای خواوەیە، ﴿وفِي السَمَاء رِزْقُكُمْ ومَا تُوعَدُونَ فَورَبِ السَمَاء والْأرض إِنَهُ لَحَقٌ مِثلَ مَا انَكُمْ تَنطقُونَ﴾الذاريات( 22-23).

لەم ئایەتە پیرۆزەدا هەشت تەوکیدی تێدایە یەکەم شت ئەوەیە کە ڕۆزی لەلای خواوەیە و لەئاسمانەوە دیاری دەکرێت نەك لەزەوی، خوای گەورە دەفەرموێت (رزقكم) واتە دراوە پاڵ (كم) واتە رۆزیەکی دیاری کراوە، لێرەدا ووشەیەکی (نكرة) دراوەتە پاڵ (معريفة) .

بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر یەکێك رۆزیەکی دیاری کراوی هەیە، ئەمەش نەکەم دەکات نە زیاد، پاشان دەفەرموێت (وما تدعون) لێرەدا خوای گەورە رۆزییەکەی پەیوەست دەکاتەوە بەبەڵێنی خواوە، خوای گەورەش پەیمانی خۆی ناشکێنێت، بەم شێوەیە هەرکەسێك خوای گەورە بەڵێنێکی بۆی هەیە، ئەم بەڵێنە تەنها بۆ بڕوادار نیە، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤ و گیاندارو هەموو زیندەوەرانی سەر زەوییە، هەموو شتێك لەلای خوای گەورە بەرێژەیە ﴿والَذِي قَدَرَ فَهَدَي ﴾الاعلي3. خوای گەورە لێرەدا سوێند دەخوات: ﴿فَورَبِ السَمَاء والْـارْض﴾.

بەکارهێنانی ووشەی (رب) دەلالەتێکی جوانی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کەئەوەی رۆزی پێوە دیاری دەکات پەروەردگارە لە (ربويه)وە هاتووە، واتە ئەوەی ئێوەی پێگەیاند کە لەسکی دایکتاندا بوون، ئێوە کۆرپەلە بوون لەناو سکی دایکتاندا رۆزی تەواوی پێدان، هیچ کەسێك نەبووە لەوێ مافی خۆی وەرنەگرێت، ئەو خوایەی کە تۆی دروست کرد لەدڵۆپێك ئاو، پاشان بویتە پارچەیەك گۆشت، پاشان کۆرپەلە و دوای ئەوەش دەبێت بە مرۆڤێکی تەواو، ئایا کە خوا تۆی دروست کردوە چۆن لەبیرت دەکات، خوای گەورە هەر لەو کاتەوە تامردن خۆی

بەرامبەر بەدروست کراوەکان بە (رب) ناو دەبات نەیگۆڕیوە بەناوێکی تر، بۆ نموونە (قهار) کە ئەگەر لێی توڕە بوو ڕۆزی نەدات، ووشەی (رب) مانای پێدانە ئەگەر بەرامبەرەکەی باش بێت یان خراپ، دەستی پێتەوەیە گەشەت پێ دەدات، هەروەك چۆن لەناوسکی دایکتدا چاودێری دەکرێیت، خوای گەورە دەزانێت تۆ باوەڕدار دەبی یان بێ باوەڕ بەلأم بەهۆی باوەڕەوە جیاوازیتان ناکات، چونکە پەوەردگاری هەموو جیهانیانە نەك تەنها مسوڵمانەکان تەنها خوای مرۆڤ نیە، بەڵکو خوای هەموو ئەو شتانەیە کە لەبونەوەردا هەیە، لەوانەیە لەبیری هەندێك کەسدا بێت و بڵێت ئەگەر ڕۆزی لەئاسمانە بۆچی دانابەزێتە سەر زەوی؟ بەلأم خوای گەورە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو خوایەی لەئاسمان ڕۆزی بەدەستە، هەر ئەو خوایەیە کە ڕۆزی لەسەر زەویش بەدەستە، بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر زەوی کەس هاوبەشی نیە، لەدوای ئەوە خوای گەورە دەفەرموێت: (**إنه لحق**)، ووشەی (**إنه**) بۆ تەوکیدە، ئەو (لام)ەش کە هەیە (لحق) بەهەمان شێوەیە، واتە نەگۆڕە، خوای گەورە بەوەندەش وازناهێنێت نمونەیەکی کرداریمان بۆ دەهێنێتەوە، کە ئەویش ئیعجازێکی زانستی قورئانە، کەس نکوڵی لێ ناکات: **مِثْلَ مَا أَنَّكُمْ تَنطِقُونَ** **الذاريات**23 .

مرۆڤ لەو ڕۆژەی کە دروست بوە دەنگێکی تایبەتی هەیە، هەرکەسە خاوەنی دەنگی خۆیەتی کە لەکەسی تر ناچێت، هەروەك سەری پەنجە کە پێکهاتەیەکی بۆ ماوەیی جینی هەیە، بەهەمان شێوە دەنگیش جینێکی تایبەتی لێی بەرپرسیارە، ئەو خوایەی کە ملیارەها مرۆڤ دروست کردوە، هەر کەس دەنگێکی تایبەتی هەیە، ئەمە نیشانەیەکی خوایە، بەهەمان شێوەش ڕۆزیدانی خوا بە دروست کراوەکانی بەهەمان شێوەیە.

حەسود بەرەکان زۆر گەمژەن، چونکە ئەوانە لەبێ ئاگایی و نەفامییەوە حەسودی دەبەن، ئەگەر ئەو ڕاستیە بزانن چۆن وادەکەن: **امْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ عَلَي مَا آتَاهُمُ اللهُ مِن فَضلِه فَقَدْ آتَيْنَا آلَ إبْرَاهِيمَ الْكِتَابَ والْحِكْمَةَ وآتَيْنَاهُم مُلْكاً عَظيماً** **النسا ء**54

خوا لەرێز و گەورەیی خۆیەوە ڕۆزی دەداتێ، بێ باوەڕبێ یان باوەڕدار مسوڵمان بێ یان نا مسوڵمان ڕۆزی دابەش کراوە، لەبەرئەوە مرۆڤی حەسود تەنها ستەم لەخۆی دەکات و هیچی بۆ سەوز نابێت.

لەئەنجامی بڵاوبوونەوەی حەسودییەوە زۆر شوێنکاری خراپ دروست دەبێت، لەوانەش ڕق و کینە لەنێوان کۆمەڵگەدا کە سەر دەکێشێ بۆ کوشتن، حەسودی دەبێتە هۆی دروست بوونی نەخۆشی جەستەیی، ئێستا دەرکەوتووە زۆربەی ئەو کەسانەی حەسودن توشی

نەخۆشی دڵ دەبن، چونکە مرۆڤ کە حەسودی بەیەکێك دەبات باری دەرونی تێك دەچێت، تورە دەبێت دڵە مەعنەویەکەی تێك دەچێت، دوای ئەوە دەبێتە نەخۆشی لە دڵە راستیەکەدا، لەبەرئەوە مرۆڤی حەسود مرۆڤێکی نەخۆشە، دەبێت چارەسەری خۆی بکات، ئەوەیش بەوە دەبێت تۆبە بکات و بگەڕێتەوە بۆلای خواو پشت بەخوا ببەستێت، بۆ ئەوەی بزانێت کە هەموو شتێك بەدەست خوایە، لەبەرئەوە لەجیاتی حەسودی بردن با خۆشەویستیی خەڵك بخاتە ناو دڵیەوە ئاشتی بۆ خەڵك بوێت، داوای چاکەیان بۆ بکات، نەفسی لەسەر ئەم شتانە رابهێنێت، وەك پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: ( **من تصبر صبره الله**) ئەگەر مرۆڤ نەفسی رابهێنێت لەسەر چاکەو عیبادەت خوای گەورە رێنمایی دەکات، ( **قد افلح من ذکاها** ) مرۆڤ هەرچەندە دڵی نەخۆش بێت و حەسود بێت، بەڵام شایەنی چاك بونەوەیە.

بەڵام دەرمانی ئەم دەردە بە بەهێزکردنی ئیمان دەبێت بەخوا، چونکە مرۆڤی حەسود دەبێت ئەو ڕاستیە بزانیت کە ئەو کارە تەنها دوبەرەکی بەناو خەڵکدا دروست دەکات و بەم کارە نە نیعمەت و رۆزی خەڵك بۆ تۆ دێت نە ئەویش زیانمەند دەبێت.

ئەوەش کە حەسودی پێ دەبرێت دەبێت پشت بەخوا ببەستێت، چونکە تەنها خوایە رێگری لە کاریگەری حەسودەکان دەکات، دەبێت باوەڕدار ئەو راستییە بزانێت، کە هەرچەند دەڵێن چاو بۆی هەیە، بەڵام قەدەر تەنها بەدەست خوایە، چونکە ئەگەر ئەوەی حەسودی پێ دەبرێت پشتیی بەخوا بەست و خۆی دایە پاڵ خوا ئەوا هەرگیز هیچی توش نابێت ئەگەر خوا رازی نەبێت، حەسود ناتوانێت کاربکاتە سەر رۆزیت لەبەرئەوە پێویست ناکات لەچاوی حەسود بترسیت، دەبێت تۆ لەبەرامبەر حەسودەکاندا پشت بەستنت بەخوا زیاد بکات و خواناسیت فراوانتربێت قورئان خوێندن و کاری چاکەت زیاد بکات، ئەمەش چارەسەرە، نابێت خۆت بەلاواز لەقەڵەم بدەیت و ترس دات بگرێت لەبەرامبەر حەسودەکاندا چونکە ئەگەر وابکەیت نیشانەی لاوازی ئیمانە، زۆر جار حەسودی پێ بردنت بەسود دەگەڕێتەوە بۆت، پاداشتت لای خوا زۆر دەبێت، خەڵك بەرگریت لێ دەکات.

کاتێك شەیتان لێت نزیك دەبێتەوە یان خۆیت لێ دەدات : **﴿إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَوْاْ إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِّنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ﴾الاعراف**201

لەو کاتەدا مرۆڤی باوەڕدار خوای بیر دەکەوێتەوەو چاوی دەکرێتەوە لەو کاتەدا شەیتان کەڕولاڵ دەبێت.

مرۆڤی حەسود شەڕی خۆی هەیە، بەڵام شەڕەکانی بەبێ ڕەزامەندی خوا زیان ناگەیەنن بە تۆ لەبەرئەوە هەرگیز نە لەحەسودی و نە لەچاوی کەس مەترسە، تەنها ترست با لەخوابێت، چونکە هەموو خێرو شەڕێکی بەدەستە، پشت بەخوا ببەستە هەتا لەخێرەکانت بۆ زیاد بکات و لەشەڕەکان بتپارێزێت.

## چاکسازی دەبێت لەدەرونی تاکەوە دەست پێ بکات

خوای گەورە لە ئایەتێکی قورئاندا باس لە گۆڕانکاری و چاکسازی دەکات و دەفەرموێت:
﴿إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾الرعد11

ووشەی (أنفسهم) لەم ئایەتەدا هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە ناوەوەی جەستەی مرۆڤدان وەك دڵ و گیان و عەقڵ، نەفسی مرۆڤ بەردەوام فەرمان بەخراپە دەکات، ئەو ئەندامانەی کەباسمان کرد، هەموویان پەیوەستن بەیەکەوە، ئەگەر ئەم ووشانە بەیەکەوە کۆبوونەوە مانای وەرگرتنی گشتیە، بەڵام ئەگەر هەریەکەیان بەجیا باس کران مانای وەرگرتنی تایبەتمەندیە، بەڵام ئەگەر هەریەکەیان بەجیا باس کران مانای وەرگرتنی کۆ دەنگیە، ئەگەر بەتەنیا باسی نەفس بکەین ئەوە مانای وایە باسی هەموو ئەوانی ترت کردووە کە لەناخی مرۆڤدا هەن لەئەندامە چالاکەکانی، ئیتر ئەو ئەندامانە هەرچی بێت لەگیان و دڵ و عەقڵ، یان لەکردارە ناوەکیەکان بێت، بەڵام ئەگەر هەموویان بەیەکەوە ناویان بهێنیت، ئەو کاتە هەریەکەیان بەجیا باسی دەکەین کە تیایدا مەبەست لەگیان لایەنی روحییە کەخوای گەورە وەك هەناسەیەك لەخۆی خستویەتیە جەستەی مرۆڤەوە
﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُ سَاجِدِينَ﴾الحجر29

ئەمە مانای بەرزبوونەوەیە لەکاتێکدا کە لەگەڵ کۆدا باسی دەکەین بەشێك لەلایەنی شەهوانی هەیە کە دەکەوێتە چوارچێوەی نەفسەوە، ئەگەر ئەم لایەنە چاك بێت، ئەو کاتە لەفەرمان بەخراپەوە دەگۆڕێت بۆ نەفسی (لوامة) سەرزەنشتکەر، لە دوای ئەمە دەگۆڕێت بۆ نەفسی رەزامەندی و دڵ ئارام بەرامبەر بەخوا. ئەو دوو ئایەتەی باسمان کرد باس تەنها لەنەفس دەکەن، واتە چاککردنی ئەوەی لە ناوەوەی مرۆڤدا هەیە، بۆ نموونە عەقڵ لەکاتێکدا کەباس لەئاوەدان کردنەوەی گەردون دەکات، دەربارەی دانایی کە وەك یەکێك لە

ئەركەكانی پێغەمبەر باسی دەكات، ئەمەش لەپاڵ چاكسازیدایە وەك دەفەرموێت: ( **هو الذي بعث في ألأميين رسولا منهم يتلو عليهم أياته** ).

خوێندنی ئایەتەكانی قورئان بۆ بەرزكردنەوەی گیانە، بۆ ئەوەی ئەم گیانە پەیوەست بێت بە بەدیهێنەرەكەی، بەمە لەزەوی بەرز دەبێتەوە كە پڕە لەلایەنی شەهوانی و ئاژەڵی بۆ ئاستێكی بەرزی روحانی، ئەم ئاستەش ئاستی فریشتەكانە، چونكە ئەوان سەرپێچی خوا ناكەن، پێغەمبەری خوا دەیەوێت مرۆڤ بەرزبكاتەوە، ئەویش لەرێگەی قورئانەوە، چونكە ئەم قورئانە روحی مرۆڤ بەرزدەكاتەوەو گەشەی پێ دەدا بەرەو ئاستی فریشتەكان.

(يزكيهم) واتە نەفس و دڵیان رۆشن دەكاتەوە و گەشەیان پێدەدا بەجۆرێكی لێ دەكات كە لەنەفسی فەرمان بەخراپەوە بیگۆڕێت بۆ نەفسێك كەهەست بە بەرپرسیارێتی بكات، ئەو نەفسەی كەهەست بە بەرپرسیارێتی دەكات خوای گەورە ناوی ناوە نەفسی لەوامە، واتە لەخۆی دەپرسێتەوە لەسەر كەمتەرخەمی لەهەرشتێكدا كە بیكات، لۆمەی مرۆڤ دەكات لەسەر هەڵەو تاوان، لۆمەی باوەڕدار دەكات لەسەر سستی و كەم كردنەوەی عیبادەتەكان یان نەكردنی سوونەتەكان، ئەمە لایەنێكی گرنگەو ئەركی گرنگی پێغەمبەریش بۆ ئەم بابەتەیە (قد أفلح من زكاها وقد خاب من دساها) پەروەردەو گەشەپێدانی نەفس لەڕێگەی خۆی و پەروەرشیارێك و شێخ و ئامۆژگاریكەرێك و مامۆستایەك و دڵسۆزێك و ژینگەیەكی باش و كۆمەڵێكی چاكە خوازو خێزانێكی باش و مزگەوت و قوتابخانە، یان هەر شوێنێكی تری باش، مامەڵەیان لەگەڵدا دەكات و لەگەڵیاندا كار دەكات، لەپێناو چاكسازی نەفس و هەنگاونان بەرەو چاكە خوازی وەك چۆن مرۆڤ ئاژەڵێكی سەركەش رادەهێنێت تا دەبێتە ئاژەڵێكی ماڵی دەستە مۆی هێمن و ئارام، بەم جۆرەش نەفسێكی خراپەكار، لەرێگەی ناوەندێكی چاكی وەك مزگەوت یان قوتابخانە یان كۆمەڵێكەوە دەگۆڕێت بۆ نەفسێكی چاكە خواز، ئەمە گۆڕانە لەبارێكی خراپەوە بۆ بارێكی چاكە، ئەگەر مرۆڤ بگاتە ئەم قۆناغە واتە مرۆڤێكە هەست بە بەرپرسیارێتی دەكات لەبەرامبەر خواو كۆمەڵگەو نەوەكانی داهاتوودا، كاتێك كەبەرپرسیاریەتێكی دەكەوێتە ئەستۆ، نە سستی و نە زیادەڕەوی تیا ناكات.

بەجۆرێك كار دەكات كەخوای لێی ڕازی بێت و لەبەرژەوەندی گشتیدا كار بكات، چونكە رەزامەندی خوا لەكارێكدایە كە خزمەت بەكۆی گشتی هاوڵاتیان بكات، ئەمە نەخشە رێگەی مرۆڤە بۆ چاكسازی، چاكسازی سەرەتا دەبێت لەدەرونەوە دەست پێ بكات، لەتاكەوە دەست پێ بكات پاشان بۆ خێزان و پاشان بۆ كۆمەڵگە، پێغەمبەری خوا هاوەڵانی بەم شێوەیە

پەروەردە دەکرد، هەر لەبەر ئەمەبوو هاوەڵان چەندە زیاتر لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بونایە ئەوەندە زیاتر پاك و چاك دەبوون، چونکە ئەو هاوەڵانە هەرچەند زیاتر لە خزمەت پێغەمبەردا بمانایەتەوە، ئەوەندە زیاتر ئاراستەی دەکردن بۆ چاك بوون و چاکە کاری، واشی لێ دەکردن کە لە دەرونەوە رقیان لەتاوان و سەرپێچی خوای گەورە ببێتەوە و خۆشەویستی ئیمان لەدڵیاندا زیاد بکات، چونکە هەر کاتێك مرۆڤ هەنگاوی نا بەرەو ئیمان و بەراستی وێڵ بوو بەدوایدا، خوای گەورە خۆشەویستی زیاد دەکات بۆی و وای لێ دەکات کە رقی ببێتەوە لە بێ باوەڕی و تاوان و سەرپێچی، لەم کاتەدا رقت لەتاوان دەبێتەوەو حەزناکەیت لێی نزیك ببیتەوە، ئا لەم کاتەدا نەفسی لەوامە دەگۆڕێت بۆ نەفسیی ئارام و دامەزراو (مطمئنة) بڕوای بەخوا بەهێزەو دڵنیایە، ناترسێت لەوەی کە تووشی تاوان ببێت، ترسی خوا لەدڵیدا رەگی داکوتاوە، ئەم لەخوا ترسانە وەك بەڵگە خوای گەورە لەچیرۆکی یوسفدا بۆمان باس دەکات، لەکاتێکدا کە ئافرەتێك خۆی دەخاتە بەردەستی بەڵام گەورەمان یوسف بەبێ بیرکردنەوە دەڵێت (معاذالله) پەنا بەخوا، بەم شێوەیە مرۆڤی باوەڕدار دەگاتە ئاستێك کە ئارامی و دڵنیاییە، خۆشی لە عیبادەت دەبینێت و دوردەکەوێتەوە لەبێ باوەڕی و تاوانکاری، دەگاتە ئاستێك رقی لە شتەحەرامەکان دەبێتەوە هەموو شتێکی بەلاوە ناشرینە کەبەلای خواوە خراپ و ناشرین بێت.

ئەمە ئەو باوەڕدارەیە کە گەیشتوتە ئاستی (نفس المطمئنة) دەرونی ئارام و دڵنیا، ئەمەش قۆناغی دوای نەفسی لەوامەیە، لەخوا ڕازیەو خواش لەو رازیە، رازیە بەهەموو قەدەرەکانی خوا، بەراستی دڵی لەسەر ئیمان دادەمەزرێت، ئاوڕ ناداتەوە بەلای ئافرەتی جوان و ماڵی حەرام، چونکە بەردەوام ئاگری دۆزەخی بیر دێتەوە، بیر لەڕەزامەندی خوا دەکاتەوە، بیر لەو ساتانە دەکاتەوە کە دەچێتە بەردەم خوا، خوای گەورە پرسیاری لێ دەکات، ئایا چۆن وەڵام بداتەوە جوانی ئافرەتەکە هەرچەند بێت و رێژەی پارە حەرامەکە هەرچەندێك بێت، بەڵام رەزامەندی خوا لەهەموو شتێك گەورەترە، بیرکردنەوە لە پاداشتی نەبراوە زۆر گەورەترە لەخۆشی و لەزەتێکی کورت و براوە، ئەو باوەڕدارەی دەگاتە ئەم قۆناغە لەقۆناغی ئارام گرتنەوە (صبر) دەگاتە قۆناغی سوپاس گوزاری (شکر)، ئارام گرتنی بەلاوە ئاسانە، بەلای ئەوەوە سوپاسگوزاری گرنگە، قۆناغی ئارام گرتن تێ دەپەڕێنێت لەساتەکانی ناخۆشی و ناڕەحەتیدا سوپاسی خوا دەکات، هاوەڵانی پێغەمبەری خوا لەئەم ئاستەدابوون،

چونکە بەردەوام گومانی باشیان بەخوا هەبووە رازی بوون لێی، بەقەدەرەکانی لەخێرو شەڕ، خوایان کردووە بەباشترین وەکیلی خۆیان باشترین وەکیل کە هیچ شتێك ناکات بەزیانی بەندەکانی کۆتایی بێت، هەرچەند توشی شکست یان زیان یان نەخۆشی ببێت، هۆکارەکانی هەرشتێك بن، خوا ئەگەر قەدەرێکی بۆ تۆ بڕیاردا ئەوە لەبەرژەوەندی تۆیە، ئەمەش سیمای گشتی هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان بووە.

دەگێڕنەوە دەڵێن عوروەی کوڕی زوبێر خوای لێ ڕازیبێت لەبەسرە دەژیا، تەمەنی نزیکەی 60 ساڵ بوو، توشی نەخۆشیەکی ترسناك بوو لەرانیدا، دکتۆرەکان ووتیان دەبێت ببردرێتەوە، بەبێ بەنج بەمشار قاچەکەیان بڕیەوە، لەکاتی بڕینەوەکەدا بورایەوە، کەهۆشی هاتەوە، یەکسەر سوجدەیەکی بردوو سوپاسی خوای کرد، دکتۆرەکە لێی پرسی بۆچی سوپاسی کرد، چونکە لەم کاتەدا دەبێت تۆ لەقۆناغی (صبر)دا بیت، ئەویش لە وەڵامدا ووتی کوڕی خۆم من لە قۆناغی (شکر) سوپاس گوزاریدام، چونکە خوای گەورە ئەو قاچەی پێداوم، من نزیکەی 60 ساڵ لەسەری رۆشتوم، ئێستا لێی سەندومەتەوە، خۆی لەبنەڕەتدا قاچەکە موڵکی خۆی بووە، خوا منیش و قاچاکەشی دروست کردووە، ئێستا لێم وەردەگرێتەوەو لەسەر ئەوە پاداشتم دەداتەوە، ئایا وانیە ؟

دکتۆرەکە ووتی بەڵێ وایە، پاشان ووتی کەواتە ئێستا من لەقۆناغی (صبر یان شکر) دام، من لەقۆناغێکدام ڕازیم بەقەدەری خوا، چونکە متمانەی تەواوم بەخوا هەیە، چونکە ئەگەر ئەم قاچەم بمایە لەوانەیە تاوانێکم پێ ئەنجام بدایە، سوپاسی خوا دەکەم لەسەر ئەم نیعمەتە، لەم گفتوگۆیانەدا بوون، پیاوێك هاتوو ووتی فلان کوڕت لەجەنگدا شەهید بووە، لەم کاتەدا کەخۆی توشی ئەم حاڵەتە بووەو ئەم هەواڵەشی بۆ هات، جارێکی تر سوجدەی بردوو شوکری خوای لەسەر کرد، دکتۆرەکە سەری لەم کارەی سوڕماو ووتی ئەی عوروە ئایا ئەمەش مەقامی شکور بوو؟ لەوەڵامدا ووتی خوای گەورە ئەم کوڕەی پێدام بۆماوەی 22 ساڵ، ئەمە نیعمەتێك بوو، بەڵام خوا بە گەورەیی و رێزی خۆی لێی وەرگرتمەوە، ئەویش لەرێگەی جیهاددا شەهید بوو، ئایا تۆ نازانی شەهید بۆ 70 کەس لە کەس و کارەکەی شەفاعەت دەکات و دەیانباتە بەهەشت؟ کەواتە لەم کاتەدا دەبێت من لەزۆرترینی ئەو کەسانەبم کە شوکری خوا بکەم لەسەر ئەم نیعمەتەدا ئەگەر هەموو دونیا موڵکی من بوایە دەبوایە بیبەخشم، پیاوەکە دەستی کرد بەگریان و دکتۆرەکەش لەگەڵیدا گریاو ئەوەندە بەم پیاوە کاریگەر بوو، هەتا کەوتە سەر زەوی.

ئەمە ئەو نەفسەیە کە لەنەفسێکی دڵشکاوو فەرمان بەخراپەو نەفسێکی چاو چنۆك و حەزکردن لە زیناو حەرامەکان و خواردنی ماڵی خەڵك و ئازاردانی خەڵك دەگۆڕێت بۆ نەفسی لەوامە، نەفسێکی دڵنیا، نەفسێکی رازی بەقەدەری خوا، خوا لێت ڕازی دەبێت، پاداشتت دەداتەوە، پاشانیش جێگەیەکی بەرزو باش و چاکت لەبەهەشت بۆ دادەنێت، ئەمرۆ ئێمە پێویستمان بە گۆڕانکاری نەفس هەیە، چونکە زۆر جار ووتراوە کە گۆڕانی کەسەکان بێ نەفسەکان بێ سوودە، ئێمە فێربووین هەر باسی گۆڕانی دەسەڵاتدارو پاشاکان دەکەین، بەڵام ئەگەر سەیری روخانی ستەمکارە گەورەکانی میصرو تونس و لیبیا و یەمەن بکەین، دەگەینە راستیەك، ئایا پاش گۆڕانی ئەمانە تاکەکان گۆڕان، نەخێر نەفسەکان وەك خۆیان ماون، ئێمە ئەمرۆ پێویستمان بەگۆڕانکاری نەفسەکان هەیە.

لە ئێستادا ئەوانەی کە خۆیان بە عەلمانی دەزانن، چەند هەڵەیەکیان قۆستوتەوە، پەنا دەبەن بۆ هەموو شتێك ئامادەن داوای هاوکاری لە رۆژئاوا و رۆژهەڵات و عەسکەر بکەن و ئابوری ووڵاتەکە وێران بکەن، تەنها لەپێناو رووخاندنی کەسێك یان کۆمەڵێك، کە واتە ئێمە لەئێستادا لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بەوەیە کە هەست بەلێپرسراوێتی بکەین بەرامبەر بەخواو نیشتیمان و هاوڵاتیان، ئەگەر هەڵەیەکمان بینی پێویستە بەڕێگەی یاسایی و ئاشتیانە تەعبیری لێ بکەین، ئاگاداری موڵك و ماڵی هاووڵاتیان و دامەزراوە نیشتیمانیەکان بین، با لەهەڵوێست و کردارماندا رەزامەندی خوامان لەبیر بێت نەك تەنها ئامانجمان خۆمان و پارتەکەمان و بەرژەوەندیە بچوکەکان بێت.

# پێغەمبەر شوعەیب وەك چاكسازێكی كەم وێنە

چاكسازی یەكێكە لە گرنگترین داواكاری و ئامانجەكانی پەیامە ئاسمانیەكان، ئەمەش لەدوای كاركردن بۆ وەرگرتنی بیرو باوەڕێكی راست و دروست دێت، چاكسازی دروشمێكی بنەڕەتی و سەرەكی پێغەمبەران بووە، هەروەك پێغەمبەر شوعەیب دەیووت ﴿.... **إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الإِصْلاَحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلاَّ بِاللّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ**﴾هود88

شوعەیب پێغەمبەر هەڵگری دروشمی گەورەی چاكسازی بووە لەبواری سلوك و مامەڵە كردندا، وای لەقەڵەم دەدا كەهاتووە بۆ چاكسازی لەبواری مامەڵەو ئابوریدا، چونكە گەلەكەی لەگەندەڵیدا رۆچووبون، خۆیان دابووە غەش و خیانەت و تەرازوبازی و رەچاوی هیچ بوارێكی هاوسەنگیان نەدەكرد، ئەمانەتیان نەدەپاراست و گوێیان بۆ هیچ بنەمایەكی شەرعی نەدەگرت و هەرچیان بویستایە بەئارەزووی خۆیان دەیانكرد.

خوای گەورە لە سورەتی هوددا بەم جۆرە باسی پێغەمبەر شوعەیب دەكات ﴿**وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْباً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ وَلاَ تَنقُصُواْ الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ إِنِّيَ أَرَاكُم بِخَيْرٍ وَإِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ مُّحِيطٍ**﴾هود84.

حەزرەتی شوعەیب لەدوو روانگەی سەرەكیەوە سەیری چاكسازی دەكرد، یەكەمیان عەقیدە بۆ چاكسازی لە دەروونی مرۆڤدا.

دووەمیان شەریعەت بۆ چاكسازی لە دەرەوەو هەڵسوكەوتەكاندا، پێغەمبەر شوعەیب بەهۆی عەقیدەوە مرۆڤەكانی پەیوەست دەكرد بەخواوە، چونكە دەیزانی كەغەش و خیانەت و فێڵ كردن لەتەرازوو، تەنها لەرێگەی عەقیدەیەكی پاك و بەهێزەوە چارەسەر دەكرێت، ئەگەر سەرنج بدەین ئەخلاق شتێكی زۆر گرنگە لەژیانی مرۆڤدا، ئەو قەیرانە ئابوریەی

که ئێستا هەڕەشە لەجیهان دەکات، قەیرانێکی ئەخلاقیە، شوعەیب بە (مالکم من إله) تەعبیری لێ دەکات، واتە هیچ پەرستراوو بەدیهێنەرو رۆزی دەرێکی ترتان نیە.

ویستی پێیان بڵێت ئەو هەولانەی کە ئێوە دەیدەن بۆ دەوڵەمەندبوون هیچ نین، چونکە شتەکان لای خوا دیاری کراون، خوای گەورە دیاری کردوە کەدەبێت مرۆڤ چۆن بێت، مرۆڤی باوەڕدار ئەگەر خاوەنی عەقیدەیەکی راست بێت تەماعکارو چاوچنۆك و چروك نابێت، بەجۆرێك نیە کەهەرگیز تێر نەخوات، ئەمە ئێستا قەیرانێکی گەورەی جیهانیە، سەرەڕای ئەوەی کە جیهان خاوەنی تەکنەلۆژیا و هۆکانی پەیوەندی بەرفراوانە، بەلام تەنها چارەسەری گرفتەکان لەعەقیدەیەکی راست و پاك و دروستدا خۆی دەبینێتەوە، لەدوای ئەوەی کە شوعەیب باوەڕدارەکان پەیوەست دەکات بەخوای گەورەو ڕێبازی راستەقینەیان پێ دەناسێنێت، فێری پشت بەستن بەخوایان دەکات و پەیوەستیان دەکات بە دوارۆژەوە، هەر لێرەوە فێریان دەکات کەدنیا کێڵگەی دوا رۆژە، فێریان دەکات کەچاویان ببڕنە دوا رۆژو لەپێناو گەیشتن بە بەهەشت و دورکەوتنەوە لەدۆزەخ کار بکەن.

ئەگەر مرۆڤ پەیوەست بێت بە دوو شت یەکەمیان باوەڕ، دووەمیان ئاگاداربوون لە دوارۆژ ناتوانێت بیربکاتەوە لە غەش و خیانەت و هیچ کارێکی خراپ، چونکە مرۆڤی باوەڕدار ئەو راستیە دەزانێت کەهیچ کارێکی خراپ لای خوا وون نابێت و لەدوارۆژدا توشی لێپرسینەوە دەبێت، مرۆڤی باوەڕدار دەزانێت ماڵی دزراوی دنیا هیچ سودێکی پێ ناگەیەنێت، چونکە بەمردن بەجێی دەهێڵێت و تەنها سزاکەی بۆ دەمێنێتەوە، ئەمەش هەر لەپاش مردنەوە دەست پێ دەکات لەدوای ئەوەش بۆ حەشرو لەکۆتایشدا یان بەرەو بەهەشت یان بەرەو دۆزەخ دەچێت.

ئەو کەسەی روو لەخراپەکاری دەکات، دوو شت پشت گوێ دەخات یەکەمیان باوەڕبوونە بەخوا دووەمیان گوێ نەدانە بەدوارۆژ.

ئایا چۆن مرۆڤێك دەتوانێت تاوانێك ئەنجام بدات بەلام لەوانەیە دوای خولەکێك یان سەعاتێکی تر بمرێت و بگەڕێتەوە بۆلای خوا، لەم کاتەشدا توشی دووجار لێ پێچینەوە دەبێت، جارێکیان لەناو قەبرەکەیدا، دوای ئەوەش ئەگەر رزگاری بێت گۆڕەکەی دەبێتە باخێك لەباخەکانی بەهەشت بەلام ئەگەر رزگاری نەبێت ئەوا گۆڕەکەی دەبێتە چاڵێك لەچاڵەکانی دۆزەخ.

خەڵك لەئەم رۆژگارەدا گرفتەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ دوو بوار، یەکەمیان ئەوەیە باوەڕێکی پتەویان بەخودا نیە کە بەدیهێنەرو دروستکەرو رۆزی دەریانە، زەمانەتی تەواوی داوە بۆ رۆزی بەندەکانی، ئەو رۆزیەشی دەست دەکەوێت و رێگەکەشی بۆ دەرەخسێنێ وەك لەسورەتی (زاریات)دا باسی کردووە، جەخت کردنەوە لەسەر چاکسازی دەروونی تەنها رێگەیە بۆ چاکسازی مرۆڤ لەرووی هەڵسوکەوت و مامەڵەو سلوکەوە، چونکە هەڵسوکەوتی مرۆڤ رەنگدانەوەی دەروون و ناخی مرۆڤەکەیە، چونکە ئەگەر دڵی مرۆڤ لەخوا ترسانی تێدابێت، ئەوا ئەندامەکانیشی ملکەچی فەرمانی خوا دەبن، ئەگەر لەکاتێکدا بێ ئاگاییەکیش رووی تێ بکات لەپڕ بەهۆش خۆی دێتەوەو تۆبە دەکات، لایەنی دووەم کەپێشەوا شوعەیب گرتیەبەر کەئەویش درێژ کراوەی مەنهەجی ئیسلامە، بریتیە لەشەریعەت، لێرەدا مەبەست لەشەریعەت چارەسەری لایەنی عەمەلیە لەهەڵسوکەوت و رەوشت و پەیوەندیەکانی لەگەڵ خەڵکیدا.

ئەم هەڵسوکەوتە شەریعەت رێکی دەخات، چونکە بۆ هەر هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ خوا بەحیکمەتەوە سنورێکی بۆ داناوە، ئایا حەرامە یان حەلاڵە، ئەمەش بەدەق روونی کردۆتەوە بەتایبەت لەبواری عیبادەتدا، یان لەرێگەی قیاس و ئیجتیهادەوە کەزانا خواناسەکان لەسەردەمی پێغەمبەرەوە هەتا خەلیفەکانی راشدین و دوایش قسەیان لەسەرکردووە.

شەریعەت لەرووی عەمەلیەوە جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە ئاینی راستەقینە بریتیە لە هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن، ئاستی نزیکی و دوری کەسێکی باوەڕدار لەخواوە بە سلوکی دیاری دەکرێت، لەم بارەیەشەوە فەرمودەی زۆر هەیە، نزیکترین کەس لەخواو لەبەهەشتەوە کەسانێکن کە خۆیان بەڕەوشت بەرزو جوان رازاندۆتەوە ئەوانەش کەدوورن لەخواو نزیکن لەئاگر ئەوانەن کەخاوەنی رەوشتی بەرزنین، ئەمەش پێوەری راستەقینەی مرۆڤە، مرۆڤ دەتوانێت خۆی هەڵبسەنگێنێت و بزانێت ئایا چەند لەخواوە دوورە یان چەند لەخواو بەهەشتەوە نزیکە، ئەویش بەهەڵسەنگاندنی خۆت دەبێت، سەیری سلوك و هەڵسوکەوتەکانت بکە خۆت دەناسیت ﴿**قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبون اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ**﴾**آل عمران**31.

شوێن کەوتنی پێغەمبەرو ئەنجامدانی کاری چاکە و رەوشتی بەرز پێوەری راستەقینەی مرۆڤە، عیبادەتەکان تەنها هۆکارێکن بۆ دروست کردنی کاریگەری لەسەر سلوك و

هەڵسوکەوتی مرۆڤ ﴿..إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ ...﴾العنکبوت45
هەروەها رۆژوو (لعلکم تتقون) تەقوا بریتیە لە لایەنی باوەڕ کەوا لەدڵ دەکات پەیوەست بێت بەخوای گەورەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ هەست بکات کەخوای گەورە چاودێری دەکات لەهەموو هەڵسوکەوتێکی دا **( أن تعبد الله کأنك تراه فإن لم تکن تراه فإنه یراك )**

ئەگەر کەسێك خاوەنی دەرونێکی چاك بێت ئەوا بەهۆی بیروباوەڕێکی راست و چاکەوەیە و ئەویش سەرچاوەی گرنگی گۆڕانکاری و چاکسازیە.

ئەگەر بەنیازی گۆڕانکاریت و دەتەوێت لەسەر پەیڕەوی پێغەمبەران بڕۆیت، پێویستە سەرەتا خۆت بڕازێنیتەوە بەعەقیدەیەکی پاك.

بەپێی فەرمانی خوا کاربکەین و بزانین کە رۆزی مرۆڤ بەدەست خوایە، هەروەها باوەڕ بوون بەخوا لە مەسەلەی ترسدا، ئەگەر لەم بوارانەدا ناتەواویەکت بینی پێویستە خۆت چاك بکەیت، یەکەم هەنگاویش دەبێت لەچاکردنی دەرونەوە دەست پێ بکەیت، پێویستە کار لەسەر چاککردنی رەوشتە خراپەکان بکەیت و لەشوێنی دا رەوشتی بەرز بڕوێنیت، چونکە ئەگەر دڵێك پاك بکرێتەوە لەشەیتان و حەزەکانی بەرەو خێر دێت، لەسەرەتاوە هەموو مرۆڤێك بەپاکی دروست بووە (کل مولود یولد علی الفطرة فأبواه یهودانه أو ینصرانه أو یمجسانه)

پێویستە هەموو بەیانی و ئێوارەیەك ئاگامان لەخۆمان بێت یادی خوا بکەین و ئاگاداری زکرەکان بین، با هەریەکەمان وەك عومەری کوڕی خەتاب بین، عومەر داوای لەخەڵك دەکرد کەخوای بیر بخەنەوەو لەدوای نوێژی خەوتنان پێ بڵێن (اتق الله یا عمر في لیلك)

لەبەیانیانیش لەدوای نوێژی بەیانی پێی بڵێن (اتق الله یا عمر في نهارك) ئەمە داواکاری عومەر بوو لەبرواداران، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە بەردەوام خوای لەبیر بێت و لێپرسینەوە لەخۆی بکات (حاسبوا أنفسکم قبل أن تحاسبوا وزنوا أعمالکم قبل أن توزن علیکم).

# سەرسەختترین دوژمن گەندەڵکارانن

گەورەترین دەرد کە ئەمڕۆ توشی کۆمەڵگای ئیسلامی هاتووە، چ وەك کۆمەڵگا چ وەك دەوڵەت، چ وەك تاك، چ وەك کۆمپانیا و کارگەکان، چ وەك دەزگاکان بریتیە لە دەردی (گەندەڵی).

ووشەی گەندەڵی  وشەیەکی فرە ڕەهەندە (گەندەڵی سیاسی  گەندەڵی کۆمەڵایەتی  گەندەڵی دارایی ...) هەر جۆرە گەندەڵیەکی تر کە بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، دەردێکی کوشندەیە.

هەر بۆیە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا، گرنگی رادەبەدەری بەچارەسەرکردنی داوەو هەرکاتێك بلاوبوەوە ئیتر بوارێك بۆ پێشکەوتن و گەشەپێدان نامێنێت.

گەندەڵی ئەو دەردە کوشندەیە کە دروست دەبێت و دەبێتە خۆرەی سەروەت و سامانی هەژاران و نەداران و هاولاتیان پڕ دەکرێتەوە، تا وای لێ دێت زۆرینەی خەڵکی دەناڵێنن بەدەست هەژاری و بێ کاری و هەلاوسانی داراییەوە.

لەبەر گرنگی ئەم بابەتەیە کە خوای گەورە لە (50) ئایەت لەقورئانی پیرۆزدا باسی کردووەو بە زیاتر لە (200) ئایەتیش قسەی لەسەرچاکسازی لەم بوارەدا کردووە، لەلای تاك و لەناو کۆمەڵگادا، کە ئەمەش گرنگی و ترسناکی حاڵەتەکە لەلامان زیاتر دەکات، بەتایبەت لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامی و گەلە تازە گەشەکردووەکاندا، کە لەدواکەوتویدا هاوشێوەمانن.

لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەی لەجیهاندا بەدی دەکرێت، بەڵێ بەداخەوە جیهانی ئیسلامیمان ئەمڕۆ لەسەر ئەو هەموو توانای ماددی و سەرمایەی مرۆیی و سامانە زۆرو زەبەلاحەی کە هەیەتی، بەڵام بەردەوام دواکەوتوویی و هەژاریی هەڕەشەی لێ دەکات. بەتایبەت کاتێك بەراورد دەکەین لەنێوانی ساڵی شەستەکان و ئێستادا دەبینین هەژاری و بێکاری بوەتە خۆرەی ژیان و سامان لەجیهانی ئیسلامیدا زیاتر لەجاران.

ئەمەش پێمان دەڵێت کە ئێمە بەپێچەوانەوە ڕێگامان گرتۆتەبەر  لەجیاتی بەرەو پێش چوون بەرەو دواوە دێین.

روون و ئاشکرایە چەندین هۆکاری سیاسی کاریگەریان هەیە، بەتایبەت لەو دەوڵەتانەی لەدەرەوەی جیهانی ئیسلامی دا کەخێریان بۆ ئەم ئوممەتە ناوێ، ئەگەر چی ناکرێ هاوکات هیچ لەمانە بکرێتە بیانوی برەودان بەگەندەڵی.

کەی ڕەوا بووە مرۆڤ چاوەڕێ بکات نەیارانی سەرکەوتنی ئەویان بوێت، ئێمە کێشەو کەم و کوڕیمان لەپەیامی پەروەردەیمان نیە کە قورئانە، ئێمە کێشەمان لەوەدایە کەبەردەوام وەك گەلێکی (بەکاربەر) ژیان بەسەر دەبەین و ناحەزانیش خۆشحاڵن بەوەی (ملیارێك و حەوت سەدملیۆن) (بەکاربەر) هەبێت و توانای بەرهەمهێنانی نەبێت و کاڵاکانی ئەوان ساغ بکەینەوە، جا لەبواری کشتوکاڵی یان پیشەسازی یان هەرجۆرێکی تر بێت.

بۆ ئەوەی وازبێنن لەبیانوی بونی نەیارو کێشەی دوژمنداری کردنمان لەلایەن بێگانەوە، قورئانی پیرۆز بەراشکاوانە دەفەرموێت: **أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَـذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ** آل عمران165

قورئان ئاگادارمان دەکاتەوە کەپێویستە خۆمان بەهۆکاری یەکەمی کێشەکانمان بزانین، ئێمە کەبەردەوام بەدوای داخوازییە تایبەتیەکانمانەوەین و کەمتر، یا هەر ناڕوانین بۆ داخوازیە ستراتیژیەکانمان و دەمارگیری و خۆپەرستیمان گەیاندونیە ئەمڕۆ، لەکاتێکدا بەرانبەر خوای گەورەو ئەوەی لە داهاتوشدا روودەدات بەرپرسیارین، کە نەمانتوانیوە بەڕێگایەکدا بڕۆین بمانگەیەنێتە پایەی باشترینی خەڵکی سەرزەمین، (شێخ محمد عبده) دەڵێ (کاتێك سەردانی پاریسم کرد، ولاتێکم بینی کە ئاینەکەیان دەڵێ، ئەگەر - لەروومەتی راستیاندای ئەوا روومەتی چەپیشی بۆ بگرە، هاوکات زیاتر لەهەزاران کەشتی دەریایی و جەنگی و بازرگانی و پیشەسازیم بەدی دەکرد، کاتێکیش گەڕامەوە وولاتەکەی خۆم کەئاینەکەی دەفەرموێت: **وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ**

**اللّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لاَ تَعْلَمُونَهُمُ اللّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ الأنفال**60 کەچی لەجیاتی هەزاران کەشتی  ملیۆنان کەسی بێ ئاگام لەکەناری دەریاکاندا دەبینی).

ئەم جیاوازیە نامۆیە لەکۆمەڵگای ئیسلامی دا، دەبێ چارەسەر بکرێ، ئەگەر نا هەر بەدواکەوتوویی دەمێنێتەوە و بێ بەش دەبن لەژیان.

لەدیارترین هۆکاری دواکەوتویشمان (گەندەڵی)یە بەهەموو شێوازەکانیەوە، ئەمڕۆ قسە کردنە لەسەر (گەندەڵی دارایی) و قورئانی پیرۆز بەترسناکی باسی لێوە دەکات، کە سزاکەی دونیاییە بەر لەدوارۆژ: **ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ الروم**41

جێ دەستی مرۆڤەکانە بۆتە مایەی کێشە گەلێکی زۆرو بەدوایدا هەژاری بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش بەردەوام دەبێت هەتا دەگەڕێنەوە سەر رێبازی راست.

هەست کردن بەخراپ رەوی خۆمان و دەرئەنجامی گەندەڵی لەژیاندا، بۆ خۆی لەچوارچێوەی ئەو پەروەردە ئیجابیاتەیە کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێ دەکات، ئەگەر نا خەڵکانێك خودا لەبیردەکەن و خوپەرستی و خۆویستی ژیانیان داگیر دەکات، بێجگە لەتێکدانی ژیان لەسەر زەوی و شێواندنی ژینگە هیچی تری لێ چاوەڕێ ناکرێت، کاتێك دەفەرموێت **وَمِنَ النَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ البقرة**204

خوای گەورە گەندەڵکاران بەسەرسەختترین دوژمن ناو دەبات، باس لەبێ باوەڕی یان بت پەرستیان ناکات، بەڵکو باس لە ترسناکی گەندەڵ چیەتیان دەکات.

خوای گەورە باسی سەختترین سزای کەسانێك دەکات کە کارو پیشەیان بۆتە گەندەڵچیەتی و دژایەتی خواو پێغەمبەر دەکەن، لەرێگای فرسەت هێنان لەسەروەت و سامان و ژیانی خەڵکی پڕ لە ئاشوب و ئاژاوە دەکەن **إِنَّمَا جَزَاء الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَاداً أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ المائدة**33

ترسناکترین بواری گەندەڵیش، گەندەڵی داراییە، کە بریتیە لەبردنی ماڵی کەسێکی تر بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی تێدا هەبێت، جا ئەو سامان خۆری و گەندەڵی داراییە،

بەبەخشینی بێت بە (فەرمان ڕەوا) یان بەنەبەخشینی بێت بە (دادوەر یا مامۆستا یا بەڕێوبەر یا هەرکەسێکی تر) ئەمە شێواندنی ژین و ژیانی خەڵکی بەدواوەیە.

قورئان دەفەرموێت ﴿وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُواْ بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُواْ فَرِيقاً مِّنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾البقرة188

ئەگەر بەوردی سەرنجی راڤەی ئایەتەکە بدەین دەبینین قورئان ئاماژە بەو راستیە دەکات کەئەوەی دەدرێت بەدەسەڵاتداران لەبەرانبەردا ئەوان هیچ نادەنە کەس لەگیرفانی خۆیان، بەڵکو لەسەر حیسابی خەڵکی ترو لەمافی خەڵکی تر دەبڕن، یا لەسامانی دەوڵەت و دامەزراوە دەیبەخشن، کە هەر مافی گشتیە.

جا لەبەرانبەردا بزانە هەر دەسەڵات و پلەو پایەو کارو بەرزکردنەوەی پلەیەك بەبێ مافی خۆی هەر دەچێتە چوارچێوەی گەندەڵیەوە.

با بزانین خوای گەورە باس لە (یەهود)یەکان دەکات، ئەوان خاوەنی دەسەڵاتی ئاینی بوون و بە هەڕەشەی بێ بەش بوون لەرەحمەتی خوای گەورە بەهۆکاری (أكل السحت) وەك عەباس و زۆرێك لەزانایانی تەفسیریش هەروای بۆ دەچن (السحت) واتە (بەرتیل) دا خۆی دەبینێتەوە، ئاخر گەندەڵی (بەرتیل دان) و (بەرتیل خواردن) زۆر ترسناکە کە کارەکان هەموو تێك دەچن و یاسا دەشێوێ و هاوسەنگی نامێنێ، ئەوانەش کەهاوسەنگن لەژیانیاندا نازانن چ کارێك بکەن، بۆیە ئەوسا ئەوانەش چاکە خوازو چاکسازن سەرقاڵ دەکرێن، نازانن چۆن مامەڵە  لەگەڵ ئەم دنیای بەرتیل دان و وەرگریەدا بکەن.

ئەوانەی خۆیان لەبەردەم ئەم پاڵە پەستۆیەی ژیاندا دەگرن، بۆیە پێویستە (بەرتیل دەر) و (پیری بەرتیل خۆران) و دەزگای بەرتیل و گەندەڵ چیەکان بەخۆیاندا بچنەوە  چونکە سزایان زۆر سەختە، با پەند وەربگرن.

لە رۆژئاوادا کاتێك گەندەڵیەکی بەرتیل ئامێز دەردەکەوێت  بەرتیل خۆران دەشکێنن و لە تابلۆی رەشدا تۆمار دەکرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت.

حاڵی کەسێکم دی کە بۆ پۆستی (سەرۆك وەزیران) خۆی پاڵاوتبوو لەیەکێك لە وڵاتانی ئەوروپادا، بەڵام کاتێك دەرکەوت تەنها (250) دووسەدو پەنجا دۆلاری لە جێی خۆیدا خەرج نەکردبوو، نەك هەزاران دۆلار  ئەم کەسە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کرد، بە بەهانەی ئەوەی نەیتوانیوە لەبەرانبەر سامانی گشتیدا متمانە بەدەست بهێنێت (چەند هەڵوێستێکی جوان و مەردانەیە ..!!) .

بەرتیل وەك خۆركە وایە بۆیە پێغەمبەرمان ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت (لعن الله الراشی) واتە بێبەری خوا لەوانەی بەرتیل دەدات (والمرتشی) وەبەرتیل وەرگر (والراش) ئەوەش نێوانیان ساز دەکات و بەیەکتریان دەگەیەنێ.

لەکۆتاییداچارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیە کوشندەیە تەنها لەبەرپرسیاریەتی دەوڵەت نیە، بەڵکو ئەرکی هەموو لایەکمانەو پێویستە لەسەر هەموان لێی بێدەنگ نەبین و بەڕاشکاوانە رووبەڕووی ببینەوەو لەلۆمەی لۆمەکاران نەترسین  خوای گەورە یارو یاوەری گشت لایەکمان بێت.

## گەندەڵی ئیداری و مەترسیەکانی

لەرۆژگاری ئەمڕۆدا گەندەڵی ئیداری زۆر ترسناکترە لەگەندەڵی دارایی، بەڵکو دەتوانین بڵێین گەندەڵی ئیداری هۆکاری گەندەڵی سیاسی و دارایی و کۆمەڵایەتیە.

مەبەستمان لەگەندەڵی ئیداری سێ جۆرە:

یەکەم: دیاری کردنی کەسی نەشیاو بۆ پۆست و کارێك کە دەکرێت ئەو کەسە گونجاو بێت بۆ کارێکی تر، ئەم دیاری کردنە لەسەر بنەمای نەگونجاوی (جۆرێکە لەگەندەڵی ئیداری) چونکە هەر ئەرك و پۆستێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، قورئانی پیرۆز لەچەندین شوێندا باسی کردوە لەوانەش چیرۆکی پێغەمبەر یوسف (سەلامی خوای لەسەر بێت) کاتێك خۆی دەپاڵێوێت بۆ پلەی وەزیری دارایی و گەنجینەکان و کاروباری سیاسەتی رێکخستنی ژێرخانی ئابوریی بۆ سەردەمی گرانی، کاتێك بەپاشا دەڵێت ئاماژە بەدوو مەرج دەکات:

1- زانایی و ئەزموونداری.

2- دەست پاکی و دڵسۆزی و لەخواترسان.

وەك دەفەرموێت: ﴿**قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَآئِنِ الأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ** ﴾**یوسف**55، حفیظ: مەبەستی ئەوەیە جێگای متمانەم و لەخواترسم و سوپاس بۆخودا ئەزموندارم، لەکاتێکدا لەناو کۆشکی مەحکەمی پاشادا ئافرەتێك بانگی دەکات بۆ سەرجێی لەگەڵ کردن، یوسف

پێغەمبەر دەفەرمویٚ پەنا دەگرم بەخوا (معاذ الله) و تەنها رێگرێك لەوەلاٌمدانەوەی داخوازیەکەی لەخوا ترسان بوو، هاوکات خوای گەورە زانیاری و توانای پێ بەخشیوە لەو ساتانەی لەبەندیخانەدا بوە، چ ئەوەی وەك وەحی خوایی چ ئەوەی لەئەنجامی تێڕامان و بیرکردنەوە ئەزمونی کرد.

لەوردبونەوە لەچیرۆکی (موسى) (سەلامی خوای لێ بێت) دەگەینە ئەو راستیەی کە لایەنی کرداری گرنگ ترە لەلایەنی زانیاری، ئەوەتا کاتێك یەکێك لەکیژەکانی (شعیب) دوای هاوکاری کردنیان لەلایەن (موسى) پێغەمبەرەوە لەئاودانی ئاژەڵەکانیان دەڵێت: ﴿قَالَتْ إِحْدَاهُمَا يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ﴾القصص26.

تەنها زانیاری بەس نیە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شوانی و کاروباری پیشەسازی کەپاڵپشتی توانای جەستەی ئەنجام دەدرێت یان توانای پلانسازی ـ بەڵکو ئەمانەت پارێزی بەردەوامی مەرجە جا بۆ کارێك بێت پێویستی بەتوانای جەستەی بێت یان توانای عەقلی، ئەم دوو مەرجە لە (ئەمانەت پارێزی و دڵسۆزی) لەسەرجەم بوارەکانداو لەهەموو پلەو پوستەکاندا داواکراون.

بەلاٌم کاتێك (موسا) پێغەمبەر (هارون) دەپاڵێوێت بۆ پاڵپشتی خۆی لەبواری بانگەوازو گەیاندنی پەیامی خوادا ... باس لەمەرجێك دەکات کەپێداویستی هەر کەسێکە لەپێغەمبەران یان بانگخوازان، ئەویش رەوان بێژی و زمان پاراوی و توانای کاریگەریە وەك دەفەرمویٚت (هو افصح منی لساناً )، لێرەدا باس لەهێزی رەوان بێژیە نەك هێزی جەستە.

قورئانی پیرۆز رێنمویمان دەکات کە ئەرك و بەرپرسیارێتی و کاروبارەکان چۆن یەك نین، هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و هەر بەرپرسێك سەرۆکە، بەڕێوەبەرە، ئیمامی مسوڵمانانە، کاتێك خوای گەورە هەر ئەرکێکی دەخاتە ئەستۆ پێویستە رەچاوی ئەم دوو مەرجە بکات:

1- پسپۆڕی لەو بوارەدا.
2- ئەمانەت پارێزی و دڵسۆزی (کەبەردەوام خوازراوە).

هەر بەرپرسێك کارێکی پێ سپێردرابێت بەبێ رەچاو کردنی ئەو دوو مەرجە ئەوە دەچێتە بازنەی گەندەڵیەوە، کەزۆرێك لەئایەت و فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ باسیان

لەترسناکی گەندەڵی ئیداری کردوە، بۆ دونیاو دوارۆژی مرۆڤ، لەچوارچێوەی نیشانەکانی رۆژی دوایی باسیان لێوەکراوە.

ئەوەتا کاتێك پرسیاری هاتنی رۆژی دوایی دەکات لەپێغەمبەر(ﷺ)ئیشارەتی بۆ دەکات کەقسەی پێ نەبڕێت و دوای تەواو بوون فەرموی کوا ئەو کەسەی پرسیاری دوارۆژی کرد؟ فەرموی ئەوە منم ئەی پێغەمبەری خوا، ئەویش فەرموی (هەرکاتێك ئەمانەت لەدەست چوو ئەوسا چاوەڕێی دوارۆژ بکە) کابرا وتی (ئەی پێغەمبەری خودا چۆن لەدەست دەچێت؟ فەرموی (هەر کاتێك کار بەخاوەنی خۆی نەسپێردرا)

زانایانمان راڤەی ئەم فەرمودەیان بەدوو شێوەی جوان کردوە  کەهەر دوو راڤە ویستراون

راڤەی یەکەم: هەرکاتێك کارێك بەکەسێك سپێردرا کە لەئاستی ئەو بەرپرسیارێتیەدا نەبووە جا بەهۆی خزم خزمێنەو یان بەرتیل یان هەر کارێکی تر بێت  ئەمە لەنیشانە گەورەکانی دوارۆژە کەجیهان پێی دەشێوێت.

راڤەی دووەم: چاوەڕوانی دوارۆژی ئەو فەرمانگەیە بکەن یان ئەو دەوڵەتە یان ئەو گەلە بکەن کە کەسی نەشیاوی بۆ دانراوە، واتە چۆن لە دوارۆژدا هەموو شتێك تێکدەچێت ئەوا دوارۆژی ئەو گەل و دەسەلأتەش تێك دەچێت، تەنانەت ئەوەی ئەمڕۆش دەبینین لەسایەی شۆڕشی عەرەبی دا کاتێك حکومەتە هەڵبژێردراوەکانیش چارەسەری ئەم کێشەیەیان لەلا گرانەو ئاسان نیە سەرکەوتوبن لە راستکردنەوەیدا  چونکە حکومەتەکانی پێشوو دەستیان لەهەموویدا بووە، لەکوێوە دەست پێ بکەین دادوەری یان بواری زانستی یان پۆلیس  لەسەرەتاوە بەکارمەندێك یان دوای دەست پێ دەکات کەشایستەنین و پاشان زیاد دەکات ئەوسا چارەسەری گرانە.

دووەم جۆری گەندەڵی: گەندەڵی لەبەڕێوەبردندا بەپێدانی پلەو پایەو ئیمتیازات و بەرزکردنەوەدا  ئەمەش لەلایەن بەرپرسەوە نە بەدادپەوەری بەڵکو تەنها لەسەر بنەمای ئارەزوو بازی و سیخوڕی و ماستاو چێتی و بەرتیل دان، ئیتر دەچینەوە هەمان چوارگوشەی یەکەم، چونکە باسەکە تەنها دامەزراندنی کارمەندو دڵسۆزان نیەو بەس، بەڵکو باس لەماف و ئەرکەکانە کەپێویستە بەدادپەروەرانە بڕوات و ئارەزوو بازی مرۆڤ نەبێت، چونکە هەرکات دادپەروەری پەرەی سەند، هەست کرا بەستەم لێکراوی ئەوسا لێکترازان و دورکەوتنەوە زیاد دەکات و ڕق و کینە دروست دەبێت.

(زانایانی دەروناس) دەڵێن هەرکاتێك مرۆڤ باوەڕی بەکارەکەی هەبوو ئاسودە بوو ئەوا دەتوانێ (100٪) وزەی خۆی خەرج بکات، بەڵام بەهەر هۆیەك ئاسودەی نەما ئەوا (50٪) سارد دەبێتەوە لەکارەکەی، چالاکی بکات یان نا، بەهەمان شێوە فەرمانگە پەیوەست بێت بەدڵی کارمەند وەهەست بەدادپەوەری بکات، بەرهەمیش زۆر دەبێت، ئەمە لە ئەوروپادا بەدی دەکرێت کاتێك خاوەنی کارگەیەکی ناسراو دەپرسێت ئایا لای ئێوە یاسای پاداشت و سزا لەکارگەی ئێوە هەیە؟ لە وەڵامدا ووتی ئێمە خێزانێکمان لایە کە چاودێریان دەکەین و ئەوانیش هاو سۆزیان بۆ کارگەیە نەك بۆ کەسەکان بەمەرج و بەبێ مجامەلە.

سێیەم جۆری گەندەڵی: لە جۆرەکانی گەندەڵی ئیداری، ئەوەیە کەسێك پۆستەکەی بەفرسەت دانێ بۆ هەرشتێ بیەوێت  پیا هەڵدان و خۆ پێ گەورە کردن و خۆ پێ ناسین لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا  بەبێ پاساوی گونجاو، کە ئەم جۆرە لەخراپترین بەشەکانی گەندەڵی ئیداریە کە دەبێتە هۆکاری سەرەکی لەدروست بوونی کێشەکان و کاول بوونی وولاَت و پوچەڵ بوونی دەسەلاَت.

ئەم جۆرە لە گەندەڵی مایەی زۆربوونی فێڵ و کەمتەرخەمی و بەتاڵان بردنی سامانی خەڵکانی پاکە لەم بوارەدا فەرموودە هەیە، بڕوانە چۆن پێغەمبەر مامەڵە لەگەڵ کەسێك دەکات کە بەهۆی پێگەی کارەکەی توانیویەتی فرسەت بهێنێت، کاتێك ترسناکی کارەکە دەبینرێت (ابی حومەیدی ساعدی) دەفەرموێت پێغەمبەری خوادا پیاوێکی لە (بنی ئەسەد) بەناوی (إبن لثبیە) دیاری کرد بۆ کۆکردنەوەی (صدقات) کاتێ هاتەوە ووتی (ئەمە بۆ ئێوەو ئەوەش هی خۆمەو پێشکەشم کراوە) پێغەمبەری خوا چووە سەر مینبەرو فەرمووی (دوای سوپاس و ستایشی خودا) (حاڵی ئەو کارمەندەمان دەبێت چۆن بێت، دەینێرین بۆ کارێك و کە گەڕایەوە دەڵێ ئەوە بۆ ئێوەو ئەمەش بۆ من، خۆزگە لەماڵی باوك و دایکی دابنیشتایە و چاوەڕێ بوایە ئایا هیچی بۆ دەهات؟ سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستەو هەر شتێکی بدرێتی رۆژی دوایی لەسەر گەردنی هەڵی دەگرێت ... هتد) پاشان دەستەکانی بەرز کردەوەو هەتا بن هەنگەڵیمان بینی و فەرمووی (ئایا گەیاندم) سێ جار دووبارەی کردەوە.

(فوراتی کوڕی مسلم) دەگێڕێتەوە (عمر کوڕی عبدالعزیز) رۆژێك حەزی لە سێو بوو بەڵام پارەی پێ نەبوو تا بیکڕێت  پێکەوە رۆشتین گەیشتە گەنجێك بەرچنەیەك سێوی پێ بوو، خەلیفە (عومەر) سێوێکی هەڵگرت و بۆنی کرد دوای داینایەوە  ووتم هەڵی گرە 

فەرمووی نامەوێت  ووتم خۆ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ و ئەبوبەکرو عومەر دیاریان ڕەتنەکردۆتەوە، ووتی بەڵێ بۆ ئەوان دیاری بوو بەلاَم بۆ کاربەدەستانیان دەبێتە بەرتیل.
(عومەری کوڕی عبدالعزیز) کە لەبەرانبەر بڕە پارەیەك کارەکانی رادەپەڕاندو لەماڵەکەیدا دوو چرا هەبوون  یەکیان بۆ کاری ماڵی خۆی بەکاری دەهێنا کە بەپارەی خۆی زەیتەکەی دەکڕی  بۆ چراکەی تر بەپارەی (بیت المال) زەیتەکەی دەکڕی بۆ کاروباری مسوڵمانان بەکاری دەهێنا. بەم شێوە پێشینانمان کارەکانیان دەکرد، بۆیە توانیان جوانترین شارستانیەت پێشکەش بکەن و زاڵبن بەسەر هەموو جۆرەکانی گەندەڵیدا .

## گەندەڵی ژینگەیی و مەترسیەکانی لەسەر ژیانی کۆمەڵگە

لە ووتارەکانی رابردوودا باسی هەڕەشەو ترسناکی (گەندەڵی دارایی  و گەندەڵی ئیداری) مان کرد، لەم وتارەشدا باسی ترسناکی گەندەڵی ژینگەیی دەکەین لەگۆشە نیگاو تێڕوانینی ئاینی ئیسلامەوە، کاریگەری و مەترسی ئەم جۆرە گەندەڵیە بەسەر تەندروستی و ژیان و مرۆڤ و زیندەوەرانەوە لەم بونەوەرەدا.
مەبەست لەژینگە بریتیە لەزەوی و هەموو ئەو شتانەی کە لەدەوروبەرمان هەیە، وەکو ئاو و دەریاکان و ئاسمان و هەواو هەرشتێکی تر، هەموو ئەو شتانەی دەوری مرۆڤی داوە بەژینگە دادەنرێت و پێویستە پارێزگاری لێ بکات، گەندەڵی ئەگەر پەرە بسێنێت چەندین گەندەڵی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێ.
لە دەیەی رابردوودا چەندین کۆنگرەی نێودەوڵەتی بەستراوە و تیایاندا باسی  ترسناکی ئەوەیان کردووە کەزەوی توشی بووە لەئەنجام و کاریگەری خراپ بۆسەر تەندروستی و ژیانی مرۆڤ و ژیانی تەواوی زیندەوەران.
لەفەڕەنسا کۆنگرەیەکی گەورە بەسترا کەتیایدا زیاتر لە 500 شارەزای بواری ژینگە و پسپۆڕانی بوارەکانی پزیشکی و ژینگەیی ئامادەبوون، دواجار گەیشتنە سێ ئەنجامی ترسناك کە قورئانی پیرۆز زیاتر لە چواردەسەدە پێش ئێستا ئاگاری کردوینەتەوە.

ئەم ئەنجامانە روونیان کردۆتەوە کە ڕێژەی پیس بونی ژینگە لەم رۆژگارەدا هەموو پێوەرەکانی تێپەڕاندووە.
ئاگادارمان دەکەنەوە لەهۆکارە گەورەکانی خراپەکاری لەسەر زەوی و ترسناکی دروست بوونی ژینگەیەکی خراپ بۆ ژیان.
قورئانی پیرۆز گرنگی داوە بەزەوی و باسی ترسناکی گەندەڵی و خراپەکاری لەزەوی دا دەکات و دەفەرمویێت (**ولاتفسدوا في ألأرض بعد إصلاحها**) واتە خراپەکاری لەزەوی دا بڵاو مەکەنەوە، دوای ئەوەی خوای گەورە بۆی چاك کردوون.
خاوەن تەفسیرە کۆنەکان دەڵێن: واتە خوای گەورە زەوی داوەتە دەست ئێوە، بە هاو سەنگیەکی تەواو لە هەموو رووەکانەوە، ئەم هاو سەنگیە بوەتە مایەی دروست بوونی ژیان لە سەر زەویدا، هەروەك دەفەرموێت: **وَالأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ الحجر** 19
واتە: زەوی و پێداویستیەکانمان فەراهەم هێناوەو بەرزی و نزمی کێوەکانمان ڕێکخستوەو هەموو شتێکمان بە هاوسەنگی داناوە.
واتە خوای میهرەبان داوا دەکات کەزەوی بپارێزن، چونکە تەنها بەپاراستن و پارێزگاری کردن لەزەوی و ژینگەکەی ژیانێکی خۆشگوزەران بە سەر دەبەن و سود لە نیعمەتەکانی وەردەگرن.
لەو کۆنگرەیەدا باس لەوە کرا کەپلەی گەرمای زەوی و کاربۆن زیادی کردووە، بەشێوەیەکی زۆر بەرز، بەجۆرێك کەپلەی گەرمی لەهەمو سەدەی بیستەمدا تەنها لەیەك پلە زیادی کردووە، بەڵام ئەمرۆ کە تەنها دەیەی یەکەم تێپەڕیوە لەسەدەی بیست و یەك ڕێژەی بەرزبونەوەی پلەی گەرمی (3) پلە زیادی کردووە و ئەم گۆڕانکاریەش لەسودی ژینگە نیە، بەڵکو بۆ خراپ بوونی زەویە کە ئەمەش ئاگادارمان دەکاتەوە لەترسناکی ئەو کردارانەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات لەسەر زەوی.
ئەنجامی سێیەم لەم کۆنگرەیە کەدەرکەوتووە ئەوەیە کەمرۆڤ تەنها خۆی بەرپرسیارە لەگەندەڵی و خراپەکاری سەرزەوی و هیچ شتێکی تر لێی بەرپرس نیە و مرۆڤ خۆیەتی کە زەوی وێران دەکات لەرێگەی کارگەو دامەزراوە پیشەسازیە گەورەکان و ئەوەی لێیان دەکەوێتەوە، زۆر هەوڵدانەکانی بۆ گەیشتن بەقازانجی گەورە بەبێ ئەوەی بڕوانێتە ئەو نەگبەتی و خراپەکاریانەی لێی دەکەوێتەوە.

قورئانی پیرۆز لەم بارەیەوە دەفەرمویێت: ﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾الروم41، ئەمەیە کە ئەمرۆ دەیبینین لەم جۆرە مەترسیانەی کە هەڕەشەن لەسەر ژینگە و بونەوەرو ژیانی مرۆڤایەتی و ژیانی هەموو زیندەوەران، کە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆلای خواو بۆلای ڕێبازی خوایی کەتیایدا میانڕەوی و هاوسەنگی هەیە و خوای گەورەو بالاّ دەست ئەم ژینگەیەمان بۆ چاك دەکات و تەمەنی زەوی درێژدەکاتەوە بۆ ئەوەی گونجاو بێت بۆمان، تا ئەوەندەی خوای بالاّ دەست بیەوێت.

مەبەست لەخراپەکاری ژینگە تەنها بەرهەم و پاشماوەی کارگەکان و گازەکان نیە، وەیان زۆری ئوتومبێل و بەرەلاّ کردنی گازی کاربۆن، بەڵکو ئەم خراپەکاریە گەندەڵی بازرگانی و فێڵ و خراپی بازرگانیش دەگرێتەوە، کە یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکانی خراپ بوونی ژینگە، کاتێك مەرجە پێویستیەکان نیە لەو پیشەسازی و بەرهەمانەی کە مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ دەکات بەتایبەتی ئەو پیشەسازیەی کە لەبواری خۆراك و دەرماندا هەیە.

لە وولاّتی ئەمەریکا و لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاداو هەموو مەرجە قورسەکانیش بۆ هێنانە ناوەوەی خۆراك و دەرمان، لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەکانی پشکنین و بەدوادا چوون لەو وولاّتە بۆیان دەرکەوتووە کە زیاتر لە (10000) دە هەزار جۆر دروست کراوی خۆراك و دەرمان هەیە کە نەخۆشی ترسناك دەخاتەوە، بەتایبەتی شێرپەنجە، ئەمە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو چاودێریە توندو هۆشیاریە زۆرەش لەو وولاّتەدا، ئەبێ چیّ بڵێین لەبارەی ئەو وولاّتانەی کەسنورەکانی کراوەیە، چۆن بونەتە خاکێکی بەپیت بۆ تاقیکردنەوەی هەموو پیشەسازییە ترساناکە جۆراو جۆرەکان، بەتایبەتی وولاّتانی خۆرهەلاّت کە فێڵ و خراپەکاری لەبازرگانی و کەل و پەلەکاندا دەکرێت و چەندین جۆر ماددەی ناباش و هۆکاری شێرپەنجەی تێدایە، تەنانەت لەتەختەو ئاسن و جۆرەکانی تری پیشەسازی دا، خوای گەورەو بالاّدەست رادەی ترسناکی ئەم خراپەکاریەی روون کردۆتەوە، کاتێك وەسفی ئەو جۆرە ستەمکارانە دەکات، ئەوانەی کەناپرسن لەژیانی کەسانی ترو گویّ نادەن بەخۆشی و کامەرانی کەسانی تر بەڵکو بەدوای قازانجەوەن و بەدوای زۆرکردنی قازانج و خاوەن قسەی جوان و گەورەن لەبواری پیشەسازی و پێشکەوتن لەهەموو بوارەکاندا وەکو خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَى مَا

**فِي قَلْبِه وَهو أَلَدُّ الْخِصَامِ وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيِهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الفَسَادَ** البقرة 204-205

بەڵكو خوای گەورە گەورەترین سزای داناوە بۆ تاوانەکانی گەندەڵی و خراپەکاری هەروەکو لە ووتارەکانی پێشوودا باسمان کرد، خوای گەورە دەفەرموێت: **إِنَّمَا جَزَاء الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَاداً أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ** المائدة33

ئاسەوارەکانی گەندەڵی و خراپەکاری ترسانەکە لەهەموو بوارەکانداو نەبوونی رۆشنبیریەکی گونجاو بۆ پاك و خاوێنی لەووڵاتانی ئیسلامی دا هەرچەندە قورئان زۆر هانمان دەدات بۆ پاك و خاوێنی بەجۆرێك کەپاك و خاوێنەکانی لەگەڵ تەوبەکاران باس کردووە: **إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ** البقرة222، پاك و خاوێنی بەشێکی گرنگە لەباوەڕو ئایەت و فەرمودەی زۆر لەوبارەیەوە هەیە.

لەسەر هەموو مرۆڤێك پێویستە بەرپرسیارێتی رۆشنبیری هەبێت، سەرەتا بەرۆشنبیر کردنی خێزانەکانمان دەست پێ بکەین لەمەسەلەی کڕیندا بەتایبەتی لەکڕینی خۆراددەمەنی و دەرمان، لەکاتێکدا زۆربەی ووڵاتەکانمان بەووتەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە تایبەتەکانی ژینگە دامەزراوەی چاودێری پێویستیان نیە بۆ چاودێری کردنی ماددەی خۆراکی و دەرمانەکان و ماددەی خراپ و ماوە بەسەر چوو دێتە ناو ووڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و ئەو کەسانەش بەملیارەها قازانج دەکەن، بەڵام ئەنجامەکانی زۆر نەخۆشی و گیروگرفت و ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینی بەشێکە لەو ئەنجامانەو لەو خراپەکاری و نەخۆشیانە کە لەوەو پێش نەبینراون وەکو شێرپەنجە و نەخۆشی تر.

ئەم بەرپرسیارێتیە بێ گومان دەبێت دروست ببێت بەهۆی هاوسەنگی و پێویستی مرۆڤ بۆ شتەکان، پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب سەرزەنشتی هاوەڵێك دەکات کاتێ شت دەکڕێت و پێی دەڵێ" ئەوە هەر کاتێك ئارەزووتان لەشتێك بوو دەیکڕن؟" پێویستە لێرە یاساو وردەکاریەك هەبێ لەهەرخێزانێکداو خێزانیش بنچینەو کۆڵەکەی کۆمەڵگەیە، دوای ئەوەش پێویستە لەسەر دەوڵەت کە لەم بوارەدا بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت لەبەردەم خوای گەورەدا.

لەیەکێك لە ووڵاتانی کەنداو کۆگایەك پشکنینی بۆ کرا و دەرکەوت کەزیاتر لەهەزار ماددەی خراپ و فێڵ تێدا کراوی تێدایە بەدانپێدانانی پسپۆڕان.

هەرچی کە دەوڵەت خەرجی دەکات لەپێناو چاودێری و هەرچەندێك خەرج بکات هەمووی لەخۆیدا داواکراوە لەرووی شەرعی و مرۆڤایەتی و نیشتیمانیەوە واجبەو بەرپرسیارێتیە، بەڵکو ئەو جۆرە شتانەی وەکو ماددە بێهۆشکەرەکان لەترسناکی و ئاسەوارەکانیدا دەبێتە هۆی مردنی هێواش و بۆتە نەخۆشی ترسناکی هێواش و تۆش پێی نازانی و لەزەت و خۆشی ئەبەی لەخواردن و دەرمان، بەڵام ئەوە خواردن و دەرمان نیە بەڵکو دەردە.

ئیسلام ئەم مەترسیانەی چارەسەر کردوەو سزای بۆ داناوە هەروەکو مەنهەج و پەیڕەوی مام ناوەندی لەمامەڵە کردن پیادە کردوەو خۆپارێزی روون کردۆتەوە لەرێگەی پاك و خاوێنی و دووپات کردنەوەی بۆ هەرشتێك کەحەزمان لێیەتی و هیچ شتێك ناکڕین تا دڵنیا نەبین لەبێ فێڵی، کەئەمەش شلگیری تێدا دەکرێت لەهەندێك بواردا، من لێرەدا لەهەندێك لەپسپۆڕەوە بۆتان دەگێڕمەوە کەمەبەستم لەبواری صابون و بواری پاککەرەوەکانە بەشێوەیەکی گشتی کەئاسەواری هەیە، بەڵام ئێمە نایبینین تەنها بەشێکی کەم نەبێت و هەموو ماڵەکانمان لەم پاککەرەوانەیە کەراستی و دروستی نازانین و زۆربەیان دەبێتە هۆی نەخۆشی مەترسیدارو نەخۆشی شێرپەنجە.

ئێمە خاوەنی لاشەی خۆمان نین و لاشەو روحمان هی خوای گەورەیەو پێویستە ئێمە بیپارێزین ئەگەر زیادەرۆیمان کرد گوناهبار دەبین جگە لەزەرەرمەندیەکە.

پێغەمبەرمان﴿ﷺ﴾پێش 1400 ساڵ رێنمایی کردوین بۆ گۆڕینی پیسکەرەکان بۆ شتی پاك و دروست کردنی کارگەی گوڕینی پاشەرو و ماددە پیسەکان بۆ ماددەی سوود بەخش، هەروەکو فەرمودەکان لەبارەی خۆشەکردنی پێستەی ئاژەڵ و ئاوی (قولەتین)، فەرمودەو نیشانەی تر هەیە بۆ ئەوەی کەدەوڵەت پێویستە بەرەو ئەوە بڕوات کەسوود وەربگرێت لەم جۆرە شتانە، بیانگۆڕین بەماددەی باش و بەکەڵك و فەرزی دەکات لەسەرمان کە نابێ ئوممەتێکی بەکاربەرو هاوردەکار بین، چۆن دەبینە باشترین میللەت و ئوممەت کەئێمە بەکاربەربین؟ چۆن دەبینە باشترین ئوممەت و ئێمەش نازانین ئەوانە چیان بۆ ئامادە کردوین، کە ئایا پاکە یان پیسە؟، ئەوان خواردنمان بۆ دروست دەکەن، ئوممەتی ئێمە بوو کە دەیبەخشی و فێر دەبوو وە شارستانیەتی هەبوو، بەڵام ئێستا وەکو بەچکەیەکی بچوك هەموو شتێکمان بۆ دێت و دەم دەکاتەوەو دەکرێتە دەمیەوە و ئەوانەش رەواج ئەدەن و کاریگەریان بەجێ دەهێڵن.

ڕاپۆرتێکم خوێندەوە لەبارەی یەکێك لەووڵاتە عەرەبیەکان کەویستبویان وەچەی مرۆڤ ڕێك بخەن، خواردنی تایبەت بەنەزۆکی دابەش کرا و ئەمەش ڕوویدا لەهیند و چین و لەیەکێك لەدەوڵەتە عەرەبیەکان، دواتر ڕاپۆرتەکان دەریان خست کە دوای سی ساڵ دەرچوو دەرکەوت کە ئەوان ئەو کارەیان کردووە بەڕێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی ووڵات.

لێرەدا داوا دەکرێت و پێویستە لەسەر ئەم ئوممەتە لەجیاتی گرفت و جیاکاری هەوڵ بدات و ئاراستەی ماڵ و سامانی بخاتە خزمەتی بواری زانستی و داهێنان و پیشەسازی و داهێنان کاری و بەمەش پارێزراو دەبێت لەهەموو شتێك تا دەگاتە جێبەجێ کردنی تەواوی تواناکانی بۆ پیشەسازی و بەتایبەتی پیشەسازی خۆراك و دەرمان.

## ئیسلام و بەهێزکردنی بنەماکانی سۆزو چاکەکاری

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی خۆشەویستی و ئارامی و خۆشبەختیە، ئەرکی هەموو تاکێکی مسوڵمانە کە کاربکات بۆ چەسپاندنی ئەم دروشمانە، ئەویش بە چاکەکاری دەبێت لەبواری ووشەو سامان و خێرو زەکات و خەرجیەکان لەبواری خێرخوازیدا. پێویستە مسوڵمانان ئەم دروشمانە لەواقیعدا بچەسپێنن و ئەم وێنەیەش لەجیهانی ئیسلامی و دەرەوەدا دروست بکەن بەرامبەر بە ئەوانی تر لە نامسوڵمان و ئاین و بیروباوەڕەکانی تر، مسوڵمانان پێویستە ئەو وێنە ناشرینە بسڕنەوە کە ئێستا دروست کراوە بۆ مسوڵمان یان هەندێك گروپی توندڕەو دەیانەوێت دروستی بکەن بۆی، تازەترین ڕووداو  کە ڕوویدا بریتی بوو لە ئەو دوو تەقینەوەیەی کە لەدوو وویلایەتی ئەمەریکادا ڕوویداو دەیان قوربانی مەدەنی لێکەوتەوە، ئەم کارە ئیرهابیە هەرکەسێك پێی هەستابێت کارێکی نامرۆڤانەیەو پێچەوانەیە لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام، چونکە لەبواری جەنگیشدا ئیسلام ڕێگەی نەداوە کەسانی بێ تاوان و مەدەنی بکوژرێن و ئاسایشی خەڵك تێك بدرێت یان ژن و مناڵ و پیر بکوژرێن، دروست نیە شەڕ دژی ئەو کەسانە بکرێت لەشوێنی عیبادەتەکانیان تەنانەت ئەگەر لەکاتی شەڕیشدا بێت، ئەم ڕووداوە تەنها دوژمنانی ئیسلام سودی لێ وەردەگرن

لەبەرئەوە بەبڕوای من نەخشە داڕێژەرانی ئەم ڕووداوانە لەسەرچاوەیەکی گومان لێکراوەوەیەو لەراستیشدا دوژمنە بەئیسلام و ئاینە پڕ سۆزو بەزەییەکەی، چونکە ئەگەر سەیری قورئان بکەین خراپترین شت بەلای خواوە، کوشتنی کەسێکی بێ تاوانە وەك دەفەرموێت ( **إنه من قتل نفسا بغير نفس أو فساد في الأرض فكأنما قتل الناس جميعا** ).

خوای گەورە لێرەدا باسی مرۆڤی باوەڕدار ناکات، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی باسی مرۆڤ دەکات هەڵگری هەر بیرو باوەڕێك بێت.

خوای گەورە ئیسلام بەئاینی سۆزو بەزەیی باس دەکات و لەچەندان شوێنی تریشدا بەچاکە باسی دەکات.

خوای گەورە داوا لەهەموو مسوڵمانێك دەکات کە نموونەی بەزەیی و چاکەکاری بێت و بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەست بێت بەپێغەمبەری خواو بەپێشەوای خوی سەیری بکات، خوای گەورە پێغەمبەرەکەی بەسۆزو بەزەیی باس دەکات، لەبەرئەوە هەموو مسوڵمانێکیش کە دەکەوێتە شوێن ئەم پێغەمبەرە دەبێت نمونەی ئەو سۆزو بەزەییە بێت: **لَقَدْ جَاءكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ** التوبة128.

خوای گەورە پێغەمبەرەکەی بەسۆزو بەزەیی باس دەکات، وەك لەچەندان شوێنی تریشدا خۆی بەهەمان سیفەت باس دەکات، لەبەرئەوە پێویستە مسوڵمان نمونەی سۆزو و بەزەیی و چاکەکاری و خۆشەویستی بێت بەرامبەر خۆی و خێزانی و دایك و باوك و خزم و هاوڵاتیان و نیشتیمانەکەی، سەرەتا دەبێت ئەم چاکەکاریەی لەگەڵ مسوڵماناندا بێت دوای ئەوە بچێتە بازنەی نامسوڵمانەکان بەشێوەیەکی گشتی، پێغەمبەری خوا لەکاتێکدا کە کۆچی کرد بۆ مەدینە پێش هەموو شتێك دەستی کرد بەنوسینی دەستوری مەدینە، ئەویش بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مسوڵمان و نامسوڵمانەکان بوو لەو دەستورەدا کە هەموو مافێکی مەدەنی تێدابوو بەو مەرجەی کە ئەوانیش پابەندبن بەدەستورەکەوە، بەڵام ئەوەبوو دوایی ئەوان پابەند نەبوون بەدەستورەکەوەو جەنگیان لەدژی پێغەمبەری خوا ڕاگەیاند.

ڕۆژێك عومەری کوڕی خەتاب لەکۆڵانێکدا جوولەکەیەکی بینی سواڵی دەکرد و ئەویش بانگی کردو لێی پرسی بۆچی سواڵ دەکەیت؟ جولەکەکەش ووتی لەبەر نەبوونی و هەژاری، عومەر کوڕی خەتابیش فەرمووی: بەڕاستی ئێمە بەویژدان نەبووین لەکاتێکدا کە

لەگەنجیدا تۆمان بەکارهێنا، بەڵام ئێستا بە ئەرکی خۆمان هەڵئەساین بەدابین کردنی مافەکانت، لەبەرئەوە دەستی گرت و بردی بۆ ماڵەوەو چی پێویست بوو پێیدا، لەدوای ئەوە فەرمانێکی دەرکرد کە هەموو بەساڵا چویەك لەمسوڵمان و نامسوڵمان دەبێت هاوکاری بکرێن، کەئەمەش وەك بیمەی کۆمەڵایەتی ئێستا وابوو.

ئەم بونەوەرە خوای گەورە لەسەر بنەمای سۆزو بەزەیی و جوانی دروستی کردووە، لەبەرئەوە هەموو گیاندارێك دەبێت لەپەیوەندیەکانیاندا ئەم سۆزو خۆشەویستیە رەنگ بداتەوە، بەتایبەتیش بۆ مرۆڤ یەکێکە لەپێویستیە زۆر گرنگەکانی، چونکە مرۆڤ بەسروشت کائینێکی کۆمەڵایەتیە و ناتوانێت بەتەنها بژی لەبەرئەوە ئەو پێکەوە ژیانە دەبێت لەسەر بنەمای سۆزو بەزەیی بێت، هەر لەبەر ئەم گرنگیەشە خوای گەورە لەپەیامە ئاسمانیەکانیدا زۆر جەختی لێ دەکاتەوە و تەنانەت ئاینی ئیسلام هەموو بەسۆزو بەزەیی ناو دەبات ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَ رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾ الأنبياء107

خوای گەورە ئیسلام بەئاینی سۆزو بەزەیی باس دەکات، نەك تەنها بۆ مسوڵمان بەڵکو بۆ مسوڵمان و گیانداران و بێ گیان و هەموو پێکهاتەکانی گەردوون، لەگەڵ سۆزو و بەزەیدا خوای گەورە پەیوەستی دەکاتەوە بەچاکەکاریەوە ﴿وَقِيلَ لِلَّذِينَ اتَّقَوْاْ مَاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ قَالُواْ خَيْراً ..﴾النحل30، واتە ئەم ئاینە چاکەیە بۆ مسوڵمان و نامسوڵمان و ژینگەو ئاژەڵ و هەموو دروستکراوەکان، مرۆڤی مسوڵمان دەبێت نمونەی چاکەکاری بێت لەبیرو باوەڕیدا، چونکە ڕێزی بیروڕای بەرامبەرەکانی دەگرێت و دەیانپارێزێت و ستەمیان لێ ناکات و ڕێگەی عیبادەتیان لێ ناگرێ و بڕوای بەئازادی بیرو ڕایان هەیە، دەبێت حەز بکات بە بوونی بەرامبەرەکان و خۆشگوزەرانیان، دەبێت مرۆڤی باوەڕدار نموونەی چاکە بێت لە ئەخلاقیدا، چونکە ئەخلاقی ئیسلامی هەمووی چاکەکاریە بۆ مرۆڤایەتی و بۆ پێگەیاندنی باشترین مرۆڤ، هەروەها شەریعەتەکەی باشترین شەریعەتەو چەسپاندنی دەبێتە مایەی خۆشبەختی بۆ مرۆڤ، دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین مرۆڤ بەلای خواوە باشترین و چاکترین بونەوەرەو لەلایەن خوای گەورەوە ڕێز لێگیراوە، لەبەرئەوە ئەو پەیامەش کە بۆی ناردووە بۆ ئەوەیە کەلەسەر زەویدا بەخۆشبەختی بژی و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانیش لەسەر بنەمای چاکەکاری بێت .

## چەمکی ( ئیحسان ) ..بنەمایەك بۆ گەشە پێدان و داهێنانکاری

زۆر لە خەڵکی لەو بڕوایەدان کە مسوڵمان تەنها بە ئیمان و ئیسلام تەواو دەبێت، کە لەرووی ئیمانەوە بەهۆی شەش ئەرکانەکەوە دەبێت، ئیسلامیش بەجێبەجێ کردنی پێنج ئەرکانەکەوە دەبێت.

بەڵام لە راستیدا ئیسلام تەنها ئەو دوو بوارە نییە، چونکە خوای گەورە داوا لە مسوڵمانان دەکات کە ببنە پێشەنگی خەڵك لە دنیاو دوارۆژدا، لەبەرئەوە دەبینین خوای گەورە پایەیەکی تری گرنگ دیاری دەکات کە بە پایەی سێیەم دەژمێردرێت و ئەویش پێی دەوترێت (إحسان) ئەمەش لەو فەرموودەیەدا باس کراوە کە عومەری کوڕی خەتاب دەیگێڕێتەوە، کە دەفەرموێت "رۆژێك ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا دانیشتبووین، پیاوێکی بەرگ سپی قژ رەش هاتە ژوورەوە کە شوێنکاری سەفەری پێوە دیار بوو کەس لە ئێمە نەیدەناسی، هات دانیشت  و ئەژنۆی نوساند بە ئەژنوی پێغەمبەری خواوە پاشان وتی: (ئەی پێغەمبەر پێم بڵێ ئیسلام چییە؟ پێغەمبەری خواش فەرمووی: شایەتی بدەی کە خوا یەکەو شەریکی نییەو محمد پێغەمبەری خوایەو نوێژ بکەیت و زەکات بدەیت و رەمەزان بەرۆژو بیت و حەجی ماڵی خوا بکەیت، ئەگەر لە تواناتدا هەبوو. فەرموی راستت

**وت، ئێمە سەرمان سوڕما چۆن پرسیاری لێ دەکات  و دوایش دەڵێت راست دەکەیت، پاشان پرسیاری کرد (ئیمان چییە؟ ئەویش فەرمووی: باوەڕ بهێنی بەخواو فریشتەو پێغەمبەران و رۆژی دوایی و قەزاو قەدەر، فەرمووی راستە)، پاشان وتی (ئیحسان چییە؟ ئەویش فەرمووی: بەجۆرێك خوا بپەرستی کە تۆ ئەو دەبینی، ئەگەر تۆش ئەو نەبینی ئەو تۆ دەبینێ)".**

**ئیحسان لە زمانی عەرەبیدا کە پێغەممەبەری خوا دەری بڕیوەو خوای گەورەش کۆمەڵێك مانای تیادا کۆکردۆتەوەو قورئانیش بەکاری هێناوە، پێنج مانای سەرەکی هەیە، کە ئەمانەش هەموویان پێویستن بۆ تەواوکردنی مانای وشەکەو بەبێ ئەم مانایانە وشەکە ناتەواوە !.**

**مانای یەکەم، ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێت چاکەکار بێت، واتە کاری چاکە بکات، لەگەڵ خەڵك دا چاکە بکەیت و زیانیان لێ دوربخەیتەوە، ئەمەش پێغەمبەری خوا لەو فەرمودەیەدا روونی دەکاتەوە کە دەفەرموێت: "کەستان باوەڕداری تەواو نییە هەتا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت" ئەگەر ئەم فەرموودەیە لەسەر خۆمان و هەڵسوکەوت و مامەڵەمان جێبەجێ بکەین هاندەرمان دەبێت بۆ ئەنجامدانی زۆر کاری چاکە.**

**مانای دووەم، دوورکەوتنەوە لە شەڕو خراپەکاری لە خۆت و کەسانی تر، مرۆڤی مسوڵمان دەبێت بەردەوام هەوڵ بدات هۆکاری خێر بێت، رێگر بێت لە شەڕو دوبەرەکی، ئەگەر زانی شەڕێك یان ئاژاوەیەك هەیە دەبێت هەوڵی چارەسەرو نەهێشتنی بدات، یان ئاگاداری شتێك هەبوو کە مایەی زیان گەیاندنە بە خەڵك و بەرژەوەندیەکانی نابێت خۆی ئەنجامی بدات و رێگە لە کەسانی تریش بگرێت.**

**مانای سێیەم، کە بریتییە لە چڵەپۆپەی ئیسلام  و بەبێ بوونی ئەم قۆناغە بە بڕواداری تەواو لە قەڵەم نادرێت. ئەو قۆناغەش بریتیە لە (إتقان)، واتە دڵسۆزی لە کاردا وەك لەم فەرمودەیەکدا هاتووە (خوای گەورە باوەڕدارێکی خۆش دەوێت کە کارێکی کرد بە دڵسۆزی بیکات). دڵسۆزی لە سوننەتدا نییە، بەڵکو لە واجباتە، چونکە کار ئەگەر بە دڵسۆزی ئەنجام نەدرێت ناتەواوەو ئەوەی ئەنجام نەداوە کە خوا فەرمانی پێ دەکات، لەبەرئەوە مرۆڤی مسوڵمان بۆ ئەوەی لەرووی ئیمانیەوە بەرەو تەواوی بچێت دەبێت لە کاردا دڵسۆز بیت، بۆئەوەی خوای گەورەش بە (چاکەکار) ناوی بنوسێت، (وأحسنوا إن الله يحب**

المحسنين) کاری چاکە بکەن چونکە خوا چاکەکارانی خۆش دەوێت، پێغەمبەری خوا دەفەرموێت خوای گەورە ئیحسانی لەسەر هەموو کارێك نوسیوە، لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێت (لەسەر هەموو شتێك)، مانای (کتب) واتە فەرزی کردووە (کتب علیکم الصیام) واتە رۆژوی فەرز کردووە.

ئایا بۆچی لە رۆژودا فەرز بێت بەڵام کە باسی کار دەکات شتێکی ئاسایی بێت؟ لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دڵسۆزی لە کاردا هیچی کەمتر نییە لە فەرزکردنی رۆژوو، کەواتە ئیحسان لە هەموو شتێکدا هەیە، وەك لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت **(فإذا قتلتم فأحسنوا القتلة واذا ذبحتم فأحسنوا الذبحة)** ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەبێت لە هەموو بوارێکدا کارەکانمان بە دڵسۆزی ئەنجام بدەین.

مانای چوارەم، بریتییە لە داهێنان: واتە بە باشترین شێوە کار لەو شتەدا بکەین کە لەبەردەستدایەو بتوانین داهێنانی تێدا بکەین و لەم رێگەیەوە ببیتە داهێنانکار، ئەمەش بەپێی زەمەن دەگۆڕێت، خوای گەورە فەرزی کردووە لەسەر مسوڵمانان لەهەر شوێنێکدا بن، کەمینە بن یان زۆرینە نموونەبن بۆ داهێنانکاری.

خوای گەورە لە سورەتی (ملك)دا باس لە گەورەیی و فراوانی گەردون دەکات و ئەمەش وەك بەڵگەیەکی گەورەیی خۆی باس دەکات، پاشان باس لەوە دەکات خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی بەو گەورەییە خستۆتە بەردەست مرۆڤ و بۆی ملکەچ کردوە، ئەم ملکەچیەش بە دڵسۆزی و لەخوا ترسان و داهێنان دەبێت، **تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهو عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ * الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهو الْعَزِيزُ الْغَفُورُ**الملك( 1-2 )

راڤەی راستەقینەی ئەم ئایەتە ئەوەیە کە بە مسوڵمانان دەڵێت تاقیکردنەوەی ئێوە لەسەر زەویدا تەنها بە گوفتار نابێت، چونکە وتە لە بواری ئامۆژگاری و چاکەدا بەسودە، هەروەها تەنها بە کردار نییە، چونکە هەموو کەسێك کار دەکات، **(کل یعمل علی شاکلته)**، لەبەرئەوە تاقیکردنەوە تەنها بە گوتاری چاك و کردەوەی چاك نییە، چونکە راستە کرداری چاك هێزی ئوممەت دەپارێزێت، بەڵام گەشەی پێ نادات، بەرەوپێشی نابات و نایکاتە پێشەنگ و نموونە لەناو گەلاندا، لەبەرئەوە تەواوکەری هەموو ئەمانە باس دەکات و دەفەرموێت (احسن عملا) واتە باشترین کردەوە ئەنجام بدات، لەبەرئەوە پێویستە ئێوە کارەکانتان وەك تاك یان کۆ یان دەوڵەت یان ئوممەت دەبێت پێشکەوتوو بێت، باشترین نموونەی کار بیت،

دەبێت کاری ئەمڕۆ باشتر بێت لە دوێنێ، کاری سبەینێ باشتر بێت لە ئەمڕۆ (لمن شاء منكم أن يتقدم أو يتأخر ) نەیوتوە بوەستیت، چونکە وەستان وەك دواکەوتن وایە، لەهەر قۆناغێکدا بوەستین دواکەوتووین، چونکە کە ئێمە دەوەستین کەسانی تر ناوەستن و بەرەوپێش دەچن.

لە بیست ئایەتی تردا خوای گەورە باس لە ئەم ئوممەتە دەکات، داوایان لێ دەکات کە گوفتاریان باشترین بێت و بە باشترین شێواز بکەونە شوێن پەیامەکە و عیبادەتیان باشترین بێت و ئاوەدانکردنەوەش بە باشترین شێوە بێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە لەنێو مسوڵماناندا عەقڵیەتێکی داهێنانکاری دروست بکات، قورئان داوامان لێ دەکات ئێمە وەکو مسوڵمان باشترین بین لە رواڵەت و لە جەوهەردا لە بواری زانست و بازرگانی و سیاسەت و کولتوردا، کارەکانمان بەڵگە بن لەسەر راستگۆیمان (كنتم خير أمة أخرجت للناس) واتە بۆ سود گەیاندن بە خەڵك بۆ گەشەدان بە کۆمەڵگە، بۆ چارەسەری گرفتەکان، بۆ پێشخستنی تەکنەلۆژیاو زانست، هەتا مسوڵمان ببێتە نموونەی چاکەکاری بۆ خەڵك، خەڵکیش باوەڕدارو بێ باوەڕی تێدایە. مسوڵمان دەبێت نموونەی چاکە خوازی بێت، مرۆڤ دۆست بێت، دژی شەڕو ناکۆکی بێت، ژینگە پارێز بێت، خۆشیت بۆ هەموو مرۆڤایەتی بوێت و ئاشتی خواز بیت.

ئەگەر سەیری قورئان بکەین نموونەی حەزرەتی یوسفمان بۆ باس دەکات، چۆن کەسێکی مسوڵمان بە بەرنامەو پڕۆژەیەکی سەرکەوتوەوە کۆمەڵگەیەکی نامسوڵمان لە گەورەترین گرفت و قەیرانی ئابوریی رزگار دەکات، کەسێکی بە تواناو بە ئیرادە لە زیندانەوە بوە سەرۆکی میسر، پاشان بوە رەمزی عەدالەت و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بۆ گەلەکەی.
لەسەر ئەو کارە داهێنەرەی لەسەر ئەو دڵسۆزیەی خوای گەورە لە قورئاندا باسی دەکات کردیە پەیامبەری پەیامەکەی و رێزی لە کارە باشەکانی دەگرێت و دەیکاتە پێشەنگ و نموونە بۆ سەرکردەی دڵسۆز و خواناس و خزمەتکار بە گەلەکەی.

مانای پێنجەم، بۆ ئیحسان سۆزو بەزەییە، قورئان وشەی ئیحسانی بە رەحمەت ناو بردوە، پەیوەندیەك دروست دەکات لە نێوان سۆزو بەزەیی و توانای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات ئەویش لە ئایەتی ﴿**وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ * إِنَّ فِي هَذَا لَبَلَاغاً لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ * وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ**﴾الأنبياء(105-106-107)

کاتێك پێغەمبەری خوا باسی (إحسان) دەکات بە هۆکاری تەقینەوەی تواناکان ناوی دەبات و پاشان ئەم توانایانە چۆن بەگەڕ دەخرێن، هەموو ئەو پێنج مانایەی کە باسمان کرد لە (أن تعبد الله كأنك تراه فإن لم تكن تراه فإنه يراك) کۆ دەبنەوە.

لە ریوایەتێکدا کە موسلم دەیگێڕێتەوە دەڵێت (أن تخشى الله كأنك تراه) لە ریوایەتێکی تری سەحیح دا (أن تعمل لله كأنك تراه) لەبەرئەوە راڤەی ئەم فەرموودەیە ئەوەیە پێویستە تۆ کار بکەی کارەکە بۆ دنیا بێت یان بۆ دوارۆژ، چونکە کار کردن بۆ دنیاو دوارۆژ جیاوازیان نییە، ئەگەر مرۆڤ گەیشتە ئەم ئاستە لە هەر بوارێکی ژیاندا، وا هەستت کرد کە لەژێر چاودێری کامێرەی خوادای، ئەو کاتە خێر ئەنجام دەدرێت و لەمەشەوە دڵسۆزی و داهێنان دروست دەبێت، لەبەرئەوە لە خوا ترسان و خواناسی بەپێی رێسایەکی قورئانی دەبێت بنەمای دڵسۆزی و چاکەکاری و داهێنان و پێشکەوتن بێت، چاودێری خوا بۆ پاراستنی مرۆڤە لە خاڵە سلبیەکانی ژیان ئاراستە کردنە بۆ لێبوردەیی و چاکەکاری و دڵسۆزی و دورکەوتنەوە لە گەندەڵی و خراپەکاری و ستەمکاری، با لەم روانگەیەوە خۆمان هەڵسەنگێنین و بپرسین ئایا بەم بارودۆخەی کە ئێستا مسوڵمانان و گەلانی ئیسلامی تیادایە ئایا بەراستی ئێمە مسوڵمانین؟ ئایا ئێمە ئەو باشترین ئوممەتەین کە خوا لە قورئاندا باسمان دەکات؟ ئەگەر وا نین با جارێکی ترو بە عەقڵێکی تر بەخودا چوونەوە بکەین و بۆ ئایندەمان نەخشەیەکی ژیانی نوێ بکێشین، هەتا سەر فرازی دنیاو دوارۆژبین.

## ئەمانەت وەك بنەمایەکی گرنگی بەرپرسیارێتی لەئیسلامدا

ئیسلام گرنگیەکی زۆر دەدات بە پەیوەندیە مرۆیی و کۆمەلأیەتیەکان، چونکە هەموو ئاینەکان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و خودا هاتوون، لەسەر ئاستێکی گشتی پەیامی خوا بۆ ئەوەیە مرۆڤ بەئاسودەیی لەسەر زەوی بژین و مسوڵمانانیش لەڕووی برایەتی و خۆشەویستی و لێبوردەییەوە ببینە نمونە بۆ گەلانی تری نامسوڵمان، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە مسوڵمان وەك یەك ئوممەت و لەشێوەی جەستەیەکی یەکگرتوودا دەربکەون، پێغەمبەری خواش لەفەرمودەیەکدا باسی دەکات و لەرووی خۆشەویستی و سۆزو هاوکاریان لەگەڵ یەکتردا دەبێت وەك یەك جەستە وابن، ئەگەر هەر ئەندامێك توشی نەخۆشیەك ببێت هەموو جەستەکە هەست بەئازار دەکات، گرنگترین شتێك لەم بوارەدا بریتیە لەچەسپاندنی برایەتی ئیمانی، ئەمەش مانای تەواوکاری یەك جەستەیە، کە دەبێت مسوڵمان لەم پەیوەندیەدا دەست پاك و جێگەی متمانە بێت، دەبێت پابەندبێت بە ئەمانەت، چونکە پاراستنی ئەمانەت بەشێکە لەئەرکەکانی ئیمان، هەر سەرپێچی کردنێك لەپاراستنی ئەمانەت مسوڵمان دەباتەوە ناو بازنەی دووڕووییەوە، پێغەمبەری خوا لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت هەر کەسێك ئەم چوار سیفەتەی تێدابێت دووڕووی تەواوە، بەلأم ئەگەر یەکێکیانی تێدا بێت ئەوا سیفەتێکی دووڕوویی تێدایە، هەتا ئەو ساتەی کەوازی لێ دەهێنێت، لە ڕیوایەتێکیشدا هاتووە هەتا بەجێی دەهێڵێت و پاشان بەتەواوی

وازی لێ دەهێنێت: (ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات، ئەگەر ئەمانەتی پێ سپێردرا خیانەتی لێ دەکات، ئەگەر پەیمانێکی خرایە گەردن دەست درێژی دەکات، ئەگەر شەڕی کرد خراپەکاری دەکات) ئەگەر ئەم چوار سیفەتە لە مسوڵمانێکدا هەبێت ئەوە دووڕووی تەواوە، ئەگەر ئەم کەسە لەڕووی عەقیدەشەوە پاك بێت و وانەبێت.

کەواتە لێرەدا دووڕوویی دوو جۆرە، دووڕوویی لە عەقیدەدا، دووڕوویی لە کردەوەدا، لە عەقیدەدا واتە مرۆڤ بێ باوەڕ، بەڵام بەڕووکەشی خۆی بە مسوڵمان دەردەخات لە کردەوەدا مانای وایە مرۆڤەکە بەئەرکانەکان هەڵدەستێت بەڵام نیەتی پاك نیەو لەبەر خوا نایکات.

ئەگەر ئەم سیفەتە لە کەسێکدا هەبێت، مانای وایە ئەو کەسە دووڕوویەکی تەواوە، بەڵام ئەگەر سیفەتێکی لەو سیفەتانە تیادابێت، مانای وایە بەشێك لەدووڕوویی تێدایە، لێرەدا دەمەوێت جەخت بکەمەوە لەسەر گرنگی ئەمانەت. خوای گەورە زۆر بەگرنگی لە سورەتی (المعارج) باسی دەکات و داوای پاراستنی دەکات و بەهۆکارێکیشی دادەنێت بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ئاگر پارێزراو بێت و لە رۆژی دوایدا ڕزگاری ببێت ﴿إِنَّ الْإِنسَانَ خُلِقَ هَلُوعاً * إِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعاً * وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعاً﴾المعارج(19-20-21)

پاشان خوای گەورە ئەوانە رزگار دەکات کە ئەم سیفەتەیان تێدابێت ﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ﴾المؤمنون8، ئەوانەی کە پارێزگاری لەبەڵێن و ئەمانەتەکانیان و ئەو بەرپرسیارێتیەی کە پێیان سپێردراوە دەکەن، لەناڕەحەتیەکانی رۆژی دوایی دەیانپارێزێت، پارێزراودەبن لە شپرزیی دەرون و دڵە ڕاوکێ، چونکە دووڕوویی حاڵەتێکی دەرونی خراپ بۆ خاوەنەکەی دروست دەکات و بەئاسودەیی ناژی، خوای گەورە ئەم سیفەتە دەکاتە هۆکارێك بۆ ڕزگاربوون لەئاگری دۆزەخ و تەنانەت چۆنە ناو فیردەوس، ئەمەش زۆر بەڕوونی لە سورەتی (مؤمنون)دا باس کراوە ﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ﴾المؤمنون8، خوای گەورە ئەو هەموو پاداشتە گەورەی بۆیە داناوە بۆ پاراستنی ئەمانەت، مانای گرنگی و گەورەییەتی لەلای خوا، هەر لەبەرئەوەیە کە یەکێك لە ڕێگاکانی گەیشتن بەفیردەوس بەپاراستنی ئەمانەتەوە بەستراوە.

لە ڕوانگەی ئەو دوو ئایەتەی کە باسمان کرد کە لەو دوو سوورەتەدا هاتبون مانای وایە دوو وێنەی گرنگ و ترسناك بەدی دەکەین، چونکە پابەندبوون پێوەی لەلایەك مایەی چوونە بەهەشتە، بەڵام پابەند نەبوون پێوەی مایەی چونە دۆزەخە کەواتە ئەمانەت چیە؟

ئەمانەت واتە هەرشتێك متمانە بەتۆ بكرێت و بخرێتە ژێر دەستت ئەگەر ئەو شتە پەیوەندی بەمافەكانی خواوە هەبێت، یان پەیوەندی بەمافی تاكەكانەوە هەبێت، ئەگەر تۆ بەرپرسێك بیت ئەوانەی لەژێر دەستی تۆدان ئەمانەتن، ئەگەر تۆ هەر سەرپێچیەكی یاسایی بكەیت یان چاوپۆشی لەشتێك بكەیت ئەوە تۆ خیانەتت لەئەمانەت كردووە، چونكە بۆ بەرپرس چڵە پۆپەی پاراستنی ئەمانەت هێنانەدی دادپەروەری و چەسپاندنی یاساكانە بەبێ جیاوازی.

ئەمانەت لە ئیسلامدا پەیوەستە بەپەیمان و بەڵێنەوە، بەڵێن لە ئیسلامدا پەیوەستە بەپەیمانەوە ﴿... وَأَوْفُواْ بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْؤُولاً﴾ الإسراء34

بەڵێن ئەوەیە كە مرۆڤێك بەڵێن دەدات، واتە مرۆڤێك بەڵێن دەدات كەپابەندبیت بەجێ بەجێ كردنی شتێك.

ئەگەر ئەمە لەبەرامبەر شتێكەوە بێت پێی دەوترێت پەیمان، بەڵام ئەگەر لەبەرامبەر شتێكەوە نەبێت بەڵێن و گرێبەستە و دەچنە چوارچێوەی چێوەی پەیمان كە دەبێت جێبەجێ بكرێت، دەبێت خاوەنەكەی پابەندبێت پێوەی.

ئەمانەت هەموو شتێك دەگرێتەوە لە چوارچێوەی كۆمپانیاو شوێنی كارەكەت، خوای گەورە خۆی بەرپرسیار كردووە بەرامبەر مافی خۆی و مافی هاوڵاتیان، ئەمەش لەرێگەی پەیمان و بەڵێنەوە و شتی تر.

ئەگەر تۆ بەپێچەوانەی ئەمانەوە هەڵسوكەوتت كرد مانای وایە تۆ خیانەتت كردووە، لەبەر مەترسی ئەم مەسەلەیە خوای گەورە پەیوەستی دەكاتەوە بە دەسەڵاتەوە، چونكە لەئیسلامدا دەسەڵات پەیمانێكە لەنێوان گەل و دەسەڵاتداردا ( إن الله یأمركم أن تودوا الأمانات إلى أهلها وإذا حكمتم بین الناس أن تحكموا بالعدل)

لێرەدا دەسەڵات بەشێكە لە ئەمانەت، فەرمانڕەواش مەبەستی سەرۆكی دەوڵەت یان حكومەت یان هەر بەرپرسیاریەتێكی ترە، خوای گەورە ئەو دەسەڵاتە وەك ئەمانەت پێت دەدات و دەبێت پابەندبیت بە جێبەجێ كردنی بەڵێنەكان.

پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر لەو كاتەدا قسەی بۆ خەڵك دەكرد، پیاوەكە ووتی ئایا رۆژی دوایی كەی دێت؟ پێغەمبەر وەڵامی نەدایەوەو بەردەوام بوو، چونكە لەئادابی قسە كردن ئەوەیە كە دەبێت بەرامبەرەكەت لەقسەكردن تەواو بێت ئینجا قسە بكەیت.

پێغەمبەر بەردەوام بوو لەسەر قسە کردنەکەی، هەندێك ووتیان ئەوە نیشانەی ئەوەیە کەپێغەمبەر لەپرسیارەکەت نیگەران بووە، هەندێکی تریان ووتیان لەوانەیە گوێی لێ نەبووبێت، کە پێغەمبەر لە ووتەکانی بوەوە ووتی ئەو پیاوە چی لێهات کە پرسیاری لە قیامەت کرد، ووتیان ئەی پێغەمبەر ئەوەتە، پێغەمبەری خواش رووی تێکردوو فەرمووی ئەگەر ئەمانەت بەفیڕۆدرا چاوەڕوانی رۆژی دوای بن، چونکە دنیا لەسەر دادپەروەری و پاراستنی ئەمانەت بنیات نراوە، ئەگەر وانەبێت دووبەرەکی و ئاژاوە لەنێوان خەڵکدا دروست دەبێت، کۆمەلگەیەکیش کە ئارامی تیادا نەبێ ئەوا ئاژاوەو پشێوی ڕووی تێ دەکات و وەك رۆژی دوایی لێ دێت.

پیاوەکە ووتی کەی ئەمانەت بەفیڕۆ دەچێت؟ پێغەمبەری خوا فەرموی (ئەگەر بەرپرسیارێتی درایە دەست کەسێك کەشایەنی نەبوو، چاوەڕوانی رۆژی دوای بکەن) واتە ئەگەر فەرمان ڕەوایی لەوەزارەت و بەڕێوەبەری گشتی و ئەندام پەرلەمان درایە دەست کەسانی ناپسپۆڕو لێ نەهاتوو، ئەوە خیانەتە لەگەل، لەم حاڵەتەشدا پشێوی و ناڕەزایی دروست دەبێت و لەبەر نالەباری دۆخەکە ژیانی خەڵك وەك دۆزەخی لێ دێت.

## پەروەردەی قورئانی، نەوەکانمان لەخراپەکاری دەپارێزێت

لەگەڵ دەست پێکردنی ماوەی پشوی هاوین دایکان و باوکان سەرقاڵ دەبن بەدوو شتی ترسناك و گرنگەوە: یەکەمیان دەست بەتاڵی منداڵەکانیان لە کوڕان و کچان، سەرقاڵ نەبوون بەقوتابخانە و خوێندنەوە، بەجۆرێك کە کاتی زۆر هەیە رۆڵەکانمان تیایدا بێ کارو دەست بەتاڵن، هەرکاتێك بێ ئیشی پەیدابوو ترسناکی زیاتر دەبێت لەسەریان بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا کە هۆکارەکانی راگەیاندن و ئەلکترۆنیات و تەکنەلۆژیا زۆر بلاْوەو لە ژێر کاریگەری ئەم هۆکارانە زۆربەی جار رۆڵەکانمان خۆیان سەرقاڵ دەکەن بەشتی خراپ سود لەباشەکان وەرناگرن.

لێکۆڵینەوەکان دەڵێن زۆربەی حاڵەتەکانی خراپەو ڕووداوە خراپەکان کەبەسەر منالاْندا دێت لەماوەی پشووەکاندا روودەدات، چونکە دەست بەتاڵی هەیە ئەم دەست بەتاڵیەش جاران تەنها هاوڕێی خراپ سوودی لێ دەبینی، بەلاْم ئەمڕۆ هاوڕێی خراپ و ترسناك و فلیمەکانن، تەنانەت هەندێ یاری کە بەڕواڵەت یاریە بەلاْم لەڕاستی بۆ تێکشکاندنی بەهاوڕەوشتەکانە، لێرەدا بەرپرسیارێتی دایك و باوك و خۆشك و برای گەورە زیاتر دەبێت و گرنگترە لەرۆژانی رابردوو سالاْنی رابردوو، ئێمە دەڵێین ناکرێ و نابێ ڕێگربین لەبەردەم هۆکارەکاندا کەواتە پێوستە پارێزگاربین نەوەکانمان بپارێزین بەهەموو هۆکارێکی گونجاو وەقەڵغانی پارێزەری خۆیی و کەسایەتی بەهێزیان لێ دروست بکەین کە توانای خۆپاراستنیان هەبێت لەدوای پشت بەستن بەخوای گەورە، ئەم قەڵغانەش خوای گەورە لە

قورئاندا تەعبیری لێ کردووە بەشێوەی خۆپاراستن کەفەرمانمان پێ دەکات ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَاراً وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ ... ﴾**التحريم6**، ئەی گرۆی باوەڕداران خۆتان و کەسوکارتان بپارێزن لەئاگرێك کە سوتەمەنیەکەی خەڵك و بەردە، خوای گەورە لە ئایەتێکدا بە (واو)ی عطف هێناویەتی کە بەڵگەیە بۆ کۆی ئەوانە واتە لێپرسراوێتی و بەرپرسیارێتی سەرشانمان کۆنەبۆتەوە تەنها لە خۆماندا بەڵکو بەهەمان ئاست و پێویستی دەبێ منالْ و نەوەکانمان بپارێزین.

بەڕێزیان وای بۆ دەچن کە ئەو قەڵغانەو ئەو خۆپارێزیە یان لەخواترسان و پارێزگاری بەتەعبیری قورئانی، دەبێ چۆن بێتەدی؟ چۆن جێبەجێی بکەین بۆ خۆمان و نەوەکانمان؟

لە وەلآمدا ووتی فەلسەفەو تێڕوانینەکان جیاوازن لەجیهاندا بۆ جێبەجێ کردن و دروست کردنی خۆپارێزی و پەروەردەکردن، ئەمڕۆ لەجیهانداو بەتایبەتی لە رۆژئاوا پشت دەبەسترێ بە فەلسەفەی سود وەرگرتن، کە هەمیشە دەگەڕێ بەدوای سودو بەرژەوەندیدا، کاتێك قەیران و گرفت دروست دەبێت لەلایەنی سلوکی و ڕەوشتەوە فەیلەسوفەکانی پەروەردە دەگەڕێنەوە بۆ باسی پەروەردەی ویژدان، واتە باویژدان خۆی پەروەردەکارو بڕیاردەر بێت لەسەر کردەوەو بەها جوانەکان و هەڵسوکەوتە باشەکان، بەلآم تاقیکردنەوەکان سەلماندیان کە ویژدان بەتەنها ناتوانێت بوەستێت لەبەردەم فریودەرە مادیەکان و جنسیەکان و شتی تر، کەزۆربەی قەیرانەکان کە ڕوودەدەن پەیوەندی تەواویان هەیە بەقەیرانە ئەخلاقی و ڕەوشتیەکانەوە.

مەنهەجی قورئانی تەواو و بێ کەم و کوڕیەو هیچ ووردو درشتێکی بەجێ نەهێشتووەو گرنگی بەهەموو بوارەکان داوەو پشت دەبەستێ بەلایەنە باشەکان، تەنانەت فەلسەفەو لێکدانەوەی بەرژەوەندیانەش کە بریتیە لە (مصالح و مفاسد) واتە باشەو خراپەکانی پەروەردەی ئیسلامی پشتی پێ دەبەستێت، بەلآم لەبازنەی بەها بالآکانی ئیسلامەو لە بازنەی دەقە شەرعیەکانی قورئان و سوننەت.

بانگەشەی کرد بۆ ئەوەی پەروەردە لە بناغەوە دابمەزرێ لەسەر چاندنی عەقیدەو ترس لەخوا لە دەرونەکاندا هەر لەمندالْیەوە، دواتر دووبارەکردنەوەو سوربوون لەسەر ئەو پەروەردەیە ئەگەر لەمنالْی فریا نەکەوتین، با هەوڵەکانمان لەم خاڵەدا چڕ بکەینەوە، چونکە تاقیکردنەوەکان سەلماندویانە کە ئەگەر عەقیدەو بیروباوەڕی چڕبکەینەوە ئەوە

شێوەی  ڕاست و دروست لەناخی مرۆڤدا لەدڵ و دەرونیدا جێگیر بێت و پەیوەندی بە بیرهێنانەوەی پەرستشەکان (یابني اقم الصلاة) کە ووشەی (اقم الصلاة) واتە بەجێ هێنانی نوێژەکان لەگەڵ خەڵك و بەکۆمەڵ واتە منداڵەکان وابەستەی مزگەوت دەکات کە لەپێنج نوێژەکە بەپێی توانا ئامادەبن لەگەڵ باوکیان، یەکێك بۆی گێڕامەوە لەبارەی هۆکاری گەڕانەوەی بۆلای خوا دوای ماوەیەك تەمەن بردنە سەر لەخراپەو تاوان بەهۆی هاوڕێی خراپ، ووتی هەرکاتێك ئەمویست عارەق بخۆمەوە بیرم دەکەوتەوە لەگەڵ باوکم دەچووم بۆ مزگەوت، ئەم دیمەنە کە دەهاتە پێش چاوم ڕێگربوو لەوەی خۆشی بچێژم لەخواردنەوەی عەرەقەکە، تا وای لێهات ئەم هەستە بەسەرمدا زاڵ بوو وازم لە عارەق خواردنەوەی هێنا و هاوڕێی خراپم واز لێ هێناو گەڕامەوە بۆلای خوا.

دواتر لوقمان کوڕەکەی هان دەدات بۆ ئەوەی جورئەت و ئازایەتی تێدابێت و راستگۆ بێ ئەگەر لەسەر دایك و باوکی بێت فەرمان بەچاکەو ڕێگری لە خراپە بکات، فێری ئەوەی کرد کەبنەمایەك هەیە، (ئەوەی کاریگەری نەبێت لەسەر کەسانی تر خۆی دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە) گەورەمان لوقمانی دانا لەتاقیکردنەوەو ئامۆژگاریدا تەنها پشتی نەدەبەست بەووتەو ئامۆژگاری تەنها بەڵکو بۆی ڕوون کردەوە کە بۆ هەموو دروست کراوێك دوو ڕێ نیشاندەر هەیە، یەکەمیان دەقە شەرعیەکان و دووەم لە ڕێگای سەلمێنراوو تاقیکردنەوەکانی ژیان کە مرۆڤ دەرسی لێ وەردەگرێت.

خوای گەورە پاك و تەنها و بەهێز بێت تەنانەت ئەگەر بکەوێتە هەڵەوە زۆر بەخێرایی دەگەڕێتەوە بۆلای حەق و ڕاستی و لەسەر خراپەو ناڕاستی بەردەوام نابێ بێگومان کەوتنە هەڵەوە کارێکی شیاوەو مرۆڤەکان تێی دەکەون بەلاَم بەمەرجی گەڕانەوە بۆلای خوای گەورە (کل ابن ادم خطا و وخير الخطائين التوابون) واتە پێغەمبەری ئازیز﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت (هەموو نەوەیەکی ئادەم هەڵە دەکات بەلاَم باشترینیان هەڵەکار ئەوانەن کە دەگەڕێنەوە بۆلای خوا) .

بەردەوام دەیفەرموو کە تاقیکردنەوەکان بەڵگەن کە بەدرێژای مێژوو چۆن عەقیدەو بیروباوەڕ مرۆڤەکان دەپارێزێ لەهەموو فریودەرەکانی دنیا، هەروەکو لە یەکەم تاقیکردنەوەی کە قورئان باسی دەکات ئەویش تاقیکردنەوەی (یوسف) پێغەمبەر سەلامی خوای لێبێت، چۆن ئەم گەنجە جوان و پێگەیشتووە وەستا لەبەرامبەر ئەو هەموو فریوودان و تەماعە و ئەویش دووربوو لە چاودێری کەسوکارو  کۆمەڵگا، بەلاَم خوا

پارستنی بەقەڵغانی پارێزەر کە لەناو دڵی دابوو، کەئەویش بیرو باوەڕەکەی بوو، لەبەرئەوە پێویستە بەتەواوی گرنگی بدەین بە دوو شتی بنەڕەتی لەڕواندنی خۆشەویستی خوای گەورە بە جۆرێك کە نەتوانین کاری خراپە ئەنجام بدەین، چونکە خوامان خۆش دەوێ و نامانەوێ خوای گەورە لێمان توڕەببێت، لایەنێکی تر ترس لەخوایە کە ناهێڵێ کاری خراپە بکەین چونکە لەخوا دەترسین و لەتوڕەیی خوا و سزاکەی دەترسین لەدنیاو لە دوارۆژ، دڵنیای کردینەوە کە ئەم باسە زۆر گرنگە لەپەروەردەی بنەڕەتی ئێمەدا و دواتر سودو قازانجی داواکراو لەڕەوشتە جوانەکان و بیرو باوەڕی ڕاست و دروستە .

لێرەدا دێینە سەر باسی فەلسەفەی بەرژەوەندیخوازی کە لەم بازنەیەدا واتە بازنەی شەریعەتی ئیسلامی دا کە لەسەرەتاوە بۆ دەست خستنی باشەکان و لادانی خراپەکانە و ئەمەش دەبەستێتەوە بەوەی کە هەرشتێك خوای گەورە ڕێگری لێ کردووە ئەوە خراپەیەو پیسە و زیان و خراپەیە، ئەم پەروەردەیەش کار دەکاتە سەر ویژدان و ناخی مرۆڤ و فیترەتی پاکی نامرۆڤ، خوای گەورە بەم بیروباوەڕە وێژدان و ناخی مرۆڤی بەهێز کردووە بەبیروباوەڕ بۆ ئەوەی بتوانێ ڕووبەڕووی هەموو فریودەرەکانی دنیا ببێتەوە کە بەتەنها ناتوانێ ڕووبەڕووی ببێتـەوە، دوای ئەوەش گرنگی داوە بە پەروەردەی کۆمەلأیەتی کە فەلسەفەکانی بواری کۆمەلأیەتی لەسەری دامەزراوە بەجۆرێك کە پێویستە ئەو کەسە خاوەن ئەخلاقێکی باش بێت لە کۆمەڵگادا، قورئان زیاتر بەکاری هێناوە بەجۆرێك ببێتە هۆکاری سەرەتا لەلایەن دایك و باوك و کۆمەڵگاوە، واجبی کردووە لەسەر کۆمەڵگا کە بەرامبەر یەکتر هەستی بەرپرسیارێتیتان هەبێت و نابێت کە خراپەیەك یان تاوانێك لە کۆمەڵگەدا ڕووبدات وازی لێ بهێنین و ڕێگری لێ نەکەین بە هۆکارێکی گونجاو، لەگەڵ ئەوەشدا پەرستشی ڕاستەقینە دەبێتە هۆی گێڕانەوەی مرۆڤ لەخراپەو خراپەکاری، نوێژ دەبێ مرۆڤ لەخراپە بگێڕێتەوە، دواتر دەبێ لە مناڵەکانماندا فەلسەفەو تێ گەیشتنی بنەڕەتی بڕوێنین و حوکم و مەبەستەکانی نوێژ و هەروەها ڕۆژوو کەببێتە هۆی ئەو قەڵغان و پارێزگاریە.

فەرموویان لەبەر گرنگی ئەم پەروەردە قورئانیە گەورە گشتگیریە بۆ هەموو خوای گەورە و میهرەبان تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوومان بۆ باس دەکات ئەویش تاقیکردنەوەی حەزرەتی لوقمانی حەکیم کەخوای گەورە هەر لەمناڵیەوە حیکمەتی پێ بەخشی، تاقیکردنەوەیەك کە لەپێغەمبەرێکەوە نەبووە بەڵکو لەباوەڕدارێکی خاوەن حیکمەت و

دانایی و گەورە کە خوای میهرەبان ناو ناخی کردنەوەکەی بەنەمری هێشتەوەو ئەمڕۆش کە ئەم ئایەتانە دەخوێنمەوە کە بەهەر پیتێك لە خوێندنەوەی ئەم تاقیکردنەوەیە دە چاکەمان بۆ دەنوسرێ.

لوقمان لە تاقیکردنەوەکەیدا پێداگری دەکرد لەلایەنی بڕواو کوڕەکەی وابەستەی خوا دەکرد ﴿...**يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ**﴾**لقمان**13، دوای ئەوە ڕوونی دەکردەوە کە دڵی کوڕەکەی ببەستێتەوە بەخۆشەویستی و ترس لەخوا ﴿**يَا بُنَيَّ إِنَّهَا إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ فَتَكُن فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ أَوْ فِي الْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ**﴾**لقمان**16، هەرشتێك دەیکات خوا دەیبینێت و لێپرسینەوەی لەسەر دەکاو ئەگەر چاك بێت چاکە و ئەگەر خراپە بێت خراپە، ئەم بیروباوەڕی دەڕواند لە دەرونی کوڕەکەیدا و دواتر دەچێتە سەر لایەنی ناوەکی و عەقڵی و دڵ و ڕووحی پاك دەکاتەوە، بەخوای گەورە دەیبەستێتەوە کە مرۆڤ پێی دەگاتە پلەی چاکە و چاکە خوازی کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت (ان تعبد الله كانك تراه فإن لم تكن تراه فإنه يراك) دوای ئەوە لوقمان دەست دەکات بە باسکردنی عیبادەتەکان (يابني اقم الصلاة) مانای (اقم الصلاة) جیاوازە لە (ایدا و الصلاة) (إقامه) مانای ئەوەیە کە بەکۆمەڵ لەگەڵ خەڵکدا ئەنجامی بدات، واتە منداڵەکان پابەند بکەن بە مزگەوتەوە، بەپێی توانا لەگەڵ باوك و دایکیان ئامادەی مزگەوت بن.

یەکێك لە دۆستەکانم بۆی گێڕامەوە کە ئەو بەهۆی هاوڕێ خراپەکانیەوە لەڕێگەی ڕاست لایداوەو ڕووی کردۆتە تاوانکاری، ئەو دەڵێت هەرکاتێك بم ویستایە کە عارەق بخۆمەوە، ئەوساتانەم بیردەکەوتەوە کە لەگەڵ باوکمدا دەچووم بۆ مزگەوت، ئەو دیمەنە هەموو جارێك خۆشی عارەق خواردنەوەکەی لێ تێکدەدام، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لەهاوڕێی خراپ و عارەق خواردنەوە دووربکەومەوە و بەتەواوی بگەڕێمەوە بۆ لای خوا.

لەپاشاندا لوقمان لەوانەیەکی تردا منداڵەکان فێری ئازایەتی دەکات ! واتە پشتیوانی لەڕاستی بکات ئەگەر بەرامبەر بەدایك و باوکیشی بێت، چونکە ڕێسایەك هەیە لەم بارەیەوە کە دەڵێت ئەوەی کارتێکراو نەبێت کاریگەری دەبێت.

لوقمان لە پرۆسەی پەروەردەکردندا تەنها پشتی بە گوفتار نەبەستبوو، بەڵکو لەهەر بوارێکی پەروەردەدا دوو شێوازی دەگرتەبەر، شێوازێك پشتی دەبەست بە دەقێکی شەرعی

دووەم شێواز پشتی دەبەست بە بواری ئەزموون و تاقیکردنەوەو بینینی کارەکە بە شێوەی کرداری، بەمەش گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێناو لە ئێستادا قوتابخانە فەلسەفیە گەورەکەی لەبواری پەروەردەدا پشتی پێ دەبەست.

## ئامانجی سەرەکی پەیامی پێغەمبەران چاکسازی و چاکەکاریە

ئامانجی سەرەکی لەناردنی پەیامی خوای گەورە بۆ مرۆڤ بۆ بەختەوەر کردنی مرۆڤایەتیە، بۆ ئەوەیە وەك چۆن لە دوارۆژدا بەڵێنی بەهەشت بەچاکەکاران دەدات، لەدنیاشدا ئەگەر پابەندبن بەپەیامەکەیەوە ئەو بەهەشتەیان بۆ دروست ببێت. واتە زەوی بکەن بەباخێك لەباخەکانی بەهەشت و بەئارامی و ئاسودەیی تیایدا ژیان بگوزەرێنن، خوای گەورە تەنها ئەوەی ناوێت کە مرۆڤ لەدوارۆژدا بەختەوەر بێت، بەڵکو لەپەیامەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خۆشبەختی هەردوو دنیابن، واتە زەوی بکەینە ژینگەیەك بۆ خۆشبەختی و پێکەوە ژیان و بنیاتنان و گەشەپێدان، دانیشتوانەکەشی مرۆڤی چاکەخوازو داهێنەرو بەرهەمداربن.

واتە دەتوانین بڵێین ئەم پەیامە ڕوو دەکاتە مرۆڤ و دەیەوێت کار لەسەر چاکسازی بکات لە رووی ناوەوەو لەرووی دەرەوە.

لەکاتێکدا کە خوای گەورە داوا لە مرۆڤ دەکات کە لەرووی ناوەوە چاکەکاربێت و چاکسازی لەسەر دەروونی خۆی بکات، دەیەوێت مرۆڤی باوەڕدار خاوەنی دڵێکی پاك بێت، هەروەها خاوەنی عەقڵێکی بەتواناو داهێنانکاربێت کە توانای گەشەپێدان و بنیاتنانی هەبێت،

هەروەها خاوەنی نەفسێکی ڕازی بەخواو ئارام و دامەزراوی هەبێت، چاکسازی گیانیش واتە مرۆڤ خاوەنی کەسایەتی و ئیرادەیەکی بەرزبێت، کە دووربێت لەڕەوشتی خراپ و سەرکزی و خۆبەکەم زانی و گەندەڵی و خراپەکاری، بەم هۆیەشەوە دەتوانین بڵێین مرۆڤی باوەڕدار دەبێت مرۆڤێکی نمونەیی لە چاکەکاری و بەرزی ئیرادەو عەقڵ و حیکمەت و داهێنانکاری.

مەبەست لە چاکسازی دەرەوەش واتە ئەنجامدانی کردەوەی چاك، واتە مرۆڤ توانای بەئەنجام گەیاندنی ئەو بەرپرسیارێتیانەی هەبێت کە لەسەریەتی بەرامبەر بەخۆی و گەلەکەی.

بەهەردوو لایەنەکەی چاکسازی لەناوەو دەرەوەدا ئامانجەکەی بریتیە لەئەنجامدانی کاری چاکە، واتە سەرەتا دەبێت دڵی مرۆڤ پاك بێتەوە لەهەموو تاوانە دەرونیەکان وەك حەسودی و چروکی و ترسنۆکی و ڕق.

لێرەدا دەیەوێت باس لەچاکسازیەکانی دەرەوە بکات، چونکە مرۆڤ ئیمانی تەواو دانامەزرێت هەتا خۆشی چاکەخواز نەبێت و فەرمان بەچاکە نەکات، ئەمەش بەسودە بۆ خۆیی و بۆ کۆمەڵگەکەی بەگشتی.

بەشێوەیەکی گشتی ئێمە دوو بەرپرسیارێتیمان لە ئەستۆدایە، یەکەمیان چاککردنی کردەوەو هەڵسوکەوتەکانمانە، بەجۆرێك کە بەردەوام بەخۆماندا بچینەوەو ڕۆژ بەرۆژ خراپەکانمان کەم بکەینەوەو خۆمان چاك بکەین و زیان بەبەرامبەرەکان نەگەیەنین، ئەوانە مسوڵمان بن یان نامسوڵمان، چونکە مرۆڤ ئەگەر مسوڵمان بێت یان نامسوڵمان لەبەر مرۆڤ بوونی لای خوا ڕێزی لێ گیراوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُ سَاجِدِينَ**﴾**الحجر**29، هەموو کەسێك خاوەنی گیانێکە کەخوا پێی بەخشیوە، لەبەرئەوە هەر ئازاردانێکی ئەو گیانە بەناحەق ئازاردانی خوایە.

هەر لە بەرئەوەیە خوای گەورە بەبێ دیاری کردنی باوەڕدارو بێ باوەڕ دەفەرموێت ﴿... **مَن قَتَلَ نَفْساً بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعاً** ...﴾**المائدة**32، ئەم ئایەتە تەنها مەبەستی لە کوشتن نیە، بەڵکو مەبەستی هەموو جۆرە ئازاردانێکە، ئایا ئەم ئازاردانە مادی بێت یان مەعنەوی بەرامبەر بەجەستەی بێت یان کەرامەت و سامان و ماڵ و ڕەگەزەکەی بێت.

هەروەها ئاسایش و کەرامەتی مرۆڤ لای خوای گەورە ڕێزی لێ گیراوە دەبێت بپارێزرێت، ئەگەر مرۆڤ لەم ڕێنماییە لابدات واتە لەفەرمانی خوا لایداوە، لەبەرئەوە خوای گەورە ئامانجی سەرەکی لەناردنی پەیامەکان و پێغەمبەراندا کورت دەکاتەوە لەسەر چاکسازی (إن أريد إلا الإصلاح ما استطعت).

ئەمە ووتەی شوعەیب پێغەمبەرە کراوەتە مانشێتی ناردنی هەموو پێغەمبەران، ئەوان هەڵگری ئەم پەیامە چاکسازیەن، سەرەتا بەرنامەیەك بۆ چاکبوونی مرۆڤ لەناوەوە پاشان هانی دەدات بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چاك، خوای گەورە لەڕێگەی پەیامەکەیەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەپێویستە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کۆمەڵگەیەکی ئارام و گەشە کردوو بێت، هەموو خەڵك تیایدا بەئارامی بژین تەنانەت باس لەمافەکانی ئاژەڵ و باڵندەو مێروەکانیش دەکات، لەکاتی سەربڕینی ئاژەڵیشدا دەبێت ناوی خوا بهێنی، بەپێی ڕای زۆرینەی زانایان ئەگەر ناوی خوا نەهێنی خوا وەری ناگرێت، ئەو ناوی خوا هێنانە، واتە داوای موڵەت لەخوا دەکەی ڕێگەت پێ بدات بەسەربڕینی ئەو ئاژەڵە، چونکە ئەگەر خوا ڕێگەت پێ نەدات تۆ مافی ئەوەت نیە گیان لە ئاژەڵێك بسەنێتەوە.

پێویستە مرۆڤی مسوڵمان بە هەستیاریەوە مامەڵە بکات دەبێت ئەو شتانە بکات کە خوا حەڵاڵی کردووە، دەبێت مافی بەرامبەرەکەت وەك مافێکی شەرعی سەیر بکەیت ڕێزیان لێ بگریت، کردەوەی خراپ بەرامبەریان نەکەیت، سەرەتا لە چاکسازی خۆیەوە دەست پێ بکات ئینجا دەست بکات بەچاك کردنی بەرامبەرەکانی.

ئەگەر بەوردی سەیری قورئان بکەیت لەسەرەتایەوە هەتا کۆتایی بەچڕی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەم ئامانجە گرنگە کە چاکسازی مرۆڤە بەهەموو شێوەیەك، سەرەتا لە عەقیدەوە دەست پێ دەکات بۆ ئەوەی یەکتاپەرستێکی پاك و بێ گەردبێت بڕوای تەواوی بەخواو پێغەمبەران و پێنج ئەرکانەکانی ئیسلام هەبێت.

چونکە عەقیدەیەکی پاك بنچینەی ئەنجامدانی کاری چاکە، خواناسی بەچاکی پاڵ بەمرۆڤی باوەڕدارەوە دەنێت کە لەبەر خوا کار بکات و لەخراپە دوورکەوێتەوە، بەمەش مرۆڤەکان و زەوی پاك دەبێتەوە لە گەندەڵ و زیان گەیاندن بەمرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگە، چونکە دەبێت مسوڵمان هەموو ئەمانە بەئەمانەت بزانێت، دەست درێژیان نەکاتە سەرو

بیانپارێزێت، هەر کاتێك بەوجۆرە مامەڵەی نەکرد، ئەوە لە فەرمانی پەیامی خوا دەرچووەو بەتاوانباری مامەڵە دەکات. خوای گەورە دەیەوێت مرۆڤی مسوڵمان بەم شێوە مامەڵە بکات لەگەڵ برامسوڵمانەکەی و لەگەڵ نامسوڵمانانیشدا، هەروەها لەگەڵ ژینگەو ئاژەڵەکانیشدا .

نابێت تەنانەت لەکاتی دەست نوێژیشدا ئاوی زیادە بەکاربهێنێت و بەفیڕوی بدات، پێغەمبەر(ﷺ) ڕێگەی گرتووە لەوەی کە ئاوی زیادە لەدەست نوێژدا بەکاربهێنرێت، ئەمە ڕێسایەکە بۆ ڕێگرتن لە زیادەڕەوی و بەفیڕودانی ماڵی گشتی، پێغەمبەر ڕێگەی گرتووە تەنانەت لەشتە حەڵاڵەکانیشدا زیادەڕەوی بکرێت، ئەگەر لەشتە حەرامەکاندا زیادە رەوی بکرێت ئەوە زۆر تاوانی گەورەیەو مەترسیدارە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: **إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُواْ إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُوراً** الإسرا ء27.

یەکێك لەهاوەڵان لەپێغەمبەری پرسی، ئایا لەبەکارهێنانی ئاویشدا زیادە رەوی هەیە؟ فەرموی بەڵێ ئەگەر لەسەر دەریایەکیش بیت، لەبەرئەوە تۆ لەسەر زەویدا جێنشینی خوای چۆن ڕێگەی پێداویت دەبێت بەوجۆرە هەڵسوکەوت بکەیت.

هەموو پەیامەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەخلاقی چاك، خوای گەورەش چاکەکاران بەدۆستانی خۆی لەقەڵەم دەدات، هەموو عیبادەتەکانیش کە دانراون بۆ چاککردنی مرۆڤ فەرزکراون، هەموو عیبادەتەکانیش پەیوەست کراونەوە بەچاکەکاری و دورکەوتنەوە لە گەندەڵی و خراپەکاری (إن الصلاة تنهى عن الفحشاء والمنكر)

(الفحشاء) هەموو گوفتارو گوتارێکی خراپ دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بیکات و ببێتە مایەی زیان بۆ بەرامبەرەکان، ئەگەر سەیر بکەین مرۆڤ لەهەر شەو و رۆژێکدا لەنوێژدا 17 جار دەڵێت **اهدِنَــــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ** الفاتحة6

ئایا باوەڕدارێك ئەگەر خۆی بە شوێنکەوتەی پێغەمبەران بزانێت چۆن خراپە دەکات و ئازاری بەرامبەرەکان دەدات، سلێمان پێغەمبەر هیچ کاتێك ئەوەندە دڵخۆش نەبوە بەقەدەر ئەوەی کە مێرولەیەك شایەتی بۆ دەدات لەسەر بەزەیی و خۆشەویستی کە سلێمان و سەربازەکانی هەرگیز ئامادەنین مێرولەیەکیش بکەن بەژێر پێی ئەسپەکانیانەوە، ئەگەر ئاگادارین ... **يَا أَيُّهَا النَّمْلُ ادْخُلُوا مَسَاكِنَكُمْ لاَ يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَانُ وَجُنُودُهُ وَهُمْ لاَ**

**يَشْعُرُونَ**النمل18، به ووتەی ئەم مێرووولەیە سلێمان پێغەمبەر زۆر پێکەنی و دڵخۆش بوو، چونکە شایەتیەکی گەورە بوو بۆی، دەگێڕنەوە دەڵێن کە سوڵتان سلێمانی قانونی کەیەکێك بووە لە سوڵتانە باشەکانی عوسمانی، ڕۆژێکیان یەکێك لەسەرپەرشتیارانی باخچەکەی پێی دەڵێت کە مێرووولە داویەتی لەیەکێك لەدارەکانی چیان لێ بکەین، ئەویش ووتی بۆ ئەم مەبەستە پێویستە فەتوایەك لە (شێخ ألأسلام) وەربگرین بۆ ئەوەی کە ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم مێرووولانەدا بکەن.

لەوەڵامدا شێخ إلاسلام دەڵێت دەتوانین بە دوو شێواز مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، چونکە ئەمە لە بواری پێویستی دایەو دەبێت بەپێی پێویست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، دووەم دەبێت بەسۆزو بەزەیی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت. بۆ شێوازی مامەڵەکردنیش لەگەڵ ئەو مێرولانەی هێرش دەکەنە سەرماڵێك سێ مەرجی دیاری کرد.

کەواتە لە ئیسلامدا مافەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگە دیاری کراوە و پێویستە ئێمەش پارێزگاری ئەو مافانەبین.

## قوربان ئاماژەیە بۆ پەروەردەو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و
## هاوکاری و کاری خێرخوازی

**قوربان هەڵگری چەند پەیامێکە:**

پەیامی یەکەم و سەرەکی بریتییە لە پەروەردەکردنی ئومەتی ئیسلامی لەسەر قوربانیدان بە هەموو شتێکی گەورەو گران لەپێناوی خواداو لەپێناو پاراستنی کەرامەت و سەربەرزیدا. چونکە ئەم جەژنە بەرجەستەکردنی یادەوەری قوربانیدانی حەزرەتی ئیبراهیمە، ئەویش لە رێگەی ئەو خەوە راستەی کە بینی، لەکاتێکدا خوای گەورە داوای لێدەکات کوڕە تاقانە جگەر گۆشەکەی (ئیسماعیل) سەر ببڕێت هەروەك قورئان بۆمان باس دەکات **﴿فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤمَرُ سَتَجِدُنِي إِن شَاءَاللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ﴾** ( 102 ) **سورة الصافات.**

ئیبراهیم باوکی پیر ملکەچی فەرمانی خوا دەبێت و ئامادە دەبێت کوڕە گەنجە تازە پێگەیشتووەکەی سەر ببڕێت، هەروەها دایکە پیرەکەشی ملکەچی فەرمانی خوا دەبێت و بە فەرمانی خوا رازی دەبن ئەم قوربانی دانە لە بەرزترین ئاستدایە. ئوممەتی ئیسلامیش لە هەموو ئاستەکانیدا دەبێت حەزرەتی ئیبراهیم بکەینە پێشەواو پێشەنگی خۆمان، دەبێت کوڕان و دایکان و باوکان چاوی لێ بکەن، ئافرەتانیشمان دەبێت نموونەی خاتوو سارای دایکی ئیسماعیل بن، لەکاتێکدا کە حەزرەتی ئیبراهیم فەرمانی سەربڕینی کوڕەکەی پێ راگەیاند

ئەویش تەنها قسەی ئەوەبوو ئایا ئەمە فەرمانی خوایە..؟ کەزانی فەرمانی خوایە بێ هیچ پرسیارێك وتی دەبێت هەمووومان ملکەچی فەرمانی خوا بین وتیشی ئارام دەگرم.

دەبێت گەنجانمان چاو لە گەنجی خۆ راگر و بە ئارامی وەك ئیسماعیل بکەن کە بە باوکی ووت ﴿**فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِن شَاء اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ**﴾**الصافات**102. واتە بابەگیان ئەو فەرمانە جێبەجێ بکە کە پێت وتراوەو پشت بەخوا منیش لەئارام گران دەبم.

ئەمڕۆ ئوممەتەکەمان لەهەر کاتێکی تر زیاتر پێویستی بە قوربانیدان و ئامادەیی بۆ قوربانی هەیە بە هەموو شتێکی گرنگ و گرانبەها، لە خۆمان و ماڵ و سامانمان، ئەویش لەپێناو گێڕانەوەی سەربەرزی و کەرامەت و سەربەخۆیی و ئازاد کردنی زەویە داگیرکراوەکانمانە لە داگیرکەران. ئێستا ئوممەتی ئیسلامی دانیشتوانەکەی زیاتر لە ملیارێك و 700 ملیۆن کەسە، بەڵام ئەم ژمارەیە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر گۆڕانی بارودۆخەکە نییە، تائێستاش فەڵەستین داگیرکراوە، هەتا ئێستاش مزگەوتی ئەقسا لەژێر مەترسی روخان و تێکداندایە لەلایەن جولەکە زایونیزمەکانەوە.

پەیامی دووەم: پەیامی پێشەنگی بوونە، لە چیرۆکی ئیسلامیدا کۆمەڵێك پێشەنگی چاکەکاری دەبینین. کە ئەمانە گرنگترینیانە:

1- پەیوەندی نێوان کوڕ و باوك.

حەزرەتی ئیبراهیم پرس بە کوڕەکەی دەکات و کارەکەی بەسەردا ناسەپێنێت، پێی نەوت بەزۆر دەبێ گوێم بۆ بگری، بەڵکو پێی وت ﴿...**قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِن شَاء اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ** ﴾**الصافات**102 بە وتەیەکی جوان پێی وت کە بەکارهێنانی (یا) کە تەعبیرە لە خۆشەویستی (يَا بُنَيَّ) واتە ئەی کوڕە بچکۆلە خۆشەویستەکەم، پاشان سەرپشکی دەکات دەفەرموێت (فَانظُرْ مَاذَا تَرَى) واتە باش بیر بکەرەوە، پاشان رای خۆت بڵێ بە روونی ئەمەش شتێکی گرنگە لە بواری پەروەردەدا کە دەبێت لە نێوان کوڕ و باوکدا هەبێت، پاشان وەڵامی کوڕەکە لە لوتکەی ئەدەب و رێزدایە لەکاتێکدا کە دەڵێت: **يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِن شَاء اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ** ﴾**الصافات**102 بەم وشە جوانە وەڵامی باوکی دەداتەوە.. (یا أبت) کە نیشانەی رێزو گەورەییە بە بەکارهێنانی ئامرازی (یا) وە خۆشەویستیە بە بەکارهێنانی وشەی (أبت) واتە باوکە بەڕێزەکەم. سەیربکەن ئیسماعیل

به چ وەڵامێکی جوان وەڵامی ئەو پێشنیارە مەترسیدارەی باوکی دەداتەوە، کە لوتکەی ڕێزو ئەدەبی تیایە، لوتکەی گوێڕایەڵی و ملکەچی تیایە.

ئەو وەڵامەی ئیسماعیل ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ئەو بەتەواوی ملکەچی فەرمانەکانی خوایە، ئەو هەموو کارەکان بەخواو ویستەکانی خوا دەسپێرێ، بەڵێن دەدا کە ئەو یەکێك دەبێت لە ئارام گران و بە ئارام دەبێت.

2- لەنێوان ژن و مێرددا: گەورەمان ئیبراهیم لەکاتێکدا کە ئەم کارە پڕ مەترسیدارە، دەخاتە بەردەم سارای خێزانی، بە ئەوپەڕی ڕێزو ئەدەبەوە لەگەڵ خواو مێردەکەیدا وەری دەگرێت و دەڵێت (ئایا خوا ئەمری پێ کردووی)، نەی وت: چییە ئیبراهیم تۆ زۆربەی تەمەنت لەشام لەگەل ژنەکەی ترت بەسەر بردووەو ئێستاش هاتووی دەتەوێت کوڕەکەم سەربڕی، بەڵکو وتی "ئەو فەرمانە جێبەجێ بکە کە پێت وتراوە" لەو کاتەدا شەیتان هات و ویستی وەسوەسەی بۆ دروست بکات و پەشیمانی بکاتەوە، شەیتانی بەردباران کرد.

لێرەوە پێشەنگی ئیبراهیممان بۆ دەردەکەوێت کە لە ڕێگەی ڕاوێژەوە لەگەڵ خێزانەکەیدا ویستی ئەم کارە بکات، ئەمە مەنهەجی پەروەردەیی ئیسلامی لە پەیوەندی نێوان ژن و مێرددا. خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**فَإِنْ أَرَادَا فِصَالاً عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا** ﴾ ( 233 ) **سورة البقرة**.

پەیامی سێیەم: بریتییە لە برەودان بە گیانی هاوکاری لەنێوان مسوڵماناندا لە ڕێگەی قوربانییەوە، کە لەم ڕێگەیەوە ئەم ڕووداوەی گۆڕی بۆ خێر و چاکەو هاوکاری لە نێوان مسوڵماناندا. ئەمەش مانای گەورەیی ئیسلامە کە دەیەوێت کەفالەت و هاوکاری و چاکە برەو پێ بدات لە هەر فرسەتێکدا کە دێتە پێشەوە. لە هەر یەکێك لە ڕوکنە گەورەکانی ئیسلامدا وەکو ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان و حەج و قوربانی بۆ گەیاندنی خێر بۆ کەسانی شایستە و شیاو.

پەیامی چوارەم: پەیامی یەکێتی ئوممەتی ئیسلامیە لە دروشم و مەراسیمەانی حەجدا لە بواری جل و بەرگ و ئاراستەکانی لە عەرەفات و هەموو جێگەکانی تر.

هەموو ئەو هەست و دروشم و مەراسیمانە تەعبیر لەوە دەکەن کە ئەم ئوممەتە ئیسلامییە یەك ئوممەتە، پێویستە هەمووشیان کار لەسەر پتەوکردنی ئەم یەکێتیە بکەن.

پەیامی پێنجەم: پەیامی خۆشی و شادی و پیرۆباییە: ئەویش لە ڕێگەی ئەم جەژنەوە خوای گەورە ئەمرمان پێ دەکات کە کاتێك بۆ خۆشی و شادی و جەژن دابنێین و خۆشی بخەینە دڵی منداڵ و ژن و کەس وکار و دۆستان، کە ئەمەش لەژیاننامەی پێغەمبەری خوادا

بەروونی بینراوە لەکاتێکدا کە خۆی لەپاڵ عائیشەی خێزانیدا وەستاوەو بەخۆشیەوە سەیری پاڵەوانێتی حەبەشییەکانیان کردووە کە لەناو مزگەوتی پێغەمبەردا خەریکی پاڵەوان بازی بوون و ئەوکاتەیان بەخۆشی بەسەربردووە، ئەمەش مانای وایە ئیسلام ئاینێکی گشت گیرەو وەڵامی هەموو داواکاریە مەعنەوی و جەستەیی و عەقڵی و دەرونیەکانی مرۆڤ دەداتەوە.

## پێڕست


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 1 | پێشەکی | 3 |
| 2 | ئەم ئوممەتە ئیسلامیە ئوممەتێکی نەمرە | 5 |
| 3 | ئیمان لە قورئاندا بەمانای ژیانسازی و خوشگوزەرانیە | 8 |
| 4 | باوەڕداری راست مامەڵەو هەڵسوکەوتی بەجۆرێکە کە خوا پێی رازی بێت | 12 |
| 5 | دادپەروەری بنەمای ئاوەدانی و چەسپاندنی دەسەڵاتە | 14 |
| 6 | هەموو پێشێلکارییەك لەبواری ماف و ئەرکەکاندا ناتەواوی لەتەرازوی عەدالەتدا دروست دەکات | 17 |
| 7 | شۆڕشی گەلان هاوارێکە دژ بەگەندەڵی | 20 |
| 8 | تیاچونی هەموو دەسەڵاتەکان بەهۆی ستەمکاری و گەندەڵیەوەیە | 23 |
| 9 | ستەمکاران ناتوانن لە ژینگەی ئازادیدا بژین | 28 |
| 10 | سەرقاڵ بونی زانایان بەخەڵك و پشت گوێ خستنی بەرپرس و دەسەڵاتداران کەم و کوڕی و ناتەواوییە | 34 |
| 11 | لەقورئاندا چاکەو چاکەخوازی و گەندەڵی و خراپەکاری زورترین گرنگی پێدراوە | 41 |
| 12 | گەندەڵی لەئیسلامدا لەریزی تاوانە گەورەکانە | 51 |
| 13 | لەولاَتانی ئیسلامیدا هەموو فاکتەرێکی مادیی و مەعنەوی هەیە بۆ بنیاتنانی شارستانیەتێکی پێشکەوتوو | 60 |
| 14 | پەروەردەکردنی نەوەی نوێ بەرپرسیاریەتیە لەئەستۆی هەمووماندایە | 67 |

| | | |
|---|---|---|
| 15 | هەر وەلاتانێکی ناسنامەی ئیسلامیمان دەمانگێڕێتەوە چوارگوشەی یەکەمی ململانێکە | 72 |
| 16 | رۆڵی کۆمەڵایەتی دارایی لە ئیسلامدا | 84 |
| 17 | شێوازی بەدەست هێنانی دارایی، ئەرك و بەرپرسیارێتی | 92 |
| 18 | گەلانی ئیسلامی پێویستیان بەپڕۆژەیەکی نیشتیمانی هەیە | 98 |
| 19 | وابەستەیی و شوێنکەوتەیی مرۆڤایەتی ناهێڵێ | 102 |
| 20 | حەج وەك عیبادەت و قوربانیش وەك بەرەبەیانی رزگاربوون لە ستەمکاری و چەوسانەوە | 111 |
| 21 | نوێگەری لەئاینی ئوممەت یان ئاینی ئیسلام | 118 |
| 22 | شوێنکاری عیبادەت لە رەفتارو گوفتارو چاکسازیەکاندا دەردەکەوێت | 125 |
| **23** | سوپاسگوزاری دەروازەی چاکەکاری و خۆشگوزەرانیە | 131 |
| **24** | سەردانەکەمان بۆ لیبیا و کۆمەڵێك دەسکەوتی گرنگ | 136 |
| **25** | ئایندەی گەلانی ئیسلامی لەژێر سایەی شۆڕشەکاندا | 141 |
| 26 | **سیفاتەکانی (عباد الرحمن) لە(7) ئەڵقە پێك هاتوە** | 145 |
| 27 | ئەڵقەی یەکەم: رەهەندەکانی (عباد الرحمن) | 146 |
| 28 | ئەڵقەی دووەم: هەموو مرۆڤایەتی پێویستیان بە (عباد الرحمن) هەیە | 151 |
| 29 | ئەڵقەی سێیەم: ترسان لەخواو لەرۆژی دوایی سەرچاوەی سەرەکی پیادەکردنی دادپەروەریە | 155 |
| 30 | ئەڵقەی چوارەم: خوای گەورە لەگەڵ ئەوانەدایە کەپارێزگارو چاکەکارن | 158 |
| 31 | ئەڵقەی پێنجەم: گەورەترین پاداشتی تەوبە کردن بەهەشتە | 167 |
| 32 | ئەڵقەی شەشەم:لە دوای هاوەڵدانان بۆخواو کوشتنی بەناهەق زینا کردن گەورەترین تاوانە | 169 |
| 33 | ئەڵقەی حەوتەم:پەروەردەی نەوەیەك لەسەر بنەمای بوێری و ئازادی | 174 |
| 34 | ئەم ئوممەتە ئیسلامیە ئوممەتێکی نەمرە | 178 |
| 35 | ئیمان لە قورئاندا بەمانای ژیانسازی و خۆشگوزەرانیە | 181 |

| | | |
|---|---|---|
| 185 | باوەڕداری ڕاست مامەڵەو هەڵسوکەوتی بەجۆرێکە کە خوا پێی ڕازی بێت | 36 |
| 187 | جەوهەری ئیسلام ڕەخنەو پێشنیارو ئامۆژگارییە | 37 |
| 194 | ئیسلام گرنگی ئەدات بەپەروەردە کردنی ڕوح و نەفس نەك شێوە و ڕووخسار | 38 |
| 201 | جەوهەری ئیسلام چاکەخوازی و چاکسازیە | 39 |
| 206 | قورئان سەرچاوەی ڕوشدو کامەرانی مرۆڤایەتیە | 40 |
| 213 | هەست کردن بە بەرپرسیارێتی ...قەیرانی نەوەی نویٚ | 41 |
| 217 | ئازادی و بەرپرسیارێتی زمان و ووشە | **42** |
| 221 | مرۆڤ و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەئەوانی تر | 43 |
| 225 | ئیسلام سەرچاوەی هێزو پێشکەوتنی گەلانی مسوڵمانە | 44 |
| 231 | جیاوازییە جەوهەریەکانی نێوان ئێمە و هاوەڵانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ | 45 |
| 235 | ڕاستگۆی پێوەری ئیمانە | **46** |
| 240 | ستەمکاری سەرچاوەی هەموو کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگایە | 47 |
| 243 | ماف بەرامبەرەکان لەئیسلامدا | 48 |
| 247 | مافە بەرامبەرەکان لەنێوان دایك و باوك و منداڵەکانیاندا | 49 |
| 253 | ئەو شیشانەی کە ئەمڕۆ بینیم | 50 |
| 255 | مافەکانی دراوسیٚ وەك بەشێك لە مافەکانی هاوڵاتی بوون | **51** |
| 260 | مافەکانی بەرامبەر لەنێوان مرۆڤ و خۆیدا | 52 |
| 264 | پشووی هاوین و پەروەردەی منداڵەکانمان | 53 |
| 269 | قورئان و پلانی وەبەرهێنانی کات | 54 |
| 274 | ڕۆژوو هۆکارێکە بۆ بەرزبونەوەی رووح و پاك کردنەوەی دڵ و ئارامی دەروون | 55 |
| 276 | ڕۆڵی پلانی ستراتیجی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا | 56 |
| 279 | ئامانجی ئیسلام خۆشبەختی مرۆڤ و ئارامی دەرونە | 57 |
| 282 | مژدەکانی سەرکەوتنی ئیسلام | 58 |
| 288 | دەربڕینی خۆشەویستی بۆ خواو پێغەمبەر | **59** |
| 292 | مسوڵمان و قەیرانی پابەند بوون بە ئیسلام | 60 |
| 296 | ڕۆژی عەرەفە و گرنگی ئازادی ڕوحی | 61 |

| | | |
|---|---|---|
| 62 | کرۆکی چەسپاندنی شەریعەت گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی و ئازادییە | 302 |
| 63 | رۆڵی ئیمان لەچەسپاندنی ئاسایش و ئارامیدا | 307 |
| 64 | مرۆڤی باوەڕدار و ناسینی دەروازەکانی تاوان و خراپەکاری | 311 |
| 65 | یەکبونی گەلانی مسوڵمان وەك پێداویستیەکی هەنوکەی | 316 |
| 66 | پارێزگاریکردن لە ئەمانەت فەرمانێکی گەورەیی خودایيە | 324 |
| 67 | میتۆدی ئیسلام بەرامبەر کاری پزیشکی و چارەسەری نەخۆشیەکان | 327 |
| 68 | حەسوودی سەرچاوەی هەموو شەڕوو نەهامەتیەکانە بۆ مرۆڤ | 336 |
| 69 | چاکسازی دەبێت لەدەرونی تاکەوە دەست پێ بکات | 341 |
| **70** | پێغەمبەر شوعەیب وەك چاکسازێکی کەم وێنە | 346 |
| 71 | سەرسەختترین دوژمن گەندەڵکارانن | 350 |
| 72 | گەندەڵی ئیداری و مەترسیەکانی | 354 |
| 73 | گەندەڵی ژینگەیی و مەترسیەکانی لەسەر ژیانی کۆمەڵگە | 358 |
| 74 | ئیسلام و بەهێزکردنی بنەماکانی سۆزو چاکەکاری | 363 |
| 75 | چەمکی (ئیحسان) ..بنەمایەك بۆ گەشەپێدان و داهێنانکاری | 366 |
| 76 | ئەمانەت وەك بنەمایەکی گرنگی بەرپرسیارێتی لەئیسلامدا | 371 |
| 77 | پەروەردەی قورئانی، نەوەکانمان لەخراپەکاری دەپارێزێت | 375 |
| 78 | ئامانجی سەرەکی پەیامی پێغەمبەران چاکسازی و چاکەکاریە | 380 |
| 79 | قوربان ئاماژەیە بۆ پەروەردەو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و هاوکاری و کاری خێرخوازی | 385 |